ژیانی کوردەواریم

د. نورەدین زازا

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێڕانی
باست حەمە غەریب

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

ژیانی کوردەواریم

ناوی کتێب: ژیانی کورده‌واریم

نووسینی: د. نوره‌دین زازا

وه‌رگێرانی له‌ فه‌ره‌نسییه‌وه‌ بۆ عه‌ره‌بی: ده‌روێش غالب- خه‌سره‌و بۆتانی

وه‌رگێرانی له‌ عه‌ره‌بییه‌وه‌ بۆ کوردی :باست حه‌مه‌ غه‌ریب

بابه‌ت: یادداشت

مۆنتاژی کۆمپیوته‌ر: سه‌یران عه‌بدولره‌حمان فه‌ره‌ج

دیزاینی به‌رگ: ئارام عه‌لی

تیراژ: ٦٠٠ دانه

نرخ:٦٠٠٠ دینار

ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م

چاپی یه‌که‌م: به‌شی یه‌که‌م، هه‌ولێر-٢٠٠٨، ده‌زگای ئاراس

چاپی دووه‌م: سلێمانی ٢٠١٢

کوردستان _ سلێمانی

www.serdam.org

بۆ په‌یوه‌ندیکردن به‌ زنجیره‌ی کتێبه‌وه‌: kteb@serdam.org

له‌به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی کتێبخانه‌گشتییه‌کان ژماره‌ (١٤١٦) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوه‌

(مافی له‌ چاپدانه‌وه‌ی بۆ ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م پارێزراوه‌)

د. نورەدین زازا

ژیانی کوردەواریم

یاداشت

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە

باست حەمە غەریب

سلێمانی ٢٠١٢

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٦٠٦)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی



وێڕای گەلی کورد و وەفایەك بۆ براکەم د.نافیز، ئەم یاداشتە پێشکەش ئەکەم بە هاوسەرەکەم گیلبێرت ڤاڤر و کوڕەکەم شەنگۆ ڤالیری

نورەدین زازا

پێرست

تێبینی:

ئەم کتێبە لە دوو سەرچاوە وە کراوە بەکوردی، بەشی یەکەمی کەپێشتر چاپکراوە واتە تا کۆتایی لاپەڕە( )، ئەندازیار (دەروێش غالب)کردوویەتیە عەرەبی و من دوای ئەوەی کرمە کوردی، ئینجا تەواوی کتێبەکەم لەلایەن دەزگای ناراسەوە بەدەست گەیشت، کە (خەسرەو بۆتانی) کردوویەتیە عەرەبی، بەناونیشانی(حیاتی ککوردی) و بەشی دووەمم لە کتێبەوە کردووە بەکوردی.

کەبەشی دووەمم تەواو کرد بڕیارمدا سەرجەم کتێبەکە پێکەوە چاپ بکەم، چونکە چەندین ناوی کەس و شوێن لەبەشی یەکەمدا هاتوون و لەبەشی دووەمدا دووبارە ئەبنەوە، و ئەو کەسەی بەشی یەکەمی نەخوێندبێتەوە، نازانێت سەرچاوەی ناوەکان چییە و کێن. جگە لەوەش بەشی یەکەم زۆر بەچاکی بلاو نەبووەتەوە و زۆر کەس نەیانبینیوە. لەبنەڕەتیشدا خۆی هەر یەك کتێبە.

زۆرم هەولداوە بەشێوەیەك ئەم یاداشتە بکەمە کوردیی کە خوێنەر واهەست بکات کەنوسەر خۆی بەکوردی نوسیویەتی.

دوای ئامادەکردنی کتێبەکە پێویستم بەچەند وێنەی د.نورەدین زازا و خێزانەکەی بوو. لەرێی بەرێز (د.هۆمەر شێخ موس)ەوە پەیوەندیم کرد بە خاتوو گیلبیرت، هاوسەری د.نورەدین زازا،وە. ئەو وێنانەی بۆ ناردم کە لە کتێبەکەدا بلاوکراونەتەوە و قایل بوون و مۆلەتی بۆ چاپکردنی کتێبەکە و لەوبارەیەوە خۆشحالی دەربڕی کە سەرەنجام ئەم یادەوەریانەی د. زازا بەزمانی نەتەوەکەی(کوردیی)بلاو ئەکرێتەوە.

لێرەدا بەپێوستی ئەزانم کەزۆر سوپاسی ئەو خانمە بەرێزە ئەکەم.

باست حەمەغەریب

سلێمانی- نۆڤەمبەری ٢٠١١

پێشەکی

سەعات ۱۹:۳۰ ی سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ و لەژوورێکی نەخۆشخانەی سیسیل لە شاری لۆزان، نورەدین زازا، لەوکاتەوەی دوو بڕبڕەی ملی شکابوو، لەسەر جێگەکەی بەبێ جووڵە راکشابوو و سەری چەقیبووە ناو سەرینەکە و چاوی بڕیبووە سکرین(شاشە)ێکی بچووك.

لەرێی رۆژنامەی لۆمۆندەوە کە تا رۆژێك پێش مەرگی، لە ٧ ی تشرینی یەکەمدا، ئەیخوێندەوە، ئەیزانی رووداوی گرنگ لەجیهاندا رووئەدەن و رژێمە دیکتاتۆرەکان لە فەرسۆفیاوە تا سانتیاگۆی چیللی، ئەلەرزن و بەرەو داڕمانن.

(تەنیا بزووتنەوەیەکی جەماوەریی فراوان ئەتوانێت پۆلۆنیا و چیللی بەرەو دیمۆکراسیی بەرێت) بەدەم خۆیەوە و بەگەشبینییەکی زۆرەوە نا، بەڵام بەمتمانەیەکی تەواوەوە وای وت.

لەپڕ لەسکرینە بچکۆلەکەوە چەند دیمەنێکی ترسناکی بینی، تاڵییەکی بیرخستەوە کە خۆشی چێشتبووی: رەوی بێکۆتایی کوردی عێراق بۆ هەڵاتن لەدەست گازی کیمیایی.

چونکە دوای هەڵەبجەی بەهاری ساڵی ١٩٨٨ کە تەنیا نارەزاییەکی شەرمنی لێکەوتەوە و پاش یەکەم هێرشی کیمیایی لەهاوینی ١٩٨٧دا لەناوچەی بالیسان کەدوور لەچاوی جیهان روویدا، سەدام حسێن بڕیاری دا سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە بۆ دروستکردنی کۆرەوێکی تر لە کاروانی قوربانیدانی کوردی عێراقدا.

دیمەنی ئەو منداڵ و پیر و ژنە بێوەیانەی هیچ تاوانێکیان نەبوو جگە لەوەی بەکورد لەدایك بووبوون، هێندە کارەساتبار بوو مرۆڤ بەرگەی نەئەگرت. ئەوانیش وەك نورەدین زازا کورد بوون، کە هەر لەتەمەنی خونچەییەوە بەگیان و جەستەی، نرخی پابەندبوونی

بەکوردبوونی خۆیەوە،دا- تەمەنی پێنج ساڵ بوو باوکی و براکەی خرانە زیندانەوە- خۆشی لەزیندانەکانی سوریاو عێراقدا مەینەتی زۆری بینی و یاساوڵەکان بەسەریدا ئەیانقیژاند:

-ها، کوردی جیقن، کاتی ئەوە نەهاتووە ببیت بەعەرەب؟!

ئێوارەی ئەو رۆژەی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ پیشاندانی ئەوگەلەی زۆرجار وڵاتانی خۆرهەڵات و(برا موسڵمانەکانی)و رای گشتیی و ویژدانی جیهان، پشتگوێی خستووە، فرمێسك و نائومێدیی و هاوکات ئازایەتیی و دەروونی بەرزی ئەوی وروژاند.

لەئاست هەموو ئەودیمەنە کارەساتبارانەدا، نورەدین زازا ئەیتوانی دەست بنێ بەدوگمەی تەلەفزیۆنەکەدا بۆ ئەوەی ئیتر دیمەنی میللەتە سەربڕدراوەکەی نەبینێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەی بێتوانا و شەکەت لەجێگەکەیدا کەوتبوو، بۆ ساتێکیش دەستبەرداری چاودێریی رووداوەکانی جیهان و کورد نەبوو و تا هەڵمژینی دوا گەردیلەی ئۆکسجین، هاوسۆزیان بوو و نەیهێشت تەلەفزیۆنەکە بکوژێنینەوە.

نورەدین زازا، ئەگەرچی هێشتا خۆی نەیئەزانی، گەیشتبووە دواقۆناغەکانی نەخۆشی شێرپەنجە کە سێ ساڵ بوو لەبەرامبەریدا بەرگریی ئەکرد، کەچی وێڕای لاوازیی و ماندوویی، تا دە رۆژ پێشتر و بۆ حەڤدەهەمین ساڵی لەدوای یەك، بەردەوام بوو لە وانە وتنەوە لەزانکۆی لۆزان و ململانێی ئەکرد لەگەڵ ئازارەکانی و لەبیر خۆی ئەبردنەوە.

ئەیوت کە شادمانە بەوەی دوای چەند رۆژێك ئەگەڕێتەوە بۆماڵەکەی لە بوسینیی، چونکە باوەڕێکی تەواوی هەبوو بەمورعجیزەکانی ڤیزیۆتیراپی(شێوازە سروشتیی و جەستەییەکانی)، کەساڵێك پێشتر و دوای نەشتەرگەرییەکی سەختی بڕبڕەی پشت، توانای رۆیشتنی پێ بەخشیبووەوە.

هەر لەمنداڵییەوە نوورەدین زازا راهاتبوو پێچەوانەی ئاڕاستە و دژی هەموان بێت، دژی پێشبینیی هەندێك پزیشك و تەنانەت دژی خودی خۆشی، چونکە کێبڕکێی- ژیان

لەبەرامبەر مەرگدا – کە چارەنووسی مرۆڤایەتییە لە ململانێ لەپێناو مانەوەدا، بەشێوەیەکی توندوتیژتر بەسەر کورددا سەپاوە. و ئەکرێت هەموو رەوتی ژیانی لەنێوان تورکیا و سوریا و سویسرا، لە کۆمەڵێك ململانێ و رووبەڕووبوونەوەدا چڕبکەینەوە، لەپێناو سەرکەوتنی ژیان و راستیدا.

لەساڵی ١٩٧٠وە لەسویسرا ژیاوە و پێشتریش کاتێك لەساڵانی نێوان ١٩٤٦ و ١٩٥٧دا بۆ خوێندن لێرە بوو، توانیبووی پەیوەندیی دۆستانەی پتەو درووست بکات و ساڵی ١٩٨٨ رەگەزنامەی سویسری وەرگرت و سیستەمی سیاسیی هیلفیتی خۆشنەویست و وەك نمونەیەك سەیری ئەکرد کە ئەشێت لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش پەیڕەو بکرێت لەپێناو بەرژەوەندیی هەموو گەلانی ناوچەکەدا.

لەو رۆژانەی پایزی ١٩٨٨دا، کوردستانی سەردەمیی منالّی ئەو، لەرێی پەیوەندیی تەلەفۆنیی خوشکەکانی و برازاو خوشکەزاکانییەوە، بوون و ئامادەیی زیاتری هەبوو لەلای، و منالّیی کوردستانی تورکیای بەرِەنگ و بەرامە و چیرۆك و نەهامەتییەکانییەوە، لەرێی دەنگی ئەو خزمانەیەوە کە لەوێ مابوون، دووبارە هەڵئەقوڵایەوە.

نوورەدین زازا، دەساڵی سەرەتای تەمەنی لەکوردستانی تورکیا ژیا و دواتریش دوای زیاتر لە٣٠ ساڵ دووریی، لەنێوان ساڵانی ١٩٦٧ و ١٩٧٠دا، لەوێ نیشتەجێ بووەوە و لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا چاوەڕێی ئەنجامی پرۆسەی دیمۆکراتیزەکردنی سیاسیی کرد، بەڵام نائومێد بوو و ناچار بوو بۆ دەربازکردنی سەری خۆی لەپەتی سێدارە و رزگار بوون لەدواکەوتنی پۆلیس، لەساڵی ١٩٧٠دا پەنابەرێتە سویسرا. من ساڵی ١٩٧١ لەوێ بینیم.

سەرەڕای رووناکبیرییە فراوانەکەی، شایستەیی مرۆڤانە و خانەدانی و بیرێکی بێخەوش پێکەوە لە نوورەدین زازادا کۆبووبوونەوە. وێڕای ئەوەی شیعرەکانی نیلوار و نازم حیکمەتی لەدڵەوە لەبەر بوو و ڤیکتۆر هۆگۆ و مۆزارتی ئەپەرست، ئەشیزانی چۆن گوێ بگرێت و تەماشای دیمەنەکانی رۆژانەی سروشت بکات و سەرسام بێت بەخوێندنی

باڵندەکان و بەری درەختەکانی بۆسینیی و لەدارستانەکانی ڤالی و ئاسمانی ئاگادین وردبێتەوە و چێژ لەئێستا ببینێت و شەیدای هەموو شتێکی جوان بێت.

سەرەڕای بوونی لەسویسرا یان لەهەر جێیەکی دیکەی جیهان، بەڵام ئەوە کوردستان بوو لەناخیدا چەسپی بوو و بانگی ئەکرد تا سەرەنجام دووبارە پابەندی کردەوە.

ئاخر چۆن- دوای ساڵانی زیندان و ئەشکەنجە و مناڵیی ئازاراویی ودوورخستنەوە و پەرتەوازە کردن و بەندکردنی براکانی و باوکی و مامەکانی- ئەتوانێت(ئەتوانین) بەئاشتی لە سویسرای بێلایەن و خۆشدا بژین، لەکاتێکدا کورد بەردەوام گرفتاری سەرکوتکردن و چەوساندنەوەن لە تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا و تەنانەت میدیاش لەبەرامبەر ئەمەدا بێدەنگە و زۆربەی کات ورتەشی لێنایەت؟!

چۆن ئەشکەنجەدانت بیر ئەچێتەوە کەدوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٠ ساڵیش هێشتا شوێنەوارەکەی بەجەستەتەوە مابێت؟!

ئازاری چەندبارەی شانت کاتێك هەوا سارد ئەبێت، شوێنەواری ئەو ١٠٠ قامچییەی یاساوڵەکە لەزیندانی(المزه) ی دیمەشق لێیدایت و دانە جیرەی یاساوڵەکەت کە شەوت هەراسان ئەکات و ئەیکاتە مۆتەکە.

لەڕاستیدا ژیانی رابردووی، جیاواز نییە لەژیانی ئێستای و ئەکرێت بڵێین ناوێزانی یەکتربوون.

ئەتوانم بڵێم بازنەی بایەخەکانی نورەدین زازا تەنیا لەکوردستاندا قەتیس نەبوو و هەرگیز بوغز و کینەی لەدڵدا هەڵنەئەگرت؟

هەموو جۆرەکانی زوڵم و زۆر ئەیوروژان و هەراسانی ئەکرد. بەهاوسۆزیی و بایەخەوە سەیری هیچ مەسەلەیەکی نەئەکرد زیاتر لەمەسەلەکانی تر، کاتێك بابەتەکە پەیوەست بوایە بەسەروەریی هەرەشە لێکراوی مرۆڤەوە. وەك گەواهییەك خۆم بینیومە گریاوە کاتێك گوێی لەژنێکی رزگاربووی فەرەنسی بوو کە بەسەرهاتی هیرۆشیمای ئەگێڕایەوە و

نیگەرانی و سەراسیمەییم ئەبینی لەبەرامبەر بەسەرهاتی چیللی و رۆمانییەکان و چیرۆکەکانیان لەبارەی ئەشکەنجەوە. چونکە بەلای نورەدین زازاوە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ، هیچ کامیان زیاتر لەوی تریان مایەی قایل بوون نین.

کاتێ بیری لەپێویستیی رێزگرتن لەناسنامەی جولەکە و فەلەستینیی و ڤێتنامی و تیبتییەکان ئەکردەوە، مافی خۆی بوو لانی کەم بیر لەکوردیش بکاتەوە، چونکە ئەو کوردە هەتیو و بێزراوانەی سەرزەویش شایانی هەمان بایەخ پێدانن.

ئەو کوردانەی کەمزیاتر لەبیر کراون و لەلایەن سیاسییەکانەوە- واقیعی سیاسی ئەسەپێنرێت- و بێ کۆڵدان بەرگریی لەمەسەلەکە ئەکرد لەمیدیا و کۆنگرەکاندا، لەکاتێکدا کورد نەبووبوونە بابەتی لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکان. سەرەنجام سەرەڕای بێهودەیی هیواکانی لەویستی راستەقینەی خۆرئاوا و نەتەوەیەکگرتووەکان لەوەی مافەکانی گەلی کورد بگێڕنەوە بۆی، تووشی خەم و ئازار و تەنانەت نائومێدیی بوو لەدابڕان و پارچەبوونی نێوان کورد و رەفتاری هەندێك لەسەرکردە و بەرپرسەکانی لە درێژەدان بەرێگەی خواروخێچ و کەللەرەقیی و نەزانیی.

باوەڕی تەواوی هەبوو بە باشییەکانی گفتوگۆ و سیستەمێکی دیمۆکراسیی هاوشێوەی هیلفیتیی(کۆنفیدراڵیی سویسرا)، نەك زمانی هێز و توندوتیژیی.

لە٧ تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ بەدواوە گەلێك گۆڕانکاریی و پێشهات لەجیهاندا روویاندا کە لە ناخیاندا تۆوی هیوا و هاوکات تەمومژیان هەڵگرتبوو. بەهۆی جەنگی کەنداوەوە مەسەلەی کورد ئەمڕۆ باشتر ناسراوە، بەڵام ئایا ئەمە ئەبێتە یاریدەدەر بۆچارەسەرکردنی و رۆژێك لەرۆژان گەلەکەی ئاواتی ناسینی مافە هەرە بنەڕەتیی و لەپێشەکانی بەدی دێنێت؟

دوای ئەوەی لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ دا و دواتریش لەمایسی ساڵی ١٩٩٢دا کوردستانی عێراقم ناسی، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە کوردستان ئایندەیەکی

گەش و رووناکی هەیە. بەڵام وادیارە کە سەرەڕای درووست بوونی سیستەمێکی نوێی جیهانیی، کەچی هێشتا ترسنۆکی و دووڕوویی، ئایندەیان روونا کە.

((هەتا بەردەوام بن لە پلیشاندنەوەی مرۆڤ و چەوساندنەوەی لەسەرتاسەری جیهاندا، ئەوا مرۆڤایەتی سبەینێیەکی باشتری نابێت.))

بەم دەستەواژەیە نورەدین زازا کۆتایی بەیاداشتەکانی ئەهێنێت کە ئەمڕۆ چاپکراوە.

منیش ئەمڕۆ وەك ئەو، باوەڕم وایە کە ئەگەرچی شەڕەکە لەپێشەوە دۆڕاوە، بەڵام نابێت دەستبەرداربین و واز لە جەنگین بهێنین، چونکە تێکۆشان بەشێکە لە مرۆڤ و لەناخیدایە.

ئەمە ئەو وانەیەیە کە لەنورەدین زازاوە فێربووم.

گیلبێرت ڤاڤر زازا

بوسینیی، ۱۸ی مایسی ۱۹۹۳

کوردستانی تورکیا

- لەبەهەشتەوە بۆ دۆزەخ
- لەدایکبوون و منداڵیی تا تەمەنی ١٠ساڵی
- ژیانی رۆژانەی خێزانی کورد
- بەهەشتی خێزانیی
- دابونەریتی گەلی کورد لەتورکیا
- دۆخی گەلی کورد لەتورکیا
- لەسایەی ئیمپراتۆریی عوسمانی و مستەفا کەمال دا
- چەوساندنەوە و قەسابخانەکان

لەشارێك لەدایكبووم بۆنی مسی لێئەهات، لەسایەی دەسـەڵاتی عوسمانییدا،ولـەنزیك سەرچاوەكانی رووباری دیجلە،لەولاَتێكی شاخستانی زۆر جوانـدا كەكوردسـتانی توركیایـە. شارەكەی زێدم ناوی (مادن) بوو –لە(مەعدەن)ی عـەرەبی وەرگـیراوە، چـونكە كانزایـەكی زۆری تیایە- ودۆڵێكـی قـووڵ ئـەیكرد بەدووبەشـەوە. دێتـەوە یـادم هەمیـشە هەواكـەی ئالوودەبوو بەدووكەڵی كانەكان.

كانزاجیاوازەكانی وەك مس و قوڕقوشم و كـرۆم و زێـر، ئـاوی جۆگـە و رووبارەكانیـان رەنگ ئەكرد بەرەنگی زەرد و سەوز و وەنەوشەیی. چەندین سەعات چـاودێریی ئـەو جۆگـە رەنگاوڕەنگانەم ئەكرد پێشنەوەی برژێنە باوەشی دیجلەوە. زستانی سـەختم لەهەمووشـتێك زیاتر دێتەوە یاد،چونكە شارەكە لەسەرسنگی قەڵاكانی زنجیرە چـیای(ئـەنتی تـۆرۆس)بـوو لەبەرزایی زیاتر لە ١٠٠٠ مەتردا، بۆیـە مـادن زسـتانێكی تـەوەریی(قطبـی)راسـتەقینەی هەبوو. سەرما هەر لەناوەڕاستی تشرینی دووهەمـەوە هاوكـات لەگـەڵ رەشـەبای سـاردی پڕوكێنەر دەستی پێئەكرد، و هێنـدەی نەئـەبرد سەرچـاوە و جۆگـە و رووبارەكـان ئـەبوون بەسەهۆڵ. لەمانگەكانی كانوونی یەكەم و دووەمیشدا فەرشێكی كـانزایی سـتوونیی بـەفر، سەرتاسەری شارەكە و چیاكانی دەوروبـەری دائەپۆشـی. هـەر هێنـدەی بەفرەكـە لـەبارین ئەكەوت، رەشەبای توندی خۆرهەڵات (بای رەش) هەڵیئەكرد و گسكی ئەدا لەلوتكـەكان و بەفرەكـەی راثەماڵییـە ناودۆڵـەكان و دەوروبـەری درەختـەكان و تەنانـەت سـەردیوار و لەپەنجەرەكانەوە ئەیكردە ناوماڵەكانیش.

بـەڵام مـانگی شـوبات- وەك ئـەوترێت شـێتبوونی وڵاتـە شـاخاوییەكان- سـەرما زیادئەكات تائەگاتە دووئەوەندە و سـێ ئەوەنـدی ئاسـتی ئاسـایی خـۆی و پلـەی گـەرما دائەبەزێت، هەندێكجار بۆ ٣٠ و تەنانەت ٤٠ پلەی سـەدی ژێـر سـفر. گـەردەلوولی بـەفر

دەستپێنەکات لەگەڵ رەشەبای ساردی سەیبیریا کەلەچیاکانی قەفقاسەوە هەڵئەکات و چەندین رۆژ بەردەوام ئەبێت وەك ئەوەی بەنیازنەبێت هێوربێتەوە.

ئێستاش مانگێك لەمانگە سەختەکانی شوباتم دێتەوە یاد. ئەوساڵە بەفرێکی هێندە زۆر باری، کەزۆربەی ماڵەکانی داپۆشی. باوکم لەماڵەکەی خۆمانەوە کەکەوتبووە بەرزاییەکانی شارەکە و درەخت دەوریدابوو، تونێلێکی بەژێر بەفرەکەدا هەڵکەند تادیوەخانەکەمان،بۆئەوەی ئاگای لەمیوانەکانی بێت. لەو زستانە نائاساییە و درێژەدا کەزۆر سەختبوو، نیوەی مەڕومالاَتی کوردستان تیاچوون و رەشەولاَخەکان هێندە برسیبوون پاشمڕۆی خۆیانیان ئەخوارد.

شەوێك لەشەوەکانی مانگی شوبات، دایکم کە چەندین ساڵ بوو بەدەست نەخۆشی دڵەوە ئەیناڵاند، ژانگرتی. دەوروبەری سەعات یەکی پاش نیوەشەو دڵەکوتێی پێکەوت و باری تەندروستیی تەواو تێکچوو. سەرەڕای نەبوونی پزیشکێکی مۆڵەتدار لەشاری مادن کەژمارەی دانیشتوانەکەی ئەوکاتە ۲۰۰۰۰ کەسێك ئەبوو،و واچاوەڕوانئەکرا براگەورەکەم، دوای ئەوەی بڕوانامەی دکتۆرای پزیشکیی لەزانکۆی ئەستەمبوڵ وەرئەگرێت ببێتە یەکەم دکتۆر لەم شارەدا، بەلاَم ئەمانتوانی یارمەتی دایکم بدەین، چونکە شارەکە شانازیی ئەکرد بەپزیشکە میللییەکان و جەراحەکانی شکاویی و مامانەکانییەوە. بەناوبانگترینی ئەو مامانانە ژنێکی یۆنانی نەژاد بوو کەلەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لەمادن نیشتەجێ بوو، و بەناوە کوردییەکەی(نارخاتوون) ئەناسرا، ولەسەردەستی ئەو، براکانم، چوارخوشکەکەم و من لەدایکبووین. بەلاَم لەوکەشە دۆزەخییە سەختەدا کە نزیکەی ٥ مەتر بەفر باریبوو، چۆن ئەیتوانی بگاتە ماڵی ئێمە؟ چونکە بەساڵاچوو، وپیرێکی لەرزۆك بوو. شاری مادنیش گالیسکەی سەر بەفر و تەختەی خلیسکێنەی تیانەبوو، ئەگەرچی بەفراوانی لەناوچەکانی خۆرهەلاَتی کوردستان بەکارئەهێنرا. بۆیە ناچار ئەبوو(کۆسما)،بەهێزترین خزمەتکارمان، بەکۆڵ بیهێنێت،وبۆ ئەوەی بەبێوەی بگات، لبادێکی خوریان لەسەربەفرەکە راخستبوو

کەپانییەکەی مەترونیوێك و درێژییەکەی ٩ مەتربوو. کاتێـك (نارخـاتوون) ئـەو ماوەیـەی ئەبڕی، پیاوەکان لبادەکەیان هەڵئەگرت و لەپێشییەوە رایان ئەخستەوە. ئەمەش زۆرسـەخت و ناهەمواربوو، چونکە سەعات دووی بەرەبەیان کەچاو چاوی نەئەدی و هێـشتا ڕەشـەباکە لەوپەڕی هێزی خۆیدابوو، ئەم کارە ئەکرا.

لەماوەی سەعاتێکدا نارخاتوون ٣٠٠ مەتری بڕی و سەعات سێی بەیانی،بەشـەکەتیی گەیـشتە مـاڵی ئێمـە و لەسـەرمادا گرمۆڵـە بوویـوو. دانیـشتوانی ماڵەکـە کەوتنـە گەرمکردنەوەی و لەسەر کورسییەکی سەر تەنوورەکە دایاننا.

سەعات ٥ ی بەیانی من هاتمە ئـەم جیهانـەوە. کـەس نـەیوێرا بـاوکم بێـداربکات و هەواڵەکەی پێبڵێت، وتابـەیانی رۆژی دوایـی کەلەخەوهەڵـساو چـوو بـۆ بەسـەرکردنەوەی دایکم، ئاگای لەرووداوەکان نەبوو. دایکیشم رووپۆشـی لەسـەرمناڵێکی قـژ زەردی خـڕین لابرد کەبەئارامی لەپەنایەوە خەوتبوو. بـاوکم پەنجەیـەکی هێنـا بەروومـەتی مناڵەکـەدا و ناوچـەوانی دایکمـی مـاچ کـرد و تێـی تەقانـد بـەرەو دیوەخانەکـەمان،ئێوارەش پارچـە ئاڵتوونێکی بەزنجیرەوە پێشکەشی دایکم کرد، ئیتر ئەوە هەمووشتێك بوو.

سەبارەت بەلەدایکبوونی براکـانی تـرم دۆخەکـە جیـاواز بـوو، ئـەو کاتـە ئاهـەنگ و زەماوەند بۆ ماوەی حەوت شەو و حەوت رۆژ سازئەکرا و بـاوکم گۆرانیبێـژ و بەسـتەبێژانی بانگئەکرد و پێشبڕکێی ئەسپسواریی رێکئەخـست و خـوانی هـەزاران میـوانی پێـشکەش ئەکرد. ئەوجۆرە ئاهەنگانە پێش جەنگی یەکەمی جیهان سـازئەکرا، کاتێـك شـاری مـادن بەگشتیی و بنەماڵەی ئێمە بەتایبەتیی لەژیانێکی خۆش و شادیی و خۆشگوزەرانیدا بـوون. بەڵام من دوای چوارساڵ جەنگی وێرانکەر کەئیمپراتۆریی عوسمانیی پارچە پارچـەکردبوو، و چارەنووسی کوردستان نادیاربوو، لەدایکبووم.

لەکاتی رێکەوتننامەی ڤێرسای دا، وەفدی کورد بەسەرۆکایەتی شـەریف پاشـا هـەوڵی دابوو هێزەکانی سەرکەوتووی جەنگ بێنێتە سەر قایلبوون بەداواکانی کـورد لـەپێکهێنانی

ولاتێکی سەربەخۆدا، ئەوکاتە مستەفا کەمال سەرگەرمی ئازادکردنی ناوچەکانی ئێمە بوو لەیۆنانییەکان و دەرکردنی ئینگلیز و فەرەنسییەکان لەولاتەکە.

فرەنسییەکان ناوچەکانی عەنتاب و ئورفە و سیلیسیا یان لەباشوور و باشووری خۆرئاوای تورکیا داگیربوو کەزۆربەی دانیشتوانەکەی کوردبوون، بەلام دانیشتوانی سیلیسیا زۆربەیان تورك بوون. فرەنسییەکان بایەخیان بەم ناوچانە ئەدا بەمەبەستی دروستکردنی دەولەتێکی ئەرمینی لەپەنابەرە ئەرمەنەکانی سوریا.

سیاسەتەکانی مستەفا کەمال کوردییان نیگەران کرد، هەروەك چاوبڕینی ئەرمەن لەباکووری کوردستان نیگەرانی کردن، سەرەڕای ئەوە هەندێك ناسیونالیستی کورد ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ هاوکاریکردن لەگەل ڕێکخراوەکانی ئەرمەن لەپێناو پێکهێنانی دەولەتێکی ئەرمەنی و یەکێکی کوردیدا، و چەند ڕێکەوتنێکیش لەنێوان نوێنەرەکانیاندا ئیمزاکرا بەمەبەستی ئەوەی داواکانیان پێشکەشی پەیماننامەی (سیڤر) بکەن، کەسەرگەرمی ئامادەکاریی بوون بۆ لێکۆلینەوەی چارەنووسی گەلانی نیشتەجێ لەچوارچێوەی خاکی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا. ئەوکاتە هێشتا بزووتنەوەی میلیی کورد بازووی بەهێز نەبووبوو، لەبەرامبەردا مستەفا کەمال سیاسەتێکی سەربازیی و مایکافیلیانەی دووفاقی گرتەبەر و بەخێرایی ئەو قازانجانەی چنییەوە کەدۆخەکە بۆی ڕەخساندبوو، و سوودی لەناژارەکانی کورد و هیواکانی وەرگرت. ئەو لێکگەیشتنی نێوان کورد و ئەرمەنی لەپاریس بەخیانەت دانا و ئامادەیی دەربڕی بۆدانی ئۆتۆنۆمی بەکورد لەچوارچێوەی دەولەتی نوێی تورکی ڕزگارکراو لەداگیرکەری دەرەکی، و بڕوای وابوو ئینگلیزەکان لەم ئەرکەدا یارمەتی ئەدەن.

کورد تاڕادەیەکی زۆر بڕوایان بەبۆچوونەکانی هێنا، تەنانەت یەکەمین یەکەکانی خۆبەخش لەشارە کوردییەکانی (ئەرزڕۆم، وان و بەدلیس) پێکهێنرا. ئەمانە ئەو شارانەن کە ئەرمەنەکان چاویان لەسەری بوو. مستەفا کەمال کۆمەلێکی ٦٠ کەسی لەسەرۆکە

دیارەکانی کورد لەخۆی کۆکردبۆوە و بەوانـە دژایـەتی ناسیونالیـستەکانی کـوردی ئـەکرد کەبـەدوای چارەسـەرێکی نێودەولـەتیی کێـشەی کـورددا ئەگـەڕان و لەمەشـدا پـشتیان بەپـشتیوانیی ئینگلیـز قـایم بـوو، چـونکە پـرۆژەی پێکهێنـانی دەولـەتێکی کـوردیی، ئینگلیزەکـانی هەراسـان نەئـەکرد کەپێـشتر کوردسـتانی دەولەمەنـد بەنـەوتی عێراقیـان داگیرکردبوو، وهەندێك بەلێنیان دابوو بەعەرەب و هاوکات رێککەوتنێکیان لەگەلْ فرەنـسا ئیمزا کردبوو بۆ دابەشکردنی خۆرهەلاتی ناوەڕاست لەنێوان خۆیاندا.

لەراسـتیدا بایـەخی پـەترۆلْ بەتایبـەتی و خۆرهـەلاتی ناوەڕاسـت بەگـشتیی، تـەنیا هەربەلای ئینگلیزەوە سـتراتیژیی نـەبوو، روسـیا کەشۆڕشـە بەلـشەفییەکەی سـەرکەوتنی بەدەستهێنا بوو، بەهەموو توانایـەوە پـشتیوانی لەبزوتنەوەکـەی مـستەفا کـەمال ئـەکرد بەئامانجی فراوانکردنی دەسەلاتی (نفوذ)ی سۆڤیەت لەم ناوچەیەی جیهاندا.

بۆچی ئینگلتەرە هانی مافی نەتەوەکانی ئەدا لەدیاریکردنی چارەنوسیاندا ؟

ئەمە ئەو پرسیارە گەورەیەبوو کەکورد رووبەڕووی بووەوە.

کـاتی لـەدایکبوونی مـن، کوردسـتان لـەدۆخێکی کارەسـاتباری راسـتەقینەدابوو. ناوچەکانی باکووری کوردستان کەشەڕی خوێناویی نێوان روسیا و عوسمانیی بەخۆوە دیبـوو، بەتەواوی وێران بووبوو، ودانیشتوانەکەی ناچاربووبوون ولات بەجێبهێلن، بـەلام ناوچـەکانی تری کوردستان لەبرسێتییەکی ترسناکدا ئەژیان.

لـەمادن پرۆسـەی دەرهێنـان و تواندنـەوەی مـس وەسـتابوو، بێکـاریی زۆربـەی دانیشتوانەکەی گرتبووەوە، بێکارانی گوندەکانی دەوروبەر پەنایان ئـەبردە بەرخێزانـەکانیان یا رایان ئەکرد بۆ دەرەوەی ولات بەدوای کاردا.

رۆژ بەرۆژ ژمارەی نەدارەکان زیادی ئەکرد، بەلام سەرەڕای ئەوەش هـەژاریی و نـەداریی خۆیان دەرنەئەخست لەبەر سەربەرزیی خۆیان. بەپێی دابونەریت ئەبوو دەولەمەنـدەکان زۆر بەنهێنیی یارمەتی نەدارانی وەك نەخۆش و پەککەوتەو بێوەژن و هەتیوەکان بدەن.

باوکم، کەخەڵك نازناوی (وەلی)یان لێنابوو، شەوانە توورەکە ئـاردی ئـەبرد و لەبـەردەم دەرگەی ماڵی ئەدارەکاندا دایئەنا، ئەو تامردنی لەساڵی ١٩٣٣دا ئەم کـارەی ئەنجامئـەدا. لەو ساڵەدا دەسەڵاتدارانی تورکیا هەموو کانەکانیان خۆماڵی کـرد و تـەکنیککاریان هێنـا بۆدەرهێنان و تواندنەوەی مس لەمادن.

باوکم هەست ناسك و سەنگین و کەم قسەبوو، بەڵام زۆر مرۆڤ و بەخـشندەبوو، چـەندی رێز لەمرۆڤ ئەگرت ،هێندەش بـەزمیی بەئاژەڵـدا ئەهاتـەوە، چـەندین جـار بینیومـە پێـی بەرزکردۆتەوە بۆئەوەی ئازاری مێروولەیەك نەدات.

بۆرژوازیی کـشتوکاڵیی ئەوکاتـە تینـوی فێربـوون بـوو، و ئەکەوتـە ژێـر کاریگـەریی هەرشتێك لەئەوروپا، یا لەئەستەمبوڵەوە بێت، بەڵام باوکم کەمتر ئەکەوتـە ژێرکاریگـەریی ئەوانەوە، و گیانە پاکەکەی خۆی پاراستبوو، و زۆری حەز لەئەدەبی کلاسیك و فارسی بوو، و زۆری هانئەداین بۆ خوێندن، ئەگەرچی بڕوای بەهەندێك سیمای نـوێی شارسـتانی نـەبوو. جارێکیان بەهۆی رووداوێکی ئۆتۆمبیلەوە بریندابوو، هاواری کرد (ئۆتۆمبیل دەسـتکردی شەیتانە) و دوایئەوە جارێکیتر پێی نەخستە ناو ئۆتۆمبیلەوە.

ژوورەکەی باوکم میحرابێکی راستەقینەبوو، و کەسمان بۆمان نەبوو کەخۆی لەوێ نـەبێ بچینە ژوورەکەیەوە. رۆژێك لەرۆژان، تەمەنم ٣ یان ٤ ساڵ بوو ئـەو قەدەغەیـەم شـکاند و چوومە ژوورەکەیـەوە و خەنجـەرێکم ماشـییەوە کـە دەسـکەکەی زۆرجـوان بـوو، وپێـشتر بینیبووم. بێگومان باوکم هەستی بەنەمانی خەنجەرەکەکردبوو، بەڵام بەسـەرخۆی نـەهێنا و هەرگیز باسی مەسەلەکەی نـەکرد، چـونکە رقـی لەدەمـەقاڵێ بـوو، و بەدەگمـەن لەگـەڵ منداڵەکانی قسەی ئەکرد، بەدەگمەنیش لەسـەر سـفرە دائەنیـشت بـۆ نـانخواردن، بەپەلـەو بێدەنگ نانی ئەخوارد، تەنانەت بەتیلەی چاویش سەیری نەئەکردین، پاشان ئەگەڕایـەوە بـۆ سەرۆکاری کردنی دیوەخانەکە.

لەبەرئەوەی ئەو سەردەمە مادن ئوتێلی لێنەبوو، میوانەکان لای ئەو خواپێداوانە ئەخەوتن کە دیوەخانیان هەبوو.

دیوەخانەکەی ئێمە چەند سەدمەترێك لەماڵی خۆمانەوە دووربوو، لەوسەریەوە میوانخانەیەکی خۆرهەڵاتی بوو، بەفەرش راخراوبوو، باوکم لەوپەڕی لای راستەوە لەسەری دائەنیشت، چەندین سەعات لەوێ ئەمایەوە و راخەرەکانی رێکئەخست لەسەر زەویەکە، و تەسبیحاتی ئەکرد و لەگەڵ میوانەکانی قسەی ئەکرد.

میوانەکان دوای ئەوەی پێڵاوەکانیان لەبەردەرگاکە دائەکەند بەپێی تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتییان لەنزیکییەوە دائەنیشتن، و منداڵەکان هەمیشە لەسەر کومبارەکان دائەنیشتن، هەروەها خزمەتکارەکانیش کە بەدەگمەن ئەحەوانەوە، بەردەوام بەپێوە ئەوەستان و خزمەتی میوانەکانیان ئەکرد بەدانانی قاوە و چا یاخواردن، باوکم و میوانەکانیشی سەرگەرمی گفتوگۆی سیاسیی و فەلسەفی بوون.

لەو کاتانەدا ئەرکی ژنان زیاترئەبوو لەمویەقدا و ئەبوو ئەرکی ئەو هەموو میوانە و بەردەست و وڵاخەکانیان جێبەجێ بکەن. هەندێك جار ژنانی ماڵەوە فریای ئەو هەموو کارە نەئەکەوتن و ناچارئەبوون کچانی خزم و دەوروودراوسێ بانگبکەن بۆ یارمەتیدان.

بەڵام من زۆر بەدەگمەن ئەچووم بۆ دیوەخانەکە. جارێکیان گوێم لەسێ کەس گرت کەچووبوون بۆ میسر بۆچاندنی پەمو، هەستم ئەکرد لەئەستێرەیەکی ترەوە هاتوون. بیرمە باوکم پرسیاری لێئەکردن سەبارەت بەدۆخی ژیان لەمیسر و سیاسەتی پادشا و بارودۆخی خەڵکی میسر.

ئەوکاتە دووان لەخوشکەکانم ژوورێکیان لەقاتی دووەم گرتبوو، و من لەژوورەکەی دایکم ئەخەوتم. چەند جوان بوو بەچاوەڕەشەکانی و قژە ئاوریشمییەکەیەوە، ئەوەندەش توندبوو بەرامبەر منداڵەکانی و بەتایبەت دوامنداڵمان کە زۆری دایکی خۆشئەویست.

هەموو شەوێك كە خەوی لێنەكەوت من هەڵنەستام و شاڵەكەی سەریم لێنەكردەوە و وەكو تۆپێك لەسەرسنگم دامنەنا و بەهەموو توانای دەستەبچكۆلەكانم بەخۆمەوە نەگوشی و بەیانیان نەبوو دایكم بەزۆر لەچنگمی دەربهێنێ.

ڕۆژێكیان دایكم بەیەكێك لەخوشكەكانمی وت:

(دڵنیابە كە ئەم منداڵە منی زۆر خۆشنەوێت و بەداخی منەوە سەرنەنێتەوە).

لەتەنیشت ژوورەكەی دایكمەوە، ژوورێكی تر هەبوو كەزۆرم حەز لەبۆنەكەی بوو، چونكە سێو و هەناری لێدانەنرا لەگەڵ ڕاخەر و نوێنی تایبەت بەمیوانەكان.

مامەكانم و پوورەكانم و(جاجۆ)- ئەو كچە بچووكە ئەرمەنییەی باوكم لەقەسابخانەكان ڕزگاری كرد- لەقاتی سێیەم ئەخەوتن، خزمەتكارەكانیش لەژوورێكی دیوەخانەكەدا ئەخەوتن.

زستانان كەسەرما زۆری ئەهێنا، گەرمای زۆپادارەكان كە لەهەموو ژوورەكانی ماڵەكەدابوون، بەشی گەرمكردنەوەی نەئەكردین، ئەچووین لەناومێزی سەرتەنوورەكەدا خۆمان گرمۆڵە ئەكرد. من خۆم حەزم لەگەرما پڕوكێنەرەكەی نەبوو، و زستانم زیاتر پێ خۆشبوو كەتەنیا خواخۆی ئەزانێ چەند سەخت بوو.

سەرەڕای قەبەیی بارستایی بەفرەكە كە زۆرجار ئەگەیشتە ٣ یان ٤ مەتر، ئێمەش نەمانئەزانی تەختەی خلیسكێنە چییە، بەڵام هەمیشە ڕێیەكمان بۆ خلیسكێنە ئەدۆزییەوە بەدانانی پلێتێكی گەورەی مس و دانیشتن لەسەری، و حەزیشم لەوەبوو بەبەفرماڵ سەكۆكان بماڵم.

هەرچەندە زستان خۆشترین وەرزی من بوو، بەڵام بەشادمانییەوە پێشوازیم لەنەورۆز ئەكرد. هەموو خەڵكی شار بەگەورە و بچووك و پیر و نەخۆشەكانیشەوە شارمان جێئەهێشت و لەباوەشی سروشتدا بەشداریی ئاهەنگی جەژنی سەری ساڵمان ئەكرد.

لەوانەبوو زستان تادوای ١٥ی ئازاریش درێژە بكێشێت، بەڵام لە٢١ی ئازاردا بێگومان باران خۆشنەكاتەوە و هەتاو هەڵدێت و بەفر دەستنەكات بەتوانەوە.

دوای زستانێکی بێبڕانەوە، نەورۆز هەڵیکبوو بۆ ئێمە، تابچینە دێهات و سواری کەر و ئەسپ ببین کەبەزستان لێمان دووربوون، بەڵام تەنیا لەمانگی حوزەیراندا شارمان بەجێنەهێشت و نەچووینەوە بۆ سەر موڵەکەکانمان لەلادێ.

دابڕانەکە چەندین رۆژی نەخایاند و ئەو ولاٚخە بەستەزمانانە ئەزموونێکی سەختیان تێنەپەڕاند، لەو کاتانەدا سەگەکانمان کەلای جوتیارەکان بوون نەهاتنەوە بۆلامان و تادەوروبەری ناوەڕاستی تشرینی یەکەم لەگەڵمان نەبوون.

باوکم ئەیوت:(بەگەلەسەگێکی پۆلیسییان ناگۆڕمەوە). باسی سەگەکانی خۆمانی ئەکرد کە سەگی کوردیی دڕ و نەترس بوون.

هەر ئەڵێیت ئێستایە،(کۆرکین)،یەکێك لەسەگەکانمان دێتەوە بەرچاوم، ئەوپاسەوانە چاکەی شەوانە حەوت جار بەدەوری زەوییەکانماندا ئەسوڕایەوە تا بەدنیازان بترسێنێت. ناوبانگی بەشێوەیەك بلاوبووبووەوە کەهیچ بێگانەیەك نەوێرێ لەزەوییەکانمان نزیکبێتەوە، و حەزیشی لەوەبوو کە بەچیاکاندا بسووڕێتەوە. رۆژێکیان گەلە بەرازێکی کێوی پەلاماریانداو پارچەپارچەیان کرد.

سەگێکی ترمان هەبوو ناوی(پۆلات)بوو، ئەمیشیان هەر پاسەوانێکی چاکبوو، بەڵام وردە وردە بەرەڵابوو، بەکۆلانەکانی مادندا ئەسووڕایەوە لەجیاتی ئەوەی پاسەوانی کێڵگەکانمان بکات و نیوەشەوان ئەهاتەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام رۆژێکیان لەنیوەڕۆدا گەڕایەوە و سەری، کەشۆڕبووبۆوە، تۆزێك لەخۆڵەکە خشاند و کەوتەسەر زەوی.

پوورم سەیری ئەو لیکە سەوزەی کرد کە لەدەمییەوە دێتە خوارەوە،وتی:(کەسێك ژەهرخواردی کردووە).

پۆلات مرد و زۆر بۆی گریاین هەروەك بۆ کۆرکین گریاین. لەبەرئەوەی لاشەکەی زۆر زل بوو قاچمان جووتکرد تا بتوانین چەند سەدمەترێك دووریخەینەوە و لەنزیك رووبارەکە ناشتمان.

هەروەها (کۆراە) کە سەگێکی درِبوو ئەویشم دێتەوە یاد، رۆرژێکیان پشیلەیەکی کێوی بینی و بریاریدا ئەشکەنجەی بدات، بۆ ماوەی ١٠ رۆژ لەم دار بۆ ئەودار بەدوایەوەبوو تائێوارەی رۆژێکیان پشیلەکە بەشەکەتی لەدارەکە هاتەخوارەوە و(کۆراە) پەلاماری دا و پارچەپارچەی کرد.

لەناو پشیلەکانیشماندا- پشیلەی بەناوبانگی (وان) کە کلکیان درێژە- پشیلەیەکمان هەبوو بەناوی (ئەنگۆرا) کەپاسەوانێکی زۆر باش بوو، و لەگەڵ دراوسێکاندا تا بەردەرگاکانیان ئەرِۆیشت و لەوسەرەوە چالاکانە ئەگەڕایەوە بۆ ماڵ. بەڵام بەخت یاری نەبوو، پاش نیوەڕۆی رۆژێکی هاوین لەبێستانەکە گەڕایەوە و زەردەمارێکی بەدەمەوەبوو، هاوارمان لێکرد: بەریدە ئەتکوژێت. بەڵام گوێی لێنەگرتین، یا لێمان تێنەگەیشت، مارەکەی قووتدا و چوو بۆ ئەوەی شیربدات بەبەچکەکانی، دوای چەندسەعاتێك مرد و بەچکەکانیشی بەدوایدا مردن.

ژیانی لادێ تەنیا هەر رووداوی خەمهێنەری نەبوو، گەشت و گەڕان لەچیاکان و راوەسوێسکە و مەلەکردن لەگۆمەکاندا، بۆ من واتای ئازادیی بوو.

چاکەی ئەم بەهەشتە زەمینییەمان ئەگەڕایەوە بۆ باپیرانمان. پێش زیاتر لەسەدەیەك باپیرەی باپیرم، کوڕی سەرۆکی خێڵی(شادیان)، بانگکرا بۆئەوەی ببێتە لێپرسراوی مادن و ئازناوی (ئەفەندی) وەرگرت، کەتەنها ئەدرایە میر و زاناکان، و بووە فەرمانڕەوای شارەکە. کاتی گەیشتنی، شارەکەی لەبارێکی خراپی وێرانەیی و پشتگوێخراودا بینی، ئەم شارە کەلەسەردەمی کۆن و سەردەمی ئیمپراتۆرییەکانی ئاشووریی، ماد، حەیسی، فارسی و سەلجوقی دا زۆر ئاوەدانبوو، هیچی لێ نەمابۆوە جگە لەشارۆچکەیەکی ٣٠٠٠ کەسیی. گەورەترین کێشەش خستنەوەگەڕی ئەو کارگە و کانە مسانەبوو کەچەندین سەدەبوو بەرنەهێنرابوون.

باپیره گەورەمان لەناوچەکانی دەوروبەری مادن و شارە دوورەکانی تری کوردستان بەدوای پسپۆڕ و کرێکاردا ئەگەڕا، بەڵام بێسوودبوو، چونکە پەلامارەکانی مەغۆل و تورکمان و بەرگریی سەرسەختانەی میرنشینەکانی کورد دژ بەدەستێوەردانی بێزەنتییەکان و دواتریش دژ بەدەستێوەردانی عوسمانییەکان، بەدوای خۆیدا ئەو هەموو وێرانییەی هێنابوو، کەوڵاتی لەدانیشتوانەکەی چۆڵ کردبوو، و بووبووە هۆی دارمانی کوردستان لەهەموو بوارێکدا.

باپیرەم ئەوکاتە هەواڵی پێگەیشت کەخێزانە یۆنانییە دەوڵەمەندەکانی کۆچکردوو بۆکۆلۆنی (مستعمرە)ی (سینۆب)کەئێستا لە(تراپزۆن) نیشتەجێن، ئامادەن کۆچبکەن بۆ مادن و لەوێ نیشتەجێ ببن و کانە دەوڵەمەندەکانی وەبەربێنن. باپیرەم بەپەلە خۆی گەیاندە ئەوێ و بەیارمەتی دەسەڵاتدارانی تورك کاری گواستنەوە و نیشتەجێکردنی ٥٠٠ خێزانی یۆنانی لەمادن رێکخست. لەناو کۆچکردووەکاندا جگە لەپسپۆڕانی مس، تەلارساز و وەستا و ئەندازیاری رێگەوبان و پرد، و بەرگدروو و پێڵاو درووی‌یان تیابوو. ئەمانە خانووی پتەوی‌یان لەبەرد بۆخۆیان دروست کرد لەقاتێکەوە تا سێ قات بەشێوازی فارسی و مادن، کە سەکۆ و کەنارێکی لەمەرمەری سەوز بۆ دروستکرابوو. هەروەها ئیبراهیم ئەفەندی سوودی لەزانیاریی و بەهرەی کرێکارانی کورد وەرگرت کە پۆل پۆل لەگوندەکانی دەوروبەرەوە ئەهاتن، زانیاریی وەرگرت بۆ دروستکردنی تەلاری گشتیی و خوێندنگە و رێگەو پردەکان.

لەو ساڵەدا - ١٧٩٢- مس لەلایەن کارگەی تایبەتەوە دەرئەهێنرا و ئەتوێنرایەوە و ئەفرۆشرا، بەرامبەر دانی باج بەدەوڵەت، لەماوەی چەندساڵێکدا شاری مادن هەزاران تەن مسی پاکی فرۆشت، و شارەکە گەورەبوو تادانیشتوانی گەیشتە نزیکەی ٤٠٠٠٠ کەس کەئاستێکی بەرزی ژیانی ئابووریی و کەلتووریی‌یان هەبوو. شاعیر و بیریار و مۆسیقارو بەرگدروو لەشارەکەدا پەیدابوون و بووە جێی سەرنجی گەشتیاران و هاتووچۆکەران.

پاکوخاوێنیی گەرماوە تورکییەکان و باخ و بێستانەکانی کە شاخەکانی دەوروبەری داپۆشیبوو، لەکاتێکدا پێشتر تەنیا شاخی رووتەن بوون، بووە مایەی سەرنجراکێشانی هەمووان.

ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی باپیرەم بووە هۆی ئەوەی هەندێك کەس بەغیلی پێبەرن و بەپەلە (بابلعالی) ئاگاداربکەنەوە. ساڵی ١٨٣٠ ئیبراهیم ئەفەندی بانگکرا بۆ ئەستەمبول، بەڵام باپیرەم بەپشتبەستن بەجەماوەرێتیی خۆی ئەو داوایەی رەتکردەوە، بۆیە کاربەدەستان هەڵمەتێکیان کردەسەری و موڵك و ماڵیان دەستبەسەرکرد و هەرەشەیان لەخێزانەکەی کرد و بەسوپایەکی ١٠٠٠٠ کەسی و تۆپخانەوە دەوری مادنیان گرت.

سەرەنجام باپیرەم مادنی بەجێهێشت بۆئەوەی بیپارێزێت لەوێرانکردنی ئەوەی بەدەستی خۆی بنیاتینابوو. توانی خۆی لەهێزەکانی تورکیا لادات و لەبەرگی دەروێشێکدا خۆی حەشارداو گەیشتە یەمەن و لەفرمانەکەی سوڵتان رزگاری بوو، لەوێ بەتەنیایی و نامۆیی سەری نایەوە.

بەڵام شوێنەوارەکەی بێ سەرپەرشت بەجێنەهێشت، دوای دوومانگ لەکۆچکردنی، هاوسەرەکەی کەلەمادن مابۆوە کوڕێکی بوو و ناوینا مستەفا، کەلای باپیری (باوکی دایکی) پەروەردەکرا و دواتر بەڕێوەبردنی ئەوکارانەی پێسپارد کە ئیبراهیم ئەفەندی دەستی پێکردبوو، و ئەرکەکەی ئازایانە و زیرەکانە راپەڕاند و دەوڵەمەندبوو، وردە وردە هەموو موڵك و ماڵەکانی باوکی کڕییەوە. بەهۆی زیرەکییەکەیەوە بوو بەکەسێکی مەیلەو ئەفسانەیی. یەکێك لەداهێنانەکانی، دۆزینەوەی شێوازێکی تازەبوو بۆ تواندنەوەی مس، ئەگێڕنەوە جەستەی لەپەیکەرێکی زەبەلاح ئەچوو و تەرپووشەکەی جێگەی دووسەری تیانەبووەوە. بەڵام باپیرەم- ئیبراهیمی کوڕی مستەفا-بوو بەفەرمانڕەوای مادن. پیاوێکی شیکپۆش بوو، و تەنیا ئەوکراس و بۆینباخانەی ئەپۆشی کە لەپاریسەوە ئەیهێنان، هەروەها پەروەردەکارێکی تایبەتیشی بۆ باوکم هێنا.

بـەهرەی ئـەو تـەنیا لـەبواری بەڕێوەبردنـدا نـەبوو، بـەڵکو لەبـەکارهێنانی چەکیـشدا سەرکەوتووبوو و لەیارییەکانی ئەسپسواریشدا ناوبانگی دەرکردبوو و تـوانی کارێـك بکـات تیرەوخێڵەکانی کورد و یۆنان و ئەرمەن و تورك پێکەوە بەئاشتیی و خۆشـگوزەرانیی بـژین. لەسەرەتای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە (جۆن تـورك)ی هاوپـەیمانی زلهێزەکـان، سیاسـەتی تێکدانی یەکگرتوویی تایەفەکانی مادنی گرتەبەر. لەبەرەبەری جـەنگی جیهـانی یەکەمـدا رێکخراوەکانی ئەرمەن بڕیاریاندا پشتیوانی روسیا بکەن بۆبردنەوەی جەنگەکە. ئـەم بڕیـارە مەترسـیی ئەڵمانییـەکانی وروژانـد و بەپـشتیوانیی(جـۆن تـورك)، پیلانێکیـان دانـا بـۆ قەڵاچۆکردنی ئەرمەنەکانی نیشتەجێی ناو چوارچێوەی ئیمپراتـۆریی عوسمـانی. ئـەو پلانـە لەساڵی ١٩١٥ تا ١٩١٨ جێبەجێ کراو کاربەدەستان لەئەسـتەمبول شـێوازی شـەیتانییان ئەدۆزییـەوە بەمەبەسـتی قەڵاچـۆکردنی تـەواوی میللـەتێك، و هەرکەسـێکی عوسمـانیی هەربێزارییەکی بەرامبەر بەم سیاسەتە دەربڕیایە بـەخۆفرۆش دائـەنرا و رووبـەڕووی سـزای لەسێدارەدان ئەبووەوە. سەرەڕای ئـەو مەترسـییانەش زۆر لـەکوردەکان سـامانی خۆیـان و تەنانـەت گیـانی خۆیـان بـەختکرد لـەپێناو رزگـارکردنی ئەرمەنـەکانی وڵاتەکـەیان و ناوچەکەیان و ئەوانەی لەناو خێڵەکانیاندابوون.

دانیشتوانی مـادنیش ئەرمەنـەکانی شـارەکەیان پاراسـت لەقەسـابخانەکانی سـەرباز و ژەندرمە و تاوانبارەکانی مافی گشتیی کەلێپرسراوانی تـورك بـۆ ئـەو مەبەسـتە لەزینـدان بـەرەڵایان کردبـوون. سـاڵی ١٩١٩ کوردەکـان یارمـەتی ئەرمەنەکانیانـدا بـۆ پەنابردنـە بەرسوریا و لەوساڵەدا باوکم کچێکی بچکۆلەی هەتیوی ئەرمەنی گرتەخۆ بـەناوی (جـاجۆ) کە ناوی خۆی (ماجدە)بوو و دوای رۆیشتنی ئەرمەنـەکان لـەمادن گەڕەکەکـەیان بوویـووە خەرابەیەك، بـەڵام تایەفـەی یۆنـانی تارێکەوتننامـەی لـۆزان مانـەوە کەتیایـدا بڕیـاردرا دانیـشتوانەکان لـەنێوان تورکیـای کـەمالی و هەریـەك لـەیۆنان و بولگاریـا و رۆمانیـا و یۆگۆسـلاڤیادا بگۆڕدرێنەوە، و یۆنانییەکانی مادن ناچاربوون خانووە خۆشەکان و موڵکـەکان

و بێستانە جوانەکانیان کە وەك هاوڕێ کوردەکانیان لەدەوروبەری مادن هەیانبوو، بەجێبهێڵن.
بەشێکیان ڕۆیشتن بۆ یۆنان و هەندێکیتریان بەرەو ئەمێریکا و شوێنەکانی تر.
و(کۆسما)ی مەیتەریشمان ناچارکرا بڕوات.
هەموو خێزانەکەمان و بەتایبەتی منداڵەکان خۆشمان نەویست و سەرسامی سوارچاکییەکەی بووین و هەواڵی دوورخستنەوەی وەك هەموو یۆنانییەکانی تری مادن، هەموومانی تووشی شۆك کرد، خۆشی لەئێمە زیاترسەراسیمە بوو، چونکە کەمترین نارەزووشی نەبوو بۆ ئەوەی بچێت بۆ نیشتمانێك کە هەرگیز نەیدیبوو.
-(کۆسما، لەگەڵ ئێمە بمێنەرەوە، بڕۆخۆت لەچیاکان بشارەوە و کاتێك لەبیریان چوویتەوە ناسنامەیەکی تازەت بۆ دەرئەکەین، کۆسما بەجێمان مەهێڵە).
لەکاتی کۆچکردنی یۆنانییەکاندا کۆسما لەبەرگی جوتیارێکی کورددا ڕۆیشت و لەنێو درەختەکانی بەشی سەرەوەی ئەو بێستانەدا خۆی شاردەوە کەهاوینەهەواری ئێمەبوو، بەڵام زۆری نەخایاند ژەندرمەکان دۆزییانەوە و ناچاریان کرد بچێتە پاڵ کاروانی یۆنانییەکان.
بەدەم گریانەوە لەژەندرمەکان پاڕاینەوە کەواز لەکۆسما بهێنن، هاوارمان ئەکرد:(ئەمانەوێت لەگەڵ ئێمە بمێنێتەوە، بۆ ناچاری ئەکەن کۆچ بکات؟ وازی لێبهێنن).
بەڵام کەس گوێی لەپاڕانەوەی ئێمە نەگرت و کۆسما ناچارکرا بەبێ ویستی خۆی و لەکاتێکدا فرمێسك لەچاوی ئەباری بچێتە ریزی کاروانەکەوە، و دوای ئەوە هیچ شتێکمان لەبارەیەوە نەبیستەوە. لەو ڕۆژەوە ماڵەکەمان شەوق و زەوقی جارانی نەما.
لەوەرزی بەهاردا سەرتاسەری مادن دڵفڕێن و جوان بوو. سێ پارچە زەوییمان لەباپیری باپیرمانەوە بۆ مابۆوە، دوانیان لەیەکێ لەکەنارەکانی دیجلەدابوون و شۆڕئەبوونەوە تا سەر ڕێڕەوی ڕووبارەکە، زۆریش لەیەکەوە دوورنەبوون، نزیکەکەیان لەشارەوە کەکەوتبووە کەناری ڕاستی ڕووبارەکەوە ناوی باخی (ئاش)بوو، چونکە باپیرمان ئاشێکی ئاوی تیادروستکردبوو.

باخی ئاش لەچاو ئەوناوچەشاخاوییەدا رووبەرەکەی زۆر گـەورە بـوو، چـەندکیلۆمەترێك درێژ و زیاتر لە ۲۰۰م پـان. جۆگەیـەك ئـەیکرد بەدووبەشـەوە و میوەکـانی ئـاو ئـەدا، و خۆڵەکەشی زۆرگونجاو بوو بۆ هەموو جۆرەکانی کشتوکاڵ لەپاقلەمەنی و درەختـی بـەردارو درەختـی جوانکـاریی و درەختـی بیناسـازیی بەتایبـەت سـپی چـنار کـە لەکوردسـتاندا سەرچاوەیەکی بەپیتی داهاتە بۆ جووتیارەکان و خاوەن موڵك و بازرگانەکان.

دێتەوە یادم، لەهاوینـدا دارەکـان ئـەبڕدران و توێکڵـەکانیان لێئەکرایـەوە و لەبـەهاری داهاتوودا کاتێك رووبارەکە هەڵئەسا، بەدیجلـەدا رائـەماڵران بـەرەو بەغـدا. لەمانگـەکانی ئایار و حوزەیراندا ئاوی قوراویی رووبارەکە بەتوێکڵی دارچنار دائەپۆشرا، و هەنـدێك کـات بەتایبـەت لەپێـچە تەسـکەکانی ڕێـڕەوی ڕووبارەکـەدا، تـوێکڵی دارەکـان بەکـەنارە بەردینەکانەوە ئەمانەوە و ئاوێکی زۆریان کۆئەکردەوە، لـەو کاتـەدا یـەکێك لـەکرێکارانی پسپۆڕی ئەم گواستنەوەیە خۆی هەڵئەدایەسەر لـق و پۆپـەکان و بـەدارێکی درێـژ سـەوڵی لێئەدا بۆ رزگارکردنی لق و پۆپەکان و لەکاتی کارەکەشیدا قیـژەی بـەرزی ئـەکرد، ئەگـەر مرۆڤ بۆ یەکەمجار بوایە گوێی لێبێت لەترسـا زراوی ئەچـوو، دیـمەنێکی زۆر دڵـڕفێن بـوو، چەندین سەعات لەتۆفانی ئەو لق و پۆپانە وردئەبووینەوە کە ئەبوونە نێچیری لافاوەکە.

لەبنەڕەتدا باخی ئاش بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەکرێ درابوو بەپیاوێك کەئاشـەوانی ئـەکرد و هاوکات باخەوانیش بوو.

ئاشەوانەکە پیاوێکی کورتەبالاّی قەڵەوی ریشن بوو، ئارد سەروقژ و شـانی داپۆشـیبوو، هەمیشە سەرقاڵبوو، من جارجارە سێ کوڕەکـەییم ئـەبینی کـە سـێ کەسـی بـەخۆبوون، لەرێگەی چوون بۆ خوێندن یاچنینەوەی میوە یافرۆشتنی لەبازاڕەکەی مادن.

لەهەمووشت زیاتر باخی ئاشی تووەسپییەکەی بەناوبانگبوو.

سەبارەت بەماڵەکەی ترمان کەکـەوتبووە قـەراغی دیجلـە و نزیکبـوو لەبەرزاییـەکانی رووبارەکـە، ناسـرابوو بـەباخی ئاوپرژێنـەکان. لەراسـتیدا ئـەو شـاخانەی سەرچـاوەکانیان

لێنەهاتـە خـوارەوە بـۆ ئـاودانی باخەکـە، زۆر لێـژبوون، بەشـێوەیەك بـاپیرم توانیبـووی دابەشیکات بەسەر نزیکەی ١٠ئاوپرژێندا کە هەریەکـەیان بـۆ زیـاتر لەمـەترێك ئاوەکـەی بەرزئەکردەوە.

ئەو ئاوپرژێنانە مەلەوانگەیەکی مەرمەڕینی گەورەیان رازاندبۆوە کە زۆر دڵـرفێن بـوو، و بووبووە مایەی سەرنج و هەوای دەوروبەرەکەشی فێنك ئەکردەوە.

لەبەرئەوەی رێگەی سەرەکی مادن بەسەرووی ئـەم بێـستانەدا تێئەپـەڕی و رێگەیـەکی تەسك جادەکەی ئەگەیاندە ئاوپرژێنەکان، هاوینان زۆربـەی ئـەو رێبوارانـەی بـەو شـوێنەدا تێئپـەڕین، بـەپێ یـا بەسـواریی یـا بەگالیـسکە، ئـەو رێگەیـەیان ئەگرتەبـەر بـۆ لای ئاوپرژێنەکان تا تینوێتیان بشکێنن و لەسایەی درەختەکانی دەوروبەریدا بحەوێنەوە.

ئەم باخە بەدرەختی هەنجیر بەناوبانگ بوو کـە لـەدوو ریـزدا و بەدرێـژایی ٢٠٠ مـەتر چێنرابوون، بەتایبەت هەنجیری رەش کە تـامێکی زۆرخۆشـی هـەبوو. دیـارە ئـەم باخـەش هـەردرابوو بـەکرێ، بـەڵام بەهەنـدێك مـەرجی زۆر تایبـەت. سـەرەڕای کرێـی سـاڵانەی دیاریکراو، ئەبوو کرێچییەکە بڕێکی دیاریکراو میوەمان بۆ بهێنێت بەتایبەت لەو رۆژانـەدا کە ژمارەیەکی زۆر میوانمان هەبوو، جگـە لـەوەش ئێمـەی منـاڵان ئـەمانتوانی بـەئازادی بچینە باخەکەوە و چەندی بمانەوێت میوە لێبکەینەوە، بەڵام لەباخی ئاشی ئـەم مۆڵەتـەمان نەبوو.

سێهەم باخ، کە هاوینەهەواری خێزانەکەمان بوو، ئەکەوتە باکووری خۆرهـەڵاتی بـاخی ئاوپرژێنەکانەوە بەدووری نزیکەی ٣٠٠ مەتر، وئەبەروانییە سەر رێگـەی سـەرەکی مـادن و ئەو باخچانەی لەنێوان خۆی و دیجلەدابوو.

هاوینمـان لـەم باخـەدا بەسـەرئەبرد کەدوومەلەوانگـەی گـەورەی بـەگوڵ و سـەوزایی دەورەدراوی تیابوو، یـەکێکیان نزیکبـوو لەسەرچـاوەیەکەوە کـەکرابووە دووجۆگـە بۆسـەر حەوزەکان.

ئەم باخە ناوی باخی مەلەوانگەی(گوڵدار)بوو، زەویەکە لەهەندێك شوێنیدا زۆر سەرەولێژبوو و کۆتاییەکەی پێکهاتبوو لەمرێزێك بەردی تیژ، کەلەسەرەوە بۆ خوارەوە سەیرت دەکرد لەپەیکەرێکی زەبەلاح ئەچوو.

درەختەکانی ئەم باخە لەچاو باخەکانی تردا تازە نێژراوبوون، جگە لەدووداری گەورەی سوورەچنار. ئەم باخە هەموو جۆرەکانی داری بەردار و دارەکانی تری تیابوو کەگونجاوبوون بۆکەشی ئەوناوچانەی زستانیان سەختە. ئەم دووسوورە چنارە گەورەیە ماڵەکەمان و مەلەوانگەکە و سەرجەمی گۆڕەپانەکەیان داپۆشیبوو.

لەهاویندا سەرەڕای کەشی گەرمی ناوچەکە، ئەکرا لەژێر ئەم دوودارەدا بخەوین، بۆ ئەم مەبەستە کەپرێکی تەختە بۆ منداڵەکان دانرابوو، بەڵام بەرزبوو، ئەبوو بەپەیژە پیایدا سەرکەوین، و پێنج جێگەی لەتەنیشت یەکدا لەسەر راخرابوو، و کاتێك لەمانگی ئەیلولدا باران ئەباری چادرێکی گەورە لەژێر کەپرەکەدا هەڵئەدرا. لەمناڵیدا هیچ شتێك بەلامەوە هێندەی ئەوە خۆشنەبوو کە گوێم لەدەنگی دڵۆپەکانی باران ئەگرت کاتێك ئەکەوتنەسەر چادرەکە.

لەخوارەوە و بەدووری ١٠٠مەتر، دیوەخانەکەمان بوو کە ئەویش بەسەرشاخەکەوەبوو، و سەکۆیەکی گەورەی هەبوو. لەوێدا باوکم پاشنیوەڕۆکانی لەگەڵ میوانەکانی و ئەوکەسانەی لەدەوروبەرەوە ئەهاتن بەسەرئەبرد. شەوانیش جێگەی میوانەکان ئامادە ئەکرا و هەندێك جاریش هەر لەسەر زەویەکە جێگەکان رائەخرا. هەندێك لەمیوانەکان بەیانیان زوو بێدارئەبوونەوە و ئەچوونە ژوورەوە بۆ دۆزینەوەی پەنایەك دوور لەتیشکی خۆر، چونکە درەختەکانی دەوروبەری میوانخانەکە هێندە بەرزنەبوون کە سێبەر بۆ سەکۆکە بکەن.

ولاخی میوانەکان کەزۆربەیان ئەسپ بوون، دوای ئەوەی ئالیکیان لەتێکەڵەیەکی جۆ وکا یاگیای وشك(پووش) ئەدرایە، لەنزیك دارتووەکان ئەحەوانەوە. کاتێك میوانەکانمان ولاخەکانیان لەباخەکەدا بەجێئەهێشت و بەپێ ئەچوون بۆناو شار، ئەو رۆژە بۆ من وەك

جمژن وابوو، چونکە کاتێك کەس لەبراو ئامۆزاکانم لەوناوە نەئەمان بانگی هاوڕێکانم ئەکرد لەباخەکانی دەوروبەر، و پێشنیازم بۆ ئەکردن کە بەناوی ئاودانی ولاخەکانەوە ئەدیجلە پیاسە بەو ئەسپە جوان و چالاکانە بکەین کە ئەسپی پێشبڕکێ بوون.

لەوێش کەنارێکمان هەڵئەبژارد و دەستمان ئەکرد بەغاردانی شێتانە تارادەی شەکەتکردنی ئەسپەکان. بۆ ئەوەی خاوەنەکانیشیان گومان نەکەن، بەپەلە لەرووبارەکەدا ئەمانشتن و وشکمان ئەکردنەوە و شانەمان ئەکردن تاهیچ شوێنەوارێکی ئارەق بەئەشیانەوە نەمێنێ.

ئێمە حەزمان لەیاریکردن بوو لەگەڵ حوشترەکانیش، کەپاییزان لەگاورانەوە- دەشتێکی فراوانە لەنزیك دیاربەکر- بەرەو مادن ئەهاتن. لەوێ زیاتر لە ۱۰۰۰ هێکتار زەویمان هەبوو، هەمووساڵێك دوای دروێنە جووتیارەکانی هاوبەشمان سواری حوشترەکانیان ئەبوون و ئەهاتن بۆلامان بۆ فرۆشتنی بەشێك لەبەرهەمەکانیان لەمادن. دوای داگرتنی بارەکانیان، جووتیارەکان حوشترەکانیان ئەهێنا بۆ ماڵی ئێمە ولەسەر کادانەکانی تەویلەکە کەتایبەت بوو بەولاخی میوانەکان ئەیانبەستنەوە. سەرەتا ئەترساین لێیان نزیك بینەوە، پاشان وردە وردە ترسەکەمان شکا و بۆمان دەرکەوت کە ئارام و بێوەین.

لاسایی ئەو دەنگ و وشانەمان ئەکردەوە کە حوشتروانەکان ئاراستەی حوشترەکانیان ئەکرد، ئەمانتوانی دایاننیشێنین و کاتێك پخیان ئەکرد ئەچووینەسەر کۆپارەکانیان (سنم) و هانمان ئەدان بووەستن، لەپڕ قاچی دواوەیان بەرزئەکردەوە و پێشنەوەی لەسەرقاچی پێشەوەیان بوەستن پاشوویان ئەلەرانەوە، بەرەوخوارییەکەی هێندە لێژبوو کە هەمووجارێك لەسەر پشتی حوشترەکان ئەخزاینە خوارەوە.

ئەم هەستە تێکەڵە لەترس و سەرکێشیی و شادیی، زۆرخۆشبوو، بەشێوەیەك کە چەندین جار دووبارەمان ئەکردەوە.

رۆژێکیان یەکێك لەحوشترەکان بەلەسەبووبوو، لـەناکاو ناوڕیدایـەوە و ویـستی قـەپاڵ لەقۆڵم بگرێت، خۆشبەختانە تەنیا توانی پارچەیەك لـەقۆڵی کراسـەکەم بکاتـەوە و منـیش قایل بکات دەستبەرداری بم.

شتی تریش هەبوو کە سەرنجیان ڕائەکێشام، لەوانە (کیلەر)- جۆرێکە لەئەشکەوت کـە ئازووقە وپێویستییەکانمان تیا ئەمبارئەکرد بۆ زستانی سەخت،ئەوکاتەی لەدنیا دائـەبڕاین- چ شوێنێکی ئەفسانەیی بوو، تیایدا چەندین کوپە وکەندوو بەشێوەیەکی جوان ڕیزکرابـوون و بـەرەنگێکی سـەوزیی تـۆخ بۆیـە کرابـوون کـە هـەر لەبۆرسـلین ئەچـوون. ئـەم کوپانـە تەرخانکرابوون بۆ ڕاشی، دۆشاوی هەنگوین، خەیارشۆر، بیبەری سـوێرکراو، پـەنیری سـپی ناو سوێراو، بەڵام کەنـدووەکان تـەرخانکرابوون بـۆ بـستە و یـەتیس و خواردنـە بەلەزەتـە کوردییەکانی تر.

کوپەکان لەڕاستی دیوارەکەدا بەبـەرزی مـەترونیوێك لـەزەوی لەسـەر سـێپای تەختـە دانرابوون، و هەرکەسێك بیویستایە لێیان بخوات ئەبوو پەیژەیەکی بچووك بـەکاربهێنێت تـا ئەگاتە سێپاکە و سەرقاپە تەختەکە لاببات پێشئەوەی دەستبەرێت بۆ ناو کوپەکە. تا شـتی ناوکوپەکە کەمتر بوایەتەوە ئەبوو زیاتر دەسترۆکاتە نـاو کوپەکـەوە. ئەمـە بـۆ گـەورەکان ئاسان بوو، بەڵام بۆ منداڵ سەخت بوو.

یەکێك لەرۆژەکانی زستان سەیرم کـرد دەرگـەی کیلەرەکـە کراوەیـە، بۆیـە بەدزییـەوە خۆمکرد بەژووردا و پەیژەیەکی بچووکم لەبەردەم ئەو کوپەیەدا دانا کـە خۆشـترین خـواردن بەلای منـەوە (بـستیلی-ملـبن)،ی تیـابوو، دەستێکم درێـژکرد بۆنـاو کوپەکـە، پاشـان دەستەکەی تریشم بردە ناوەوە، لەپڕ هاوسەنگیم تێکـچوو و بەسـەردا کەوتمەناوکوپەکـەوە. خەریکبوو بخنکێم:

(فریامکەون ، فریامکەون)

وردە وردە زیاتر هەناسە تەنگبووم و گوشارکەوتە سەرملم، تۆ بڵێی لەکوپەکـەدا بمـرم و کەس نەیەت بەهانامەوە؟ سەرئەنجام تەکانێکم دایە خۆم و بەدەنگێکی بەرز هاوارم کرد:

(جاجو، جاجو)

دواهاوارم بەسەختیی تەواوکرد، کاتێك هەستم کرد قاچم رانەکێشرێت. جاجو گوێی لەدەنگێك بووبوو کە لەولاوە دێت و لەدڵی خۆیدا وتبووی:

-لەوانەیە کەسێك لەناو بەفرەکەدا ون بووبێت.

هاتبووە دەرەوە بزانێت چییە. چەند سەری سوڕمابوو کە هەردووقاچی منی دیبوو لەکوپەکە هاتوونەتەدەرەوە و خەریکە ئەخنکێم. بەپەلە بردمییە دەرەوە بۆ ئەوەی هەوای باخچەکە هەڵبمژم، و دوای ئەوە بەرامبەر کیلەرەکە زۆر بۆم گریا.

چێشتخانەکەمان جوان و رێکوپێك بوو، هەموو دیوارەکەی بەرەفەیەکی گەورە لەشێوەی کتێبخانەدا داپۆشرابوو کە کیسە ئاردەکانی تیاهەڵئەگیرا.

کاتێك گەرمای تیشکدەری ناو مەقەڵییەکان و زۆپاکە بەشی گەرمکردنەوەی نەئەکردین، نانمان لەقاتی سەرەوە یا ژووری ناخواردن یا هۆڵەکەدا ئەخوارد، ئەگەر ژمارەمان زۆر نەبوایە. زۆرجار کاتێك خۆمان ئامادەئەکرد بۆ ناخواردن لەپڕ قاپە چێشتە بەلەزەتەکان لەبەردەمان هەڵئەگیرا:

(میوانمان هات)

ئەوکاتە ئەبوو لەگۆشت و چێشتە بەلەزەتەکان دوورکەوینەوە و بەخواردنێکی کەم رازی بین.

من حەزم لەگۆشت نەبوو. لەرووداوی گیسکەکەوە من تەنیا میوە و سەوزەم ئەخوارد.

ئەو رووداوەش ئەوەبوو: رۆژێکیان میوانێکی گرنگمان هات کەحەوت پیاوی لەتەکدابوو، و دایکم دوودڵبوو، نەیئەزانی چ خواردنێکیان پێشکەش بکات. ئازووقەمان کەمبوو. لەپڕ یەکێك لەماڵەکە ئەو گیسکەی بیرکەوتەوە کە باوکم پێشکەشی منی کردبوو، هەرچۆنێکبوو بەفێڵ و قسەی خۆش منیان لێدوورخستەوە.

(وەرە، وازی لێبێنە) جەمالی مەیتەر وای پێوتم، (وازی لێبێنە و لەگەڵ خۆم ئەتبەم بۆلای ئەسپەکە).

(سواری ئەسپ؟!) هەر هێندەی گوێم لەو وشەیەبوو بەهێمنی دوای جەمالی هاوڕێم کەوتم، و تا من گەڕامەوە گیسکەکەیان سەربڕیبوو و لێیاننابوو بۆ میوانەکان. قاچم کێشا بەزەوییدا و وڕکم گرت و قیژاندم:

(نا، نا، چیتان لەگیسکەکەم کردووە؟ بۆ کوشتووتانە؟ گیسکەکەمم ئەوێتەوە)

بەداخەوە سەرەڕای گریان و فرمێسکەکانم هیچ نەگۆڕا، کاتێکیش گۆشتی گیسکە سەربڕاوەکەیان لەبەردەمم دانا زیاتر فرمێسکم ڕشت و هەستم بەتامێکی ناخۆش کرد. لەوکاتەوە تا تەمەنم گەیشتە ١٣ ساڵ تامی یەك پەل گۆشتیشم نەکرد و لەجیاتی ئەوە بەپەرۆشەوە چاوەڕێی وەرزی سەوزە و میوەم ئەکرد. بەڵێ میوەو و سەوزە بەحاڵە حاڵ سکیان تێرنەکردم.

باخەکانمان بەهەشتێك بوون بۆ خۆیان، ئەو میوەیانەی لەو باخانەدا هەبوون لەناوچەکانی تری کوردستاندا دەگمەن بوون: ٣٢جۆر تری، تووی رەش و سپی، لیمۆی ترش و شیرین، چەندین جۆری گوێز و بونلق و هەنجیر و بستەی نەرم و بەلەزەت.کە هەر جۆرەیان تامی تایبەتیی خۆی هەبوو.

زۆرم حەز لەراکردن بوو بەدەوری هەردوو پەرەدارەکەدا و هەڵمژینی بۆنیان و چێژوەرگرتن لەمیوەکەیان. منداڵیم لەو بەهەشتەدا بەسەربرد. بەهەشتێکی راستەقینەبوو بەدرەخت و مێو و رێگە تەسکەکانی و جۆگە بچووکەکانییەوە، وئاژەڵەکانی کەپەنجا سەرمانگا و بزن و مەڕ و پشیلە و سەگ و ئێستر و کەر و ئەسپمان هەبوو. مەیتەرەکەمان سەرەڕای کارەکانی خۆی، ئەبوو سەرپەرشتیی کاری شوانەکانیش بکات، کە بەگشتیی لەناو کوڕەکانی خۆیدا هەڵیئەبژاردن و یارمەتی ئەدان لەچاودێریکردنی ماڵاتەکەدا.

من دەستبەتاڵ بووم بۆ چاودێریکردنی مەڕە جوان و گوێڕایەڵەکان. کاتێك تەمەنم بوو بە ٥ ساڵ، باوکم پێی وابوو، هێندە گەورەبووم کە بتوانم ئاگام لەگوێدرێژێیت، لەبەرئەوە جاشوولکەیەکی بچووکی خۆشەویستی پێشکەش کردم و ناوم نا(بۆزۆ)- ناوەکە لەرەنگە

سپییەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو- لەو رۆژەوە بـۆزۆ بـووە یەکـەمین شـتی جێـی بایـەخم. رێنادەم کەس جگە لەخۆم سواری بێت و، هەموو ئێوارەیەك پێشخەوتن بەسـەرمنەکردەوە و پێویستیی حەوانەوەی شەوم بۆ دابین ئەکرد و بەشی خۆی ئالف و ئاوم بۆ دائەنا. هەنـدێك جـار دژی ئـەوەبووم کەئێمـە بـرنج بخـۆین لەکاتێکـدا بـۆزۆ کـاوجۆ بخـوات، و هێنـدەم خۆشەویست کە جارجار قاپێکی پڕ برنجم ئەماشییەوە و دامئـەنا بـۆ بـۆزۆ. گـەر هەسـتم بکردایە دەنگی نووساوە یا زەرین ئازاری ئەدات، دۆخی دەروونیشم تێك ئەچوو، و هێلکـەم ئەدزی و ئەمدایە بەدەڵەمەیی بیخوات، چونکە پێموابوو دەنگی بەوە وەك جـاران بـەهێز و زولاڵ ئەبێتـەوە. لەسـایەی ئامۆژگاریـیەکانی هـاوڕێ مەیتەرەکەمـدا دەسـتم کـرد بەسواربوونی. بەیانیان زوو هەڵئەستام و خۆمئەکرد بەناو جێگەکـەی جەمالـدا. جەسـتەیم بیردێتەوە کە عارەقێکی زۆری ئەکردەوە، بەڵام زۆرم حەزئەکرد لەپەنایدا پاڵکەوم.

ئەم سوارچاکە سمێڵ زلەی بەشارەزایی و چـاو نەترسـییەوە ئەسپسـواری ئـەکرد بـەلای منەوە پاڵەوان بـوو. دایکـم لـەو پەیوەسـتییەی مـن بەجەمالـەوە رازی نـەبوو، بەتونـدی سـەرەکۆنەی ئەکردم و بەبۆڵە بۆڵەوە ئەیوت: (ئاوا ئەبیت بەمەیتەر، ئەبیت بەکەر).

پیاسـەکانم لەسەر پشتی بۆزۆ بەردەوام بوو و هیچ گـوێم بەرەخنـەکانی دایکـم نەئـەدا، چونکە کەرەکەم زۆر زۆر خۆشئەویست، تا تەمەنم بوو بە٩ ساڵ، ئەوکاتە ئەسپم دۆزیـیەوە. ئەمەش لەهاویندا بوو. لەگەڵ باوکمدا ئەچووین بۆ (بـەرحاز) کـە دەشـتێکی بـچووك بـوو لـەنێوان مـادن و ئەلعـەزیز لەبـەرزایی ١٢٥٠ مـەتردا، شـاخەکان دەورەیـان دابـوو، و دەریاچەیەکی سوێریشی تیابوو. باوکم سواری ئەسـپەکەی بـوو بـوو و منـیش لەسەرپـشتی کەرەکەم بووم، کاتێك دابەزین بۆ ئەوەی لەژێر درەختەکانی گوندێکدا بحەوێینـەوە، پیاوێـك جوانوویـەکی سـێ سـاڵەی جـوانی پیـشانی باوکمـدا، دوای ئـەوەی لەهـەموو لایەکـەوە سەیریکرد لێی پرسم: (ئەتەوێت واز لەبۆزۆ بێنێت و لەجیاتی ئەو ئـەم جوانـووە ببـەیت بـۆ خۆت؟)

-(حەزئەکەم بۆزۆ هەر هی خۆم بێت، بەڵام پێموایە هێندەش گەورەبووم بتـوانم سـواری ئەو جوانووە ببم، پاشان حەزیشم لێیەتی)

-(باشە جڵەوەکەی بگرەو بیبە بۆ ماڵی مامت تا زینێك و پاڵوویەکت بدەنیٚ).

دووچـاوی شـینی خەنـدەداری خـاوێن وەك پـاکیی چـاوی منـداڵ، سـیمای مـامی گەشاندبووەوە، بەردەوام شمشێرە درێژەکەی پێبوو کەبەبەردی گرانبەها رازابـووەوە. تەمـەنی خۆی ئەدا لە٦٥ ساڵ، بەڵام تین و تاوە سەیرەکەی و قسەخۆشەکانی هەروەك خـۆی مـابوو. پیاوێکی گەورەبوو، لەگوندی(کری سوور) ئەژیا و سەرەڕای کشتوکاڵ، مەڕی بەخێوئەکرد و چەند هەزار سەرێکی هەبوو. مەڕەکانی لـەگردە بـەرزە سـەوزەکانی بـاکووری خۆرهـەڵاتی کوردستان ئەلەوەڕێنران و زسـتانان ئەیانهێنانـەوە بـۆ گـەوڕەکانیان. هـەروەها نزیکـەی ٦ ئەسپی پێشبڕکێ و کۆمەڵێ سەگی رەسەنی کوردیی هەبوو، یەکێکیان سـەگێکی زەبـەلاح بوو کەهەر وەڕینەکەی بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو گورگانەی ئەیانەوێت پەلاماری مێگەلەکانی بدەن بقوچێنن.

یەکێك لەسەگەکانی رقی لەژەندرمەبوو، هەرهێندەی بیبینیایـە بەتفەنگـە ئەڵمانییـە درێژەکانی سەرشانیانەوە لەگوندەکە نزیك ئەبنـەوە یەکـسەر ئەکەوتـە مڕەمـڕ. رۆژێکیـان یەکێك لەو ژەندرمانە بەبەردەم ماڵی مامدا تێپـەڕی، سـەگەکە پەلاماریـدا، سـەربازەکە ترس گرتبووی و تفەنگەکەی نابووبەشانییەوە، خـۆی ئامـادەکردبوو بـۆ تەقـەکردن، بـەڵام پێشئەوەی فریابکەوێت دەستبنێت بەپەلەپیتکەدا، سـەگەکە دابـووی بەزەویـدا. شـوانەکان بەپەلە ژەندرمە برینداەرکەیان لەکاتێکی گونجاودا لـەژێر چـنگی سـەگەکە دەرهێنـا، ئـەو ژەندرمەیە سکاڵای کردو مامیان لەگەڵ سەگەکەیدا بانگکرد بۆ بـەردەم دادگـە، سـزایەکی پارەیان بەسەر مامدا سەپاند، سەگەکەش کە لەسـزای کوشـتن رزگـاری بـوو، لـەو رۆژەوە خرایە ژێر چاودێرییەکی توندەوە.

لەو رۆژەی هاویندا مامم لەسێبەری کۆمەڵێك دارچناری کەناری یەکێك لەجۆگەکانی ئاودێریدا دانیشتبوو. کۆمەڵێك پیاو دەوریان دابوو کەهەندێکیان لەسەرخۆڵەکە دانیشتبوون و هەندێکیشیان بەپێوە. کە لێیان نزیکبومەوە سەرێکی بەلای مندا بەرزکردەوە، پاشان بەسووکی سەیرێکی سەرتاپای جوانووەکەی کرد و پێیوتم: (ها پاشا، ئەم جوانووە جوانە هی تۆیە؟)

وەڵامم دایەوە: بەڵێ، ئێستا باوکم بۆی کڕیم.

-یوسف شتێکی باشی کردووە، لەوەئەچێ جۆرێکی باش بێت، بەڵام تۆزێك تووڕەیی پێوەدیارە، لەبەرئەوە ئاگاداربە، ئەبێت کەسواری ئەبیت خۆت چاك بگریت ئەگینا پەنگێکت پێئەدات.

-بێخەمبە مامە ئاگام لەخۆمە.

یەکێك لەخزمەتکارەکان بەپەلە جوانووەکەی بۆ زین کردم، و دوای کەمێك خۆم گەیاندەوە باوکم.

بەناو کێڵگەکاندا کەوتینەڕێ کەئەیگەیاندینە ڕێگە قیرتاوەکەی مادن، لەدەشتەکەدا پان بوو و کە لەرووبارەکە نزیك ئەبووەوە پێچاوپێچ و تەسك بوو. ڕێکەوتی کەسمان نەکرد هەندێك کەرسوار نەبێت، هەستم کرد ڕێگەکە چۆڵە، بۆیە ئەسپەکەم دایە غار و پێشی باوکمم دایەوە و زۆر شادمان بووم کە ئەتوانم کۆنترۆڵی بکەم.

ئەسپەکەم لەناوەڕاستی ڕێگەکەدا لێئەخوڕی و ئاگام لەدەوروبەری خۆم نەمابوو. لەپڕ گوێم لەدەنگی هۆڕنێکی تیژبوو لەپشتمەوە.

پێشئەوەی بتوانم ئاوڕ بدەمەوە بەرەو سەرچاوەی دەنگەکە، ئەسپەکە بەو دەنگە نامۆیە ڕەوییەوە و لەپێشبڕکێیەکی شێتانەدا بەرەوپێشەوە کەوتە غاردان، کەمێك خۆمم لەسەر زینەکە بەرزکردەوە و گوشارم خستەسەر ناوقەدی ئەسپەکە و توند جڵەوەکەیم ڕاکێشا. گوێم لێبوو باوکم بانگی ئەکرد:

-نورۆ، نورۆ، ئاگات لەخۆت بێت، وریابە.

سەرەڕای ئەوە نائومێدنەبووم، بەهەموو هێزی خۆم جڵەوەکەم راکێشا تاپچڕا، ئیتر دەستمگرت بەیاڵی جوانووەکەوە و توانیم بۆ ماوەی چەندکیلۆمەترێك خۆم بەسەر پشتییەوەبگرم تا گەیشتینە پێچێکی سەخت، قایشەکەی ژێر سکی پچڕاو من بەزینەکەوە پەڕیمە دۆڵێکەوە کە ١٠٠ مەتر لەرێگەکەوە دووربوو وکەوتمە ئاوی دیجلەوە.

باوکم وایزانی مردووم، جارێکی تر بانگی کرد، پاشان ئەسپەکەی لای یەکێك لەجووتیارەکان بەجێهێشت و کابرای خاوەن ئۆتۆمبیلی لەگەڵ خۆی هێناو بەوردیی کەوتنە گەڕان، یەکەمجار جڵەوەکەیان دۆزیەوە، پاشان زینەکە، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی جوانووەکە و سوارە بچووکەکەی دیارنەبوو. لەپڕ گوێیان لەنوزەنوزێك بوو لەلای رووبارەکەوە، من لەهۆشخۆم چووبووم.

کاتێك چاوم کردەوە لەنەخۆشخانەی مادن کەوتبووم. کاکم (نافیز) کە ئەوکاتە سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی پزیشکەکانی نەخۆشخانەی مادن بوو، چارەسەری کردم و ئۆکسجینی دامێ، منیش بەدەم وڕێنەوە ئەموت:

-کوا جوانووەکە؟

دوای چەند خولەکێك لەسەر تەختەیەکی دەستیی بردیانەوە بۆ ماڵی خۆمان لەمادن، پاشان بۆ باخەکەمان، و ئێوارە خەریکی راکردن و هەڵبەزودابەزبووم وەك ئەوەی هیچ رووی نەدابێ.

مناڵیم هەر تەنیا رابواردن و سەرگەرمی نەبوو.

دوای گەرمای تەموز لەناوەڕاستی مانگی ئابەوە باران بارین دەستیپێنەکرد، و لەئەیلوودا رەشەبای توند هەڵینەکرد، و بۆنی خۆشی تریێ رنین ئاماژەبوو بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان. تەمەنم ٥ساڵ بوو کە باوکم ناردمی بۆ قوتابخانەیەکی تایبەت. لەسەر فەرش و هەندێکجاریش لەسەر زەوییەکە دائەنیشتین و نیوە بازنەیەکمان دروستئەکرد لەدەوری

میرزا،کە لەسەر سەکۆیەکی بەفەرش داپۆشراو دائەنیشت. ئێستاش وێنەی ئەو فەرشەم لەبەرچاوە بەنەخش و نیگار و وێنەی باڵدار نەخشێنرابوو،هەندێکجار سەیرکردنی نەخشەکان ئاگای لای وانەکانی میرزا نەئەهێشتین.

میرزا کە لەناوەڕاستەکانی تەمەنیدابوو، سیمایەکی کراوەی هەبوو، ریشێکی جوان دەوری دەموچاوی دابوو. باوکی منداڵەکان لەبەرامبەر فێرکردنماندا پاداشتیان ئەدایە، و سەرەڕای بەشداریکردن لەخەرجی گەرمکردنەوەی پۆلەکەدا، خۆشمان کۆڵەدارمان بۆ ئەبرد. میرزا پیاوێکی باشبوو و من زۆر ڕێز و خۆشەویستیم بۆی هەبوو، هەندێکجار کەیەکێك لەخوێندکارەکان دەنگە دەنگی ئەکرد، بەشولکە درێژەکەی دەستی هەرەشەی لێئەکرد و بەهێواشی ئەیکێشا بەتەپڵی سەریدا -وەك جۆرێك لەلێبوردەیی زیاتر لەوەی توندوتیژی بێت- تەنانەت ئەگەر لەگەڵ هەندێك خوێندکاریشدا توند بوایە و لای کەسوکاریان شکاتیان لێبکردایە، وەڵامی ئاسایی باوکان ئەوەبوو:

-(دەستی خۆش بێت، جێگەی بەهەشت بێت).

باوکان، میرزایان بەپیاوێکی پیرۆز ئەزانی. ئەی ئەوکەسێکی زانا نەبوو؟ و پەیامەکەی ئەوەنەبوو کە ئەو زانست و زانیارییانەمان فێربکات؟ بەدانبەخۆداگرتنێکی کۆڵنەدەرانەوە ئەلف و بێی فێرئەکردین لەسەر شێوازی قوتابخانە کۆنەکان (قوتابخانەی قورئانی). پیتەکانمان بەکۆرس بەتۆنێکی دووبارە یا بەگۆرانی ئەوتەوە.

هاوپۆلەکانم پێکهاتبوون لەکورد و منالی فەرمانبەرە تورکەکان. ئەو ڕۆژانە شتێکی ئاسایی بوو کە مرۆڤ کوردبێت، خەڵك عوسمانیی بوون و جیاوازیی نەبوو لەنێوان عەرەب و کورد و تورکدا، ئێمە منداڵ بووین وبیرمان لەو جۆرە شتانە نەئەکردەوە و تەنیا یاریی و سەرگەرمیمان بەلاوە گرنگ بوو.

پایزی ئەوساڵە تەندروستی دایکم زۆر تێکچوو، چیمان لەدەستهات کردمان بۆ چارەسەرکردن و بایەخپێدانی، بەڵام ئەو ڕووداوە کارەساتبارانەی کوردستانیان بەگشتیی و

خێزانەکەی ئێمەیان بەتایبەتی هەژاند، جۆرێك نەبوون یارمەتی نەخۆش بدەن بۆ چاکبوونەوە.

هەموو ئەو رووداوە خراپانە دەرئەنجامی سیاسەتی مایکافیلیی مستەفا کەمال بوون.

بەپشتیوانیی یارمەتی فراوان و گەرموگوڕی کورد توانی بەسەر فرەنسییەکان و یۆنانییەکان و ئیتاڵییەکاندا سەرکەوێت و ئینگلیز ناچاربکات لەگەڵی ڕێکبکەون. بەرامبەر ئەم پشتیوانییەی کورد، کەمال ئەتاتورك بەئاشکرا بەڵێنی ئۆتۆنۆمی تەواوی لەچوارچێوەی کۆماری تورکیادا بەکورد دا، بەڵام دوای ئەوەی ڕێککەوتننامەی لۆزان جێی ڕێککەوتننامەی سێڤری گرتەوە، هەڵوێستی بەرامبەر بەکورد گۆڕا و هەر خێرا ئەو راگەیاندنە ئاشکرایەی بیرچووەوە کەئەیوت: (تورکیا هی دوو گەلە: تورك و کورد) و هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی ئاشکرای بەرامبەر ئەو کوردانە وەرگرت کەداوای ئۆتۆنۆمییان ئەکرد و هەموو ئەو کاسێتانەی کەگۆرانی و پیاهەڵدانی کارە سەربازییەکانی کورد و ئازایەتییان بوو لەکاتی جەنگی سەربەخۆییدا، دەستییان بەسەرداگیراو قەدەغەکران- ئەو کاسێتانەی کە پێشتر تەنانەت پەرلەمانی تورکیاش گوێی لێئەگرت- پەرلەمانە کۆنەکە هەڵوەشایەوە و لەپەرلەمانی تازەدا کەسانی تورك بەنوێنەرایەتی ناوچە کوردییەکان دانران، قوتابخانە کوردییەکان داخران و زۆر لەپەرلەمانتارە کۆنەکان گیران و درانە ئەنجومەنی عورفی و دەستی دەسەڵاتی ناوەندیی ئەنکەرە لەناوچە کوردییەکاندا توندتر و بەزەبرتربوو.

گەڕانەوە بۆبیرۆکە شۆفێنییەکانی(پان تۆران)ی(جون تورك)ی پێش جەنگی جیهانی یەکەم، ئاگادارکردنەوەیەك بوو بۆنیشتمانپەروەران و کەسایەتییە کاراکانی کورد، بەتایبەت ئەوانەی لەنزیکەوە هاوکاریی مستەفا کەمالیان کردبوو. سەرەنجام بۆ ڕێگرتن لەسیاسەتی جیاکاریی و چەوساندنەوە، ڕێکخراوێکی بەرگریی کوردی دامەزرا و خۆی لەگۆڕەپانەکەدا سەپاند.

خالید بەگی جەبری، یەکێك لەسەرۆك خێڵەکانی(جوبران)ی نیشتەجێی ناوچەکانی مووش، کە پیاوێکی ڕووناکبیر و پڕ جۆشی نەتەوەیی بوو، ئەو ئەرکەی خستە سەرشانی و چالاك و لەخۆبووردوو ئەنجامیدا. لەماوەیەکی کەمدا ڕۆشنبیران و فەرمانبەرانی لەخۆی کۆکردەوە، و توانی کەسانی دەستەبژێر و پیاوماقوڵان و کەسایەتییە ناودارەکانی ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستان کۆبکاتەوە. نوێنەرەکانی بەهەر چوارلای وڵاتدا کەوتنەگەڕ بەمەبەستی کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی لایەنگر. ٢٦ی مارسی ١٩٢٥ دیاریکرا وەك ڕۆژی دەستپێکردنی ڕاپەڕینی چەکداریی، بەڵام ڕێکەوت دەستی وەردایە ڕووداوەکان، پێشئەوەی ئامادەکارییەکان بۆ شۆڕش تەواوبێت، زووتر و لە ٧ی شوباتدا بەرگریی دەستپێکرد، ئەویش لەئەنجامی پێکادانێك کە لێپرسراوانی ئەنکەرە لەنێوان مەفرەزەیەکی تورك و هەندێك لەپیاوانی شێخ سەعیدی پیراندا هەڵیانگیرساند.

شێخ وەك پیاوێکی ڕێزدار و باوەڕدار لەباکوور و باکووری خۆرهەڵاتی کوردستان ناسرابوو،وسوێندیشی خواردبوو هاوپەیمانی کۆلۆنیل خالید بەگ بێت.

شێخ سەعید کە یەکێك بوو لەسەرانی ڕێبازی نەقشەبەندی- ڕێبازێکی سۆفی ئیسلامییە- ڕێزێکی گەورەی هەبوو لای زۆربەی خەڵکی کورد بەهۆی زانایی و باوەڕدارییەکەیەوە. خۆی بەرەچەڵەك خەڵکی (باڵوو)بوو و لەئەرزڕۆم دائەنیشت، هەمووساڵێك سەردانی مەزاری باووباپیرانی ئەکرد لە(باڵوو).

کاتێك کە شێخ سەعید ئەرزڕۆمی جێهێشت، کاروانەکەی و ژمارەی هاوڕێکانی لەرێڕەوەکەدا زیادیان ئەکرد، و تا گەیشتە (باڵوو) بوون بەدەهەزار کەس. ئەوساڵە شێخ سەعید و پیاوەکانی لەپیران لایاندا کە شارۆچکەیەکە بەدووری ٥ کم لەدیاربەکر و ١٠ کم لەباڵوو. هەموو دانیشتوانی ناوچەکە بەخۆیان و دیارییەکانیانەوە هاتنە پێشوازی شێخ.

حکومەتی تورکیا زانیاریی لەبارەی ئامادەکارییەکانی کوردەوە هەبوو و ئەترسا لەجۆش و خرۆشی دانیشتوانەکە و پشتیوانیکردنی تەواویان لەشێخ سەعید. بەمەبەستی

ترساندن و دروستکردنی بیانوو، فەرماندەی ژەندرمەی تورك گەڕی ئەوەی پێگرتن کە هەندێك لەپیاوەکانی شێخ سەعید بەشێوەیەکی ئاشکرا هێرشیان کردووەتە سەر سیاسەتی حکومەت، و بەپەلە دەستگیریکردن و ویستی بیانخاتە زیندانی پیرانەوە، هەر هێندەی ئەو کەسانەیان لەکەمپەکەی شێخ هێنایەدەرەوە فەرماندەی ژەندرمەکان کەلەپچەی کردە دەستیان و فەرمانیدا بەژەندرمەکان دارکاریان بکەن.

کاتێك هەواڵەکە بەشێخ سەعید گەیشت، وای بەباشزانی دەستوەرنەداتە مەسەلەکەوە، بەڵام کامپەکە کە ئەم رووداوە وروژاندبووی، بەشێوەیەکی سەرکێشانە هەڵسوکەوتیان کرد، وهەندێك لەلایەنگرانی شێخ سەعید دەستیاندایە چەك و کەوتنە دوای شێخ (عەبدولڕەحیم)، برا گەنجەکەی شێخ سەعید، کەنەیویست نەیەڵێت دۆخەکە خراپتربێت، بۆیە دە پیاوی لەگەڵ خۆی برد و بەمەبەستی دانوستاندن چووەلای ئەفسەرە تورکەکە، بەڵام ئەفسەرەکە هەڕەشەی گرتنی ئەویشی کرد.

شێخی لاو وەڵامی دایەوە:

-ئەبێت هۆکاری ماقووڵ هەبێت بۆ گرتنی خەڵك.

ئەفسەرە تورکەکە بەلووتبەرزییەکەوە وەڵامی دایەوە:

-(ئەوە هۆکاری دەوڵەتە)و ئاماژەی دایە دووژەندرمە بۆ گرتنی شێخ.

پێشئەوەی دوو ژەندرمەکە فریای جووڵەبکەون، پیاوەکانی شێخ عەبدولڕەحیم دووانیان لەژەندرمەکان کوشت و فەرماندەی مەفرەزەکە تێیقوچاند و ئەنکەرەی ئاگادارکردەوە کە:

-شۆڕشی کورد دەستی پێکرد.

لەگەڵ گەیشتنی ئەو هەواڵە، مستەفا کەمال لەخەلوەتی رابواردنی ناو ژنان و مەینۆشی هاتەدەرەوە و وەزیرەکانی کۆکردەوە و داوای رێوشوێنی توندی لێکردن بۆ نوقمکردنی (چەتەکانی کورد لەخوێندا)، بەڵام (فەتحی ئۆکیار)ی سەرەك وەزیران ئەوەی رەتکردەوە دەستبخاتە خوێنی گەلی کوردی دۆست و بێتاوانەوە.

بـۆ جێبـەجێکردنی سیاسـەتەکانی، مـستەفا کـەمال پێویـستی بەچـنگێکی تونـد و گیانێکی جەلادانە هەبوو، ئەم جۆرە کەسانەش لەدەوروبـەری ئـەتاتورك دەگـمـن نـەبوون. لەڕاستیدا ژمارەیەکی زۆر لەسـڤیل و کەسـایەتییە سـەربازییەکان خـەونیان بـەوەوە ئـەدی پۆستێکی لێپرسراویی وەربگرن. لەناویاندا کەسـایەتییەك کەپێـشتر خـۆی سـەلماندبوو وەك ژەنراڵێـك و وەك دیپلۆمـاتێکیش، وچـەندین سـەرکەوتنی سـەربازیی و دیپلۆماتیـشی بەدەستهێنابوو.

(ئەنینۆ) کەخەڵکی مالاتیایە لەکوردستان، ونازناوەکەی لەئەنجامی سەرکەوتنی بەسـەر یۆنانییەکانـدا هـەڵگرتبوو. سـەرکەوتنێکی دیپلۆمـاتیی گەورەشـی ئـەوەبوو کـە تـوانی ڕێکەوتننامـەی سـێڤر بگۆڕێـت بەڕێکەوتننامـەی لـۆزان، ئەوڕێکەوتننامەیـەی هـەموو هیواکانی کوردی لەئۆتۆنۆمیدا تێکشکاند، لەپاداشتی ئەم کارەش لەسـاڵی (١٩٢٣)وە بـۆ (١٩٢٤) پۆسـتی سـەرەك وەزیرانـی پێـسپێردرا، دواتـر ئـەنینۆ لەئـەنجامی پەیوەندییـە خێزانییـەکانی و لەبەرئـەوەی ڕقـی لـەو شـەوبێدارییە سـووکانەبوو کـە دیکتـاتۆر خـوی پێوەگرتبوو، لەگۆڕەپانەکە کـشایەوە. زۆرشـت لـەبارەی ئـەنینۆوە وتـراوە، پێـشی ئـەوترا عیسمەتەکەڕ، چونکە لەبواری دیپلۆماتیدا کەڕبوو، لەبارەیەوە ئەیانوت: حەوت ڕێوی لـەناو سەریدا هاتووچۆنەکەن بێ ئەوەی هـەرگیز تووشـی یـەك بـن. ئەشـیانوت کەسـایەتییەکی چاوبرسی و قین لەدڵ بووە.

کاتێك سەرۆکی وەفدی تورکیابوو لەڕێکەوتننامەی لۆزاندا، عیسمەت ئەنینۆ بەئاشـکرا ڕایگەیاند:(تورکیا مولکی هەردووگەلی تورك و کوردە، و ئەم دووگەلە لەم وڵاتـەدا هـەمان ماف و ئەرکیان هەیە).

لەڕاستیدا ئەم قسە شیرینکراوە، بەمەبەستی لەبیربردنەوەی ڕێکەوتننامەی سـێڤرو ئـەو بەڵێنە ئاشکرایانەبوو کەدرابوو، بۆ پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆی کوردستان.

مستەفا کەمال، عیسمەت ئەنینۆی لەلوتکەی حکومەتدا دانا بەمەبەستی سەرکوتکردنی کورد و کەوتە هەوڵ بۆ ترساندنی دانیشتووانە تورکەکان لەبزووتنەوەی کورد و داوای چەکهەڵگرتنی لێکردن و لەپەرلەمانیشدا قیژاندی:

-تورکیا لەمەترسیدایە، ئینگلیز پشتیوانی کوردەکان ئەکات و چەك و پارەیان ئەداتێ.

سەرەك وەزیرانەکەی راسپارد کاربکات بۆ ریشەکێشکردنی ئەو(گانگرینە)ی هەڕەشە لەجەستەی نەتەوەی تورك ئەکات، و فەرمانیدا بەوالی بەدلیس بۆ میواندارییکردنی کۆلۆنێل خالید بەگی جەبری بەبیانووی گفتوگۆ سەبارەت بەچارەنووسی کوردستان،پاشان هەر لەهۆڵی کۆشکەکەی خۆیدا گوللەبارانی بکات.

خالید بەگ باوەڕی بەڕەوایی ئەو مەسەلەیە هەبوو کە بەرگریی لێئەکات، بۆیە بڕوای بەشێوازی برایانەی نامەکەی والی کرد و بێ هیچ دوودڵییەك لەگەڵ دە ژەندرمەی تورکدا کە بەناوی گاردی شەرەفەوە نێردرابوون بۆلای، کەوتەڕێ و ئەوەی بەخەیاڵدا نەهات کە چەندکەسێك لەگاردی تایبەتی خۆی لەگەڵ خۆیدا بەرێت، هەروەها هەواڵی رووداوەکەی پیرانی نەبیستبوو، ونەیئەزانی لەئەنکەرە چ پیلانێك دژی خۆی و گەلی کورد دارێژراوە.

لەبەردەم هۆڵی کۆشکەکەدا فەرماندەی کاروانەکە بەپەلە چووە ژوورەوە بۆ گەیاندنی هەواڵی گەیشتنی میوانەکە. ئەفسەری راسپێردراو بەفەرماندەیکردنی دەستەی گوللەبارانکردنەکە، فەرمانی پێکرد:

-تۆ بچۆ دەرەوە، باخۆی بەتەنیا بێتەژوورەوە.

خالید بەگ بەتەنیا چووە هۆڵی کۆشکەکەوە کەکۆشکێکی کۆنی میرە کوردەکانی بنەچەی شەرەفخان بوو. چاوەڕێبوو والی خۆی پێشوازیبکات، کەچی دەرگا گەورەکە لەدوایەوە داخرا، چەند هەنگاوێکی نا بەرەو ناوەڕاستی هۆڵەکە و چاوێکی بەپایەکۆنەکانی کۆشکەکەدا گێڕا، چاوی کەوت بەچەندین لولەی تفەنگ کە ئاراستەی کراوە، لەو ساتەدا

تێگەیشت کە کەوتۆتە بۆسەوە، ویستی بکشێتەوە بەرەو دەرگاکە، هەر لەگەڵ یەکەم جوڵەیدا لەشوێنی خۆی، دە تفەنگ پێکەوە تەقەیان لێکرد و کەوتە سەرزەوی مەرمەڕینی هۆڵەکە. هەمان ڕۆژ زۆر بەنهێنی و بەبێ ئاگادارکردنەوەی خێزانەکەی بەخاك سپێردرا.

لەهەمان سات و کاتدا مستەفا کەمال فەرمانی بەسوپای چوارکرد کە لەدیاربەکر جێگیربوو، بەرەو پیران بەرێبکەوێت بۆ تێکشکاندنی یاخیبوونی کورد(کە بێگانە پاڵپشتی نەکات)، وهاوکات سەربازگیریی گشتیی لەوڵاتدا ڕاگەیاند.

دوای ئەو ڕووداوەی کەدوو ژەندرمەکەی تیاکوژرا و فەرماندەکەیان ڕایکرد، شێخ سەعید گەیشتە ئەو ئەنجامەی حکومەت بەوەندەوە ناوەستێ و هەموو هێزی خۆی ئەخاتەگەڕ بۆ سەرکوتکردنی خۆی و جەنگاوەرەکانی.

لەتەمەنی ٨٠ ساڵیدا، لەزانا و ڕێبەری تەریقەتێکی ئایینیەوە، بووە سەرکردەیەکی سەربازیی و سیاسی.

لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەی لەگەڵی بوون چەکداربوون، بێ هیچ زەحمەتێك لەیەکەی سەربازیدا ڕێکیخستن، و پیاوانی بەئەزموون و ناسراو بەئازایەتیی و توانای فەرماندەیی بەلێپرسراوی ئەو یەکانە دانا.

لەو کاتەدا هیچ ئەفسەرێکی پیشەیی نەیتوانی پەیوەست بێت بەهێزەکانی کوردەوە، بەشێکیان لەلایەن خالید بەگەوە بەئەرك نێرابوون بۆ ناوچەکانی تری کوردستان و خۆرئاوای تورکیا، و ژمارەیەکی زۆرتریان لەناو شورای دیاربەکردا گیریان خواردبوو، کەشارێکی ناسرابوو بەشووورە گەورەکانی و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ دەرەوەدا نەبوو لەرێی چوار دەروازەکەیەوە نەبێت. لەرۆژی یەکەمی پێکهەڵپژانی نێوان فەرماندەیی ژەندرمەکان و پیاوانی شێخ سەعید، لێپرسراوانی سڤیل و سەربازیی، پیاوانی خۆیان گێڕایەوە ناو شارەکە و دەرگەکانیان داخست و ڕێی چوونە ژوورەوە و هاتنەدەرەوەیان لەهەمووکەسێك قەدەغەکرد، لەبەرامبەریشدا هەریەکسەر هێزەکانی تورکیا هەرچوار دەرگاکەیان داخست و

بەرگرییان لەپشت شووراکانەوە ڕێکخست. نزیکەی سەد ئەفسەر و پزیشك و ئەندازیار و پارێزەر و ڕووناکبیری تری کورد گیریان خوارد و بێبەشبوون لەمافی پەیوەستبوون بەبزووتنەوەی چەکداریی نیشتمانییەوە.

سەرەڕای گرفتە سەختەکان، شەڕی نێوان هەردوولا بەقازانجی هێزەکانی کورد دەستپێکرد و سوپای تورکیا پاشەکشەی کردە ناو شوراکانی دیاربەکرەوە و کوژراو تەقەمەنی و کەلوپەلە جەنگییەکانی لەگۆڕەپانی شەڕەکەدا بەجێهێشت، هاوکات کەوتە بەرگریی لەشارەکە، و تۆپی قورس و شەستیرەکانی لەسەر شورا پان و کۆنەکان و روانگەی بورجەکان دانا، و لەماوەی پێنج مانگدا شارەکەیان بەدەنگی تەقینەوەکانیان دەهەژاند.

دوای شکستی سوپای تورکیا، کوردەکان کۆنترۆڵی هەموو ناوچەکانی هەردوو پارێزگەی دیاربەکر و ئەلعەزیزیان کرد.

شێخ عەبدولڕەحیم برای بچووك و بەجۆشی شێخ سەعید هاتە ناوشاری مادن. بەماوەیەکی کەم پێش گەیشتنی، هێزی پارێزەری شارەکە رایانکرد و فەرمانبەرە بەرەچەڵەك تورکەکانیش بەبەرگی جووتیاری کوردەوە دوایانکەوتن و رایانکرد بەرەو خۆرئاوا بەرێگە شاخاوییەکاندا، ژن و منداڵەکانیشیان پەنایان بردەبەر ماڵی پیاوماقوڵانی شارەکە. دێتەوە بیرم ماڵەکەمان پڕبوو لەو ژنانەی بەگریانەوە لەباوکم ئەپاڕانەوە لای شێخ عەبدولڕەحیم تکا بۆ مێردەکانیان بکات، هەندێکیشیان لەبەر پێیدا کەوتنە سەرچۆك:

-(بمانپارێزە ئەفەندی، تکات لێدەکەین، مەیەڵە پیاوانی شێخ بمانکوژن).

بەو شێوەیە هاواریان هێنا بۆ باوکم کە هەوڵی ئەدا ئارامیان بکاتەوە:

-(بەڵام کەس هیچ نیازێکی خراپی نییە بەرامبەرتان، مێردەکانتان هەڵەیانکرد شوێنەکانی خۆیان بەجێهێشت و رۆیشتن، ئەبوو لەنوسینگەکانیان بمێننەوە و درێژە بەکارەکانیان بدەن، کوردەکانیش وایان پێخۆش ئەبوو. ئێمە هیچ رقێکمان بەرامبەر بەگەلی تورك نییە و کە کوردەکان راپەڕیون، تەنیا لەپێناو ناچارکردنی ئەنکەرەیە بۆ

ڕێگرتن لەپابەندییەکانی سەبارەت بەئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لەچوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا).

باوکم کەبەدەنگێکی هێمن ودڵنیاییەوە ئەم قسانەی ئەکرد، لەراستیدا ململانێیەکی ناوخۆیی لەناخیدا هەبوو،چونکە لەسەر عوسمانیبوونی خۆی مابوو، واتا ولاتێکی فرە میللەتی پێباشبوو کەهیچ تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی تیا نەبێت و لەلایەکی تریشەوە هەرگیز ئەو شێوازەی پێ باشنەبوو کە شۆڕشی کوردی پێ هەڵگیرسا.

ئەو بزووتنەوەیە فەرماندەی بەتوانای کەمبوو، جەنگاوەرەکانیش لەبنەڕەتدا خۆبەخش بوون، ئەگەرچی وەستای شارەزابوون لەبەکارهێنانی تفەنگ و خەنجەردا، بەڵام هەر بیرۆکەیەکیان رەت ئەکردەوە کە داوای دیسپلین و سیستەمی سەربازیی و سیاسیی بکات.

بەهۆی سەرکەوتنە سەربازییەکانیانەوە هەندێك خەڵکی گومانلێکراو پەیوەستبوون بە جەنگاوەرەکانەوە، و لێرەولەوێ بەشدارییان کرد لەتالآنکردنی ئەمبارەکاندا و پەنایان بردەبەر تۆڵەکردنەوەی خۆبەخۆیی، وەك: تیرۆرکردنی ئەفسەر و سەربازانی تورك لەوانەی بەرزامەندیی خۆیان، خۆیان تەسلیمی ئەو سەرکێشانەکردبوو.

ئەم رووداوە نەگبەتی هێنانە، ئەبوونە مایەی نیگەرانیی باوکم کە حەزی لەقانون و دادپەروەریی بوو، و لەوەش زیاتر نیگەران بوو لەخراپیی دەستنیشانکردنی بەرپرسانی بەڕێوەبردنی شار و گوندە رزگارکراوەکان. بۆنمونە،(قەدریە فەندی) کرا بەفەرمانڕەوای مادن، کە کەسێکبوو ناسراو بەهەلپەرستی و پیلانگێریی و دووفاقی، خۆی کردبوو بە(قسەکەر بەناوی نەتەوەی کوردەوە) و گەیشتە ئەوەی داوای سەربەخۆیی تەواوی کوردستان بکات، و کەوتە دژایەتی هەرشتێك کە تورك بێت. دوای تێکشکاندنی شۆڕشەکەی شێخ سەعید، قەدریە فەندیش حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا، لەو ساتەدا کە جەلادەکە پەتەکەی کردە ملی، هاواریکرد:

(بڕی کۆماری تورکیا)، بەڵام ئەم هەڵوێست گۆڕینـە ژیـانی پێنەبەخـشییەوە و لەگـەڵ ژمارەیەکی زۆر کوردی تردا گیانی لەدەستدا.

پەلەپەلی ئەنکەرە بـووە هـۆی کـاری دوژمنکـاریی لـەنێوان تـورك و کـوردا و کـاری دوژمنانەی زۆر و لەژماردن نەهاتوو دژ بەکورد ئەنجام درا.

دوای کـۆنترۆلکردنی شـارە بـچووکەکانی هـەردوو پارێزگـەی ئەلعـەزیز و دیاربـەکر، فەرماندەکانی چواردەوری شێخ سەعید بڕیاری رزگارکردنی شاری دیاربەکریانـدا. لـەماوەی چەند مانگێکدا دەستەبژێری هێزە هەڵبژاردەکانیان لەدەوری شوراکانی شـارەکە کـۆکردەوە بەمەبەستی ناچارکردنیان بۆ خۆبەدەستەوەدان، یان چوونە ناوشـارەکە و دەستبەسـەراگرتنی لەناوەوە، هەموو ئەمەش بەبێ تۆپ و تانکی هێرشبەر و فڕۆکـە، لەبەرامبـەر شـورایەکی پتەودا وەستابوون کە سوپایەکی مەشقدیدەی چەکدار بەهەموو جـۆرە چـەکێکی قـورس و سووك بەرگری لێنەکرد. ئەو کوردە خۆبەخـشانەی توانییـان خۆیـان بگەیەننـە ناوقەڵاکـە، بەدیل گیران و کوژران و لاشەکانیان شـێوێنرا وبەمەبەسـتی پاراسـتنی ناوبـانگی سـوپا و رووخاندنی ورەی دانیشتوان، سوپای تورکیا کەللەسەری دیلەکانی کرد بەدارەوە وبۆ چەندین رۆژ بەکۆلان و شەقامەکانی شارەکەدا گێڕایان.

بەم شێوەیە، لەکاتێکـدا هێزەکـانی کـورد لەبـەردەم دەرگاکـانی شـارەکەدا لاوازبـوو، لەجیاتی ئەوەی دەستبەسـەر بەشـەکانی تـری کوردسـتاندا بگـرن و بیخەنـە ژێـر رکێفـی خۆیانەوە، مستەفا کەمال و عیسمەتە کەر بەشێوەیەکی زیرەکانـە سیاسـەتێکی بـەهێزیان بەکارهێنا و هانی کوردەکانیان ئەدا بۆ ئەوەی دژ بەیەك بجـەنگن بەمەبەسـتی لـەناوبردنی یاخیبووەکان. هـەروەك چـۆن پێـشتریش عوسمانییـەکان توانیبوویـان بەبـەکارهێنانی ئـەم سیاستە میرنشینە کوردەکان لەناوبەرن، و هاوکـات شـەڕی بـۆرژوازیی کوردیـان ئـەکرد و هانی لێکهەڵوەشانی خێڵەکانیان ئەدا، هەروەها نانەوەی دووبـەرەکی و شـەڕ لـەنێوان ئـەو خێڵانەدا.

کەمال، کوردەکان و کوردستانی ئەناسی، و پەیوەندیی زۆر نهێنی لەگەڵ سەرۆك خێڵە گەورەکانی کورد بەست، و نامەی دۆستایەتی و پیاهەڵدانی بۆناردن، لەنامەکانیدا بەبرا ئازیزەکان ناوی ئەهێنان و ئەیتۆقاندن بەوەی شێخ سەعید بەکرێگیراوی ئینگلیزە و دوژمنێکی رەوشت نزمە، کە هەمووشتێك ئەکات لەپێناو دابەشکردن و نەهێشتنی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا، و هەستی شەرەف و ئازایەتی و پەیوەست بوون بەئیسلامی تیا ئەبزواندن، و بەڵێنی درۆی پێئەدان بۆ ئەوەی پشتیوانی بکەن لەململانێکەی لەگەڵ ئەو (خۆفرۆشە رسوایە). توانای رازیکردنی بەجۆرێك بوو کە ژمارەیەکی زۆر سەرۆك خێڵ و کەسایەتییە گرنگەکانی لەخۆی کۆکردەوە و دژی هێزەکانی شێخ سەعید چەکداری کردن، سەرەرای ئەوە لەگەڵ ئینتیدابی فرەنسا لەسوریا رێکەوت بۆ گواستنەوەی هێزەکانی بەو هێڵی شەمەندەفەردا کە سنووری نێوان هەردوو وڵاتی پێکئەهێنا. ئەم رێکەوتنە دژی پەیاننامەی ١٩٢١ ی ئەنکەرەبوو کە بەهەموو شێوەیەك قەدەغەی کردبوو ئەو هێڵە بۆ ئامانجی سەربازیی بەکاربهێنرێت، بەو هێڵەدا دەیان هەزار چەکداری گواستەوە بۆ ناوچەکانی ئورفە و ماردین ولەوێشەوە بۆ بەرەکانی جەنگ، کوردەکانیش کاتێك بەخۆیانزانی گەمارۆدراون و هیچ کادرێکی مەشقدیدە و پشتیوانی دەرەکییان نییە.

توانییان چەندین مانگ بەرگری بکەن، و کاتێك بڕوایان بەشکستی خۆیان هێنا یەك لەدوای خۆیاندا بەدەست هێزەکانی تورکەوە.

لەحەوتی تشرینی دووەمی ١٩٢٥دا هێزەکانی تورکیا کوردستانی تورکیایان داگیرکرد، کە لەوماوەیەدا رەشترین رۆژەکانی مێژووی خۆی بەخۆوە بینی، و کوردستان بەئاگر و ئاسن لێیدرا، پیاوان ئەشکەنجەدران و کوژران و گوندەکان سووتێنران و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لەناوبران و ژنان و منداڵان رفێندران و دواتر کوژران. تورکەکانی مستەفا کەمال قەسابخانەیەکیان بۆ کورد دانا کە درندەییەکەی ئەگەیشتە ئاستی ئەو قەسابخانەیەی تورکەکانی سوڵتان بۆ یۆنانیی و بولگاریی و ئەرمەنەکانیان دانا.

مستەفا کەمال دادگەیەکی سەربازیی ناردە کوردستان بەناوی(دادگەی سەربەخۆیی)و بەخێراییەکی سەربازیی بێوێنە، هەزاران کەسی لەسێدارەدا و دوورخستەوە و زیندانی کرد. لەو گوندانەدا کەبەرامبەر سوپای تورکیا بەرگریی کرابوو، منداڵان و ژنان لەحەوشەی ماڵەکاندا کۆکرانەوە و سەربازەکان لەسەریانەوە گوللەبارانیان کردن، ئەو رووناکبیرانەی دوور یا نزیك هاوسۆزییان لەگەڵ شۆڕشی کورد دەربڕیبوو، چارەنوسێکی کارەساتباریان هەبوو، نزیکەی ٢٠ کەسیان پارچە پارچەکران و خرانە گوێنییەوە و فڕێدرانە دەریاچەی وانەوە.

لەمادن ٣٠ کەس دەستگیرکران، لەناویاندا باوکم و براگەورەکەم و مامم و عوسمانە فەندی ئامۆزام کە تاوانەکەی تەنیا ئەوەبوو لەکاتی گەیشتنی شێخ عەبدولڕەحیمدا بۆ مادن هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستبوو.

لەشەوێکی سەهۆڵبەندانا عوسمانە فەندییان راپێچی پیران کرد و بۆ رۆژی دوایی بردیانە گۆڕەپانە گشتییەکەوە و کەلەپچەیان لەدەستکربوو وبەستبوویان بەزنجیرێکی درێژەوە، و داوایان لێکردبوو لەبەردەم ئەو خەڵکەدا کە کۆببووبوونەوە، دانبنێت بەوەدا کە هاوکاریی و پشتیوانیی شۆڕشی کردووە و جنێو بەشێخ سەعید بدات، بەڵام ئەو بێدەنگ بووبوو.

کاتێکیش ئەفسەرەکە هەوڵیدابوو ناچاری بکات دان بەو تاوانە گەورەیەدا بنێت و جێو بەشێخ سەعید بدات، عوسمانی ئامۆزامان نەیتوانیبوو لەوەزیاتر خۆی رابگرێت و بەدەنگێکی بەرز هاواری کردبوو:

-سەرکەوتن بۆ شێخ سەعید و شۆڕشەکەی.

ئەفسەرەکە ئەم کاردانەوەیە ئەبڵەقی کردبوو، و فەرمانیدابوو یەکسەر زیندانییەکان بەرنەوە بۆ زیندان نەوەکو خۆپیشاندانێکی جەماوەری دروست بێت، و دوایئەوە هەموو هونەرەکانی ئەشکەنجەدان و سوکایەتی پێکردنیان لەگەڵدا بەکارهێنابوو.

دنیــا تاریــك بووبــوو کاتێــك ئەفــسەرەکە لەحەوشــەی زیندانەکــەدا عوسمانــە فەنــدی بەســتبوومەوە بەقــەدی دارێکــەوە و فــەرمانی دابــوو بەســەربازەکان چــەند ســەتڵێك ئــاوی پێدابکەن تاهەموو لەش و جلەکانی تەڕبوو بوو، و بەو شێوەیە بەجێیان هێشتبوو.

ئەو شەوە گەرمیپێو ٣٥ پلەی سەدیی ژێر سفری پیشان ئەدا، بۆ بــەیانی ئامۆزاکــەمان بووبووە قالبێك سەهۆڵ.

هــەواڵی ئــەم مەرگــە ناخۆشــە دانیــشتوانی مــادنی تۆقانــد، بەتایبــەت کەســوکاری گیراوەکان.

ئەمە سەرەتای دۆزەخ بوو. من ئەوکاتە تەمــەنم شــەش ســاڵ بــوو، لەهــەموو ئــەوەی ڕوویئەدا تێنەئەگەیشتم، بــەڵام جگــە لەباســی تــیرۆر و کوشــتن هیــچی دیــم نەئــەبینی و نەئەبیست. دایکم شەو و ڕۆژ ئەگریا، خەڵك نەیانئەوێرا باسی کوردستان بکــەن. بێگومــان من ئەمزانی شتێکی نائاسایی و ترسناك ڕووئەدات.

ئیتر لەقوتابخانە ناچاربووین کە بەخۆمان بڵێین تورك، و گفتوگۆ سیاســییەکان لەماڵــەوە ڕاگیران.

لەترسی چارەنووسی بــاوکم و براکــم و مــامم، شــەو و ڕۆژ نیگــەرانیی بــاڵی بەســەر ماڵەکەمانــدا کێــشابوو، لەچارەنوســیان ئەترســاین کــە ئــاخۆ ئێــستا ئــەوانیش تووشــی ئەشکەنجەدان و سوکایەتی پێکردن ئەبنەوە؟! و لەوانەشە لەمەودوا ئیتر نەیانبینینەوە.

هەموو خێزانەکان لەم کەشە تۆقێنەرەدا ئەژیان، هیــچمان نەئەبیــست، جگــە لەباســی کوشتنی کوردەکان لێرە و سوتاندنی تــەواوی چــەندین گونــد لــەوێ و دۆزینــەوەی لاشــەی منداڵانی بچووك لەولا. زۆرجار دێتەوە یادم: شەوێکیان دەنگــەدەنگێکی تۆقێنــەر لەخــەو ڕایچڵەکاندین، سەرەڕای ئەوەی ڕووبــارێکی فــراوان کــەوتبووە نێــوان مــاڵی ئێمــە و ئــەو فەرمانگــە حکومییــەوە کــە زینــدانی تێــدابوو، دەنگــە دەنگێکــی نامرۆڤانــە ئــەهات و مەحاڵبوو هیچ ئاژەڵێکیش بتوانێت بەرگەی ئەو ئازارە ترسناکە بگرێت.

ڕۆژی دوایی ڕاستییەکە دەرکەوت، دەنگەکان هی ئەو کوردانەبوون کە ئەشکەنجە ئەدران، و فەرمانبەرە تورکەکان لەیارییەکەیاندا بۆ ناچارکردنی گیراوەکان کە زمان لەهاوڕێکانیان بدەن ئاسنی سوورەوکراویان بەکارئەهێنا.

لەهەگبەی هەر بەیانییەکی نوێدا کۆمەڵێ هەواڵی خراپی تیابوو. ڕۆژێکیان لێپرسراوانی تورك داوایان لەکوردەکان کرد هەموو ئەو چەکانەی لایانە ڕادەستی حکومەتی بکەنەوە. ئەم بڕیارە هۆیەکی تربوو بۆ تۆقاندنی خەڵك، چونکە پێشتر ئازادیی تەواویان هەبوو لەخاوەندارێتی هەر جۆرە چەکێك کە پێیان خۆشبوایە.

ئێستاش دیوارەکانی ژوورەکەی باوکم دێتەوە بەرچاو کە ڕازابوونەوە بەتفەنگی کۆن و شمشێری زیوین و خەنجەری مشت و کێلان ڕازاوە بەبەردی دەگمەن و گرانبەها، ژوورەکە مۆزەخانەیەکی ڕاستەقینەبوو کە پڕبوو لەو خشڵانەی خێزانەکەمان چەندین سەدەبوو پاراستبوویان وەك بیلبیلەی چاویان، بەڵام توندیی حکومەت لەمبارەیەوە ناچاریکردین دەستبەرداریان بین.

زۆری پێنەچوو لێپرسراوانی تورك بڕیارێکی نوێیان دەرکرد: هەر کوردێك فیشەك یا گوللەیەکی پێ بگیرێت، ئەگیرێت و بێبەزەییانە تووشی ئەشکەنجە و دوورخستنەوە ئەبێت.

زۆرترساین، چونکە گوڵشەنی خوشکم لەکاتی گەڕان لەدۆڵابەکەیدا فیشەکێکی تفەنگی ڕاوی دۆزییەوە و بەپەلە خستییە ناو زۆپا دارەکەوە، و لەپڕدا بیری کەوتەوە کە فیشەکەکە بەکارنەهێنراوە.

(دوورکەونەوە) دایکم هاواری کرد. چاوەڕێی تەقینەوەی فیشەکەکە و ماڵەکەمان بووین، بەڵام فیشەکەکە نەتەقییەوە بارووتەکەی پێش تەقینەوە سوتا، و تەنیا گوێمان لەفیشکەفیشکێك بوو.

لەو ماوەیەدا ماڵەکەمان لەشانەی هەنگ ئەچوو و ئارامی بەخۆوە نەئەبینی، لەلایەکەوە ژن و منداڵ ئەهاتنە ژوورەوەو لەلایەکی ترەوە باوکان و هاوڕێیان و دراوسێکان

و دۆستەکان کە نیشتەجێی گەڕەکە دوورەکان بوون هاتوچۆیان ئەکردین. ئێستاش ئامۆژنم دێتەوە بەرچاو، ژنێکی بەتەمەنی سەنگین، هەر پێنج کچەکەی بەدەوریەوە بوون و دەستی تاقە کوڕەکەی گرت و بەپلیکانەی دەروازەی ماڵەکەماندا سەرکەوت و کچەکانی بەخەمباری و باریّ مەینەتەوە بەدوایەوە بوون، کە پێش گیرانی باوکیان زۆرچالاك و بزێوبوون. ژنەکان ئەیانقیژاند وبەدەم گریانەوە قژی خۆیانیان ئەرنییەوە و ئەیانوت:

-(چیمان بەسەر دێت خوای گەورە؟ مێردەکانمان و کەسوکارەکەمانیان گرتووە و کوشتووە، کە نانبدەر و پشتیوانمان بوون لەم ژیانەدا، مرۆڤ چۆن ئەتوانێت هەڕەشەی کوشتن لەبەرێزێکی وەك یوسفە فەندی بکات؟ ئەو مرۆڤەی کە رۆژێك لەرۆژان ئازاری هیچ زیندەوەرێك تەنانەت مێروولەیەکیشی نەداوە، بێگومان ئەمە کۆتایی دنیایە، بەڵێ دنیا ئاخرە).

لەئەنجامی ئەم قسانە هەندێك لەدۆستانی دانا و لەسەرخۆ هەوڵیانئەدا دایکم دڵنیابکەنەوە:

-(خانم، گرفتی مێردەکەت وەك عوسمانە فەندی نییە، ئەو هەمیشە دووربوو لەرووداوە سیاسیی و سەربازییەکان، و لەماڵەکەی خۆشیدا پێشوازیی لەژن و منداڵی کارمەندە تورکەکان کردبوو، جگە لەوەش پایەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگی هەیە. ئەبینیت کە لەماوەی ١٠ رۆژدا ئازادی ئەکەن، و تورکەکانیش داوای لێبوردنی لێئەکەن).

دایکم کەکوژرانی عوسمانەفەندی لەناخەوە هەژاندبووی لەوەڵامدا ئەیوت:

-(گەر تاوانباریشی نەکەن،ئەوا لەسەر پایە کۆمەڵایەتییەکەی لای خۆیان ئەیهێڵنەوە).

بیری باوکم ئەکرد و رۆژەکانیش هێواش، بگرە زۆر بەخاویی تێئەپەرین لەناو کەشێکی نیگەرانی و خەمدا.

بڕیارمدا سەردانی باوکم بکەم. سواری بۆزۆ بووم و پێکەوە چووین بۆ زیندان، ئێستاش ئەڵێیت دوێنیّ بووە دێتەوە یادم: پاسەوانەکە دەرگا قورسەکەی کردەوە، لەوکاتەدا باوکم

دەرکەوت و کەمنی بینی خەمباربووم و تـەنیا، چـاوەکانی پڕبـوون لـەئاو. ویـستم ماچـی بکەم، بەڵام پاسەوانەکە ڕێی نەدام ودەرگا گەورەکەی داخست بـەبێ ئـەوەی بـاوکم بتـوانێ یەك وشەش بڵێ، دوای ئەوە بەسەرپشتی بۆزۆوەوە گەڕامەوە و بەدرێژایی ڕێگەکە ئەگریام.

جگە لەخزمەتکارەکان کەس لەماڵەکەدا نـەمابوو، جگـە لـەپیاوێك، ئـەویش مـامی ئازام(نافی)برا گەورەی بـاوکم بـوو. کـە بەسـۆفی ناسـرابوو، چـونکە پیـاوێکی شـەرمنی گۆشەگیربوو، و بێئەزموون لەفێڵی ئیـداریی و سیاسـیدا، بـەڵام ئێـستا ناچـاربوو هـەموو کارەکـانی بـاوکم لەئەسـتۆ بگرێـت و هاوکـات لەبەرامبـەر فێڵـە ئەهریمەنییـەکانی فەرمانگەکانی حکومەتدا بەرگریی بکات.

ڕۆژ بەرۆژ تۆقاندنی دادگەکانی سـەربەخۆیی زیـادی ئـەکرد، ئـەو حـوکم و بڕیارانـەی سێدارەدان کەئەم دادگە تایبەتە دەرینەکردن و خێرایی جێبەجێکردنی بڕیارەکـان کەشـێکی ترس و تۆقاندنی دروستکردبوو.

(عەلی ساحیب)ی سەرۆکی دادگەی سەربەخۆیی لەدیاربەکر لەدیـدارێکی ڕۆژنامەیـدا بەشانازییەوە وتبووی:

-(سێدارەکان بەهێشوو یاخیبووانیان گرتووە)

ئەم قسەیە زیادەڕەویی نەبوو، ئەی هەر عەلی ساحیب پەنجاوپێنج فەرمانـدەی شۆڕشـی دوای تـەنیا مانگێـك لـەگرتنیان بەسـێدارەدا هەڵنەواسـی، لەنێوانیانـدا سـەرکردەی ڕاپەڕینەکە،شێخ سەعید کە تەمەنی لە ٨٠ساڵیدابوو؟ لەجیاتی ئەوەی تەرمی شـەهیدەکان بدرێتەوە بەکەسوکاریان، دەسەڵاتدارانی تورك تەرمەکانیان خستەناو گـۆڕێکی بەکۆمەڵـەوە لەباخچەیەکی نزیك گۆڕەپانی لەسێدارەدانەکە، بەرامبەر دەرگای ناسراو بەدەرگای چیا.

دادگای سەربەخۆیی دۆسێیەکی کـۆن یـا ڕاپـۆراتێکی پـۆلیس و تەنانـەت قـسەیەکی سادەی بەس بوو بۆ ئەوەی حوکمی لەسـێدارەدانی پزیـشك و پـارێزەر و شـاعیر و پیـاوانی ئایینی دەربکات.

ئەو دووشەهیدەی کە تا ئـەمڕۆش گـەلی کـورد شـانازیی بەیادەوەرییانـەوە ئـەکات ، (دکتۆر فوئاد خـەڵکی دیاربـەکر و پـارێزەر حـاجی ئـاختی خـەڵکی لیجـە)بـوون، پـێش شەهیدکردنیان دکتـۆر فوئـاد داوای کـرد هاوسـەرەکەی لـەژوورێکی تـەنیادا ببینێـت، و داواکەی بۆ جێبەجێ کرا، بەڵام ئاختی کـە گەیـشتە سـەر سـێدارەکە بەهێمنییـەوە رووی قسەی کردە بەرپرسانی تورك:

-(ئێوە بەکوشـتنی ئێمـە پەیوەنـدیی مێـژوویی و ویـژدانیی نێـوان کـورد و تـورك ئەپچڕێنین، ئێوە هەڵەیەکی زۆرگەورە ئەکـەن، دڵنیـابن کەگـەلی کـورد لەتۆڵەکردنـەوە دواناکەوێت).

لەوساتەدا کـە جەلادەکـە پەتەکـە دەکاتـە ملـی، هێنـدەی هێـز تیـا ئـەمێنێت کـە هاواربکات:

(بژی کوردستان...)

سـەربازەکان بەقەمـەکانیان ئەکەونـە گیـانی، ئـاختی سـەربەرزنەکاتەوە و کـۆنترۆڵی ئازارەکانی ئەکات و بەهەموو هێزەوە ئەقیژێنێت:

-(بژی کۆماری داهاتووی کوردستان، بروخێ...)وپێـشئەوەی قـسەکانی تـەواوبکات جەلادەکە کورسییەکەی لەژێر قاچی دەرهێنا، و ئـاختی بەهـەواوە مایـەوە، و کاتێـك دوا هەناسەیدا، خوێن وەك فوارە بە بەسێدارەکەدا چۆراوگەی بەست.

بێگومـان، گـەر دادگـەی سـەربەخۆیی ئـاوا بـەجۆش و خرۆشـەوە بـەردەوام بوایـە، ژمارەیەکی زیاتری کورد شەهید ئەبوون، بەڵام ئەو قەسابخانە بەپەلە و یەك لەدوای یەکانـە، بـووە مایـەی هەژانـدنی هـەموان، و هەڵوێـستی ئازایانـەی قوربانییـەکانیش سـەرانی ئەنکەرەی ناچارکرد بیر لەمەسەلەکە بکەنەوە، و رێنمایی لەئەنکەرەوە بـۆ عـەلی سـاحیب دەرچوو کە سنووری بۆ کارەکانی دابنێ و هیچ مرۆڤێـك بـەبێ بەڵگـە تاوانبـار نـەکات و توندوتیژیش کەمبکاتەوە. ئەم گۆڕانکارییە سیاسییانە دەنگدانـەوەیان هـەبوو، سـێدارەکان

لەدیاریەکر دیارنەمان و زۆر لەرۆشنبیرانی تۆمەتبارکراو بەو تاوانانەی کـە دکتـۆر فوئـاد و پارێزەر ئاختی پیّ تاوانبارکران، حوکمدران بە زیندانی ١٥ سـاڵ و هـەتا هـەتایی بـەکاری سەختەوە.

لەگەڵ خاوبوونەوەی تیرۆردا، بەپەلە بەرتیل وخزمایەتی باڵیان کێش بەسەر دادگەکانـدا و عەلی ساحیب سامانێکی زۆری کۆکردەوە لـەرێی شـاردنەوەی فایـل و دۆسـییەکان، یـا تۆمەت دروستکردن بۆ گیراوەکان.

باوکم بەوە ناسرابوو کە عوسمانییە، بۆیە عـەلی سـاحیب دەسـتی کـرد بەهەوڵـدان بـۆ تۆمەت دروسـتکردن بۆ براکەم کە نەچووبووە رێکخراوە کوردییەکانەوە.

دوای دەرچوونی ئەو رێنماییانـە لەئەنکـەرەوە، نیـشتمانپەروەرانی کـورد بەمەترسـیی دائەنران کە ئەبێت زۆر بەسادەیی لەناوببرێن یا بۆ زۆرتـرین مـاوە لەزیندانـدا بهێڵرێنـەوە. دادوەری لێکۆڵینەوەی دادگەی سەربەخۆیی فەرمانی بەتۆمـەتبارەکان ئـەکرد تـادان بنـێن بەتاوانێکدا کە ئەنجامیان نەداوە، لەبابەتی ناردنی چەك بۆ شـێخ سـەعید و بەشـداریکردن لەشۆڕشدا، یاتیرۆرکردنی ئەفسەرانی تورك و تۆمەتی تر.

لەبەرئەوەی باوکم و براکەم و مامم زۆر بەتوندی بەرگرییان لەخۆیان کرد بەرامبـەر ئـەو تۆمەتانەی خرابووە پاڵیان، بۆیە فەرمانبەرانی تـورك هەوڵیانـدا شـایەتی درۆ بدۆزنـەوە، و ئەم کارە گەیشتە رادەیەك کە بەڕێوەبەری ناوچەی مادن هەڕەشەی لە(رەسۆ)ی برام کرد کـە تەمەنی ١٨ ساڵ بوو بۆ ئەوەی شایەتی درۆ دژی باوکم بدات، بەڵام ئەم پیلانەش شکـستی هێنا. لێرەدا تورکەکان پەنایان بردەبەر تۆقاندن. براکەم کە لەدیاریەکر گیرابوو گواستیانەوە بۆ زیندانی پیران کـە ژەندرمـەکانی بەدڕنـدەیی و توندوتیـژیی ناسـرابوون. دوای نیوەشـەو زیندانەکانیان ئەهێنایە حەوشەی زیندانەکە و ناچاریان ئەکردن بەچاوی بەسـتراوەوە بکەونـە سـەرئەژنۆ و هەڕەشـەیان لێئەکردن،ئەگـەر داننـەنێن بـەو تاوانانـەدا، تەقـەیان لێئەکـەن،

هەندێك جاریش سەربازەکان فیشەکیان بەئاسماندا ئەتەقاند یا لەدووری چەند سانتیمەترێك لەگیراوەکانەوە، سەرەڕای ئەوەش گیراوەکان هەرگیز خۆیان نەدابەدەستەوە.

ئەوکاتە زیندانییەکانی مادن گوێزرانەوە بۆ دیاربەکر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو زیندانیانەی پێشتر بەسزای قورس حوکم درابوون، ودادوەری لێکۆڵینەوەی کۆماریی بەڵێنی پێدابوون،ئەگەر بەڵگە پێشکەش بکەن سەبارەت بەوەی خەڵکی مادن هاوکاریان کردوون ئەوا چاو بەدۆسییەکانیاندا ئەگێڕنەوە، لەوانەیە زیندانییەکانیش لای خۆیانەوە بەڵێنیان دابێت بەشداری ئەم یارییە قێزەوەنە بکەن، بەڵام کاتێك گیراوە مادنییەکان برانە بەردەمیان، زیندانییەکان بێدەنگبوون و دانیان بەهیچدا نەنا، هەندێکیشیان دەستیانکرد بەگریان، ئەمەش شکستێکی تری لێپرسراوانی تورك بوو.

دوای ١٠ مانگ لەبردنی گیراوەکانی مادن بۆ دیاربەکر، دادگەی سەربەخۆیی گوێزرایەوە بۆ(ئەلعزیز) و بڕیاریدا هەموو ئەو گیراوانەی، دادوەر لەبەر بێبەڵگەیی حوکمی نەداون بگوێزرێنەوە بۆ زیندانی ناوەندیی ئەلعەزیز- ناوەندی پارێزگایەکە لەخۆرئاوای مادن-. مانگی شوبات بوو، مانگی زریان و هەڵکردنی ڕەشەبای ناوچە شاخاوییەکان، کاتێك پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوبووەوە کە نزیکەی ٣٠ زیندانیی لەگەڵ ٥٠ پاسەوانی ژەندرمەی سوارەدا دێنە زیندانەکەی مادن بۆ حەوانەوە، ئەمە هەواڵێکی لەناکاویی نائاسایی بوو بۆ دانیشتوانی شارەکە، نەك تەنیا بۆ ئەو خێزانانەی خەڵکیان گیرابوو یا کەسوکارەکەیان، بەڵکو بۆ هەموو دانیشتوانی مادن.

دیوەخانەکەمان وەك پووروەی هەنگی لێهات، ڕەسۆی برام بەپەلە ئەهاتەدەرەوە و بەڕاکردن ئەگەڕایەوە، دەرگای لەسەرخۆی دائەخست و بەدرێژیی لەگەڵ دایکم قسەی ئەکرد، ڕۆژێکیان بینیم لەگۆشەیەکی تاریکیماڵەکەماندا لەگەڵ گەنجانی خێزانەکەمان چرپە چرپی ئەکرد، بەتایبەت لەگەڵ حەسەن کە لاوێکی بەهێزبوو، ولای ئێمە مەیتەربوو. بەرەبەیانی ڕۆژێکی خۆش حەسەنم بینی بەپێ ئەو ڕێگە شاخاوییەی گرتەبەر کە ئەچێت بۆ

ئەلعەزیز، پێشبینیم ئەکرد کە شتێکی ترسناک گەڵاڵە ئەکرێت، بەڵام نەمئەوێرا لەبارەیەوە بۆ هیچ کەسێك قسەبکەم.

رۆژی ١٨ شوباتی ١٩٢٦ مادن چاوەڕێی پیاوماقوڵە گیراوەکانی ئەکرد، بەڵام بێ سوودبوو، ژنان رانەمەڕی بریانییان بەبرنج و بادەم و پاقلاوە و میوە و خواردنی ترەوە ئامادەکردبوو، بەڵام ئەمانە هیچ سوودێکی نەبوو چونکە هێندە بەپەلە گیراوەکان گوێزرانەوە کە خێزانەکانیان ئەبلەق کرد.

خەڵك کەوتنە ترسی ئەوەی لەوانەیە بەرپرسان بەنیازبن گیراوەکان لەرێگە بکوژن، یا لەوسێدارانەی لەشاری ئەلعەزیز دانرابوون لەداریان بدەن.

دایکم کە لەنیگەرانیدا ئاگری گرتبوو، بەرێگەکەدا کەوتەڕێ تا لەچارەنووسی مێردەکەی و کوڕەگەورەکەی دڵنیابێت، و ئامادەبوو بڕوات و لەئەلعەزیز جێگیر ببێت تا لەنزیکیانەوە بێت و هەمووشتێکیان لەپێناودا بکات و هەوڵبدات ژیانیان لەناو زیندانەدا مسۆگەر ببێت، بێگومان هەوڵیش ئەدات بۆ ئازادکردنیان.

سەرەڕای ئەوەی باری جەستەی زۆرخراپ بوو، و ئەم زەمانە کە هیچ رەحم ناکات و پشتی پێ نابەسترێت، هەرچی لەتوانایدا بوو لەشساغیی و پارە، هەمووی خستەگەڕ بۆ رزگارکردنی ئەو کەسانەی بەنرخترین شتی ژیانی بوون، لەزیندان و مەرگ. بەڵام خراپیی رێگەکان و ئەو وەرزە زۆرساردەی ساڵ و ئامرازەکانی گواستنەوە، رێگەیان بەسەفەری ژنێکی نەخۆشی وەکو دایکم نەئەدا. زۆر بەزەحمەت توانیمان قایلی بکەین سەفەرەکەی دوابخات و رێبدات رەسۆ بۆ ئەم ئەرکە بچێتە ئەلعەزیز. براکەم بەڵێنی پێدا لەکاتی درێژەکێشانی ماوەی دادگەکەدا، خانوویەك لەدەوروبەری زیندانەکە بەکرێ بگرێت، بۆئەوەی دایکم بچێت و لەوێ نیشتەجێ بێت. دوای کۆبوونەوەیەکی خێزانیی، رەسۆی برام پاڵتۆیەکی خووری ئەستووری لەبەرکرد و جوانترین بارگیری تەویلەکەمانی برد و بەرەو ئەلعەزیز بەرێکەوت.

چاوەڕێی بووین لەماوەی هەفتەیەکدا بگەڕێتەوە. دایکم بڕیاریدا بچێت بۆ ئەلعەزیز و ماوەیەك لەوێ بمێنێتەوە بە هاوڕێیەتی دەستەیەك لەکچانی ئامۆزاو کارەکەرەکان کە ئەو خواردنانەی باوکم و کاکم پێیانخۆشە ئامادەی بکەن.

ئەمزانی گوڵشینی خوشکە گەورەم کە ئەوکاتە تەمەنی ١٠ ساڵ بوو لەماوەی سەفەرەکەی دایکمدا ئاگای لێم ئەبێت، خوشکەکەم کچێکی بچکۆلەی بەئەدەب و هەست ناسك بوو. بەم بیرۆکانە دڵخۆشیی خۆم ئەدایەوە، بەڵام دایکم بەپەلە سەفەری نەکرد، ئەبوو یەکەمجار پارەیەکی زۆر لەگەڵ خۆی بەرێت، بۆیە لەدۆڵابەکەی باوکمدا بەدوای پارەدا ئەگەڕا، هەروەها لای قەرزدارەکانمان و ئەوانەی دوکان و ماڵ و ئەمبار و ئاش و باخچە و زەوییەکانمانیان بەکرێ گرتبوو. کاتێك گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەو پارەیەی کۆیکردۆتەوە بەش ناکات، وای بەباشزانی هەندێك لەخشڵەکانیشی بفرۆشێت. بەڵام گرفتی پارە تەنیا کێشەنەبوو و بۆئەوەی دڵنیابێت کە لەکاتی نەبوونی ئەودا هەمووشتێك بەرێکی بەڕێوەئەچێت، سەرگەرمی راوێژبوو لەگەڵ ئامۆزاکانمان و دۆستە نزیکەکانمان وژنانی گەڕەك، و زیاد لەپێویست ئامۆژگاریی و رێنمایی ئەدایە خوشکە گەورەکەم و نافی مامم و کەسانی تری خێزانەکەم:

-(ئاقڵانە هەڵسوکەوت بکەو لەئاستی بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانت دابە، لەبیرت نەچێت کە وەختی شووتە).دایکم بەردەوام قسانەی ئەدا بەگوێی گوڵچیندا.

گوڵچینیش دڵنیای ئەکردەوە:

-(بەڵێ، نیگەران مەبە هەمووشتێك بەدڵی تۆ ئەبێت).

کێشەیەکی تر، دۆزینەوەی عەرەبانچییەکی گونجاوبوو، کە جێ متمانە بێت و لەخۆی و ئەسپەکانی عەرەبانەکەی دڵنیابین و لەم وەرزەی ساڵدا بتوانێت بەڕێگەی باریك و پێچاوپێچی نێوان مادن و ئەلعەزیزدا بڕوات. ئەم رێیە بەپەنا رووبارەکاندا ئەڕوات و لێرەو لەوێش بەقەراغی چەندین دۆڵی هەزار بەهەزاردا، هەروەك بەسەر چەندین پردی تەختەی کاتیدا تێئەپەڕێت کە چەندین رووداو لەسەریان روویداوە. دوای گەڕانێکی ورد و بێزارکەر پیاوێکی

بەهێزمان دۆزییەوە کەداوای پێنج نەوەندەی کرێی ئاسایی خۆی ئەکرد و ئەو مەرجەشی لەسەردانایین کە دوو پیاوی بۆ بگرین بۆ یارمەتیدانی لەلابردنی بەفر لەوشوێنانەی رێگەی رۆیشتنی عەرەبانەکە ئەگرن. دایکم بەهەموو مەرج و داواکانی رازی بوو.

لەرۆژێکی خۆرەتاودا کە لەقوتابخانە گەڕامەوە زانیم دایکم بەعەرەبانەیەکی چوارئەسپی سەفەری کردووە و رەسۆ و جەمالی لەگەڵ خۆی بردووە بێئەوەی خواحافیزیم لێبکات یا تەنانەت ماچێکم بکات. بەگریانەوە رامکرد بەرەو ژوورەکەی و کردم بەهاوار هاوار:(جاجو جاجو) بۆ ئەوەی بەپەلە دەرگاکەم بۆ بکاتەوە. ئەو چەند خولەکەی خایاندی تا جاجو لەقاتی خوارەوە بگاتە قاتی دووەم، بۆ من ماوەیەکی درێژبوو وەك سەدەیەکی تەواو، سەرئەنجام دەرکەوت و جلەکانی بەدەستییەوەبوو. لەگەڵ پێ بەزەویداندا پێم وت:

-هەر ئێستا ئەم دەرگەیە بکەرەوە.

بەخۆشەویستییەکەوە وەڵامی دامەوە:

-ئارامبە و جوان گوێم لێبگرە، کە دایکت سەفەریکرد و تۆ لەقوتابخانەبوویت، لەترسی ئەوەبوو کە نەوەکو لەکاتی جیابوونەوەدا تۆ بگریت و ئازاربچێژیت، زۆر نیگەرانبوو لەبارەی تۆوە و داوای لێکردین بەچاکیی ئاگامان لێت بێت.

-نامەوێت بزانم چی وتووە، تەنیا ئەمەوێت ژوورەکەی ببینم.

-باشە، باش.... ئێستا دەرگەکەت بۆ ئەکەمەوە، بەڵام بەو مەرجەی دەستکاریی هیچ نەکەیت.

-بەڵێن بێت، بەڵام تەنیا رێم بدە بچمە ژوورەوە.

کاتێك جاجو دەرگەی کردەوە، جێگەکەیم بەچۆڵیی بینی، بەراکردن رۆیشتم و چەرچەفەکەم لەسەرلابرد و لەسەردەم، خۆمدا بەسەریدا و کەوتمە بۆنکردنی پشتی و بەتانییەکان بۆ ئەوەی بۆنی دایکم هەڵمژم. زۆر بەدوای ئەو سەرپۆشەیدا گەڕام کە حەزم ئەکرد بینێیم بەسنگمەوە، بەڵام بۆم نەدۆزرایەوە، سوچێکی بەتانییەکەم گرت و دام

بەخۆمدا. نازانم ماوەی چەند بەم شێوەیە مامەوە، تەنیا دێتەوە بیرم کە فرمێسکی گەرمم بەسەرپشتییەکەدا ئەرشت و بەگریانەوە بانگم ئەکرد:

-دایە...دایە خێرا وەرەوە بۆ لامان، دایەگیان.

دواییەوە بەئارامی هەستام و لەبەردەم ماڵەکەدا یاریم ئەکرد.

چەند مانگێك تێپەری بێئەوەی هیچ شتێك لەقوتابخانە رووبدات، زۆر بایەخم ئەدا بەوانەی ئەو مامۆستایانەی تازە لەخوێندنگە گشتییەکانی خۆرئاوای تورکیا دەرچوو بوون، هەوڵێکی زۆریان ئەدا بۆ ئەوەی ئایدۆلۆژیای کەمالیزمان فێربکەن:(کۆماری تورکیا کە مستەفا کەمال دروستی کرد، مەزنترین پاڵەوانی هەموو سەردەمەکان و دیموکراسیترین و پێشکەوتووترین و وڵاتی جیهانە،وجگە لەتورك کەسیتری تیانییە). پێیان ئەوتین:(ئێوە کورد نین،کورد شتێك نییە، جگە لەو درندە و رێگرانەی لەشاخەکاندا ئەژین)،ئێمەش ناچاربووین کە بەخۆمان بڵێین تورك و تەنیا بەتورکیی قسەبکەین.

لەبەرئەوەی باوکان بەگشتی ئامۆژگاریی رۆڵەکانیان ئەکرد گوێڕایەڵی مامۆستاکانیان بن و گوێ لەقسەکانیان بگرن، هیچ خوێندکارێك نەیئەوێرا دژیان بوەستێت.

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی خوێندکارەکان خۆیان وایپیشان ئەدا کە بەجۆشن بۆگوتارەکان و پیاهەڵدانەکان، بەڵام لەناخی خۆیاندا هەر کوردبوون. هەرچەندە هەندێك لەخوێندکارانی پۆلە بەرزەکان باوەریان بەبیرۆکە و ئایدیای مامۆستاکانیان هەبوو، و چوونە ریزی لایەنگرانی مستەفا کەمالەوە.

بەرێوەبەرێتیی قوتابخانەکە هانی ئەوانەی ئەدا و بەڵێنی پێئەدان بەرامبەر بەوەی زمان لەوهاورێیانەیان بدەن کە بەکوردی قسەئەکەن یا بەخراپ ناوی مستەفا کەمال ئەبەن. خۆشبەختانە ئەوانە ژمارەیان کەمبوو و بەئاسانیی هاوپۆلەکانیان ناسیانن و ئافەرۆزیان کردن، هەندێك جاریش بەدەستی هاوپۆلەکانیان لێدانیان ئەخوارد، بەڵام بەرێوەبەرێتی قوتابخانەکە هەمووجارێك ئەچوو بەهانایانەوە و یارمەتی ئەدان و بەبێ دوودڵی توندترین

ڕێوشوێنیان نەگرتەبەر لەدژی نەیارەکانیان و جۆرەها پەلپ و بیانوو و سەرئێشەیان بۆ دروست نەکردن.

لەلای خۆمەوە یەك وشەشم لەبارەی ئەو کەشەوە کەباڵی بەسەر قوتابخانەکەماندا کێشابوو لەلای کەس باس نەئەکرد. بەم شێوەیە کات ئەڕۆیشت و هەموو خێزانەکە هەوڵی زۆریان ئەدا تا ژیانم ئاسوودە بکەن.

جارجارە هەواڵە ناخۆشەکان نیگەرانیان ئەکردین، وەك ئەوەی زانیمان دادگەی سەربەخۆیی لەنەلعەزیز بەردەوام ئەبێت لەکارەکانی و سەدان کوردی ناردووە بۆ سێدارە. ئەوەشمان بیست کە ئەفسەرێکی گەنجی ژەندرمە لەگاردی تایبەتی مستەفا کەمال نێردراوە بۆ کوردستان بۆ سوکایەتیی پێکردن و ئەشکەنجەدانی ئەو کوردانەی کاربەدەستان بەمەترسییان ئەزانن.

ئەم جەللادە خووی وابوو کەجنێوبدات و گیراوە سیاسییەکان بوروژێنێت، هەندێك جاریش بەرێکەوت لەناو گیراوەکاندا پیاوانی بەتەمەنی هەڵئەبژارد و تفی ئەکردە دەموچاویان، زللەی لێئەدان و ئەیخستن بەئەرزدا و بەپێوە ئەچووە سەریان. ئێمە بیرۆکەی ئەوەی کەئەو پیاوە بێویژدانە بەو شێوازە ناشرینە لەگەڵ کەسوکارمان هەڵسوکەوت بکات، گیانی ئەهێنایە لەرزین.

پشووی هاوین دەستی پێکرد و دایکم هەرنەگەڕایەوە.

هەندێك لەو میوانەی من حەزم لێیان بوو پێگەیشتبوون، وەك، گێلاس و هەرمێ و ترێی کشمیشیی و تووی سپی بریقەداری وەك مرواری کە تامی هەنگوین ئەدا، بەسەر لقەبەرزەکانی یەکێك لەدارتووەکاندا سەرئەکەوتم و ئەو توانەم لێئەکردەوە کە لەبەرهەتاوەکە بوون. یەکێك لەنیوەڕۆ خۆشەکانی حوزەیران، دوای ئەوەی هەڵبەزودابەزم کرد و مەلەم کرد و تا تێربووم میوەم خوارد بەهاوڕێیەتی ئامۆزاکەم دابەزیمە خوارەوە بۆ

مادن، کاتێك ئەمویست خۆم هەڵدەمە سەرپشتی کەرەکـەم، حەسـەنە فەنـدی دراوسـێمان بەرەورووم هات:

-(چاوەڕێبە پاشا چاوەڕێبە، هەواڵی گرنگم پێیە). منیش کەرەکـەم دایەدەسـت کـوڕی مامەکەم، کاتێك گمیشتمەلای باوەشی پیاکردم و ناوچاوانی ماچکردم و وتی:

-(ئـەوا یـەکێك لەئەنـدامانی خێزانەکـەتان سـەری بەرزکردینـەوە، ئێمـە شـانازی پێوەئەکەین، چونکە کەرامەتمانی بـۆ گێڕاینـەوە، بـڕۆ بەماڵـەوە بڵـێ کـە براگەورەکـەت، دکتۆر، زۆر خراپ لەعەلی حەیدەری داوە و جارێکی تر ناوێرێت خراپە لەگەڵ زیندانییـەکان بکات، خێرا بڕۆرەوە بۆ مادن و خوا ئاگای لێت بێت).

کـە گەیـشتمە مـادن هەواڵەکـە وەك تەنینـەوەی ئـاگر لـەناو پووشـدا بەشـارەکەدا بڵاوبووبووەوە، لەماڵی ئێمە هەمووان بیستبوویان و دڵخۆشی خۆیان دەرئەبڕی، بەڵام کـەس وردەکارییەکانی بۆ باس نەکردبوون کە دواتر زانیم:

رۆژێکیان پێش ڕووداوەکە، عـەلی حەیـدەر هێرشـی کردبووەسـەر بـاوکم، هێنابوویـە بەردەمی خۆی و ریشی راکێشابوو و بەم وشانە سوکایەتیی پێکردبوو:

-(تۆ ئەو چڕوچاوەت کە لەپیرەمێردێکی ساداتی ئۆلۆمپ ئەچێت، وا دیـارە هەمیـشە تەحەدامان ئەکەین، بەڵام پێت بڵێم لەدەستمان دەرناچیت و زوویێـت یـان درەنـگ، بەڵگـە ئەدۆزینەوە کە کاری تێکدەرانەت کردووە و دوژمنایەتی نەتەوەی تورك ئەکەیت.)

باوکم وەڵامی ئەداتەوە:

-(گەر بەدوای راستیدا ئەگەڕێن هیچ بەڵگەیەك نادۆزنەوە تاوانبارم بکات.)

-(بێدەنگ، کوردی بێقیمەتی پیس).

ئەمە ئەڵێت و ئەچێتە دەرەوە.

براکەم کەراهاتبوو باوکم بەرێزەوە ببینێ کەپایە و رێزی خۆی هەیە لەناو خەڵکـدا، لـەم رەفتارەی عەلی حەیدەر زۆر تووڕە ئەبێت و بڕیارئەدات تۆڵـەی لێبکاتـەوە. بۆیـە بـەدوای

شتێکدا نەگەڕێت. شیشێکی ئاسنی دەستنەکەوێت و بڕیاردەدات گەر جارێکیتر ئەو ئەفسەرە بەرۆکی باوکمی گرت شیشەکە بکێشێت بەسەریدا.
شیشەکە ئەشارێتەوە، بەڵام هاوڕێ زیندانییەکانی ئەیدۆزنەوە و وای بەباش ئەزانن لێی بشارنەوە.
رۆژی دواتر کاتێک عەلی حەیدەر دێت، روونەکاتەوە باوکم و دەستنەکاتەوە بەدووبارەکردنەوەی هەمان شانۆگەریی پێشوو، لەوکاتەدا براکەم بەهێمنی لەریزەکە دێتە دەرەوە و بەدوای چەکەکەیدا ئەگەڕێت، بەڵام کاتێک شیشەکە نادۆزێتەوە تووڕەییەکی شێتانە ئەیگرێت، پەلاماری ئەفسەرەکە ئەدات و بۆکسێکی توند ئەکێشێت بەدەموچاویدا، لەئەنجامدا نێردراوەکەی مستەفا کەمال ئەکەوێت بەزەویدا، کاتێک زیندانییەکانی تر ئەم دیمەنە ئەبینن ئەکەونە شەق و بۆکسبارانی عەلی حەیدەر کە لەئەرزەکەدا کەوتبوو، پاسەوانەکانیش کە هەموویان کوردبوون و هەندێکیشیان مادنی بوون تا دواچرکە خۆیانبوارد و لەکۆتاییدا سەرۆکەکەیان لەمەرگێکی مسۆگەر رزگارکرد.
لەکاتی لێکۆڵینەوە لەو رووداوە، ئەو سەربازانەی بانگکرابوون بۆ شایەتیدان، بەرپرسیارێتی رووداوەکەیان خستەسەرشانی عەلی حەیدەر و بەجەلاد و درندە وەسفیان کرد. بەهۆی پشتیوانیی پاسەوانەکان و براکەشم بروسکەی نارد بۆ مستەفا کەمال و سەرۆکی پەرلەمان کەکاریگەریی باشیان هەبوو، عەلی حەیدەر سزادرا و دوائەوە جارێکیتر سەردانی زیندانەکەی نەکردەوە.
دوای چەند مانگێك دادگەی سەربەخۆیی گەڕایەوە بۆ دیاربەکر، ئەم گۆڕانکارییە بووەهۆی ئەوەی گیراوەکان لەئەلعەزیزەوە بگوێزنەوە بۆ دیاربەکر، ئەمجارەیان پێشتر کات و رۆژی تێپەڕبوونی گیراوەکانمان بەمادندا ئەزانی، یەکێك بوو لەرۆژەکانی ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم لەدەوروبەری نیوەڕۆدا. لەو رۆژەدا زۆربەی دانیشتوانی مادن بەپێ کەوتنەرێ بۆ پێشوازیکردنی کاروانەکە. کاتێک گەیشتنە بەرزایی ئاستی بێستانی

ئاوپرژێنەکان، ژەندرمەکان ڕێگریی خەڵکیان نەکرد لەبەرەوپێشچوون و تێیان گەیاندن کەکاروانەکە لای مەڵەوانگە گەورەکەی باخەکە لائەدات.

ئەوکاتە من تەمەنم شەش ساڵ و نیوبوو، بەراکردن چووم بۆ ئەوێ تالەنزیکەوە بیانبینم و باوکم و کاکم ڕزگاربکەم، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتەکە کۆمەڵێکی زۆر سەربازی سوارەی پرچەك دەرکەوتن کە دەوری گالیسکەیەکی قورسی سەربەتاڵیان دابوو.

لەناو گیراو و دەستبەسەرەکاندا دەموچاوی باوکم ناسییەوە، بەهەموو هێزی خۆم کەوتمە بانگکردنی و دەست ڕاوەشاندن:(بابە بابە) ئەو سەربازە تورکەی لەبەردەممدا وەستابوو فەرمانی پێکردم کە بێدەنگ بم: (ئەو جوڵەجوڵەمەکە ئەگینا کەلەپچە ئەکەمە دەستی تۆش)، بەبۆڵە بۆڵێکەوە ئەمەی پێوتم. دەموچاوی و تفەنگەکەی و شێوازی قسەکەی بێدەنگی کردم و کەوتمە هەنسکدان. کاتێك کاروانەکە نزیك بووەوە سەربازەکان جەماوەرەکەیان ئاگادارکردەوە لەگیراوەکان نزیك نەکەونەوە، و ماوەی چەند سەدمەترێك لێیانەوە دوور بوون، ڕێگەش بەمناڵەکان نەدرا بچن و دەستکەنەملی باوك و براو خزمەکانیان، هەروەها ڕێگە بەگیراوەکانیش نەدرا سەیری ئێمە بکەن، بەڵام ئەمە ڕێگرنەبوو لەوەی کە بیانبینین دوو دوو پێکەوە کەلەپچەکراوەتە دەستیان و زنجیرێکی درێژی پێوەیە کە ئەوسەرەکەی بەدەست یەکێك لەژەندرمەکانەوەیە. چوونە خوارەوە بۆ باخەکە بەرێگەیەکی باریکدا کە ئەچووەسەر حەوزەکە. سەربازەکان نەیانهێشت ژنەکان هەموو ئەو کەلوپەل و دیارییانەی هێنابوویان بۆ کەسوکارە گیراوەکانیان بیاندەنێ، بەبیانووی ئەوەی لەوانەیە شتی ترسناکیان تیا شاردرابێتەوە، تەنانەت خواردن و خواردنەوەشیان وەرنەگرت، جگە لەوانەی کە لەژێر چاودێری بەرێوەبەری ناوچە و فەرماندەیی ژەندرمەی ماردندا ئامادەکرابوون، چونکە ئەوان جێی گومان نەبوون.

دوای کەمتر لەسەعاتێك فەرماندەی سەربازەکان فەرمانیدایە خەڵکەکە ئەوناوە چۆڵ بکەن و بچنەوەماڵی خۆیان، سەربازەکان بەتوندی کەوتنەدوای ئەو کەسانەی کەلەلەرەقییان

کرد یا خۆیان دوانەخست و تەنانەت کەوتنە قامچیکاریی کردنی ئەوژن و کچانەی دڵیان نەئەهات هاوسەرەکانیان و باوکیان جێبهێڵن. سەرەنجام خەڵکەکە بەدڵشکاویی و سینەی پڕخەم و چاوی پڕفرمێسکەوە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە.

دوای مانگێك دایکم گەڕایەوە بۆ مادن. بەڵام تەندروستیی زۆرخراپتربوبوو بەهۆی شەکەتیی سەفەرەکەوە. بانگی کردم و سەیری سەرتاپای کردم و ماچیکردم وتی:

-(کوڕە بچکۆلەکەم دیارە بایەخی چاکیان پێداوی، زۆرشادمانم کە تەندروستیت باشە، شکور ئەدرەوشێیتەوە، دیارە خوشکەکەت شایەنی ئەو ئەرکەبوو کەتۆم بەئەمانەت لای بەجێهێشتبوو، و تەنیا هێندەم لەدەستێت سوپاس و دەستخۆشی لێبکەم کە ئاگای لەهەموو شتەکان بووە).

بەحاڵ قسەکانی تەواوکردبوو کە دەستی لەسەرسەرم کەوتەخوارەوە ودەموچاوی عارەقی دەرداو رەنگی سپی بوو و کەوتەسەر ئەرزەکە. ئامۆژنم و خوشکە گەورەکەم و ئەو ژنانەی تر کە هاتبوون بۆ بەخێرهاتنەوەی بەپەلە کەوتنە شێلانی دەست و قاچی و دەوروبەری دڵی و وایان لێکرد هەوا هەڵمژێت، بەڵام تا دوای سەعاتێك نەهاتەوە هۆش خۆی.

کاتێك هۆشی هاتەوە، دایکم بەئارامی کەوتەگێڕانەوەی ئەوەی ئەم بوورانەوەیە ماوەیەکە دووبارە ئەبێتەوە و جارجار ماوەکەی درێژترئەبێت و لەهۆش خۆچوونەکەشی توندترئەبێت، ئەم شەکەتییەی دایکم هەموومانی خەمبارترکرد لەوەی خۆمان پێشتر تیایدا ئەژیاین.

بەم شێوەیە و لەتامەزرۆیی و نیگەرانی و ترسدا زستان و بەهار تێپەڕین، دەزگای دادوەریی و پۆلیس کە هەردووکیان بەتەواوی بڕوایان بەبێتاوانی باوکم و براکەم هەبوو، فەرمانبەرەکان کەوتنەخۆ بۆ ئەوەی زۆرترین بەرتیلمان لێوەربگرن. بەمەبەستی

بەدەستهێنانی بڕێك پارەی زۆرتر، دایكم و خوشكەكەم و ئـامۆژنم خـشڵەكانیان فرۆشـت و ناچاربووین دووجوانوو و دووئەسپیش بفرۆشین بۆ رزگاركردنی ژیانی باوكم و كاكم.

ماوە ماوە مستەفاكەمال هەندێك رێوشوێنی ئەگرتەبەر بـۆ گـۆڕینی دابونەریتـەكان و بەخۆرئاواییكردنی توركیا. دوای ئـەوەی تـەربووش و تۆربـانی قەدەغـەكرد، لەسـەركردنی شەپقە و سدارەی بـەزۆر سـەپاند. مـستەفا كـەمال بڕیاریـدا بنـەماكانی كۆمـەڵی كـورد بەتەواوی لەق بكات، ئەویش بەپەلاماردانی یەكێك لەنەریتە پیرۆزەكـانی، و دیوەخانـداریی قەدەغـەكرد، بۆیـە بەپەلـە كەوتینـە داخـستنی دیوەخانەكـەمان و بـەڕێكردنی ئـەو خزمەتكارانەی كاریان ئەكرد. دژایـەتی كردنـی بڕیارەكـانی ئەنكـەرە و مـستەفاكەمال و هێشتنەوەی دیوەخانەكان قوربانیدانێكی گەورەئەبوو لەلایـەن گـەلی كـوردەوە، بەتایبـەت باری خێزانەكـەی ئێمـە رێـی پێنـەداین بڕیـارێكی ئیمزاكـراو لەلایـەن مـستەفاكەمالەوە پـشتگوێ بخـەین. ئـەو كەسـانەی وا ڕاهـاتبوون كـەلای ئێمـە پەنایـەك بدۆزنـەوە، ئـەم هەلگەڕانەوەیەی ئێمەیان پێ قبوڵ نەئەكراو زۆركـەس كاتێـك دەرگـەی دیوەخانەكـەمانیان بەداخراویی ئەبینی ئەم رەفتارەی ئێمەیان بەخیانەت دائەنا.

ئێستاش كاردانەوەی (كارك ئاغا)م دێتەوە بیر، كە یەكێك بوو لـەپیاوماقوڵانی گونـدی كریسوور. پیاوێكی ناسراوبوو بەئازایەتی و ململانێكانی لەگەڵ حكومەت. كە ئـەهات بـۆ مادن چەندین هەفتـە لەدیوەخانەكـەمان ئەمایـەوە، پیـاوێكی رێـك و راسـت و ئـازابوو. لەهەرزەكاریدا و لـەكاتی یـەكێك لەشـەڕە زۆرەكانیـدا گوللەیـەك بەگەردنیـدا تێپـەڕێت و حەكیمێكی شـارەزای ئەلعـەزیز رزگـاری ئـەكات، بـەڵام دوای ئـەوە دەنگـی گڕئـەبێت و لەوەشەوە نازناوی (كارك ئاغا)ی لێئەنێن واتە ئاغای مل كورت- خۆی ناوی عیزەت بوو.

رۆژێكیان من لەبەردەم دیوەخانەكەدا یاریم ئـەكرد بینـیم كـارك ئاغـا پـاڵ بەدەرگـەی حەوشەی دیوەخانەكەوە ئەنێت كـە رانـەهاتبوو بـەداخراوی ببینێـت، زۆری پاڵنـا، بـەڵام دەرگە گەورە كۆنە لەدارگوێز دروستكراوەكە نەجوڵا و رێگـەی نـەدا بـچێتە ژوورەوە، ئـیتر ئاورێكی بۆ لای ئێمە دایەوە و منی لەناو منداڵەكاندا ناسییەوە و بانگی كردم:

-ئا..ئەفەندی بچکۆلە پێم بڵێ، ئەوە ئێرە کەسی لێنییە.

-نەخێر.

بەشڵەژاوی وەڵامم دایەوە.

-ئەی خزمەتکارەکان لێرەنین دەرگەکەمان لێبکەنەوە؟

-نەخێر لێرە نەماون؟

-لێرە نەماون، چۆن؟

-ئیزنماندان.

-بۆ هیچییان کردبوو؟

-نا..نەخێر، بەڵام بەپێی بڕیاری حکومەت دیوەخانەکەمان داخست.

-ئەوە چی ئـەڵێیت ئەفەنـدی؟! دیوەخانەکـەتان داخـست؟! واتـە پێـشوازی لـەمیوان ناکەن؟! بەڵام شتی وانابێت! دیارە شێت بوون؟!

-هەراسـان مەبـە کـارك ئاغـا، ئێمـە وامـان نـەکردووە، حکومـەت داوای ئـەوەی لێکردووین.

-مادەم خێزانەکەتان ئـەژین ئەگـەر خـواش داواتـان لێبکـات نابێـت دیوەخانەکـەتان دابخەن، ئەمە لاوازییە، بگرە ترسنۆکییە.

پاشان بەتووڕەییەوە هاواری کرد:

-ئێستا دەرگەکە ئەشکێنم.

بەسنگە پانە بەهێزەکەی کەوتـە پاڵنـان بەدەرگەکـەوە، بەهـەموو هێـزی خـۆی پـاڵی پێوەئەنا و قوڵفە ئاسنەکەی بەرزکردبۆوە، بەڵام هەموو خۆماندووکردنەکەی بەباچوو، ئـاخر ئەو کارە دە پیاوی بەخۆی ئەویست تا ئەو دەرگە زلە بـشکێنن، کـە دەرگەیـەکی دێرینـی کەلتووریی بوو و دارتاشێکی ئەرمـەن لەدیاربـەکر دروسـتی کردبـوو. کـارك ئاغـا چـەند

خولەکێکی تریش هەر خەریکی دەرگەکە بوو، بەڵام کەزانی هەوڵەکانی بێهودەیە دەستی هەڵگرت و بەبۆڵەبۆڵەوە وتی:

-(ئەمە ترسنۆکییە، گەر یوسفە ئەفەندی ئازاد بوایە ملکەچی ئەم بڕیارە خراپەی ئەنکەرە نەئەبوو، دیوەخانەکانمان ماڵی باوو باپیرانمانن و نابێت هەرگیز دابخرێن، وەك چۆن ماڵی خوا داناخرێت).

بەدەم ئەم قسانەوە کارك ئاغا دوورکەوتەوە. کاردانەوەکەی زۆر کاری تێکردم و ئیتر تاقەتی یاریم نەما لەگەڵ هاورێکانم. چووم و رووداوەکەم بۆ دایکم گێرایەوە کە بەهێمنی گوێی لێگرتم پێشئەوەی دەستبکات بەگریان:

-(کارك ئاغا هەقێتی ئەو قسەیە بکات، بەڵام ئێمە لەمبارەیەوە هیچمان لەدەستنایەت، ئەبێت لەخوا بپارێینەوە سزای ئەو زاڵمانە بدات کە زوو یا درەنگ سزای پڕ بەپێستی خۆیان وەرئەگرن). بەدەم هەنسك و سڕینی فرمێسکەکانییەوە ئەم قسانەی ئەکرد.

کۆتایی بەهاربوو کە هێشتا زاڵمەکان هەر حوکمیان ئەکرد، هەواڵی خۆشمان پێگەیشت، لەئەنجامی ئەو پارە زۆرەی دایکم دابووی بەسەرۆکی دادگەی سەربەخۆیی و یاریدەدەرەکانی، پێیان وتین لەماوەیەکی کورتدا و بەشێوازێکی سادە و ئاسان چاو بەدادگایی باوکم و کاکم و مامم-دا ئەگێڕنەوە. هەروەها پێیان وتین کە هەرسێکیان بێتاوان دەرئەچن. لەدەوروبەری ناوەڕاستی حوزەیراندا وەك پیشەی هەمیشەیمان بارەگامان گواستەوە بۆ زەوییەکەمان، ئەو رۆژانە بەخێرایی تێپەڕین و لەسەرەتای هاویندا بەنیگەرانییەوە چاوەڕوانبووین. چەندین پرسیار بەمێشکمدا ئەهات و ئەچوو سەبارەت بەکاتی دادگاییەکە و بۆچی ئازادیان ناکەن؟ و کەی ئەیانبینین؟.

مـانگی حـوزەیران پڕبـوو لەپرسـیار. سـەرەنجام و لـە ١٠ی تـەمووزدا رەسـۆی بـرام بروسکەیەکی کرد کـە بـاوکم و کـاکم و مـامم بێتـاوان دەرچـوون و ئازادیـان کـردوون و دەوروبەری نیوەڕۆی ١٥ی تەمووز ئەگەنەوە مادن.

ئەو پێنج رۆژەی چاوەڕێمان کردن بـە ١٠٠ سـاڵ لێمـان رۆیـی. کـە بیرمـان ئـەکردەوە بەسەلامەت و ئازادیی ئەیانبینین دڵمان لەخۆشیدا تەپەتەپی ئەکرد و خەومان لێزڕابوو.

سـەر لەبـەیانی ١٥ی تـەمووز بـێ ئـەوەی کـەس ئاگاداربکەمـەوە سـواری جوانـووە سـپییەکەمان بـووم و رێـی دیاربـەکرم گرتەبـەر، لـەماوەی سـەعاتێکدا ١٥کـم لـەمادن دوورکەوتبوومەوە. کە کەسم نەبینی، راوەستام و بەدوای لەوەڕگەیەکدا ئەگەڕام بـۆ ئـەوەی جوانووەکە ماندوویی رێگەی بحەسێتەوە و بۆخۆی بلەوەڕێت. کانییەکی بچووکم بینی کە بۆ ئەوەی، بیگەمێ تەنیا پێویستم بەوەبوو بەبەرەوخوارەیەکدا تۆزێك بچمەخوارەوە تا بگەمـە سێبەری داربییەك کە بەشێوەیەکی سەیر لەبزنـە برسـییەکان رزگـاری بوویـوو. لەسـێبەری دارەکەدا دانیشتم و چاودێریی جوانووەکەم ئەکرد کەبەزەوقەوە لەگیا تەڕەکەدا ئەلەوەڕا.

گوێم لەدەنگی ئۆتۆمبیلێك بوو، لەشوێنەکەی خۆم هەڵبەزیمەوە، ئاوڕم بۆدایـەوە، بـەڵام لەپێچەکەدا ونبوو. دڵنیابووم کەباوکم لەناو ئەو ئۆتۆمبیلەدایـە، بۆیـە سـواری جوانووەکـە بـووم و بـەغار کەوتمـە دوای ئۆتۆمبیلەکـە کـە دوای ١٠ خولـەك راوەسـتا، و کەسـێکی لێدابەزی، بابەگیان بوو کە دوای ١٨ مانگ زیندان زۆر زۆرم بیرئەکرد، زۆربەگەرمی ماچـی کردم و سەیرم کرد چاوی پڕبووە لـەئاو و زۆر لـەخۆی ئـەکات کـە فرمێـسکەکانی نەیەتـە خوارەوە، باوکم بەخەمبارییەوە لێیپرسیم:

-ئەوە هەر بەتەنیا هاتوویت بۆ بینینمان؟

-بەڵێ بابە، چونکە دایکم لەترسی پێشوازییەکی جـەماوەریی کـە دەسـەڵاتداران لێـی نارازی بن هەواڵەکەی ئاشکرا نەکرد.

بەدەنگێکی نزمەوە ئەمەم پێوت.

-(ئا..بەڵێ) بەپێکەنینێکی چاوە بچووکە جوانەکانییەوە وەڵامی دامەوە.

لەوکاتەدا براکانیشم لەئۆتۆمبیلەکە دابەزین بۆ ماچکردنم، ماندوویی و شەکەتیی بەسیمایانەوە دیاربوو، سەرنجیشم دا رەسۆی برام زۆرماندووبوو، و دەموچاوە سپییە جوانەکەی ژاکابوو، چونکە بەدرێژایی ماوەی زیندانیی باوکم و کاکم، هەموو توانای خۆی خستبووەگەڕ بۆ یارمەتیدانیان و رزگارکردنیان لەمۆتەکەی مەرگ. ئەرکێکی لەوجۆرە بواری حەوانەوەی بۆ لاوێکی تەمەن ١٨ بەهار نەئەهێشتەوە.

رەسۆ داوای لێکردم لەشوێنی ئەو سواری ئۆتۆمبیلەکەبیم، چونکە حەزی ئەکرد بەسواربوونی وڵاخەکە تۆزێك قاچەکانی بحەوێنێتەوە، ئەوەش گەورەترین هیوای من بوو، چونکە زۆرم حەزئەکرد لەگەڵ باوکم و کاکمدا بم. بەبێ دەنگ کەوتینە رێ . کاتێك گەیشتینە سەر رێی باخەکەمان لەپڕ خەڵکێکی زۆرمان تووش بوو کە لەباخەکانی دەوروبەرەوە بەهەڵەداوان هاتبوون. پرسیمان ئاخۆ چۆن بەگەیشتنی باوکم و کاکم و مامیان زانیوە! هەموویان بەژن و پیاوەوە کۆبووبوونەوە و جلوبەرگی رەنگاورەنگی تایبەت بەجەژنانیان لەبەرکردبوو و هاواریان ئەکرد:

-(بژی یوسفە ئەفەندی، بژی دکتۆر نافیز، بەخێربێنەوە.)

باوکم دەستی بۆ راتەوەشاندن و هەوڵی ئەدا تێیان بگەیەنێت کە ئەم خۆپیشاندانە لەکات و شوێنی گونجاوی خۆیدا نییە، بۆ ئێمەش و بۆ ئەوانیش باشتروایە کە بێدەنگ بن و بڵاوەی لێبکەن، بەڵام جۆش و خرۆشی جەماوەرەکە زیادی کرد و گەیشتە لوتکە کاتێك دوان لەدراوسێکانمان (یالیل) و (ماندووئاغا) خۆیانکرد بەناو جەماوەرەکەدا و یەکی بەرانێکیان بەدەستەوەبوو، یەکێکیان بەرەولای باوکم و ئەویتریان بەرەولای براکەم هات و کاتێك گەیشتینە نزیکی چەند مەترێك لێیانەوە ئاماژەیان بۆ ئەو دوو قەسابەکرد کە لەگەڵیان بوون، ئەوان ئامادەبوون هەردوو ئاژەڵەکە بکەنە قوربانیی (ئەوانەی لەپەتی سێدارە رزگاریان بوو). لەچاوتروکانێکدا دوو پیاوەکە دوو بەرانەکەیان دا بەزەویدا و یەکی

دووکێردی گەورەیان لەقایشە پانەکانی پشتیان دەرهێنـا و خـستیانە سـەرملی بەرانـەکان. رەنگی خوێن زەوییەکەی سوورکرد، دوای چەند لەقە فرتێیەك دووبەرانەکە رۆحیان دەرچـوو. باوکم لەجیاتی ئەوەی بەم رێزلێنانە شـادمان بێـت، هەراسـان بـوو و ئـەم جـۆرە کارانـەی بەسیمای دڕندایەتی ئەزانی:

-(نابێ ئەم کارە بکەن) باوکم هاواریکرد، بەڵام جەماوەرەکە بڕوای وابوو بەم قوربانیانـە سوپاسی خوایان کردووە. شادمانی و هەڵهەلەکێشانی پیرەژنەکان دەربڕینی شـادمانیی بـوو بەم کۆبوونەوەیە کە ماوەیەکی درێژبوو رووی نەدابوو.

لەم ماوەیەدا دایکم بەتامەزرۆییەوە چـاوەڕوانی مێردەکـەی و کـوڕە خۆشەویـستەکەی نەکرد، تا ئەوکاتە گەیشتبووە سەرەتای گۆڕەپانەکـە. دایکـم و بـاوکم بەشـێوازی کـوردی دەستیان کردە ملی یەك، شانی یـەکتریـان مـاچ کـرد، بـەڵام دەسـت لەملانەکـەیان زۆری نەخایاند، چونکە دایکم پەلـەی بـوو کـەکوڕە نۆبەرەکـەی بگرێتـە ئـامێز و سـەری بنـێ بەسنگییەوە، بەگەرمی روومەتی ماچ کردو بەکوڵ فرمێسکی ئەڕشت و وتی:

-ئۆه نافیز، نـافیز تـۆ زینـدوویت، لەنزیکمـەوەیت، ئـیتر لەمـەودوا هـەرگیز بـەجێم نەهێڵیت، چەند رۆژێکم ماوە لەم ژیانەدا بۆم پڕبکە لەشادمانی، رۆڵە لەناوماندا بمێنـەرەوە، لەمادن بمێنەرەوە.

-مەگری دایەگیان، مەگری، بـەوردی بـیری لێنەکەمـەوە و سـەیرنەکەم بـزانم نـەتوانم لەمادن بمێنمەوە، بەهەرحاڵ دیاربەکر دوورنییە و سەرەڕای خراپـی رێگـە ئـەتوانم هـەردوو هەفتە جارێك سەردانت بکەم.

-(نا) دایکم لێیپاڕایەوە (ئەمەوێت هەموو رۆژێك لەپەنا خۆمدا بتبینم).

-باشە دایە، هێمن بەرەوە، رێم بدە فرمێـسکی ئـەو چـاوە جوانـە بـڕژانگ درێژانـەت بـسڕم، نامـەوێت ئـاوا خـەمبار بیـانبینم، چـونکە بـۆ پێکـەنین و پەخـشکردنی شـادی

دروستكراون نەك بۆ خەم و پەرۆشیی و تامەزرۆیی، با ئێستا بەپێكەنینەوە بڕۆین و ڕێبدەین زەمانە هەمووشتێك ڕێكبخات.

دایكم ئارام بووەوە و گەڕایەوە جیهانی بوون، چونكە ئەبوو سەرپەرشتیی چێشتخانەكە بكات و دڵنیابێت لەپێشوازیی چاك لەمیوانەكان، كەبە ژمارەی زۆرهاتبوون بۆ پیرۆزبایی لەخزمەكانمان كە زیاد لەساڵ و نیوێك لەزینداندا بوون. هەندێكیان بۆنەكەیان ئەقۆستەوە بۆ ئەوەی راوێژ بەكاكم بكەن لەبارەی نەخۆشییەكانیانەوە، و هەندێكیشیان تكایان لێدەكرد لەمادن نیشتەجێ بێت. میوانەكان لەهەموولایەكەوە ئەهاتن بەپێ یا بەسواری ئەسپ و كەر و ئێستر. بەلای منەوە هەلێكی زێڕین بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەسپی پێشبڕكێ و بردنی بۆ سەر ڕێگە قیرتاوكراوەكە و غارپێكردنی، هاوڕێ بچووكەكانیشم لەباخەكانی دەوروبەرەوە بانگ ئەكرد بۆ بەشداریكردن لەم پێشبڕكێی ئەسپ سوارییەدا. هاتووچۆی میوانەكان دووهەفتە بەردەوامبوو، دوای ئەوەی كاكم رایگەیاند كە بەنیازە بگەڕێتەوە بۆ دیاربەكر، چونكە لەوێ كلینكێكی پزیشكی هەبوو و پۆستی پزیشكی فەرمیی شارەوانیشی هەبوو.

ژیانی سیاسیی لەوڵاتدا گۆڕا. لەژێر گوشاری هەندێك لەیاریدەدەرەكانیدا، مستەفا كەمال بڕیاری دا ڕژێمەكە بكاتە دیموكراسی و پەنای بۆ شێوازی تری جگە لەهێز برد بۆ بەتوركردنی كورد، و فەرمانی دا لە١٥/ ١١/١٩٢٧دا هەڵبژاردنی نوێ بكرێت بۆ شارەوانییەكان لەسەرتاسەری توركیادا.

مادن بوو بەناوچە، و لەماوەیەكی زۆر كورتدا دەستیكرد بەڕێكخستنەوەی وەبەرهێنانی مس، و قوتابخانە ناوخۆییەكە خرایە سەر قوتابخانە سەرەتاییەكەی كوڕان بەمەبەستی جێكردنەوەی كوڕانی گوندنشینە كوردەكان.

قوتابخانەكە بەشێك لەخوێندكارە شارییەكانی دەركرد تا جێگەی خوێندكارانی دێهات ببێتەوە كە شوێنی مانەوە و خواردن و جلوبەرگ و خوێندنیان بەخۆڕایی بوو. ئەوانە كە هەرگیز یەك وشەی توركییان نەبیستبوو، ئامانج لەم كارە ئەوەبوو فێری زمانی توركییان

بکەن و ئایدۆلۆژیای (باڵادەستیی گەلی تورك) بخەنە مێشکیانەوە، بەڵام ئەم ئەزموونە لەچەند مانگێك زیاتر بەردەوام نەبوو، لەلایەکەوە لەبەر لاوازیی توانای دارایی و لەلایەکی ترەوە بەرپرسانی تورك ناچاربوون دان راستییەکەدا بنێن.

ئەم شێوازە چارەسەرێکی سەرکەوتوو نەبوو بۆ هەموو کێشەکانی تورك کە یەکێك لەئەرکەکانی سڕینەوەی گەلی کوردبوو بەشێوازێکی جادوویی. بەڵام ئەنجامەکانی بەدڵی بەرپرسان نەبوو و پێچەوانەی پێشبینییەکانیان بوو، سەرەڕای ئەوەی ئەو منداڵە بچووکانەی لەبەشی ناوخۆیی بوون بەخێرایی فێری زمانی تورکی ئەبوون، بەڵام بەردەوام هەر بەزمانی کوردی قسەیان ئەکرد و مێشکداشۆرینی رۆژانە نەیتوانیبوو کاری تێبکات.

سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی شارەوانی و لەوکاتەوە کەسوکارمان بیستبوویان، هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ تا کاکم بگەیەننە سەرۆکایەتی شارەوانی مادن،کە لەژێر گوشاری خێزانەکەماندا خۆی کاندیدکرد، بەڵام هەر لەدیاریەکر نیشتەجێبوو، و بەشداریی هەڵمەتی هەڵبژاردنی نەکرد کە زۆر گەرم و گوڕبوو، چونکە دەوڵەت هەموو شێوازێکی گرتەبەر بۆ دژایەتیکردنی خۆکاندیدکردنەکەی. ئێوارەی ١٦ی تشرینی دووەم ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان راگەیەنرا و کاکم بەسەرۆکی شارەوانی هەڵبژێررا و پارتەکەمان زۆربەی هەرەزۆری کورسییەکانی ئەنجومەنی شارەوانی بردەوە. بارودۆخی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە کاکمی خستەبەردەم راستییەکە و ناچاریکرد دیاریەکر بەجێبهێڵێ و بەپەلە بگەڕێتەوە بۆ مادن. دایکم زۆر شادمان بوو بەم رووداوە. نیوەڕۆیەکی مانگی تشرینی دووەم کاکم گەیشتەجێ، لەپرێکدا لەخەوهەستاین، کچێکی رەشتاڵەی چوارشانە وەك درەختی سەروو لەبەردەمماندا وەستابوو و بەخۆشەویستییەوە سەیری ئەکردین.

لەو چیرۆکە میللیانەی کە پێش خەوتن زۆر گوێمان لێئەگرت، رۆڵی سەرەکیی کوڕە پاڵەوانێك یا کچە پاڵەوانێکی رەش بوو کە زۆربەی جار لەم چیرۆکانەدا نمونەی پاکی و

دڵسۆزیی و گوێڕایەڵی بوون، بەڵام هەرگیز بەراستی نەماندیبوون، بۆیە هەم سەرسامبووین هەم شاگەشکە، (عیفەت)ی خوشکم کە تەمەنی سێ ساڵبوو، بەنازەوە لێی پرسی:

-(تۆ کێیت؟ و لەکوێوە هاتوویت؟)

کچە گەنجە رەشەکە لەشوێنی خۆی وەستابوو، خەندەیەکی فراوانی کرد کە دووڕیزی جوانی ددانی سپی دەرخست و بەشەرمێکەوە وبەزاراوەیەکی تورکمانی لای دیاربەکر وەڵامی دایەوە:

-ناوم برلانتە و لەدیاربەکرەوە هاتووم

-دیاربەکر رەشی وەك تۆی زۆر لێیە؟

-ئێمە ۱۰ کەسی خێزانێکین، ئەڵێن گوایە بەرەچەڵەك خەڵکی سودانین.

-(ئەی لای ئێمە ئەمێنیتەوە؟) من لێم پرسی:

-من هەرگیز دکتۆر جێ ناهێڵم و هیوادارم بەدرێژایی ژیانم خزمەتی بکەم مادام ئەو ئەیەوێت لەخزمەتیدا بمێنمەوە، مـن مردبـووم و ئـەو زینـدووی کردمـەوە، و ئەگـەر لێـرە بمێنیتەوە شادمان ئەبم بەوەی ئاگام لەئێوەش بێت، من منداڵم زۆر خۆش ئەوێت.

برلانت حەزی ئەکرد درێژە بەقسەکانی بدات، بەڵام دادە گوڵچین هاتەژوورەکەمان، دەستی ژنێکی قەڵەوی گرتبوو کە تەمەنی لەدەوروبەری ٤٠ ساڵدابوو و دووچاوی گەورەی درەوشەداری پێوەبوو لەگەڵ دەموچاوێکی گونجاوی رێکوپێك و سیمایەکی پاکی سپی:

-ئەمە چێشتلێنەرەکەی کاکمە، ناوی (مەقبولە باجی)یە ئێستا من زۆرشتی لەبارەوە ئەزانم و ئەزانم پێشتان خۆشە کە بزانن یاپراخ و شۆربایەکی زۆرخۆش لێئەنێت.

مەقبولە زۆر خێرا سەلماندی کە لەناستی ناوبانگەکەیدایە، و دایکم بەرپرسیارێتی چێشتخانەکەی پێسپارد.کە ئەرکێکی ئاسان نەبوو لەگەڵ ئەو هەموو هاتوچۆ بێوەستانەی میوانەکانمان، برلانتیش بەهۆی بەهێزیی و دانبەخۆداگرتن و خۆڕاگریی و سوعبەتە خۆشەکانیەوە بووە نزیکترین هاوڕێم.

لەبەرئـەوەی کـاکم لەلایـەن میللەتـەوە بەسـەرۆکی شـارەوانی هەڵبـژێردرابوو، بۆیـە بەرپرسانیش بەبەرێوەبەری نەخۆشخانەی مادن دایانمەزراند و دەستبەجێ کەوتە کـار. مـادن دۆخێکی نالەباری هەبوو، چونکە چالاکیی کانەکان بەتەواوی وەستابوو و دەوڵەت سـامانی ژێرزەوی وڵاتی خۆماڵی کردبوو و بەدوای رێگەکەیـدا ئەگـەڕا بـۆ وەبـەرهێنانی بەشـێوازی بنـەڕەتی و مـۆدێرن، و ئیدارەیـەکی پێکهێنـابوو بـۆ وەبـەرهێنانی مـس لـەمادن، بەسەرۆکایەتی ئەندازیارێکی کانـەکان،و لـەنێو ئـەو ئەنـدازیارە ئـەڵمانی و بەلژیکییانـەدا دەستنیشانیان کردبوو، کەدەوڵەت لەگـەڵیان رێککـەوتبوو بـۆ ئەنجامـدانی لێکۆڵینـەوەی پێویست.

لەچاوەڕوانیی دەستپێکردنی کارەکانـدا مـادن لـەدۆخێکی ئـابووریی سـەختدا بـوو، و لەبەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی بێبەشبوو.

نافیز کەوتەخۆ بۆ دابینکردنی سەرچـاوەی دارایـی و پێکهێنـانی کـادری هونـەریی. و سوودیشی لەپشتیوانی والی وەرگرت کە ئەنکەرە ناردبووی بۆ مادن. ئەو پیـاوێکی بـاش و تێگەیشتوو بـوو و نیازپـاك بـوو و لەسـەر سـووربوونی ئـەو، وەزارەتـی دارایـی رازیبـوو بەپێشکەشکردنی یارمەتییەکی دارایـی گـەورە بەشـارەوانی شـارەکەمان بـۆ ئەنجامـدانی کارەبەپەلەکان، هەروەها لەگەڵ کرێکـارە خۆماڵییـەکان رێککـەوت و خـەڵکانی پـسپۆڕی هێنا بۆ کارەکانی سیڤلی و تەندروستی و ئاو. کـاکم پێـشنیازی کـرد شـارەکەمان سـوود لەکارەبا وەربگرێت، هەرچەندە زۆرشاری گرنگتر لەمادن هێشتا کارەبایـان نـەدیبوو، بـەلام دەسەلاتدارانی بالا تێیانگەیاند کە تورکیا قوربانی ئەدات بەپارەی قورس و دەگمەنی خـۆی بۆ هێنانی کەلوپەلی ژیانیی تر.

نەخۆشخانە کۆنەکە بووبووە کەلاوەیەکی چـۆڵ، نـافیز کـاتێکی زۆری تـەرخانکرد بـۆ گـەڕان بـەدوای خانوویەکـدا کـە بگونجێـت وەك نەخۆشـخانە بـەکاربهێنرێت، سـەرئەنجام کوڕەکـەی قەدرییـە فەنـدی- ئـەو نیـشتمانپەروەرەی لەدیاربـەکر لەسـێدارەدرا- خـانووە

گەورەکەی خۆی کە پێکهاتبوو لەسێ قات بەخۆڕایی بەخشی تا بکرێتە نەخۆشخانە، کـاکم یاریدەدەرێکی بۆ خۆی دۆزییەوە ئەویش برینپێچی مۆڵەتدار (کەماڵە لووت درێژ) بـوو کـە لوتی زۆر زلبوو، لەگەڵ (ئەلیف) ئەو بێوەژنە ئازایەی کە چـەندین بـەهرەی هـەبوو و بـووە پەرسـتار لەنەخۆشـخانەکەدا، هـەروەها لەگـەڵ کـوڕ و کـچێکی گـەنجیش کـە خوێنـدنی سەرەتاییان تەواوکردبوو رێکەوت تا وەك دوو برینپێچی یاریـدەدەر کـاری لەگـەڵ بکـەن و لەکۆتاییشدا لەگەڵ (عەلی جەراح)ی عەریفی خانەنـشین رێککـەوت کـە یاریـدەدەری بێـت لەچارەسەری لەجێچوون و شکانی ئێسقاندا.

عەلی کەسـێکی دەگمـەنبوو لەپیـشەکەیدا، و زۆر شـارەزابوو لەپێکهاتـەی پەیکـەرە ئێسکی مرۆڤدا، و سەرەڕای ئـەوەی خوێندەوارییـەکی زۆری نـەبوو، بـەڵام هـەر هێنـدەی دەستی بخستایە سەرئەو ئێسقانەی ئازاری هەبوو یەکسەر ئەیزانی ئەو شوێنە درزی بـردووە یا وردبووە یا دەرچووە و یا شکاوە و دوایئەوەی چارەسـەرکردنی بـەلای ئـەوەوە وەك یـاری منداڵان وابوو.

رۆژێکیان پێی راستم لەجێچوو، خستییەناو ئەڵقەی گوریسێکەوە و دارێکی پێـوەکرد و بایدا تا پێم هاتەوە شـوێنی خـۆی، بەهـەموو هێـزی خـۆم ئەمقیژانـد، بـەڵام دوای چـەند سەعاتێك ئازار، هەستم بەحەوانەوە کرد. رۆژی دواتر ئاوساوییەکەی نەما و دوای سـێ رۆژ کەوتمەوە راکـردن و هەڵبـەز و دابـەز. هەنـدێك جـاریش دەرمـانی میللـی بەکارئـەهێنا، رۆژێکیان هەستم بەئازارکرد لەقوڵمدا کە ئێسقانەکەی درزی بردبـوو، ئـەویش ئامۆژگـاری کردم مێوژی رەشی بـێ نـاوك لەگـەڵ رۆنەکـەرە تێکـەڵاو بکـەم و بیخەمـە سەرشـوێنی ئازارەکە، پارچەیەك قوماشی هێنا و ئەو گیراوەیەی لەسـەر پـانکردەوە و بەسـتی لـەقوڵم، دوای دووڕۆژ بەتەواوی چاکبوومەوە.

هەرئەوەندە نا، ئەو رۆژەی سێبەندە (حـەوز)ی شـکاوی هاوڕێیـەکمانی چارەسـەرکرد، ناوبانگی گەیشتە ناوچە دوورەکانی دەرەوەی سنووری مادن.

پاشنیوەڕۆیەك یاری چاوشارکێمان ئەکرد، مستەفا لەسەربانێکی دوومەتر بەرزەوە خۆی هەڵدا، لەبەرئەوەی زەوییەکە قوڕبوو قاچی هەڵخلیسکا و ئێسقانی لای راستی سێبەندەی پارچە پارچەبوو، منداڵەکە ویستیی هەستێت، بەڵام نەیتوانی خۆی هەڵگێڕایەوە و دەستیکرد بەگریان، رێبوارێك کە بەوێدا ئەڕۆی هەڵیگرت بیباتەوە بۆ ماڵەوە، کاتێك مستەفای بەرزکردەوە تا بیکاتە کۆڵی ئێمە لەشوێنی خۆمان ئەبلەق بووین، چونکە قاچی راستی شۆڕبووبووە خوارەوە وەك ئەوەی ئێسقانی تیانەبێت. مستەفا هەتیوێکی بێ دایك و باوك بوو، بەڵام ئازاو بەجەرگ بوو، عەریف عەلیمان بانگکرد و دوای سەیرکردنی شوێنی شکاوییەکە وتی:

-ئەمە زۆر ترسناکە، بەڵام دڵنیابن من چاکی ئەکەمەوە.

هەرواش بوو، عەلی بەڵێنەکەی هێنایەدی و دوای مانگێك مستەفا بەدارشەق هاتەوە بۆ قوتابخانە و دوای دوومانگ وازی لەدارشەقەکە هێنا و کەوتەوە رۆیشتن وەك ئەوەی هیچ روونەدابێ.

سەروەریی و شاکارەکانی عەلی جەراح زۆربوون و دانیشتوانی مادن شادمان بوون کە کاکم ئەم کارەی پێ سپاردووە.

سەرەڕای پیشەکەی و چالاکییە زۆرەکانی، نافیز خەونی بەوەوە ئەبینی کەبەهرە بێشومارە شاراوەکانی ناو گەلی کورد بدۆزێتەوە و یارمەتییان بدات لەپەرەپێدانی ئەو بەهرانەدا،جا ئەوکەسانە جەراح بن یا پیشەوەر یا مۆسیقار. بۆ ئەوەی ئەم خەونەی بێتەدی، هیچ هەلێکی لەدەست نەئەدا بۆ هەوڵدان بۆ خزمەتی گەل و وڵاتەکەی.

دوایئەوەی دڵنیابوو لەئامادەبوونی نەخۆشخانەکە و باش بەڕێوەچوونی کارەکانی، بڕیاریدا سەرچاوەکانی ئاو چاك بکات و دووبارە بنیاتیان بنێتەوە، و فەرمانیدا بەچاککردنەوەی ئەو چەند پردەی لەسەر رووبارەکە بوون لەبەشی خوارەوەی شارەکە، کەلەهەر ساتێکدا لەوەدابوو بڕوخێن. پردێکی نوێشی دروست کرد کە ئەندازیار و وەستا و

کرێکارەکـان بەگـەرمی و چـالاکیی کاریـان تێـداکرد، لـەو کاتـەدا حکومـەت بودجـە تەرخانکراوەکەی بڕی، دوایئەوە بەماوەیەکی کەم دۆخی بەڕێوەبـەرێتی شـارەکەی گـۆڕی و دووبارە شارەکەمانی کردەوە بەناوچـە(ناحیـە)و بـەفرمانێکی ئەنکـەرە پۆسـتی سـەرۆکی شارەوانی لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوی لەهەموو ناوچە کوردییەکان هەڵوەشاندەوە، ئینجـا خوێندنگە ناوخۆیـیەکەی تـەرخانکرابوو بـۆ منـداڵانی جووتیـارانی گونـدەکانی دەوروبـەر، ئەویش داخرا.

سەرەتای هاوینی ١٩٢٨ کاکم مادنی بەجێهێشت تـا دووبـارە لەدیاربـەکر نیـشتەجێ ببێتەوە، ئەمەش گورزێکی تونـدبوو بـۆ مـادن و بۆخێزانەکـەمان بەگـشتی و بـۆ دایکـە نەخۆشەکەم بەتایـبەتی. ئەو خۆشیی و چالاکییەی کـاکم دروسـتی کردبـوو، ئـەو خوانـەی لەماڵەوە ڕێکخرابوو و جموجۆڵی بێ ڕاوەسـتانی میوانـەکان، توانیبـووی ئـازاری نەخۆشـی لەبیردایکم بەرێتەوە. لەڕاستیدا بوونی نـافیز لەنزیکییـەوە چـاکترین دەرمـان بـوو بۆئـەو، لەماوەی بـوونی نـافیز لەگـەڵمان نـەمانبینی دایکـم باسـی نەخۆشـییەکەی بکـات یـان ئاهوناڵەی هەبێت، بەتەواوی لەهۆشخۆچوونەکەی نەما. بەڵام بەدبەختانـە، دوای ڕۆیـشتنی براکەم دۆخەکە بەپەلە گۆڕا، سەرەتا گریـان و فرمێـسك و پاشـان هەڵـچوون و گێـژبوون و وڕێنە و دڵ تێکهەڵهاتن و لەهۆشخۆچـوون کـە جاربـەجار ماوەکـەی زیـادی ئـەکرد. بـرا دکتۆرەکەم لێرەنەبوو تاچارەسەری بکا و ئاگای لێبێت.

لەیەکێك لەنەخۆشییەکانیدا بەمۆڵەتێکی تایـەت داوای پزیـشکێکی ئـەڵمانیمان کـرد کە لەگەڵ ئەندازیار و تەکنیکییە ئەڵمانەکان لەکانەکانی مادن کاری ئەکرد، کاتێـك مـن و عیفـەتی خوشـکم بینیمـان بەرێگمیـەکی نـاو باخەکانـدا بـەڕێوەبوو خۆمـان پێنـەگیرا و دەستمانکرد بەپێکەنین، چونکە جەستەی هێندە زل بوو کە ولاخەکـەی ژێـری شـاردبووەوە، قاچـی کـە نەیئـەتوانی بیخاتـەناو ئاوزەنگییەکانـەوە بەربووبوونـە خـوارەوە و خـەریکبوو لەئەرزەکـە ئەخـشان، بەشـێوەکی خـواروخێچ لەسـەر زینەکـە دانیـشتبوو و بەتونـدی

بەملاوئەولادا ئەکەوت، جارجاریش بەلایەکدا خوارئەبووەوە وەك ئەوەی هاوسەنگی لەدەستدابێ و خەریکبێت بکەوێتەخوارەوە، و بەپەلە ولاخچییەکەی لەگەڵیبوو یارمەتی ئەدا بۆ ئەوەی خۆی راستبکاتەوە.

بەپەلەچووین بۆ پێشوازیکردنی، تنۆکی عارەق دەموچاوە سوورەکەی ئەبریسکاندەوە، قژێکی مارۆنی کاڵ و دووچاوی شینی ئاسمانی پێوەبوو. رووخۆش و قسەخۆش دیاربوو و بەپێکەنینەوە وەڵامی سلاوەکەی داینەوە و کە بینی ئێمەش قژزەردین، بەئەڵمانی قسەی لەگەڵ کردین و لەبەرئەوەی هیچی لێتێنەگەیشتین بەتورکییەکی شکاو ئەمجارە لێیپرسین:

-ئێوە ئەڵمانین؟

-(نە.....نەخێر، ئێمە خەڵکی مادنین) عیفەتی خوشکم وەڵامی دایەوە.

-(باشە) دکتۆرە ئەڵمانییەکە وای وت،لەکاتێکدا بەسەر ولاخەکەیەوە کە نەیئەتوانی کۆنترۆڵی بکات ئەلەریەوە، پاشان تەماشایەکی دەوروبەری کرد و بەشێوەیەکی دلگیرانەوە وتی:

-جوانە، ئەم باخانە جوانن، مرۆڤ نابێت لەم شوێنەدا نەخۆش بکەوێت.

-(بەڵێ، بەڵێ، هیواداربووم کە نەخۆش نەکەوتایە.) عیفەت وەڵامی دایەوە:(بەلام ئەوەتا دایکم نەخۆشە و ئازاری زۆرە و پێویستی بەیارمەتی تۆیە، تکایە خێرا بچۆ ببینە وچاکی بکەرەوە).

-(فەرمانەکەت لەسەرسەرم). کابرای بێگانە کەئەبلەق بوویوو لەشێوازی قسەکردنی خوشکەکەم کە لەیەك کاتدا هەم فەرماندەرانەبوو هەم تکارانە،وەڵامی دایەوە.

کاتێك گەیشتینە بەردەم ماڵەکە و هەوا سازگەرەکەی حەوزە سێبەردارەکەی هەڵمژی، هاوارێکی بەرزی دڵبەندیی لێبەرزبووەوە. دایکم لەسەر قەرەوێڵەیەك لەهەیوانەکەدا پاڵکەوتبوو کە جۆگەیەکی ئاوی پیائەرۆیشت لەکانییەکەوە بۆسەر حەوزەکە. پزیشکەکە بۆ ساتێك بەدوودڵیی لەقەراغی حەوزەکەدا وەستابوو، و چاوێکی بەپەلەی گێرا، دوائەوەی

بەشەرمەوە سڵاوی لەدایکم کرد، قۆڵی گرت و بۆ ماوەیەکی درێژ پشکنینی بۆ کرد و بەزاراوەیەکی تورکی کە تێگەیشتنی زەحمەتبوو چەندین پرسیاری لەدایکم کرد، لەکۆتاییدا رەچەتەیەکی دەرمانی بۆ نووسی. ئەبوو دەرمانەکان لەدیاربەکرەوە بهێنرێت چونکە ئەوکاتە مادن دەرمانخانەی لێنەبوو.

دوای سێ رۆژ دەرمانەکانمان بەدەستگەیشت و دایکم بەپێی رێنمایی پزیشکە ئەورووپییەکە دەرمانەکانی ئەخوارد، ئەم دەرمانانە کاریگەرییەکی وای لەسەر دایکم نەبوو، بەڵکو تەندروستی خراپتربوو، و تەنیا خواردنێکی زۆر کەمی ئەخوارد، و حەزیئەکرد گۆشەگیربێت و زۆریش تامەزرۆیی دەرئەبڕی بۆ بینینی کوڕە گەورەکەی کە ئەوکاتە سەرگەرمی ئەو کێشانەبوو کەلەکاتی دووبارە نیشتەجێبوونەوەی لەدیاربەکر رووبەڕوویان بوویەوە و بواری بەجێهێشتنی دیاربەکریان نەئەدایە. بەلای بەرپرسانی تورکەوە کەسێك بوو حەزیان لەچارەی نەئەکرد، بەلای ئەو پزیشکانەشەوە کە جارجار ئەهاتن تا لەدیاربەکر جێگیربن کۆسپێك بوو کە ئەبوو بەسەریدا سەرکەون.

جگە لەکوڕە گەورەکەی، دایکم دڵی بەجاجۆ خۆشبوو کە ئەیزانی چۆن بەدڵسۆزیی و لەخۆبردووییەوە خزمەتی بکات و ئەمەی لەمنداڵەکانی تری و خوشکەکەیدا نەئەبینییەوە. بۆ قەرەبووکردنەوەشی، پێش مردنی وەسیەتی کرد، چی خشڵی ماوە بدرێت بەجاجو، خوشکە گەورەکەم ئەمەی پێناخۆش بوو و هەر کەلەلایەن یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەمانەوە باس ئەکرا ئەو یەکسەر تووڕەئەبوو. دایکیشم بەدەنگێکی لاوازەوە سەرکۆنەی ئەکرد:

-هیچ هۆیەك نییە تا ئیرەیی پێبەریت، ئەبێت تێبگەیت کە ئەو کچە لەوەی من بۆم بەجێهێشتووە زیاتری شایانە و هیوادارم لەکاتی شووکردنیدا باوکت شادمانی بکات و جیازییەکی گونجاوی شایانی پلەوپایەی خۆی بۆ دابین بکات، ئەویش وەك تۆ یەکێکە لەخێزانەکەمان.

دایکم بەردەوام ئەمەی دووبارە ئەکردەوە و تووڕەش بوو لەهەڵوێستی گوڵشینی خوشکم کە جارجار حەزینەکرد رقەبەرایەتی بکات.

لەراستیدا دایکم بەرامبەر بەگوڵشین زۆر توندبوو، و چاوەڕێی ئەوەی لێئەکرد کە خانەخوێیەکی باش بێت، چێشتلێنەرێکی باش بێت، بەرگدرووبێت، خووری بچنێت، نەخش و نیگار بزانێت، موزیککارێکی شارەزا و ژنێکی رۆشنبیربێت و لەئەنجامی ئەو هەموو جۆرە چالاکییەی ئەو خوشکە هەژارەمان ئەنجامی ئەدا، نازناوی هاوسەری نمونەیی نایندەی پێبەخشرا، بەڵام لەبواری مۆسیقادا هیچ فێرنەبوو، ئەوەش کارەساتە، چونکە دایکم دەیان مۆسیقاری لەچاکترین مامۆستاکانی ناوچەکە لەکورد و تورك و ئەرمەن و یۆنانی ئەهێنایە ماڵەوە، بەڵام پێشکەوتنێکی جێی رەزامەندیی دایکمی بەدەست نەئەهێنا، چ لەئامێری کەمان یا ئامێری عود. هەرجارێك دایکم حەزی ئەکرد گوێ لەیەکێك لەپارچە مۆسیقا خۆشەکانی بگرێت، تووشی نائومێدی ئەبوو و تووڕەئەبوو و سەرکۆنەی گوڵشینی ئەکرد،ئەویش ئەیوت:

-پێویست ناکات بەردەوام سەرکۆنەم بکەیت، چونکە من بۆ مۆسیقا دروست نەبووم، و توانای فێربوونم نییە.

دایکم هێند ئەژیا تا کچە گەورەکەی ببینێت کە بووەتە مۆسیقارێکی بەتوانای ئامێری کەمانچە و بەشداری زەماوەندی منداڵەکانی بکات.

بەدرێژایی هاوین تەندروستی دایکم خراپترئەبوو و دۆخی ترسناکترئەبوو، و تووشی لەهۆشخۆچوونی توندئەبوو کە چەندین سەعاتی ئەخایاند و لەو ماوەیەدا خێزانەکەمان ئەکەوتە کەشێکی ناخۆشی ترس و نیگەرانییەوە، تەنانەت لەدوورترین شوێنی باخەکەماندا نەمانئەوێرا دەنگ بەرزبکەینەوە لەترسی ئەوەی نەبادا ئازیزە نەخۆشەکەمان ئازار بچێژێت، و ئەو هەستی خۆشەویستی و رێزەی بەرامبەری هەمانە بڕوشێ.

ئەوساڵە بەبێدەنگیی بەرهەمی ترێمان چنییەوە و بەخێرایی ئازووقەی زستانمان لەخواردنە میللییەکان ئامادەکرد، لەناوەڕاستی ئەیلوولدا باخەکەمان بەجێهێشت بەرەو مادن، و لەسەرتەختەبەندێك دایکمان بەناگاییەوە گواستەوە.

سەرلەبەیانی ٢٨ی ئەیلوول تەندروستی دایکم نیگەرانکەربوو، منداڵەکان لەماڵەوە مانەوە، بروسکەیەکمان نارد بۆ کاکم کە هەرچی زووترە بگەڕێتەوە بەڵام ئەو لەشوێنێکی زۆردوور لەدیاربەکر، بەلای نەخۆشێکەوەبوو کە مەحاڵبوو بتوانێت بگاتە مادن. جارێکی تر پزیشکە ئەڵمانییەکە هاتەوە بۆپشکنینی دایکم، نیگاکانی پەرۆشانەو غەمباربوو، دەرزییەکی لەجانتاکەی دەرهێنا و پاکیکردەوە و سەری شووشەکەی شکاند و دەرمانەکەی لێراکێشا و بەهێواشی دەرزییەکەی کرد بەقۆڵی دایکمدا کە وەك شیر سپی بوو، دوای ئەوە دەرزییەکی دا لەماسولکەی قاچی. دوای چەند خولەکێك دایکم چاوی کردەوە و نوقاندییەوە و بەهەناسەیەکی قووڵەوە وتی:

-ئاه، نافیز، نافیز.....

چاوی بەنووقاوییەوە هێشتەوە بۆئەوەی شادییەکەی زیاتربێت، بەو بڕوایەی کە ئەوکەسەی قسەی لەگەڵ نەکات کوڕە خۆشەویستەکەیەتی:

-سوپاس، کەهاتیت. چەند شادمانم بەبینینت و قسەکردن لەگەڵت، ئەمەوێت لەئامێزت بگرم پێشئەوەی ئەم جیهانە بەجێبهێڵم، لێم نزیکبەرەوە بادەست بەسەرتدا بهێنم وەك جاران کە منداڵبوویت، دێتەوە بیرم چەند حەزت لەوەبوو دەستبهێنم بەقژتدا، جارێکیان لەناو جێگەدابووین هەر هێندەی دەستم هێنا بەسەرتدا یەکسەر خەوت لێکەوت، وەرە پێشەوە لێم نزیکبەرەوە).

کە کەس وەڵامی نەدایەوە، دایکم زۆر بەزەحمەت سەری بەرزکردەوە و بەچاوە بەقووڵاچووەکانییەوە سەیری دەوروبەری خۆی کرد، کاتێك پزیشکە ئەڵمانییەکەی بینیی،

زۆر پەشۆکا و زمانی تەتەڵەی کرد لـەداوای لێبـووردن و سوپاسـکردن و سـەری کەوتـەوە سەرپشتییەکە. پزیشکە ئەڵمانییەکەش شلەژا و کەوتە دڵدانەوەی دایکم:

-خانم، کوڕەکەت هاوڕێمە و لەدۆخێکدایە کـە ناتوانێـت بێـت و لـەلات بێـت، داوای لەمن کرد لەجیاتی ئەو بێم و ئاگام لێت بێت، هەموو ئەو زانستە نـوێی پزیـشکییەی رێـم پێئەدات بۆم ئـەنجام داویـت، ئـەوەی ئێـستا داوات لێدەکـەم ئەوەیـە کـە خـۆت نـەدەیت بەدەستەوە، با ورەت بەرزبێت هەمووشتێك باش ئەبێت، ئەشبینیت.

سەردان و رێنماییەکانی پزیـشکە ئەڵمانییەکـە کاریگەریـیەکی باشـی هـەبوو لەسـەر تەندروستی دایکم، چەند رۆژێك بوو هیچی نەخواردبوو، ئـەو رۆژە بەتامەزرۆیـیەوە بـرنج و ماست و مرەبای سێوی خوارد، دۆخی باش بوو، تەنانـەت کەوتـە گاڵتـە لەگـەڵ ئەوانـەی دەوروبەری.

سەعات ١ی پاشنیوەڕۆ وەك ئەوەی بخـەوێت، داوای کـرد بەتـەنیا جێـی بهـێڵین، مـن بـەهێمنی لـەنزیکی مامـەوەو سـەیری فەرهـەنگێکی منـداڵانم ئـەکرد کـە دۆسـتێکی خێزانەکەمان ناردبووی. سەعات دوو دایکم لەپڕ هەسـتا و بەهەڵـچوونێکی نائاسـاییەوە و بەگریانەوە کەوتە وڕێنە:

-مەرگ...مەرگ، ئەوەتا لەسەر دۆلابەکەیە بەرامبەرم.

پاشان دەستی درێژکرد بەئاراسـتەی دۆلابەکـە و دەسـتیکرد بەقـسەکردن وەك ئـەوەی لەگەڵ شتێکی زیندوو قسەبکات:

-نا...ئێستا مەیە، مۆڵەتم بەرێ منداڵەکانم ببینم بەتایبەت نافیز.

بەسووربوونەوە لێی پاڕایەوە... کە ئەمەم بینی بەڕاکردن و هاوارەوە چوومە دەرەوە:

-(گوڵشین، عیفەت، جاجو، ئامۆژن، هەمووتان بەپەلە وەرن حاڵی دایکم زۆر خراپـە) و بێئەوەی چاوەڕێی کەس بکەم گەڕامەوە بۆ لای جێگەکەی دایکم، هەندێك قسەی نـاڕوونی ئەکرد.

-(دایە...دایە) بەهەموو هێزم هاوارمکرد. بەڵام گوێی لەبانگگردنەکەم نەبوو، سەیرم کرد دەمی بەتەواوەتی کردۆتەوە وەك چۆلەکەیەکی زامدار، سێ جار بەشێوەیەکی بیستراو هەناسەی دا و ناوی کورەگەورەکەی دوبارەئەکردەوە:

-(نافیز...نافیز...نافیز)، پاشان لەجوولەکەوت.

خۆمدا بەسەر ملیدا و بەگریانەوە کەوتمە هاوار:

-(نا....نا دایە، مەرۆ بەجێمان مەهێڵە، دایە لەلامان بمێنەرەوە).

نازانم چەندە بەو شێوەیە لەباوەشی دایکمدا مامەوە کە مردبوو، بەڵام دێتەوە بیرم کە دوودەستی بەهێز هەڵیانگرتم و دەنگێکیش پێی وتم:

-گەر بەم شێوەیە بمێنیتەوە نەخۆش ئەکەویت، سەیرکە منداڵەکان چاوەڕێتن تا یاریت لەگەڵ بکەن، برۆ بۆ لایان و بیر لەهیچ مەکەرەوە.

لەجیاتی ئەوەی گوێڕایەڵی جاجو بم رامکرد و باوکم لەدیوەخانەکە بینی:

-(بابە...بابە) هاوارم لێکرد(دایکمم لەدەستچوو و هەتیو کەوتم).

بەم قسانە باوکم دایە پرمەی گریان و وتی:

-ئای خوایە ئەگەر دایکت مردبێت، ئەوە لەراستیدا منم کە هەتیوکەوتم و بێنومێدبووم.

ئەوە یەکێك بوو لەو جارە دەگمەنانەی باوکم قسەم ئاراستە بکات، پاشان بێ ئەوەی بایەخم پێبدات بەپەلە روویکردە ماڵەوە و بەدەم راکێشانی ریشی و سنگکوتانەوە ئەیوت:

-ئای خوایە، من سەرم لێشێوا ماڵم وێران بوو. مونمینە کۆڵەکەی ماڵەکەم بوو. لێت ئەپارێمەوە خوایە بەجێم مەهێڵە...یارمەتیم بدە و دەستبدەرە باڵم.

لەبەرامبەر ئەم کاردانەوەیەی باوکمدا بەتەواویی ئەبلەق بووم، خۆم بەگوناهبار ئەزانی کەئەو هەواڵە ناخۆشەم پێوتووە، ئەگەر باوکم ئەو پیاوە توندو سەرسەختە، بەم شێوەیە بەبیستنی هەواڵی مەرگی ژنەکەی ئاوا خەمبار و تێکشاوبێت، دیارە بەشێوەیەکی شێتانە

خۆشی ویستووه، لاشعوری بەشی خۆمم لەکارەساتەکە بیرچووەوە و دەستم گرت و بەپەشۆکانەوە وتم:

-(بەتەنیا نابیت بابە، ئێمەت لەگەڵ نەبین، گوڵشین بەچاکی ئاگای لەماڵەکە ئەبێت، لەم ساڵانەی دواییدا کە دایکم نەخۆشبوو ئەو ئاگای لەهەمووشتێك بوو، ئینجا ئەوە ئامۆژنم و جاجوش لێرەن).بەردەوام بووم لەقسەکانم، کاتێك باوکم گەرمایی قسەکانی پێگەیشت و بۆ ساتێك وەستا، بەدووچاوەوە کە پەردەیەك لەفرمێسك بەریان گرتبوو سەیرێکی کردم، بەرەو لام دانەوییەوە و ناوچاوانی ماچکردم و وتی:

-کوڕم ئەو قسانەی لەدەمی تۆ هاتنە دەرەوە داناین، من هەستم لەگەڵ خۆی بردمی و تۆ هێناتەوە ناو واقیعەکە، بەڵێ ئەو ژنێکی دەگمەن بوو، ئێمەش لەبەرامبەر قەدەردا هیچمان پێ ناکرێت، ئەبێت ژیان بەردەوام بێت، باوا بکەین بەخاکسپاردنەکەی شایستەبێت و یادەوەرییەکانی لەدڵماندا بەزیندوویی بمێنێتەوە.

بەو شێوەیە لەبەردەرگاکەدا بەجێی هێشتم و بەهەنگاوی خێرا سەرکەوت بۆ ژوورەکەی خوالێخۆشبوو و دوای کەمێك هاتەخوارەوە، جەمالی بانگکرد و داوای لێکرد بچێت بەدوای پزیشکێکی شەرعیدا.

دواینەوە بەماوەیەکی کەم دووژنی مردووشۆر هاتن، پاشان تابووتەکەی دایکمیان بردە دیوەخان و، لەهۆڵە گەورەکەدا لەسەر مێزێك دایاننا، دە قورئانخوێن بەدرێژایی شەو و تا نزیکی نیوەڕۆی رۆژی دواتر قورئانیان بەسەردا خوێند.

لەوکاتەدا خەڵکێکی زۆر لەدەرەوە و ناو دیوەخانەکەدا کۆبوونەوە. لەوکاتەوەی جاجو منی لەژوورەکەی خوالێخۆشبو هێنایە دەرەوە ئیتر رێیان نەدام تەرمی دایکم ببینم، لەگەڵ ئەوەشدا پێشنەوەی تابووتەکە لەسەر مێزەکە هەڵگرن و بەرەو گۆڕستانی بەرن توانیم لێی نزیکببمەوە و دوا ماڵئاوایی لێبکەم، خزمەتکارەکان دووریانخستمەوە و بردیانم بۆ ماڵەوە، لەیەکێ لەپەنجەرەکانی ماڵەکەمانەوە تابوتکەییم بینی دەستاو دەستی ئەکرد لەسەرشانی

ئەوانەی هەوڵیانئەدا ڕێـز لەکۆچـکردوو وخێزانەکـەی بگـرن و خـواش پاداشـتیان بداتـەوە بەملکەچبوون بۆ فەرمانەکانی ئاین و دابونـەریت. کاروانەکـە کـە لەشـەپۆلی دەریایـەکی هەڵچوونەچوو، لەگۆشەی شەقامەکەدا لەبەرچاو ونبوو، ئەم قەرەباڵغییـە تـەرمی ژنێکیـان هەڵگرتبوو کە گەیشتبووە ٥٤ سـاڵەی تەمـەنی و خۆشەویـست و ڕێزداریـوو لای تـەواوی خەڵکی شار. لەگەڵ دیارنەمانی تابوتەکە گریانی بێدەنگی ژنـان و کـچان و منـداڵان کـە لەماڵەوە کۆبووبوونەوە گۆڕا بۆ شین و شەپۆڕێکی دڵتەزێن.

هەرچەندە گۆڕستانە نوێیەکە تەنیا چەند سەدمەترێك دووربوو، بەڵام ئەوانەی دایکمیـان برد بۆ دوا ئارامگەی تا پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ نەگەڕانەوە، و دوای ئـەوە هـاتنی خـەڵك بۆ سەرەخۆشی دەستیپێکرد. لەماوەی هەفتەیەکدا و بـەپێی داب و نـەریتی کـوردەواریی، خزمەکانمان و دراوسێکانمان خواردنیان بۆ ئەهێنایین، خـواردنی گرانبـەهایان لەسـەر سینی گەورەی مس کە سەرپۆشێکی درابوو بەسەردا لەقاپ و دەوری مسدا دائەنا و لەگەڵ نـان و چەقۆ و چنگاڵ و کەوچـك و خواردنـەوەی بـێ ئـەلکهول بەتایبـەت ماسـتاو، بـەیانیان و نیوەڕوان و ئێواران ئەهێنرا بۆ ماڵەکەمان.

دوای کۆچی دایکم، باوکم زیاتر بەخۆیدا داخراو زۆر هەستیاربوو بەرامبـەر نەهامـەتیی خەڵکانی تر و خەمی سەرەکی، بوو بەدۆزینەوەی ئـەو خێزانانـەی هـەژارن تـا یارمـەتییان بدات، شەوانە بەتوورەکە ئارد و پەتاتە و فاسۆلیای لەبەردەمی دەرگاکەیاندا دائـەنا و دڵـی پڕنەکردن لەخۆشی وهیوا. زۆرجار ئێمەی بێبەشنەکرد لەو شـتانەی پێـی ڕاهـاتبووین وەك، مێوژ و هەنجیری وشك بۆ ئەوەی بیداتە نەدارانی ناوچەکە. ڕۆژێکیـان کـە تامـەزرۆی ئـەو جۆرە خواردنانەبووم قیروسیام کرد و سەرنجی باوکم بۆ ئەم شتە ڕاکێشا:

-لەقوتابخانە هاوڕێکانم هەروەك ساڵانی تر مێوژی وشك ئەخۆن، نازانم بۆ ئـەم زسـتانە ئێمە لەماڵەوە نیمانە؟

باوکم بەنیگایەکی تووڕەی ترسناکەوە وەڵامی دامەوە:

-کووپـەکانی سـاردخانەکە پـڕن لـەجۆرەها خـواردنی بـەتام و بەسـوود. واز لـەم خۆپەرستییەت بهێنە، بیر لەو منداڵانە بکـەرەوە کـە هـیچ شـیرینییەکیان دەسـتناکەوێت بیخەنە دەمیانەوە، ترێ و هەنجیری ئەمساڵی زەوییەکانمان لەگوندی کاڵجە بەشـی هـەزاران بوو. برۆ و جارێکی تر نەیبیت و گلەیی لەم شتە قۆڕانە بکەیت.

ئـەم وشـانە و ئـەو شـێوازە ئـارام و ترسـناکەی بـاوکم قـسەی پێکـرد لەگەڵمـدا، سەربەرەوخوار قڵپی کردمەوە، بەڕادەیەك کە پەنام بردە بەرباوەشی خوشکە گەورەکـەم کـە ئیتر بووبووە خانمی ماڵەکە، ئەویش پێی وتم:

-(لەبەرئەوەی تۆ دوا منداڵی، بۆیە وەك ئەمانـەتێك دایکمـان بەئێمـەی سـپاردوویت، هەمووشتێك ئەکەم بۆئەوەی پێویـستت بەسـۆزنەبێت و لەژیانـدا بەختـەوەربیت).بـەردەوام ئەم قسەیەی ئـەدا بەگوێمـدا. لەراسـتیدا گوڵـشین بەڵێنەکـەی جێبـەجێ کـرد، لـەماوەی ساڵێکدا خۆشترین رۆژەکانی ژیـانی منـداڵیم بەسـەربرد، سەرپەرشـتیی ئـەو بـۆ مـن زۆر گونجاوبوو، تەنانەت لەتەمەنی ١٠ساڵیدا بڕوانامەی خوێندنی سەرەتاییم وەرگرت و ئـەبوو بۆ خوێندنی ناوەندی و بچمە دیاربەکر، چونکە مادن ناوەندیی لێنەبوو.

رۆژێکیـان بەگریانـەوە لـەباوکم و خوشـك و براکـانم و جـاجۆ و جـەمال و کەرەکـەم و ئەسپەکەم و هاوڕێکانم و مادن بەشاخ و رووبارەکانییەوە جیابوومەوە تابچم بـۆ دیاربـەکر و لەوێ لەگەڵ براکەم بژیم.

لەماوەی مانەوەمدا لەو شارە کەماوەیەکی کورتی ٩ مانگی خایاند، گەلێك یـادەوەری تاریکم هەڵگرتووە لەگـەڵ هەنـدێك تروسـکایی روونـاکیی کورتخایـەن. دیـمەنی دیاربـەکر خەمباربوو و منیش لەناو شورا بەرزە مێژووییەکەیدا گیرم خواردبوو. رێگـەکانی تەسـك و پێچاوپێچ بوون و خانووەکانی لەبەردی بازلتی رەش دروستکرابوون و حەوشەی ماڵـەکانیش هەر بەو بەردە رەشە بەردڕێژ کرابوون. ئەو قوتابخانەیەی من بۆی ئەچـووم کـەوتبووە نێـوان هەندێك خانووی دەرەوەی شار، لەنێوان قوتابخانەی میریی و تەنیا نەخۆشخانەی شـارەکەدا.

ئەو سێ خانووە لەنزیکی ئەو خەرەندەوە بوون کە لەقەراغەکەیەوە رووباری دیجلەم لەخوارەوە ئەبینی.

لەدووری چەند سەدمەترێکەوە قوتابخانەکە لەتەلارێکی خەیالی ئەچوو، چونکە بەپێچەوانەی خانووەکانی ترەوە رەنگی سپی بوو و سەقفەکەی گەچی سووربوو، بەلام کەشێکی ماتەم بالی بەسەر قوتابخانەکەدا کێشابوو، چونکە ئالۆزیی نێوان مندالانی فەرمانبەرە تورکەکان و خوێندکارەکانی تری خەلکی دیاربەکر و دەوروبەری، زۆر توندبوو، و بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەکەش خوێندکارەکانی خستبووە ژێر سیاسەتی بەتورککردنەوە، بەتەواوی وتنی وشەی کورد و قسەکردن بەزمانی کوردی یاساغ کردبوو. رۆژێکیان خوێندکارێکی پۆلی سێ لەکاتی بەکوردیی قسەکردندا گیراو بەڕێوەبەر بانگی کرد بۆ ژوورەکەی خۆی و پێی وت:

-ئەرێ کەس پێی نەوتویت کەلەتورکیا نابێت مرۆڤ جگە لەزمانی تورکی بەزمانێکی تر قسەبکات و بەکارهێنانی هەموو زمانەکانی تر قەدەغەیە و سزای قورسی بەدواوەیە؟

خوێندکارەکە کە ناوی (بەحری) بوو وەلامی دایەوە:

-ئەوە ئەزانم، بەلام کوردی زمانی دایکمە و هیچ هێزێك لەجیهاندا ناتوانێت بمهێنێتە سەر ئەوبڕوایەی بەکاری نەهێنم، ئەمە لەمن بەهێزترە، بۆیە قانونەکانی قەدەغەکردن ناتوانێت لەم بوارەدا هیچ شتێك بکات.

دوای کۆبوونەوەیەکی بەپەلە، دەستەی دیسپلینی قوتابخانەکە بڕیاریدا یەکسەر بەحری دەربکرێت. لەناو مامۆستاکاندا تیایاندابوو کە بەرەچەلەك کورد بوو کەچی بۆچوونێکی وایان لەقوتابخانەکەدا دروستکردبوو کە لەتورك تورکترن.

بەلای منەوە باشترین مامۆستا، مامۆستا پیرەکەی وانەی مێژوو بوو، کە بەشارەزایی و بەزاراوەیەکی تورکمانی دیاربەکرەوە باسی بەسەرهاتی ئاشوورییەکان و فارسەکان و گەلە کۆنەکانی تری بۆ ئەگێڕاینەوە. بەلام تەحسین بەگ مامۆستای بیرکاریی، کە پیاوێکی

بەخۆی قەڵەوی خۆبەزلزان بوو، وهەمیشە هەردوو دەستی لەگیرفانیدابوو وجگەرەکەشی بەدەمییەوە، رەفتارەکانی زیاتر لەجەللاد ئەچوو وەك لەپەروەردەکار، و سەرەڕای ئەوەش شێتی ئەوەبوو پرسیاری قورسی بەگرێ وگۆڵمان لێبکات لەسەروو ئاستی خوێندنمانەوە و گەر وەڵامی پرسیارەکانیمان نەزانیبیایە، لەپشوو و تەنانەت خواردنیش بێبەشی ئەکردین. زۆریش شانازی بەوەوە ئەکرد،یەکێکە لەلایەنگرانی (پەروەردەی نوێ) کە مستەفاکەمال هێنابوویە تورکیاوە.

لەمساڵدا (١٩٣٠) وەرزێکی نوێ لەژیانی مندا ئەکرێتەوە، قۆناغێکی یەکلاکەرەوە بۆ خێزانەکەمان و بۆ کورد بەگشتیی و بۆ خۆشم.

بەدەستپێشکەرییەکی(مەمدوح سەلیم)و بەرێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێك کوردی مۆڵەتدار لەبواری مافپەروەریی(حقوق) و زانستی سیاسیی بەرەچەڵەك خەڵکی (وان) و هەندێك ڕووناکبیری تورکیاش، ڕێکخراوێکی سیاسیی (خۆیی بوون)یان لەسوریا دروستکرد، کەئامانجەکەی سەربەخۆیی کوردستانی تورکیابوو، هەمان ساڵ هەندێك لەئەندامەکانیان، بەرێکەوتن لەگەڵ ئەرمەن هەوڵیاندا بێنە تورکیاوە بەمەبەستی ڕێکخستنی کاری سەربازیی دژی تورکیا و توانییان (ئیحسان نوری) ئەفسەری پێشووی دەستەی ئەرکانی تورکیا بنێرنە چیاکانی ئارارات. شای ئێران کە ململانێی سنووریی هەبوو لەگەڵ مستەفا کەمال، ڕێیدا بەئیحسان نوری لەئێران بپەڕێتەوە و لەبەشی خۆرئاوای چیاکانی ئارارات جێگیرببێت.

ئیحسان نوری توانی ژمارەیەکی زۆر لەسەرۆکە کوردەکان لەقوربانیانی چەوساندنەوەی کەمالیزم لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو لەوێوە زۆری ئەبرد بەهەڵمەتەکانی هێزەکانی تورکیای پەرێشان کرد.

فرەنساش لای خۆیەوە بەڵێنی دابوو چاو بپۆشێت لەچالاکییەکانی خۆیی بوون. بەڵام کوردەکانی سوریا کە ئەبوو یارمەتی ئیحسان نوری بدەن بۆ ڕزگارکردنی کوردستان نەگەیشتە ئامانج، چونکە فرەنسییەکان کە لەگەڵ تورکەکاندا ڕێککەوتنێکی

لەیەکگەیشتنیان ئیمزاکردبوو، پشتیان تێکردین. رەزا شاش کەسوێندی خواردبوو لەم ململانێیەیدا بێلایەن بمێنێتەوە، دوای ئەوەی کێشەسنوورییەکانی لەگەڵ تورکەکان بەبەرژەوەندیی خۆی یەکلایی کردەوە سوێندەکەی شکاند و ڕێگەیدا بەهێزەکانی تورکیا بچنە خاکی ئێرانەوە و کوردەکان گەمارۆ بدەن.

دوای ئەو نسکۆیەی تووشی خۆیبوون بوو، مستەفاکەمال هەستیکرد لەهەمووکاتێك زیاتر دەستکراوەیە بۆ بەکارهێنانی هێز دژی کورد. سەدان گوندی ناوچەکەی بەدانیشتوانەکەیەوە لەمنداڵ و ژن و نەخۆش سوتاند و سەدان هەزار کوردی راگوێزرا بۆ خۆرئاوای تورکیاو بەناو دانیشتوانە تورکەکەدا بڵاوی کردنەوە بەوەی هەر پێنج خێزانێکی لەشوێنێك دانا.

لەوساتەوە هەموو رۆشنبیرانی کورد ئەوانەی تۆمەتباربوون بەهاوسۆزیی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، کەوتنە بەر تووڕەیی بەرپرسانی ئەنکەرە کەقانونێکیان دەرکرد و بەپێی ئەو قانونە هەموو فەرمانبەرە پلەباڵاکانی کورد گوێزرانەوە بۆ ناوچەکانی تری تورکیا و ژمارەیەکی زۆر لەرۆشنبیرانی کورد کەکاری ئازادیان ئەکرد کەوتنەژێر گورزی ئەم بڕیارەوە و براکەشم بوو بەقوچی قوربانیی و ئامانجی دەسەڵاتدارانی تورك.

لەوماوەیەدا، وەك هەموو ناوچە کۆلۆنییەکان وپاشکۆکان، کوردستان خرایە ژێر بەڕێوەبەرێتییەکی تایبەتەوە، کە جۆرێك لەکۆمیسیۆن، یاپشکنینی گشتیی بەڕێوەی ئەبرد بەسەرۆکایەتی پشکنەری گشتیی کەپەیوەندیی راستەوخۆی بەمستەفا کەمالەوەهەبوو، (ئیبراهیم تالی)لەم پۆستەدا دانرا کەپزیشك و هاوڕێیەکی نزیکی مستەفا کەمال بوو، بەرەچەڵەك لەخێزانێکی دوورزیی ناوچەی حەڵەب بوو کەبەجۆش و خرۆشەوە ئایدۆلۆژیای تۆرانیی قبوڵ کردبوو، و لەدوای دەستنیشانکردنی، سەرکوتێکی دڕندانەی بێبەزەییانە کوردستانی گرتەوە، و سەرکوتکردن دژی هەموو ئەو کوردانە بەکارئەهێنرا کە گومانی ئەوەیان لێئەکرا لەوانەیە هەستێکی کوردانەیان تیابێت. هێندە بەس بوو هەر رۆشنبیرێك

تۆمەتباربكرێت بەوەی بەزمانی كوردی قسەی كردووە یا بەو زمانە گۆرانی وتووە یا گـوێی لەگۆرانی كوردی گرتووە یا تەنانەت ئەگەر ئەندامی (خێزانێكی تورك) نـەبێت، بـۆ ئـەوەی بەدژایـەتیی گـەلی تـورك تۆمـەتبار بكرێـت و وەك كـوردێكی نەتەوەپەرسـتی ترسـناك تۆمەتباربكرێت كە پێویستە لەنزیكترین هەلدا لەناوببرێت.

دووان لەو فەرمانبەرانەی خەلكی مادن كە ئیبراهیم تـالی گواسـتنیەوە بـۆ خۆرئـاوای توركیا هاورێی نزیكی كاكم بوون، (شەوكەت زولفۆ) مامۆسـتای پێـشووی وانـەی زمـانی ئینگلیزیم لەناوەندیی دیاربەكر و(عارف عـەباس) ئەنـدازیاری كـشتوكالّیی و بەرێوەبـەری پرۆژە كشتوكالّییەكان لەباشووری خۆرهەلاّتی توركیـا . شـەوكەت زولفـۆ، گوێزرایـەوە بـۆ ئەدەنە و عارف عەباسیش بۆ ئەنكەرە، لەبەرئەوەی فەرمانبەربوون و ناچـاربوون ملكەچـی ئەو فەرمانانەبن لەوەزارەتە پەیوەندیدارەكانیانەوە بۆیان دەرئەچێت. هاوكات ئیبراهیم تـالی بەسـووربوونەوە سەریكردەسـەر كـاكم و پێـشنیازی بـۆ كـرد وەك هاورێكـانی دیاربـەكر بەجێبێلّت و لەخۆرئاوای توركیا نیشتەجێ بێت و لەیەكێك لەدیدارەكانیدا پێی وت:

-لەهەر شارێك كەخۆت هەلّیئەبژێرت لەپۆستێكی چاكدا دائتەنێم.

كاكم بەئەدەبەوە ئەمەی رەتكردەوە و بیانووی ئـەوەی هێنایـەوە كـە ئەیـەوێت كـاری ئازادبكات، وكلینكەكەی لەدیاربەكر جێگیربووە، و زۆرماندووبووە تا نەخۆشی پەیداكردووە و هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی ناوەندی هەلّبژاردنەكەی بەجێبێلّێت.

كۆمیسەر بەچرپە پێی وتبوو:

-ئەوە ئامۆژگاریی منە كە پێشكەشی تۆی ئەكەم.

ئەوكاتە كاكم لەخانوویەكی گەورەدابوو لەدیاربەكر كە حەوشەیەكی گـەورەی هـەبوو، و دوو دەرگەی هەبوو، هەریەكـەیان لەسـەر شـەقامێكی هاوتـەریبی یـەكتربوو. دوای چـەند رۆژێك لەو گفتوگۆیە كۆمیسەر لەبەردەم هەر دەرگەیەكی مالّەكەمانـدا دووپۆلیـسی دانـا، كەچـاودێرییان ئـەكرد و لەناسـنامەی هـەموو سـەردانكەرەكانیان ئەكۆلّییـەوە، و ئەگـەر

ئەوکەسە نەخۆش بوایە ئەوا پۆلیس هەوڵی ئەدا قایلی بکات بۆ چارەسەر نەیەتەوە بۆلای کاکم:

-بۆ ئەم پزیشکە هەڵئەبژێرن، و پزیشکێکیتر نا؟

نەخۆشەکان وەڵام ئەدەنەوە:

-چونکە ئەمە پزیشکێکی باشە.

وەڵامی یەکلاکەرەوەیان ئەدانەوە:

-گەر واش بێت، مەچن بۆلای بۆ چارەسەر ئەگینا تووشی سەرئێشەئەبن.

پۆلیس هەرەشەی لەهەموو نەخۆشەکان ئەکرد، بەڵام هێشتا ئازایەتی خۆیان لەدەستنەدابوو کە بێن بۆ کلینکەکەی کاکم و راوێژی پزیشکیی پێبکەن. تەنانەت کە کاکم ئەچوو بۆ ماڵی نەخۆشەکان هەمیشە پۆلیس بەدوایەوەبوو، و بەوردی ناوی ئەوانەیان تۆمارئەکرد کە کاکمیان بانگکردووە. ئەم رەفتارانە نەخۆشەکانی هەراسان ئەکرد زیاتر لەوەی بیانترسێنێت. کاتێکیش ئەنجامی ئەم رەفتارانە بەدڵی کاربەدەستان نەبوو، پەنایان بردەبەر شێوازی توندتر و رەقتر، و کەوتنە دەستگیرکردنی ئەو نەخۆشانەی پێشینەیان هەبوو، و ئەیانبردن بۆ بنکەکانی پۆلیس و لێکۆڵینەوەی دوورودرێژیان لەگەڵ ئەکردن و مامەڵەی خراپییان بەرامبەر ئەنجام ئەدان و ئازادییان نەئەکردن تا بەڵێنێکی نوسراویان پێپڕئەکردنەوە کە پزیشکەکەیان بگۆڕن.

کاکم نامەی بۆ لێپرسراوان لەئەنکەرە نووسی تا بێدادیی ئەم مامەڵەیەیان بۆ روونبکاتەوە و نارەزایی دەربڕێت لەم پێشێلکردنەی دەستووری کۆماریی و مافەبنەرەتییەکانی مرۆڤ بەڵام هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتەوە، و پۆلیس بەردەوامبوون لەسەرکوتکردنی نەخۆشەکانی.

رۆژ بەرۆژ دۆخەکە خراپترئەبوو، تا کاکمی ناچارکرد بڕیاربدات یا وەڵامی پۆزەتیفی پێشنیازەکەی ئیبراهیم تالی بداتەوە یا رابکات و پەنابەرێتەبەر ئاوارەیی.

سوریا نزیکترین وڵات بوو کە بشێت پەنای بۆ ببرێت و پێشوازیت لێبکرێت. ئەوکاتە فرەنسییەکان بەتەواویی کۆنترۆڵی(جزیرە)یان کردبوو کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردانی نیشتەجێبوون، و هانی جێگیربوون و وەبەرهێنانی سامانی کشتوکاڵییان ئەدا کە تائەوکاتە دەست لێنەدراوبوو. هەزاران کورد و ئەرمەن و ئاشوور و سریان و جوولەکە هاتبوون و هێزی کار و پارەو زانستی خۆیان هێنابوو بۆ دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە و چەندین ساڵیان پێویست بوو تاجزیرە بکەنە کالیفۆرنیای سوریا. کارەکەیان سەرنجراکێش بوو، و کاکم بیری لەوە ئەکردەوە، فێڵێك بدۆزێتەوە تاتورکیا و کۆمیسەر بەجێبهێڵێت و لەوڵاتێك هەناسە بدات کە(فرەنسا ئازادی و دیموکراسیی بۆ هێنابوو؟!).

لەکۆتایی گفتوگۆیەکی درێژ لەگەڵ هەردوو هاورێکەی (عارف عەباس)و(شەوکەت زولفۆ) کەئەوانیش بیرۆکەی لەسوریا نیشتەجێبوونیان پێ باشبوو، کاکم بریاریدا لەسنوور بپەرێتەوە و داوای پەنابەریی لەفرەنسییەکان بکات و بریاریشیدا پرۆژەکەی جێبەجێ بکات، کاتێك کۆمیسەر بانگی کرد و فەرمانی جێهێشتنەکەی پێ راگەیاند و پێی وت:

-ئیتر ناتوانیت لەوەزیاتر لێرە بمێنیتەوە، ئەگەر ناتەوێت هەراسان بکرێیت، بەخۆشی خۆت ناوچە کوردییەکە بەجێبهێڵە.

کاکم وەڵامی دایەوە:

-باشە، پۆستێکم لەخۆرئاوای تورکیا بدەرێ و ئەچم بۆ ئەوێ.

رۆژی دواتر لەئەزمیر دامەزرێنرا، کاکم و دوو هاورێکەی بەهێمنی پێشنیازەکەی کۆمیسەریان قبولکرد، چونکە هیواداربوون لەشارە نوێکەیانەوە لەسنوور بپەرنەوە و هەوایەکی ئازادتر هەڵمژن. ئەوکات من تەمەنم دەساڵ بوو. ئاگاشم لەنەخشەکەیان نەبوو و تەنیا ئەوەندەم ئەزانی کە حەزئەکەن لەقوتابخانەیەکی ناوەندیی لەئەستەمبوڵ دامنێن. لەخۆشم ئەپرسی، بۆ رەسۆی برام ئەگری و بەو شێوازە مامەڵە لەگەڵ کاکم ئەکات؟

پێموابوو کە پێشهاتێکی نائاسایی روونەدات، بەڵام لـەو ئاسـتەدا نـەبووم کـە مەزەنـدەی بایەخی تەواوی رووداوەکان بکەم.

دوای چەند رۆژێك لەناو شەمەندەفەرێکدا بووین بەرەو ئەستەمبوڵ لەسـەر ئـەو هێڵـی ئاسنەی کەسنووری نێوان تورکیا و سوریای پێك ئەهێنا.

کاکم و هاورێکانی بێدەنگ بوون، منیش سەرم نابوو بەپەنجەرەکـەوە و سـەیری دیمـەنی سروشتی دەرەوەم ئەکرد، لەراستیدا هەستم ئەکرد کـە ئەچـمە ناوجیهـانێکی تـرەوە. ئـەو کەسانەی ئەمبینین تەربووش و جامانە و چەفتە و عـەگالیان پۆشـیبوو(ئـەو شـتە شـازەی ئەتاتورك حەرامی کردبوو).

بەچاو ئەکەوتمە دوای ئەوپیاوە نامۆیانە، و لەم سروشتە نوێیە وردئەبوومەوە و سەرەنجام کاتێك شـەوداهات شـەمەندەفەرەکە لەوێـستگەیەك وەسـتا و سـەرۆکی وێـستگەکە کـە پیاوێکی ئەرمەن بوو بردینی بۆ بۆفییەك و گفتوگۆیـەکی سـەیر لـەنێوان ئـەو و براکـەم و هاورێکانمدا روویدا. مەزەندەی ئەوەم کرد کە ئەوان ئەیانەوێت سەرکێـشییەك ئـەنجام بـدەن بەبێ ئەوەی بتوانم واتای تەواوی ئەو هەموو ورتە ورتە تێبگەم. ژنەکەی عارف عەباس کـە بەشدارنەبوو لەگفتوگۆکەدا لێی پرسیم:

-نوورەدین، ئەچیت بۆ کوێ؟

من کەلێموناده‌یەکم لەبەردەمدابوو، وەڵامم دایەوە:

-من؟ من ئەچم بۆ ئەستەمبوڵ.

بەتوورەییەکەوە پێکەنیی و وتی:

-ئاه ! باشە وا گەیشتیتە ئەستەمبوڵ!.

ئـەم قـسانەی کـرد و دەسـتیکرد بـەگریان، منـیش دەسـتمکرد بـەگریان، چـونکە لەگفتوگۆکان ئەوە تێگەیشتم کە ئێمە لەدەوروبەری ئەسـتەمبوڵ نین بەڵکو لـەنزیك حەڵـەبین بۆیە بەهەڵچوونەوە پێم وتن:

-چۆن نەبێت؟! نەبێت بچین بۆ ئەستەمبولٚ، ئەی ناچین بۆ ئەوێ!؟ درۆزنانە من ئەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.

کاکم هەوڵیدا ئارامم بکاتەوە و دڵنەوایم بکات:

-بەڵام من ئەتخەمە چاکترین قوتابخانەی فرەنسیی، بەچەندین زمان قسە ئەکەیت، رۆشنبیر ئەبیت و ئەبیت بەپیاو.

بەهیچ شێوەیەك باوەڕم نەهێنا، بیری مادەم ئەکرد، بیری بۆزۆ، بیری باخەکانم ئەکرد. نیگەرانی درەختەکان و مێوەکانمان، نیگەرانی باوکم و خوشك و براکانم و رەسۆی برام بووم و......

لەنزیکمەوە گریانی ژنەکەی عارف عەباس زیادی کرد.

پاش چەند خولەکێك بەئاماژەیەکی رێنیشاندەرەکە پاسێکی بچووك بردینی بەرەو حەڵەب کەلەنیوەشەودا گەیشتینە ئەوێ. نایەتەوە بیرم چۆن بەسەر بێخەوییەکەمدا زاڵبووم. رۆژی دواتر عارف عەباس گرامافۆنێکی هێنا لەگەڵ کۆمەڵێك قەوان، گوێمان گرت لەگۆرانییەکی نیوەتورکی و نیوەکوردی کە لەتورکیا قەدەغەبوو. گۆرانییەکە ئەیوت:

(ئەی کوردە ئازاکان، ئەمڕۆ رۆژی ئێوەیە

دوژمنان بپلیشێننەوە

لەولاتەکەتان دەریان بکەن)

لەگەڵ دەنگی گۆرانییەکە خەمەکانم لەبیرچووە و کەوتمە دندنکردنی ئاوازەکە.

سوریا

- حەڵەب و دیمەشق و جەزیرە

- دۆخی کوردانی سوریا لەژێر ئینتدابی فرەنسیدا

- گەشانەوەی هەستی نەتەوەیی

- ژیانی کورد لەجەزیرە

-شەڕی ڕۆژانەی پزیشکێکی کورد لەبەرامبەر جادووگەرانو نەزانین و نەخۆشیدا

- سەرەتای چالاکیی نەتەوەیی کورد

- خۆهەڵدان لەکاتی ڕۆیشتنی شەمەندەفەردا لەبنکەیەکی تورکی لەناوخاکی سوریادا

- ئەزموونی کشتوکاڵ

هەرچەندە حەڵەب وەك مادن جوان نەبوو، چونکە درەخت و رووبار و سەوزایی کەمبوو و منیش بیری کەرەکەم (بۆزۆ)م ئەکرد بەڵام تیایدا هەستمان بەئازادیی تەواوئەکرد. مرۆڤ ئەیتوانی گوێ لەو گۆرانی و ئاوازانە بگرێت کە لەتورکیا قەدەغەبوون. وردە وردە مانەوەم لەوێ پێخۆشبوو و بەحەڵەب راهاتم تا وایلێهات تیایدا خۆم سەرگەرم بکەم.

سەیرم لەشێوازی بەرگپۆشینی خەڵك ئەهات لەسەرجادەکان، هەندێکیان دزداشەی درێژیان لەبەرئەکرد، هەندێکی تریان شەرواڵی پان و فراوانیان لەپێئەکرد و جامانەیان ئەبەست و پێڵاوی سووری نوك چەماوەیان لەپێئەکرد.

هەروەها کاتێکی خۆشم بەسەرئەبرد لەچاودێریکردنی ئەو جەماوەرەی بەبەرگی جیاوازەوە لەگۆڕەپانی (باب الفرج) کۆئەبوونەوەو فرۆشیارەکان هاواریان بۆ کەلوپەلەکانیان ئەکرد و کۆڵهەڵگرەکان کەباری قورسیان بەسەرپشتەوەبوو و بەناو خەڵکەکەدا ڕێی خۆیان ئەکردەوە و بەدەنگی بەرز هاواریان ئەکرد و عەرەبانچیەکانیش بەقامچی ئەیانکێشا بەپشتی وڵاخەکانیاندا، ئەمە بۆمن جیهانێکی نوێ بوو.

کاتێکیش شەقامی قیرتاوم لەحەڵەب بینی و بەیەکێك لەو شەقامانەدا پەڕیمەوە، خۆم پێنەگیرا و هاوارم کرد:

-ئا..ئەمە ئەوشارەیە کە بەکەڵکی سواربوونی پایسکل دێت.

هەرخێرا واملێهات زۆربەی رۆژ بەسوڕانەوە لەشەقامەکانی حەڵەب بەسەربەرم و ئێوارەش بچمەوە بۆلای کاکم و هاوڕێکانی. بێئاگانەبووم لەنیگا خەماوییەکانیان بێئەوەی

هۆکاری راستەقینەی نەوەبزانم، چونکە پێموابوو ئێمە لەوڵاتێکی ئازاددا ئەژین و لێرە کەس راومانناننێ و ئازارمان نادات، سەرەنجام لەم وڵاتەدا بەئاسایش ئەژین. بەڵام مەسەلەکە جیاوازبوو چونکە هەرکە کاکم و هاوڕێکانی گەیشتنە حەڵەب، یەکسەر داوای پەنابەرێتیی سیاسییان ئاراستەی دەسەڵاتی فەرەنسای ئەوکاتی حاکمی سوریاکرد و کەمترین گومانیان نەبوو کە فەرەنسییەکان پێشوازی گەرمیان ئەکەن و هەموو جۆرە یارمەتییەکیان ئەدەن بۆ جێگیربوون لەسوریا و لەوانەشە راوێژکاری فەرەنسای نیشتەجێی بەیروت یارمەتیان بدات لەبەردەوامبوون لەخەبات لەپێناوئازادکردنی گەلی کورددا. لەراستیدا ئاگامان لەسیاسەتی فەرەنسا نەبوو کەبەپێی دۆخی پەیوەندییە هاوبەشەکانی لەگەڵ تورکیا بەرامبەر گەلی کورد ئەگۆڕا. دوای هەفتەیەك لەپێشکەشکردنی داواکە وەڵامی ترسێنەر و چاوەڕواننەکراوی راوێژکار تووشی سەرسوڕمانی کردین، چونکە داوای پەنابەرێتیەکەی رەتکریبووەوە و دووپاتی کردبۆوە کە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە باشەکانی هەردوو وڵات و لەسەرداوای ئەنکەرە کە داوای تەسلیمکردنەوە و گەڕانەوەی کردبووین، ئەمانداتەوە دەست تورکیا.

کاکم لەم هەڵوێستە سەری سوڕمابوو و ئەیپرسی:

-(چۆن دەوڵەتێکی مەزن ئەتوانێت بگاتە ئەم ئاستەنزمە و بنەما مرۆییە دانپیانراوەکان لەجیهاندا پێشل بکات؟!) ئەشی وت:

-(ئەو پروپاگەندانەی فەرەنسا بڵاوینەکردەوە کەئەو، بەرجەستەکەری ئازادیی و یەکسانیی و برایەتییە، ئێمەی هەڵخەڵەتاند).

هاوڕێکانیشمان ئەیانپرسیی:

-(فەرەنسییەکان چیمان لێئەکەن؟ و ئایا ئەوێرن دەرمان بکەن؟).

کاکیشم وەڵامی ئەدایەوە:

-(بەلام قانونی نێودەوڵەتیی هەیە کەتەسلیمکردنەوەی پەنابەرانی سیاسیی قەدەغەکردووە).

تادوای چەندین مانگ ئەم مەترسییە گەورەیە لەکۆڵمان نەبووەوە، ئەویش دوای هەوڵی چەندین کەسی کورد و ئەرمەنی سوریا لای راوێژکار و سەرەنجام گەیشتە ئەو بڕوایەی کەڕاکردنمان لەتورکیا هۆکاری سیاسیی لەپشتبووە و فەرەنسییەکان ڕێمان ئەدەن لەسوریا بمێنینەوە. بەم بڕیارە هەناسەی ئاسوودەییمان هەڵکێشاو دڵنیابووین، بەلام ئەبوو سەرەڕای ئەوەش ڕێگەیەك بدۆزینەوە بۆ بەدەستهێنانی قووتی خۆمان، چونکە وەزارەتی تەندروستیی پیشەی پزیشکیی لەکاکم قەدەغەکرد لەسوریا، هەرچەندە خوێندنی پزیشکی لەسەردەمی عوسمانیدا لەهەریەك لەئەستەمبوڵ و دیمەشق تەواوکردبوو و بڕوانامەکەی ڕێی پێئەدا پیشەی پزیشکی بکات لەچوارچێوەی خاکی ئیمپراتۆری عوسمانیدا کە بێگومان سوریاشی ئەگرتەوە. کاکم ناچارکرا تاقیکردنەوەیەکی نوێ ئەنجامبدات. دێتەوە یادم کەبۆ چەندین ڕۆژ دەرگەی ژورەکەی لەئوتێل لەخۆی داخست بۆ دووبارە پیاچوونەوەی ئەو کتێبانەی لەتورکیاوە لەگەڵ خۆی هێنابوونی.

دوای هەفتەیەك تاقیکردنەوەکەی بەسەرکەوتوویی بڕی، مۆڵەتی کردنەوەی کلینکی لەهەرشوێنێکی سوریا وەرگرت. دوای ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێیانی کورد و ئەرمەن بڕیاریدا کلینکێکی پزیشکی لەحەڵەب بکاتەوە و پانسیونێکی وەرگرت لەشەقامی خەندەك کە وەك شادەماری شارەکەوابوو و پارچەیەکی کانزایی هەڵواسی کە ناوی خۆی و پسپۆڕییەکەی لەنەخۆشی پەتا و منداڵانی لەسەر نوسرابوو لەگەڵ تێبینییەك کە ڕۆژانی یەکشەممە و هەینی پشکنین بۆ هەژاران بەخۆڕاییە. خێزانی زولفی و عەباسیش پانسیۆنێکیان لەگەڕەکی بازاڕ بەکرێ گرت و منیش چوومە خوێندنگەی (خاکی پیرۆز)ی ناوخۆیی کە بەناوبانگ بوو وەك چاکترین قوتابخانەی حەڵەب و فەرەنسییەکان بەڕێوەیان ئەبرد. کڵێسەی (خاکی پیرۆز)ی دێرین لەناوەڕاستی بازاڕە بازرگانییەکاندابوو، پێکهاتبوو

لەقوتابخانەیەك و كڵێسایەك پێكەوە. بۆئەوەی بگەیتە ئەوێش ئەبوو بەچەندین شەقام و كوچەی تەسكی ناوبازاڕە سەرداپۆشراو و سەربەتاڵەكاندا تێپەڕبیت. دەرگایەكی گەورەی هەبوو، هی سەدەكانی ناوەڕاست لەگەڵ چەندین حەوشەی فراوان و قووڵ كە هەر لەزیندانێكی كۆن ئەچوو، ژوورەكانی خوێندنیش لەژێرزەمینێكی تاریكدا بوون كە لەرۆژانی هەوروهەلادا بەبێ گڵۆپی كارەبایی بینین تیایاندا مەحاڵبوو.

بەیانیان ئەبوو كوپێك چای رەش و سارد بخۆینەوە و بۆنانی نیوەڕۆ و ئێوارەش قاپێكیان ئەداینێ كە مەعكەرۆنی تیادابوو لەگەڵ چەند پلەگۆشتێكدا و دۆشاوی تەماتەی كرابوو بەسەردا. هەر تەنیا سەیركردنی قاپەكان بەسبوو بۆ ئەوەی زەوقی خواردنت نەمێنێت، كەچی هاوڕێكانم زۆر بەزەوقەوە ئەیانخوارد. لێم ئەپرسین:

-(چۆن ئەتوانن ئەم شتانە بخۆن كە ئەبێتە هۆی نەخۆشی؟)

بەپەلە وەڵامیان ئەدامەوە:

-(با چەندمانگ یان چەندساڵ لێرە بمێنیتەوە ئەو كاتە تۆش ئەیخۆیت).

لەدڵی خۆمدا ئەمووت:

-(بڕواناكەم بگەمە ئەوەی ئەم شتانە بخۆم.)

خواردن تەنیا شت نەبوو لەخاكی پیرۆز كە من لێی بێزاربووم.

لەریزێكی چاوەڕوانیدا دایاننام لەنێوان خوێندكارانی پۆلی یەكەمدا، كە تەمەنیان لەنێوان ٨ — ٩ ساڵ بوون بەمەبەستی فێربوونی زمانی فرەنسی، ئەبوو رۆژەكەم لەكۆكردنەوە و لێدەركردندا وەك منداڵان بەسەربەرم و زمانی فرەنسیەكەم بەهێزبكەم بەسەرپەرشتی ژنە مامۆستایەكی حەڵەبی كە وەك نیوەی خەڵكی حەڵەب بەدەنگێكی گڕ قسەی ئەكرد.

هەستم ئەكرد لەم قوتابخانەیەدا كاتی خۆم بەفیڕۆ ئەدەم و لەوەش خراپتر، بووبوومە ئامانجی گەڕپێكردنی یەكێك لەچاودێرەكان كە ناوی (براهینری) بوو.

باڵابەرزێکی دەموچاو ترسناك و ریشی سپییەکی بڕ و دارحەیزەرانێکی بەناوبانگی پێبوو کە کردبوویە شتێکی تۆقێنەر، و بەسادەترین هۆکار لەخوێندکارەکانی ئەدا بۆ چاوترساندنیان، بیرم دێت لێدانێکی قورسی لەکوڕێکی هاوتەمەنی مندا و پاشان ناچاری کرد لەحەوشە کۆنکرێتییەکەدا لەکەشێکی تەزێنەری مانگی تشرینی دووەمدا بۆ ماوەی یەك سەعاتی تەواو لەسەرئەژنۆ بەملکەچی بمێنێتەوە.

ئەوە لەدووەم هەفتەی گەیشتنمدا دەستی پێکرد، کاتێك لەنێوەڕۆدا سەرئەکەوتین بۆ هۆڵی نانخواردنەکە، براهینری لەسەرەوەی قادرمەکان وەستابوو و چاودێریی سەرکەوتنی ئێمەی ئەکرد، کە لێی نزیکبوومەوە وەیزانی گوێی لەدەنگێکبووە و بەدارەکەی کێشای بەپشتمدا، هەستمکرد وەك ئەوەی پێستەکەم دڕابێت و زریکەیەکم کرد کە منداڵەکانی لەرۆیشتن راگرت.

"پێشکەون" براهینری بەدەم جوڵاندنی دارەکەی دەستیەوە وای وت.

کەس نەیوێرا بپرسێت چی روویداوە و خوێندکارەکان ئۆتۆماتیکی چوونە شوێنەکانی خۆیان. ئەمە منی هەژاند، چونکە ڕانەهاتبووم لەقوتابخانە لێدان بخۆم.

لەماوەی هەموو ژیانی خوێندنی پێشوومدا تەنیا دوو زللەم خواردووە لەلایەن مامۆستای وێنەوە لەپۆلی سێهەمی سەرەتاییدا کەنازناوی (پەنجە کوڵ)یان لێنابوو لەبەرئەوەی پەنجەی شایەتمانی دەستی راستی قرتابوو. رۆژێکیان کاتێك وێنەی ئەو گوڵەم کۆپی ئەکرد کە مامۆستا لەسەر تەختەکە بۆی کێشابووین یەك زللەی قایمی پیاکێشام، منیش بەگریانەوە وتم:

-(هیچیم نەکردووە تا لێم بدەیت)

کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە بەپێویستم نەزانی لەمبارەیەوە خێزانەکەم ئاگاداربکەمەوە، کەچی دوای چەند رۆژێك پەنجەکوڵ لەحەوشەی قوتابخانەکەدا ئەم کارەی دووبارەکردەوە، بۆیە ریزەکەم بەجێهێشت و لەحەوشەکە هاتمەدەرەوەو بەڕاڕەوێکی درێژدا رووم کردە ماڵەوە و لەوێ دایکمم بینی لەچێشتخانەکەبوو، بەدەم گریانەوە پێم وت:

-(ئەبێت لەپەنجەکۆڵ بپارێزن ئەگینا رۆژێك ئەمکوژێت، نازانم چی لێمنەوێت و ئـەوەتا بۆ دووەم جار بەبێ هۆ لێم ئەدات، جاری یەکەم حەزمنەکرد بۆتان باس بکەم، بەڵام ئـەمڕۆ کارەکەی دووبارەکردەوە، ئەمە زۆرە و پێنەچێت رقی لێهەلگرتبم).

دایکم دوایئەوەی بەهێمنی گوێی لێگرتم، چـووە سـەرەوە بـۆ ژوورەکـەی بـاوکم، دوای کەمێك باوکم هاتەخوارەوە و وتی:

-(کەواتە ئاوا، تۆڵە لەکوڕەکەم ئەکاتەوە، چونکە چـەند رۆژێـك لەمـەوپێش هەنـدێك تابلۆی نیشاندام و لێمنەکری، ئێستا ئەچم پێـشانی ئـەدەم، مامۆسـتا چـۆن خوێنـدکار وا پەروەردە ئەکات؟!).

دەستی گرتم و داوای لێکردم لەگەڵی بـڕۆم. کـە گەیـشتینە قوتابخانەکـە چـووە ژووری بەڕێوەبەر و داوایکرد هەرئێستا پەنجەکۆڵ ببینێت، بەڕێوەبەر بەتکاوە پێی وت:

-(هێمن بەرەوە ئەفەندی....هێمنبەرەوە، پێم بڵێ چی روویداوە؟)

باوکم وەڵامی دایەوە:

- (من چەندین کوری ترم پەروەردە کردووە بێئەوەی کەس لێیان بـدات، ئـەمڕۆ خـەڵك وەك نمونە چاویان لێئەکەن، بەچ هـەقێك وبۆچـی پەنجـەکۆڵ شـەڕ بەکوڕەکـەم ئەفرۆشـێت؟ ئەمەوێت بێت و بۆم روونبکاتەوە و داوای لێبووردنیش لەکوڕە بچووکەکەم بکات.)

-(نازانم، مەسەلەچییە، ئارامبەرەوە و پێم بڵێ کوڕەکەت چی لێبەسەرهاتووە.)

باوکم داوای لێکردم کێـشەکەم لەگـەڵ مامۆسـتای وێنـە بـۆ بەڕێوەبـەر بـاس بکـەم. بەڕێوەبەر گوێی لێگرتم و لەباوکمی پرسی کە ئەو هیچ ناسیاوییەکی لەگـەڵ مامۆسـتاکەدا هەیە؟ باوکم وەڵامی دایەوە:

-(ماوەیەکی کەمە بـۆرە ناسـیاوییەکمان هەیـە، بـەڵام لـەو رۆژەوەی کڕینـی یـەکێك لەتابلۆکانیم رەتکردۆتەوە، چاوم پێینەکەوتووە).

-(ئەها، کەواتە نهێنییەکە ئەمەیە، راستە پەنجەکۆڵ هونەرمەندێکی بەهرەمەندە، بەڵام زۆر بەخۆیدا ئەنازێ و ئیشەکانی خۆی زۆر پێگرنگە و گەر کەسێك کرینی یەکێك لەتابلۆکانی رەتبکاتەوە بەسوکایەتیی و کەم نرخکردنی خۆی ئەزانێ، و بەبێ ئاگایی و بەهەر شێوازێك بێت ئەکەوێتە تۆڵەسەندنەوە. لەبەرئەوەی کە ناتوانێت بەرامبەر بەتۆ هیچ بکات بۆیە شەڕی بەکورەکەت فرۆشتووە، من ئەزانم زۆر خۆبەزلزان وبەدگومانە بۆیە باشتروایە بانگی نەکەین، بەڵام دڵنیات ئەکەمەوە کە لەمەودوا هەڵسوکەوتی لەگەڵ کورەکەت باش ئەبێت).

باوکم پێشنیازەکەی بەڕێوەبەری قبولکرد، بەمەرجێك کە پەنجەکۆل زۆر بەنەرمیی لەگەڵ من هەڵسوکەوت بکات. دوای ساڵێك لەو رووداوە لەو قوتابخانەیە گوێزرایەوە.

ئەو شەوە دوای لێدانەکەی براهێنەری خەوم لێنەکەوت. یادەوەری رووداوەکەم لەگەڵ پەنجەکۆڵ هاتەوەبیر، چەندم حەزئەکرد لەنزیکی باوکم بومایە تا پەنام بۆ ببردایە و دەرسێکی باشی ئەم پەروەردەکارە جەلادەی دابدایە، دەرسێك لەئەدەبدا. بەڵام بەداخەوە لەمادن نەبووم، بەڵکو لەو زیندانەدابووم کە پێی ئەوترێ قوتابخانە و باوکم سەدان کیلۆمەتر لەم جێگە سارد و غەمبارەمەوە دوورە. تا درەنگانێکی شەو گریام و تاهێزم لەبەربڕاو خەو زاڵبوو بەسەرمدا، دوای ئەوەی باوەڕم بەخۆم هێنا کەلەوانەیە براهێنەری بەمەبەست ئەوەم لەگەڵ نەکات.

بۆ رۆژی دوایی سەرسامبووم بەوەی بەشی ناوخۆییەکە هیچ گوێی بەرووداوەکە نەداو کەس نەهات لێمبپرسێ کە شەوێ بۆ گریاوم. سەریشم لەیەکێك لەهاوپۆلە کوردەکانم سورما-کوری (برایم پاشای میلەلی) بوو کەبەناوبانگ بەوەی بەسەر خێڵەکانی (شەممەر)دا سەرکەوتبوو، دایکی کۆچەریی بوو، و زۆرکاری تێکردبوو، و تەنانەت دەموچاویشی وەك پیاوانی خێڵەکەی خالکوتیی کردبوو- ئەو کورە هەمیشە شێوازێکی ئەدۆزیەوە بۆ ئەوەی کاتێك شانازیی بەکوردبوونی خۆمەوە ئەکەم، شەرم پێفرۆشت. هاوپۆلێکی ترم "تەلعەت"

کە بەتەمەن لەمن گەورەتربوو، و لەخێزانێکی کوردی ناسراوی قامیشلیی بوو، لەکاتی خوێندن لەئەستەمبوڵ کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیای کەمالییەوە و لەوکاتەوە پێی باش نەبوو دان بەکوردبوونی خۆیدا بنێت و حەزی لەوەبوو بەزمانی تورکی قسەبکات، لەبەرئەوەی زۆربلێ بوو، سوودم لێوەرگرت بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو وشە فرەنسیانەی ئەمزانی، و هەر ئەویش سەبارەت بەرووداوەکەی شەوی رابردوو، دڵی خۆی بۆ کردمەوە، و بەشان هەڵتەکاندنەوە وتی:

-(نابێت لەوەبترسیت، چونکە ئەوە لەهەمووکەس رووئەدات بەتایبەت لەلایەن براهێنرییەوە).

-(بەڵام من لێدانی بێ هۆ قبوڵ ناکەم) بەچاوی فرمێسکاوییەوە، وەڵامم دایەوە.

-(رادێیت) بەبێ بایەخییەوە وای پێوتم و گەڕایەوە بۆ گاڵتەکردن لەگەڵ هاوڕێکانی.

دوای چەند رۆژێك و لەسەر هەمان قادرمە یەکێك لەمناڵەکانی بەردەمم قسەیکرد، براهێنری بەدارەکەی سیخورمەیەکی لەپشتمدا، چاوم بەرزکردەوە و ویستم نارەزایی دەربڕم:

-(نا..من نەبووم....نا.. من نەبووم)

قیژانی بەسەرمدا و دارەکەی راوەشاند:

-(بێدەنگبە و پێشکەوە)

بێدەنگبووم و بەهەنسکەوە رۆیشتم بەرەو شوێنەکەی خۆم. ئەو شەوەش نەمتوانی بخەوم و لەخۆم ئەپرسی:

-(تووشی چ شوێنێك بووم؟) و لەخوای بەخشندە پاڕامەوە بەزووترین کات لەم دۆزەخە رزگارم بکات.

چاوەڕێ بووم رۆژی دووەم کاکم سەردانم بکات، کاتێك لەهاتنی بێئومێدبووم، داوام لەتەلعەت کرد فێرم بکات چۆن بەزمانی فرەنسیی بڵێم (دوێنێ ئێوارە لەکاتی چوونمان بۆ خەوگەکانمان براهێنری لێیدام).

ئەو دێڕەم بەچاکی لەبەرکرد و پاشان چووم بۆ ژووری بەڕێوەبەر، لەدەرگەم دا.

بەڕێوەبەر بەخەندەوە گوێی لەوەگرت کە لەبەرمکردبوو:

-(چی ئەڵێت؟) لەمامۆستایەکی پرسی کەلەتەنیشتییەوە بوو، ئەویش تێیگەیاند، پاشان لەرێی چاویلکە زێڕینەکەیەوە تەماشایەکی کردم:

-باشە بابزانم چۆن ئەبێت.

لەپلیکانەکان هاتمە خوارەوە و شادمانبووم کە ئەوئەرکەی بۆ خۆمم دیاریکردبوو جێبەجێم کرد. لەو ڕۆژەوە لەلێدانەکانی براهینەری ڕزگارم بوو، هەرچەندە هەرچاوە قیناوییەکانی بەدوامەوە بوون. بەلاّم خوێندنگەکەم وەك جاران بەلامەوە سەرچاوەی هەراسانیی بوو. بەدرێژایی هەفتەیەك لەناو دیوارە بەرزەکانیدا زیندانیی ئەبین، جگە لەوەش ئەبوو پاشنیوەڕۆی یەکشەممان ریزببین بۆ هاوڕێیەتیکردنی باوەڕدارەکان، لەم پیاسانەدا بەسێ ریز ئەڕۆیشتین و کلاّوێکی خڕی زێڕکەشمان لەسەرئەکرد، لەگەل کەوایەکی شینی دەریایی.

بەلای منالێکی وەك منەوە کە عەرەبی و فەرەنسایی نازانێت و هیچ هاوڕێی نییە و ڕاهاتووە لەسواربوونی ئەسپ و پایسکل، ئەم پیاسانەی "خاکی پیرۆز" هیچ شادمانی نەئەکردم.

خۆشبەختانە کۆتایی هەفتەی سێیەم کاکم و شەوکەت زوڵفی هاوڕێی سەردانیان کردم، کە بینیمن دامە پرمەی گریان، کاکم بەسەرسامییەوە لێی پرسیم:

-چی بووە؟ چی ڕوویداوە؟!

بەدەم گریانەوە وەڵامم دایەوە:

-نامەوێت ئیتر لێرە بمێنمەوە، یا هەرچۆنێك بێت نامەوێت وەك خوێندکاری بەشی ناوخۆیی لێرەبم.

زوڵفی وەڵامی دامەوە:

-بەلاّم تۆ لەچاکترین خوێندنگەی حەڵبیت. کەهاتوویتەتە ئەم قوتابخانەیە بۆ ئەوەیە کە بەخێرایی فێری زمانی فەرەنسایی بیت و بچیتە ئەو پۆلەی لەگەلّ ئاستی خۆتدا گونجاوە).

-(لەم جۆرە قوتابخانەیەدا کە برسیم ئەبێت و بەردەوام لێم ئەدرێت، ناتوانم هیچ فێـربم و تاقەتم نییە لەگەڵ قوتابی پۆلی یەکی سەرەتایی بخوێنم. تکاتـان لێنەکـەم لێـرە دەرمکـەن ئەگینا رائەکەم.)بەردەوامیش فرمێسکم ئەڕشت.

-(باشە، لانیکەم تاکۆتایی وەرزی خوێندن لێرە بمێنەرەوە) کاکم پێشنیازی کرد.

کاکم بەزمانێکی شیرین و فەرمانکەرانە بەردەوامبوو لەسەر قسەکانی:

-برۆ و چەند هەفتەیەکی تریش دانبەخۆتدا بگرە، وردە وردە فێـری زمانەکـە ئـەبیت و لەگەڵ دۆخە نوێکەدا رادێیت. باشتروایە سەیری ئەو دیارییانە بکەیت کە بـۆم هێناویـت، و هەفتەی داهاتوو شتی تریشت بۆ ئەهێنین، چاوت بسڕە و برۆ بەلای کتێبەکانتەوە.

دوای چەند رۆژێك خەوگە ساردەکە بـوو بەیارمەتیـدەرم، چـونکە هەلاّمـەتێکی تونـدم گرت، شەو لەرزوتام لێهات. ئەوەی کە ترسناکیی دۆخی دەروونمی زیادئەکرد ئـەوەبوو، کـە ئەبوو بەردەوام رێگەیەکی دووربېڕم بۆ گەیشتنە تەوالێت.

رۆژی دوایی قایل نـەبووم جێگەکـەم بـەجێبهێڵم و داوای پزیـشکم کـرد، برینپێـچەکە سەرنجی تا بەرزەکەمی دا و شروبێکی بۆ هێنام کە خـۆی ئامـادەیکردبوو و داوای لێکـردم رۆژی سـێ کـوپی لێبخۆمـەوە. لەئـەنجامی خراپبـوونی تەندروسـتیم وترسـی ئـەوەی لەوەخراپتربم، لەگەڵ ئەو بارودۆخەی باڵی کێشابوو بەسـەر قوتابخانـەی "خـاکی پـیرۆز"دا، زانیم کەدەرگە گەورەکە تەنیا رێگەی چوونەدەرەوەیە. هەموو جـارێکیش کـە ئەچـووم بـۆ بەڕێوەبەرێتی یا بۆ ڕاڕەوی پێـشوازیی ئـەمبینی دەرگـەوانێکی کەتـە وەك بـت لەبـەردەم دەرگەکەدا وەستاوە.

ئەو رۆژە کەچووم بۆ چاودێریکردنی شوێنەکە زۆر شادمان بووم، چونکە بینـیم لایـەکی دەرگەکـە کراوەتـەوە، بۆیـە بـەهێمنی لەپلیکانـەکان هاتمـەخوارەوە بـەرەو ئـازادی و خۆمگەیاندە سەرشەقامەکە. کەس دوامنەکەوت کەسیش لەرێبوارەکان بایەخی پێنەدام.

ورده ورده لە"خاکی پیرۆز" دوورکەوتمەوە و بەتەنیا لـە قـەرەباڵغیی بـازاڕدا ون بـووم.
دوای ماوەیەکی کەم بەپلیکانەکانی قادرمەی کلینکەکەی کاکمـدا سـەرکەوتم و خـۆمکرد بـەژووری چـاوەڕوانیدا، سـەیرمکرد ئـەو کـچە یاریـدەدەرە ئەرمەنییـەی لێیـە کەپێـشتر لەدیاربەکر لای کاکم کاری ئەکرد. لەبەرئەوەی ژوورەکە تاریك بوو گڵۆپەکـەی داگیرسـاند و سەیری رووخسارمی کرد و وتی:
-ڕەنگ لەرووتا نەماوە و ماندوو دیاریت، چـیان لێکردوویـت لـەو قوتابخانەیـە؟! دەی بچکۆل خێرا پێم بڵێ.
-شتێکی ترسناك نییە، تەنیا سەرمایەکی کەمم بووە، بەڵام چەند رۆژێکە.
دڵنیای کردمەوە:
- نیگەران مەبە هەرئێستا کاکت چاکت ئەکاتەوە.
لەوکاتەدا کاکم دەرگاکەی کردەوە، سەرسامی پێوەدیاربوو و بەبێزارییەکەوە وتی:
-چۆن ئەبێت لەناوەڕاستی هەفتەدا لەقوتابخانە بزرببیت؟!
-چەند رۆژێکە نەخۆشم و چارەسەرم ناکەن بۆیە لەقوتابخانە هەڵهاتم.
-ئاوا ؟! ئەوێریت بەروو قاپییەوە بڵێیت لەقوتابخانە راتکردووە!
بەسەرما قیژاندی:
-ئادەی بۆم باسکە بزانم چۆن؟
دوایئەوەی گوێی لێگرتم، داوای لێکردم یەکسەر بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە.
-لەجیاتی ئەوەی ناچارم ئەکەیت بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە پێویستە چارەسەرم بکەیت.
پەرستارەکە وتی:
-راست ئەکات، دیارە ئەو منداڵە ئازاری هەیە.
لەکاتێکدا سستەرەکە بەرەو قوتابخانەی "خاکی پـیرۆز" بەرێکـەوت کـاکم منـی بـردە کلینکەکەی خۆی، بەوردی پشکنیمی و پاشان لەسەر رەچـەتەکە شـتێکی نوسـی و خـۆی

چوو بۆ دەرمانخانە بیهێنێت. کە گەڕایەوە کەوچکێکی چێشتی لەشرووبەکە کرد بەدەمەوە و پێی وتم کە بچم لەجێگەدا رابکێشم و خواردنیشم تەنیا چای رەش و برنجی بێ رۆن بێت.

دوای سەعاتێك سستەرەکە لەقوتابخانە گەڕایەوە و باسی تووڕەیی و پەشۆکانی بەڕێوەبەری بۆ کردین، کە بڕیاریداوە لێکۆڵینەوەیەك بکرێت بۆ دیاریکردنی هۆی راستەقینەی راکردنی من و لەوانەشە سزای توندی براهێنری و دەرگەوانەکە بدرێت.

کەچاکبوومەوە، بەتوندی ئەو فرمانەی کاکم رەتکردەوە کە بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە وەك خوێندکارێکی ناوخۆیی لەقوتابخانەی "خاکی پیرۆز"، سەرەنجام کاکم لەگەڵ هەردوو هاوڕێکەی هاتن لەگەڵم بۆ قوتابخانە و دۆخی منی بۆ بەڕێوەبەر شیکردەوە، ئەویش بەداواکەی کاکم رازیبوو بەمەرجێك ئەو قیستە پارەیە نەداتەوە کەدابوومان لەبەرامبەر مانەوەم لەبەشی ناوخۆیی.

دۆخە نوێکە بۆ من لەپێشوو باشتربوو، بەڵام بۆ کاکم نا، چونکە نەك هەرئەبوو بایەخ بدات بەخواردن و خەوتنم، بەڵکو ئەبوو بایەخ بەیاری و سەرگەرمییەکانیشم بدات، خۆشبەختانە ئەمە زۆری نەخایاند.

لەماوەی مانگێکدا کاکم لەژێرگوشاری هەندێك لەکوردانی دانیشتووی دیمەشقدا بڕیاریدا حەڵەب بەجێبهێڵێت و بچێت لەدیمەشق نیشتەجێ بێت. دیارە هۆیەکی تریش هەبوو بۆ ئەم بڕیارە، ئەویش باری نابووریی "عارف عەباس و شەوکەت زولفی" بوو، چونکە بێنومێدبووبوون لەدۆزینەوەی کار، خۆشبەختانە ژیان لەسوریا گران نەبوو، چونکە لیرەی سوریی ئەوکاتە بانکی فرەنسی دەرینەکرد کرابوو بە۱۰۰ قرش یا ۲۰ فرەنك و کیلۆیەك گۆشتی برژاو لە۱۲ قرش زیاترنەبوو و نان بە۳ قرش و شەکر بە٤ قرش بوو. رۆژانەی کرێکارێك بەشێوەیەکی ناونجی ۱۵ تا ۳۰ قرش بوو، بەڵام نرخی پشکنینی پزیشك گەیشتبووە ۵۰ قرش، و دەیان هەزار کارمەند موچەی مانگانەیان ۱۰ تا ۱۵ لیرەبوو، و فەرمانبەرە گەورەکان مانگانە ۷۰ بۆ ۸۰ لیرەیان وەرئەگرت، چاکترین مووچە

ئەو ئەفسەرانە وەریانئەگرت کە لەهێزەکانی خۆرهەلاَتدا خزمەتیان ئەکرد - ئەم هێزانە لەکۆلۆنییەکاندا پێکهێنرابوون بەفەرماندەیی راوێژکاری فرەنسا لەسوریا و لوبنان کە سادەترین مولازمی تازە دەرچوو لەقوتابخانەی سەربازی حمص مانگی ۱۰۰ لیرەی وەرئەگرت دوای تەنیا دووساڵ خوێندن و بێئەوەی بڕوانامەی دواناوەندی پێبێت-ئەم موچەیە بۆ ئەو سەردەمە سامانێك بوو بۆخۆی.

بەدەستهێنانی پارە سەخت بوو، چونکە لەناوەڕاستی قەیرانی ساڵانی ۳۰ دابوو. ئەوماوەیە جوتیاران زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانیان پێکئەهێناو بۆرژوازیی لەبنەڕەتدا پەیوەست بەزەویی و هێشتا سروشتێکی دەرەبەگیی هەبوو، و پیشەسازی قورسیش دەگمەن بوو، لەبەرامبەر ئەوەدا پیشەکان بەهەموو جۆرەکانییەوە رابردوویەکی روون و نەریتی دێرینی هەزاران ساڵ بوو.

پیشەگەران رووبەڕووی ململانێیەکی توند ئەبوونەوە لەلایەن کاڵا و کەلوپەلی بەرهەمی فرەنسا و ژاپۆن و ولاَتانی ترەوە، هەرچەندە توانیان بەرامبەر ئەمە خۆڕاگرن، بەلاَم بەهەزارحاڵ، زۆریشیان کەوتنەداوی بێکارییەوە.

خەلکی سوریا بەتوندیی دژی ئەو سیاسەتە ئابووری و کۆمەلاَیەتییە ناڕاستەکراوەی فرەنسا وەستانەوە کە ئامانجەکەی ئەوەبوو سوریا بکاتە بازاڕێکی کراوە بۆ کالاَکانی فرەنسا. جەماوەری شارەگەورەکانی سوریا کە هاوسۆز و لایەنگری کۆمەڵەی میللی کۆمەڵەی نیشتمانی بوون، چەندین جار خۆپیشاندانیان کرد دژی سیاسەتی ئینتداب، مانگرتنێکی گشتییان ئەنجامداو هەموو چالاکییە بەرهەمدارەکانیان وەستاند و ئامرازەکانی گواستنەوەیان ئافەرۆز (بایکۆت) کرد.

سەرلەبەیانی یەکێك لەرۆژانی کۆتایی مانگی دیسەمبەری ساڵی ۱۹۳۰ سواری شەمەندەفەر بووین بەرەو (شامی شەریف) وەك عوسمانییەکان ئەیانوت، گەشتەکە وەك خەونێك دێتە بەرچاوم، کۆڵەکە مەزنەکانی(بەعلەبەگ)م دێتەوە یاد کەبۆ ماوەیەك لەوێ

ـــــيـ. هەروەها سیمای (نظام الدین کبار)، مـامی (ممدوح سـلیم)م دێتـەوە یـاد کـە
ـــــگەی دیمەشق پێشوازی کردین.
ـ نەوەی هەرئێستا گوێم لەدەنگی پێـی ئـەو ئەسـپانەبێت کـە بەهـەنگاوی ڕیتمـی
ـــ ـەـ(حـەنتور)ێکـدا بردینـی بـۆ (حـی الأکـراد). کـات پـاش نیوەشـەوبوو. دوای
ـــنی تورکیا و حەلەب لاپەڕەیەکی نوێ لەژیانمدا دەستیپێکرد.
ـێ دوایی سەیرمکرد لەخانوویەکی گەورە وکۆنـدام کـە بـەباخ دەورە دراوەو لـەنزیك
ـــێکی بچووکەوەیە. ئەم ماڵە هی یـەکێك لـەپیاوماقوڵانی کوردبـوو (عـەلی ئاغـای
ـ یەکێك لەسەرانی کوردی دیمەشق، پیاوێکی باڵابەرزی قـژ زەردی چـاو بەقوڵاچـووی
ـحـتوور، لەگـەڕەکی (حـي الأکـراد) لەسەرشـاخی (قاسـیون)ی بـاکووری خۆرهـەڵاتی
ـ ـکە نیشتەجێبوو.
ـەو سـەردەمە ژمـارەی دانیـشتوانی گەڕەکەکـە ٤٠٠٠٠ کـەس بـوو، لەوسـەری
ـهەڵاتەوە تا پردی مس خەڵکەکە لەماڵی خۆیاندا بەکوردی قـسەیان ئـەکرد و لـەپردی
ـــەوە تا گۆڕەپانی "شەمدین ئاغا" خەڵك هەردوو زمانی کوردی و عـەرەبییان ئـەزانی،
ـلە پێیان باش بوو بەزمانی دووەم قسەبکەن و پاشان لەگۆڕەپانی "شەمدین ئاغا"وە تـا
شیخ محی الدین) دانیشتوانەکەی هەرچەندە شانازییان بەکوردایەتی خۆیانەوە ئەکرد، بـەڵام
ـمـنەکەیان لەبیرچووبووەوە و تەنیا بەعەرەبی قسەیان ئەکرد.
ماڵەکەی "عەلی ئاغای زولفۆ" کـەوتبووە دوای پـردی مـسەوە، واتـە ئەوناوچـەیەی
هێشتا دانیـشتوانەکەی بـەکوردی قـسەیان کـرد. کـە گەیـشتینە هۆڵەکـە کەلەشـێوەی
گومەزدابوو، ژمارەیەکی زۆر لەپیاوماقووڵانی گەڕەکەکەم بینی لەگەڵ ژمارەیەك پەنابـەر و
ئەو کوردانەی خرابوونـە ژێـر نیـشتەجێی زۆرەملێـوە، لەناویانـدا قوربانیـانی سیاسـەتی
لایەنگرانەی فەرەنسا بۆتورکەکان. چاومان کەوت بە"محەمـەد و ئـەکرەم و قـەدری جـەمیل
پاشا"ی خەڵکی دیاربەکر کەچەندساڵێك پێش ئێمـە پـەنایان هێنـابووە سـوریا. هـەروەها

"حاجۆ ئاغا"ی سەرۆکی "ئافیرکان"ی کوردستانی تورکیا کە کوڕەکانی "حەسەن و جەمیل و وجابان"ی لەگەڵ بوو. هەروەها "میر جەلادەت" کە بالآیەکی بەرز و ریشێکی کورتی هەبوو و یەکێکە لەنەوەکانی دوا میرنشینی کورد لەناوچەی بۆتانی کوردستانی تورکیا. ئێمە لەبەشی تایبەت بەمیوانەکان ماینەوە و بەشەکەی تر تەرخان کرا بۆ خێزانی زولفۆ.

ئەو بەشە خێزانی عەلی ئاغای زولفۆی لێئەژیا، بەڵام چۆڵیکرد بۆ حاجۆ ئاغا و خێزانەکەی و خزمەتکارەکانی کە خواردنیان بۆ هەموو پەنابەرەکانی ماڵەکە ئامادە ئەکرد، و زیاتر لە ٢٠ کەس لەسەر سفرەکە کۆئەبوونەوە، بەگشتیی، زۆربەی ئێواران عەلی ئاغا و پیاوماقووڵانی گەڕەك ئەهاتن بۆ لامان بۆدیوەخانەکە و قاوەی عەرەبیی یا چایان ئەخواردەوە وشیرینیی دیمەشق یان میوەیان ئەخوارد و باسی زمان و سیاسەت و فەلسەفە و هەڵوێستی فرەنسایان دەکرد بەرامبەر کورد و تورك و عەرەب.

لەماوەی ئەو دانیشتنە درێژانەدا لەکوردبوونی خۆم تێگەیشتم و سەرلەنوێ فێری زمانی کوردی ئەبوومەوە، لەناخی خۆمەوە هەڵئەچووم دژی ئەو چەوساندنەوەیەی گەلەکەمی پێوە گرفتارە.

لەماوەی چەندین مانگی دووروودرێژدا چاومکەوت بەچەندین کەسایەتیی تر، خواردن و خواردنەوە و خەوتنم لەتەنیشت نەوەی میر و پاشا و بۆرژوازیی گەورە و دەرەبەگی کوردەوەبوو، کەبەشێکیان خوێندنی بەرزیان تەواوکردبوو و ئاگایان لەدۆخی جیهان بوو هەندێکیشیان نەهامەتی و ساتی کارەساتباریان بینیبوو لەزیندان ولەبەردەم دادگەکانی تورکیادا. لەناو ئەوانەدا حەمزەبەگ هەبوو لەناوچەی (میکس) کمیەکێك بوو لەکوردەکانی تورکیا و ١٠ساڵی لەزیندانەکانی تورکیادا بەسەربردبوو لەبەرئەوەی شاکارێکی "ئەحمەدی خانی" شاعیری نەتەوەی کوردی سەدەی ١٨ی بلآوکردبووەوە. هەروەها "ئەکرەم و قەدری جەمیل پاشا"شم دێتەوە یاد کە کاتێك ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ خزمەتی سەربازیی

بانگیان ئەکات ئەوان سەرگەرمی خوێندن ئەبن لەزانکۆکانی سویسرا، بەڵام لەناو هەموو کەسایەتییەکانی میوانخانەکەدا، حاجۆ ئاغا لەهەموویان کاریگەرتربوو. جەستەیەکی زل و دەموچاوێکی سافی هەبوو، لەگەڵ دووچاوی شیندا، ئەوەی خێزانی ئاغاکانی خێڵی "ئەخیلییەکان" بوو کەنیشتەجێی ناوچەی "مادییات"ی خۆرهەڵاتی ماردین بوون، هەزار و یەك بەزمی بینیبوو. حاجۆ ئاغا لەسکی دایکیدابوو کاتێك باوکی لەلایەن "سەرۆخان"ی ئامۆزایەوە کوژرا. ئەوەدەمە "چەلەبی" باوکی بکوژەکە سەرۆکی خێڵەکەبوو. دوای ١٥ساڵ لەوتاوانە حاجۆ کە بووبووە گەنجێکی بەخۆ، لەتۆڵەی باوکیدا سەرۆخانی کوشت و رایکرد بۆ چیاکان، پیاوانی چەلەبی شەو و رۆژ بەدوایەوەبوون، بەڵام حاجۆ توانی ماوەی زیاتر لە ٥ساڵ خۆی لەتەقە و بۆسەکانیان رزگاربکات.

لەزستانێکی سەختی ئاساییدا حاجۆ نەیتوانی لەوە زیاتر بەرگەی ژیانی ئەشکەوت و چیاکان بگرێت، بۆیە شەوێکیان هەموو ئازایەتی خۆی کۆکردەوە و خۆی کردەوە بەگوندەکەیاندا، وچووە هۆڵی میوانەکانی چەلەبی مامی و لەبەر پێیدا راکشا و گەردنی خۆی پێشکەش کرد. دەستی چەلەبی خۆبەخۆ بەرەو خەنجەرەکەی کشا، بەڵام لەدواساتدا بەکاریگەریی لاوێتیی ئەو و خزمایەتی نێوانیان،خەنجەرەکەی خستەوە کالانەکەی و داوای لەحاجۆ کرد هەستێت و لەتەنیشتییەوە دانیشێت و پێی وت:

-تۆ بۆ ژیان دروست بوویت، نەك بۆ مردن، وا بۆ هەتا هەتایە لەخوێنی کوڕەکەم خۆشبووم و کچەکەشمت پێشکەش دەکەم کە بیکەیت بەهاوسەری خۆت. کە منیش مردم تۆ لەجێی من ئەبیتە سەرۆکی خێڵ. ئێستا برۆ بۆلای دایکت کە بەردەوام دەمبەگریان و دەستەونزابوو بۆت، سبەینێ وەرەوە تائاهەنگی دەستگیرانیتان بگێڕین.

دوای ئەوە حاجۆ ئاغابوو بەسەرۆکێکی بەهێز و خۆشەویست لەخێڵەکەیدا و لێپرسراوانی عوسمانی هەراسان بوون لەجەماوەرێتی ئەو. دوایئەوەی توانییان دەستگیری بکەن لەناوچەکە دووریان خستەوە. حاجۆ کە نەخوێندەواربوو ماوەی دووساڵی

زیندانییەکەی کە لەئەدەنە بەسەری برد، قۆستەوە بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بەزمانی تورکی. لەسەرەتای ساڵی سێهەمی زینداندا ڕێگەیەکی دۆزیەوە بۆ ڕزگاربوون و بەپێ بەناوچیاکاندا خۆی گەیاندەوە گوندەکەی.

منیش بەدەمی دابچڕاو و سەرسامییەوە گوێم لێئەگرت کاتێك بەئارامی چیرۆکی ژیانی، چیرۆکی لاوێتیی خۆی ئەگێڕایەوە. تائێستاش ڕێز وسەرسامیم بۆ کوردێکی تر هەروەك خۆیەتی، ئەویش عەلی ئاغای زولفۆی سەرپەرشتیاری (حی الاکراد)ی دیمەشق بوو، کەخێزانە گەورەکەی خۆی ترنجاندبووە ماڵێکی بچووکی گەڕەکی (ساروجە)وە تابتوانێت پەنابەرانی کورد بگرێتە خۆی.

عەلی ئاغای زولفۆ بالآی ١٨٣ سم و چوارشانەبوو وەك وەرزشکارێکی بەهێز، دەموچاوی ئەتوت بەگوێزان قاشکراوە و قژیشی زۆر زەردبوو کە هەر لەسویدی ئەچوو. و خوا گەلێك چاکەی دارایی و ڕەوشتی پێبەخشیبوو. باپیرانی لەسەردەمی عوسمانییەوە لەکوردستانەوە هاتبوون و بەکارکردن، وەك بەڵێندەری گشتیی باجگریی لەناوچە سەخت و یاخییەکاندا، دەوڵەمەندبووبوو. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بنەماڵەی زولفۆ بووبوونە خاوەنی گوندێکی گرانبەها کەزەوییەکی فراوانی هەبوو بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی و بەهۆی کەشە گونجاوەکەیەوە بەهاوین و زستان و هەزاران سەر مانگای تیا بەخێوئەکرا.

عەلی ئاغای زولفۆ زۆر پابەند و وەفاداری سوریای نیشتمانی بوو. ساڵی ١٩٢٥ کاتێك سوریا دژی دەستدرێژییەکانی هێزی "ئینتیداب" ڕاپەڕی، عەلی ئاغا سەرۆکایەتی خۆبەخشانی کوردی گەڕەکەکەی کرد و زیانێکی زۆری بەهێزەکانی فەرەنسا گەیاند و لەکاتێکدا سەرکردە سەرەکییەکانی ڕاپەڕینەکە بەدیل گیرابوون، ئەو بەردەوامبوو لەشپرزەکردنی هێزە داگیرکەرەکان لەهەستیارترین شوێنەکانیدا و ڕانەوەستا تا فەرەنسیەکان بەڵێنی تەواویان پێدا.

ئەم دەرەبەگە کوردە پەیوەندیی پتەوی هەبوو لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییە گەورەکان، چ ئەوانەی لەدەسەڵاتدابوون و چ ئەوانەی ئۆپۆزسیۆن بوون، تەنانەت فرەنسیەکانیش ڕێزیان لەڕەوشتی بەرزی ئەو پیاوە نیمچەخوێندەوارە ئەگرت، کە ژیانێکی باشی هەبوو لە(حی الاکراد) و میوانداریکی باش و بەرێز و ئەدەبەوە مامەڵەی خەلکی ئەکرد.

نەئەکرا مانەوەمان لەماڵی عەلی ئاغای زولفۆ لەوەزیاتر درێژە بکێشێت، دەمێك بوو بەدوای خانوویەکدا ئەگەڕاین. لەو دەمانەدا چوومە قوتابخانەی (برایانی مریەمی) کە لەدووقات و پێنج ژوور پێکهاتبوو و حەوشەیەکی کراوەی بچووك دەورەی دابوو و لای ڕاستی حەوزێکی بچووکەوە ترومپایەکی ئاوهەڵێنجانی دەستی دانرابوو، ئەبوو هەموو ڕۆژێك ئاوهەڵێنجین و حەوزەکە پڕبکەین بۆشتن و تەوالێت و پاککردنەوە، چونکە لەودەمەدا ئەو ماڵانەی ئاوی بەلوعەیان هەبوو دەگمەن بوون، بێگومان هەندێکجار لەهەندێك لەشەقامەکاندا ترومپای ئۆتۆماتیکی دەبینران، بەڵام هێشتا میراوەکان، کەزۆربەیان جوتیاربوون بەردەوامبوون لەسەرگەیاندنی ئاوی خواردنەوە بۆ ماڵەکان لەسەتڵ و گۆزەدا کە بەسەریان هەڵیانئەگرت.

پیاسەکان بەشەقامەکانی دیمەشقدا کۆتایی هات و نیتر نەمئەتوانی لەبازاڕی حەمیدیە یا لەبازاڕی شیرینی و میوەکان خۆم دوابخەم. سەرەنجام کاکم توانی خانوویەك بەکرێ بگرێت لەگەڕەکی (عەرنوس) لەناوەڕاستی ڕێگەی (حی الاکراد) بۆ سەنتەری شار و نزیکی قوتابخانەی مریەمی. لەو خانووەدا من و کاکم و عارف عەباس و شەوکەت زولفی نیشتەجێبووین، بەڵام نیشتەجێبوونی هاوبەشمان لەم خانووەدا درێژەی نەکێشا. عارف عەباس کارێکی دۆزیەوە. لە(حەسەکە)ی ناوەندی پارێزگای جەزیرەوە، بانگکرا بۆ قەلاچۆکردنی کوللە و لەناوبردنی مێروە زیانبەخشەکان،چونکە ئەزمونێکی زۆری هەبوو لەقەلاچۆکردنی ئەم بەلایەدا لەناوچە کوردییەکانی تورکیا، و ئەو ناوچەیەی بۆی ئەچوو دانیشتوانەکەی کوردبوون و تەنیا سنووری دەستکرد، لەناوچە کوردییەکانی تری جیائەکردەوە. دوای

دووهەفتە شەوکەت زولفی بەرەو ئەویَ بەرێکەوت بۆ وەرگرتنی پۆستی سکرتێری کۆمەڵەی خێرخوازیی کورد. کاکم ماڵەکەی رێکخستەوە و لەگەڵ چێشتلێنەرێکی بەڕەگەز کورد بەناوی "دایکی عەلی" رێککەوت، کە بێوەژن بوو و کوڕێکی تاقانەی هەبوو، و وردە وردە کەشێکی خێزانیی لەماڵەکەدا دروستکرد، ئەم ژنە دەگمەنە،دوو ئامانجی هەبوو: خزمەتکردنی کاکم و خستنە بەرخوێندنی کوڕەکەی "مەمدوح"، تا ببێتە کەسێکی دیار. لەراستیدا دایکی عەلی بەڵێنەکەی خۆی بەجێهێنا و لەماوەی ئەو ٢٠ ساڵەی لای ئێمە مایەوە وەك دایکێکی راستەقینە سەرپەرشتی ئەکردم.

کاکم سەرەڕای کلینکەکەی لە(عەرموس) کلینکێکی تری کردەوە لەناوەڕاستی (حی الاکراد) و رۆژانە پاش نیوەڕوان ئەچوو بۆ ئەویَ. منیش شادمان بووم بەبیرۆکەی چوونە قوتابخانەیەکی سڤیلی نویَ کە(دواناوەندی فەرەنسی)بوو لەدیمەشق.

لەراستیدا قوتابخانەکە خانوویەکی زەبەلاح بوو، بنیاتنانی تێدا بەردەوامبوو لەسەرشەقامی فراوانی بەغداد و چەندسەد مەترێك لەماڵەکەمانەوە دووربوو، چونکە ئیتر بێزاربووبووین لەشێوازەکانی پەروەردەکردن لەدامەزراوە ئاینییەکاندا. لەناوەڕاستی ئۆگەستدا بیناکە تەواوبوو و دوای دووهەفتە بووم بەقوتابی دواناوەندی فەرەنسی، بەم شێوەیە ساڵەکان بەخۆشی و ئاشتییەوە تێپەڕی.

کاکم بەهیچ شێوەیەك لەچارەنووسی خۆی رازی نەبوو هەرچەندە ژیانێکی شیاوی هەبوو و کاریشی کەم نەبوو، بەڵام ئاخۆ ئەو نیشتمان و کەسوکار و هاوڕێکانی لەپێناوی ئەم بەرژەوەندییانەدا بەجێهێشتبوو؟.خەمی یەکەمی نافیز بەدیهێنانی ئارەزووەکانی بوو لەیارمەتیدانی گەلەکەیدا بێگومان بەکوردانی دیمەشقەوە، بەڵام پێش هەمووشتێك خەمی ئەو، کوردانی زۆر و زەوەندەی جەزیرەبوو کە لەهەژاریی و نەزانیی و نەخۆشیی و چەوساندنەوەدا نقووم بووبوون. هەستی ئەکرد جێگەی ئەو لەوێیە.

هەولێدا بچێت بۆ جزیرە، ئەو دەمانە، نە فرەنسییەکان و نەحکومەتیش ئامادەنەبوون رێیی پێبدەن وەك پزیشکێکی تایبەت لەسنووری تورکیا نیشتەجێ بێت، چونکە ئەیانزانی ئەنکەرە نارەزایی دەرئەبرێت.

لەرۆژێکی خۆشدا یەکێك لەکوردەکانی شام کە کارمەندی وەزارەتی تەندروستیی بوو هات و پێی راگەیاند:

(هەواڵێکی خۆشم پێیە. پۆستی پزیشکی شەرعی لە"عەین دیوان" لەسەر سنووری سوریا- تورکیا بەتاڵە و تا ئێستا هیچ پزیشکێك رازی نەبووە بچێت بۆ ئەوێ. چونکە جوتیارەکان خەریکبوو پزیشکەکەی پێشوو بکوژن لەبەرئەوەی هەولێدابوو دەستدرێژی بکاتە سەرژنێك. لەبەرئەوە بێ دواکەوتن داوایەك پێشکەش بکە من دڵنیام قبوڵ ئەکرێت.)

کاکم چاوەرێی ئەوەنەبوو کەس تکای لێبکات، چونکە پێشتر شارەزای ناوچەکەبوو پێشئەوەی فرەنسییەکان بیخەنە ژێردەستی خۆیانەوە، ئاخر ئەو خزمەتی سەربازیی خۆی بەپلەی کابتن پزیشك لەجزیرەی بۆتان تەواوکردبوو کە شارێکی کوردیی زۆر نزیکبوو لەعەین دیوانەوە.

بەم شێوەیە و لەبەرنەبوونی کێبڕکێ خەونەکەی هاتەدی.

سێ مانگ مۆڵەتیاندا بەنافیز بۆ سەردانی ناوچەکە و ئاشنابوون بەبارودۆخی تەندروستیی و دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی دەرمان. کاکم ئەو ئەرکەی لەپشووی هاویندا ئەنجامدا و دوای ئەوە منی سپارد بەئەکرەمی جەمیل پاشا. ئەو پیاوە پیاوی کاربوو. خوا چالاکییەکی پێ بەخشیبوو، کەچیای پێنەلەرزان، هەندێك زەوی کشتوکاڵی لە(سەع سەع) لەخاوەن مولکێکی کورد بەکرێ گرتبوو، من بەم بیرۆکەیە شادمان بووم.

ئەکرەم جەمیل پاشا، لەشێکی پڕی وەرزشیی هەبوو، بەڵام دەموچاوی دەموچاوێکی منداڵانەی وەك بووکەشووشە بوو. پێش شەڕی یەکەمی جیهان لەهۆڵی پۆلیل کنیك لەلۆزان ئەیخوێند و بەهۆی جەنگەوە خوێندنەکەی وەستاند، بەڵام بەردەوامبوو

لەسەرخوێندن لەرێی نامە ناردنەوە، زۆری حەز لەخوێندنەوەی کتێبی هونەریی تەکنی بوو لەهەموو بوارەکانـدا و یەکێك لەئارەزووەکانی بەئامێریکردنی کشتوکاڵ بـ لەبەرئەوەی فەرەنسییەکان نیشتەجێبوونیان لەجەزیرە لێقەدەغەکردبوو کە لەوێ خـ زەوییەکی فراوانبوو، خۆی تەرخانکردبوو بۆ کشتوکاڵ لەناوچەکانی دەوروبەری دیمش یەکەم کەس بوو کە تراکتۆری کشتوکاڵیی هێنایە سوریاوە.

جوتیارەکان لەناوچە دوورەکانەوە بەهەڵەداوان ئەهاتن بۆ تەماشاکردنی تراکتۆرەکـ دەستیان پیانەهێنا و سەرسامبوون پێیی. کاتێك گاسنی تراکتۆرەکە بەقووڵیی زەوییەکـ هەڵئەکەنـد و هەڵیئەگێڕایـەوە، جوتیارەکـان هـاواری سەرسـامیان لێ بەرزئـەبووە مولکدارەکانی "سـەع سـەع" خانوویـەکی جـوانی بەبـەردی رەش دروستکراویان لـ گردێکـی بـچووك دابـوو بەئـەکرەم بـەگ. رووبـارێکی بـچووك لـەبنارەکانی شـ (حەرموون)ەوە هەڵئەقوڵا و بەناو گێلگەکانی گوندەکەدا تێئەپەڕبوو، لەهەنـدێك شو گۆماوی بچووکی دروستکردبوو کەماسی و مراوی و مارماسی جـوان مەلـەیان تیانـەک بەهەشتێکی بچووکی راسـتەقینەبوو، منـیش زۆرشـادمان بـووم بەگـەڕانی ناوکێلگـ سواربوونی کەر و ئەسپ و راوەماسی بەقولاپ و هەڵزنان بەچیاکاندا.

زۆرشادمان بووم بەدووبارە ژیان وەك رۆژانی شادمانیی مادن و رۆژانی بۆزۆ.

لەراستیدا ماوەی مانەوەم لە"سەع سەع" رۆژانێکـی ئەفسانەیی بـوو، تـا ئـەورۆژ لەسـەردارێك کەوتمـەخوارەوە قاچـێکم شـکا و لەنەخۆشـخانەیەکەوە ئـەیانبردم بـ نەخۆشخانەیەکی تر. هێشتا لەپـشووی هاوینـدابووم کـاکم لەجـەزیرە گەڕایـەوە، کاتێـ باوەشی پیاکردم بینیم چۆن چاوەکانی پڕبووبوون لەفرمێسك و لەبەرخۆیەوە ئەیوت:

-(بەداخەوەم کە لێرە بەتەنیا بەجێتئەهێڵم، چونکە رێگەکەی ئەوێ سەخت و درێژە)

کاکم ئەو پۆستەی قبولکردبوو کە لێپرسراوان بۆیان پێشنیازکردبوو. هەر لەوێش چـ کـەوتبوو بەهەنـدێك لـەهاوڕێ دێرینـەکانی کەخانوویـەکیان بـۆ گرتبـوو بـەکرێ. ئـ

برینپێچەشی ناسیبوو کەلەسەر خەرجی دەوڵەت هاوکاریی ئەکات. زۆر تامەزرۆبوو بۆ ڕۆیشتن و وەرگرتنی پۆستە نوێیەکەی و منیش ئەبوو بچمە قوتابخانەی زانستیی کریستیان لەدیەشق.

دەوروبەری ١٥ی حوزەیران، کاکم داوای لێکردم ماوەی پشووەکەم لای خۆی لە(عەین دیوار) بەسەربەرم. ئەو سەردەمە کورتترین و ئاسانترین ڕێگە بۆ گەیشتنە جەزیرە، سواربوونی ئۆتۆمبیلی گشتیی بوو تا (حەڵەب) و لەوێشەوە سواری شەمەندەفەربووین بۆ (نسێبین)،یەکێك لەوێستگەکانی هێڵی بەرلین- ئەستەمبوڵ- حەڵەب- بەغداد و لەقامیشلیشەوە بۆ عەین دیوار کە ماوەی ١٢٠ کیلۆمەتر بوو، ئەبوو جارێکی تر سواری ئۆتۆمبیلێکی بچووك بین. لەبەرئەوەی شەمەندەفەرەکە بەخاکی ژێردەسەڵاتی تورکیادا تێپەڕئەبوو، هەوڵدان بۆ سواربوونی شەمەندەفەر بۆ وێستگەی حەڵەب پڕمەترسیی بوو. هیچ چارەیەکم نەبوو، جگە لەگرتنەبەری ڕێگەی ئۆتۆمبیل کە (دێرزۆر)ی ئەبەست بەدیمەشقەوە، لەڕێی تەدموور و شاری شوێنەوارە جوانەکانی شاژن زەنوبیاوە. ئەم ڕێگەیە ڕۆژ و تاقێکی ئەخایاند.

کاتێك ئێوارە دیمەشقت بەجێبهێشتایە لەوانەبوو بۆ ڕۆژی دوایی لای نیوەڕۆ بگەیتە دێرزۆری سەرسنووری جەزیرە. ڕێگەکە تەنها نزیکەی٣٠کیلۆمەتری تەختکرابوو و ئەویتری پڕبوو لەوچاڵ و چۆڵانەی تایەی ئۆتۆمبیل و لۆریەکان لەو بیابانەدا هەڵیانکەندبوو. هەندێکجار رووئەدا کەڕێگەکە بۆ ماوەی چەندین کیلۆمەتر بەتەواوی بەلم داپۆشرێت، بەوەش مرۆڤ ناچاربوو بەدوای ڕێگەیەکی تردا بگەڕێت بۆئەوەی لەسەر ڕێگەراستەکە بمێنێتەوە. هەندێکجاریش ئۆتۆمبیلەکان لەبیاباندا ڕێیان وننەکرد و سەرنشینەکانی تووشی مەترسی گەورەئەبوون، ئەوکاتەش ئەبوو فڕۆکە جەنگییەکانی فەرەنسا بەدوای ونبووەکاندا بگەڕێن، جاریش هەبوو هەوڵەکانی رزگارکردن شکستیان ئەهێنا، ڕێبوارەکان لەتینوا یا لەگەرما یا لەسەرمادا، بەپێی وەرزەکان، ئەمردن یان ئەبوونە نێچیری گەردەلوولە لمینەکان.

بۆ خۆم چەندین جار ئەو ڕێگەیەم گرتبووەبەر بێئەوەی تووشی هیچ ڕووداوێك بم، جارێکیان نەبێت کەشۆفێرەکە ڕێگەکەی ونکرد و بەبیابانەدا ئەسوڕاینەوە، بەڵام یەکێك لەنەفەرەکان کە لەکۆچەرییەکان بوو ڕزگاری کردین. خۆی بەئۆتۆمبیلەکەدا هەڵواسی ولەرێی سەیرکردنی ئەستێرەکانی ئاسمانەوە ئەو شەوە هاوینە توانی بمانخاتەوە سەر ڕێگە ڕاستەکە.

ڕێگەی نێوان دێرزۆر و حەسەکەی ناوەندی پارێزگای ئەلجەزیرە ١٦٠ کم و لەوێشەوە بۆ قامیشلی ٩٠کم بوو.

کاتێك گەیشتمە حەسەکە شەکەت و تۆزاویی بووم ولەماڵی "عارف عەباس" ئەحەوامەوە کەدوای ئەوەی توانیبووی ناوچەکە لەکوللە پاکبکاتەوە، وەك بازرگانێك لەوێ نیشتەجێبووبوو.

زۆربەی زۆری دانیشتوانی شارەکە (سریانی ئارسۆزکس و ئەرمەنی کاسۆلیك)بوون،سەرەڕای کارمەندە عەرەبەکانی خەڵکی دیمەشق و هەندێك جوتیاری خەڵکی دێرزۆر، بەڵام خێڵە عەرەبەکانی دەوروبەری شارەکان هێشتا کۆچەرییبوون و لەهاتوچۆدابوون لەبەشی خوارەوەی هەردوو لقەکەی ڕووباری فورات، "خاپوور و چەق". هەر هێندەی مرۆڤ لەشارەکە ئەچووە دەرەوە و ڕوویئەکردە باکوور، خۆی لەناوچەیەکی تەواو کوردیدا ئەبینییەوە. گوندەکانی سەرگردەکان پێکهاتبوون لەشوێنەواری ڕووخاوی ئەو ماڵانەی لەماوەی چەندین سەدەدا دروستکرابوون وبەسەریەکدا کەوتبوون و وەك پشتێکی قەموورییان لێهاتبوو. پێش ئەوە بە ٢٠ساڵ، جەزیرە، جگەلە لەوەڕگەی ئەسپی عەرەبی هیچ شتێکی تری تیانەبوو، چونکە بەشی زۆری زەوییەکەی بەیاربوو، کە هەر بەکەڵکی لەوەڕئەهات و لەبەهاریشدا ئەبووە فەرشێکی سەوزی ڕازاوە بەگوڵی ڕەنگاوڕەنگ وگیای لاسکدرێژ کە ئاسکی کێوی تیائەژیاو خەڵك بەئەسپ و ئۆتۆمبێل ئەکەوتنە دوایان و ڕاویان ئەکردن.

با بگەڕێینەوە بۆ گەشتەکەمان، بڕینی ماوەی ٩٠کم-ی نێوان حەسەکە و قامیشلی، ٢سەعات و نیوی ئەخایاند، چونکە لەزستاندا ڕێگەکە ئەبووە قوڕوچڵپاو و دوای ١٠٠کم لەقامیشلییەوە بۆ خۆرهەڵات بەرەو عەین دیوار، پێکهاتەی زەوییەکە شێوەیەکی تایبەتی وەرئەگرت لەدەشتێکی ڕووتەوە بەرەو زەوییەکی سەرەوخوار کە ئاو هەڵیکەندبوو و بەبەردی گەورە گەورە داپۆشرابوو. لەهەندێك شیویشدا بەردی (بازلت)ی لێبوو. ئەم ناوچە گڕکانییە، لەسەردەمانێکی پێش مێژوودا بەشێوەیەکی ئەفسانەیی دەوڵەمەند بوو، بەڵام عەین دیوار ئەکەوتە سەرەتای دەشتێکەوە کە ناسرابوو بە(دەشتا هەسنان- دەشتی ئاسن) بەهۆی ڕەنگی خاکەکەیی و لەبەرئەوەی لەسەردەمانی زوودا ئاسنی لێدەرئەهێنرا.

پێشهاتنی فەرەنسییەکان عەین دیوار تەنیا گوندێکی کوردی بچووك بوو کەدانیشتوانەکەی لە٣٠ کەس تێپەڕی نەئەکرد و کەوتبووە لێواری دۆڵی دیجلەوە.

فەرەنسییەکان لەخۆرهەڵاتی دۆڵەکە، بناغەی ناوچە (ناحیە)ی دیجلەیان دانا. ساڵی ١٩٢٦ خانووی دامەزراوە دەوڵەتییەکانیان بنیاتنا و سنووریان بەفراوانی کردەوە لەبەردەم کورد و سریان ئەرمەنی تورکیادا و هانیاندان بۆ نیشتەجێبوون لەناوچەکەدا و وەرگرتنی ڕەگەزنامەی سوریا. لەڕاستیدا چەند هەزارکەسێك بەم گۆڕانکارییە قایل نەبوون، لەناویاندا مولکدارە کوردەکان کە زەوییەکانیان لەتورکیا دابڕێنراو خرایەسەر سوریا، بۆیە بەپەلە گوندێکی بچووکیان بنیاتنا و پزیشك و بنکەی پۆست و قوتابخانە و بازاڕ و چایخانە و شانۆشیان تیا بنیاتنا. هاوکات لەو ناوچەیەدا شارۆچکەیەکی بچووکی گرنگتر گەشەی کرد. لەخۆرهەڵاتی ڕێگەی قامیشلی— عەین دیوار،شارۆچکەکە دروستبوو و بەهەمان ناوی ئەو گوندەی پێشتر لەو شوێنەدابوو (دێریك) واتە (کڵێسای بچووك) و سەربەبەڕێوەبەرێتیی عەین دیوار بوو و لەبەر نزیکی لەبنکە سەربازییەکانەوە ژمارەی لەدانیشتوانی عەین دیوار زیاتربوو.

لەیەکەم سەردانمدا بۆ عەین دیوار بەتاریکەشەو گەیشتم، دەرگاکە کرابووە و گوێم لەوەڕینی توندی سەگێك بوو، بیرم کەوتەوە کە کاکم لەنامەیەکدا بۆی نووسیبووم، یەکێك

لەناسیاوەکانی سەگێکی رەسەنی پێشکەش کـردووە لەوانـەی کـورد راینـەگرت و ئـەوی
بەدیاری ئەیدا بەمن، هەروەها باسی ئەسپێکیشی بۆ کردبووم، زۆرم حەزئەکرد ئەو ئاژەڵە
ببینم، بۆیە چاوەڕێم نەکرد کەس بێت بەپێـشوازیمەوە وخـۆمکرد بەحەوشـەکەدا، سـەگەکە
بەهەموو هێزی خۆی دەستیکرد بەوەڕین و هەستایە سەرپاشووەکانی و تەکانیدا بۆ پێشەوە
وەك ئەوەی بیەوێت زنجیرەکەی ملی بپسێنێت و چنگ لەگـەردنی مـن گیربکـات، هەست
ئەکرد لەبەردەم سەگەکانی مادندام، کەواتە ئەمە ئەو سەگەیە کە کاکم بـەڵێنی پێـدابووە
ئینجا زیاتر پەرۆشی بینینی ئەسپەکەبووم. کاکم دوای ئـەوەی ماچـیکردم لەبـەر رووناکی
لایتێکی دەستیی، دەستی گـرتم و بردمـی بـۆ حەوشـەیەکی تـر، تـا گەیـشتینە بـەردەم
خانوویـەکی بـچووکی پـەرپووت، و روویکـردە ئـەو ژوورەی ئەکەوتـە دەسـتی چـەپەوە
لایتەکەی دەستی رووناکیی خستە سەر ئاژەڵێك کە سەرگەرمی خواردن بـوو، ئاژەڵەکـەش
سەرێکی بەرزکردەوە و حیلەیەکی کرد. کاکم لێی پرسیم (بینیت)؟
بەدڵێکی خۆشەوە وەڵامم دایەوە:
-(بەڵێ، ئەسپێکی جوانە)
-(چاوەڕێ بکە ئێستا بەجوانی پیشانت ئـەدەم) و چـاکتر لایتەکـەی لێـدا. ئەسـپێکی
بەرزی جوان و نەجیبم بینی. (بەڵێ بەدڵمە، بەڵام ئەبێت بەرووناکی ببینم) و وتیشم: (هـی
خۆمانە وانییە؟)
-(بەداخەوە نا، بەڵام بەدرێژایی هاوین لامان ئەمێنێتەوە، بەمەرجێ بەچـاکی بایـەخی
پێبدەیت و لەکاتی سـواربوونیدا بـەئاگابیت، یـەکێك لـەهاوڕێکانم ئـەم ئەسـپە رەسـەنەی
لادانام) بەدەم ئەم قسانەوە دەستی گرتم و بردمی بۆلای هاوڕێکانی کە لەماڵی کـاکم نـانی
ئێوارەیان ئـەخوارد. منـیش زۆر شـادمان بـووم کـە بەدرێـژایی شـەو لـەنزیك ئەسـپەکە
ئەمێنمەوە.

ـــەرمێزی نانخواردنەکە گفتوگـۆ بـەردەوامبوو بەتایبـەت لـەبارەی قایمقـامی عـەین
ـ ـەیە کە کارمەندێکی دیمەشقیی سـاکاربوو و فرەنـسییەکان کردبوویـان بەفـەرمانڕەوای
ـ ـەیەکی تەواو. کەسێکی زۆر ناوازە بوو، بڕیاریدابوو کەمترین پـارە لەموچـە زۆرەکـەی
ـ ـ بکات و خانوویەکی کرێبوو و دابووی بەکرێ بەمانگانەی ٢ لیرە و ٤٠ قرش و خـۆی
ـ ـ خانوویەکی تری بەکرێ گرتبوو بەکرێی مانگانەی ٢ لیرە. میوانەکان ئەیانگێڕایـەوە
ـ کارمەندەکانی ئەوێ بەڵێنیانداوە هەرجارەی یەکێکیان میوانداری ئـەوانیتر بکـات بـۆ
ـ ـردن لەماڵەکەی خۆیدا و قایمقام بەشداریی نانخواردنی ماڵی هەموویانی کرد، بەڵام کـە
ـ ـی خۆی هات، خۆی لێدزیەوە، بۆیە لـەو رۆژەوە پـشتگوێیان خـست و هـیچ کەسـێك
ـ ـگهێـشتی نەئـەکرد بـۆ نـانخواردن و قـاوەڵتی، بـەڵام ئـەم کـارە نـەبووە رێگـر لـەوەی
ـ ـەوامبێت لەچوون بـۆ ماڵـەکان، ئـەویش پـێش نیوسـەعات یـان چـارەکێك لـەوادەی
ـ ـواردنەکە و لەوێ ئەمایەوە و تا خاوەن ماڵ ناچارئەبوو فەرمووی لێبکات بـۆ نـانخواردن.
ـ ـێکیان کارمەندان و پیاوماقوڵانی شارەکە گەشتێك و راوەماسییەکیان رێکخست لەسەر
ـ ـسـاری دیجلـە و هـەموان بانگهێـشتکران جگـە لـەقایمقام. ئـەویش بەرگـەی ئـەم
ـ ـەرۆزکردنەی نەگرت، بۆیە ئەسپێك و رێنمایـەکی پەیـداکرد و کـوڕ و کـچەکەی لەگـەڵ
خۆی بـرد و خـۆی گەیانـدە شـوێنی سـەیرانەکە، بـەبیانووی ئـەوەی کـچەکەی دووپـشك
پێوەیـداوە و ئـەویش هـاتووە بـۆلای کـاکم بۆئـەوەی چارەسـەری بکـات. نـافیز هـیچ
شوێنەوارێکی پێوەدانی بەکچەکەوە نەبینی، بـەڵام دەرزیـەکی بـۆ نووسـی. کاتێـك کـاکم
خەریکی پشکنینی کچە بچکۆلەکەبوو، باوك و کوڕ لەبەردەم ماسییەکی گـەورەی بـرژاودا
دانیـشتن. هـەموان سـەرگەرمی نـانخواردن بـوون، کاتێـك کـاپتنێکی فەرەنـسی کـە
بانگهێشتکرابوو گەیشتە شوێنەکە. قایمقام بەدەم پاروو گلاندنەوە بەمنداڵەکانی وت:

(دانیشن و بەردەوامبن لەسەرخواردن، ئەم هەلە لەدەست خۆتان مەدەن).

ئەم چیرۆکە و چەندین چیرۆکی تـر کەبـەوردی ئەیانگێڕایـەوە وایلێکـردم تـا کـاتێکی درەنگی شەو بێداربم. کەمیوانەکان ڕۆیشتن چووینە سـەربان بۆئـەوەی لـەناو پەردەکوللـەدا بخەوین، بەهۆی گەرماوە تەنیا ماوەیەکی کەم چاوم چووەخەو.

لەباشووری جەزیرە مرۆڤ چەند لـەبیابان نزیـك ئەبێتـەوە زیـاتر هـەوا لەشـەودا فێنـك ئەبێت، کەچی لەناوچە سنوورییەکان و نزیـك چـیاکانی کوردسـتانی تورکیـا گـەرمای ڕۆژ درێژئەبێتەوە بۆ شەو و تا بەرەبەیان فێنك ناکات.

نـەمتوانی لەجێگەکـەی خـۆم بێمـەدەرەوە تـا لەدەوروبـەری سـەعات ٨ی بەیانیـدا خۆرهەڵات. دوایئەوەی تۆزێك زەوی گەرمبوو سـواری ئەسـپەکەم بـووم و چـووم بـۆ سـەر ڕووباری دیجلە کە کەمتر لە٢ کـم لێمانـەوە دووربـوو، بـۆ مەلـەکردن، کاتێـك گەیـشتمە ڕووبارەکە ئەموێرا لەناوە لێڵەکەدا مەلەبکەم کە بەهۆی خێرایی تێپەڕبوونییەوە لەهەنـدێك شوێندا گێژاوی دروست کردبوو. هەستم کرد وردە وردە گەرماکە پێـستم وشـك ئەکاتـەوە. لەگەڕانەوەدا ئەسپەکە هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو وەك ئەوەی بەشداریی پێـشبڕکێیەکی دوور ودرێـژی کردبێـت. ئیترلـەوەودوا، دوا سـەعاتەکانی ڕۆژم هەڵئەبـژارد بۆچـوونە کـەناری ڕووبارەکە بۆ ئەوەی لەکەنارەکانیدا ئەسپ سواری بکەم یـان لـەو شـوێنانەدا کـە ئاوەکـەی هێمنە مەلەبکەم.

لەودەمانەی کۆتایی ڕۆژدا سێبەری گردی عەین دیوار ئەکشایە سەربەشێکی ڕووبارەکـە و کەنارەکانی و تینی گەرماکە کەم ئەبوو، و شوێنەکە زۆرکەسی تریشی بۆ گەشت و مەلـە ڕائەکێشا. هەندێکجاریش کاکم لەگەڵ هەندێك لـەهاوڕێ ڕاوچـییەکانی ئـەهات و هـەموو جارێك بەتەریی لەم ڕاوانە ئەگەڕاینەوە.

لەماڵەوە هێشتا ئاوی بەلوعەمان پێنەگەیـشتبوو،ئەبوو دەسـتبگرین بـەو ئـاوەوە کـە لەکانی ناوچەیەکی ترەوە بەپشتی کەر بۆمان ئەهات. هێنانی ئاو کـارێکی سـەخت بـوو و ژمارەی میراوەکانیش کەمبوو، بۆیە ئاو بەهادار و گران بوو.

وەك هەموو ناوچەكانی جەزیرە، ناوچەی عـەین دیـواریش بـەهۆی شـەڕی بـەردەوامی نێوان خێڵە جیاوازەكانەوە بووبووە ناوچەیەكی رووتەن. چونكە عوسمانییـەكانیش بەهـەموو تواناییانەوە هانی ململانێ خێڵەكییەكانیان ئەدا، جا ململانێی كوردی بوایە یـان عـەرەبی، جوتیارەكانیش نەیانئەوێرا مێو بچێنن و هێشتا پـەمووش نـەهاتبووە ناوچـەكە. سـەرۆكی شارەوانی عەین دیوار (عەبدولكـەریم مـەلا صـادق) یـەكێك بـوو لـەپیاوماقولانی كـورد كەنزیكەی ٢٠ گوندی هەبوو لەدەوروبەری شارۆچكەكە و پێشتر لەجـەزیرەی ئـیبن عومـەر كاكمی ناسیبوو.

پیاوێكی زیرەك و خوێنـدەوار و زۆر بەخـشندەبوو، بـەڵام حـەزی لـەكاركردن نـەبوو و زۆربـەی كـاتی خـۆی بـەدیاری كاغـەز و خوێندنـەوەی رۆمـان و خـواردن و خواردنـەوە بەسەرئەبرد. لەگەڵ ئەوەشدا كاكم توانی قایلی بكـات كـە ئـاوی كانییەكـە لەگۆماوێكـدا كۆبكاتەوە و بەكاری بهێنێ بۆ كـشتوكاڵی بێـستان. عەبـدول كـەریم ئەفەنـدی بـەباوەڕی تەواوە بەسەركەوتن و سوودمەندیی پرۆژەكە، دەستیكرد بەئەركەكە و بەناوی شـارەوانییەوە لەدیمەشـق و توركیـا و تەنانــەت عێراقیــشەوە شــەتڵی بــچووكی میــوەی هێنــا و لەمبەروئەوبەری دۆڵەكەدا روانـدی بەشـێوەیەك كـەبتوانرێت بـەئاوی گۆماوەكـە ئـاودێری بكرێت.

دوای دووساڵ خەڵكی عەین دیوار هەموو جـۆرە میوەكـانی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـتیان خوارد، هـەر لەقۆخـەوە تـا هـەنجیر و لەبـەردەم ئـەم سـەركەوتنە گەورەیـەدا جوتیـارانی ناوچەكانی دەوروبەر چاویان لەوكرد و كەوتنە دروستكردنی باخ.

پاش چەندساڵێك دەستیانكرد بەفرۆشتنی ترێ و میوەی تر لەبازاڕەكانی عەین دیـوار و دێریك و قامیشلی و ساڵی ١٩٤٥یش كاكم كشتوكاڵی پەمووی هێنایە جەزیرە كـە ئێـستا یەكێك لەسامانەكانی ناوچەكەیە. ئەم تەنیا سەركەوتنی ئەونەبوو، وەك پزیشكێك تـوانی بەسەر گومانی دانیشتوانەكەدا سەربكەوێت- لانیكەم ٩٠٪ جوتیاران- ئـەویش بەزانـستی

مـۆدێرنی پزیـشکیی. هەنـدێك لەپزیـشکە میللییـەکان و پیـاوانی ئـایینی موسـڵمان و کریستیان و ئێزیدیی، هەوڵیان ئەدا گیانی دوژمنکـاریی بەرامبـەر پزیـشکەکان بـوروژێن، بەڵام بەهۆی پسپۆڕیی و شارەزایی و کۆڵنەدان و دانبەخۆداگرتنەوە، نافیز تـوانی وردە وردە خەڵکەکە قایل بکات کە زانستەکەی ئـەو کاریگـەرترە لەوکەسـانەی ئەیانـەوێت لـەنرخ و بایەخی کەمبکەنەوە. کە گەیـشتنە عـەین دیـوار بـەخت یـاوەریبوو بەناسـینی راوێـژکار "ئەلفۆنسیٚ" کـە مـولازم یەکـەمێکی کۆرسـیکایی بـوو و پیـاوێکی چـاکبوو،و ئـەرکی مرۆڤانەی فرەنـسای گرتبـووە ئەسـتۆ، هـەردووکیان لەیـەك نزیکبوونـەوە و راوێژکارەکـە پشتیوانی تەواوی لەکاکم ئەکرد.

دوای چەند مانگێك لەنیشتەجێبوونی، کاکم جگە لەلەرزوتا، ژمارەیەکی زۆر نەخۆشـی (سفلس)ی دۆزییەوە بەتایبەت لەگوندەکانی ئەو ناوچانەی نزیکن لەخێڵە کۆچـەرییەکانەوە. بەهۆی پشتیوانی (مولازم ئەلفۆنـسی)وە لـەرێی ناوچـەکانەوە فرمـانێکی بڵاوکـردەوە بـۆ دانیشتوان کە بێن بۆئەوەی بەخۆڕایی بیانپشکنیٚ، کاکم ئامادەبوو گوند بەگوند بگەڕیٚ بـۆ پشکنینی دانیشتوانی ناوچە دوورەدەستەکان بەتایبەت لەناو کۆچـەرییەکاندا. ئـەم پرۆسـە فراوانـە چـەند مـانگێکی خایانـد و نـافیز تـوانی رێژەیـەکی بـەرزی کەسـانی تووشـبوو بـە"مـەلاریا و تـەراخوما و سـفلس" لـەناو خەڵکەکـەدا بدۆزێتـەوە. دوای دۆزینـەوەی نەخۆشییەکە ئەبوو بکەوێتەخۆ بۆ دابینکردنی دەرمـانی پێویـست. بنکـە تەندروسـتییەکە مانگانە بڕی پێویست لەقەترەی نەخۆشییەکانی "چاو و کینین"ی بـۆ چارەسـەری مـەلاریا وەرئەگرت، بەڵام دەرزی "نیوسلفران"، دەرمانی کاریگەریی ئەو سـەردەمە بـۆ چارەسـەری سفلس زۆر بەکەمی ئەدرا بەدامەزراوەکانی دەوڵەت.

کاکم بەپەلە لیستێکی دەرمانەکانی ئامـادەکرد لەگـەڵ راپـۆرتێکی دوورودرێـژ و داوای لەئەلفۆنسیٚ کرد لای وەزارەتی تەندروسـتی هـەوڵی بـۆ بـدات، لەئیەنجامی ئـەم هەوڵانـە لەماوەی مانگێکدا بنکە تەندروستییەکەی عەین دیوار پڕبوو لەکارتۆنە دەرمان بەتایبـەت

(نیوسلفران)، و هەموو شێوازێکی گرتەبەر لەئامۆژگاریی وئاگادارکردنەوە و هەڕەشەکردن و سزای پارە بۆئەوەی نەخۆشەکان ناچاریکات خۆیان چارەسەربکەن. دوای ساڵێك شەڕەکەی سەرکەوتنی بەدەستهێنا ونەخۆشی سفلس بەتەواویی لەگوندە کوردییەکاندا بنەبڕبوو، بەلاّم لەناو گوندە کۆچەرییەکاندا شەڕەکە تا رادەیەك شکستی خوارد، چونکە بەردەوام لەهاتووچۆدابوون و پەیوەندیی لەگەڵیان سەختبوو.

لەوساتەوە ناوچەی عەین دیوار یادگارییەکی لەبیرنەچووەوەی بۆ کاکم و مولازمی یەکەم ئەلفۆنسێ تۆمارکرد کە هەموو توانایەکی خستبووەگەڕ بۆ نەهێشتنی نەخۆشییە پەتاکان لەناوچەکەدا. بەبەروارد لەگەڵ زۆربەی ئەو فەرەنسییە سڤیل و سەربازییانەی لەسوریا کاریان کردبوو، مولازمی یەکەم ئەلفۆنسێ کەسایەتییەکی تایبەتی هەبوو، چونکە هەوڵێئەدا سوود بەجووتیارانی ناوچەکە بگەیەنێ لەهەموو ئەوشتانەی فەرەنسا پێشکەشی مرۆڤایەتی کردبوو. رۆژێکیان نوسەرێکی گەنجی کورد بەناوی "مستەفا بۆتی"، داوای لێنەکات رێی بدات خوێندنگەیەك بکاتەوە و زمانی کوردی تیا بلێتەوە، بیرۆکەکە بەلای ئەلفۆنسێوە ئاسایی ئەبێت، بەشێوەیەك داوای رای (راوێژکاریی بالاّ) ناکات و تیشکی سەوزی ئەداتێ بۆئەوەی دەستپێبکات و بەڵێنی ئەداتێ کە: (شوێنێکی گونجاو بدۆزەرەوە و یەکسەر دەستبەکاربەو چاوەڕێی مۆڵەتی فەرمیی مەکە، ئەویشت بەم زووانە پێئەگات).

مستەفابۆتی بەهیمەتێکی گەورەوە سەرگەرمی کاری فێرکردن ئەبێت، بەبڕوای تەواوەوە و بەبەڵێنەکانی ئەلفۆنسێ، بەلاّم مانگێکی پێناچێ ئەلفۆنسێ وەلاّمی نەرێی لێپرسراوانی پێئەگات و پێی ئەڵێن:

(ئەو هەڵوێستانەی فەرەنسا بەرامبەر ولاّتانی خۆرهەلاّتی ناوەڕاست گرتوویەتیەبەر رێی نادەن سەرکێشییەکی لەوشێوەیە بکات.)

مولازمی یەکەم ئەلفۆنسێ بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە داوای لێبوردن لەبۆتی ئەکات و ئەڵێت: (بەڕاستی باوەڕناکەم! چۆن حکومەتەکەم ئەتوانێ مافی سروشتیی کوردەکان رەتبکاتەوە لەوەی بەزمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن؟!).

دوای ئەو رووداوە بۆتی کەهەست بەسوکایەتیی ئەکات، ناوچەکە بەجێئەهێڵێت لەگوندێکی بچکۆلەی باکووری کوردستانی ئێران بەمەلایی نیشتەجێ ئەبێت.

لای خۆیەوە کاکم بەهەمان شێوازی لەناوبردنی نەخۆشییەکان هانی خێزانەکان ئەدات منداڵەکانیان بنرێن بۆ خوێندنگە. کاتێ کاکم لەعەمین دیوار نیشتەجێبوو بووە مایەی سەرسووڕمانی ژمارەیەك لەو کوردانەی رانەهاتبوون بەزمانی کوردی قسەبکەن، ئێستاش سەرسامبوونی ئەحمەد ئاغای یەکێك لەسەرۆکەکانی خێڵی (ئاشیتان)ی کوردی نیشتەجێی ناوچەی قامیشلیم لەبەرچاوە، کەچەفتە و عەگال و جزداشەی پۆشیبوو، وەك یەکێك لەشێخەکانی عەرەب و شمشێرێکی درێژی زیوینی پێبوو، بەزمانێکی عەرەبیی ئارام بەلاّم تێکشکاو، رووی قسەی کردە کاکم.

ئەویش بەشێوەیەکی توند وەلاّمی دایەوە:

-بەزمانی کوردی قسەبکە!

ئەحمەد ئاغا، بەشادمانییەوە هاواریکرد:

-چۆن؟! پزیشکێکی کورد هەیە لەم جیهانەدا ؟!

-بێگومان، چونکە من یەکێکم لەوان.

ئەحمەد ئاغاش، پێش ئەوەی بەزمانە کوردییەکەی باسی نەخۆشییەکەی بۆ کاکم بکات وتی:

-کەواتە ئەمە دیارییەکە و خوا بەسەریدا باراندووین.

نافیز لەگەڵ ئەوەی بایەخی بەچارەنوسی گەلی کورد ئەدا و هەوڵێئەدا نەخۆشییەکانی چاکبکاتەوە و لەئازارەکانی کەمبکاتەوە، ویارمەتی بدات بۆئەوەی ناسنامەی خۆی

بزانێت، هاوکات هەموو هەوڵێکی خستبووەگەڕ بۆ خزمەتکردنی خەڵکی هەموو نەتەوەکان، رۆژێکیان گوێم لێبوو پیاوێکی پیری ئەرمەنی بەکاکمی ئەوت: (تۆ پزیشکێکی چاکی، دکتۆر تۆ زۆرباشیت....خوا بۆئێمەی ناردویت.)

نزای لەوجۆرە زۆرجار لەدەمی خەڵك ئەهاتە دەرەوە، ئینجا کوردبوونایە یان عەرەب، موسڵمان یان کریستیان یان جولەکە.

کاکم تا ساڵی ١٩٣٥ لەعەمین دیوار مایەوە تاگواسترایەوە بۆ قامیشلی و وەك پزیشکێکی میری تا ساڵی ١٩٣٧ لەوێ کارینەکرد. بەڵام لەبەرئەوەی نەیئەویست جەزیرە بەجێبهێڵێ، وەك پزیشکێکی ئازاد کاریکرد و کلینکێکی کردەوە وەك چۆن پێشتر لەدیاربەکر و حەڵەب و دیمەشق ئەمەی کردبوو.

لەماوەی چەندین ساڵدا بەهۆی ئەو جەماوەرێتییەوە کە هەیبوو فرەنسییەکان نەیانوێرا هیچی لێبکەن، سەرەڕای نارەزایەتییەکانی دەسەڵاتدارانی تورك، تەنانەت نەخۆشەکانی خۆشیان ئەنارد بۆلای ئەو بۆ چارەسەرکردن.

نافیز رۆژانە ١٠٠ نەخۆشی ئەپشکنی، و چارەسەر و دەرمانی بەخۆڕایی ئەدا بەهەژارەکان، و لەسەر رەچەتەکانیانی ئەنووسی لەسەرحسابی خۆم، بەڵام بۆ نەخۆشەکانی تر تەنیا ٥ لیرەی لێوەرئەگرتن و کاتێك هەندێك لەهاورێکانی گلەییان لێئەکرد کەنرخی پشکنینەکەی زۆربکات،بەدەنگێکی نارام و بەباوەڕەوە وەڵامی ئەدانەوە:

-کاتێك ٥ لیرەیان لێوەدەگرم زۆرشادمان ئەبن، کاریگەریی شادییەکە ئەچێتە پاڵ کاریگەریی ئەو دەرمانەی بۆیان ئەنووسم، وەك پزیشکێك دڵشادئەبم بەوەی ئەبینم ئەو نەخۆشانەی من چارەسەریان ئەکەم بەزووترین کات چاکئەبنەوە.

-بەڵام ئەو پزیشکانەی لەناو سوریاوە یان لەلوبنانەوە دێن. ١٥ لیرە بۆ راوێژو ٢٠ لیرەش بۆ دەرزییەکی سادەی کینین وەرئەگرن.

-ئەوسالآنەی باران لەجەزیرە زۆرئەبێت، مێشوولە کەشێکی گونجاوی دەست ئەکەوێت بۆگەشەکردن و بڵاوکردنەوەی مەلاریا، لەو ساڵانەدا بەرهەمیش زۆرئەبێت و جوتیارەکان رێئەدەن بەئاسانی پزیشکە هەلپەرست و بێ ویژدانەکان بیانڕەتێنن.

-دکتۆر پێویستە بیر لەئاییندەبکەیتەوە، چونکە ئەم چالاکیی کارکردنەت بۆ هەتاهەتایە بەردەوام نابێت.

کاکم بەورتەورتێکەوە ئەیوت:

-هەرکەسە و بەپێی ویژدانی خۆی هەڵسوکەوت ئەکات.

کاکم، زۆر بەتوندیی رووبەڕووی ئەو پزیشکە تەڵەکەبازانەش ئەبووەوە کەگیرفانی خەڵکی هەژاریان بەتاڵ ئەکرد و زیانیشیان بەتەندروستییان ئەگەیاند، تەنانەت هەندێکجار ئەبوونە هۆی مردنیان، لەوانەش دکتۆر "بۆگۆس" کەبەتوندی بەرامبەر بەکاکم بەرگریی ئەکرد، ئەم دکتۆرە ئەرمەنی بوو و ناسراوبوو بە"بۆگۆسی حەمامچی"، چونکە گەرماوێکی هەبوو لەتەنیشت کلینکەکەیەوە و پارەیەکی زۆری لێدەستئەکەوت.

ئەو پزیشکەی پێش کاکم هاتبوو، هەوڵیدابوو سنوورێك بۆ کارە ناشەرعییەکانی دکتۆر "بۆگۆس" دابنێت، لەبەرامبەر ئەمەدا دکتۆر بۆگۆس بڕیاریدابوو کەلەوەودوا خەڵك بەخۆڕایی ببینێت و واز لەبەرزکردنەوەی نرخی ئەو دەرمانانە بهێنێ کەخەڵك لەدەرمانخانەی یەکێك لەناسیاوەکانی ئەیکڕن، پاشان پزیشکەکە هەڕەشەی لێدەکات کە پەنائەباتەبەر جێبەجێکردنی قانون لەدژی، بەڵام بۆگۆس پەنائەباتەبەر شێوازێکی تر. شەوێك یەکێك لەپیاوەکانی ئەنێرێت دەرگای ماڵی پزیشکەکە بەگوو سواغ ئەدات، ئەم کارە ئەبێتە مایەی ترس و قێزی دکتۆرەکە و بەپەلە ئەگەڕێتەوە بۆ دیمەشق و خۆی ئەگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تر.

کاتێك کاکم ئەگاتە قامیشلی، دکتۆر بۆگۆس ئەبێتەهۆی مردنی ئاغایەکی بەناوبانگی کورد. بەشداریی لێکۆڵینەوە ئەکات و بۆی دەرئەکەوێت کەدکتۆر حەمامچی نەشتەرگەرییەکی ترسناکی بۆ ئەنجامداوە تەنانەت بەبێئەوەی کەلوپەلەکانی پاکژبکات

بکات و شارەزای هەلدڕینی لەشی مرۆڤ بێت، لـەوەدڵنیابوو ئاغـا بـەهۆی هەوکردنێکـەوە مردووە،دوای ئەوە دروستبووە کە بۆگـۆس دومـەڵێکی سەرسـنگی کردۆتـەوە. زۆر زووش کاکم لەوەگەیشت کە ئاغا یەکەم قوربانیی نـەزانیی دکتـۆر بۆگـۆس نـەبووە، بۆیـە کـاکم فەرمانی پێئەدات دەست لـەوکارە تاوانکارییـە هەڵبگرێت،ئـەویش لـەجیاتی گوێڕایـەڵی، بەدەمانچەیەکەوە دێتەسەرکاکم و هەڕەشەی لێئەکات، ئەویش پێی ئەڵێت:

-گـوێبگرە، "بـارۆن بۆگـۆس"، لەسـەردەمێکی بـێ سـەرەوبەرەییدا و بـەهۆی ئـەو پزیـشکانەوە کـە سـوکایەتییان بەبەرپرسـیارێتییەکانی خۆیـان کـردووە، توانیوتـە بەدەسـتکراوەیی کاربکـەیت و سـامانێکی زۆر کۆبکەیتـەوە. لەمـەودوا ڕێـت پێنـادەم بەئارەزووی خۆت بجولێیتەوە، گەر تۆ ئەرمەنیت، ئەوامنیش کوردم، بیر لـەکارەکانی خـۆت بکەرەوە ودەست لەم یارییـە هـەڵگرە، گەرماوەکـەت داهـاتێکی زۆرت بـۆدابین ئـەکات و کارێکی چاك ئەکەیت کە بایەخی پێبدەیت و تازەی بکەیتەوە.)

بۆگـۆس لای کـاکم هاتـەوە دەرەوە و گەیـشتبووە ئـەو بڕوایـەی کـە سـەردەمی بێسەرەوبەرەیی لەکاری پزیشکیدا بۆ هەتاهەتایە لەجـەزیرە بەسەرچـووە. هەوڵیـدا لـەرێی رێکەوتن لەگەڵ پزیشکێکی گەنجی شاری حەڵەبەوە رەوایی بدات بـەکاری پزیـشکییەکەی، ئەویش بەوەی کلینکەکەی ئەداتێ و ناوی پزیشکەکە لەسەر تابلۆی بەردەرگاکە ئەنوسـێت، دوای چەند هەفتەیەك پزیشکەکە ئەگەڕێتەوە بۆ حەڵەب و تابلۆی سەردەرگای کلینکەکـەی بۆدکتۆر "بۆگۆس" بەجێئەهێڵێ، بۆگۆسیش بەردەوام ئەبێت لەکاری پزیشکی، بۆیـە کـاکم داوای دەسـتێوەردانی دەسـەڵاتی دادوەریـی ئـەکات، کـە بـەزوویی فێڵەکـەیان بۆیـان ئاشکرائەبێت و ئەو پزیشکە تەڵەکەبازە ئەگرن و تەنیا بەمەرجێك بەرێئەدەن کە ئیتر کـاری پزیشکیی نەکات و تەنیا خەریکی گەرماوەکەی و ئەو مولکانەی بێت کـە لەناوشـارەکە و دەوروبەریدا کڕیونی.

لەکارخـستنی دکتـۆر بۆگـۆس، هـەموو خـەڵکی قامیـشلی شـادمان کـرد بەئەرمەنەکانیشەوە کەپێشتر هاوڕێی کاکم بوون. جگە لەژمارەیەك لەهاوڕێ و خزمـەکانی

دکتۆری کەڵەکچی، نەخۆشە ئەرمەنییەکان کە جگە لەزمانی ئەرمەنی زمانێکی تریان نەئەزانی سەرسام ئەبوون کاتێك کاکم بەزمانی خۆیان پرسیاری لێئەکردن و بەسەرسوڕمانەوە ئەیانپرسی (ئایا دکتۆر ئەرمەنییە؟).

سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی کاکم و هاوڕێکانی کەژیانێکی خۆشم بۆ دابین بکەن، هیچ یادەوەرییەکی خۆشم لەبارەی عەین دیوارەوە نەبوو. ئاخر من کە لەوڵاتێکی شاخستانی فراواندا گەورەبووبووم، بەرگەی گەرمای تاقەت پڕوکێنی هاوینانی ئەم دەشتە رووتەنەم نەئەگرت، چونکە چیابەرزەکان و لوتکە ئەفسانەییەکانی وەك چیای جودی لەژێردەسەڵاتی تورکەکاندا مابووەوە. کۆمەڵێك بارودۆخ و رێکەوت ئەو پارچەیەی کوردستانی لەوبەشە دابڕی کە فەرەنسا خستبوویە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە. لەڕاستیدا ئەم شاخ و دەشتە لەوەرگانەی کەبەربەستێکی سیاسیی لێیدابڕین،دژی ویستی گەلی کوردبوو و ئازاری دڵیان ئەدام و رۆژانە چەندین سەعات لێم ئەڕوانین و ئاخ و داخم بوو بۆ ئەم چارەنووسە.

رۆژێکیان لەیەکێك لەراوێژکارە فەرەنسییەکانم پرسی:

-(بۆچی هێزەکانتان پێشڕەویان نەکرد بۆ پشت ئەو چیایانە تابیانخەنەسەر ئیمپراتۆرییەکەی خۆتان و چیاکانی ئەلبی ولاتانی خۆتانی بیرئەخستنەوە؟ ئەوکاتەش ناچاربوون دەوڵەتێکی کوردی دروستبکەن کە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەبووە پشتیوانتان.)

وەڵامی دامەوە:

-(بێگومان لەبەرئەوەی کلیمانسۆ سەردانی کوردستانی نەکردووە.)

ساتێکی وروژێنەربوو، کاتێك چووم بۆ گوێگرتن لەمیوزیکی کوردی، هەڵپەرکێی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانم بینی. ئەمە لەسەرەتای مانگی ئەیلولدابوو کاتێك جوتیارەکان سەرگەرمی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئازووقەی زستانبوون، ئەوکاتە فۆلکلۆر دەرئەکەوێتەوە، چونکە هەمووکارەکان وەك کوتانی گەنم بۆ ساوەر هاوکاتە لەگەڵ گۆرانیی

و سەمای تایبەت کە تابەرەبەیان ئەخایەنێت و هەندێکجاریش گۆرانیبێژ و مۆسیقارە پیشەییەکان بانگئەکرێن بۆشەو ئاهەنگی درێژ، لەگەڵ ئاوازی (بلوێر و تەنبوور) شمشاڵژەنەکان ئەیانتوانی لاسایی دەنگی پێ و حیلەی ئەسپ و بکەنەوە، خەڵکیش لەگەڵ ئاوازی دەهۆڵ و زورنادا هەڵئەپەڕین. بەشدارانی گۆڤەندەکە دەستی یەکیان ئەگرت یان دەستیان ئەخستە ناوقەدی یەکتر و جلوبەرگی رەنگاورەنگیان لەبەردابوو،کە ئاماژەبوو بۆکاری هەرەوەزیی دێهات و هەڵپەڕینە سروشتی و جەنگییەکانیان و دەربڕینی شادمانیی بوو بەکۆتایی هاتنی کاری سەختی کێڵگەکان لەگەرمای سوتێنەری هاویندا. وردە وردە لەگەڵ گەورەبووندا ئەوەم بۆ روون ئەبوەوە کەگەلێك یان راستر بڵێم نەتەوەیەك هەیە خاوەنی مێژوو و جوگرافیای خۆیەتی وناسنامەی سەربەخۆی خۆی هەیە لەزمان و، کەلتوور و دابونەریتی خۆی لەلایەکەوە، و ئەو سیاسەتە رەگەزپەرستییە نامرۆڤانەیەی دژی پەیڕەوئەکرێت لەلایەکیترەوە، هەموونەمانە بەتوندیی هانیدام بۆ بایەخدان بەتایبەتمەندییەکانی. چۆن پارچەپارچەکردنی ولاتێك و بلاوەپێکردنی گەلەکەی و لکاندنی بەچەند ولاتێکەوە کەبەپێی بەرژەوەندیی سیاسیی و ئابووریی ولاتانی زلهێز دروستکرابوون، کارم تێنەکات؟ چۆن ئەمتوانی دەستەوەستان بم لەبەردەم جێبەجێکردنی چەندین پیلان بەمەبەستی تەفروتوناکردنی ئەم گەلە؟ چۆن ئەمتوانی هەست بەشەرمەزاریی نەکەم کاتێك ئەمبینی جووتیارانی کورد بێبەشکراون لەمافی دەبڕین و بەرگریکردن لەخۆیان بەزمانی تایبەتی خۆیان لەبەرامبەر پۆلیس و کارمەندانی دەوڵەتدا؟ چونکە جەماوەری کورد کە زۆربەیان جووتیار بوون و نەزانین کوێری کردبوون، رێکخستنی کۆمەڵایەتی خێڵەکی کۆتوبەندی کردبوون، سەرۆکئایینیی و دنیاییەکانیان پشتگوێیان خستبوون، بۆیە جەماوەر دەستەوەستانبوون لەرووبەڕووبونەوەی هەژاریی فراوانی دارایی و مەعنەوی و پێکەوەبەستنی چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ئەوکارەساتەی گەلەکەیانی تیائەژی و قوڵهەڵماڵین

بۆ خۆڕزگـارکردن. تـۆ بڵێـی ڕوونـاکبیرانی تـریش شانبەشـانی کـاکم خـەبات بکـەن بـۆ بێدارکردنەوەی میللەتەکەیان لەم خەوە؟

یەکەم کەس کە وێڕای ئاڵای نیشتمانپەروەریتی بەرزیکاتەوەوبانگی میللەت بکـات بـۆ خۆرزگـارکردن لـەداب و نـەریتی بەسەرچـوو و شـێوازە سـۆفیگەرییەکان، مـەلا "جگەرخوێن"بوو کەجبەکەی فڕێدا.

ئەو شـاعیرێکی بـەهرەداربوو کـە شـیعرەکانی لـەدیوەخانی ئاغاکـان و چـایخانەکان و گۆڕەپانە گشتییەکاندا ئەخوێندەوە و بانگی کوردی ئەکرد بۆ یەکگرتن لەپێناو رزگـارکردنی نیشتمانەکەیاندا.

فرەنسیەکان کەهەستیاربوون بەرامبـەر هێرشـی راسـتەوخۆ بـۆ سـەرخۆیان، تەنانـەت ڕێگەیان بە"جەلادەت بەدرخان"دا رۆژنامەی "هاوار" دەربکات کە ٣ سـاڵ و ٣ مـانگ و ٣ رۆژ لەدیمەشق بەردەوامبوو تا ئەوکاتەی دەسـەڵاتی ئینتـدابی فرەنـسا سیاسـەتی خـۆی بەرامبەر بەکورد توندکرد. هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە لەسـاڵی ١٩٣٧دا نیـشتمانپەروەرانی کورد یارمەتی سورییەکانیاندا لەتێکۆشـانیاندا بـۆ رزگـارکردنی وڵاتەکـەیان و ڕێوشـوێنی توندوتیژ دژی کورد بەگشتیی و ڕووناکبیرەکانی بە تایبەتی، گیرایەبەر.

زیاد لە١٠کەسیان لێدەستگیرکرا و دوورخرانەوە بۆ تەدمور و دیمەشق. لەناوگیراوەکانـدا "عارف عەباس"ی تیـابوو. ئەوکاتـە لـەدێریك نیـشتەجێبوو. کـەدووریش خرایـەوە مـن لەماڵی ئەوانبووم، بۆیە ماوەی مانەوەکەی درێژکرایەوە تـا بایـەخ بـەکاروباری خێزانەکـەی بدات، لەوکاتەدا بەکرێگیراوانی خزمـەتگوزاریی تایبـەتی فرەنـسا "موخابـەرات" رۆژانـە ئەهاتنەسـەرمان و ئەیانترسـاندین و هەڕەشـەی کوشـتنیان لێئـەکردین، گـەر لـەدێریك بمێنینەوە.

رۆژێکی کۆتایی ساڵی ١٩٣٧ کاکم هات بەدوای مندا. لەسەر ڕێی گەڕانـەوەبووین بـۆ قامیشلی لەئۆتۆمبیلێکی تایبەتی بچووکدا، کاتێك کۆمەڵێك چـەکدار ڕایـانگرتین، کـاکم کە بەهۆی ئەوەی پێشتر چارەسەریکردبوون ناسینیەوە و لێپرسین:

-(چیتان ئەوێت؟!)

سەرۆکەکەیان کە ناسراوبوو بە(بۆرۆ) چونکە ڕەنگی دەموچاوی سـووربوو، سـریانییەکی خەلکی (هەزەخ) بوو وەڵامیدایەوە:

-(جێگەمـان بکەنەوە لەئۆتۆمـبیلەکەتان تا قامیشـلی.)

-(بەداخەوە جێی چۆڵمان نییە.)

دووان لەچەکدارەکان لەگەڵ کردنەوەی دەرگای ئۆتۆمبیلەکەدا وەڵامیان دایەوە:

-(هەرچۆنێك بێت جێی خۆمان ئەکەینەوە.)

لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا (عەفدی تیلۆ)مان لەگەڵ بوو کە یـەکێکبوو لەنیـشتمانپەروەرانی کورد و بەئازایەتی بەناوبانگبوو، و لەهەموو سەفەرەکانیدا تفەنگە (ماوزەر)ەکـەی پێبـوو، منیش کە لەسەر کورسییەکی دواوە دانیشتبووم، تفـەنگێکی ڕاوم بەدەسـتەوەبوو. کاتێـك تاقمەکە ئەو تفەنگانەیان بینی، بەلایانەوە چاوەڕواننەکراوبوو و سڵیان کـردەوە، بـەڵام هـەر هەوڵیاندا بێنەناو ئۆتۆمبیلەکەوە. نیازی ئەو بەکرێگیراوانە ئاشکرابوو. تیلـۆ تەفەنگەکـەی هێنایەسەرپێ وداوای لەسێ پیاوەکەی تریش کـرد کـە ئـەوانیش هەمانـشت بکـەن، بۆیـە پیاوخراپەکان پاشەکشەیان کرد و ئاماژەیان بەشۆفێرەکەدا کە بکەوێتەڕێ.

دوای چەند کیلۆمەترێك تیلۆ لەکاکمی پرسی:

-(تۆ بڵێی بەنیازی چیبن؟)

-ئاسـانە، گـەر سـواربوونایە شـۆفێرەکەمانیان ناچـارکرد بـەرەو باشـوور بـڕوات و لەناوچەیەکی بیاباندا چەند فیشەکێکیان ئەنا بەسەرمانەوە ولاشـەکانمانیان بـۆ داڵ و ڕێـوی بەجێئەهێشت و دوایئەوە ئەچوون ئەو خەڵاتە وەربگرن کە بەڵێنیان پێدراوە.

ساڵی ١٩٣٧ سەرەڕای ئەهامەتییەکانی کوردانی جەزیرە لەئەنجامی ململانێی سوریا و فەرەنسا، ئەهامەتی دووناوچەی کوردستانی تورکیاشی هاتەسەر، یەکەمیان "ساسۆن" کە ناوچەیەکی شاخاوی پارێزگای "سیرت"ە، بەرگریی دژی سوپای تورکیا بەسەرکردایەتی خێزانی "عەلی یوسف" دوای ١٢ ساڵ و دوایینەوەی زیانێکی گەورەیان بەهێزەکانی تورکیا گەیاند، راوەستا، و نزیکەی ٦٠خێزان پەنایان هێنایە بەرسوریا بەسەرۆکایەتی "عەبدولرەحمانی کوڕە گەورەی عەلی یونس"، کە پیاوێکی نەخوێنەواربوو، بەڵام ستراتیژیی و سیاسییەکی بەهرەمەندبوو،تەنانەت تورکەکان ناویان نابوو مامۆستای بیروباوەڕ لەساسۆن. دوایەوەی ٥ برای و زیاتر لەنیوەی خێڵەکەی لەشەڕەکاندا لەدەستدا، رێی خۆی کردەوە بەرەو سوریا و ژن منداڵان و پاشماوەی خێڵی "میرخاسی" لەگەڵ خۆی هێنا، کاتێک داوای مافی پەنابەرێتیی سیاسیی لەفرەنسییەکان کرد، دەسەڵاتی "ئینتداب" داواکەی رەتکردەوە و دووریان خستەوە بۆ دیمەشق و پیاوەکانیشیان بەچەندین گوندی جەزیرەدا بلاوە پێکرد.

عەبدولرەحمان خۆی لەناو رووناکبیرانی کوردا دۆزییەوە کە هەندێکیان وەك نمونەی "عوسمان سەبری" زمانی کوردییان وەك ئوستاد ئەزانی. عەبدولرەحمان سەریکردە خوێندن وهەموو بەیانییەك وەك منداڵە خوێندکارەکان کتێب و دەفتەرەکانی ئەخستە بندەستییەوە و بەشەقامە تەسکەکانی (حی الاکراد)دا ئەڕۆی بەرەومالّی عوسمانی سەبری و بەگەرموگوڕی وڕێکوپێکیی ئەرکەکەی جێبەجێ ئەکرد، تا دوای چەند مانگێك توانی خوێندنەوە و نووسین فێرببێت بەزمانی کوردی و پیتی لاتینی کە (ئەلف بێ)ەکەی "میر جەلادەت بەدرخان" دانابوو. دوای ماوەیەکی تر دەستیدایە نووسینی چیرۆك و شیعر، ئەوکاتە تەمەنی ٥٧ ساڵ بوو.

دوای ئەو کۆتاییە خەماوییەی ساسۆن، کارەساتی دەرسیم دەستیپێکرد، خاکی زیو و ناوچەیەکی شاخاویی فراوان کە بەشێکی گەورەی باکووری خۆرئاوای کوردستانی تورکیا ئەگرێتەوە، چیا سەخت و عاسییەکان کە داپۆشرابوون بەدارستانی داری زانی کۆن،

دەرسیمی کردبووە دورگەیەکی سەربەخۆی دوور لەداگیرکاریی راستەوخۆی ئەو ئیمپراتۆریی و زلهێزانەی حکومی خۆرهەلاتی ناوەڕاستیان ئەکرد. دوای "رۆمان و سەلجووقی و بیزەنتییەکان" چەندین جار عوسمانییەکان سەری خۆیاندا لەبەردی شاخەکان و دوایئەوەی دلنیابوون ناتوانن ناوچەکە کۆنترۆل بکەن رازیبوون بەسەربەخۆیی ناوخۆیی تەواوی ئەو ١٢ خێلەی لەدەرسیم ئەژیان.

بەلام مستەفا کەمال دوایئەوەی سیستمی خەلافەتی هەلوەشاندەوە و کۆماری دامەزراند پەنای بۆ فێل و تەلەکەبرد بۆ ئەوەی دەرسیم بەدووربێت لەو راپەڕینانەی لەناوچەکانی تری کوردستان سەرهەلئەدەن.

سەید رەزای سەرۆکی خێلە هاوپەیمانەکانی بانگکرد بۆ ئەنکەرە و پێشوازییەکی شاهانەی لێکرد و بردی بۆ پەرلەمان و کورسی سەرۆک کۆماری بۆپێشنیازکرد. ئەم مامەلەیە بەردەوامبوو تا سالی ١٩٣٧، ئەو سالە چارەنووسسازەی کەمستەفا کەمال بەرگریی کوردی تێکشکاندبوو. سەرەتای ئەوسالە داوای لەسەرۆک خێلەکان کرد، بەتایبەت(سەید رەزا) کەئەوکاتە تەمەنی گەیشتبووە ٧٠سال،چەکەکانیان رادەستی ئەو بنکە سەربازییانە بکەن کە لەدەوروبەری ناوچەکانی دەرسیمدا دانراون، ئاگادارکردنەوەکەشی هاوکات بوو لەگەل لەسێدارەدانی ژمارەیەکی زۆری رووناکبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد. مستەفا کەمال خۆی مەسەلەی دەرسیمی گرتەدەست و یەکێکبوو لەنموونە زەقەکانی دڕندەیی و خوێنڕێژیی. دەسەلاتی سەربازیی و بەڕێوەبەرێتیی ناوچە کوردییەکان سپێردرا بە(عەبدولڕەحمان پاشا) کەفەرماندەی هێزە چەکدارەکانی تورکیابوو. ئەویش دەستەی ئەرکانەکەی گواستەوە بۆ جەزیرە و زیاتر لە(١٠٠ ٠٠٠) پیاوی کۆکردەوە و چەکداریکردن بەنوێترین چەکی سەردەم بۆ کۆتایی پێهێنانی کورد. فڕۆکەکانی بۆردومانی ئەو گوندانەیان ئەکرد کە جگە لەژن و مندال و پیر،کەسی

تیانەمابوو، سەربازانی تـورکیش بەچـیمەنتۆ دەروازەی ئـەو ئەشـکەوتانەیان داخـست کـە سەدان منداڵ و ژن لەترسی بۆردومان پەنایان بۆ بردبوو.

ساڵی ١٩٦٣ چاوم بەیـەکێ لەرۆژنامەنووسـانی تـورك کـەوت کـە ببـووە دیبلۆمـات لەیـەکێك لـەولاتانی خۆرئـاوا، ئـەوەی بـۆ ئاشـکراکردم: توانیویـەتی وێنـەی یـەکێك لەرووبارەکانی دەرسیم بگرێت کە پڕبـووە لەلاشـە، بـەڵام کـەس شـایەتییەکەی نابینێـت، چونکە مێجەرێکی (موقدەم) سوپای تورکیا فیلمەکەی لێوەرگرتووە و سوتاندوویەتی.

ئەو تاوانەی لەدەرسیم ئەنجامدرا، هەواڵەکانی لەدەرەوە بەکەس نەگەیشت، تەنیا لـەرێی رووناکبیرێکی کوردەوە نـەبێ، ئـەویش دکتـۆری بەیتـەریی (نـووری دەرسـیمی) بـوو کـە لەقەسابخانەکە رزگـاریبووبوو وپـەنای بردبـووە بەرسـوریا. ئەوکاتـە سـەرکردەکانی سـوپا دژایەتی تورکەکانیان ئەکرد بەرامبەر بەداواکانیان سـەبارەت بەسـنجاقی ئەسـکەندەروونە، بۆیە رێیان ئەدا رۆژنامەکان تاوانەکانی سەربازانی تورك و بـەرگریی پاڵەوانانـەی کـوردانی تورکیا بڵاوبکەنەوە.

رۆژنامەی (القبس) لەیەکێك لەمانشێتەکانیدا نووسـیبووی: (کوردەکـان بەخۆرسـکیی سەربازن.)

رووداوەکـانی کوردسـتانی تورکیـا هەراسـانیان کـردم، بۆیـە یاداشـتێکم ئامـادەکرد سـەبارەت بەسیاسـەتەکانی تورکیـا بەرامبـەر بـەکوردی تورکیـا بەگـشتیی و بەرامبـەر بەدەرسیم بەتایبەتی و سـەرۆکایەتی شـاندێك کـەپێکهاتبوو لەژمارەیـەك لەخوێنـدکارانی دواناوەندی فرەنسایی و ژمارەیەکی تر لەخوێندکارانی (حی الاکـراد)،رووەمـانکردە چـەندین باڵوێزخانە بۆ پێشکەشکردنی یاداشـتەکە، لەهـەموو باڵوێزخانـەکان پێـشوازیی گـەرمیان کردین و گوێیان لێگرتین و بەڵێنیانـدا حکومەتـەکانیان لەسـکاڵاکەمان ئاگاداربکەنـەوە، بەڵام جیهان بەرامبەر بەکارەساتی کورد هەر بێدەنگ بوو. ئینگلتـەرە کەمـەزنترین هێـزی ئەو سەردەمەبوو، ئەیویست هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ تورکیا بپارێزێت بۆ رووبەڕووبونەوەی

هێزی گەشەکردووی ئەڵمانیای هیتلەری و گوشاری خستەسەر فەرەنساش تا سنجاقی ئەسکەندەرونە بەپێچەوانەی ویستی دانیشتوانەکەیەوە بداتە تورکیا.

پێکهێنانی ئەو شاندە، بوو بەخاڵی دەستپێکی یەکەمین کۆمەڵەی خوێندکاری کورد "هێڤی" لەکۆتایی ساڵی ١٩٣٧دا کە پێکهاتبوو لە١٥ خوێندکار وتەنها ساڵ و نیوێك بەردەوامبوو. لەو ماوەیەدا و سەرەڕای یاداشتەکە لاوانی کورد لەپێویستیی خۆڕێکخستن تێگەیشتن و کەوتنەپێکهێنانی یانەی ئەدەبی و وەرزشی و ڕێکخراو و پارتی سیاسیی نهێنی، تا لەساڵی ١٩٥٧دا "پارتی دیموکراتی کورد لەسوریا" دامەزرا.

لەماوەی دووساڵدا دەرسیم ڕووبەڕووی جەنگێکی سەرتاسەریی بووەوە و لەوماوەیەدا لەناوچەکانی تری کوردستان دابڕدرا، جیهانیش پشتگوێی خست، سەدان هەزار هێکتار دارستان سوتێنران و خەڵکەکە بێبەزەییانە قەڵاچۆکران، لەکۆتایی ساڵی ١٩٣٨ دا ئیتر دەرسیم سەربەخۆیی نەماو تورکەکانیش پەنایان بردەبەر جۆرێکی نوێی چەوسانەوە، هەموو ئەو سەرکردە کوردانەیان کوشت کە هاوکارییان کردبوون.

زیندانەکانی شارەگەورە نزیکەکانی وەك ئەلعەزیز و ئەرزنجان و سیواس و مالاتییە، لەدەستەبژێری جەنگاوەرانی کورد ئاخنران و دانیشتوانەکەش کە زیاتر لەملیۆنیك کەسبوون ڕاگوێزران بۆ خۆرئاوای تورکیا و بەگوند و شارەکانیدا پەرشوبڵاوکرانەوە و دەرسیم وەك ناوچەی قەدەغەکراو ڕاگەیەنرا، ئەوانەشی ڕزگاریان بووبوو و نەوەکانی دواتری ئەم ڕاگوێزانەش، نەیانتوانی بگەڕێنەوە تا دوای ساڵی ١٩٥٠، کە پارتی دیموکرات سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

لەلای خۆمەوە ئەوکارەساتەی کە بەسەر گەلەکەماندا هات، دواتریش ڕاگەیاندنی جەنگی جیهانیی دووەم هەژاندمی و وام بەباشزانی لەناو کوردەکاندا بمێنمەوە و هەوڵی فێرکردن و ڕێکخستنیان بدەم بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەو ڕۆژەی دۆخی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەگۆڕێت.

چـونکه ئاشـــکرابوو نەخـــشەی خۆرهـــەڵاتی ناوەڕاســـت لەئـــەنجامی ســـەرکەوتنی هاوپەیمانەکان و ملمڵانێکانی نێوانیان دارێژرابوو، وەك چارەســـەری نـاوەنجی دوای جـەنگی جیهانیی یەکەم، کەکارەساتی گـەورەی بـۆ کـورد بـەدواوە بـوو و کـورد بوونـە قوربـانیی بەرژەوەندیی گەلانی تر،بەپلەی یەکەمیش بوونە قوربانیی بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێـز. لـەو ماوەیەدا بیرم لەوەئەکردەوە کە ئەمجارە لەمافە ڕەواکانمان بێبەش ناکرێین. کاکم کـە هـەوڵی ئەدا من پزیشکیی بخوێنم، هەڵسوکەوت و بۆچوونەکانی من لەگەڵ ڕاکانی ئەو ناکۆك بـوو، چونکە ئەو ئەیویست خوێندن تەواوبکەم پێش ئەوەی بچمە ناو سیاسـەتەوە. بـەڵام چـونکە بڕیارەکەی من یەکلاکەرەوەبوو، بۆیە ناچار قایل بوو و ئامۆژگاریی کـردم کـە میـانڕەوبم و ساڵێکی تریش لای بمێنمەوە پێش گەڕانەوەم بـۆ زانکـۆ. لـەو ماوەیـەدا لەقامیـشلی-وەك گوند و ناوچەکانی تر- ئـەو قوتابخانانـەی بـەزمانی عـەرەبی ئەیانخوێنـد دەگمـەن بـوون، لەبەرامبەر ئەوەدا قوتابخانەی تایبەتی سەرەتایی و ناوەندیی سـەر بەکەمینـە ئاینییـەکانی ئەرمەنی و سریانی لەشارەکانی حەسەکە و قامیشلیدا هەبوون. کچانی گەنجت ئـەبینی کـە لەو قوتابخانانـە ئەگەڕانـەوە و ڕاهیبـەکانی (دڵـی پـیرۆز) سەرپەرشـتییان ئـەکردن، بـەڵام قوتابخانەی کوردیی نەبوو.

سـەرەڕای نـەبوونی قوتابخانـەی کـوردیی بنەمایـەکی پتـەوی ناسیۆنالیـستانی کـورد لەقامیشلی و گوندەکانی دەوروبەری لەجگەرخوێنی شاعیر کۆبوونەوە، ئەویش لەبەرئـەوەی هـانی خـەڵکی ئـەدا دژی ئاغاکـان و مـەلاکان و خوێنـدکارانی حوجرەکـان (فـەقێ) کەخوێندنیان لەخوێندنگەکان تەواوکردبوو،منیش هاوکاریی شاعیرە میللییـەکان و مـەلا و خوێنـدکار و لاوەکـانم ئـەکرد بـۆ ئـەوەی گـەلی کـورد بهـەژێنین و لەخـەو هەڵیـسێنین. شیعرەکانی جگـەرخوێن کاریگـەریی زۆری هـەبوو لەسـەر ئـەو گەلـەی زۆر دەوڵەمەنـدە بەدابونەریتی ئەدەبی و فۆلکلۆریی. جگەرخوێن شـیعرەکانی بـەزمانی خـەڵك ئەنووسـی و بەشێوەی داسـتان ئەیخوێندنـەوە. ئـەو جوتیـارە کوردانـەی بـۆ یەکـەمجار ئـەیانبینی کـە

ئەگۆڕەپانێکی گشتیدا لەسەر کورسییەك راوەستاوە و باسی سەروەرییەکانی رابردووی گەلی کورد ئەکات و سکاڵا لەدۆخی ئێستای ئەکات وپێشبینی داهاتوویەکی روونـاکی بـۆ ئەکات، بەمەرجێك تێبکۆشن و یەکگرتووبن، هەندێکیان بەشێتی تێئەگەیشتن وەك ئـەوەی لەشێتخانە رایکردبێ. چەندین جار ئـەمبینی کـە وەك ئـەوەی مامەڵـە لەگـەڵ شـێتێکدا بکەن، مامەڵەیان لەگەڵ ئەکرد و سەریان رائەوەشاند و ئەیانوت:

-(گوناهە، گەنجێکی قۆزی وا شێتبووە!)

بەلای شێخەکانی تاریکی و ئاغـا و دەرەبەگەکانـەوە ئـەم شـاعیرە مەترسییەك بـوو کەئەبوو بەزووترین کات لەکۆڵ خۆیانی بکەنەوە،بەڵام لەبەرامبەر ئەو پشتیوانییە فراوانـەی کە وردەوردە لەلایەن خەڵکەوە لێیئەکرا، هاوسۆزیی و دڵبەندیی جێی گومان و دژایـەتییان دەگرتەوە و خەڵکێکی زۆر شیعرەکانیان لەبەرکردبوو و شێخ و مەلاکان ناچاربوون گوێ لـەو شیعرانە بگرن کە تیایدا گاڵتەی بەوان ئەکرد و پێی رائەبواردن.

سەرەڕای حەوسەڵەی خراپی کارمەنـد و تونـدڕەوە عەرەبـەکان، بـەڵام فرەنـسا،ئازادی دابوینێ بۆ چالاکیی شیعر و مۆسیقا و هەڵپەرکێی میللی و گوێی خۆیان خەواندبوو لـەوەی بەناو گوندنشینەکاندا ئەگـەڕاین و لـەناو جوتیارەکانـدا چـالاکی نەتـەوەییمان ئەنجامئـەدا وچەندین هەفتە لەلایان ئەماینەوە، هاوبەشیمان ئـەکردن لەخواردنـە سـادەکانیاندا و ورەی رووخاویانمان بەرزئەکردەوە. ئازار و نەهامەتییەکانیان هانی ئـەداین هۆشـیاریان بکەینـەوە سەبارەت بەو چەوساندنەوە نەتەوەییەی تووشی بووبوون و هانمان ئەدان بۆ راپەڕین لەدژی.

سەرەتا کاردانەوەی خەڵکە هەژارەکە دووربوو لەوەی کاردانەوەیەکی باش بێت، چـونکە کاری کێڵگە، بڕستی لێبڕیبوون، دووربوون لـەڕووداوەکانی جیهـان، دیلـی دەسـتی نـەزانین بوون، و سەرۆکە ئاینیی و دنیاییەکانیان کوێریـان کردبـوون، و هـیچ بایـەخێکیان نەئـەدا بـەهۆنراوە و گۆرانییـە نیـشتمانییەکان. هەنـدێکیان پێکـەنینیان ئـەهات بـەباوەڕمان و

بەکوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ، هەندێکیشیان هەڵئەستان و قسەی رەقیان ئاراستەی ریش سپییەکانیان ئەکرد.

ریشسپییەکانیش ئەیانوت:

-ئێوە گەنجن و خوێندەواری شارن و ئەتانەوێت کێشەمان بۆ دروست بکەن. ئێمە بەچارەنووسی خۆمان شادمانین، نیعمەتی خواردنی رۆژانەمان هەیە و ئەتوانین پێنج فەرزە نوێژ بکەین، ئێمە بەمە شادمانین. تکاتان لێئەکەین داوای لەوەزیاترمان لێمەکەن، و بەبیروباوەری دژ بەئاین و دەوڵەت کێشەمان بۆ مەنێنەوە.

یا ئەیانوت:

-ئێوە شارین و کەس ناوێرێت دەستتان بۆ بهێنێت، بەلأم ئێمەی جووتیار گەر هەستی نیشتمانی خۆمان دەربڕین، یەکسەر حەیزەرانی ژەندەرمەکان ئەبینین بەسەر سەرمانەوە.

ئەمانویست تێیان بگەێنین کە:(ئێمە دژی ئاین نین و زۆردوورین لەوەوە. ئێمە تەنیا داوائەکەین شەریعەت بەتەواوی جێبەجێ بکرێت و نەبێتە ئامرازێکی هەلپەرستیی و نەزانین و پێغەمبەر (د. خ) وتویەتی:"دوای زانین بکەون گەر لە(چین)یش بێت"، بەلأم بەناوی ئاینەوە لەزەلکاوی نەزانیندا نوقمکراون، جگە لەوەش قورئان ئەڵێت: "باوەڕداران برای یەکن "، کەچی سەرەڕای ئەوە ولأتانی ئیسلامیی سیاسەتی بەکۆیلەکردن، تەنانەت قەلأچۆکردنی کورد ئەگرنەبەر، جا ئەو کوردە موسڵمان بێت یا کریستیان و ئێزدیی، جگە لەوەش دەوڵەتی سوریا لەلایەن زلهێزێکی بێگانەوە پێکهێنراوە و بەزۆر بەسەر کورددا سەپێنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە نیازمان نییە لاوازی بکەین یا دژایەتی بکەین، ئێمە تەنیا داوائەکەین تایبەتمەندیمان لەبەرچاو بگیرێت و رێزمان بگیرێت، سەرەنجامیش ئەمانەوێت هەموو میللەت راستییەکان تێبگات و ویستی خۆی دەربڕێت بەوەی دان بەناسنامەیدا بنرێت و رێزی مافە رەواکانی بگیرێت. ئێمە تەنیا ئەوەندەمان ئەوێت و هیچی تر.)

لەبەردەم بانگە ناشکراکانماندا بەرامبەرەکانمان یا بێدەنگ ئەبوون و یـا ئەکەونـە ورتـە ورت:

-(لەوانەیە ئێوە راستبکەن، پاشان ئێوە گەنجن، بەڵام ئێمـە تەمـەنمان کۆتـایی هـات و سەرمان لەلێواری گۆڕ ئەلەرزێت و ناتوانین دواتانکەوین. ئێوە بـەردەوامبن و ئێمـەش داوای سەرکەوتنتان بۆ ئەکەین.) سەرەڕای دژایەتیی توند و هەڕەشەی زەقی هەنـدێك لـەئاغاکان بەکلکگرێدان لەگەڵ کاربەدەستاندا، بەردەوام ژمارەی ئەو جووتیارانە لەزیادبوونـدابوون کـە لەناسنامەی نەتەوەی خۆیان ئەگەیشتن و لێمان نزیك ئەبوونەوە.

(حی الاکراد)ی دیمەشـق کـە ژمارەیـەکی زۆری رووناکبیران و خوێنـدکاران و دەرچـووی دواناوەندیی تیابوو، زەمینەیەکی لـەباربوو، بۆیـە لـەوێ کەوتینـە دامەزرانـدنی رێکخـراوی رۆشنبیریی وەرزشیی، و ئەدیبان و زمانزانەکان بەئازادیی زمـانی کوردییـان ئەوتـەوە. سـاڵی ١٩٣٩ تیپێکی تۆپیپێ بەناوی (کوردستان)دامەزرا، بەشداریی خولی شاری دیمەشـقی کـرد و ساڵی ١٩٤٠ پلەی یەکەمی بەدەستهێنا و جەماوەرێکی زۆر فراوانی هەبوو، بەشێوەیەك خەڵك لەقامیشلییەوە ئەهاتن بۆ هاندانی یاریزانەکان. رووداوێکـی ناناسـایی بـوو کاتێـك هـەزاران بینەری دیمەشق هاواریان ئەکرد (یەڵا کوردستان، پەلاماربەرە کوردستان، بژی کوردستان.)

لەرۆژنامەکانیشدا لەبارەی خولەکەوە نوسرا:

-(کوردستان سەرکەوت).

باڵوێزخانەی تورکیا لەدیمەشق لەوەی زیاتر پێویست نەبوو، تـا کێـشەبنێتەوە، وهـەموو قورسایی خۆی لای بەرپرسانی فەرەنسا و سوریا خستەگەڕ، بۆ کۆتاییهێنـان بـەو دیاردانـەی دژایەتیکردنی تورکەکان، بەهوتافکێشان بەناوی کوردستانەوە. بۆیە فەرەنسی و سـوریـیەکان بۆ قایلکردنی ئەنکەرە، کۆمەڵەکانیان ناچارکرد چالاکییەکانیان رابگرن.

دەسەڵاتدارانی ئەنکـەرە هـەر بـەم سـەرکەوتنە نەوەسـتان، بـەڵکو کاتێـك گەیـشتنە ئەوباوەڕەی هەستی نەتەوەیی کورد لـە(جەبـەل الاکـراد)ی بـاکووری حەڵـەب بوژاوەتـەوە،

ئەفسەرێکی تورکی سەر بەموخابەراتیان نارد، تابەنهێنی بچێتە ناوچەکە لەبەرگی شێخێکی ئایینیدا بەناوی "شێخ ئیبراهیم". دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری شوێنکەوتوو (موریـد)ی لەخۆی کۆکردەوە، جەنگێکی بێبەزەییانەی دژی ئاغاواتی ناوچەکە و خێزانەکانیان و لایەنگرانیان راگەیاند و لەماوەی چەند مانگێکدا ناوچەی (جەبەل) کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ۲۵۰ هەزار کەس ئەبوو کەوتە کوورەی جەنگێکی ناوخۆوە، لەجیاتی ئەوەی سوپا بێتە ناوەوە بۆ راگرتنی قەسابخانەکان، دەسەڵاتی ئینتدابی فەرەنسیی ژەندرمەی سوپای بەو ئەرکە راسپارد، ئەوانیش کە ژمارەیان کەم و چەکی خراپیان پێبوو، بەناکامی لەگۆڕەپانی شەڕ کشانەوە هیچیان پێنەکرا وهەردوولایان جێهێشت بێبەزەییانە یەکتربکوژن.

ئەم شەڕی براکوژییە سەرەتای ساڵی ۱۹۳۹ دەستی پێکرد و ماوەی ۲ساڵی خایاند و ئەنجامەکەی کوژرانی زیاتر لە۱۰ هەزار کەس و وێرانکردنی ناوچەیەکی گەشەسەندوو بوو، ورقی لەنێوان خەڵکەکەدا چاند، شێخ برایمیش دوای ئەوەی ئەرکەکەی جێبەجێکرد، لەپڕێکدا بێ هیچ ناونیشانێك دیارنەما و کەس نەیزانی ئەو پیاوە کێبوو، وچی بەسەرهات؟!

دوای ئەوەی راپەڕینە کوردییەکانی کوردستانی تورکیا بەشێوەیەکی دڕندانە و خوێناویی سەرکوتکران، رژێمی کەمالی لەهەموو شوێنێك چاودێریی هەر جووڵەیەکی کوردی ئەکرد بۆئەوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەر لەلانکەکەیدا سەرکوتی بکات، لەبەرئەوە بەردەوام مەترسیی بەسەرسەری پەنابەرانی کوردی تورکیا و کوردە نیشتمانپەروەرەکانی سوریاشەوە ئەسوڕایەوە. هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی سکاڵای دروستکراوی حکومەتی تورکیا و هەواڵنێرانیان بوون بەناوی تاوانباری مافی سیڤلی و راونان و رفاندن و کوشتن. پیاوە بەتەمەنەکان هەمیشە ئامۆژگارییان ئەکردین بەنهێنی و هۆشیارانە کاربکەین. ئامۆژگاریی منیشیان کرد کەسواری شەمەندەفەری نێوان

"قامیشلی- حەلەب" نەبم، چونکە بەشی زۆری ڕێڕەوی شەمەندەفەرەکە کەوتبووە ژێردەسەلاتی تورکیاوە، بەلام من خۆم خستە مەترسییەوە و لەو ڕێیەدا تووشی چەرمەسەریی بووم.

جارێکیان دۆخەکە ناچاری کردم لەحەلەبەوە بگەمە قامیشلی.

ئەمە لە۲۰ی نیسانی ۱۹٤۲ دابوو، کە ۱۰ ڕۆژبوو لەیەکێك لەئوتێلەکانی حەلەبدا گیرم خواردبوو.

من پێشتر لەبەیروتەوە بەرێگەی دیمەشقدا هاتبووم و چەندین جانتا و جلوبەرگی تیپی هەلپەرکێی کوردی و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و وێنەم هێنابوو، و ئەبوو بەزووترین کات بگەمە قامیشلی. ڕێگەی هاتوچۆی نێوان حەلەب و قامیشلی بەهۆی ئەو بارانە زۆرەی ماوەی مانگێك بوو بەردەوام ئەباری، گیرابوو، و چەندین گۆماوی تیا دروستبووبوو کەئۆتۆمبیل نەیئەتوانی پیایاندا تێپەڕبێت.

لەحەلەب دەست و پێم بەسترابووەوە. هەندێك لەشۆفێرەکانی ناسیاوم ئامۆژگارییان کردم کە بەشەمەندەفەر سەفەرەکەم بکەم. ژمارەیەکی زۆری خەلکی قامیشلی لەهەمان ئەو ئوتێلەبوون کەمنی لێبووم وسەرگەرمی کارەکانیان بوون، لەوانە هەندێکیان بەرهەمی کشتوکال و ئاژەلیی هێنابوو بۆ فرۆشتن وهەندێکیان هاتبوون بۆ کڕینی "کوتال و پێلاو و چا و قاوە و شەکر و سابوون" بۆ دووکانەکانیان. زۆربەی ئەوکەسانە بەکورد و عەرەب و سریان و ئەرمەن و جوولەکەوە ناسیاوم بوون، هەندێکیان زۆر نزیکبوون لەکاکمەوە، لەوانە گەنجێکی سریانی کاسۆلیك بەناوی "جۆرج ئەزمیرلی" کە مالەکەیان نزیکی مالی خۆمان بوو لەقامیشلی.

ئەزمیرلی، خەریکی بازرگانی ئاژەل و مانگابوو، و هەموو مانگێك چەندین فارگۆن ئاژەلی ئەهێنا بۆ حەلەب بۆ فرۆشتن. کەمن گەیشتمە حەلەب ئەو بەقازانجێکی باش ئاژەلەکانی فرۆشتبوو، وژمارەیەکی زۆر بەستەلیرەی سووریی خستبووە ناو کیسەیەکەوە

وخۆی ئامـادەکردبوو بـۆ ئـەوەی بەشـەمەندەفەر بگەڕێتـەوە بـۆ قامیـشلی، زۆرم لەگـەڵ خەریکبوو کە لەگەڵیدا سەفەربکەم.

پێم وت(کە نـاتوانم بەرگـەی ئـازاری شـەهیدبوون بگـرم. وەك زۆر لـەکوردەکانی نـاو زیندانەکانی تورکیا.)

هەوڵیدا دڵنیام بکاتەوە کەسەفەرەکە بێ هیچ ڕووداوێك تەواوئەبێت و وتی:

-(جاری پێشوو پۆلیسی تورکیا داوای ناسنامەشیان لێنەکردین، خۆ ئەگەر بەڕێکـەوت کەسێك ڕێی پێگرتیت، ئەوا خۆت ئەزانی پارەیەکی زۆرم پێیە و مرۆڤ ئەتوانێت بە ١٠ لـیرە هەرکام لەو فەرمانبەرە برسی و بەرتیل خۆرانە بکڕێت.)

لێم پرسی:

-(بەڵام من ژمارەیەك کتێب و گۆڤاری کـوردیم پێیـە یـان لـەبارەی کـوردەوەن، گـەر بیدۆزنەوە کاردانەوەیان چۆن دەبێت؟)

-(ماوەی ئەوەیان نییـە سـەیری کتێـب بکـەن و زۆربـەی پیـاوانی گـومرگی تورکیـا بەهەزارحاڵ خوێندنەوە و نووسین ئەزانن. بەهەرحاڵ ژمارەیـەکی زۆر جانتـا و کتێـبم پێیـە بیخەرە ناو ئەوانەوە و بۆیان جیاناکرێتەوە.)

هەوڵەکانی "جۆرج ئەزمیرلی" و ویستی زۆری خۆشم بـۆ گەیـشتنە قامیـشلی،بڕیاری ئەوەیان پێدام ئەم سەفەرە سەرکێشانەیە بکەم.

پەنجەرەی فارگۆنـە کۆنـەکان و چـراکانی کەبەشـینێکی تـۆخ ڕەنگکرابـوون دیمـەنێکی ناشرینی نەگبەتیان هەبوو، لەوە ئەچوو لەمەیدانەکانی جـەنگ گەڕابێتـەوە، فارگۆنـەکانی پلەدوو کە ئێمەی تیابووین لەفارگۆنی شەمەندەفەری ناو فیلمی کاوبۆی ئەچوو.

من و جۆرج بەرامبـەر ژن و مێردێکـی مامۆسـتا دانیـشتین کـە دواتـر پێیـان وتـین، لەقەمیـسەرییەوە هـاتوون و ئەچـن بـۆ وەرگرتنـی ئەرکـەکانیان لـەدێریك کـە یەکێکـە لەناوچەکانی پارێزگای ماردینی کوردستانی تورکیا.

سـەعات ٤ی پاشـنیوەڕۆ شـوتی کەوتنەگـەڕی شـەمەندەفەرەکە لێیـدا و دووکـەڵ نشەمەندەفەرە هەڵمییەکەوە بەرزبووە و هێڵەناسـنەکە زیکەیـەکی تونـدی گوێگەڕکـەری ێبەرزبووەوە، دوای پەڕینەوەمان لەپردێکی سەر فورات چووینە ناوخاکی تورکیاوە. تاریـك داهاتبوو، چراشینە تۆخەکان شوێنەکەیان روونـاك ئـەکردەوە، چـاودێرانی تـورك بـەلایتی دەستیی درێژەوە خۆیانکرد بەفارگۆنەکاندا، پۆلیسێکی چەکدار لەگـەڵ پیـاوانی گـومرگ و ناسایشی گـشتیدا دابـوو. کـە کارمەندەکـەی ئاسـایش گەیـشتە لامـان هاوڕێکـەمی ناسییەوە، ئەویش پاکەتێك جگەرەی ئینگلیزیی لـەگیرفانی دەرهێنـاو پێـشکەشی کـرد و وتی: (ئەم دیارییەم بۆ هێناویت.) کارمەندەکەش بەخۆشـییەوە وەڵامـی دایـەوە: "باشـە، سـوپاس"، دوایـی وەرینەگـەرم، مـن ناسـنامەکەم گرتبـوو بەدەسـتمەوە بـۆ ئـەوەی بیدەمـەدەستی، بەڵام ئەو تەنیا سەرێکی راوەشاند و وتی: (باشە، باشە...سوپاس.)

هەر دوایەوە ئێمە خۆمانکرد بەفارگۆنی چێشتخانەکەدا و چاکترین خواردنمان داواکـرد، روونـاکی گوڵجـاو و پاکوخـاوێنی سـەرمێزەکان و هەڵـسوکەوتی رێکـوپێکی کارمەنـدانی چێشتخانەکە، کەبەرەچەڵەك لەیۆنانییەکانی ئەستەمبوڵن، دڵیکردینـەوە، و بـەدەم قـسەی خۆش و نوکتەوە کەوتینـە خـواردنی خۆراکـە بەلەزەتـەکان لەزەڵاتـە و گۆشـت و پـەنیر و (مەی)ەکەش خۆشییەکی تری بەخواردنەکە بەخشی.

خەریکی قاوەخواردنەوەبووین کـەژن و مێـردە مامۆسـتاکە پێـشنیازیان کـرد لەسـەر مێزەکەی ئێمە دانیشن. ویستمان سەری قسەیان لەگەڵدا بکەینەوە،بـەڵام زۆر بەئاگاییـەوە قسەیان ئەکرد و بەزۆر رامانئەکێشان بـۆ قـسەکردن، بـەڵام وردە وردە ئەوپێکـە مەیانـەی پێـشکەشمان ئـەکردن زمانیـانی بـەردا و دەیـان پرسـیاریان لێکـردین سـەبارەت بەچالاکییەکانمان و ژیانی ئابووریمان لەسوریا و نرخی کەلوپەل،و بـەراوردیان ئـەکرد لەگـەڵ نرخی شتەکان لەتورکیا وسەرسامبوون لەوەی لەسـوریا برسـێتیی نییـە و نـرخ بەوشـیوەیە نزمە،سەرەڕای بوونی هێزەکانی فرەنسا و بریتانیا لەو وڵاتە.

بەسادەییەوە وەڵامم دایەوە: (بۆوا سەرسامن؟ لەبەرئەوەی کە لەتورکیا برسێتی هەیە؟)

وەك ئەوەی سەرنجی ئەو راستییەم نەدابێت کە بەدرێژایی سنووری سوریا و تورکیا بەسەدان سەرباز و جووتیاری تورك پەنائەبەنە بەر سوریا بۆ بەدەستهێنانی پاروویەك نان.

ژنە مامۆستاکە وەڵامی دایەوە:

-(بەداخەوە سەربازگیریی گشتیی ۱۹۳۹ هێزی کاری لەگوندەکاندا نەهێشت و بەرهەمی دانەوێڵەی ئەم ساڵانەی دوایی خۆرهەڵاتیش مێرووی سن بەتەواوی لەناوی برد.)

خۆم پێنەگیرا و لێمپرسی:

(مەبەستت لەخۆرهەڵات چییە؟)

ژنە مامۆستاکە وەڵامی دامەوە:

-(خۆرهەڵات بەشێکە لەتورکیا و پێکهاتووە لەپارێزگاکانی مالاتیە و ئەلعەزیز و دیاربەکر و ماردین و ئۆرفە و سیرت و وان.....هتد.)

جارێکی تر لێمپرسییەوە:

- (تایبەتمەندیی ئەم پارێزگایانە چییە؟)

پیاوە مامۆستاکە بەتوورەیی قسەکانی پێبڕیم و وتی:

-(هیچ تایبەتمەندییەکی نییە و هەروەك پارێزگانی تری وڵاتەکەمان وایە.)

مامۆستا ژنەکە بەهەمان توورەییەوە وتی:

-(هەمیشە بەشێکی جیانەکراوەبوون لەتورکیا، ئەوەنەبێت کە جاران پێیان ئەوتن ویلایەتەکانی خۆرهەڵات، بەڵام ئەمڕۆ پێیان ئەوترێ خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵات.)

پێم وت، و بێویستی خۆشم دەنگم بەرزبووەوە:

-(بەڵام مـن لەسەرنەخشە عوسمانییەکان بینیوومە کە بەپیتی گەورە نوسراوە "ویلایەتەکانی کوردستان" و هەموو کەسێکیش ئەزانێ خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵات مەبەست کوردستانە، چونکە بەسادەیی هەموو دانیشتوانەکەی کوردن.)

بەبێزارییەوە وڵامیان داینەوە:

-(لەفەرهەنگەکانی ئێمەدا وشەی کورد و کوردستان نییە. ئەوە درۆی دوژمنانی نەتەوەی یەکگرتووی تورکیایە و گەر هەندێك سەرلێشێواوی بەکرێگیراوی بێگانە ویستبێتیان ئەو دەستەواژەیە بقۆزنەوە، ئەوا پەندێکمان داداون کە قەت لەبیریان ناچێتەوە و ئەمرۆ وڵاتەکەمان لەو گەمانە پارێزراوە.)

وێرام کەجارێکی تر بپرسم:

- (بەڵام سبەینێ رووبەرووی کێشە ئەبنەوە، چونکە ئێوە مامۆستان لەدێریك، چۆن ئەو منداڵانە فێرئەکەن کە جگە لەزمانی کوردی نازانن؟ و چۆن خزمەتی وڵاتەکەتان ئەکەن، گەر نکوڵیی لەراستییەکی ئاوا روون و ئاشکرابکەن؟)

پیاوەکە وەڵامی دایەوە:

-(ئەو کوردییەی تۆ باسی ئەکەیت هیچ نییە جگە لەزاراوەیەکی تورکی. لەتورکیاش هەروەك هەموو وڵاتانی جیهان زمانی فەرمی هەیە لەگەڵ زاراوەی خۆماڵی و بەبڵاوکردنەوەی خوێنەواریی ئەو زاراوانە لەناوئەچن.)

هەوڵمدا بۆیان روونبکەمەوە کە:

-(ئەگەر لەراستیدا کوردیی زاراوەیەکی هەڵقوڵاوبێت لەزمانی ئەدەبی و فەرمیی تورکیا، ئەوا، وەك تۆ پێشبینی ئەکەیت لەناوئەچێت، بەڵام لەراستیدا زمانی کوردی تەواو جیاوازە و رێزمان و فۆلکلۆر و ئەدەبی تایبەت بەخۆی هەیە، و لەروانگەی ئەم راستیانەشەوە بەئاسانی ناتوانن ئەم زمانە لەناوبەرن و زمانی تورکیی بخەنە شوێنی، جگە لەوەی چەندی ئێوە هەوڵبدەن ئەم زمانە لەناوبەرن بەرگریی زیاترئەبێت و رقوقینی گەل دژتان زیاترئەبێت.)

لەم کاتەدا شەمەندەفەرەکە لەوێستگەی "جەبەل ئابیچ – گردە سپی" راوەستا، و مامۆستا پیاوەکە هەستایەسەرپێ و دووچاوە سەوزەکەی تێبڕیم و وتی:

-(بەداخەوە کەکەسێك بەو ڕەوانییە بەزمانی تورکی قسەبکات و تا ئەو ڕادەیە بەرگریی لەمەسەلەیەکی خراپ بکات.)

پاشان دەستی ژنەکەی گرت و لەفارگۆنی چێشتخانەکە چوونە دەرەوە. جۆرجی هاوڕێم سەرەکۆنەی کردم و وتی: -(یەکەم، نەئەبوو ئەو مشتومڕەیان لەگەڵ بکەیت، دووەمیش، قسە لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا بێسوودە، چونکە ئێمە لەتورکیاداین نەك لەسوریا.)

پێم وت:

-(ئەبێت بەردەوام بیریان بخەینەوە، ئەگینا ئەو سیاسەتەی مستەفا کەمال دایڕشتووە، لایان ئەبێت بەئینجیل.)

-(بەڵێ، تۆ ڕاستئەکەیت، بەڵام پێویستە بەئاگابین.)

دوای ئەوە داوای هەندێك خواردنەوەمان کرد تا ڕووداوەکەمان لەبیربچێتەوە و شادیمان جارێکیتر بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام بێسوودبوو.

شەمەندەفەرەکە ماوەیەکی زۆر ڕاوەستا، جۆرج گەڕایەوە بۆ فارگۆنەکە بۆ زانینی هەواڵی دوومامۆستاکە، یەکێك لەئەفەرەکانی خەڵکی قامیشلی پێی وتبوو، کە دوومامۆستاکە چوون بۆ خانووی وێستگەکە لەبەری تورکیا.

-(بەڵام بۆ ئەچن بۆ ویستگە؟ خۆ ئەوان ئەبێت لە"دەرباسیا" دابەزن بۆئەوەی بگەنە دێریك!)

پرسیاری لەو جۆرە نیگەرانیان کردم ، بۆیە جۆرج پەرداخە بیرەکەی بەرزکردەوە و پێی وتم:

-(بخۆرەوە، گوێی مەدەرێ.)

بەنیگەرانییەوە ئەمانخواردەوە و پێشبینی شتێکی خراپمان ئەکرد، خولەك و چرکەکان بەقورسی تێپەڕین و شەمەندەفەرەکەش هێشتا لەویستگەکە وەستابوو، سەرەنجام و دوای ٤٠ خولەك فارگۆنەکە لەرایەوە و شەمەندەفەرەکە کەوتەڕێ، لەوێدا جۆرج چوو بۆ

فارگۆنەکەی خۆمان بۆ ئەوەی بەدوای دووماموٚستاکەدا بگەڕێت ، کەئەیدۆزینەوە بڕیاریدا لەفارگۆنەکانی تر بەدوایاندا بگەڕێت. لەم کاتەدا پیاوێك بەهەنگاوی سەربازیی هاتەپێشەوە و لەسەرکورسییەك لەپشتمەوە دانیشت، پاشان ئاوڕیدایەوە بەرەو من و وتی:

-(ببوورە، پێنەچێت تۆم لەشوێنێك بینیبێت، بەڵام نایەتەوە بیرم لەکوێ، ئا..لەوانەیە لەقامیشلی تۆم بینیبێت، تۆ لەوشارە نیشتەجێ نیت؟)

بیرمکەوتەوە کە بەماموٚستاکانم وتبوو: (من نیشتەجێی شاری قامیشلیم.) بۆیە لەکاتێکدا کە هەوڵمئەدا هێمن دیاربم، پێم وت: (لەراستیدا ئەوە شاری منە.) پیاوەکە وتی:

-(کەواتە بەدڵنیاییەوە لەوێ بینیومیت. بەڵێ من نزیکەی ساڵێك ئەبێت بەئەرکێك لە"نسێبین"م و زۆرجار ئەچم بۆ قامیشلی و لەچێشتخانەی "کەربیس" نان ئەخۆم.)

ئەمە زۆر ماقوڵە چونکە منیش زۆرجار ئەچم بۆ ئەوێ، کابرا بەردەوامبوو لەقسەکردن و وتی:

-(ئەوە تۆ نەبوویت بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە بەزمانی کوردی گوتارێکی ئاگرینت دا؟!)

وڵامم دایەوە:

-(بەڵێ، ئەمە راستە.)

-(وایە، لەوێ بینیومیت، ئەبێت دان بەوەدابێنم کە بەچەپڵەڕێزانێکی گەورە پێشوازیت لێکراو ئەو رایەم لادروستبوو کە تۆ گوتاربێژێکی بەئەزموونیت و راهاتوویت لەسەر قسەکردن لەناو جەماوەرو گوتاردان لەکۆبوونەوەدا، خۆمن هەڵەنیم؟!)

-(جارجارە لەناو جەماوەردا قسەئەکەم.)

-(تۆ برایەکت نییە کەپزیشکێکی زۆر ناسراوە لەقامیشلی؟)

پێم وت:

-(بەڵێ وایە.... بەم پرسیارانەت ئەتەوێت بگەیتەچی؟)

-(هیچ، هەر لەبەرئەوەی روخسارت بەلامەوە نامۆ نەبوو، رێم بەخۆمدا قسەبکەم، بۆئەوەی دڵیشت پاکبێتەوە داوای لێبووردن ئەکەم گەر هەراسانم کردبێت. بەهیوای دیدارێکی تر، لەوانەیە لەچێشتخانەی "کەربیس"!).

پاشان بەشێوازی سەربازانی ئەڵمانی سڵاوی لێکردم و بەخێرایی لەفارگۆنی چێشتخانەکە چووە دەرەوە. دڵنیابووم کەپۆلیسی تورکیا ئەیەوێت پیلانێکم بۆ بچنێت، بۆیە بڕیارمدا بەپەلە لەشەمەندەفەرکە دابەزم و ئامرازێك بدۆزمەوە بۆ گەیشتنە سوریا. لەوێستگەی دواتر بەپەلە خۆم گەیاندە یەکێك لەدەرگاکان، ژەندرمەیەکی تورك لەبەردەمیدا وەستابوو، رێی نەدام دابەزم و بەپەنجە ئاماژەی کرد بۆ وشەیەکی سەربازیی بەناوبانگی تورکی "یاساق" واتە قەدەغەیە.

خۆم کوتا بۆ دەرگایەکی تر سەیرئەکەم ئەویش لەلایەن خوێڕییەکی ترەوە گیراوە و پاڵی پێوەنام بۆ ناوە و قیژاندی "یاساق"ە. هیچ چارەیەکم نەما جگە لەوەی کە بگەڕێمەوە بۆ فارگۆنەکەی خۆم بەدڵێکی پڕ لەئازار و ترسەوە لەئەنجامی ئەم پێشهاتە.

دوای چەند خولەکێك شەمەندەفەرەکە کەوتەڕێ، جۆرج گەڕایەوە و ئەفسەرێك و دووسەربازی چەکدار دەوریاندابوو، ئەفسەرەکە فەرمانی پێکردم دوایکەوم بۆ فارگۆنەکەمان. دوایئەوەی شتەکانم هەڵگرت،ئەفسەرەکە لەبەردەم فارگۆنی پۆستەکەدا وەستاو داوای لەکارمەندی پۆستەکە کرد هەموو گوێنی پۆستەکان بێنێتە دەرەوە، کابراش بە بۆڵەبۆڵێکەوە وتی:

-(ئەو هەموو گوێنیە لەکوێ دابنێم؟)

ئەفسەرەکە تێی خوڕی:

-(لەکوێ ئەتەوێ داینێ؟ ئەمە کێشەی خۆتە)

کارمەندە هەژارەکەی پۆست بەتەتەڵەکردنەوە وەڵامی دایەوە:

-(بەڵێ...بەڵێ جەنابی ئەفسەر بەدوای شوێنێکی تردا ئەگەڕێم، پێموایە لەفارگۆنەکەی تەنیشتمان شوێنێکی گونجاو ئەدۆزمەوە.)

دوایئەوەی سەربازەکان لەبەردەم دەرگای ژوورەکەماندا وەستان، ئەفسەرەکە دەستیکرد بەپشکنینمان و کاتێ سەفتە پارەکانی لای جۆرج دۆزیەوە، یەکسەر دەستی بەسەرداگرت و کەوتە پشکنینی گیرفانەکانی من بەو هیوایەی چەکێکی ئاگرین بدۆزێتەوە. کە بێهیوابوو لەوە، ناسنامە سورییەکەم و ناسنامە رۆژنامەنووسییەکەمی کە هی رادیۆی بەیروت بوو برد. لەکاتی پشکنینی گیرفانەکانمدا چەرخێکی بەنزینی جوانی دۆزیەوە کە یەکێك لەناسیاوەکانم لەدیمەشق بەدیاری دابوویمێ، ئەفسەرەکە بەتامەزرۆییەوە لەناودەستیدا ئەمدیودیوی پێکرد و پاشان دایەوە دەستم. دوای رۆیشتنی ئەفسەرەکە، پۆستەچییەکە داوای لێکردم چەرخەکەی پێبفرۆشم.

منیش بەتوندی وەڵامدایەوە:

-(ئەوە دیارییە ونافرۆشرێت!)

ئەویش زیاتر سوورنەبوو، بەڵام بێهوا نەبوو لەوەی کە دەستینەکەوێت.

لەفارگۆنی پۆستەکەدا، جۆرج بەخەمباریی دانیشتبوو، منیش بەپێوە پاڵمدابوو بەپەنجەرەکەوە و چاودێری رێڕەوەکەم ئەکرد کەدووسەربازەکە بەکڵاوخودی جەنگییەوە وەستابوون و پۆستەچییەکەش کەرووخسارێکی منداڵانەی کەللەڕەقی هەبوو،خەوی بەچەرخەکەمەوە ئەبینی. لەو دیمەنە و وردبوومەوە، هەستم بەترسناکی دۆخەکە کرد. لەوکاتەدا ئەهامەتییەکەی (رەشاد)م بیرکەوتەوە لەدیاربەکر و رووخساریم هێنایەوە بەرچاوی خۆم، کەکاتێك گەیشتە قامیشلی، شوێنەواریی ئەشکەنجە کاری کردبووە سەر جەستە و تەندروستیی، لەدڵی خۆمدا وتم: (نا... نابێت منیش وام بەسەربێت، ئەبێت لێرەنەمێنمەوە و خۆم رزگاربکەم لەچنگاڵی گۆستابۆی تورك، پێشئەوەی کاتەکە درەنگ ببێت.)

(ڕەشاد) ماوەی چل ڕۆژ لەدیاربەکر ئەشکەنجە درابوو، بەڵام پاسەوانێکی کورد بەزەیی پێداهاتبووە و بەهەموو توانا یارمەتی دابوو تا بەزیندوویی بێنێتەوە. لەژێر دەرگەی زیندانەکە و لەدرزەکانی بنمیچەکەوە قەراغە نانی بۆ فڕێنەدایە ژوورەوە. ڕۆژێك والی ئەچێت بۆ پشکنینی زیندانەکە و سەری ئەسوڕمێت لەو قیژە توندەی لەزیندانەکەوە گوێی لێئەبێت و داوائەکات ئەو کەسەی بۆ بهێنن کە ئاوا ئەقیژێنێت، ئەوانیش ڕەشاد ئەهێننە بەردەمی کەبەشێوەیەکی ترسناك لاوازبووە وهەمووگیانی لەئەنجامی ئەشکەنجەی دڕندانە شین بۆتەوە.

ئەو ڕۆژە و لەبەردەمی پۆلیسی تورکدا بەقووڵی بیرم لەڕەشاد ئەکردەوە، چونکە بیانووی زۆرم هەبوو کە بترسم لەوەی ڕاپێچی تورکیام بکەن. ئەترسام مامەڵەیەکی لەو جۆرەم لەگەڵ بکەن، چونکە تەنیا تەمەنم ١٠ساڵبوو کە بەبێ ویستی خۆم تورکیام بەجێهێشت، بەڵام چۆن ئەتوانم خۆم ڕزگاربکەم؟.

هەستم ئەکرد پەتەکە وردە وردە لەدەوری گەردنم دێتەوەیەك. دوای شەنوکەوی هەموو ئەگەرەکانی بەردەمم و بیرکردنەوە، گەیشتمە تەنیا چارەسەری گونجاو، ئەویش ئەوەبوو لەکاتی ڕۆشتنی شەمەندەفەرەکەدا لەپەنجەرەکەوە خۆم فڕێدەمەخوارەوە.

گەنجێکی وەرزشکاربووم و ڕاهاتبووم لەسەر سواربوون و دابەزین لەترامواى لەکاتێکدا بەخێراییەکی زۆر ئەڕۆیشت، خۆشبەختانە ئەو ڕۆژەش جووتێك پێڵاوی نەرمی وەرزیشم لەپێدابوو. پلانەکەم هێنایە بەرچاوی خۆم کەبریتیبوو لە: (خۆم هەڵدەمە دەرەوە و بەقەراغی پەنجەرەکەدا خۆم شۆڕکەمەوە و هەردوو قاچم گیربکەم لەشەمەندەفەرەکە و پاشان بەهەموو هێزمەوە خۆم هەڵدەم بۆدواوە بۆئەوەی لەسەرقاچ خۆم بگرمەوە.) لەڕاستیدا ڕزگاربوونەکەم بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی بیرم لێکردبووەوە و بەخێراییەکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا.

دوای ئەوەی بڕیاری ڕاکردنمدا، دەستم خستە پشتمەوە بۆ پشکنینی پەنجەرەکە، هەرزوو دڵنیابووم لەوەی کە پەنجەرەکە دووتاکە و بەئاسانی بەلای ڕاست یان چەپدا دەکرێتەوە، ئەم دۆزینەوەیە شادمانی کردم و سوورتربووم لەسەر خۆرزگارکردن.

بەهێمنی تاکێکی پەنجەرەکەم ڕاکێشاو بەنیوەکراوەیی بەجێمهێشت، لەبەرئەوەی ناو فارگۆنەکە تاریکبوو ئەم کارەم سەرنجی کەسی ڕانەکێشا، ئیتر ئەبوو ڕێگەیەك بدۆزمەوە بۆ چەند چرکەیەك دووسەربازەکە سەرگەرم بکەم، بۆیە بەبیرمدا هات قوربانیی بەچەرخەکەم بدەم. ئاماژەم بۆ پۆستەچییەکە کرد و پێم وت:

-(ئەوە ڕام گۆڕی و ئامادەم چەرخەکەت پێبفرۆشم.)

ئەویش بەناباوەڕییەوە وەڵامی دامەوە:

-(گاڵتە ئەکەیت!)

-(نەوەڵا، ها ئەوە چەرخەکە)

پۆستەچییەکە چەرخەکەی وەرگرت و بەتامەزرۆییەکی ئاشکراوە پرسی:

-بەچەند؟

پێم وت:

-(ئەزانم زۆر حەزئەکەیت ببیتە خاوەنی ئەم چەرخە و ئامادەشیت چەند داوابکەم بمدەیتێ، بەڵام من نامەوێت هەلەکە بقۆزمەوە، لەفارگۆنەکەی تەنیشتمان ژمارەیەك خەڵکی سووری لێیە و بێگومان ئەوان ئەزانن چەند ئەهێنێت، بڕۆ لێیان بپرسە چەرخێکی ئاوا بایی چەندە ئەوان هەرچەندێکیان وت و لەوەش کەمتر ئەدەمێ.)

بۆئەوەی بچێت بۆ فارگۆنەکە، ئەبوو بەبەردەم دووپاسەوانەکەدا بەڕێڕەوەکەدا بڕوات، منیش ئەوساتەم دەستنیشان کردبوو بۆئەوەی لەشەمەندەفەرەکەوە خۆم هەڵدەمەخوارەوە، بەڵام عەقڵی ناوەوەم بڕیاری شتێکی تریدا.

دوای چەند رۆژێك جۆرج بۆی گێڕامـەوە کـە پەنجەرەکـەم کردۆتـەوە و بەسـەردا خـۆم هەڵداوەتـە دەرەوە وەك ئـەوەی خـۆم هەڵدەمـە نـاو مەلەوانگـە یـان دەریـاوە، خێرایـی دەستپێـشکەرییەکەم بـەلای دووسـەربازەکەوە زۆر کتوپڕبـوو و بەپەلـە بـەرەو دەرگـای فارگۆنەکە هاتن بۆ گرتنم، لەتاریکییەکەدا یەکێکیان هەوڵیدا کوێرانە تەقـە بکـات، بـەڵام ئەویتریان دەستی گرت و وتی:

- (وازی لێبهێنە،خوا ئەیکوژێت.)

منیش کەبەسەر سەرودەستمدا کەوتم،بەشێوەیەکی شێتانە رامنەکرد بـۆ دوورکەوتنـەوە لەشەمەندەفەرەکە کەبەخێرایی ٨٠ کم لەسـەعاتێکدا ئەڕۆیـشت و وەسـتا و گەڕایـەوە بـۆ شـوێنی رووداوەکـە. لـەوێوە لەبـەر روونـاکی بڕۆجیکتۆرەکانـدا پـۆلیس و ژەندرمـە و سەربازەکانی تورك دوامکەوتن. کارەکەشـیان بـەوە ئاسانبوو کەلـەکاتی خۆهەڵدانەکـەدا کاتژمێرەکەم لێکەوتبوو، لەو ماوەیەدا من لەشوێنەکە دوورکەوتمـەوە، لـەکاتی راکردنـە شێتانەکەمدا لەپڕدا هاتە خەیاڵم کە گوێم لەدەنگە دەنگـە و پێـشموابوو سـێبەری خـەڵکم بینـی، بۆیـە بەنائاگاییـەوە بەدەمـدا خـۆم فڕێدایـە پـەنا تەپۆلکـە کایەکـەوە، کاتێـك ئارامبوومەوە،هەستامەوەو بەنائاگاییەوە کەوتمەڕێ.

دوای ماوەیـەك هۆشـم کەوتـەوەکار، بـەڵام بەشـێوەیەکی زۆر ناهاوسـەنگ، چـونکە نەمئەزانی لەکوێم، بۆ بەم شەوە بارانابوییە ئەسوڕێمەوە؟ لەکاتێکدا من ئـا لـەم سـەعاتەدا لەجێیەکی گەرم و نەرمدا ئەخەوتم.

لەبەرخۆمەوە ئەمپرسی:

- (ئایا راستە من لەشەمەندەفەرێکدابووم و تورکـەکان لەفارگۆنێکـدا دەستبەسـەریان کردووم و منیش رامکردووە و لەپەنجەرەکەوە خۆمهەڵداوەتە خوارەوە؟ بـەڵام مـن لـەکوێم؟ ئایا لەناو سوریام یان تورکیا؟و لەکام ناوچەی ئەو دوو وڵاتەدام؟)

بەدەم ئەم پرسیارانەوە ڕێگەیەکم دۆزییەوە و گرتمەبەر.ئەو بارانێکی نەرمی پاییزیی شەوەکەی سازگارئەکرد بەبێ ئەوەی زۆر تەڕم بکات، بەڵام یارمەتیدام بۆئەوەی بێمەوە هۆش خۆم. دوای چەند خولەکێك کۆمەڵێك خانوو و درەختم بینی: بێگومان من لەگوند یا شارێك نزیك ئەبمەوە بەڵام ئاخۆ کوێ بێت؟

دڵنیانەبووم کە لەناو سوریادام و ئەترسام وانەبێت. بەڵام نەوەستام، لەپڕێکدا کەسێك بەزمانی عەرەبی هاواریکرد:

-(ئەوە کێیە؟)

وەڵامم دایەوە:

-(خۆمانین)

-(باشە، ئەتوانیت بپەڕیتەوە.)

لەوێوە تێگەیشتم کە لەناو سوریادام و ئەو شارەش شاری (عامودا)یە کە نزیکەی ۳۰کم لەقامیشلییەوە دوورە. کاتێك چوومە ناو ماڵەکانەوە دڵنیابووم شاری عامودایە، شارێکی بچووکی کوردییە و ژمارەیەکی زۆر ناسیاو و هاوڕێی تیایە، لەهەمووشیان چاکتر خێزانی (شێخ موس) کە بەپاکیی و نیشتمانپەروەرێتی راستگۆیانە ناسراون، ئەمزانی ماڵیان لەکوێیە، بەڵام لەوساتەدا هێشتا تەواو نەهاتبوومەوە هۆش خۆم، بۆیە لەرێبوارێکم پرسی کە ماڵەکەیانم پیشان بدات.

ئەویش بەلایەوە سەیربوو کە لەودرەنگ وەختەدا بەشەقامەکانی عامودادا ئەسوڕێمەوە و لێی پرسیم:

-(چیت بەسەرهاتووە؟ لەوەئەچێت کەسێك لێیدابیت؟ دەی...دوایی بۆمانبگێڕەوە چیت لێبەسەرهاتووە.)

دەرگاکە داخرابوو و ماڵەکەش بێدەنگبوو، بۆیە چەندین جار لەدەرگامانەدا و بەدەنگی بەرز بانگمانکردن، سەرەنجام محەمەد عەلی دەرگاکەی بۆ کردینەوە، کاتێك بینیمی لەتر

ئەدەم بەپەلە بردمی بۆ هۆڵی میوان و جێگەیەکی بۆڕاخستم. کە پاڵکەوتم هەوڵمدا بەپێی توانا ڕووداوەکەیان بۆ بگێڕمەوە، بەڵام دیاربوو کەوتنەکەم زۆرتوندبووە، بۆیە هەرزوو تام لێهات و کەوتمە قسە وەك ئەوەی وڕێنەبکەم:

-(تورکەکان شادمان بوون کە منیان بینی لەبەردەستی خۆیاندا، بەڵام نایەڵم داخی خۆیانم پێبڕێژن، ناتوانن لەناومانبەرن، بڕوام پێبکەن سەرەنجام بەسەریاندا سەرئەکەوین.)

بەو شێوەیە قسەکانم دەستپێکرد و وردە وردە بوو بە پرخەپرخ. بەرەبەیان دەنگەدەنگێکی بەهێز بێداری کردمەوە. لەهۆڵەکەدا نزیکەی ١٠ کەس لەهاوڕێیانی کورد و ئەرمەن کەکاکیشمیان لەگەڵ بوو کۆبووبوونەوە تا دڵنیابن من هێشتا زیندووم و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە باوەشیان پیاکردم. ئێستاش هەروەك ئەوەی دوێنێ ڕوویدابێت، دێتەوە یادم کە چۆن کاکم و خاوەنە ئەرمەنەکەی چێشتخانەی "کەربیس" وەك منداڵ فرمێسکی گەرمیان ئەڕشت و پشتیان تێئەکردم بۆ شاردنەوە و سڕینی فرمێسکەکانیان ، بۆیە پێموتن:

-(پێویست بەگریان ناکات وەك ئەبینن تەندروستیم باشە.) لەگەڵ ئەو وشانەدا لەسەرجێگەکە هەستام، بەڵام قاچم لەگەڵم نەهات و کەوتمە سەرجێگەکە. کاکم لەشمی پشکنی بۆئەوەی دڵنیابێت کە هیچ کوێم نەشکاوە. قوڕ سەر و دەستی داپۆشیبووم و مشت و پەنجەکانم زۆر ئازاریان ئەدام، بەڵام هیچ شکاویی و لەجێچوونێکم نەبوو، تەنیا جەستەم کوترابوو. ئەو هاوڕێیانەی لەدەورمبوون پێیانوابوو کە ڕاکردنەکەم بەم شێوەیە، لەبەخشندەیی خواوەبووە و "کەربیس" بەڵێنیدا بەو بۆنەیەوە قوربانیی بکات، هەر بەڕاستیش بەو بۆنەیەوە دووبەرخی برژاند. خۆرهەڵهات و ئەبوو بگەڕێینەوە بۆ قامیشلی، هەرچەندە ڕووداوەکە شەو ڕوویدابوو کەچی کۆمەڵێکی زۆر خەڵك لەبەر ماڵەکەماندا کۆبووبوونەوە و بۆ دڵنیابوون لەبێوەیی من.

ماوەیەکی کەم دوای راکردنەکەم تورکەکان بەدەسەلاتدارانی فرەنسی و ئینگلیزیان لەقامیشلی وتبوو کە سیخوڕێکی ترسناکی ئەڵمانی شەو لەشەمەندەفەر خۆی هەڵداوەتەخوارەوە و ئێستا لەسەرخاکی سووریایە و پێویستە سنوور دابخرێت بۆ ئەوەی دەستگیربکرێت پێشئەوەی کارێکی تێکدەرانە ئەنجام بدات.

دوای دووڕۆژ پیاوانی ئاسایشی فرەنسی و ئینگلیزی هاتن تا لەبارەی ئەو رووداوەوە لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکەن، دوایئەوەی بەسەرهاتەکەم بۆگێڕانەوە دەستیانکرد بەپێکەنین و بەڵێنیاندا یاداشتێکی نارەزایی ئاراستەی دەسەلاتدارانی تورکیا بکەن سەبارەت بە(پێشێلکردنی مافی رێبوارانی خەڵکی سوریا)و بەڵێنیشیاندا هەوڵ بدەن بۆ گەڕاندنەوەی جانتاکاکانم کە هەرگیز چاوم پێیان نەکەوتەوە.

سەبارەت بەجۆرج ئەزمیرلی هاوسەفەریشم کە هیچ پەیوەندییەکی نەبوو بەبزووتنەوەی نیشتمانی کوردەوە، راپێچی ماردینیان کردبوو و سێ رۆژ خستبوویانە زیندانەوە و پاشان ناردیانەوە بۆ قامیشلی، دوایئەوەی ٥٠٠ لیرەی سووریان لێبەتالآن بردبوو.

بۆ ماوەی چەندین مانگ بەدرێژایی سنووری تورکیا لەپارێزگای ئەلجەزیرە،خەلك لەدانیشتنەکانیاندا باسی راکردنەکەی منیان ئەکرد.

لەپاییزی ١٩٤٢دا دەستمدایە کشتوکاڵ بەمەبەستی بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانم لەگەڵ خەڵکی کورد و لەهەمانکاتدا دابینکردنی بژێوی خۆم. تا ساڵی ١٩٤٠ زەوییە کشتوکاڵییەکان نرخێکی گەورەیان نەبوو و ئەتوانرا، بەمەرجی زۆرباش وەربگیرێت. لەلای خۆشییەوە نوسینگەی دانەوێڵە لەسوریا کەدەسەلاتی ئینتدابی فرەنسی و ئینگلیز دایانمەزراندبوو وبەرێوەیان ئەبرد، تۆوی برنجی هاوردەی میسریان بەجووتیارەکان ئەفرۆشت و توانیبووشیان سەرمایە و زەوی بەراوی بەکەڵك بۆ چاندنی برنج (مەرمزە) پەیدا بکەن.

یەکێك لەسەرمایەدارەکانی لوبنان کەناوی (سەید خەباز)بوو، بەرێوەبەری بانکی سوری- لوبنانی بوو لەقامیشلی، سەرمایەیەکی گەورەی هەبوو و بەشێکی فراوانی

زەوییەکانی جزیرەی وەبەرئەهێنا و کۆمپانیاکەی بەناوی (شای برنجی جەزیرە)زۆر سەرکەوتووبوو.

کاتێك خۆم ئامادەئەکرد بۆ چاندنی زەوییەکانمان لە(جالوساکان)،سەید خەباز پێشنیازی کرد بەهاوبەشیی بیچێنێن، ئەشیویست بەتوانای دارایی زۆر و کارگوزارە پسپۆڕەکانییەوە کارم تێبکات، بەڵام پێشنیازەکەیم ڕەتکردەوە، چونکە پێشتر لەگەڵ جووتیارە کوردەکان ڕێکەوتبووم و زەوی و ئاو و تۆوم خستبووە بەردەستیان بەومەرجەی هەمووکارەکان ئەنجام بدەن و بەرامبەر بەوە داهاتەکەی بەنیوەیی بەشبکەین، کارەکەیان سەختبوو و چەند هەفتەیەکی ئەخایاند و ئەبوایە جۆگە هەڵبەستن و قەراغی زەوییەکە هەڵبدەنەوە بۆ ئەوەی وەك گۆمی گەورەی لێبێت و پڕبێت لەئاو و شەتڵەکان داپۆشێت.

ئەم چالاکییە بوارێکی فراوانی ڕەخساند تا هاموشۆی گوندەکان بکەم و بەشداری گفتوگۆ سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئایینیی و ئەدەبییەکان بکەم لەگەڵ جووتیارانی کورد و کاربەدەستانی فەرەنسی و ئینگلیز و هەوڵی زۆرم ئەدا تا بایەخیان بەلای مەسەلەی کورددا رابکێشم.

لەساڵی ١٩٤٣وە سەرتاپای قوچەکی دەسەڵاتی فەرەنسی و ئینگلیزی لەسەرەوە بۆ خوارەوە هەندێك قایلبوونیان دەربڕی لەهەموو بوارەکاندا بەرامبەر بەگەلی کورد. لەسوریا ئەم هاوسۆزییە بەشێوەی سەردانی کەسانی سیاسیی و پیاوماقوڵی کورد بەرجەستەبوو،هاوسۆزییەکە ئاشکرابوو بەتایبەت لەعێراق کە لەساڵی ١٩١٩ەوە لەلایەن ئینگلیزەوە داگیرکرابوو، لەساڵی (١٩٣٤)یشەوە هەردووبرا "ئەحمەد و مستەفا بارزانی" وبەشێکی زۆری خێڵەکەیان ڕاگوێزرابوون بۆ بەسرە،لەوێش لەئۆردوگای زۆرەملێدا دانرابوون و پاشماوەی خێزان و خێڵەکەشیان لەسەرتاسەری عێراقدا پەرشوبڵاو کرابوونەوە،و ئینگلیزەکان ناوچەی بارزانیان وەك ناوچەی قەدەغە ڕاگەیاندبوو، ساڵی ١٩٤٢ بارزانییەکان لەبەسرەوە گواسترانەوە بۆ سلێمانی کە ناوەندی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردبوو

نەعێراق و لەو دەمەشـدا ڕێکخراوێکـی سیاسـیی لەشـارەکەدا دامـەزرا بـەناوی (هیـوا) کەچالاکییەکانی بۆ سەرتاسەری کوردستان فراوان کرد. کادر و ئەندامانی هیوا، بریتیبـوون نـەجووتیاران و خوێنـدکاران و ڕووناکبیران، سـەرەڕای دەرەبەگـەکان و ئـەو ئەفـسەرانەی لەریزەکانی سوپای عێراقدا بوون.

چـالاکیە نهێنییـەکانیان بەرهەمەکـەی ئـەوەبوو کـە لەسـاڵی١٩٤٣دا و بەیارمـەتی سەرکردایەتی هیوا، مستەفا بارزانی و هەنـدێك لـەپیاوەکانی توانیـان ڕابکـەن و بگەنـەوە ناوچەی بـارزان و تـەنیا ماوەیـەکی کـەمی پێویـستبوو تاسـەدان کـەس لەجـەنگاوەرانی خێڵەکـەی لـەدەوری کۆببنـەوە و ئـیتر کەوتـە پـەلاماردانی چـەندین بنکـەی پـۆلیس لەناوچـەکەدا، و بـەدیل ئـەیگرتن و بەئاسـانیی چـەکی ئـەکردن، کـاتێکیش هەسـتیکرد بەهێزبووە، لیستێکی داواکارییەکانی پێشکەش کرد.

لەو ماوەیەدا ئەڵمانیا بـەهێز و سـەرکەوتووبوو لەمەیدانـەکانی جەنگـدا و بریتانیـاش چاوپۆشی ئەکرد لەپەیوەندی بازرگانی و نوێ و پتەوی نێوان ئـەڵمانیا و تورکیـا، تەنانـەت خۆشی لەوەبێدەنگ کردبوو کەتورکیا مـاددەی خـاوی پێویـست بـۆ پیـشەسازیی جـەنگ ئەدات بەئەڵمانیا. ئینگلتەرە چاوەڕێبوو تا (فەرماخت) لەیـەکێتی سـۆڤییەت و بـاکووری ئەفریکا شکستی هێنا ئینجا تورکیای ناچارکرد ناردنی کرۆم بۆ ئەڵمانیا ڕابگرێت.

کاتێـك ئینگلتـەرە لـەوە دڵنیـابوو کـەتورکیا بایـەخ بەڕەخنـەکانی نادات،بیرۆکـەی ڕاپەڕینێکی کـوردی قبـوڵ کـرد و ئـەمجارە نەچـووە نـاوەوە تابـەهێزە تایبەتـەکانی خـۆی سەرکوتی بکات و لێگەڕا بەغداد خۆی کێشەکە چارەسەر بکـات و دژی ڕاپـەڕیوانی کـورد بجەنگێت، لەولاشەوە بەیارمەتی ڕێکخراوی هیوا، بـارزانی سـوپای عێراقـی تێکـشکاند و بەرەو هەولێر ڕۆیشت، بۆیە بەپەلە نووری سـەعید کەئـەو کـات وەزیـری یەکـەم(سـەرەك وەزیران)ی عێراق بـوو داوای ئاگربەسـتی کـرد و بـارزانی بانگهێـشتکرد بـۆ بەغـداد بـۆ پێـشکەشکردنی داواکارییـەکانی. بـارزانی بەهاوڕێیـەتی وەفـدێك چـووە بەغـداد، لـەوێ

دانپیانانی حکومەتی عێراقی بۆ مافە رووناکبیریی و ئیدارییەکانی کوردستانی عێراقی بەدەستهێنا. لەرێگەی گەرانەوەی بەهەولێر و کەرکوکدا بارزانی لەلایەن کوردەکانەوە وەك رزگارکەری کوردستان پێشوازی لێکرا. هەر لەوساتەوە حەزم ئەکرد بچم بۆ عێراق بۆ دیداری بارزانی و لێپرسراوانی هیوا، بەلاّم سەرەرای دەستێوەردانی بەرپرسێکی ئینگلیزیش، کەچی لێپرسراوانی ئینگلیز لەقامیشلی زۆربەتوندی ئەوەیان رەتکردەوە فیزای چوونەناو عێراقم بدەنێ.

لەو ماوەیەدا یەکێك لەئەندامانی کاریگەری هیوام ناسی کە ئەوکاتە لەبەشی کیمیای زانکۆی ئەمێریکایی لەبەیروت ئەیخوێند و جارجار بۆ هەندێك ئیشوکار ئەهات بۆ قامیشلی. لەیەکێك لەسەردانەکانیدا نیازەکەی خۆمم پێوت، ئەویش ئامادەیی دەربری لەرۆژێکدا کە ئەو دیاریئەکات لەسەر سنووری عێراق و سوریا ببینێت و ببات بۆلای بارزانی.

چەند مانگێك تێپەری و من بێئومێدبووبووم، کەهەندێك هاورێی نیشتەجێی سنووری عێراقم هاتن و پێیان راگەیاندم کە(ئامێدی) لەمالّی ئەوان چاوەروانمە، تاببات بۆلای بەرپرسانی کورد لەعێراق.

منیش یەکسەر بەسواری ماتۆرە (جاوا) کەم بووم و دوای چەند سەعاتێك لای ئەو بووم.

عێراق و لوبنان

- دوومانگ لەزیندانەکانی موسڵ و بەغداد

- مانگرتن لەخواردن

- ژیان لەزیندانەکانی عێراقدا

- لەبەندینخانەی عەمارە

- لەناو گیراوانی کورد و عەرەب و ئەورووپییدا

- دۆخی بارزانی و کوردەکان لەسایەی ئینتدابی ئینگلیزیدا

- خوێندن لەبەیروت و کردنەوەی قوتابخانەیەکی شەوانە

- پەنابەرانی کورد لەلوبنان

لـەمانگی تـەموزی ١٩٤٤دا بـووین، لەوسـاڵەدا چـەندین تـەن بـرنجم چـاندبوو و بەتامەزرۆییەوە چاوەڕێی دروێنەبووم، کاتێك هاوڕێکەم لەموسـڵەوە هـات تابەبـات بـۆلای بارزانی و سەرکردایەتی هیوا. بێئەوەی یەك چرکە دوودڵبم و بواریشم هەبێت راوێـژ بـەکاکم و ئەوهاوڕێ کوردانەم بکەم کـە شانبەشـانی مـن تێئەکۆشـان، سـەبارەت بـەپرۆژەی ئـەم گەشتە. باوەڕی تەواوم بەئامێدی هەبوو.

رۆژی دوایی پێش بەرەبەیان رێگەیەکمان گرتەبەر بـۆ گەیـشتنە خـاکی عێـراق و دوای دووسـەعات، رووبـەڕوو تووشـی دووپـۆلیس بـووین. کەلەپـشت گردێکـەوە دیارنـەمان و وایانئەزانی ئێمە دووکەسی ئەڵمانین وبەموعجیزە لەوشوێنە دانیشتووین.

بەئامێدیم وت:

-(هەسـتیان بـەبوونمان کـرد و بەمزووانـە بـەهێزێکی گـەورەوە ئەگەڕێنـەوە بـۆ دەستگیرکردنمان. با پێشئەوە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سوریا.)

وەڵامی دامەوە:

-(بەڵام... نا..ناگەینـە سـنوور... ئـەوانیش بەدوامانـەوە ئـەبن و کاتێـك کەئـەزانن رامانکردووە تەقەمان لێئەکەن، بۆیە باشتروایە لەسەر رۆیشتنی خۆمـان بـەردەوامبین، وەك خەڵکی ناوچەکە.)

-(گەر قسەمان لەگـەڵ بکردنایـە ئـەمانتوانی شـتێك بکـەین. بـەڵام تـازە هیـچمان پێناکرێت.)

ئامێدی دڵنیای کردمەوە و وتی:

-(گرىمان دەستگیركراین، زۆر لەزیندانـدا نامێنینـەوە، دڵنیابـە بـارزانی دواناكـەوێت لەدەستێوەردان و داواكاریی ئازادكردنمان.)

من وەك ئامێدی گەشبین نەبووم، بەڵام نەمئەتوانی جێی بهێڵم و بگەڕێمەوە بۆ سوریا.

دوای سـەعاتێك، ١٠ پۆلیسـی سـوارە دەوریانـداین، تفەنگـەكانیان رووتێكـردین و فـەرمانیان پێكـردین بوەسـتین و دەسـت بەرزبكەینـەوە. یـەكێك لەپۆلیسـەكان سـەربەند (عەریف)بوو، سەیری ناسنامەكانمانی كرد، بەڵام نـەبڕوای بەناسـنامە سـوریـیەكەی مـن و نەناسنامە عێراقییەكەی هاوڕێكەم كرد و هەردووكیانی خستەگیرفانییەوە و كەلەبـچەیەكی لەپشتێنەكەی دەرهێناو كردیەدەستی راستی من و دەستی چـەپی هاوڕێكـەم. پۆلیسـەكان دەوریانگرتین و دە كیلۆمەترێك رۆیشتین تا گەیشتینە مەخفەرەكە.

عەریفەكە كەوتە پرسیاریاران كردنمان:

-(ئێوە كێن؟ چی ئەكەن لەم ناوچەیەدا؟ هاوڕێكانتـان كـێن؟ مـەرامی راسـتەقینەتان چییە؟)

ئامێدی وەڵامی دایەوە، كەئەو عێراقییە و مامۆستای كیمیایە لەدواناوەندیی موسـڵ، ئێمەش دووهاوڕێی نزیكین ولەبـەیروت یـەكتریمان ناسـیووە و ئـەو هـاتووە بۆئـەوەی مـن بانگهێشت بكات بۆ سەردانی عێراق.

كاتێكیش پرسیاری پاسپۆرتەكەی كرد، وەڵامدایەوە كە پەیوەندی نێوان سوریا و عێـراق باشە و سەردانەكەم بۆ عێراق زۆر كورت ئەبێت.

دوای گوێگرتن لەئیفادەكەمان، عەریفەكە چووە ژوورەكەی خۆی و دەرگاكەی داخست.

لەگەڵ سەرووخۆی بەتەلەفۆن قسەی ئەكرد و داوای رێنمایی لێئەكردن. بـەدەنگی بـەرز قسەی ئەكرد و گوێمان لەهەموو قـسەكانی بـوو، بۆیـە زانیمـان كـە شـەو لەمەخفەرەكـە بەسەردەبەین و سبەینێ ئەمانگێڕنەوە بۆ "جفتیك" كە گوندێكی كوردییە لەسەر رووبـاری دیجلـەو لـەوێوە ئەمانبـەن بـۆ تەلەعفـەر كـە شـارێكی توركمانـە و ٦٠ كـم لەباشـووری

ڕۆژهەڵاتی موسڵەوەیە، وقۆناغی یەکەم بەوڵاخ ئەبڕین، بەڵام قۆناغی دووەم، بـەئۆتۆمبیلی پۆلیس ئەمانبەن.

کاتێك عەریفەکە تەلەفۆنەکەی تەواوکرد، بردینی بۆ حەوشەی مەخفەرەکە و کۆتەکـەی لەدەستمان کردەوە و شریفە کایەکی پیشاندایـن کە لەسەری بخەوین و حەسـیرێك کەبیـدەین بەخۆماندا. هێندە شەکەت بووین پێویستمان بەوەنەبوو تکامان لێبکات.

جووتیارێکی کوردی خەڵکی ناوچەکە کاری پاککردنەوەی مەخفەرەکە و خزمـەتکردنی پۆلیسەکان و وڵاخەکانیان ئەنجام ئەدا. کاتێك زانی ئێمە کوردین بایەخی پێداین و وتی:

-(لەهیچ مەترسن، کەس ناوێرێت ئازارتان بدات.)

ئێوارە ساوەر و چاو ماسـتیان داینـێ و دووبـەتانی خوریـان داینـێ بـۆ ئـەوەی شـەو لەحەوشەکە بەسەربەرین. بۆ ڕۆژی دوایی بەیانی زوو دوای بەرچـاییەکی سـادە پۆلیـسەکان ئەسپێکیان داینێ و لەژێرچاودێری خۆیاندا ڕێگەی موسڵمان گرتەبەر.

نزیکەی نیوەڕۆ گەیشتینە جفتیك کەنەمەخفەر و نەچێـشتخانە و تەنانـەت چایخانەشـی تیانەبوو.

عەریفەکە بردینی بۆ ماڵی ئاغای گوندەکە، کەوەك هەموو ئاغاکانی تر پێشوازیی لـەو ڕێبوارانە ئەکرد کە لەدەرگای ماڵەکەی ئەدەن و سەردانی ئەکـەن، ئەرکـەکانی میوانـداریی جێبەجێکرد. کوڕەکەی هەستێکی نیـشتمانپەروەرانەی باشـی هـەبوو، وخوێنـدکاربوو لای ئامێدی، هەر ئەویش هانیدابوو من لەسوریاوە بهێنێـت و بـەڵێنی پێـدابوو بمبـات بـۆلای بارزانی، بەڵام ئەو ڕۆژە کاتێك بینی ئێمە گیراوین و بەدەست پۆلیـسەوەین،خۆی واپیـشاندا کەئامێدی ناناسێت و لەناو خزمەتکارەکانیدا خۆی شاردەوە کەخەریکی هێنانی خـواردن و سەروکارکردنی ئەسـپەکان بـوون. لـەوێوە ڕۆیـشتین بـەرەو تەلەعفـەر و شـەو گەیـشتین و لەمەخفەرێکدا خەوتین. ڕۆژی دوایی بەئۆتۆمبیلێکی پۆلیس بردیانین بۆ موسڵ، لـەوێوە بـۆ دادگـە. دوای لێکۆڵینەوەیـەکی کـورت دادوەرەکـە بڕیـاری گرتنمانیـدا و یاداشتێکیـشی دەرکرد بۆ پشکنینی ماڵی هاوڕێ عێراقییەکەم.

من لەژوورێکدا گیرابووم کەلەدەرەوە بەکلیل داخرابوو، لەوکاتەشدا راوێژکاری دادوەر بەهاوڕێیەتی دووپۆلیس ماڵی ئامێدی هاوڕێمی ئەپشکنی. دووشەو و دووڕۆژ لەگەنجینەی راوێژکاریی گشتیی پۆلیسی موسڵدا بەندبووین، هەر لەوێش کۆمەڵێك جەنگاوەری بارزانیمان بینی کە لەکاتی پاسەوانی خاڵێکی سەرڕێی ناوچە کوردییەکاندا،لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە گیرابوون. ئەوان پێیان وتین دوای ئەوەی تورکیا رازیبووە کرۆم نەنێرێ بۆ ئەڵمانیا، ئینگلترە سیاسەتی خۆی بەرامبەر بەکورد و بارزانی گۆڕیوە و دەستیکردووە بەئامادەکردنی سوپای عێراق بۆ هێرشکردنە سەریان. ئەوەشیان پێوتین کە:

-(سبەینێ شەڕهەڵئاگیرسێ، بەڵام دڵنیاین کە لەمڕۆوە تاساڵێکی تر ئینگلترە هێزێکی گەورە لەدژمان کۆئەکاتەوە.)

لەدڵی خۆمدا وتم، گەر ئەمە رووبدات ئەوا کوردەکانی عێراق هەلێکی باشی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی عێراقدا لەدەست ئەدەن و ئەکەونە دۆخێکی ترسناکەوە،بێگومان مانەوەی ئێمەش لەزیندانەکانی عێراق درێژە ئەکێشێت.

سێهەم رۆژی گەیشتنمان بۆموسڵ، بردیانینە زیندانی ناوەندیی شارەکە و لەقاوشێکدا دایاننایین کە تایبەت بوو بەتۆمەتباران و حوکمدراوان. ئەبوو شەوێك یان دووان لەڕاڕەوێکی تەسکدا بەسەربەرین کەقاوشی حکومدراوان بە مەرگ و زیندانییە ترسناکەکان بەسەریدا ئەیڕوانی.

لەیەکێك لەقاوشەکاندا شێتێکی بەهەیکەلی تیادابوو کە بەردەوام ئەیقیژاند، جارێك ئەیوت، "مەلیك فەیسەڵە، جارێکیتر ئەیوت، کۆلۆن وێڵسنە یان جۆرجی پێنجەمە" و داوای ئەکرد بیناسنەوە و رێزی شایانی پۆستەکەی خۆی لێبگرن.

بەڵام کاتێك بۆی دەرئەکەوت کەئەوان نییە و لەزینداندایە، دەستی ئەکرد بەجنێودان و هاوار و هەرچییەکی بەردەستبکەوتایە، ئەیگرتە پاسەوانەکان و ئەو گیراوانەی لەڕاڕەوەکەدا خەوتبوون. کەهیچیشی دەستنەئەکەوت بیهاوێت، پیسایی ئەکرد و هەردوودەستی

لێپرژنەکرد و هەڵێنەدایە خوارەوە. بەرێکەوت ئەوشەوە مـن و ئامێـدی لـەنزیك دەرگاکـە خەوتبووین وتەنیا ئێمە کەوتبووینەژێر رەحمەتی شتەکانییەوە. سێ پاسەوان چـوونە ژوورەوە و لێدانێکی چاکیان لێدا تا کەوتەسەر زەوی، بەدەم نووزە نووزەوە، بەڵام ئێمە تا بەرەبـەیان خەومان لێنەکەوت. رۆژی یەکەمان لەزینـدانی ناوەنـدیی بـەوەرگرتنی پەنجـەمۆر و کـاری ئیداریی ترەوە بەسەربرد، دەسـتیان گرت بەسەر پارەکانماندا و سـەریان تاشـین و خـستیانینە زیندانێکی تایبەت بەتورکمانی خەڵکی ناوچـەکەو ناچاریـشیانکردین لەسـەرئەو بەتانیانـە بخەوین کە لەسەر زەوییەکە راخرابوون.

شەوی یەکەم ئەسپێ هێرشی بۆ هێنام و ناچاربووم تا بەیانی خـۆم بخـورێنم و نـەمتوانی بخەوم، لەگەڵ خۆرهەڵاتندا کراسەکەمم داکەند تەماشانەکەم سەدان ئەسپێ لەسەرکراسـەکەم ریزیان بەستووە.

-(چۆن ئەتوانن بەم شـێوەیە زیادبکـەن؟تۆ بڵێـی نـەیانکوژن؟ یـان شـەو لەئاسمانـەوە دێنەخوارەوە ؟)

لەرۆژی ئەم دۆزینەوەیەمەوە کاری سەرەکیم لەزیندانی ناوەندیی موسڵ، بـوو بەئەسـپێ کوشتن، کەئەخستنە بـەینی دوو نینۆکمـەوە و دەسـتم پیائـەنان، دەنگـی فلیقانەوەکـەیان ئـەبووە مایـەی شـادیم وەك ئـەوەی بـەمکارە دوژمنـە راسـتەقینەکانی گـەلی کـورد بفلیقێنمەوە، ئەوانەی تائێستاشی لەگەڵ بێت تووشی نەهامەتیان کـردووم. هەنـدێکجاریش هەستم ئەکرد سەری ئەو یاساوڵە تاوانبارانە پـان ئەکەمـەوە کـە بێبەزەییانـە و بـێ هـیچ هۆیەك ئەو خەڵکە بێتاوانەیان ئەشکەنجەئەدا، کەرێکەوت و زوڵمی کۆمەڵایەتیی ئەیخـستنە بەردەستیان. لەو بەندیخانە تازەیـەدا هێنـدەم ئەسـپێ کوشـتبوو کـە هـەموو نینۆکـەکانم سوورهەڵگەرابوون.

بەشی تایبـەت بەحوکمـدراوانی بەندینخانەکـە کارگەیـەکی چـنین و دارتاشـخانەیەکی تیابوو، کە سەدان بەندی، رۆژێکی تـەواو ئیـشیان تیائـەکرد لـەپێناو دوو دینـار موچـەی مانگانەدا.

راستە، ئەو ماوەیە لەعێراق موچە زۆر کەمبوو و کاتێك کە لەیەکێك لەپۆلیسەکانمان پرسی، موچەکەی چەندە؟ دوای دوودڵییەك بەهێمنی وەڵامی داینەوە: (٥ دینارە). وتیشی: (موچەکەمان کەمە، بەڵام بەخشیش هەیە.)

کاتێك زۆرسەرمانکردەسەری و لێمانپرسی کە کۆی ئەوەی وەریئەگرێت چەندە؟ وەڵامی داینەوە: (نزیکەی ١٥ دینار).

پۆلیسەکان بێشەرمانە کەوتبوونە بەرتیل وەرگرتن کە داهاتێکی باشی بۆ دابین ئەکردن، بەڵام بەندییەکی جۆڵا یا دارتاش لەخوای ئەویست گەر مانگی دوو دینارەکەی دەستبکەوتایە.

١٠ رۆژی یەکەمان لەزیندانندا، ئەمن و نەشامێدی هیچ هەواڵێکمان لەدەرەوە پێنەگەیشت، تا رۆژی دوانزەهەم بەبڵندگۆ هاورێکەم بانگرا و توانی ماوەی ١٠ خولەك لەگەڵ خەزووری قسەبکات. بەمرۆمۆچی گەڕایەوە و وتی:

-(خەزوورم پێی وتم، هەندێك پارێزەری کورد لەموسڵ داوایان بردۆتە بەردەم دەسەڵاتی تایبەت بۆئەوەی لەبەردەم دادگەدا بەرگریمان لێبکەن، بەڵام دەسەڵاتداران رێیان نەداون بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیمان پێوەبکەن. ئەوەشی پێوتم، کە خەڵك لەدەرەوە نیگەرانی مەسەلەکەمانن و هەزار و یەك ئەگەر لەسەرچارەنوسمان تاووتوێ ئەکرێت.)

رۆژی پانزەهەم ئۆقرەم نەما و لەرێی بەرێوەبەری بەندیخانەوە داوام لەلێپرسراوانی دادوەری و ئیداریی کرد بمدەنە دادگەی تایبەت و گەر تاوانباربم بەپێی قانون سزام بدەن، گەر بێتاوانیش بم، داوائەکەم یەکسەر بمنێرنەوە بۆ سوریا.

هەوڵەکانم نەبوونە جێبایەخ، بۆیە بڕیارمدا مان لەخواردن بگرم. ماوەی ١٠ رۆژ دەمم بۆ خواردن نەبرد وتەنیا جارجارێك چەند قومێك ئاوی سادەم ئەخواردەوە. رۆژی دەیەم بەرێوەبەرێتی بەندیخانەکە فەرمانیپێدام هۆکارەکانی مانگرتنم لەخواردن روونبکەمەوە، پێیم وتن:

-(ئاسانه.. ئەوەتا من مانگێکە لێرە لەناو چواردیواری زینداندام و ئەسپێ پێستی دارنیووم و خواردنی خراپ ئەخۆم بێئەوەی بتوانم هیچ هەواڵێك یاسەردانێکی خێزانەکەم بەدەستبهێنم.

لەلایەنی قانوونییەوە هیچ کەسێك ناتوانێ تۆمەتبارم بکات بەشتێك، جگە لەوەی بێ پاسپۆرت سنوورم بڕیوە و بەپێی قانونەکانی خۆشتان ئەم تۆمەتە سزاکەی لەنێوان مانگێك زیندان و ٥ دینار غەرامەدایە. ئەمەوێت یەکسەر بدرێم بەدادگە، چونکە هیچ هۆیەك نابینم بۆ ئەوەی لەم زیندانەدا بهێڵرێمەوە.)

بەڕێوەبەری زیندانەکە کەسەری سوڕمابوو، بەتووڕەیی و سووربوونەکەم، پیاوێکی چوارشانەی لاجانگ سپی بوو و دووچاوی رەشی گەورەی هەبوو، لەسەر کورسییەکەی هەستا و بەسۆزێکی باوکانەوە ویستی ئارامم بکاتەوە:

-(بەڕاستی بەگەنجێتی خۆتدابێتەوە، لەسەر ئەم رێیە بەردەوامبیت یا ئەمریت یا تووشی نەخۆشییەکی بێچارەسەر ئەبیت، ئەزانم مافی خۆتە داوای جێبەجێکردنی قانونەکانی عێراق بکەیت سەبارەت بەوەی بەشێوەیەکی ناقانونیی هاتوویتە ناو وڵاتەکەمانەوە، گەر مەسەلەکە تەنها پەیوەندی بەئێمەوە بوایە ئەوا قانونەکەمان وەك خۆی جێبەجێ ئەکرد و ٥ دینارمان لێئەسەندیت و ئەمانناردیتەوە ئەوبەری سنوور، بەڵام بەداخەوە دەستێکی بەهێز شمشێرێکی تیژی لەسەر سەرمانەوە ڕاگرتووە، و تەنانەت وردەکارییەکانی ئیدارەکەشمان بەفەرمان پێئەڵێت. من دڵم بریندارئەبێت کاتێك بیر لەوەئەکەمەوە ئەو جەستە جوانەت لەبرسا ئەتلێتەوە.

بڕوام پێبکە بەلای کاربەدەستانی ئەم وڵاتەوە هیچ گرنگ نییە. بڕیاریانداوە بتگوێزنەوە بۆ بەغداد بۆئەوەی لەنزیکەوە لەدۆخەکەت بکۆڵنەوە، منیش کە بڕوات پێئەکەم هی ئەوەیە خۆم بەرەچەڵەك کوردم. بەڕاستیم پیاتایەتەوە و پێمخۆشە هەر ئێستا واز لەمانگرتنەکەت بهێنیت، بەمەرجێك لانیکەم بۆ دووڕۆژ جگە لەشیر هیچی تر نەخۆیت، و

چەندت پێویست بێت بۆت ئەهێنین، شیرەکە پارمەتیت ئەدات پێشئەوەی بتبەن بۆ بەغـداد بێیتەوە سەرخۆت. کەواتە بەقسەم ئەکەیت وانییە؟

لەژێر کاریگەریی ڕکوراستیی پێشنیازەکانیدا، بڕیارمـدا گوێڕایـەڵیی بکـەم. بـەپێی بەڵێنی بەڕێوەبەر شیرم بەبڕی پێویست و زیاتریش بۆ هێنرا.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢ی ئـاب پێیـان وتین،بەشـەمەندەفەری ئێـوارە ئـەماننێرن بـەرەو بەغدا. پاشنیوەڕۆ هەردوودەسـتی مـن و ئامێـدییان کەلەپـچەکرد ودووپۆلیـسی تفـەنگ بەدەست و عەریفێکیان لەگەڵ ناردین.

لەبەردەرگای بەندیخانەکەدا ژمارەیەکی زۆری کورد کۆببووبوونەوە و پۆلیس هەوڵی ئـەدا لێمان نزیك نەبنەوە. سەرەڕای ئەوەش توانیم لەناو خەلکەکەدا "مستەفا بـۆتی" بناسـمەوە کەڕۆژێکیان خوێندنگەیەکی کوردیی لەدێریك کردەوە بەرەزامەندی ئەلفۆنـسێی راوێـژکاری فەرەنسی، مستەفا بەدەستێکی فرمێسکەکانی چاوی ئەسـڕی و دەسـتەکەی تریـشی بـۆمن بەرزئەکردەوە و هێمای هانـدانی بۆئـەکردم. لەپڕێکـدا و لـەکاتی ڕۆیـشتماندا لەبەردەمـدا قوتببووەوە و خەمباربوو کەمنی ئەبینی دەسـتم لەکەلەبـچەدایە و نـاتوانم تەوقـەی لەگـەڵ بکەم و بیدوێنم.

هەموو ئەمانە حەوسەڵەیان پێ لەدەستدام و وەك منـداڵێکی بـچووك کەوتمـە گریـان و لەبەرئـەوەی فرمێـسکەکانم بەرچـاویان گرتبـووم و نەمئـەتوانی ببیـنم کـەمێك ڕۆیـشتنم خاوکردەوە، بۆیە پۆلیـسەکە زنجیری کەلەپـچەکەی بەتونـدی ڕاکێـشاو خـەریکبوو بکـەوم بەئەرزدا، بەوە هاتمەوە سەرخۆم و بەخێرایی کەوتینەوە ڕێ بێئەوەی ئاوڕبدەمەوە.

لەوێـستگەی شـەمەندەفەرەکە، بەپاسـەوانیی عـەریف و دووپۆلیـسەکە خـستیانینە فارگۆنێکی پلەدووەوە کە بەگشتیی بۆ پۆلیس تەرخان ئەکرێ، دوائەوەی شەمەندەفەرەکە لەموسڵ دوورکەوتەوە،سەر و جگەرەمان پێشکەشی پاسەوانەکان کـرد ودەرگـای قـسەمان

لەگەڵدا کردنەوە کە خەڵکی کوێن،ئایا شارەزای بەغدان،بەچەند سەعات ئەگەینە بەغدا، لەم وەرزەدا ئاووهەوای ئەوێ چۆنە؟ پاشماوەیەك عەریفەکە روویکردە پۆلیسەکان ووتی:

-(پێنەچێت ئەم بەندییانە خەڵکی خوێندەواربن و داخم لێدێت ئاوا بەکەلەبچەکراوی بێننەوە. ئەڵێم کەلەبچەکانیان بکەینەوە ئێوە ئەڵێن چی؟)

دووپۆلیسەکە وەڵامیان دایەوە:

-(بێگومان دووکەسی بەرێزن و نرخی راستەقینەی ئەم بایەخپێدانەمان ئەزانن!)

ئامێدی وەڵامی دایەوە:

-(بەدڵنیاییەوە.... نابێت هیچ گومانێکتان هەبێت لەم بارەیەوە.)

عەریفەکە کەلەبچەکانی کردینەوە و لەبەرامبەر ئەوەدا چاوەڕێی پاداشتێکی گونجاوبوو،ئامادەییشی پیشاندا بەدرێژایی رێگەکە خزمەتمان بکات.

ئامێدیش بۆئەوەی سوپاسی بکات نیودیناری لەگیرفانی دەرهێنا و خستییە دەستی عەریفەکەو پێی وت:

-(کە گەیشتینە بەغدا ئەوەندەی تریشتان ئەدەینێ.)

بەم شێوەیە سەفەرەکەمان بێ هەراسانکردن تێپەڕی و پاشنیوەڕۆی ٣ی ئاب گەیشتینە وێستگەی بەغدا. ئێمەش ئەو پاداشتە گونجاوەی بەڵێنمان پێدابوون کردمان بەگیرفانی عەریفەکەدا، بەڵام ئەمەش رێی لێنەگرتن کە کەلەبچەکە بکەنەوە دەستمان تاڵەشۆستەی وێستگەکە ئەپەڕینەوە. ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس راستەوخۆ بردینی بۆ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پۆلیس و لەوێشەوە بۆ بەشی تۆمەتبارانی بەندیخانەی ناوەندیی. خۆمان لەیەکێك لەگەورەترین بەندیخانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بینییەوە و سپاردیانین بەعەریفی بەرپرسی قاوشی تۆمەتبارانی نوێ.

عەریفەکە،کردینی بەحەوشەیەکی فراوانی قووڵدا کە سێ ژووری بۆ زیندانەوانەکان تێدا دروست کرابوو ویەکێکیان، کرابوو بەنووسینگە. هەریەکەمان دووبەتانی خووریمان وەرگرت،

بەندییەکانیش تۆزێ خۆیان کۆکردەوە تا لەژوورەکەدا جێمان بکەنەوە، بەتانییەکانمان لەسەر کۆنکرێتەکە ڕاخست. گەرما و ماندوویی شەکەتی کردبووین، بۆیە بێئەوەی گوێبدەینە ئەوهەمووکەسەی لەسەر زەوییەکە وەك ئێمە پالکەوتبوون، بۆخۆمان خەوتین.

سەعات ٥ی پاشنیوەڕۆ زەنگی کۆبوونەوە بۆ دابەشکردنی خواردنی ڕۆژانە لێدرا، کەپێکهاتبوو لەنانێك و قاپێك خورما و ئەبوایە بۆ وەرگرتنی لەڕیزێکی ڕێکوپێکدا راوەستین، بەڵام ئەو گیراوانەی ملکەچی ئەم سیستەمە نەئەبوون ئەوا بەزللە و شەق و قامچی پاداشت ئەکران، بێگومان لەخواردنەکەش بێبەش ئەکران. بەندییە هەژارەکان ئەوانەی نەیانئەتوانی لەشوێنێکی ترەوە خواردن بۆخۆیان پەیدابکەن ملکەچی فەرمانە توندەکان ئەبوون.

بەڵام ئەوانەی کەمێك دەستیان ئەڕۆیشت،ناچارنەبوون مل بۆ ئەم سوکایەتییە کەچ بکەن، من و ئامێدیش بڕیارماندا دەستبەرداری ئەو نان و قاپە خورمایە بین، و ڕێگەیەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی لەبرسا نەمرین. ئەو ئێوارەیە هێشتا پاشماوەی ئەو دیارییانەمان پێمابوو کەخێزانی ئامێدی پێشئەوەی موسڵ بەجێبهێڵین پێشکەشیان کردبووین.

دواتریش بیر لەوەئەکەینەوە بزانین بۆ ڕۆژێکی تر چیبکەین.

من و هاوڕێکەم لەگفتوگۆی ئەو کێشەیەدابووین کەپیاوێك بەرەولامان هات. پیاوێکی دەموچاو سپی، ڕوومەت سووری ناوچەوان پان بوو، کەهەردووقاچی بەزنجیر بەسترابوونەوە بەتۆپێکی ئاسنی چەند کیلۆییەوە وئەویش بەسترابوو بەزنجیرێکی درێژی ترەوە کە نزیکەی مەترێك ئەبوو. کاتێك لێمان نزیکبووەوە واقمان وڕما، چونکە ئەوپیاوەی لەبەردەمماندابوو ڕەمزی ئاغابوو کە کوڕی یەکێك لەخێزانە زۆر بەناوبانگەکانی ناوچەی هەولێری عێراق بوو.

ساڵی ١٩٤١ کاتێك ڕەمزی بەشی زانستە ئابوورییەکانی ئەخوێند لەزانکۆی ئەمێریکایی لەبەیروت،نەتەوەپەرستێکی کوردبوو، بەتوندی دژایەتی ئینگلیزی ئەکرد و بووبووە لایەنگری ئەڵمانیا و هیواداربوو ئەڵمانیا سەرکەوێت بەسەر ئینگلیزی چەوسێنەرو

دوژمنی گـەلان و تـەنیا هۆکـاری مەینەتییـەکانی گـەلی کـورد. دوای سـالێك بـەیروتی بەجێهێشت و پێشنەوەی بچێت بۆ زانکۆی ئەسـتەنبوڵ بـۆ وەرگرتنـی کۆرسـی ئـابووریی، گەڕایەوە مـالی خۆیـان لـەعێراق. دوایـئـەوەی رەمـزی چـوو بـۆ ئـەڵمانیا و چـووە ریـزی رێکخـراوی لاوانـی ئـەڵمانیا (هینلـەر جۆکەنـد) وبـەخێرایی پۆسـتێکی سـەرکردایەتی تیاوەرگرت.

دوایئەوە دەزگای خزمـەتگوزاریی ئـەڵمانیا "گۆسـتابۆ" خـستییەگەڕ و بەهاوڕێیـەتی ئەفسـەرێکی ئـەڵمانی بەپەرەشـووت لەدەوروبـەری هـەولێر لـەنزیك گونـدێکی خێزانەکـەی نیشتنەوە و بەگەرمی لەلایەن عوسمانی خزمەتکاری باوکییەوە پێشوازییان لێکرا.

رەمزی و ئەڵمانییەکە لەخانوویەکی دێهـاتی رەشـید ئاغـادا بێخـەم لێـی خـەوتبوون. تاهێزەکـانی ئینگلیـزی جـێگیر لەناوچـەکە، لەخـەودا ئـەدەن بەسـەریاندا و رەمـزی و ئەڵمانییەکە و عوسمان راپێچی بەغدا ئەکەن.

ئێمە پێشتر پروپاگەندەیەکمان بیستبوو کە هەرسێکیان براون بۆ میـسر و حـوکم دراون بەکاری سەختی هەتاهەتایی بـۆ ئـەوەی لەبەندیخانەیـەکی ناوەڕاسـتی بیاباندا بـۆ خۆیـان دارزێـن. بینینـی رەمـزی بەساغوسـەلامەتیی وخەنـدە منداڵانەکەیەوە،لەراسـتیدا بـۆ هەردووکمان کتوپڕبوو، بەلام تێیگەیاندین کەباش نییە پاسەوانەکان پێکەوە بمـانبینن، گـەر پێویستمان بەهەرشتێك بوو هەوڵ ئەدات یارمەتیمان بـدات، پاشـان بەبەردەمماندا تێپـەڕی بەزنجیرە قورسەکانی پێیەوە و تۆپەئاسنەکەی بەدەستەوە گرتبوو و بەسەختی رێی ئەکرد.

چەند رۆژێك دوای ئەوەی گەیشتینە بەندینخانەی بەغدا، عەلی حەمدی نوێنەری هیـوا لەبەغدا توانیبووی مۆڵـەتی چـاوپێکەوتنمان بـۆ وەربگرێـت بـۆ رۆژی ٥ شـەممە کـەرۆژی سەردانی گیراوەکانە. سەردانەکان لەحەوشەی بەشـی منـداڵان ئەنجامئەدرا،هاوڕێکـەم ئـەو بەرپرسە کوردەی ئەناسی، چونکە هەردووکیان نیشتەجێی هەمان شاربوون. سـەیرمان کـرد عەلی حەمدی لەسوچێکی حەوشەکەدایە و کۆمەڵێك قوتوو و بەستەو بتڵی لەچواردەورە.

پێی وتین:

-(هەندێك شتی بچووکم بۆ هێناون بۆ خواردن و جگەرەکێشانی چەند ڕۆژێـك و دواتـر ئەگەڵ یەکێك لەچێشتخانە نزیکەکان ڕێکنەکەوم کەرۆژانە خواردنی گەرمتان بـۆ بهێنێـت. سـەبارەت بەجلە چلکنەکانیشتان، لەسەردانی داهاتوومدا ئەیبەمـەوە بـۆ ماڵـەوە و بۆتـان ئەکوڵێنم تا تووشی گەری نەبن، چونکە من دۆخی بەندیخانەکانمان ئـەزانم چـۆنە و زۆرجـار میوانیانم.)

عەلی حەمدی کە لەبەهاری تەمەنیدابوو، کورتەباڵا و لاواز و دەموچاوی هێلکەییـەکی گەنم ڕەنگبوو، چاوەکانی قاوەییەکی کاڵبوون، بەبرژانگی درێژەوە کە دەربڕی بەخـشندەیی و ژیانی تێکۆشان و قوربانیدان بوون.

لەماوەی مانەوەمانـدا لەبەغـدا بایـەخی زۆریـدا بـەدابینکردنی پێداویـستییەکانمان و هـەوڵی زۆریـشیدا بـۆ ئازادکردنمـان، لای مـستەفا بـارزانیش هـەوڵی دابـوو کـەداوا لەدەسەڵاتدارانی ئینگلیز و عێراق بکات بۆ کۆتاییهێنان بەدیلێتیمان، بەڵام ئـەوان پـشتیان کردبووە بارزانی و لەخۆئامادەکردندابوون بۆ هەڵکوتانە سەری.

"ماجد مستەفا"ی کەسایەتی کورد کە ساڵی ١٩٤٣ پۆسـتی وەزیـری دەوڵـەتی بـۆ کاروبـاری بـاکوور پێـسپردرابوو لـەکارخراو ئـەو فەرمانبەرانـەی کەبـەناوی ئەفـسەری پەیوەندییەوە لای بارزانی دانرابوون بانگکرانەوە بۆ بەغدا. هـەموو بەڵێنـەکانی پەیوەسـت بەبوارەکانی بەڕێوەبردن و ڕووناکبیری و ئـابووری، تـەنیا بـەڵێنی بـۆش بـوون، کەچـی سەرەڕای ئەوەش "عەلی حەمدی" بێ هیوا نەبووبوو.

پەنای بردەبەر وەزیرە کوردەکان لەوانـەش، زمـانزان و مێژوونوسـی بـەناوبانگ تۆفیـق وەهبی، کە ساڵی ١٩٣٣ لەماڵی جەلادەت بەدرخان بینیبووم. عەلی حەمدی پێی وتبوو:

-(ئـەو کـوڕە قـژ زەردەی دەسـاڵ لەمـەوپێش لەدیمەشـق بینیبووت،ئێـستا خەریکـە لەزیندانەکانی عێراقدا دائەرزێت.)

ماوەی مانگێك زیاتر بەسەر گەیشتنماندا بۆ بەغدا تێپەڕیبوو کەبانگکرام بۆ ئیدارەی بەندیخانەکە، پیاوێکی چوارشانە پشتی لەمن بوو، لەگەڵ بەڕێوەبەری بەندیخانەکە قسەی ئەکرد، کەچوومە ژوورەوە ئاوڕیدایەوە و بەچاوەگەورەکانی سەیری کردم، منیش بەسەرسوورمانەوە هاوامکرد: (ئای رەشید بەگ!)بەرەولای چووم تاتەوقەی لەگەڵدا بکەم. رەشید بەگ تەواو خۆی خوارکردەوە تا بتوانێت باوەشم پیابکات و ناوچەوانم ماچ بکات. پێی وتم: -(تۆفیق وەهبی بەگ ناردوومی تا بایەخت پێبدەم. بەڕاستی پێمبڵێ پێوستت بەچییە؟)

پێم وت:

-(پێویستم بەهیچ نییە، جگە لەئازادیی، گەر بتوانیت لەم دۆزەخە دەرمبهێنە و بمبەرەوە بۆماڵەوە.)

-(سەبارەت بەئازادیی، ئەوا تۆفیق وەهبی بەگ ئەڵێت، جارێ بیری لێمەکەرەوە ودانبەخۆتدا بگرە. لەراستیدا ئەم ماوەیە ئینگلیزەکان ململانێی ئەمێریکییەکان ئەکەن لەرێکخستنەوەی دۆخی ناوچە عەرەبییەکان و هێشتنەوەیان لەبازنەی کۆنترۆڵی خۆیان، بۆیە هەر چالاکییەکی نەتەوەیی کورد بەچاوێکی خراپ سەیری ئەکرێت و تووڕەیی حکومەتی خاوەن شکۆ و ئینگلیز تووشی خۆی ئەکات. ئەوان دڵنیان کەتۆ و هاوڕێکەت بەتەواویی لەناو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دان و پێنەچێت بڕیاریان دابێت لەعێراقدا بەبەندی بتانهێڵنەوە.)

وەڵامم دایەوە:

-(گەروایە با وەك زیندانی سیاسیی سەیرمان بکەن و بمانگوێزنەوە بۆ کەمپەکانی گرتنی سەر بەبریتانیا،کە ئەتوانین هیچ نەبێت سوود لەبوارێکی فراوانتر وەك لەوەی ئێرە وەربگرین.)

رەشید بەگ، بەدەنگێکی هێمن و یەکلاکەرەوە پێی وتم:

-(تۆفیق وەهبی، ئامۆژگاریت دەکات کە هەڵپەنەکەیت. ئێستاش پێم بڵێ ئەتوانم چیت بۆ بکەم.)

-(کەواتە دەسەڵاتی خۆت یا باشتر بڵێم دەسەڵاتی تۆفیق وەهبی بەکاربهێنە و بمگوێزەرەوە بۆ نەخۆشخانەی زیندانەکە، چونکە پێموایە تووشی مەلاریا بووم.)

رەشید بەگ، وەڵامی دامەوە:

-(ئەمەیان هەرئێستا ئەتوانم بۆت جێبەجێ بکەم، چونکە بەرێوەبەری بەندیخانەکە یەکێکە لەهاورێکانم، لەوەش زیاتر وانەکەم هەموو ئێوارەیەك لەماڵی ئێمەوە خواردنت بۆ بهێنن جا لەنەخۆشخانەکەبیت یا لەزیندان. ئێستاش بگەرێرەوە بۆ قاوشەکەت و دواتر ئەنجامەکانت پێ ڕائەگەیەنم.)

هەمان ڕۆژ گواستیانمەوە بۆنەخۆشخانەی زیندانەکە. ئەبوایە بەبەشی حوکمدراوان بەکاری قورسدا تێپەڕیت، کە زۆربەی زیندانەکان بەزنجیر بەستراونەتەوە و یەکی تۆپێکی ئاسنینیان پێیە بەکێش و قەبارەی جیاوازەوە، هەریەکەیان بەپێی ئەو سزایەی دادگا بەسەریدا سەپاندوون.

بەندیخانەی بەغداد چەندین کارگەی بەرگدوورین و چنین و پیشەی تری زۆر زیاتر لەبەندیخانەی موسڵی تیابوو.

بەندییەکان بەبەرگی خەت خەتی شین و سپییەوە لەبەردەم ئامێرەکاندا کاریان ئەکرد و هەریەکەی تۆپێکی ئاسنینی گەورە بەقاچیانەوە بەسترابوو، کە نەك تەنیا لەمۆتەکەیەکی ترسناك ئەچوو، بەڵکو هەستم ئەکرد لەسەر هەسارەیەکی ترم دوور لەزەوی و بگرە لەقووڵایی دۆزەخدام.

بەڵام هەرزوو ئەم دیکۆرە گۆڕا، کاتێك جێگە پاکوتەمیزەکانم بینی لەنەخۆشخانەکە و باخچەیەکی گەورەی پڕ لەگوڵ و گوڵزار کەئەتوانم بەئازادیی پیاسەی تیابکەم. لەبەرخۆمەوە هەندێك ورتەی دڵنەوایی و شادمانیم کرد و هەوڵمدا ئەو مۆتەکەیەم بیرچێتەوە کەتیایدا ئەژیم.

بۆ رۆژی دووەم، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بەوردی گیانی پکشنی و بۆی دەرکەوت ئەومەلاریایەمە کەخۆم پێشبینیم ئەکرد و شوشەیەك دەرمانی (کینین)ی بۆ نووسیم. لەلای خۆشیەوە رەشید بەگ لەیادی نەچووبوو کە هەموو نیوەڕۆیەك براکەی، بەسەفەرتاسێك خواردنی جۆراو جۆر و بەلەزەتەوە بنێرێت. ئەو ئەیتوانی بێتە قاوشی نەخۆشخانەکە وبێ چاودێریی هیچ کەسێك قسەم لەگەڵ بکات.

ئەو ماوەیەی مانەوەم لەنەخۆشخانە زۆر خۆشبوو، چونکە بەچاکی چارەسەریان ئەکردم و لەشیان ئەشێلام، بەڵام غەمباری ئەوەبووم کەئامێدی نەیئەتوانی بێت بۆ نەخۆشخانەکە و هەر لەقاوشی گیراوەکاندابوو. جگە لەوەش نەخۆشخانەکە هەراسانییەکی تری هەبوو، چونکە پەیوەستبوو بەنەخۆشخانەیەکی ترەوە کەبەشی نەخۆشییە دەروونییەکانی بەسەر باخچەکەی نەخۆشخانەکەدا ئەیڕوانی و ژمارەیەکی زۆر نەخۆشی دەروونیی تیابوو لەهەموو جۆر و پلەیەك. بەهۆی گەرمای بەرزی بەغداوە لەهاویندا شەوانە پەنجەرەکانیان بەکراوەیی بەجێئەهێشت، لەبەرئەوە زۆرجار لەدەنگی هاوار و قیژە و بۆڕەبۆڕی نەخۆشەکان خەبەرمان ئەبووەوە.

سەرەڕای بوونی ئەو نەخۆشە دەروونیانە ئەمویست لەنەخۆشخانەکە بمێنمەوە، تاپێم ئەڵێن خۆت ئامادەبکە ئەتبەینەوە بۆ سوریا. بەڵام پێشئەوەی چارەسەری تەواو وەرگرم بەفەرمانێکی وەزیری ناوخۆ نێردرامەوە بۆ زیندان. لەوێش چوومەوە لای ئامێدی و کەشی گۆڕستان ئاسای زیندانەکە و زەوییەکەی کەبەقیری رەش سواخ درابوو و بەگەرمای خنکێنەری هاوین نەرم بووبوو.

دیمەنی خەماویی و پیس و پۆخڵی دەرەوەی زیندانەکە، تەنیا شت نەبوو کە ئازاری ئەداین، رۆژانە تووشی زوڵم و زۆر ئەبووین، چەند ناخۆشبوو کەئازاری رەمزی رەشید ئاغامان ئەبینی بەکۆتوبەند و تۆپە ئاسنینەکەیەوە و مەترسی مردن کە بەردەوام بەدەوریا ئەخولایەوە.

عوسمانی خزمەتکاری کێلگەکەشی لەگەڵبوو، کە ئەرکی قاوەچێتی لەقاوشەکەیدا ئەبینی تابتوانێت پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات.

بەردەوام ئەمانپرسی، بۆچی پیرێکی وایان لەزیندان گلداوەتەوە کە تەمەنی زیاتر لە ٦٠ ساڵە و تەنیا گوناهی ئەوەیە کە کوڕی ئاغای لەماڵە دێهاتییەکەی ئاغا خۆیدا داڵدەداوە. ئەم مامەڵە توند و نامرۆڤانەیە عوسمانی کردبووە نیشتمانپەروەرێکی هۆشیار و شۆڕگێڕ.

کە لێمان ئەپرسی:

- مام عوسمان تۆ کێیت؟

مشتی ئەنوقان و دەستی بۆ پشتەوە بەرزئەکردەوە ئەیوت:

-من کوردم.

لەماوەی چەند رۆژێکدا توانیمان ئەو جووتیارە پیرە نەخوێندەوارە فێری خوێندنەوە و نوسینی کوردی بکەین. دیارە چارەنووسی بەندیەکانی تریش کاریگەربوو. ئێستاش ئەو جووتیارە عەرەبەی باشووری عێراقم لەیادە کە ١٥ساڵ لەو زیندانەدابوو بێ دادگاییکردن. کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندبوو، بەناهەق تۆمەتبارکرابوو بەکوشتنی باوکی کە لەڕاستیدا مامی خۆی کوشتبووی. لەکاتی دەستگیرکردنیدا تەمەنی تەنیا ١٥ ساڵبوو.

لەئەنجامی ئەشکەنجەدانی دڕندانە مێشکی تێکچووبوو و لەبەرامبەر چەند فلسێکی عێراقیدا بەدەم سووڕ و چەقەنە لێدانەوە، تەنیا گۆرانی کەنەیزانی ئەیوت. گۆرانییەکە ئەمەبوو:

ئەی رێوی فێڵباز

بۆ مریشکەکانم ئەخۆیت؟

لێیگەڕێ گەورەبن

ئێمەش پێشکەشی ژەندرمەکانی ئەکەین

تا بەبرنجەوە نۆشی بکەن و

ئێمەش سەلامەت بین.

هەروەها ئەو برینپێچە شەلە کوردەشم دێتەوە یاد کەپێشتر چارەسەری نەخۆشەکانی ئەکرد لەناوچە دوورەدەستەکاندا، لەو شوێنانەی کەهێشتا پزیشك پێی تێنەنابوون، لەوێ دەرزی لێئەدان و حەب و شرووبی ئەدانێ و برینەکانیانی ئەپێچا،بەرامبەر چەند فلسێك. توانیبووی ئازاری هەزاران جووتیاری نەخۆشی هەژاری بێدەرەتان کەمبکاتەوە. بۆیە پزیشکێکی حکومی شکاتی لێکردبوو، پاشان گرتبوویان و لەموسڵەوە گواستبوویانەوە بۆ بەغدا و وا ئێستای ماوەی ١٠ مانگە لەم زیندانەدا کەوتووە و ژن و منالەکانیشی لەماڵەوە چاوەڕێن کە باوکیان پێخۆرێکیان بۆ بەرێتەوە.

وا سێ مانگە من و ئامێدی لەبەغدا لەپشت شیشەکانی زیندانەوەین و چرکە و خولەك و سەعاتەکانمان بەقورسی لێئەڕوات. تەنیا داوای ئێمە ئەوەبوو یابماندەنە دادگە یا بمانگوێزنەوە بۆ بەندیخانەی زیندانییە سیاسییەکان، لەپێناوی ئەوەشدا بەڕێوەبەرێتیی بەندیخانەکە و وەزیری ناوخۆ و نووری سەعیدی سەرەك وەزیرانمان عەرزە و حاڵباران کردبوو، بێگومان هاوڕێیانیشمان لەدەرەوە دەستەوەستان نەبوون.

زۆرکەسایەتی گەورە هەوڵیان بۆدابووین، دیاربوو هەوڵەکانیشیان بەرهەمی هەبوو، چونکە دوای ١٥ رۆژ بەڕێوەبەرێتیی بەندیخانەکە پێی راگەیاندین کە ئەمانگوێزنەوە بۆ شوێنێکیتر.

لەماوەی چەندین رۆژدا من و ئامێدی بێئۆقرە، وەك ئەوەی بەسەر پشکۆوە بین چاوەڕوانبووین. سەرەنجام رۆژێکیان لەو زیندانە تاریکە هاتینەوە دەرەوە،پێمانوابوو ئەمانبەن بۆ کامپی عەمارە لەباشووری خۆرهەڵاتی بەغدا، کەناویمان بیستبوو و ئەمانزانی ژمارەیەك تێکۆشەری ناسراوی کوردی تێدایە.

بەڵام تووشی بێئومێدییەکی گەورەبووین چونکە بردیانین بۆ یەکێك لەتاك زیندانەکانی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پۆلیسی بەغدا. هەوڵماندا دڵنەوایی خۆمان بکەین بەوەی ئێرە

تەنیا وێستگەیەکی کورتە لەسەر ڕێی عەممارە، بەڵام چەندین هەفتە لەو ژوورە تاکە تەسك و بۆگەنانەدا ماینەوە کە تەنەکەیەکی ژەنگاویی تیادانرابوو بۆ میزکردن. بەپێچەوانەی بەندیخانەی ناوەندیشەوە لێرە لەپیاسە و سەردانکەر بێبەش بووین.

زۆربەی گیراوەکان کوردی ئێران بوون کەبەبێ پاسپۆرت و بەقاچاغ هاتبوونە عێراقەوە بۆ کارکردن. پۆلیسیش بێبەزەییانە ئەیگرتن و بۆ چەندین مانگ فڕێیئەدانە زیندانەوە، پاشان سنووورداشی ئێرانی ئەکردنەوە. ئەوانیش هەرئەوەندەی ئەگەشتنەوە ئەوێ، جارێکیتر هەوڵی هاتنەوەیان ئەدا بۆ عێراق بۆ پەیداکردنی بژێوی. چەند ئازارمان ئەچەشت کاتێك ئەمانبینی پاسەوانەکان لێیان ئەدان جنێویان پێئەدان و پێیان ئەوتن:

-(کوردی هیچوپوچ، چی ئەکەن لەوڵاتی ئێمەدا؟ بۆچی شا ئیشوکارتان بۆ دابین ناکات؟دێن ونانی ئێمە ئەدزن. لەماڵی خۆتان بمێننەوە و مەیەن بۆ بێزارکردنی ئێمە.)

ئەو کوردە بەشەمەینەتانەش وەڵامیان ئەدانەوە:

-(هیچ چارەیەکی ترمان نییە،چونکە شا دەستی گرتووە بەسەر زەوییەکانماندا ولەناوچەکانی ئێمەش هیچ کارگە و کارخانەیەك نییە،بۆیە ناچارین هەرکارێك بکەین کەنانی خۆمان و منداڵەکانمانی لێوەبەدەست بهێنین، ئێمە لەعێراق سەختترینی ئەوکارانە ئەکەین کەعێراقییەکان بێزی لێئەکەنەوە، بۆیە وازمان لێبێنین لێرەبین تا سوود بەوڵاتەکەتان بگەیەنین.)

ئەم مشتومڕە پۆلیس و یاساوڵەکانی ئەهێنایە پێکەنین، پاشان بەحەیزەران تێیان ئەکەوتن، ئینجا بەپۆستاڵی سەربازیی کەهەموینەکەی بزمار ڕێژکرابوو بەرشەق و لەقەیان ئەدان.

لەژێر کاریگەریی ئازارەکانی ڕۆژانەماندا کەهەرکامیان لەویتر ناخۆشتربوو،داوامان لەلێپرسراوان کرد لەم شوێنە دەرمانکەن و هەڕەشەی مانگرتن لەخواردنمان کرد.

لەبەرئەوەی داواکەمان هیچ دەنگدانەوەیەکی نەبوو بڕیارماندا مانبگرین لەخواردن.

لــەماوەی چــەندرۆژێکدا کارەکــەمان بــووە هــۆی نیگــەرانی هاورێکانمان،هــەروەها لێپرسراوانیش. رەشید بەگ مۆڵەتی سەردانمانی وەرگرت و لەکاتی دیدارەکەدا بــەدەنگێکی باوکانەوە پێی وتین:

-(پێویست ناکات ژیانی خۆتان بخەنە مەترسییەوە، چونکە وەزیرە کوردەکــان لەهــەوڵی ئازادکردنتانــدان. گــەر مەســەلەکە پەیوەنــدی تــەنیا بەحکومــەتی عێراقــەوە بوایــە چارەسەرنەکرا، بەڵام ئەوە ئینگلیزەکانن کەخەریکی ئامادەکارین بۆ هەڵمەتێکی نــوێ دژی کورد،ئەوانەش مانگرتنەکەتان هیچ کارێکیــان تێناکــات، بۆیــە بێهێزیــی و ئەونەخۆشــییە ترسناکانەی تووشتان ئەبێت هیچ سوودێکی نییە.)

-(بەڵێ.....بەڵام گەر دەست هەڵگرین،مەترسی ئەوە هەیە کــە بــۆ هەتاهەتایــە لێــرە بەجێمانبهێڵن و وردە وردە بمرین. یــان ئــەبێت وەك بــەڵێنیان پێــدابووین بمانگوێزنــەوە بــۆ شوێنێکیتریان یابەردەوام ئەبین لەمانگرتن تا مردن.)

رۆژی دەیەمی مانگرتنەکەمان بەڕێوەبــەر داوایکــردین و بەبیجامــە و ریــشی درێــژ و دەموچاوی ساکار و رومەتی چرچەوە بردیانین بۆ نوســینگەکەی بەڕێوەبــەر کەتەمــەنی ٥٠ساڵێك ئەبوو،ئەسمەرێکی لێونەستووربوو،هاواری کرد بەسەرماندا:

-(بۆ داوتانەتە کەللەرەقی و سوورن لەسەرمانگرتن؟!)

ئامێدی ئازایانە وەڵامی دایەوە:

-(چونکە ئەمانەوێت لێــرە دەرمانکــەن و بەشــێوەیەکی قــانونیی مامەڵــەمان لەگــەڵ بکەن.)

بەڕێوەبەر راپەڕی و بەدەنگێکی بەرز قیژاندی:

-(لێرە بچنە دەرەوە؟! ئەی ئەتانــەوێت لــەکوێ داتــانێم؟! لەوانەیــە بەتــەمای ئوتێــل سەمیرامیس بن! ئەبێت هەر لەو زیندانەدابن و هەر لەوێشدا ئەبن چونکە ئێوە سیخوڕن.)

لێم پرسی:

-(باسی کام سیخوڕی ئەکەیت؟)

-(ئێوە سیخوڕی بارزانین.)

ئامێدی وەڵامی دایەوە:

-(ئێمە کوردین و وەك هەموو کوردێك گەلەکەی خۆمان خۆشئەوێت وحەز بەسەرکەوتنی ئەکەین. ئێمە بەسادەیی تەنیا هاوسۆزی بارزانین. لەبەرئەوە هیچ هۆکارێك نابینم کە وا لەحکومەت بکات لەم کولانەیەدا دامانڕزێنێت. سەرەڕای ئەوەش بارزانی تەنیا داوای هەندێك مافی کەلتووریی و ئیداریی کردووە و حکومەتی عیراقیش بەڵێنیداوە بەبایەخەوە لەداواکارییەکانی بکۆڵێتەوە.)

لەبەردەم هەڵوێستی بەهێزماندا بەڕێوەبەر مێشکی لەکەللەدا نەمابوو. لەزەنگەکەیدا بۆئەوەی پاسەوانەکان بانبەنەوە بۆ زیندانەکەمان و فرمانی بەکۆمیسەرەکە کرد:

-(ئەم دوو قانون شکێنە بەرەوە ژوورەکانیان و لێگەڕێ تا لەبرساندا ئەمرن.)

وەك ئەوەی هەموو پۆلیسەکان ئەمەیان پێخۆشبێت، هەریەپاڵ تازیندانەکەیان بردین، لەوێش کۆمیسارەکە قسەعیەك خواردنی لەژوورەکەماندا دانا وەك ئەوەی بیەوێت مانگرتنەکەمان بشکێنین و بەهەڕەشەوە پێی وتین:

-(تا لەسەر مانگرتن بەردەوامبن زیاتر تووڕەیی بەسەرخۆتاندا ئەهێنن. گوێتان لەقسەکانی بەڕێوەبەربوو، ئەگینا ئەتانخەینە ژووری تاکەکەسییەوە لەژێرزەمیندا کە ئیتر رووناکی نەبینن. بۆیە هەر ئێستا دەست لەم کارە منداڵانەیە هەڵبگرن.)

ترساندن وهەڕەشەکانیان کاری تێنەکردین و سووربووین لەسەر بڕیارەکەمان.

بۆ رۆژی دوایی موعجیزەیەك روویدا، کە کۆمیسار بەشادمانییەوە پێشوازی لێکردین و وتی:

- (هەواڵێکی خۆشم پێیە بۆتان، خۆتان ئامادەکەن بۆ ئەوەی لێرە بڕۆنە دەرەوە.)

-(بۆ، ئازادامان ئەکەن؟!)

-(نا یەکجار واش نا، بەڵام ئەجارە راستەوخۆ ئەچن بۆ عەمارە. هەرچەندە ماوەکە دوورە بەڵام کاتی تەواوتان لەبەردەستدا ئەبێت. خۆ ئێستا رازین؟)

-(ئەگەر راستبێت بەڵێ، کەی ئەڕۆین؟)

-(دوای ٥ رۆژی تر. گەر ئێستا دەستبکەن بەخواردن تەندروستیتان باش ئەبێت و بەرگەی سەختیی سەفەرەکە ئەگرن.)

بەپێشنیازەکەی کۆمیسار قایل بووین و شیری گامێشیان بۆ هێناین.

کاتی رۆشتنمان هات، بەشادییەوە زیندانەکەمان بەجێهێشت. لەڕاڕەوەکەدا یاساوڵەکان دەستی هەردووکمانیان بەیەکەوە بەست بەکەلەپچەیەك کە زنجیرێکی پێوەبووە و بەدەست پۆلیسەکەوەبوو. ٦ پۆلیس لەگەڵمان هاتن و بەپێ شەقامەکانی شاری بەغدادا کەوتینەڕێ. دوای چەند حەوانەوەیەکی کورت لەمەخفەرەکانی پۆلیس، گەشتینە وێستگەی بەسرە. تەنیا سیان لەپۆلیسەکان لەگەڵمان سواربوون تابەسرە و لەوێشەوە لەژێر پاسەوانییەکی توندا بەمیکرۆپاسێکی پۆلیس بردیانین بۆ عەمارە.

ئەم سەفەرە بواری بۆ رەخساندین تا بەناوچەی بیابانی عێراق ئاشنابین.

هەر لەگەڵ کەوتنەڕێی شەمەندەفەرەکە لەبەغداوە پاسەوانەکان کۆتەکانیان لەدەست کردینەوە و بەشی دووەمی رێگەکەشمان بەمێرگەکاندا تێپەڕئەبوو،و ناخۆش نەبوو.

ئۆتۆمبیلەکەمان چەندین جار لای مێرگە بچووکەکان ئەوەستا و رێیانداین چەندین جۆری جیاوازی خورما بخۆین.

درەنگانێکی شەو گەیشتینە کەمپی عەمارە. پاسەوانەکە ئەفسەرێکی لەخەوهەستان کەناو و پلەی خوێندنمانی تۆمارکرد و داینییە دەست پۆلیسێك.

قاوشەکە هۆڵێکی گەورەی فراوانبوو، کە پەنجەرەکانی شکابوون و جێ خەوەکانیشی بەتاڵبوون. من و ئامێدیش لەیەکێك لەگۆشەکاندا جێگەیەکمان گرت بۆ خۆپاراستن لەسەرمای تەزێنەری شەوانەی مانگی کانون.

ئەوشەوەی لەبەغداد خەومان پێوەدیبوو و لەپێناویدا ماڵمان لەخواردن گرتبوو، بەهەزار حاڵ ئەو شەوە چاومان چووەخەو،لەسەر جێگەیەك کە لەکا دروستکرابوو و پێخەفەکانی پیس و پۆخڵ و رزیبوون.

بۆ بەیانییەکەی بەنیشتەجێ نوێیەکەمان ئاشنابووین: کامپی عەمارە.

کامپەکە بریتیبوو لەکێڵگەیەکی فراوان لەناوەڕاستی بیابان و خۆرهەڵاتی شاری عەمارە. چادری قەبارە جیاوازی تیاهەڵدرابوو و هەرچواردەوری بەچەند ریزێك تەلی دڕکاوی تەنرابوو و لەهەر گۆشەیەکیشدا بنکەیەکی پۆلیسی بۆ پاسەوانی تیابوو.

هەندێك لەچادرەکان ٥٠ جێگەیان تیابوو، هەندێکیان تەنیا دوو یان سێ جێگەیان تیابوو، هەندێکیشیان یەك کەسیی بوو. لەناوەڕاستی کێڵگەکەدا گەرماوێکی تورکی هەبوو،کە یەکێك لەبەندییەکان سەرپەرشتی ئەکرد و هەمووکەسێك ئەیتوانی بەسەرە خۆی لێبشوا،دوای بڕینی بلیتی چوونەژوورەوە.

بەندییەکان دابەشکرابوون بەسەر سێ جۆردا، بەپێی پایەی کۆمەڵایەتیی و ئاستی خوێندن. جۆری یەکەم، تەنیا ئەو پاشا و کۆنە ژەنەراڵانەی تیابوو کە ساڵی ١٩٤١ بەسەرکردایەتی رەشید عالی گەیلانی بەشداریی شەڕی دژی ئینگلیزیان کردبوو. جۆرەکەی تریان، کەژمارەیان کەمبوو. بریتیبوون لەدەرچووانی زانکۆ و خوێندکار و ئەفسەر و پزیشك و مامۆستا و خەڵکانی لەو بابەتە.

بەڵام جۆری سێیەمیان، ئەو گیراوانەبوون کە بۆرژوازیی بچووك و رەشە خەڵکەکەبوون (جووتیار، کرێکار، کاسبکار و فەرمانبەر.)

ماوەیەکی کەم پێش گەیشتنی ئێمە، بەندیخانەکە پڕبوو لەوکەسانەی بەگومانی زایۆنیزم و سۆزداریی بۆ ئەڵمانیای هیتلەریی دەستگیرکرابوون. ئەوکاتەی خەریکبوو ئەڵمانیا ئەدۆڕا،ئینگلیز وردە وردە کەوتنە ئازادکردنی دوژمنەکانی پێشوویان و جێگەکانیانی بەکوردانی نیشتمانپەروەر و نیشتمانپەروەرانی دیموکراتیی پڕکردەوە.

لەناو ئەوکوردانەی لەکامپی عەممارەبوون،کاپتن(میر حاج)مـان بینـی، کەسـاڵی ١٩٤٣ لەلایەن حکومەتی بەغداوە وەك ئەفسەری پەیوەندیی لای بـارزانی دامـەزرێنرابوو. لەگـەڵ (عەونی یوسف)ی دادوەری پێشوو کەئامادەنەبووبوو حوکمی ئەو کـوردە ئێرانیانـە بـدات، کەبێ پاسپۆرت هاتبوونە عێراقەوە ، و سەید عەبدولغـەنی خـەڵکی زاخـۆ کـە تاوانەکـەی ئەوەبوو میوانـداری عـەونی یوسـفی کـردووە ئەوکاتـەی دادوەر بـووە لـەزاخۆ. هـەروەها عەبدوڵلا شەرەفانی سەرۆکی خێڵی شـەرەفان لـەباکووری عێـراق کەیـەکێك بـوو لەوانـەی سەرکێشی زۆری ئەکرد و کێشەی ئەنایەوە.

لەناو بەندییە عەرەبەکانیشدا نەتەوەپەرستانی بەناوبانگ هەبوون، وەك (سادق شنـشل) کەیەکێکبوو لەبیریارانی سۆسیالیزمی نەتەوەی عەرەب و خەونی بەدەوڵەتێکی یـەکگرتووی عەرەبییەوە ئەبینی لەکەنـداوەوە بـۆ ئۆقیـانووس.لەئـەنجامی هەسـتی دژ بەئینگلیزیـشی هیواداربوو ئەڵمانیای نازی سەرکەوێت. سەرەڕای رۆشنبیرییە فراوانەکەی و مانـەوەی زۆری لەئەوروپا، سادق شەنشەل شۆڤێنییەکی تەسـکبین بـوو و هـیچ تێگەیـشتنێکی بەرامبـەر بەمەسەلەی کورد نەبوو و بەکەسانێکی ئاژاوەگێڕی گێلی ئەزانین کەلەبەرژەوەندیی ئینگلیـز کارئەکەن. زۆرجار ئەوەی دووپات ئەکردەوە:

-هەرکاتێ ئینگلیزەکان رۆیشتن،ئەوا کوردەکان بەئاسانی ئەکرێن بەعەرەب!

کەمپی عـەممارە لـەژێر سەرپەرشـتی ئینگلیزدابـوو و تـەرخانکرابوو و بـۆ گیراوانـی سیاسیی. کەمپێکی زۆر تایبەتبوو و هیچ شتێکی لەزیندانەکانی ئەڵمانیای نازیی یـا ئـەو زیندانانە نەئەچوو کەرژێمە دیکتاتۆرییەکان دوای سەربەخۆیی لەوڵاتانی عەرەبدا دروسـتیان کردبوو. ئێمە لەوێدا ئازادبووین لەوەی یەکتربببینین و بخوێنینەوە و بنوسین و گفتوگۆ بکـەین و داوای رۆژنامە لەدەرەوە بکەین، بەندییە خێزاندارەکانیش مافی ئـەوەیان هـەبوو مـانگی جارێك هاوسەرەکانیان ببینن لەشـوێنێکی تایبـەت دوور لەچـادرەکان، بـەڵام تـەنیا چـەند کەسێکی کەم لەبەندییەکان ئەم مافەیان بەکارئەهێنا.

بەندییەکانی عەمارە هەموو هەفتەیەك موچەیان وەرئەگرت، موچەکەش پەیوەستبوو بەجۆرەکانیان: جۆری یەکەم رۆژی دینارێك و جۆری دووەم رۆژی نیودینار و جۆری سێیەم چارەکە دینارێکیان وەردەگرت. جگە لەوەش هەر بەندییەك رۆژانە مافی پاکەتێك جگەرەی هەبوو.

ماوەی دووهەفتە من و ئامێدی رۆژانە و چارەکە دینارێکمان وەرئەگرت،ئەگەرچی ئێمە لەبەغدا بەجۆری دووەم دانرابووین. میرحاج کردی بەهەرا و داوای کرد دووبارە بروسکەیەك بنێردرێت بۆ تۆفیق وەهبی وەزیری کورد.

خۆم چووم بۆلای بەرێوەبەری کامپەکە و بروسکەکەم دایەدەستی و گەرامەوە بۆ ژوورەکەی میرحاج. دوای ١٠ خولەك لەدەرگادرا و پۆلیسێکی عێراقی هاتەژوورەوە و سلاوێکی سەربازیی بۆ میرحاج کرد و پۆستالەکەی دا بەزەویدا و وتی:(گەورەم هەریەکسەر لەبەغداوە فەرمان هات و ناویان بەپلەی دووەمدا تۆمارئەکەم.)

پۆلیسەکە چووە دەرەوە و من و میرحاج خۆمان پێنەگیرا و دەستمان کرد بەپێکەنین، چونکە بەبێ ئەوەی بروسکەکەمان بگاتە بەغدا، کاریکرد.

فەرماندەی کامپەکە ئیتر ناتوانێت لەوەزیاتر دزیمان لێبکات و ئێمەش بەکوللەمەرگیی و سکهەلگوشین بژین. موچەی پلەی دووەم، بەشی ئەوەی ئەکرد بەشێوەیەکی سروشتیی پێداویستییەکانمان دابین بکەین.

بەرەزامەندیی بەرێوەبەرێتیی کامپەکە،چەند منداڵێك پێویستییەکانیان بۆ دابین ئەکردین بەرامبەر بە٢٥ فلس. هەموو بەیانییەك ئەهاتن بۆ کامپەکە و داوای پارە و ئەرکەکانیان ئەکرد. لیستی کرینیان وەرئەگرت و ئەچوون بۆ عەمارە بۆهێنانی و کەئەگەرانەوە، لەچادرەکەی (سەید عەبدولغەنی یوسف) سەرگەرمی چێشتلێنان ئەبووین. عەونی چێشتی لێئەناو منیش شۆردنی قاپەکانم پێسپێردابوو، چونکە ئەوکاتە تەنیا ئامادەکردنی قاوەی تورکیم ئەزانی. رۆژەکان بەخێرایی تێپەرین و ئێمەش سەرگەرمی

وەرزش و جل شتن و چێشتلێنان و قاپشتن و خوێندنەوە و سەردانی یەکتر لـەناو کامپەکـەدا و گفتوگۆبووین بۆ بەرێکردنی ژیانمان.

ئەو ماوەیەی لەوێ گیرابووین، تەنیا دوو پێشهات روویانـدا کەبەرپرسـانی کامپەکـەی وروژاند: یەکـەمیان، پەیوەسـتبوو بەشـیعەکان کەحـەزیان ئـەکرد لەعاشـووورادا(١٠ رۆژی یەکەمی مانگی موحەرەم) خۆیان بریندارکەن، راسـتە ئـەم رێورەسمـە لەسـالآنی سـییەوە لەلایـەن کاربەدەسـتانی عێراقـەوە بەتونـدیی سـەرکوتکرابوو(کەئەیانویـست ئـەم بۆنەیـە بقۆزنەوە بۆ وروژاندنی هەستی رق و کینە لەنێوان شیعە و سـوننەدا)، بـەلآم شـیعەکان زۆر بەنهێنیی خۆیان بۆ ئەو بۆنەیە ئامادەئەکرد.

بەمەبەستی رێگرتن لەهەر رووداوێکی هەراسانکەر لەناوچەکەدا، شەوی پێش عاشـوورا جێگری بەرێوەبەری کەمپەکە لەگەڵ ١٠ پۆلیسدا بەجلی مەیدانەوە چوونە قاوشـی گـیراوە شیعەکان و دەستیانگرت بەسەرهەموو شتێکی بریندارکەر و کونکەردا، سـەرەرای ئـەوەش رۆژی دوایی هەندێك لەشیعەکان خۆیان بریندارکرد و چەندین کەسـیان بـران بـۆ تیمارگـەی کەمپەکە.

روداوی دووەمـی نـاو کەمپەکـە لەئـەنجامی راکردنـی یـەکێك لـەو تێکۆشـەرە فەلەستینییانە بوو کـەدژی دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی جولەکـە بـوو لەفەلەسـتین. کاتێـك پۆلیس ئەیانگواستەوە بۆ بەغدا و بۆ دادگایی کـردن، ئـەو دڵنیـابوو لـەوەی ئینگلیزەکـان حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرئەکەن وەك پێشتر لەگەڵ زۆر لەهاورێکانی خەباتی کردبوویـان، بۆیـە بریارئـەدات لەناوچـەیەکی دەشـتایی تەختـدا کـە شـارەزای نـەبوو رابکـات. خۆپیـشاندانێکی گـەورە لەبـەردەم نوسـینگەی بەرێوەبـەری کەمپەکـە روویـدا وجنێویـان بەئینگلتەرا و زایونیزم ئەدا، بۆیە بەرێوەبەرەکە پۆلیسەکانی لێهاندان و بلاوەیان پێکـردن و ناچاریان کردن بچنەوە قاوشەکانیان.

لەماوەی مانەوەم لەکەمپی عەمارە، بەدرێژایی ڕۆژانی مـانگی کـانوون لەبەرەبەیانـەوە تا دنیا تاریك ئەبوو، دەرەبەگایەتی ڕاستەقینەم ئـەبینی لەباشـووری عێـراق، ڕۆژانـە ئـەو حوشترانەم ئەبینی کە دانەوێڵەیان بارکردبوو بۆ شـاری عـەمارە، ڕێگـەی کاروانەکـە تـەنیا چەندمەترێك دووربوو، و ئەمانتوانی پێی پەتی وبەرگی شڕی حوشترەوانەکان ببینین. پێیـان وتین، کەهەموو ئەو کاروانانـە هـی شـێخێکی عەرەبـە کەنزیکـەی ۳۰ گونـد و هـەزاران حوشتری هەیەو جووتیارە بێنەواکان وەك کۆیلەی ڕاسـتەقینە کاری بۆ ئەکەن.

تەنیا کـورد و عـەرەب لەکـەمپی عـەمارەدا نـەبوون، بـەڵکو ژمارەیـەك ئەنـدازیاری هەنگاریی و بولگاریشی لێبوو. ئەمانە لەئێران کاریان ئەکرد، سـاڵی ۱۹٤۱ هەوڵیانـدابوو لەڕێی تورکیـاوە بگەڕێنـەوە بـۆ وڵاتەکـەی خۆیـان بـۆ ئـەوەی بـەدیل نـەگیرێن لەلایـەن ئینگلیزەکانەوە کەلەباشوورەوە ئەهاتن و سۆڤێت کەلەباکوورەوە ئـەهات، بـەڵام سـەرەنجام لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەدیل گیرابوون و لەعەمارە خرابوونە زیندانەوە.

یـەکێك لەئەنـدازیارە هەنگارییەکان،لەبەدبـەختیی کـەوتبووە بەردەسـتی کۆمـەڵێك سەربازی ڕاکـردووی ئێرانیـی و کاتێـك ددانـە ئاڵتوونـەکانیان بینیبوو،یەکەیەکـە هـەموو ددانەکانیان هەڵکێشابوو لەپێناوی ئاڵتوونەکەدا.

من ئەندازیارە هەنگاریـەکەم ئەبینی و پێکەنینمان بەو سەرکێشییە خراپـەی ئـەهات، چونکە زۆربەی زۆری ددانەکانیان دەرهێناوە، بەڵام سەرەڕای ئـەو یادەوەرییـە ناخۆشـانەش هێشتا زیرەکیی خۆی بۆ کارکرن پاراستبوو توانیبووی قـامیش پەیـدابکات و کـاتی خـۆی بەچنینی سەبەتە و جانتا و کورسی بەسەرئەبرد و لەناو کامپەکە و لەدەرەوەی کەمپەکـەش بەیارمەتی منداڵەکان ئەیفرۆشتن.

بەدوو بەندیی خۆشەویست ئاشنابووم، کە ڕیش و سمێڵەکەیان ناچـاری ئـەکردی ڕێزیـان لێگریت، یەکەمیان عێراقییـەکی چاوشـینی بەنـەژاد ئـەلبانی و ئـەویتریان ئاشـوورییەکی عێراقیی بوو کەگەنم ڕەنگ و ڕیش وسمێڵ و قژی وەك خەڵووز ڕەشبوو.

دەوروبەری کۆتایی مانگی شوبات میرحاج گوێزرایەوە بۆ زینـدانی هێـزە ئاسمانییـەکان لەبەغـداد، بـەڵام کـارێکی وایکـرد کـە ژوورەکـەی بـدرێت بـەمن. دوای چـەند رۆژێـك لەنامەیەکدا بۆی نووسیبووم، زۆر هەوڵی تردراوە بەمەبەستی ئازادکردنم و شـەش ئەندامـە کوردەکەی پەرلەمانی سوریا نامەیەکیان راستەخۆ ئاراستەی نوری سەعیدکردووە و داوایـان کردووە سنوورێك بۆ دیلێتی من دانێن.

لەمانگی ئایاردا فەرمانی گواستنەوەم بۆ بەغداد دەرچوو.

شەوێکی ترم لەبەسرە بەسەربرد لەیەکێك لەبنکـەکانی پـۆلیس، لەسـەر مێزێـك و بـێ هیچ پێخەفێك تابەیانی بێنەوەی خەو لەچاوم بکەوێت لەسەرمانا هەڵلەرزیم. ئێـوارەی رۆژی دواتر، ١٠ زیندانی مافە سڤیلییەکان لەیـەکێك لـەژوورەکانی زیندانەکـە هێنرانـەدەرەوە و پۆلیس کۆتی کردەدەستیان، کاتێك ویـستیان دەستی منیش لەگەڵ دەسـتی یـەکێك لەوانـە ببەستن، بەتوندی رەتمکردەوە و رازی نەبووم لەگـەڵ ئەوانـە بەخفەرەکـە بـەجێبهێڵم، بۆیـە پۆلیس و ئەفسەرەکە بانگی کاپتنیان کرد،ئەویش قیژاندی بەسەرما و وتی:

-(یان ئەبێت قایلبیت وەکو ئەوانی تر کۆت بکرێتە دەستت یا ئەمشەویش لەسەر ئـەو مێزە ئەتخەوێنم بەبێ پێخەف.)

لەبەردەم ئەو هەڕەشەیەدا دەستی چەپم دانێ و ئەڵقەیەکی کەلەبچەکەیان کـردە دەسـتم و ئەڵقەکـەی تریـشی لەدەسـتی پیـاوێکی بێنـەوای بـەرگ شـڕی پێپەتیـدابوو. پاشـان پاسەوانەکان بەپەلە خستیانینەڕێ، تالەکاتی گونجاودا بگەینە شەمەندەفەرەکە.

ململانێیەکەی من کـاتێکی زۆری کوشـتین و کەگەیـشتینە شـەمەندەفەرەکە شـوێنی چـۆڵمان دەسـتنەکەوت ولەڕاڕەوەکـەدا لەسـەرئەرزەکە دانیـشتین، عـەریفی لێپرسـراوی سەفەرەکەمان کەلەبچەکەی لەدەستمدا توندکرد و سەرکەوتەسەر رەفـەی کەلوپەلـەکان بـۆ خەوتن. منیش لەسەر حەسیرێکی بـچکۆلەی قـامیش دانیـشتم کـە لـەکابرای هـەنگاریم کڕیبوو.

شەمەندفەرەکە پڕبوو لـەحاجی شـیعەی ئێرانـی کەبـەنیازی سـەردانی کەربـەلا بـوون کەشوێنێکی پیرۆزە لای شیعەکان.

هەموویان لەوجووتیارانەبوون کەبۆنی هـەژاریی و چـڵکنییان لێـەهات. لـەماوەی ١٥ کیلۆمەتری یەکەمدا هەستمکرد کە مێروو تێیداوم، لەشـم کەوتـەخووران، دەسـتی راسـتم بەرزکردەوە بۆلای ملم و ئەو زیندەوەرە بچووکانەم گرت، ئەسـپێی رەشـبوو کـە هێنـدەیان خوێنمژیبوو گەورە بووبوون، لەبەینی پەنجەکانمدا فلیقاندمنەوە. لەپـشت و سـنگمدا بۆیـان ئەگەڕام، وەك ئەوەی لەپێشبڕکێیەکی گەرمدابن هەموو گیانمیان تەنیبوو.

یەکێك لەپۆلیـسەکان ئەهامەتییەکـەمی بینـی و تکـای لەعەریفەکـە کـرد کەدەسـتم بکاتەوە و شوێنێکی دانیشتنم بۆ بدۆزێتەوە و پێی وت:

-(ئەو بەڕێزە شایەنی ئەوەنییە لەودۆخەدابێت.)

عەریفەکە وەڵامی دایەوە:

(نا..شایەنێتی، ئەم ئێوارەیـە هەراسـانیکردین و بـەهۆی ئـەوەوە لەشـەمەندەفەرەکەدا شوێنێکی باشمان دەستنەکەوت. کەواتە بابیخوات.)

وشەی بەڕێز (سید) لەعەرەبیدا تـەنیا مانـای بـەڕێز ئەگەیـەنێت، بـەڵام لای گـەلانی موسڵمانی ناعەرەب بەتایبەت لەناو شیعەدا، سەید واتـە ئەوانـەی لەنـەوەی پێغەمبـەرن. بۆیە ئەو وشەیە مقۆمقۆی خستەناو شیعەکانەوە، فارسەکان لەشوێنەکانی خۆیـان هەسـتان و بـەرەو لای مـن هـاتن و کەوتنـە دەستماچـکردنم، وبەپۆلیـسەکانیان وت، کـەئامادەن شوێنەکانی خۆیانم بدەنێ.

عەریفەکە هەستایە سەرپێ و تێی خوڕین کە هەقی منیان نـەبێت و لەشـوێنی خۆیـان دانیشن ئەگینا لەشـەمەندەفەرەکە دایانئەبـەزێنێت. زۆربـەی ئـەوجووتیارە هەژارانـە بـێ مۆڵەت هاتبوونە ناو عێراقەوە، وەك سەگی مەشقدیدە ملیان کەچ کـرد و دوایئـەوە کـەس بایەخی بەو (سید)ە نەدا کەمن بووم!

دەوروبەری بەیانی شەمەندەفەرەکە گەیشتە کەربەلا، کاتێك گیراوەکان و پۆلیسەکان و حاجییەکان دابەزین، سەیرمکرد مەچەکم ئاوساوە و ئازارم ئەدا و سەرتاپای لەشم وەك ئەوەی دوویشك پێوەی دابێ ئەکزێتەوە. لەم گەشتەدا یادەوەرییەکی خراپم لەبارەی ئەسپێوە بۆ مایەوە. خۆشبەختانە وردە وردە دۆخەکە گۆڕا، ئەفەرەکان لەشەمەندەفەرەکە دابەزین و تەنیا دووپۆلیسی پیاوچاك لەگەڵ مندا مانەوە و کۆتەکانیان کردمەوە و بردیانم بۆ فارگۆنێکی پلەدوو،منیش بەنیودینار سوپاسم کردن و داواملێکردن پێش چوونمان بۆ بەندیخانەی بەغدا بمبەن بۆ سەرتاشخانە. ئەوانیش وتیان:

-(بێگومان ئەتبەین، ئێمە لەخزمەتداین.)

کە گەیشتینە وێستگەی بەغدا،عەرەبانەیەکی دووئەسپیمان بەکرێ گرت و بردینی بۆلای ئەوسەرتاشەی کەپێشتر میرحاج ناونیشانەکەی دابوومێ. خۆشبەختانە پۆلیسەکان ڕێیاندام سەرتاشەکە ببینم و ئازادانە قسەی لەگەڵدا بکەم. پاش ماوەیەکی کەم رەشید بەگ هات بۆلام بۆ بەڕێوەبەرێتیی زیندانەکە. پێم وت:

-(تکات لێدەکەم چیت لەدەست دێت بیکە، بۆ ئەوەی منیش وەك میرحاج لەزیندانی هێزە ئاسمانییەکاندا دابنرێم.) رەشید بەگ بەڵێنی پێدام و وتی:

-(بەڵێ، من بەڕێوەبەری پۆلیسی بێگانەکان باش ئەناسم، چونکە بەنەژاد کوردە،ئەچم بۆلای و قسەی لەگەڵ ئەکەم.) دوای ئەو قسانە رۆیشت و پاش تەنیا ١٠ خولەك دەم بەخەندە گەڕایەوە. لەئەرکەکەیدا سەرکەوتووبوو، بۆیە هەر یەکسەر بەئۆتۆمبیلێك بردمی بۆ باخچەیەکی گەورە کە لەژێر پارێزگاریی هێزە ئاسمانییەکاندا بوو.

میرحاج هات بەپێشوازیمەوە و بردمی بۆ ژوورەکەی خۆی کە چێشتخانەیەکی بچووك و گەرماوێکی خۆشی تێدابوو. پێی وتم:

-(ئەم جلەپاکانە لەبەربکە، بەم زوانە عەلی حەمدی دێت بۆ سەردانم و ئەتوانی جلەکانی خۆت بدەیتەدەست ئەو.) جەستەم کەئەسپێ کۆڵەواری کردبوو،هەر ئەوەی پێویست بوو.

که لەگەرماوەکە هاتمەدەرەوە عەلی حەمدی دانیشتبوو ولەگەڵ میرحاج قسەی ئەکرد، پێی وتم:

-(لەماوەی ١٠ رۆژدا ئەتبەن بۆ مەخفەرێکی سەرسنووری سوریا لەتەلکۆچەر و ئەدرێتەدەست ئاسایشی سوریا.) هەواڵێکی خۆشبوو،سەرەنجام ئازادئەبم و سەرلەنوێ کاکم و هاورێکانم ئەبینمەوە...بەلأم شادییەکەم زۆری نەخایاند بەهۆی هەواڵەکانی پەیوەست بەکوردی عێراق و رێکخراوەکانیان و گۆڕانی تەواوی سیاسەتی بریتانیا بەرامبەریان، چونکە رێکخراوی هیوا بەتەواویی لەکارکەوتبوو، و حکومەتیش هەموو هەوڵی خۆی بەگەڕخستبوو بەمەبەستی دروستکردنی ئاراستەی دژبەیەك بۆ تێکدانی ریزەکان، سەرەرای هەموو ئەمانەش ژەنەراڵ (رینتۆن)ی بریتانی، فەرماندەی پێشووی تیپی (سەردتاسی) کە لەئەرکێکی جەنگیی بوو لەبیابانی لیبیا لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا،ئێستا سەرگەرمی مەشقپێدانی سوپای عێراق بوو لەسەر جەنگی شاخ و هێزی ئاسمانیی خاوەنشکۆ شاژنیش خرابۆوە ژێر فەرماندەیی ئەوەوە. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەدەستپێکردندابوون.

پرسیم:

-(هەڵوێستی بارزانی چییە؟ ئایا ویست و توانای بەرگریی هەیە لەبەرامبەر هاوپەیمانیی هێزەکانی عێراق و بریتانیادا؟)

-(ئەو ئەزانێت کەئێستا بۆتە تەنیا هیوای گەلی کورد و ٣٠٠٠ لەلایەنگرانی لەگەڵە و ئامادەی خەباتن.)

میرحاج هەڵدایە:

-(زۆر لەئەفسەرە گەورەکانی کورد چوونەتە پاڵ بارزانی، منیش هەرهێندەی ئازادکرام ئەگەڕێمەوە بۆ باکوور و خۆم ئەخەمە خزمەتییەوە. ئەو ئەوسەرکردەییە کە گەلی کورد چەندین سەدەیە چاوەڕێی ئەکات. ئەگەر لەعێراقیش سەرنەکەوت ئەوا کوردەکانی مهاباد

کەهەموو کوردستانی ئێرانیان ئازادکردووە چاوەڕێین و وا خەریکن کۆمارێکی دیموکرات لەمهاباد رادەگەیەنن.)

ئێوارە روشدی بەگ هات و خوانێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو کەپڕبوو لەقاپە خۆراکی جۆراوجۆر. عەلی حەمەدیش ئەو زەرفەی برد کەجلە چڵکنەکانی منی تیابوو وتوند داخستبوو. کەرۆژی دواتر هاتەوە پێی وتم:

-(هەرچەندە زەرفەکەشم لەخۆم دوورخستەوە، بەڵام گیانم پڕبووبوو لەئەسپێ.)

رۆژی سێهەمی مانەوەم لای هێزە ئاسمانییەکان، وەزارەتی ناوخۆ فرمانی پێکردم کەخۆم ئامادەبکەم بۆ بەجێهێشتنی ئەم شوێنە چونکە(مەترسییەکی گەورەم بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت!)

گفتوگۆ درێژەکانمان لەگەڵ میرحاج و ئەوانەی ئەمهاتن بۆ سەردانمان کۆتایی هات و راپێچیان کردم بۆ بەشی هاتووان لەبەندیخانەی ناوەندیی.

ئێوارەکەی رەشیدبەگ دۆشەکێکی گەورە و لێفەیەکی بۆهێنام، بەڵام زۆر دوودڵ بووم لەوەی ئەو دۆشەکە جوانە لەسەر زەوییە پیسەکە رابخەم و ئەترسام ئەسپێ تێیی بدات، بەڵام بەنیازی مانەوەی زۆر لەم شوێنە نەبووم. رۆژی چوارەم بانگیان کردم بۆ ئیدارەی زیندانەکە و ناسناکەم و ئەو ٢٠٠ لیرە سورییەیان دامەوە کەدادوەری لێکۆڵینەوە کاتی خۆی لەموسڵ دەستی بەسەردا گرتبوو و پێیان وتم، رادەستی سوریام ئەکەنەوە.

بڕوام بەگوێی خۆم نەئەکرد. ئایا ئەکرێت دوای ١٢ مانگ زیندان کەپێموابوو کۆتایی نایەت ئازاد ببم؟

گەشتەکەم لەعێراقەوە بۆ سوریا بەهاوڕێیەتی دووپۆلیس بەسەربرد، سەعات ١٠ی شەو گەیشتمە وێستگەکە و ئەو دووپۆلیسەم لەگەڵبوو کە هاتبوون بەفەرمیی تەسلیمی سوریام بکەنەوە، ئاسایشی فەرەنسی و ئاسایشی سووری کەتازە پێکهێنرابوو، هەریەك لەلایەکەوە بۆم هاتن، لەکاتی کێبڕکێکەیاندا لەخۆمم پرسی:

-(کامیان، فرەنسییەکان یان سورییەکان لەگەڵ خۆیان ئەمبەن؟)

سەرەنجام چەند کارمەندێکی گەنج و ئازای ئاسایشی سوریا توانیان لەدەستی ئاسایشی فرەنسا دەرمبهێنن. دوای ئیمزاکردنی ئەو بەڵگەنامانەی دووپۆلیسە عێراقییەکە هێنابوویان، لێپرسراوەکەی ئاسایشی سوریا کە ئاسیاوی کاکم بوو هات لەگەڵم بۆ قامیشلی.

ئەوە بۆ من ئیمتیازێك بوو، چونکە بەپێی قانون ئەبوو راپێچی زیندانم بکەن، پێشئەوەی بمدەنە دادگە. بەتۆمەتی چوونەدەرەوەی ناقانونیی لەسوریا، بەڵام لێپرسراوەکەی ئاسایشی سوریا بڕیاریدا بمداتە دەست کاکم، بەرامبەر ئەو بەڵێنەی کەهەرکات پێویستی کرد بچمە بەردەم دادگە. (بانگکردنم بۆ بەردەم دادگە دوای ١٠ مانگ گەیشت و ئەوکاتەش بەرلێبووردنی گشتی کەوتم.)

نیوەشەوبوو کەگەیشتمە بەردەم ماڵی کاکم:

(سەرئەنجام هاتیتەوە؟.) کاکم بەهەناسە بڕکێوە، وتی:

-(هاتیتەوە بچکۆلەکەم، شکور زیندوویت، تووشی ئازارێکی گەورەتکردم، خوایە سوپاس بۆ تۆ.)

منیش کە خۆم گرتبوو تا فرمێسك لەچاوم نەیەتە خوارەوە پێموت:

-(بەڵێ، هەموو شتێك باشە و منیش ساغ و سەلامەتم.)

لەماوەی رۆژان و هەفتەکانی دوای ئەوەدا ماڵەکەمان پڕبوو لەهاوڕێیان و کەسانی نەناسراو کەزۆربەیان گەنج بوون و تامەزرۆی بینینی ئەو کەسەبون کە(لەتۆمەتی کوردپەروەریی رزگاری بووە) و (قوربانیی ئیمپریالیزمی ئینگلیزە).ئەمە ئەو رایەبوو کە دوای ١٢ مانگ بەندێتی لەبەندیخانەکانی عێراقدا لەسەرم دروستبوو بوو.

ئەو ئازارە جەستەیی و دەروونییەی کەچەشتبووم بەفیڕۆنەچوو، لەدڵی خۆمدا وام ئەوت،کاتێك گەلی کوردم بینی زیاتر چاوی کراوەیە و هەستیارە بەرامبەر بارودۆخی خۆی لەچاو رۆژانی رابردوودا.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٥دا سوریا لەرۆژانێکی سەختدا ئەژیا، چونکە سەرەڕای بەڵێنی سەربەخۆیی کە ساڵی ١٩٤١ فەرەنسییەکان دابوویان، ئامادەنەبوون وڵاتەکە بەجێبهێڵن، ولەبەرامبەر بەرگریی، لەسەرەتادا نهێنی و پاشان ئاشکرای گەلی سوریادا، فەرەنسییەکان پەنایان بردە بەرهێز و بەکارهێنانی سوپا و تەنانەت دیمەشقیش بۆردومانی ئاسمانیی کرا. لەقامیشلی چەندین خانوو بەتۆپ و چەکی قورس تەختکران. لەبالکۆنی ماڵە سێقاتەکەی راوێژکاری فەرەنساوە کەبەرزترین خانووی شارەکەبوو، مەترەلۆز تەقەی لەماڵی بەڕێوەبەری ناحیەکە ئەکرد کە خەڵکی سوریابوو. کاکم نەخۆشەکانی بەجێهێشت و رۆیشت بۆ فریاکەوتن و چارەسەرکردنی،منیش لەژێر بارانی گوللەدا لەگەڵی چووم. سوودمان لەنارامییەکی کاتی وەرگرت بۆئەوەی بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوین و بچینە ناوماڵی بەڕێوەبەری ناحیەکەوە. کەگەیشتین دەستبژێرێکی گوللە دای لەدیواری چێشتخانەکە، بەڕێوەبەر وەك گەڵای دار ئەلەرزی و لەیەکێك لەگۆشە بێترسەکانی هۆڵەکەیدا هەلکورمابوو، و سەرۆکە گەنجەکەی ئاسایشی سوریا بەدەمانچەیەکی ئۆتۆماتیکەوە پارێزگاریی ئەکرد. بەورتە ورتەوە وتی:

-(چاوتان لێیە چی ئەکەن؟)

کاکم دڵنیای کردووە و وتی:

-(فەرەنسییەکان چاك ئەزانن کە ناتوانن لەوەزیاتر بمێننەوە.)

پاش کەمێك وتی:

-(بڕوام پێبکە ئەم تووڕەبوونەیان دوا پەلەقاژەیە.)

لەڕاستیدا دوای ماوەیەکی کەم دەنگەکان ئارامبوونەوە و شەقامەکان لەخەڵك چۆڵبوون و وردە وردە کلینکەکەی کاکم پڕبوو لەبریندار.

دوای چەند رۆژێك چووم بۆ دیمەشق و لەوێوە بۆ بەیروت، چونکە بڕیارمدابوو درێژە بەخوێندن بدەم و ئەمویست وەك کاکم ببم بەپزیشك، بەڵام لەکۆتاییدا زانستە سیاسییەکانم هەڵبژارد.

کاتی خۆتۆمارکردن لەئەنستیتۆی زانستە سیاسییەکان و ئابووریی لەزانکۆی فرەنسی لەبەیروت لەخۆمم پرسی کە چۆن ئەتوانم یارمەتی گەلی کورد بدەم بۆ رزگاربوون لەچەوساندنەوە و زیللەت؟

هەلەکە زۆر دوانەکەوت، کە دکتۆر کامەران بەدرخان پێشنیازی بۆ کردم ببمە بێژەر لەبەشی کوردی رادیۆی بەیروت کە ئەوکاتە هێشتا دانەخرابوو. چونکە فرەنسییەکان سەرگەرمی کێشەی گەورەبوون، بۆیە چاودێریی سەر ئەو دەزگایە لاوازبووبوو و بواریان بۆ ئازادیی دەربرین رەخساندبوو.

لەمهابادی ئێران،کوردەکانی ئەوێ لەئامادەکاریدابوون بۆ راگەیاندنی فەرمیی کۆماریی دیموکراتی کوردی و لەکوردستانی عێراقیش ئینگلیزەکان خۆیان ئامادە ئەکرد بۆجەنگ دژی بارزانی و هێزەکانی. چالاکیی من وەك بێژەر تەنیا پێشکەشکردنی ئەو هەواڵ و رووداوانە نەبوو، بەڵکو لەبارەی مەسەلەی کوردەوە بەگشتیی،بەئاشکرا قسەم ئەکرد ودروشمی نیشتمانیی و شۆرشگێریم ئەخوێندەوە و بانگی کوردم ئەکرد بۆ راپەرین و هەستان و خەبات لەپێناوی مافەکانیاندا و بەگەرموگوریی ئەم ئەرکەم جێبەجێ کرد تا ئەو رۆژەی ساڵی ١٩٤٦، کە بەرپرسانی لوبنان دەستیانگرت بەسەر رادیۆی بەیروتدا و پەخشی زمانی کوردی راگیرا.

سەرەرای خوێندنی زانکۆ، قوتابخانەیەکی شەوانەم کردەوە بەمەبەستی فێرکردنی کوردەکانی بەیروت بەخوێندنەوە و نووسین بەزمانی خۆیان. ئەمە بەشێك بوو لەو کارەی لەساڵانی رابردوو دەستم پێکردبوو وتاساڵی ١٩٤٧ بەردەوامبوو. لەپایزی ئەو ساڵەدا لیسانسی زانستە سیاسییەکانم بەدەستهێنا و بریارمدا بچم بۆ سویسرا (بەهەشتی سەرزەوی)،بۆ ئامادەکاریی بۆ بروانامەی دکتۆرا. هەندێك لەو ژن و مێردانەی لەوێ خوێندبوویان هێشتا بیریان ئەکرد و ئەیانوت:

-وڵاتێکی ئارامە و میللەتێکی باش و دیمۆکراسیی هەیە.

منیش بیرم لەوەنەکردەوە کەئەو وڵاتەی بەشداریی شەڕناکات و زادگەی خاچی سوورە و ئەم شۆکۆلاتە بەلەزەتە بەرهەم ئەهێنێ، بێگومان ئەبێت وڵاتێکی خۆش بێت. بیرم لای ئەوەش بوو:

-بێگومان مرۆڤ ئەتوانێ لەو وڵاتە پێشکەوتووانەدا قسە لەسەر مەسەلەی کورد بکات و لەوانەشە سویسرییەکان بایەخ بەکورد بدەن و هەوڵی یارمەتیدانیان بدەن. لەوانەشە کارێك بکەن بۆ رزگارکردنی.

بەم هەموو هیوایەوە لەیەکێك لەرۆژەکانی پاییزدا بەتەنیا سواری کەشتی بووم لەبەیروتەوە بەرەو ئیتالیا و لەوێشەوە بۆ سویسرا.

سویسرا

- خوێندن لەزانکۆی لۆزان

- (دکتۆرا لەزانستەکانی کۆمەڵایەتیی و پەروەردە)

- چالاکیی لەپێناو مەسەلەی کورددا

- دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا

- یەکێتیی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا لەبەرامبەر پارتە کۆمۆنیستەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

- ئەنجامی کۆڕێکی هونەریی قەشەنگ لەبارەی نازم حیکمەتەوە

چەند رۆژێك دوای نیشتەجێ بوونم لەسویسرا، تێگەیشتم، ئەوکەسانەی شارەزای مەسەلەی کوردن،دەگمەنن و هەندێکیان شتێکیان لەبارەی(گەلێکی چیایی)جەنگاوەری سوارچاکەوە بیستووە، بەڵام زۆربەیان سەرسام ئەبن بەبیستنی باسی کورد و کوردستان.

-وتت تورکستان؟

-نا، نا، کوردستان.......بێ کۆڵدان وەڵامم ئەدانەوە

بۆناساندنی کورد و کوردستان پەنام ئەبردە بەرنەخشە زەمینییەکان، بەڵام بۆ رۆشنکردنەوەی رای گشتیی ناچاربووم پەنابەرمە بەر رۆژنامەکان و رادیۆی رۆماندی، ئینجا کۆنگرە میللییەکان. لەزانکۆش(ناوم تۆمار کردبوو لە کۆلێژی زانستەکانی کۆمەڵایەتیی وسیاسی بۆ بەدەست هێنانی دکتۆرا لەپەروەردەدا). پشووی نێوان وانەکانیشم ئەقۆستەوە بۆ گفتوگۆی گەرم لەگەڵ خوێندکاران و ئوستادەکان سەبارەت بەمەسەلەی کورد.

هاوینی ١٩٤٨ کە لەچیکۆسلۆڤاکیا وەك خۆبەخشێك لەتیپی سویسریدا کارم ئەکرد، هات بەبیرمدا لەرادیۆی پراگەوە باسی کورد بکەم، بەڵام چیکییەکان تووشی سەراسیمەیی و تۆقان بوون و بەساردیی وەڵامی دەستپێشخەرییەکەمیان دایەوە:

-بەرێز، بە هەڵە لەدەرگەت داوە!

وردە وردە راستییەکە لەبەردەمدا وەك رۆژی رووناك بەرجەستە بوو: نەچیکییەکان و نەسویسرییەکان،ئامادە نین کورد رزگاربکەن، بەڵام ئەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆنا؟

پایزی هەمان ساڵ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کۆبوونەوەکانی لە کۆشکی شایۆ بوو لەپاریس و وەك ئەندامێکی ئەو وەفدەی راسپێردرابوو یاداشتێك لەبارەی کوردەوە پێشکەشبکات،بڕیارمدا بەجیاجیا نێردراوەکان ببینم، بۆیە بەئۆقرەوە لەبەر دەرگەی

کۆبوونەوەکاندا چاوەڕێم ئەکردن. کۆپییەکی یاداشتەکەمانم دایە دیپلۆماتێکی دانیمارک و جەختم لێکردەوە مەسەلەی کورد بخرێتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان.

-دەقەکە ئەخوێنمەوە بەڵام بەگومانم بوار بدرێت بەباسکردنی ئەم مەسەلەیە....

ورەی خۆم لەدەست نەدا و بەردەوام بووم لەهەراسان کردنی نێردراوانی نەتەوە یەکگرتووەکان،بەڵام تەنیا کەس کەبەگەرمیی پێشوازیکردم نوێنەری یۆگۆسلافیا بوو کە وەك باڵیۆزی وڵاتەکەی لەلوبنان کاری کردبوو، بەسەرسوڕمانەوە ئاگای لەمەسەلەی کورد بوو!

-بەلگراد لەمێژووی خۆیدا شەش جار سووتێنراوە، ئەبینیت، ئەو رۆژەش دێت کەسەربەخۆیی کوردستان بێتە دی!

بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە.

هەربەهۆی قسەکانی ئەوەوە هەستم بەگەشبینیی کرد کاتێك بەرپرسی دیکیۆمێنتاریی نەتەوەیەکگرتووەکان بانگی کردم و پێی وتم:

-خۆت ئەزانیت قانونی نەتەوەیەکگرتووەکان رێنادات دەست وەردرێتە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ئەندامی رێکخراوەکە. کەواتە ناتوانین دەست وەردەینە کاروباری تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا، چونکە ئێوە بە شێوەیەکی فەرمیی تورك و عێراقی و ئێرانی و سورین. کاتێك ئەتانکوژن و قەڵاچۆتان ئەکەن، تورك و عێراقی و ئێرانی و سورییەکان لەوەڵامماندا ئەڵێن:مەسەلەکە پەیوەستە بەکاروباری ناوخۆوە و پەیوەندیی بەئێوەوە نییە. سەرەنجام بەداخەوە نەتەوەیەکگرتووەکان ناتوانێت هیچ بکات، بەڵام مادام دۆسیەیەکتان هەیە، هەوڵ بدەن بەپێی توانا بە بەڵگەنامە و راستییەکان دەوڵەمەندی بکەن، لەوانەیە رۆژێك بێت دۆخەکە بگۆڕێت.

لەوانەیە.... بەڵام لەلۆزان خەمی تر چاوەڕێی ئەکردین. هاوڕێیەکی کوردی عێراقمان تووشی گرفتی دارایی بووبوو چونکە حکومەتی عێراق کۆمەکی خوێندنی لێبڕیبوو.

لەوکاتەدا بیرۆکەیەکم هات بەمێشکدا کەهەموو خوێندکارانی کوردی ئەورووپا لە یەکێتییەکدا کۆبکەینەوە.

لەرۆژێکی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٩دا، ئەو شەش خوێندکارە کوردەی لەسویسرا بووین، لە لۆزان کۆبووینەوە و بڕیاری دامەزراندنی(یەکێتیی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا)ماندا، و داوامان کرد لەهەموو خوێندکارانی کورد لەئەورووپا بێنە ریزی یەکێتییەکەوە.ئێمەش بەڵێنماندا هاوکاریی هەڤاڵەعێراقییەکەمان بکەین بەوەی مانگانە چەند سەد فرەنکێکی پێشکەش بکەین. جگەلەوەش کۆنگرەی دامەزرێنەر لەلۆزان، منیان وەك سەرۆکی یەکێتییەکە دیاریی کرد و بڕیاریشیدا بڵاوکراوەیەکی مانگانە بڵاوبکاتەوە بەزمانەکانی کوردی و ئینگلیزیی و فەرەنسی،بەناوی(دەنگی کوردستان).

شەو ورۆژ سەرقاڵی نووسین و تایپکردنی وتارەکان بووم، پاشان کۆپی کردنیان. لەبەرئەوەی رێیان نەداین بڵاوکراوەکەمان لەسویسرا چاپ بکەین، یەکێ لەئەندامەکانمان لەپاریس ئەرکی چاپکردنی بەرۆنیۆ گرتەئەستۆ.

رۆژنامەکەمان کەسیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی زۆرەملێی بەرامبەر بەگەلی کورد لەلایەن تورکیا و عێراق و ئێران و سوریاوە لەقاو ئەدا، بەخێرایی هاوسۆزیی لاوان و خوێندکاران و میدیای دیمۆکراسیی بەدەست هێنا، هاوکاتیش بووە هۆی وروژاندنی رقی حکومەتەکانی داگیرکەری کوردستان و پارتە کۆمۆنیستە ستالینییەکان، کە بوختانی ئەوەیان ئەکرد، بوونی کۆمەڵەکەمان پێچەوانەی یەکێتیی چینی کرێکارە لەو وڵاتانەدا. لەوروانگەیەشەوە ئەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە. تودە(پارتی کۆمۆنیستی ئێران) ئەم ئەرکەی پێ سپێردرا و هەڤاڵانی پاریسمان کەئەندامی تودە بوون، بوون بە مقاشی ئەم کارە.

هاوکارێکی کوردمان لەپاریس، کە تائەوکاتە چالاکترین ئەندامی یەکێتییەکەمان بوو، ئەم قسەیەی دا بەڕووماندا:

-قسەکردن سەبارەت بەکوردستان، لەبارەی نەتەوەی کوردەوە، لەبارەی رابردوو و ئێستا و مافەکانییەوە، تەنیا دەربڕی شۆڤێنیی کوردە و لێرەوە دژی نێونەتەوەیی بوونی پارتە

کۆمۆنیستەکانە. بۆگرتنەدەستی کورسی دەسەڵات، پارتە کۆمۆنیستەکان پێویستیان بەکۆکردنەوەی هەموو ئەو کەسە یاخیانە بوو کە لەسنووری ئەو وڵاتانەدا ئەژین لە تۆپەڵە بیرکردنەوەیەکی تاکڕەوانەدا و هەرکات دەسەڵاتی گرتە دەست ئەوا بێگومان بنیاتێکی نەتەوەیی کوردی ڕەچاو ئەکات و پشتیوانییان ئەکەن بۆ بەدەست هێنانی مافە سروشتییەکانیان. بەڵام ئەمڕۆ قسەکردن لەوبارەیەوە ماقووڵ نییە.

ئەم جۆر بۆچوونانە بەلای منەوە ماقووڵ نەبوون چونکە یەکێتییەکەمان هەرگیز بانگەشەی ئەوەی نەکردبوو کەدروست بووە بۆ بینینی ڕۆڵی پارتێکی سیاسیی، بەڵکو بۆئەنجامدانی ئەرکێکی سەندیکایی و ڕووناکبیریی و سیاسیی.

یەکێتیی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، تەنیا هاوارێکی ئاگاهێنانەوە بوو و بانگێکی فریاکەوتن بوو لەبەردەم مەترسیی سەر بوونی گەلی کورد.

من لەگومانیش زیاترم هەبوو سەبارەت بایەخدانی پارتە کۆمۆنیستەکانی تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا بەمەسەلەی نەتەوەیی کورد، چونکە وێڕای پیاهەڵدانی بەنێونەتەوەییدا،کەچی خۆی گێل ئەکرد لەشۆڤێنیزمی زۆرینە لەو وڵاتانەی کوردستانیان پێوە لکێنرابوو، و تا ئەم ساتە هیچ پارتێکی کۆمۆنیستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەوێراوە ڕکوڕاست ڕای خۆی لەسەرکێشەی کورد رابگەیێنێت.

بەلای کۆمۆنیستە تورکەکانەوە کورد هەر نییە، بەلای کۆمۆنیستانی عێراقەوە کورد نەتەوە نین و تەنیا کەمینەیەکی ئیتنیکین. ئەندامانی تودەش، هەرچەندە دان بەبوونی کورد لەئێراندا ئەنێن، بەڵام بڕوایان وابوو کەهێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە بایەخییان پێ بدرێت و قسەیان لەسەر بکرێت. بە لای پارتی کۆمۆنیستی سوریاشەوە، کێشەی سەرەکیی لەکاتەدا مەسەلەی نەتەوەی عەرەب بوو،و ئەبێت کورد تایبەتمەندیی خۆیان لەبیر بەرنەوە، پێویستە لەسەریان بچنە ریزی پارتی کۆمۆنیستەوە و خەبات بکەن بۆ مەزنایەتی نەتەوەی عەرەب، هەروەك سەرۆکە کوردەکەی پارتی کۆمۆنیست، خالد بەگداشی دانیشتووی دیمەشق پەیڕەوی ئەکرد.

لەکاتی کۆبوونەوەیەکدا لە لۆزان سەبارەت بەچارەنووسی یەکێتییەکەمان، هەڤاڵە تودەییەکەمان زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێنا، بەڵام سەرەڕای ئەو ئەنجامەش کە لە بەرژەوەندیی مانەوەی ڕێکخراوەکەمان بوو، من پێشنیازم کرد بۆ ئامادەبوون هەڵیوەشێنینەوە، چونکە بەهۆی بێبەش بوونم لەیارمەتی ئەندامەکەی پاریسمان کە سەرقاڵی کارە تایبەتەکانی خۆی بوو، نەمئەتوانی تەنیاباڵ بەرپرسیارێتیی دەنگی کوردستان هەڵگرم.

دوای ئازاد بوونم لەئەرکەکانم وەك سەرۆکی یەکێتیی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا و سەرنووسەری دەنگی کوردستان، سەرەنجام کاتی پێویستم بۆ ڕەخسا بۆ بایەخدان بەخوێندنەکەم و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکەم، بەڵام بێ ئەوەی ببێتە ڕێگر لە قسەکردن لەبەرژەوەندیی کورد و دژی چەوسێنەرانی.

هەمیشە باوەڕم وابوو کە لێدوان لەبارەی کوردەوە بوونیان ئەسەلمێنێ لەچاوی کوێراند و زیانی بۆ مەسەلەکەیان نییە، هەربۆیە ساڵێك پێش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتییەکەمان وەڵامی ئەرێنیی بانگێشتێکی فێستیڤاڵ و کۆنگرەی لاوانی دیمۆکراتی جیهانم دابووەوە کە لەبۆدابست ئەبەسترا.

بەپێی لێکدانەوەی خۆم پێشبینیی ئەوەم کردبوو بوارێکی گونجاو بدۆزینەوە بۆ باسکردنی کێشەی کورد و بەدەستهێنانی هاوسۆزییان، بەڵام نوێنەرانی وەفدەکان و پارتە کۆمۆنیستەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کارێکیان کردبوو ئێمە پەراوێز بخرێین و ئامادەییمان نەبێت لەم خۆپیشاندانەدا، سەرەڕای ئەوەش توانیم ئامادەیی کورد بسەپێنم بەوەی بەرگی کوردیم لەبەرکرد و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری هەڤاڵاندا توانیمان چاو و سەرنجی فۆتۆگرافەرانی میدیا بەلای خۆماندا رابکێشین. بەشداریمان تەنیا لەلایەنی کەلتووریدا قەتیس نەبوو، بەڵکو لەرۆژی تایبەت بەدژایەتیی ئیمپریالیزم و لەبەردەم جەماوەرێکی پێنج هەزار کەسیدا، شیعرێکم خوێندەوە کە بۆ مستەفا بارزانیم نووسیبوو و رۆژی دواتر

لەرۆژنامەکانی مەجەردا بڵاوکرایەوە. ئەوەی بەتایبەت هەستی بزواندم، ئەوبایەخە تایبەتە بوو کە سەرۆکی لاوانی دیموکراتی جیهان، (گی بواسۆن) ی فەرەنسی پێیدابن، کە هیچ شتێکیشی لەبارەی کوردەوە نەئەزانی.

بێنەوبەرەیەکی توند دروست بوو لەنێوان ئێمە و رێکخراوە چەپەکاندا کەدوای ماوەیەك وەك کەسێکی بێزراو و بەکرێگیراوێکی تێکدەر تەماشایان ئەکردم، لەگەڵ ئەوەشدا بەپشتیوانی پارتە چەپەکانی ئەمێریکای لاتین توانیم بەشداری کۆنگرەکە بکەم. هەرچەندە نوێنەری شاندی سوریا هەوڵیدا رێگریی بکات لەپێشکەشکردنی راپۆرتەکەم، بەڵام من هەر سووربووم، وێڕای ئەو سازشەی رێکخراوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەپاندیان بەسەرماندا کە پێویستە بەناوی (کورد)ەوە قسە بکەین.

ئاشکرا بوو گەر بەناوی (کوردستان)ەوە قسەم بکردایە، ئەوا حکومەتەکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەرەکۆنەیەکی توندی پارتە چەپەکانی خۆیانیان ئەکرد.

دوای چەند رۆژێك لەوە، بەخت زیاتریش یاوەرم بوو، کە پێش نوێنەرانی سوریاو ئێران و عێراق و ئەوانی تر گەیشتمە بارەگەی ئەنجومەنی جیهانیی خوێندکاران لەسۆفیا، و توانیم قایلیان بکەم بەوەی خۆم وەك نوێنەری کوردستان پێشکەش بکەم. چ سەرکەوتنێکە! چەند شادمان بووم کاتێك رێی گەڕانەوەم بەرەو سویسرا گرتەبەر!

مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٠ و دوای ئەوەی تریستان تزارا کۆمیتەی ئەورووپای دروست کرد لەپێناو ئازادکردنی نازم حیکمەتی بەسێدارە حوکمدراو، کە ١٣ ساڵ بوو لەکونجی زینداندا بوو، تیمی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیی زانکۆی لۆزان کەخۆشم یەکێك بووم لەئەندامەکانی، رایسپاردم وتارێك بخوێنمەوە لەو کۆڕە پشتیوانییەدا کە بۆ ئەو شاعیرە گەورەیەی تورك رێك ئەخرێت. دیارە خۆشم زۆرم پێخۆش بوو قسە بکەم لەسەر ئەو شاعیرە خۆشەویستەم و خوێندنەوەی هەندێك لەشیعرەکانی و هاوکات لەقاودانی رژێمی دیکتاتۆریی تورکیا لەو بۆنەیەدا.

بانگەوازی کۆڕەکەی سەبارەت بە نازم حیکمەت لە کۆلێژ و خوێندنگە و زانکۆکان هەڵواسرا و بڵاوکرایەوە، بەڵام خوێندکارانی تورکی شەیدای ئایدۆلۆژیای ئەتاتورك کەژمارەیەکی زۆریان لە لۆزان بوون کەوتنە خۆ بۆتێکدانی کۆڕەکە، و بەرپرسی خوێندکارانی تورك -کەدواتر ئەبێتە راگری کۆلێژی مافەکان لەئەستەنبوڵ- پێش ئەوەی سەرەی قسەکردنم بێت هەستا و ناڕەزایی دەربڕی لە دەستێوەردانی من. رووی دەمی کردە ئامادەبووان:

-نورەدین بۆی نییە هێرش بکاتە سەر تورکیا.

بەڵام (فۆدوا)کە سەرۆکایەتیی کۆڕەکەی ئەکرد دەمکوتی کرد:

-نورەدین زازا ئەم ئێوارەیە لەسەر داوای ئێمە قسەئەکات و دوای تەواوبوونی وتارەکەی گفتوگۆ ئەکرێت. ئەگەر پرسیار یا تێبینیت هەبوو ئەو کاتە ئەتوانیت پێشکەشی بکەیت.

بەرپرسەکەی خوێندکارانی تورك بێدەنگ بوو. کاتێك ویستم بەرەو تریبۆنەکە بڕۆم ژمارەیەك خوێندکاری تورکم بینی کە شووشەی بەتاڵی کۆکاکۆلا بەدەستەوە لێم نزیك ئەبنەوە. بەڵام خوێندکارە ئەمێریکییەکانی سەرپەرشتیاری هۆڵەکە ناچاریان کردن لێم دووربکەونەوە. و وازیان هێنا بەناشتیانە وتەکەم پێشکەش بکەم. بەڵام دواتر کردیان بەهەراو هۆریا لای خوێندکارە جوولەکەکان، کاتێك بەخوێندکارێکی جوولەکەدا هەڵشاخان کەلەبارەی ڤێتنامەوە قسەی ئەکرد:

-دەمت داخە! تۆی جوولەکە بۆت نییە لێرەدا قسە بکەیت.

لێرەدا بەرپرسی خوێندکارانی تورك رووگیربوو لەبەردەم کاردانەوەی ئامادەبوواندا بەتایبەت ئیسرائیلییەکان:

-هاوڕێکانم ببوورن، خۆتان ئەزانن وڵاتەکەمان پەیوەندیی گەرمی هەیە لەگەڵ ئیسرائیل، و جوولەکەش لەتورکیا بەهاووڵاتیی تەواو دائەنرێن.

لیفی، خوێندکار- سەربازی پەیکەر سەربازیی وەڵامی دایەوە:

-بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ ئەزانین. بەڵام لەئێستا بەدواوە کەرێتیی وانەکەن!

دوای ئەو رووداوە چاوەڕێی ئەوەبووین خوێندکارانی تورك خێرا هۆڵەکە بەجێبێڵن، بەڵام دیار بوو هێشتا وازیان نەهێناوە، بۆیە سەرۆکی دانیشتنەکە ناچار بوو زووتر کۆڕەکە تەواو بکات.

نزیکەی مانگێك دوای ئەو کۆڕە پۆلیسی فیدراڵ کە بەتایبەت بۆ ئەم مەسەلەیە هاتبوون بۆ لۆزان بانگیان کردم و لێکۆڵینەوەیەکی درێژ و توندیان لەگەڵ کردم.

بەسەرسووڕمانەوە لەپۆلیسەکانم پرسی:

-بۆ ئەم هەموو پرسیارەم لێ ئەکەن؟!

-ئێمە لەسەرداوای باڵیۆزی تورکیا لێکۆڵینەوەت لەگەڵ ئەکەین، چونکە هەڕەشەی کردووە، گەرتۆ لەسویسرا بمێنیتەوە،هەموو خوێندکارە تورکەکانی لۆزان ئەکێشنەوە.

دوای چەند مانگێك پۆلیسی سویسرا فەرمانێکیان دامێ کەلەماوەی ١٥ رۆژدا سویسرا بەجێبهێڵم، سەرەرای رێنەدان بەگەڕانەوەم پێش تێپەڕبوونی دووساڵ. لەگەڵ ئەوەشدا بەهەوڵی دۆستیکی پارێزەری بەوەفا، قایلبوون بە درێژکردنەوەی وەرزانەی مانەوەم تاکۆتایی خوێندن و هەموو جارێك ئەبوو چاوەڕێی رەزامەندیی بێرن بکەم لەکاتێکدا تا رووداوی کۆڕەکەی سەبارەت بەنازم حیکمەت، هەرێمی فۆد مۆڵەتی مانەوەی ساڵانەی نەدامێ.

لێکۆڵینەوەکەم لەشالێ یەکی بچووکدا تەواو کرد لەناوچەی دیابلرێ، و لێیەوە رۆژانە ئەو چیایانەم ئەبینی کە کوردستانیان بیرئەخستمەوە. هەر لەوێش ئاشنای بەرهەمە گەورەو جوانەکەی نووسەری چیکیی (فۆجیك) بووم:(نووسراو لەژێر سێدارەدا) یاداشتیی تایبەتیی، کەلەوانەشە ئیلهام بەخشم بووبێت. لەوێوە وام هاتە بەرچاو، کە زۆر دواکەوتووم لەوەی کارێك بکەم بەسوودی کورد و کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێمەوە سوریا. هەرواشم کرد.

لەیەکێك لەرۆژانی کۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٥٦ دا سویسرام بەجێهێشت و کەشتییەك لە(باری)یەوە بردمی بۆ(بەیروت)، و دوای ساڵانێکی دوور و درێژی دووریی بەدیداری کاکم و ئەو هەڤاڵە کوردە وەفادارانەم شاد بوومەوە کە لەقامیشلی یەوە هاتبوونە پێشوازیم، لەبەرئەوەی بڕوانامەی دکتۆرام بەدەست هێنابوو لەزانستی پەروەردەییدا لەزانکۆی لۆزان،ئەبوو هەڵگری ئەم نازناوە زانکۆییە کاربکات بۆ گۆڕینی دۆخی کورد لەسوریا و رزگارکردنیان لەمەینەتیی و تەنگانە و بێبەشییەکانیان و یارمەتیدانیان بۆ بەدیهێنانی ئاواتە بەرزەکانیان.

هەر لەگەڵ دابەزینم لەکەشتییەکە، تێگەیشتم لەوەی کوردانی سوریا چاوەڕوانییەکی زۆر و بێگومان زۆر زۆریان لەمن هەیە.

ئاخۆ ئەتوانم، لەخۆرهەڵات، و لەماوەی مانگەکان و ساڵانی داهاتوودا کارێك بکەم کە نائومێدیان نەکەم؟

ئایا دۆخەکە بوارم ئەداتێ ئەو بیرۆکانەم جێبەجێ بکەم کە تێکەڵاوبوونم لەگەڵ سیستەمی دیمۆکراسیی سویسرا لای درووست کردووم؟

سوریا لەسەردەمی عەبدولناسردا

- کورد بەرامبەر بەعسی و کۆمۆنیستەکان

- دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لەسوریا

- گیران

- زیندان و ئەشکەنجە لە حەڵەب و دیمەشق

- سوودی کۆنترۆڵ کردنی دەمارەکان

- داواکاریی سەربازیی داوای سزای لەسێدارەدان ئەکات
که دوایی ئەکرێت بەساڵێك زیندان

- بەهۆی داوا جیهانییەکانەوە

لەماوەی نێوان بەجێهێشتنی وڵاتەکەم بۆ ئەوروپا و گەڕانەوەمدا، گۆڕانکاریی گرنگ لەهەموو بوارەکاندا لەسوریا روویاندابوو.

ساڵی ١٩٥٤ و دوای زنجیرەیەك کودەتای سەربازیی یەك لەدوای یەك کە (حوسنی زەعیم) لەساڵی ١٩٤٩ دا سەرەتاکەی کردبووەوە، بۆرژوازییی لەگەڵ سوپا ئاشت بوو بووەوە بۆ ژیاندنەوەی سەرلەنوێی دیمۆکراسیی پەرلەمانیی بەهەموو جۆرەکانییەوە و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی لەدابینکردنی(ئازادی)دا.

ماوەیەکی زۆری پێنەچوو کۆمپانیا بەشدارە هاوبەشەکان کەنەرمییان ئەنواند بەرامبەر چینی هەژار،قەوارەیەکی چاوەڕوان نەکراویان وەرگرت، فراوان بوونی مەزن و بێوێنەی کشتوکاڵی پەموو،بووە پاڵنەری پێشکەوتنی پیشەسازیی رستن،هەروەك بڵاوبوونەوەی کشتی چەوەندەر بەرهەمهێنانی شەکری بەدوای خۆیدا هێنا و لەماوەی چەند ساڵێکدا سوریا بووە وڵاتێکی گەورەی ناردنە دەرەوەی گەنم و جۆ و لۆکە. وردە وردەش خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و زانکۆ وای لێهات هەموو چینەکانی کۆمەڵ بگرێتەوە.

لەبواری دابونەریتەکانیشدا گۆڕانەکان بەرچاو بوون، بۆنموونە لەساڵی ١٩٤٧دا جگە لەگەنجان زۆرینەی هەرەزۆری بۆرژوازیی شارەکان کەشخەییان بەلەسەرکردنی (تەربوش)ەوە ئەکرد، کەچی لەساڵی ١٩٥٦ دا ئەم کڵاوە، بێزراو و مایە گاڵتەجاریی بوو و خەڵك راهاتبوون سەر رووت بێنەدەرەوە. (قەمباز)یش ئەو پۆشاکەی پێشەکەی کراوەبوو و لەسەر ناوقەد بەقایشێکی پان ئەبەسترا و بەزۆریی خاوەن کۆگە و پیشەوەرانی گەڕەکە کۆنەکان ئەیانپۆشیی، بووبووە شتێکی نایاب. گۆڕانەکە بەشێوەیەکی قووڵتر بواری پۆشاکی ژنانی گرتبووەوە، چونکە کاتێ من کۆچم کرد ٩٩٪ی ژنانی موسڵمانی شارەکان بەچارشێوەوە ئەهاتنە دەرەوە، کەچی دوای نۆ ساڵ بەدەگمەن ژنێکی بەچارشێوت ئەبینی.

هاوشانی ئەم گۆڕانکارییانە، سوپا کە زیاتر لە ٥٠٪ی بودجەی نیشتمانیی لوش ئەدا، زەبەلاح بوو بوو و لەسوپایەکی بچووکی پێکهاتوو لەو بەکرێگیراوانەی فرەنسییەکان دوای خۆیان جێیان هێشتبوو، بووبووە سوپایەکی نیشتمانیی بەفەرماندەیی کادرانی هەلقەلاو لەبۆرژوازیی بچووکی دێهات کەبەگشتیی سیاسێنرابوون و کاریان ئەکرد لەبەرژەوەندیی ئەوپارتانەی بانگەشەی یەکێتی عەرەبیان ئەکردو کەوتبوونە کەلکەڵەی یاخیبوون و سەرکێشیی (دۆن کیخۆت)ییانە. بۆیە ساڵی ١٩٥٨ (عەبدولناسر) ئەم هەستەیانی قۆستەوە و وەك دیارییەك لەسەر سینییەکی زێڕین وەریگرت.

لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە، پێنەچوو گەورەترین گۆڕانکاریی لە(جەزیرە) روویدابێت، چونکە بەهۆی پشتبەستنی دەرەبەگەکانی کورد و عەرەب، کەخاوەنی زۆربەی زەوییەکان بوون، بەهەرچی زیاترو زیاتری میکانیکی کردنی کشتوکاڵ، بەشێکی زۆری جووتیار و کرێکارە کشتوکاڵییەکانیان، کەهەموویان کورد بوون، ناچار بووبوون بەرەو شارەکان کۆچ بکەن و هەندێکیان بووبوونە کۆڵهەلگر و هەندێکیان کرێکاری خانووسازیی و هەندێکیش خۆیان فێری فیتەریی کردبوو، یا بەختی خۆیان لەبواری بازرگانیی و کاسپی تردا تاقی کردبووەوە. بیری نەتەوەیی کورد لەنێو ئەو جووتیارە یاخی و دوورخراوانەدا، ناوەندێکی ئەونەیی بۆ بلاوبوونەوە دۆزیبووەوە.

پارتی کۆمۆنیست،کەدوای جەنگ خەباتی کردبوو دژی حکومەتەکانی بۆرژوازیی نزیك لەئەمێریکا، و پاشان دژی رژێمە سەربازییەکانی جێگرەوەیان کەهەمان ئاراستەیان گرتبوو، لەوکاتەدا لوتکەی سەروەریی و گەشەکردنی خۆی بەسەرئەبرد، بەجۆرێك، سکرتێرەکەی، خالید بەگداشی، ستالینیی کەلەرەق، کەخاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و وتاربێژێکی ئازا و بەهرەدار بوو و ئەیزانی چۆن جادووییانە سەرنجی جەماوەر بەلای خۆیدا راکێشێت،لەهەڵبژاردنەکانی١٩٥٤دابەئەندامی پەرلەمانی سوریا هەڵبژێردرابوو و توانیبووی کاربکاتە سەر سەرەك وەزیرانی ئەودەمە، خالید ئەلعەزەمی بۆرژوازیی لیبراڵ،

بەرادەیەك كەهانی دابوو بۆ پەیڕەوكردنی سیاسەتی دۆستایەتیی و هاوكاریی لەگەڵ یەكێتیی سۆڤیەت، كەچەندین ڕێكەوتنی ڕووناكبیریی و ئابووریی لێكەوتەوە و سەرەنجام فراوانتر بوو و هاوكاریی تەكنیكیی و سەربازیشی گرتەوە. ساڵی ١٩٥٦ ئەفسەرانی سۆڤیەت بەبەشداریی ئەفسەرانی سوریا دەستیانكرد بەڕێكخستنەوەی سوپای سوریا تاگەیشتە ئەوەی بڕێكی زۆری چەكی سۆڤیەتی ڕژایە سوریاوە.

لەودەمەدا پارتێكی سیاسیی هەوڵی ئەدا ڕووبەڕووی جەماوەرێتیی پارتی كۆمۆنیست بێتەوە، ئەویش پارتی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیست بوو، دامەزرێنەرەكەی كە ڕووناكبیری كریستیان (میشێل عەفلەق) بوو،بەوەناسرابوو كەساڵانی ١٩٣٩- ١٩٤٥ پێش جەنگ و دوای جەنگ بانگەشەی بۆنازییەكان ئەكرد.

ئەوكاتە باوەڕی بەعسایەتی، پێشوازیی نەئەكراو قبووڵ نەبوو، جگە لەناوەندی خوێندكارانی دواناوەندیی و خوێندكارانی سەر بەچینی بۆرژوازیی دێهاتیی بچووك و ئەفسەرانی سەر بەهەمان ناوەندی كۆمەڵایەتیی،و بێجگە لەهەندێك كادری باوەڕدار بەبیری بەعس، ئەوا چینی كرێكار بێزاریی و قێزی خۆی لەم پارتە دەرئەبڕی. چونكە وێڕای ئەوەی بەهەموو توانای خەبات و جەختی كردبوو بۆئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانییەكان لەكاتی دیاریكراوی خۆیدا لەساڵی ١٩٥٧ دا و بەشێوازێكی تەواو شەرعیی، كەچی كاتێك باوەڕی بەوە هێنا كەبەختی لەبردنەوەدا مسۆگەر نییە، هەموو شتێكی كرد لەپێناوی دواخستنیدا و ئینجا كەوتە كاركردن بۆ ئەوەی سوریا بكەوێتە ژێر دەسەڵاتی سەركوتكەری ناسرەوە.

بەڵام پێش ئەوەی سەرۆك قایل بێت بەسەرۆكایەتیی میسر و سوریای یەكگرتوو لە(كۆماری یەكگرتووی عەرەب)دا،چەند مەرجێكی مەحاڵی دانا،لەوانە هەڵوەشاندنی هەموو پارتە سیاسییەكان. بەعسییەكان خێرا قایل بوون بەمەرجەكان، لەبەرامبەردا پارتی كۆمۆنیست بەتەواویی كۆنترۆڵی میسری لەسەر سوریا ڕەتكردەوە و كاتێك پەرلەمان بانگ

کرا بۆدەنگدان لەسەر پرۆژەی سوری-میسری، تەنیا دوو ئەندام پەسەندیان نەکرد: خالید بەگداشی کۆمۆنیست(کەدوای ئەوە بەماوەیەکی کورت چوو بۆ مۆسکۆ) و خالید ئەلعەزەمی سەرەك وەزیران، کە بەمانەوەی لەسوریا خۆی خستە بەر هەڕەشە و سوکایەتیی ئەو(فەرمانداره نازییانه)ی ناسر سەپاندنی.

لەو دەمەدا کۆمۆنیستەکان بەرۆژانێکی رەش و قێزەوندا تێپەڕین و ژمارەیەکی زۆریان گیران و خرانە ژێرئەشکەنجەی سەدەکانی ناوەڕاست ئاساوە کەبووە هۆی مردنی هەندێکیان و ئەوانەشی دواتر لەزیندان ئازاد بوون پاشماوەی ژیانیان بە کەفتەکاریی بەسەر برد.

کوردەکانی سوریاش،لەلایەکەوە کەوتنە بەردەم هەڕەشە و دژایەتیی و ئەو ململانێیەی نەتەوەپەرستیی پارتی بەعس سەپاندبووی بەسەریاندا و لەولاشەوە بینیان پارتی کۆمۆنیستی بەقسە (نێونەتەوەیی)، لەراستیدا رۆڵی پارێزەری نەتەوەی عەرەب ئەبینێت. لەناوەندی کوردەکاندا بەرگریی لەبنەمای هاووڵاتیی بوونی جیهانیی نەکرد و ئەوکوردەی ببوایەتە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی سوریا، ئەبوو بڵاوکراوەکانی بەزمانی عەرەبی بخوێنێتەوە. هۆشیاریان ئەکردەوە لەمەترسییەکانی ئیمپریالیزم کەهەڕەشەیە بۆسەر جیهان و داوای کۆمەکیان لێئەکرد بۆگەلی جەزائیر کەلەگەڵ فرەنسا لەجەنگدا بوو و پێشنیازیان بۆ ئەکرد ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە یا خۆی بەکوشت بدات لەسەر سنووری سوریا-ئیسرائیل، لەبەرامبەردا نابێت داوای هیچ شتێك بۆگەلەکەی خۆی بکات! لەبری ئەوەی سڕینەوەی کەلتووریی پەیڕەو کراو دژی کوردی قوربانیی راگرێت، چ لەسوریا یا لەتورکیا و عێراق و ئێران، کەچی گەر تەنیا پرسیارێکی لەوجۆرەت بکردایە راستەوخۆ وتوند تۆمەتی(شۆڤێنیستیی نەتەوەیی) و (لادانی ئایدۆلۆژیی)یان ئەخستە پاڵت.

لەبەرئەوەی هیچ پارتێکی سیاسیی لەسوریا نەبوو بەنیاز بێت بوونی کوردی بەردەوام چەوساوە رەچاوبکات،بیرمکردەوە کاتی ئەوەهاتووە رێکخراوێك پێکبهێنرێت کەرێیان بدات ناسنامەی خۆیان بپارێزن و گەشەی پێبدەن، بەرەو زەمینە خۆشکردن بەرەو

ئازادبوونیان لەچوارچێوەی وڵاتی سوریادا. خوێندکارانی ئامادەیی و خوێندکارانی دیمەشق و تیکۆشەرانی دێرین و مەلاکان و دەرەبەگ و جوتیارانی سادەی دێهاتی ناوچەکوردییەکەی سوریا جەختیان لێکردم بۆبەجێگەیاندنی ئەوپرۆژەیە. بۆیە وێڕای پابەندییەکانم وەك ئوستادی پەروەردە و کۆمەڵایەتیی لەزانکۆی دیمەشق، دەستمکردە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەبۆ ئەمەش (جەلال تاڵەبانی) یارمەتی دام، کە یەکێك بوو لەدیارترین بەپرسەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق، و ئەوددەمە پەنابەری سیاسیی بوو لەسوریا. پێکەوە کەوتینە لێکۆڵینەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پارتەکەی و ئینجا بەراوردمان کرد لەگەڵ دۆخی کورد لەسوریا و سەرەنجام لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٧ دا(خەونەکە)هاتەدی و(پارتی دیمۆکراتی کورد لەسوریا)بوو بەراستیی،کەئامانجەکانی بریتیی بوو لەبەرگریکردن لەناسنامەی نەتەوەیی کوردی سوریا و داواکردنی مافە کەلتووریی و ئیدارییەکانیان (لەچوارچێوەی سیستەمێکی دیمۆکراسیی بۆ هەموو وڵاتەکە).

ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی دیمۆکراتی کورد لەگەڵ ئامادەبوونی دەقە قانونییەکان، کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەری کاتییان هەڵبژارد وەك دەستەی باڵا کەبەرپرسیارێتیی پارتی لەئەستۆبگرێت تا بەستنی کۆنگرە و منیش هەڵبژێردرام بەسەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کورد. دەستەی بەڕێوەبردن هەڵبژێردراو کەوتە وەرگرتنی ئەندام.لەماوەیەکی کورتدا و سەرەڕای لەبێژنگ دانێکی توند لەوەرگرتندا،ژمارەیەکی زۆر هاتنە ریزەکانییەوە،ئینجا بەنهێنیی دەستماندایە چاپکردنی بڵاوکراوە بەزمانی کوردی، هاوکات بەزمانی عەرەبیش بۆهۆشیارکردنەوەی کورد و ئاگاکردنیان لەدۆخی کورد بەگشتیی، بەتایبەت لەناوچە کوردییەکانی سوریا، وێڕای دۆخی وڵاتانی عەرەب و جیهان بەگشتیی.

ئێمە دژی یەکگرتنی سوریا بووین لەگەڵ میسر بەوشێوازەی ناسر سەپاندبووی و کەوتینە لەقاودانی لەبڵاوکراوە و بەیانەکانماندا و ئەو لێکۆڵینەوە ئابوورییەی لەبارەی سوریاوە پێشکەشم کرد دوای کۆنترۆڵی سوریا لەلایەن میسرەوە، بووە مایەی ئەوەی ئەندامانی پارتەکەمان بەڕوونیی هۆکارەکانی لکاندنی سوریا لەلایەن میسرەوە ببینن.

وردموردە دەسەلاتی میسر بەشێوەیەکی زەق دەرکەوت و نارەزایی سەریهەلدا.

لەئەنجامی کارەساتی ئابووریی و پەنابردنی (عەبدولحەمید سەڕاج) بۆ ئەو دەسەلاتە توندوتیژەی بەسەر سوریادا سەپێنرابوو و سەرتاسەری ولاتی گرتبووەوە، میسریی و هاوکارەکانیان زۆڵانە بەدوای قۆچێکی قوربانیدا ئەگەڕان بۆ جلەوکردنی گیانی یاخیبوونی روو لەگەشەو ئەمەشیان لەگەلی کورددا دۆزییەوە،بەتایبەت پارتی دیمۆکراتی کورد و کەوتنە تۆمەتبارکردنی بە (خۆفرۆشی) و (تێکدەران لەبەرژەوەندیی بێگانە) و (جودایی خوازان کەهەولئەدەن بەشێك لەخاکی سوریا دابڕن وبیلکێنن بەولاتێکی بێگانەوە).پێشتر پێیانئەوتن خەلکانێکی میللیی کە بەعەرەبکردن قایل نین،ئێستا تۆمەتی(بەکرێگیراوانی هێزە بیانییەکانی دوژمنی عەرەبایەتی)یان دانە پال.

کاتێك هەوالی ئەوە گەیشتە دەزگای لێکۆلینەوە(مباحث)، کەکوردی سوریا دژی سیاسەتەکانی ناسرن و لەبارەی چالاکییەکانی پارتەکەمانەوە زانیارییان پێگەیشت، سەرەنجام دوای ماوەیەکی کەم توانییان دەستبگرن بەسەرهەندێك لەبلاوکراوەکانمان و ئاشکراکردنی ناوی هەندێك لەئەندامانمان، تەنانەت دیاریکردنی ناسنامەی بەرپرسانی کۆمیتەی بەرێوەبەریی حەلەب و پاش چاودێرییەکی چەند مانگە، لە١٥ ی ئابی ١٩٦٠ دا دەستگیریان کردن و راپێچیان کردنە ژێرزەمینەکانی ئەشکەنجەدان لەگەرەکی جەمیلیەی حەلەب و سێ شەو و سێ رۆژ ئەشکەنجەیان دان بەفەلاقە.

یاساولەکان هێندە گوریسەکانیان توندئەکرد تانەچەقییە گۆشتی قاچییانەوە و قامچییەکانیش پێیانی کردبوو بەتۆپێکی بەشێوەیەکی ناماقوول هەلتۆقیو ،جگە لە شەقی پۆستالەکانیان کەبەردەوام شلکوتی سەر وسك وئەندامەکانی زاووزێی هەڤالانمانیان ئەکرد، بەخێرایی شەکەتیان کردن و گیانی بەرگریی هەندێکیانیان تێکشکاند و پەیوەست بوونیان بەپارتی دیمۆکراتی کوردی سوریا و ناوی هەندێك لەهەڤالەکانیان درکاندبوو.

دەزگای لێکۆلینەوە شاگەشکە بووبوو بەدۆزینەوەی (قۆچە ونبووەکە)، کەهۆکاری هەموو مەینەتییەکانی ولات بوو! و کەوتە دواکەوتنمان و لەچەند رۆژێکدا زیاتر لە پێنج

هەزار کەسیان لەسەرتاسەری سوریادا دەستگیر کرد، کەمنالی تەمەن ١٢ تا ١٥ سالیشیان تێدابوو. ناویان تۆمارکردن و ئەشکەنجەیان دان و پاشان زۆربەیانیان ئازاد کرد.

سەبارەت بەخۆم ، لە ٨ی ئابی ١٩٦٠ دا دەستگیریان کردم.

من لەئەنجامی ئەو رێوشوێنە رەگەزپەرستییەی بەرامبەر بەکەسانی ناعەرەب لەزانکۆ پەیرەو ئەکرا، وازم کارەکەم هێنابوو لەکۆلێژی پەروەردە و کۆمپانیایەکی بازرگانیی دەرمانم دامەزراندبوو بەبەشداری نوێنەرانی نزیکەی ١٠شاری سەرتاسەری وڵات.

بەیانی رۆژی ٨ ی ئاب، وەك هەموو رۆژێك سەعات ٨ چووم بۆ ئۆفیسەکەم، و نزیکەی سەعات ١٠، کاتێك بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ پزیشکێك ئەکرد، سێ پیاوی کەتە بەبەرگی سڤیلەوە خۆیانکرد بەئۆفیسەکەمدا. یەکێکیان کەلەسەرۆکیان ئەچوو بەکەشوفشێکەوە لیی پرسیم:

-تۆ دکتۆر نورەدین زازایت؟

-بەڵێ.....بەهێمنی وەڵامم دایەوە، بەڵام هەستم بە تەزوویەك و لەرزەیەکی هەراسانکەر کرد لەپشتمدا.

وتی:

-ئێمە دەزگای لێکۆڵینەوەین...تەلەفۆنەکەت دابنێ و وەرە لەگەڵمان.

پێموت:

-ئەتوانم بەڵگەنامەکانتان ببینم؟

-ئێستا کاتی ئەوەمان نییە و بەزووترین کات ئەیبینیت. ئۆتۆمبیلەکەمان چاوەڕێتە.

بەڵام چونکە من جەختم کردەوە کەدڵنیابم سەربە هەواڵگرین، یەکێکیان کەتەمەنی ٣٠ سالێك ئەبوو و پێستێکی ئەسمەر و دەموچاوێکی ئاوساوی پێوەبوو، ناسنامەکەی دەرهێنا، ئیتر ناچارم بووم دوایان کەوم، لەگەڵ ئەوەشدا داوام لێکردن بوارم بدەن هەندێك رێنمایی بدەمە هاوبەشەکەم و چەند تەلەفۆنێکیش بکەم.

-چەند خولەکێکت ئەدەمێ تا هەندێك پارە بێنیت و هیچی تر.

لەرێی ئەو هەڤاڵانەمەوە کەپێشتر گیرابوون و ئازادی کرابوون، ئەمزانی باشتر وایە کەللەرەقی لەگەڵ ئەو پیاوانە نەکەم، کەبەتایبەت هەڵبژێردراون بەهۆی بەهێزیی و کورت بینیی و دڕندەییانەوە،بۆیە چەندسەد لیرەیەکی سوریم هەلگرت و دوایانکەوتم.

ئۆتۆمبیلێکی(فۆکس واگن)م بینی لەبەردەرگەی تەلارەکەمان، کەشۆفێرەکەی ئێمەی بینی بەپەلە دەرگەکانی کردەوە. کاتێك ئۆتۆمبیلەکە لای راستی گرت، دڵنیابووم راستەوخۆ راپێچی زیندانی سەربازیی(مەزە)م ئەکەن.ئەو زیندانەسەربازییە ترسناکەی بە (باستیلی سوریا) ناسرابوو. ئۆتۆمبیلەکە بەبەردەم ئامادەیی لۆجستیدا تێپەڕبوو وپێچی کردەوە بۆلای چەپ و رێگەی دیمەشق-بەیروتی گرتە بەر، کەهەر ئەیبردینەوە بۆ(مەزە). بەڵام کەئاراستەی ناوەندی شاری گرتەبەر هەستم بەدڵنیایی و هاوکات نیگەرانی کرد و لەخۆم پرسیی ئاخۆ بۆ کوێم ئەبەن؟! بۆ کۆشکی دادوەریی لای دادوەریی لێکۆڵینەوە، یا بۆ بەندیخانەی ناوەندیی، قەڵا کۆنەکەی سەڵاحەدین، یا بۆ ئۆفیسەکەی عەبدولحەمید سەڕاج؟

کە لەپردی ڤیکتۆریا پەڕینەوە ئەگەری دوایی زیاتر پێشبینیی کراوبوو، بەڵام هەرکە لەئۆتۆمبیلەکە دابەزین دەرکەوت من هەڵەم و لەجیاتی ئەوەی رووبکەینە سەرا، بردیانە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پۆلیس، بەرەو نوسینگەکانی و زیندانی راگرتنەکەی کەدیوارەکانی بەردین و ئەستوور بوون و شیشەکانی زەبەلاح. لەوێش دایانمە دەست دووخەتدار(عەریف)ێکی پۆلیس و زەرفێکی زەردیان دایە دەستی ولەدۆسیەیەکی بچووکدا ئیمزایان پێکرد. کاتێك پاسەوانە(فریشتەییەکانم) جێیان هێشتم، پۆلیسەکە، بەبەرگیی فەرمییەوە و نزیك لەپایزی تەمەن،بەزەردەخەنەیەکی بەسۆزەوە تەماشایەکی کردم:

-بەدەموچاوتدا لەترسناك ناچیت بۆیە ناتپشکنم، بەڵام زۆر بەداخەوە ناچارم بەندت بکەم.

دوای بێدەنگ بوونێکی کورت بە تۆنێکی باوکانەوە وتی:

-گوێ مەدەرێ، زۆر لێرە نامێنیتەوە....

پاشان دەستی برد بۆ هێشوویەکی گەورەی کلیل کەبە قایشەکەیدا هەڵواسرابوو و کەمێك دەرگە قورسەکەی زیندانی کردەوە، و خۆم لەرێرەوێکی تەسکدا بینییەوە کەئەبڕوانی بەسەرقاوشەکاندا. ئەوژوورەی بۆمنیان دانابوو دووجێخەو وپەنجەرەیەکی پچکۆلەی بەرزی تیابوو. عەریفەکە کەسمێڵێکی زلی پێوەبوو، پێش داخستنی دەرگاکەبەزاراوەیەکی دیمەشقیی نایاب پێیوتم کە ئەگەر ویستم نان بخۆم، ئامادەیە حەزم لەچی بێت لەچێشتخانەیەکی نزیکی گرتووخانەکە بۆم بهێنێت، بەڵام وەڵامم دایەوە کە برسیم نییە....ئەویش کلیلە زلەکەی لە قفڵەکەدا بادا و لەژوورەکەدا بەجێیهێشتم،کەسەرەڕای خۆری گەشی سەر شووشەی پەنجەرەکە بەئەستەم رووناکیی تیابوو.

هەستمکرد بەگرژبوونی گەردنم وتاڵیی لەقورگمدا وئازار لەگورچیلە و برِبڕەی پشتمدا، وەك ئەوەی گیرەیەکی زەبەلاح لەنێوان ددانەکانیدا بمگوشێت و بیەوێت ناوقەدم بپلیشێنەتەوە. تۆبڵێیت ئەم هەستە، ترسی زۆرم بێت لەتاریکیی ژووری زیندانەکە یا هەست کردنە بەرووداني کارەساتێکی گەورە؟ تۆبڵێیت هی ئەوە بێت کەبیرنەکەمەوە ئەمجارە لەم قۆرتە رزگارم نابێت، یاهەست کردنە بە نەنگیی؟

بیری زۆر هاتن بەمێشکمدا و بوونە هۆی گرژبوونی ماسولکە و دەمارەکانی جەستەم، بێگومان دڵنیا بووم گیرانەکەم پەیوەندیی پتەوی هەیە بەپارتی دیمۆکراتی کوردی سوریاوە، بەڵام هیچم نەئەزانی سەبارەت بەچارەنووسی هەڤاڵان و نیگەرانیان بووم، هەرچەندە هاتنی هەواڵیان زۆری نەخایاند.

پاشنیوەرۆ لەدرزی دەرگەی هۆڵێکی گەورەوە کەپڕبوو لەبەندیی، سەری (عوسمان سەبری)م بینی، ئەو تێکۆشەرەی لەشەستەکانی تەمەنیدا بوو و بەشداری دامەزراندنی

پارتی دیمۆکراتی کوردی سوریا و ئەندامی دستەی بەڕێوەبەریی کاتیی بوو. ئەوەم لاگەڵاڵە بوو،ی دەزگای لێکۆڵینەوە هەڵمەتێکی پشکنینی ئەنجامداوە و گەلێك لەهەڤاڵانانی دەستگیر کردووە.

نزیکی سەعات ٩ی شەوی یەکەم ڕۆژی گیرانەکەم، پۆلیسەکانی بەیانی هاتن بەدوامدا و بردیانم بۆئاپارتمانەکەم و کەوتنە پشکنینی، هەرچەند بەتووڕەییەوە زۆرگەڕان بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە ببێتە مایەی تێوەگلانم، بۆیە دیسان بەهەڵچوونەوە خستمیانەوە ناوفۆکس واگنەکە وبردیانم بۆئۆفیسی سەرەکیی هەوالگریی لەبناری شاخی(قاسیون) و یەکێك لەفەرماندە گەورەکانیان پێشوازیی کردم و دوای چەند خولەکێکی کەم فەرمانی دا بمبەن بۆ ئۆفیسەکەی خۆم.

لەوێش هەمووکاغەز و کتێب وبەڵگەنامەکانیان دابەسەریەکدا، ئەیانویست بەڵگەیەکی تێوەگلانم بدۆزنەوە، تەنانەت ناو مقەبا و قتووی دەرمانەکانیش گەڕان، بەڵام بێسوود بوو، لەبەرئەوەی شتێکیان بۆ نەدۆزرایەوە تووشم کات، سەرۆکەکەیان ئاوڕی دایەوە بۆ دەستوپێوەندەکانی و بەتۆنێکی دەستکردی مانادارەوە وتی:

-پێم نەوتن هەر بەوشێوەیە ئەبێت کە دیومانە؟ ناتوانین هیچ بەڵگەیەکی تێوەگلان لای سەرکردەی ڕێکخستنە نهێنییەکان بدۆزینەوە و ئەبێت لای دەستوپێوەندەکانیان و سەرکردەکانی خوارەوە بۆی بگەڕێین، وەك ئەوەی لەحەڵەب کردمان.

ئەم وشانە هێنامییە سەرهێڵ(خەت) و ئەومەتەڵەی بۆ ئاشکرا کردم کەلەبەیانییەوە سەرسامی کردبووم.دیارە هەندێك لەوهەڤاڵانەمان کەدەستگیرکراون، دەمرەشیی (ئیعتراف)یان کردووە....

نزیکی سەعات ١١ی شەو بردیانمەوە بۆ بەندەکەم و سێ شەوی لێمامەوە لەسەر جێگەیەکی تەختەی بێ ڕاخەر و پێخەو، ڕۆژی چوارەم لەگەڵ عوسمان سەبری گوێزرایەنەوە بۆ حەڵەب.

سەرنجمدا ژێرزەمینەکەی موخابەرات لەوێ لەبیر قووڵ ترەو هەستم کرد ٥٠ پلیکانەیەك چوومە خوارەوە. لەناوەوە پێکهاتبوو لەنیو دەرزەن قاوشی جەنجاڵ. ئەندامانی پارتیمان کەزۆربەیان گەنج بوون،هەوڵیانئەدا بەرووەمدا بخەنن و هەندێکیشیان شادمانیی راستەقینەی خۆیان دەربڕی وەك ئەوەی گەیشتنی من مزگێنی بەهاناوەچوونیان بێت لەم دۆزەخە،هەندێکیشیان بەتوندی سەریان بائەداو دەستیان کردبووەوە بەرەو بنمیچەکە، وەك ئەوەی بڵێن:

-بۆ تووڕتان داینە ئەم قۆرتەوە؟!

نەمتوانی کەسیان بدوێنم چونکە لەراڕەوەکەوە راستەوخۆ چوومە ئۆفیسی ئەفسەری لێکۆڵینەوەوە.

ئەفسەرێکی گەنج بەربەرگی فەرمیییەوە، کەبەکەشخەییەوە دوو ئەستێرە بریقەدارەکەی سەرشانی پیشان ئەدا، هاواری کرد:

-ئاه...ئەوە دکتۆر خۆیەتی! سەرنجام کەوتە بەردەستمان!

پێنج یاساوڵی قامچی بەدەست وەڵامیان دایەوە:

-بەڵێ، کاتێك نەتەوەی عەرەب خەبات ئەکات لەپێناوی یەکێتیی مەزنی خۆیدا و لەچەندین بەرە لەجەنگدایە، کەچی ئێوە پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیی ئەنجام ئەدەن و لەپشتەوە خەنجەرمان لێئەدەن و لەرێکخراوێکدا یەکئەگرن کەهەوڵ ئەدات بۆ دابڕینی بەشێکی خاکی کۆماری یەکگرتووی عەرەب بۆئەوەی بیلکێنن بەوڵاتێکی کوردی، وڵاتێکی بێگانەوە!

وەڵامم دایەوە:

-بەڵام ببوورە ئەفسەری بەڕێز، تۆمەتەکانتان لەراستیدا هیچ بنەمایەکی نییە و هەموو ئەوەی ئێمەئەیکەین کاردنەوەیە بەرامبەر سیاسەتی شۆڤێنیی بەعسانەتان بەرامبەر گەلی کورد لەسوریا و نەتەوەی کورد بەگشتیی. سەرۆك ناسر رۆژانە عێراق و

ئێران و تورکیا تۆمەتبار ئەکات بەدژایەتیی کۆماری یەکگرتووی عەرەب، بەڵام هاوکات بەردەوامە لەچەوساندنەوەی کورد. گەر سەرۆك ناسر بەڕاستیی ئەیەوێت وەك ئەڵێت، ڕوویەڕووی سیاسەتی(دژەعەرەب) بێتەوە بەتایبەت سەبارەت بەتورکیا و ئێران، ئەوا ئەبێت لەگەڵ کورد هاوپەیمانیی بکات و ئاڵای برایەتی کورد و عەرەب بەرز بکاتەوە و بەهیچ شێوەیەك دژایەتی کورد نەکات.

ئەفسەرەکە ڕوویکردە پیاوەکانی و وتی:

-نا ؟! بینیتان دکتۆر لەچ سووچێکەوە قسەمان لەگەڵ ئەکات؟! باشە لەوبارەیەوە لەگەڵ بەرپرسەکانم قسەئەکەم و تائەوکاتەش بیبەنە ژوورێکی چەپەك و پێویستییەکانی نووسینی بدەنێ و فەرمانی پێبکەن راپۆرتێك لەسەر پارتی دیمۆکراتی کورد لەسوریا بنووسێت و تیایدا ناونیشانی هەموو ئەندامەکانی دیاری بکات.

پێم وت:

-تەنیا بۆتان ڕوون ئەکەمەوە پارتی دیمۆکراتی کوردی سوریا چییە و بۆ دامەزراندووە، بەڵام ئەندامەکانی، بەهیچ شێوەیەك هیچیان لەبارەوە نازانم.

لەبری ئەوەی ملکەچی فەرمانەکانیان بم، گوێمدایە دەنگەدەنگی ناو گرتووخانەکە، و گوێم لێبوو یاساوڵەکان لەگەڵ نەجەتێکۆشەرەکانمان ئەخوڕن تا دانپیانانی تەواو بنووسن و بیدرکێنن کەلەڕیزی پارتی دیمۆکراتی کوردی سوریادان و لایەنگری هێڵی سیاسیی ئەو پارتەن و ناوی هەڤاڵ و لایەنگرەکانیان ئاشکرا بکەن. لەنەڕەنەڕ و هەڵچوون و جنێودان و هەڕەشەی یاساوڵەکانەوە لەوەگەیشتم، کەبڕوا بەقسەکانیان ناکەن:

-هیچ شتێکمان لێ مەشارنەوە،ئەگینا ئێسکتان ئەهاڕین و واتان لێئەکەین لەژێر زەمینەکانی (مەزە)دا بۆگەن بکەن!

دوای ئەوەی زانیان قیژەقیژەکەیان کاریگەر نییە،دەستیاندایە ئەشکەنجەی جەستەیی، گوێم لەدەنگی بێکۆتایی زللە و قامچییەکانیان بوو، کاتێك لەوەش نائومێد بوون

یاریدەدەری سەرۆکی ژێرزەمینەکە بەیاساوڵەکانی وت برۆن فەلاقە بهێنن، ئەم ئامرازە دڕندانە و کۆنەی ئەشکەنجە، گیراوەکانی هێنایە گریان و هاوار لەئازارەکانیان، بەڵام نەیتوانی قسەیەکی تریان لێدەربهێنێت:

-ئێمە ئەندامی پارتی دیمۆکراتی کوردی سوریاین و لایەنگری سیاسەتەکانین، بەڵام داوای هیچی ترمان لێمەکەن و دەستدرێژیی مەکەنە سەرمان.

-ناو....ناو...ناو...یاریدەدەرەکە بەهەڵچوون و لووتبەرزیی و بەدخولقییەوە ئەیقیژاند بەسەریاندا.

-ئاە؟ ناو ئاباشە پێتان ئەڵێین.... ئەشکەنجەدراوەکان ئەیانوت.

دوای چەند خولەك گوێم لێبوو یاساوڵەکان لەتووڕەییدا ئەتەقینەوە:

-بەڵام ئەمە ناوی ئەوانەیە کە پێشتر دەستگیرمان کردوون و لەبەردەستماندان! ناوی هاوکارەکانتان بڵێن کەلەدەرەوەی زیندانن، بە ڕیشمان مەخەنن سەگبابانە!

گیراوەکان وەڵام ئەدەنەوە:

-ئێ ئێمە ناوتان ئەدەینێ و ئێوە هەر جنێومان پێئەدەن! بەڕاستی نازانین لەسەر کام قاچ هەڵپەڕین!

یاریدەدەرەکە پێش ئەوەی لەپیاوەکانی بخوڕێت تائەم گەنجە کەللەرەقانە بەرنەوە بۆ قاوشەکانیان، ڕوویکردە گیراوەکان و پێی وتن:

-ئەم ئێوارەیە فێری سەماتان ئەکەم!

ئەم هەڕەشەیە نیگەرانی کردم و دڵمی گوشی،ولەخۆم ئەپرسی، ئاخۆ ئەو ئەشکەنجەیە چییبێت کەپەنای بۆبەرن تابەندەکان ناچاربکەن ناوی ئەندامانی پارتیمان ئاشکرابکەن؟

کاتێك پاسەوانەکان دەرەنگانێکی پاشنیوەڕۆ، لێیان پرسیم داخۆ پارەم پێیە و حەزم لێیە خواردنم بۆ بێنن، لەخۆوە وەڵامم دانەوە:

-نا، نا....

سەعات ٩ی هەمان شەو لیوتینانت(ملازم) یەکەمەکە، لەگەڵ پیاوێکی بچکۆلەی لاوازی پەنجاساڵەی دەموچاو داقوپاوی روومەت چرچی قژ رووتاوە، گەڕایەوە. ئەو ترسەی بەرووخسارییەوە دیاربوو و جلە شیتاڵکراوەکانی و دەموچاوی ئاوساوی، نیشانەی ئەوەبوو ئەشکەنجەدراوە.

دوای ئەویش بەماوەیەکی کەم (کەنعان عەگید) هات ژوورەوە، ئەو گەنجە کوردە چوارشانەیەی خەڵکی قامیشلی، بەمشتی نوقاوەوە بۆم خەنییەوە، هەرچەندە سیمای ماندوو و شوێنەواری لێدان بەئاشکرا بەجەستەیەوە دیاربوو.

ئەفسەرەکە قیژاندی:

-کەنعان! ئەم بەیانییە دڵنیابووین کەجەستەت بەرگە ئەگرێت و نە قامچی و نەفەلاقە ناتوانن ناچاری دەملێدان(ئیعتراف)ت بکەن. بەڵام ئێستا بەوهێزەی خۆت یارمەتیمان ئەدەیت بۆناچارکردنی ئەم دوژمنە نەگبەتەی لەبەردەمدا هەڵئەلەرزێ. کوڕە پانزە ساڵەکەی هەڵاتووە بۆ فەلەستینی داگیرکراو. ئێمە ئەو هەواڵەمان بیستووە، بەڵام ئامادە نییە ئەو تۆڕەمان بۆ ئاشکرا بکات کەیارمەتی داوە لەدەربازکردنی کوڕەکەی لەحەڵەب و لەم وڵاتە. گەر توانیت بەهێزی بازووەکانت ئەو نهێنییەی پێ بدرکێنی، ئەوا داوای هیچی ترت لێناکەین و وازت لێدێنین بچیتەوە ناو کەسوکارت. یاڵا دەی! خۆت بدە بەسەریدا و دەست لەهیچ شوێنێکی مەپارێزە، تا ئەو رێگە و ئامرازانە ئەدرکێنێ کە هاوکارییان کردووە بۆ دەربازکردنی کوڕەکەی بۆ لای زایۆنییەکان.

کەنعان لەجێی خۆی نەجوڵا،بەڵکو بەبەزەییەوە تەماشای رووخساری ئەوپیاوە هەژارەی ئەکرد کە پەلەقاژەی ئەوەی بوو دەموچاوی لەناو شان و قۆڵیدا بشارێتەوە، بۆ پاراستنی لەو زەبرانەی پێی وابوو کەنعان تێی ئەسرەوێنێ.

ئەفسەرەکە بەتووڕەییەوە نەڕاندی بەسەر کەنعاندا:

-ئەوە چییە کەنعان؟! چاوەڕێی چیت تا دەست پێبکەیت؟ گوێت لێم نییە؟!

کەنعان بەهێمنیی وەڵامی دایەوە:

-باش گوێم لێت بوو، بەڵام هیچ هۆیەك نابینم بۆئەوەی خۆم بەم بەسەر پیاوێکدا لەتەمەنی باوکمدا کە هیچ ئازارێکی نەداوم. پیاوێك کەخۆی خەریکە لار ئەبێتەوە.

-من فەرمانت ئەدەمێ کە هێزی بازووت بخەیتە گەڕ تا ئەم نیشتمان فرۆشە، ئەم زایۆنییە چەپەڵە، کوڕی قەحبەیە بهێنێتە قسە.

لاوە کوردەکە وەڵامی دایەوە:

-گەر حکومەتەکانی یەك لەدوای یەك، مرۆڤانە لەگەڵ جولەکەکانی سوریا رەفتاریان بکردایە، ئەودەم هەستیان ئەکرد هاونیشتمانیی راستەقینەن و بیریان لەوە نەئەکردەوە ژیانیان بخەنە مەترسییەوە تا لەم وڵاتە هەڵێن.

ئەفسەرەکە لێی راپەڕیی و نەڕاندی:

-چۆن ئەوێریت بەرگریی لە زایۆنییەکان بکەیت و وانەی سیاسیمان فێربکەیت؟! بەم قسە زلانەت ئامانجە راستەقینەکانی خۆت و پارتی دیموکراتی کوردی سوریامان بۆ ئاشکرا ئەکەیت. ئێوە ئەتانەوێت پارچەیەکی خاکی سوریا دابڕن و بیلکێننە ئەو وڵاتەی ئاواتتانە درووستی بکەن. کەواتە ئێمە راست ئەکەین کە کورد بە(ئیسرائیلی دووەم) ئەشوبهێنین و ڕێوشوێنی پێویست ئەگرین بۆ فلیقاندنەوەی هەوڵەکانتان، کەهێشتا گەرایە.

دوای کەمێك نەڕاندی بەسەرماندا:

-ئێوەش، ئەبینن چۆن ئەتوانین دەمی ئەم دووبەرازە زایۆنییە بکەینەوە، ئەم کوردە و ئەو جولەکەیەش.

دووان لەپیاوانی ئەفسەرەکە هەریەکەیان لەسەرێکی ڕاڕەوەکە وەستا،ئەفسەرەکە فەرمانی دا بەکوردەکەو جولەکەکە کەبەئاڕاستەیەکی جیاواز بەرەو لای برۆن، ئەوانیش ملکەچی فەرمانەکەی بوون، لەوێدا لۆزەنەرەکان قامچییەکانیان بەرزکردەوە و کەوتنە لێدانی سەر و دەموچاو و گەردن و مل و سنگ و قۆڵیان. ئەشکەنجەدراوەکان تەنیا یەك

ڕێگەیان لەبەر بوو بۆ خۆ دەربازکردن، ئەویش راکردن بوو بەرەو ئەوبەر کە لۆزەنەرێکی تر چاوەڕێی ئەکردن و قامچییەکان توندتر جستەیانی ئەگەست.

ئەم دیمەنە زیاتر لە بیست خولەکی خایاند و سەرەنجام جولەکەکە لچی قاش بوو و خوێن فوارەی بەست و تێکەڵاو لەگەڵ خوێنی لووتی بە ڕیشیدا ئەهاتە خوارەوە و کراسە شیتاڵ و پانتۆڵەکەی خوێناوی کرد و زەوی ڕاڕەوەکەی سوور کرد. ئەو پیاوە پیرە تەواو کەنەفت بوو و بەناستەم ئەیتوانی بجووڵێ، ناوچاوانی قاش بوو و هەموو دەمووچاوی تێك شکا و پێستی لاملی داماڵرا.

پاشان کاتێك ئەفسەرەکە باوەڕی هێنا کەئەم لێدانە گرێی زمانی ئەکاتەوە، دیمەنی ئەشکەنجەکەی ڕاگرت و لەجولەکەکەی پرسی:

-ها، ئیلیاهۆ، چاوەڕێی روونکردنەوەی تۆم لەسەر چۆنییەتی راکردنی کوڕەکەت. پێنج خولەکت ئەدەمێ تا بیربکەیتەوە و دوای ئەوە شێوازی توندتر بەکاردێنم تا قسەبکەیت.

ئیلیاهۆ وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو بەساردییەکەوە سەیری خوێنەکەی خۆی ئەکرد کە زەوییەکەی سوور کردبوو. پێنج خولەك تێپەڕی و ئەفسەرەکە چاودێریی کاتژمێرەکەی ئەکرد، بەتووڕەیی و دان جیڕکردنەوە پێی وت:

-هیچوپوچ گاڵتەت بەو دواهەلە هات کە پێم بەخشیت. تۆ مردنت پێ باشترە، باوابێت ئەوا سزات ئەدەین بە مردن!

دوو لۆزەنەر کەتا ئەو ساتە لەسایەدا بوون، ئیلیاهۆیان پاڵخست و وەك کیسە لمێك بەزەوییەکەدا پانیان کردەوە و بە پێلەقە کەوتنە لێدانی سەر و سنگ و سێبەندە و سکی ئەو نەگبەتە، کە بەبێدەنگی و خەمساردییەکی مەزنەوە خۆی لەبەردەم زەبری پۆستاڵەکاندا ڕاگرتبوو. لێدانەکە ڕاگیرا و ئەفسەرەکە لە ئیلیاهۆ نزیك بووە و لێدانی دڵی پێوا و پێڵووە داخراوەکانی هەڵبڕی.

ورتەیەکی لەگەڵ یاریدەدەرەکەی کرد:

-هەر ئێستا تەلەفۆن بکە بۆ بنکە و پێیان بڵێ یەکسەر برینپێچێك بنێرن.

فەرمانی بەپیاوەکانی دا بمانبەنەوە بۆ ژووری زیندان و تەنیا کەنعان کە خوێنی لێ ئەڕۆی و ئیلیاهۆی لەهۆش خۆچوو لەدەرەوە بێڵنەوە.

بەدرێژایی شەو چاوم لێك نەنا، بۆ ڕۆژی دوایی زانیمان کەنعان و ئیلیاهۆ، کە دۆخی تەندروستیی،موخابەراتی نیگەران کردبوو، براون بۆ نەخۆشخانەی سەربازیی حەڵەب.

-ها، ئەی ڕاپۆرتەکەی تۆ دکتۆر؟

لەراپۆرتەکەدا نووسیبووم:

((پارتی دیمۆکراتی کوردمان لەسوریا دامەزراند، چونکە لەساڵی ١٩٤٩ وە حکومەتە سەربازییە یەك لەدوای یەکەکان دیمۆکراسییان لەسوریا ژێرپێ ناوە و وردە وردە مافەکانی کوردیان سڕیوەتەوە، لەساڵی ١٩٥٥ بەدواوە کاربەدەستانی وابەستە بە شۆڤینیزمی بەعسەوە کەوتنە شکاندنی(کاسێتەکانی) مۆزیکی کوردی لەچاپخانە و چێشتخانەکانی ناوچە کوردنشینەکەدا و ئەو کوردانەشی تاوانبار کرد کەکتێبی کوردییان پێ نەگیرا، و ئەیخستنە زیندانەوە. یەکێتیی میسر لەگەڵ سوریاش نەك ڕێگریی نەکرد لەم قەڵاچۆ کەلتوورییە، بەڵکو مامەڵەی فاشییانە و سەرکوتکەرانەی زیاتر چەسپاند. ئەمڕۆکە یەك ئەفسەری کورد لەسوپادا نەماوە و یەك کارمەندی دیاریش لەبەڕێوەبردندا نییە، نەمامۆستا و نەپۆلیسی کورد لەناوچە کوردییەکاندا نەماون. ئێستا ئیتر ناوێرین بەزمانی خۆمان بدوێین و ئایندەی تاریکمان هانی یەکگرتنمان ئەدات. ئەم هۆیانە هاندەربوون تا پارتی دیمۆکراتی کوردیی لەسوریا درووست بکەین)).

دوای خوێندنەوەی(داپیانانەکەم)ئەفسەرەکە سەری لەقاند و هەراسانیی پێوە دیاربوو.

-جگە لە هەڵبستن و تۆمەتی درۆ هیچت نەنووسیوە. ئەمانەوێت لایەنی تێکدەرانە و دژە عەرەبی چالاکییەکانت بدرکێنیت. ئەمانەوێت دەم بدەی لەوانەی هاوکارتن و تاوانەکەت بسەلمێنیت. وا نەبێت دادگەکانمان ناتوانن بتبوورن.

بەجەختەوە پێم وت:

-یەك وشە لەراپۆرتەكەم ناگۆڕم و هیچیشی ناخەمەسەر.

لەكاتێكدا ئەیویست بەخێسە بمترسێنێ، وەلآمی دامەوە:

-ئەیبینین!

فەرمانی كرد بمبەنەوە بۆ ئەو ژێرزەمینە بۆگەن و چەپەك و پڕ سیسركەی پێی ئەڵێن ژووری زیندان.

درەنگانێكی هەمان رۆژ ئەفسەرەكە دووبارە بانگی كردم و بەڵگەنامەیەكی بەدەستەوە بوو كەبەرۆنیۆ چاپ كرابوو و پرسیاری ئەوەی كرد كەئایا من نووسیومە. چاوێكم پیاخشاند و بینیم تەرجەمەی كوردیی بەشێكی كتێبكی ئینگلیزییە بەناونیشانی (Kurdistan dividid Country).

بەرەقی پێی وتم:

-ئێمە دڵنیاین كەتۆ ئەم دەقەت نووسیوە، لەبەر ئەوە نكۆڵیی لەم راستییە مەكە.

-ئەزانم بابەتەكە چییە و بەهیچ شێوەیەك مەبەستم نییە لەوبارەیەوە چەلەحانێ بكەم، بەڵام لەراستیدا نازانم هۆی ئەم بایەخەتان بەو دەقە چییە؟

- ئەم نووسینە ئامانجەكانت ركوڕاست روون ئەكاتەوە. ئەمڕۆ تەنیا داوای هەندێك مافی كەلتووریی و ئازادیی دیمۆكراسیی ئەكەیت. ئەمەش تەنیا قۆناغێكی ستراتیژەكەتە و لەگەڵ بەدیهاتنی ئەوئامانجە،ئەوا لەهەموو ئەوولآتانەی بەقسەی ئێوە گوایە(كوردستان)یان لەبن دەستدایە، هەوڵ ئەدەن بۆ بڕینی قۆناغی دووەم و بەدیهێنانی خەونەكەتان و درووستكردنی كوردستان. بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجەش بەشێك لەسوریا یاباشتر بڵێم لەكۆماری یەكگرتووی عەرەب دائەبڕن، بۆ لكاندنی بەو ولآتەی بەنیازی درووستكردنین. بابزانیت هەڵگرتنی ئەم بیرانە و هاندانی خەڵك بۆ بەدیهێنانی، لێپرسینەوەی قانونیی هەیە و لەوانەیە بەوهۆیەوە توندترین سزا بدرێیت.

-جەنابی ئەفسەر، مەسەلەکە لەوە سادەترە. چونکە یەکەم ئەو دەقەی وەك تاوان سەیری ئەکەیت تەنیا تەرجەمەیە و ئامادەم ئەو کتێبەت بۆ بهێنم کە لێوەی وەرگیراوە، پاشان ئەم دەقە بەفراوانیی بلاْونەکراوەتەوە. بێگومان یەك کۆپی زیاترتان بۆنادۆزرێتەوە، ئەویش لای (رامز حۆرۆ)، بەرپرسی حەلەبمان، یەکەم کەس کەلەلایەن فەرمانگەکەتانەوە دەستگیرکرا و ئەشکەنجە درا. ئەم دەقە بەهیچ شێوەیەك ناشێت ببێتە تۆمەتێك دژمان و من خۆم هەموو ئەنجامەکانی لەئەستۆ ئەگرم.

ئەفسەرەکەبەبێزارییەوە وتی:

-حوکمەکە پەیوەستە بەدادگەوە، سەبارەت بەمنیش گونجانێکی تەواو ئەبینم لەنێوان ئامانجەکانتان بۆ دروستکردنی ولاْتێکی گەورەی کورد و رەفتاری پارتەکەتان، ئەگەرنا پێم نالێیت چۆن سەرباز و پۆلیس لەرێکخراوەکەتاندان؟

وەلاْمم دایەوە:

-وەك خۆم، وەرگرتنی ئەندام ئەرکی من نییە، گەرنا بێ هیچ دوودڵییەك سەربازم وەرئەگرت وەك ئەندامی پارتی دیمۆکراتی کوردی سوریا، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش‌هەموو پارتە سیاسییەکان ئەوەیان کردووە و ئەیکەن. ئێ سەربازانی کوردیش کاتێك ئەبینن هاوکارەکانیان ئەچنە ریزی ئەوپارتانەی بانگەشەی شۆڤینیزمی عەرەبی ئەکەن،لەخۆرا یابەهاندان،بەدوای رێکخراوێکی کوردیدائەگەرێن کەتوانای رووبەڕوو بوونەوەی فاشیزمی عەرەبی هەبێت.

ئەفسەرەکە بەسەرسامییەوە قیژاندی:

-تۆ ئاگات لەدەمتە چی ئەڵێیت؟ نەتەوەپەرستیی عەرەب بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیی بەفاشیزمەوە نییە.

-نەتەوەپەرستیی، بەدروشمی یەکێتیی عەرەب کەبەعس بانگەشەی بۆ ئەکات و ناسر ئەمرۆ جێبەجێی ئەکات، چ نییە جگە لەفاشیزمێکی رووت، چونکە هەوڵئەدات بۆ

تواندنەوەی ئیتنیك و میللەتە بچووکەکانی تر کە لەجیهانی (بەناو عەرەبی) دا ئەژین، ئەگەرنا، ئەی بۆکورد،بەتایبەت،خراوەتە ژێرسیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی زۆرەملێ وجیاکاریی. خۆشتان ئەزانن کەکوردێك هەرهێندەی بلێت کوردم و بانگەشەی ئەوە بکات کەگەلی کورد مێژوو و کەلتووری خۆی هەیە، لەسوریا بەتاوان دائەنرێت.

ئەفسەرەکە وتی:

-ئەی بەلێ، گەر بانگەشەی ئەوەتان کرد کەسەر بەمیلەتێکی تایبەتن، ئەکەونە بەر لێپرسینەوەی قانون کەبەتوندیی جیاکاریی رەگەزیی سزا ئەدات، لەکاتێکدا سوریا ولاتێکە کە تەنیا عەرەبی تیا ئەژی.

-ئەی ئەمەرەوایی دان نییە بەقەلاچۆکردنی رەگەزیی،بەواتا فراوانەکەی دەستەواژەکە؟

-ئەوە لەدادگە روون بکەرەوە. کاری من ئەوەیە لەئامانج و چالاکییەکانی تۆ ئاگاداریان بکەم.

لێکۆلینەوە لەگەلْ بەندییەکانی تر بەردەوام بوو، سەرەڕای ئەشکەنجە و سوکایەتیی و هەڕەشە هیچیان لێ هەلنەکرێنرا. کاتێك دەزگای لێکۆلینەوە هیچ بەلگەیەکی تاوانباریی دەستنەکەوت،بڕیاری ئازادکردنی بەشێکی هەڤالانمانیاندا کەهەندێکیان گەنجی تەمەن بیست سالْ کەمتر بوون و تەنیا ٣٢ بەندییان هێشتەوە.

رۆژی شەشەم ڕێیاندام لەژوورەکەم بێمەدەرەوە و تێکەلاوی بەندییەکانی تر ببم.

زۆربەی تێکۆشەرەکانمان لاو بوون، رەشید حۆرۆ، بەرپرسی پارتی لەحەلەب، پێکانی ئاوسا بوون و هەردووقاچی پێچرابوون و بەئاستەم ئەیتوانی سەرپێکەوێ، دەموچاوی زۆربەشیان ئاوساو و شین بووبووەوە، لەنێوانیشیاندا کەنعان، برۆی دووڕابووەوە و دووپەنجەی لەگەچدا بوون. بەقسەی ئەو برینپێچانەی سەروکاری ئیلیاهۆیان کردبوو، ئەونەگبەتە هێشتا بێهۆش بوو.

دوای ئەوە بەپانزە رۆژ گوێزراینەوە بۆ زیندانی سەربازگەی حەلەب کەدیواری بەرز دەوری دابوو و بەسەر شارەکەدا ئەیڕوانی، ئەو زیندانە لەقەلایەکدا بوو و خزاندیانینە

چەندژوورێکی تاریك وشێدار وبۆگەنەوە و هەر چوارپێنجێکیان فڕێداینە ژوورێکەوە. خۆشبەختانە رۆژانە،بەیانیان وپاشنیوەڕۆ رێیانئەدایین بچینە حەوشەکە،بەمەش بواری هەناسەدانێکمان هەبوو.

پاش چەند رۆژێکی کەم سواری چەند ئۆتۆمبیلێکی سەربازییان کردین و راپێچی شاریان کردین بۆبەردەم فەرمانداری لێکۆڵینەوەی سەربازیی و من یەکەم کەس بووم برامە بەردەمی.فەرماندار هەمان ئەوشتانەی دایەوە بەڕوومدا کەپێشتر ئەفسەرەکە پێی وتبووم،بەتایبەت جەختی زۆری کرد لەناوەڕۆکی بەشی یەکەمی کتێبی(کوردستان، وڵاتێکی پارچەکراو- **divided country،Kurdistan**).

بەخۆشی و شادییەکەوە رووی تێکرم:

-کەواتە ئاوا! ئەتانەوێت پارچەیەك لەسوریا دابڕن بۆ پێکهێنانی کوردستانی گەورە؟ ئەیدرکێنیت کە تۆ نووسەری ئەم دەقەیت؟

بۆم راست کردەوە:

-نا، تەنیا تەرجەمەم کردووە، بەڵام سەبارەت بەپێکهێنانی وڵاتێکی کوردی، ئەوا لەخەونێك زیاترنییە و هەر خواش خۆی ئەزانێ کەی و چۆن دێتەدی. ئەشێت و لەقوڵایی دڵمانەوە ئەخوازین، هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست فیدراڵییەك بێت و کوردستانیش بەشێکی بێت،هەرچەندە ئەم قسەیە ئاواتێکی ئایندەیە و لەچاوەڕوانیی بەدیهاتنیدا، داوائەکەین لەکۆماری یەکگرتووی عەرەبدا وەك کورد رێزمان بگیرێت و رێمان بدرێت بۆ گەشەپێدانی کەلتوورەکەمان و لەو بوارەدا پشتیوانیی بکرێین و ئەو مافانەمان پێ رەواببینرێت کە هەموو هاووڵاتیانی تر هەیانە.

لێپرسینەوەیان لەهەموو هەڤاڵەکانی ترمان کرد و لێکۆڵینەوەکان سێ رۆژیان خایاند. رۆژی هەشتی ئەیلول دوودوو بەیەکەوە کەلەبچەیان کردین و بە ئۆتۆبۆس و بەپاسەوانیی سەرجەنتێك و دووخەتدار و دوانزە پۆلیسی سەربازیی چەکدار بەکلاشینکۆف، بردیانین

بەرەو دیەشق. سەعات نۆی شەو ئۆتۆبۆسەکە لەحەوشەی بارەگەی پۆلیسی سەربازیدا وەستاو دوای ئەوەی پاسەوانەکان قایش و قەیتانەکانیان لێسەندین بردیانینە ژێرزەمینێکەوە کەوەك زیندان بەکارئەهێنراو هەموومانیان ئاخنییە دوو ژووری بچووکەوە کەدیوارەکانیان سوور هەڵگەڕابوون،بەخوێنی ئەو سیسرکانەی بەندییەکانی پێش ئێمە پلیشاندبوونیانەوە.

ئەوشەوەم لەبەر رووناکی گڵۆپێکدا بەپلیشاندنەوەی سیسرك بەسەربرد و بەیانیی رۆژی دوایی راپێچی دادگەی باڵای سەربازییان کردین و بەرێنمایی داواکاری سەربازیی حەڵەب بڕیاریاندا لە زیندانی(ئەلمزە) بەندمان بکەن. ئەو لێپرسینەوەیەی لەحەڵەب دەستیان پێکردبوو هێشتا کۆتایی نەهاتبوو.

رەچاوکردنی ئەوەی لە(ئەلمزە)دا دائەبڕێین مایەی نیگەرانیمان بوو، ئەشمانزانی ئەشکەنجەدان لێرە هەر لەیەکەم ساتی پێشوازیکردنەوە دەستپێئەکات و شێوازی ناماقوڵ ئەگرێتەخۆ. هەر بیرکردنەوە لەمە، ئەیخستینە هەناسەبڕکێ.

ئەم مۆتەکەیە پاشنیوەڕۆ بووە راست،وپاسێکی بچووك(مینیبۆس)، لەبەردەم تەلارێکی زەبەلاح و دڵگردا رایگرتین کەبەسەرشار و دەوروبەریدا ئەیڕوانی و دووپۆلیسی چەکدار پاسەوانی بوون. دەرگەکە کرایەوە و چووینە شوێنێکەوە کە لەڕاڕەوێکی سەربەتاڵ ئەچوو وئەمبەرەوبەری دووبنکە و دووپۆلیسی پاسەوانی لێبوو.سەرئجاماندا لە راست و چەپمان پەنجا پۆلیسی کەتە کەپانتۆڵی سەربازیی و کراسی سیمداریان لەبەردابوو،ریزیان بەستبوو،هەندێکیان قامچی بەدەستبوون. ئەمانە سەربازی بەندیی بوون و بۆ ئەم بۆنەیە تەیاریان کردبوون. بەڕێوەبەری زیندانەکە،کەورگنێکی لچ شۆڕی رووخسار رەقی چل ساڵە ئەبوو، لێی پرسین:

-ئێوە بۆچی لێرەن؟

ئێمە رێکەوتبووین کە کەس وەڵامی نەداتەوە، بۆیە پرسیارەکەی دووبارەکردەوە و وەڵامی دەستنەکەوت. لەجاری سێیەمدا گەنجێکی هەژدە ساڵ خۆی پێنەگیرا:

-ئێمە لەپێناوی نەتەوەی کورد دا لێرەین.

بەڕێوەبەرەکە نەڕاندی:

-خۆفرۆشانی چەپەڵی دژەعەرەب، کەواتە ئەتانەوێت وڵاتێکی کوردی لەناوەڕاستی جیهانی عەرەبدا درووستبکەن؟ ئەم بیرۆکە نزمە لەمێشکتان دەرئەهێنین و ئەشبینن چۆن!

دوای ئەوقسانە ئاماژەی دایە یاساوڵەکەنی بۆدەستپێکردنی پرۆسەی(مێشك شتنەوە) کە و ئیتر بە قامچی و بۆکس و پۆستاڵ داباریینە سەرمان.

یەکێکمان هاواری کرد:

-هەوڵی بەرگری مەدەن ئەوناسیاوانەمان کەپێشتر بەودۆخەدا تێپەڕبوون،ئامۆژگاریان کردووین کەبەرگەبگرین، ئەگینا بیانوویەکی باشیان ئەبێت بۆلێدانمان تا مردن.

بۆیە هەوڵی بەرگریمان نەدا و هەڤاڵەکانم کەوتنە هەڵاتن بەهەر چوار دەوردا بۆ دەربازبوون لەزەبرەکان کەچی من لەجێی خۆمدا وشك بووم.دیار بوو بەڕێوەبەرەکە ئەم هەڵوێستەمی بەدڵ نەبوو بۆیە بە دانەجیڕەوە لێی پرسیم:

-تۆکێیت تارووبەڕووی ئەوچارەنوسە دۆزەخییە ببیتەوە کەبۆمان تەرخان کردوویت؟

خۆگرانە وەڵامم دایەوە:

-زۆر بەسادەیی من کوردم.

-ناوت چییە؟ من پرسیاری ناوت ئەکەم.

-نورەدین زازا.

شادمانانە و وەك ئەوەی نهێنیی ژیانی دۆزیبێتەوە پرسییەوە:

-چۆن؟! نورەدین زازا؟ کەواتە سەرۆکی پارتی خۆتی؟! چارت ئەکەم لەباتی ئەو چاکەیەی بەرامبەر عەرەبایەتی کردووتە!

بەبۆکس کەوتە لێدانی سەر و ڕووخسارم،ئینجا بەقامچییەکەی دەستی تێمکەوت، کەهیچ کاردانەوەم نەبوو، ڕاپێچی کردم بۆ یەکێ لەژوورەکانی بەڕێوەبەرێتیی و خۆم بینییەوە لەبەردەم(ئەبوعەبد)دا،ئەوپۆلیسەسەربازییە زەبەلاح وبەهێزەی لەسەرتاسەری سوریا ناسراوە و پار بەندییەکی بەیەك بۆکس کوشتبوو.لەژوورەکەدا ئەمسەر وئەوسەری ئەکرد.

بەدەم شەپازلەیەکەوە بۆ دەموچاوم پێی وتم:

-گەورەت کردین و ئەم ناوەت ڕووناك کردەوە، دکتۆر، ئەی سەرۆکی مەزنی کوردان!

پزیسکێك لەچاوی ڕاستم هەستا و هەستم کرد زەوی لەژێر پێمدا ئەخولێتەوە. لەبەرئەوەی هێشتا بەپێوەبووم بۆکسێکی تری وەشاندە ڕوومەتی چەپم و بەری ئەو دیوارەی لێگرتم کەبەهەموو توانامەوە خۆم پێوەگرتبوو و چاوەڕێی ئەوەبووم بەزەبری سێیەم تەختم بکات و دەستم ئەجولاند بۆ پاراستنی دەموچاوم. بەڵام نەمزانی بۆ زەبری سێیەمی لە سەرم نەوەشاند، تۆبڵێی ئەو لۆزەنەرە بەزەیی پیامدا هاتبێتەوە یا بەڕێوەبەر ڕایگرت؟

کاتێك هاتمەوە سەرخۆ، ڕاپێچیان کردم بەرەو ڕاڕەوێکی درێژ و بینیم هەڤاڵەکانم خراونەتە بەر فەنتازیای چەند سەرتاشێکی سەرپێی کەبەئامێری سەرتاشینی بەندیی سەربازی لەسەری هەندێکیاندا وێنەی خاچ و لەسەری هەندێکی تردا تاجەگوڵینە و تەنانەت وێنەی سۆفی چینیان کێشاوە. من خۆشبەخت بووم و کەوتمە بەردەستی سەرتاشێکی زیاتر شارەزا و بەئەزموون و کەمتر چوختی و بەفیشاڵ، و قژی ڕێك و گونجاو بۆ بڕیم. دوای ئەم سەرتاشینە، پاسەوانەکان و یاریدەدەرەکانیان بێ بەزەییانە تێمان کەوتنەوە و سەری زۆر کەسیان کێشا بەدیوارەکاندا. دوای ئەوە و بەو قژە هەڵپاچراوەوە ڕاپێچیان کردین بۆ قاوشەکانمان. سەرەتا بردیانین بۆ قاتی یەکەمی تەرخان بۆکۆمۆنیستەکان. هێشتا پێنج پێنج و شەش شەش تەواو نەیان ئاخنیبووینە ژوورەتاریکەکانەوە،فەرمانیانکرد دابەزینە قاتی خوارەوە، بەپەیژەیەکی ئاسنینی درێژدا

کەپەنجا پلە نەبوو و لەملاولای هەر پلیکانەیەك پۆلیس وەستابوون کەنازانین لەکوێوە پەیدابوون و ئامادەی بۆکس هاویشتن بوون. دەنگی کلاوخودە و زلە و جنێو پێکەوە تێکەلاو بوون تا دواکەسمان گەیشتە قاتی خوارەوە. ئینجا بەزۆر بەسەر ئەو قاوشانەدا دابەشیان کردین کە بۆسەربازە بەندییەکان تەرخان بوون، پێش ئەوەی یاساوڵەکە دەرگەکە داخات بەهەندێك زلەی ئەملاولا یاداشتیان کردین، هێشتا تەواو نەهاتبووینەوە سەرخۆ کەبەرپرسی قاوشەکە گەیشتە سەرمان بۆ لێپرسینەوەمان و دوای تەواوکردنی ئەرکەکەی ئاماژەی داینێ کەهەریەکەمان بچێتە ئەو شوێنەی بۆی دیاریی کراوە. میوانە نوێکان ئەبوو لەقولایی قاوشەکەدا و نزیك ئاودەستەکان جێگیر بن، چونکە کۆنی و تازەیی بەندییەکە، نزیکی و دووریی ئەوی لەئاودەستەکانەوە دیاریی ئەکرد.

هەرکەسەمان سێ پێخەوی وەرگرت، یەکێك بۆراخستن و یەکێك بۆسەرین و یەکێکیش بۆ بەخۆدادان.ئەشبوو جوان قەدیان بکەین بەپێی دیسپلینی سەربازیی پەیڕەوکراو لەو شوێنەدا. لەبەرئەوەی نەشارەزابووین، سەربازە بەندییەکان لێمان نزیکبوونەوە بۆیارمەتی دانمان. یەکێکیان کەگەنجێکی خەلکی (دێرزۆر)بوو، بەپێکەنینەوە پێی وتین:

-لەسەردزییەکی سادە سێ مانگ حوکم دراوم،چارە چییە؟ ئەبێت بژین. سوپا خواردن و شوێنی بۆ دابین کردووین بەلام موچەکەمان بەش ناکات و کاتێك کەسوکار قایل نابن هیچمان بۆبنێرن ئەبێت خۆمان خەمی خۆمان بخۆین.

رۆژانی سەرەتامان لە(ئەلمزە)زۆرسەخت بوون چونکە یاساوڵەکان هەموو رێگەیەکیان ئەگرتەبەر بۆتۆقاندن و ئەشکەنجە و سوکایەتی پێ کردنمان. هەر لەیەکەم رۆژی گەیشتنمان نزیکەی سەعات چواری سەرلەبەیان زەنگی (کۆبوونەوە) لێدرا و هەموومانیان ناچارکرد یەکی سەتڵێك بەدەستەوە، بەریز لەراڕەوەکەدا بوەستین و ناچاربووین بچین بۆپڕکردنی لەوتانکەرەی تازە گەیشتبووە بەردەم بەندیخانەکە.

بەرپرسانی زیندان ئەو ماوەیەیان قۆستەوە بۆزیاتر پەشۆکاندنمان و لەبەرئەوەی لاوێکی تاقمەکەمان نەیئەتوانی سەتڵەکەی هەڵگرێت یەك قامچییان لێدا کەناوچەوانی شەق کرد و ناچاربوون بیگوێزنەوە بۆ نەخۆشخانە. منیش کاتێك بەسەتڵەکەوە چوومەخوارەوە بەرەو تانکەرەکە، سەرجەنت زەینلعابدین کە دە یاساولی لەدەوربوو بەردەمی گرتم و بەپەنجەی دۆشاومژەی ئاماژەی دامێ:

-وەرە بۆئێرە.

چوومە بەردەمی.

-ئێ، راستە تۆ کوردیت؟

وەڵامم دایەوە:

-بەڵێ، بۆ کسەیرە؟

-بەڵام چۆن ئەبێت، تۆ کە دکتۆری،نازانم لەچیدا، هێندە ئاستت نزم بێتەوە کە خۆت بەکورد دابنێیت؟

وەڵامم دایەوە:

-بۆ ئەبێت بەئاست نزمیی دابنێیت؟

-وادیارە تۆ چیرۆکی کەرەکەت نەبیستووە کەپێیان وت کوردیت؟ هێندەی هەست بەشەرمەزاریی کرد سێ رۆژ مانی لەخواردن گرت.

ئەمتوانی وەڵامی بدەمەوە و بڵێم ئاخر کەرەکە کە زیز بوو، لەبەرئەوەبوو کەهەستی بەحەوانەوە ئەکرد لەناو پێستە عەرەبییەکەیدا،بەڵام هەر هێندەم وت:

-یەکێك لەهۆکارەکانی پێکهێنانی پارتەکەمان هەر رێك ئەو جیاکارییە رەگەزییەیە کەلەناوەندیی کارمەندیدا هەیە و قوربانییەکان تیایدا کوردن. تۆش کەبەو شێوەیە قسەئەکەیت ئەوا بەڵگەنەویستانە ئەیسەلمێنیت ئەو جیاکارییە هەیە.

سەرجەنتەکە پەشۆکا و زمانی تەتەڵەی کرد:

-نابێت قسەکەم بەجدی وەرگریت. من تەنیا بۆ پێکەنین ئەو قسەیەم کرد.

وەلآمم دایەوە:

-قەشمەریکردن بەهاوولآتییەك کەهاونەتەوەت نییە،لەوانەیە ئەنجامی خراپی هەبێت.

کاتێك یاساوڵەکان هەستیان کرد لەبەرامبەر قسەکانمدا سەغڵەت بووە، تووڕە بوون و یەکێکیان بەهەڕەشەوە لێم راپەڕی:

-تۆکێیت تابوێریت خۆت بەسەرجەنت بەراورد بکەیت و ڕێ بەخۆت بدەیت دەمەدەمی لەگەڵ بکەیت؟ ئێستا تەمێت ئەکەم.

ویستی بۆکسێك بکێشێت بەسەرمدا بەلآم سەرجەنتەکە ڕێگریی کرد:

-وازی لێبێنە بچێت سەتڵەکەی پڕکات لەئاو، ئێوارە چاری ئەکەین. بڕۆ دکتۆر!

بەنیگەرانییەوە چاوەڕێی هاتنی ئێوارە بووم. سەعات نۆی شەو کەزەینلعابدین هات بۆ پشکنینی ئاسایی تەنیا نیگایەکی تیژی تێگرتم.

قاوشەکەمان وەك ژوورێك وابوو درێژیی پانزە مەتر و پانیی پێنج مەتر بوو، بەدرێژایی دیوارەکان بەچیمەنتۆ کورسییان درووست کردبوو بەبەرزیی حەفتا سانتیمەتر. خەوتن و زۆربەی کاتەکانمان لەسەرئەو کورسیانە بەسەرئەبرد. بەرۆژ ئەمانتوانی لەسەر کورسییەکان راکشێین بەلآم نەئەبوو قاچ راکێشین و ئەوهێڵە ببەزێنین کەبەڕەنگی سپی کێشرابوو و پاساوانەکە لەو دووکونەوە کەلەملاولای دەرگاکەدا بوون، چاودێریی باری بەندییەکانی ئەکرد و هێندەی بەس بوو تێبینی بکات پەنجەی کەسێك لەهێڵەکە تێپەڕیوە تا بەنەڕەوە خۆی بکات بەهۆڵەکەدا:

-هەمووتان کڕنووش!

ئەبوو ئێمەش خێرا دابەزینە ناوەڕاستی هۆڵەکەو لەسەر چیمەنتۆکە کڕنوش بەرین.

ئەمەش بۆ یەکەمجار پاشنیوەڕۆی رۆژی دووەممان لە زیندانی مەزە روویدا.پاسەوانی چاودێری شەش قاوشەکەی قاتی ئێمە،(ئەبو زەتور)ناسراو بە(پیاوی گیوتن-مەقسەلە) بوو،

کەدرندەیەکی بەدناوبوو و خێرا قامچییەکەی ئەختەکار و گاڵتە و سوکایەتیی بەبەندییەکان ئەکرد. هەرهێندەی تاوانی بەزانینی هێڵە سپییەکە لەلایەن سەربازێکی خەواڵووە ئەبینێ، خۆی ئەکات بەقاوشەکەماندا و قامچی بەدەست ئەقیژێنێ:

-هەمووتان کڕنووش!

هەموو بەندییەکان لەکورسییەکان دێنە خوارەوە و بەپەلە لەسەر چیمەنتۆکە کڕنووش ئەبەن، من کەهێشتا سەراسیمەی پێشوازییەکەی ئێوارەی رابردوو بووم، بۆیە وەك گیسکەکەی رۆمانی(رابلی)دوای ئەوان کەوتم، بەڵام کاتێك دۆخەکە درێژەی کێشا، کەوتمە دانەجیرە و یاخی بوون لەو سزا بێهودەیە.

لەدڵی خۆمدا وتم:

((وەك ئەوەی زیندان بەس نەبێت و نەبێت ملکەچی هەموو شێوەکانی سزابین لەقامچی کاریی،کاری پڕوکێنەر و جنێو و سوکایەتیی،ئەم کڕنووش بردنەشی بێتە سەر. ئەمڕۆ ملکەچی بووم، بەڵام لێرە بەدوا رەتی ئەکەمەوە)).

بەیانی رۆژی دواتر، پاسەوانەکە بەهەراوهۆریاوە دەرگاکەی کردەو و قامچییەکەی بەرزکردەوە و نەڕاندی:

-یەلا هەمووتان بۆ بێگاریی.

هەموو بەندییەکان هورووژمیان بردە دەرەوە چونکە ئەیانزانی ئەوەی دواکەوێت قامچی کاریی ئەکرێت.تەنیا من لەسەرکورسییەکەم نەجولام. کەپاسەوانەکە بینی فەرمانەکەیم پشتگوێ خست، بەلەسانە لێم نزیك بووەوە:

-گوێت لەفەرمانی چوون بۆ بێگاریی نەبوو؟

-با بێگومان.

-ئەی بۆ لەشوێنی خۆت ناجوڵێیت و وەك ئەوانی تر بڕۆیت؟

بەدەنگی بەرز وەڵامم دایەوە:

-نە سەربازم و نەتاوانباری مافی گشتیی. من و هەڤاڵەکانم گیراوی سیاسین و ئەبێت لەو روانگەیەوە مامەڵەمان لەگەڵ بکەیت.

پاسەوانەکە قیژاندی:

-تۆ لەبەندیخانەیەکی سەربازیدایت و وەك هەموو ئەوانی تر ئەبێت ملکەچی سیستەم و رێنماییەکانی بیت.

-باشە، کەواتە ملکەچ نابم. رێنماییەکان رێی چیت پێئەدەن بیکە!

ئەبو زەتور بەتوورەیی و دوژمنانە چاوی تێبڕیم و رووخساری وەك تەماتە سوور هەڵگەڕا، کەچی لەبری ئەوەی ناچارم کات ملکەچی بم سەیرێکی دەرگاکەی کرد و وتی:

-ئێستا پەلەمە بەڵام دوایی تێت ئەگەێنم چ مەعدەنێکم!

لەجیاتی سزادانم، ئێوارەهات و پێی راگەیاندم کەلەمەودوا من لە بێگاریی بەخشراوم، بەڵام بیری نەچوو دووپاتی بکاتەوە کەئەوە(تەنیا من ئەگرێتەوە). لەگەڵ سوپاس کردنیدا کەوتمە بیری هەڤاڵەکانم و دۆزینەوەی رێگەیەك بۆ ئەوەی ئەم رێزلێنانە هەموویان بگرێتەوە.

راستیی یاخی بوونم لەبێگاریی و سەرخستنی قسەکەم، وەك سەرکەوتنێك بوو بەسەر کەڵەگایی ئەم زیندانەدا و بەلامەوە باشتر بوو کە ئەوکڕنووشە بەکۆمەڵە بەتەواوی لەزیندانەکەدا نەمێنێت، بەڵام چۆن؟

رۆژێك، دوای ئەوە ئەبو زەتور وەك رۆکێت خۆی کرد بەقاوشەکەماندا و بەبیانووی دەنگەدەنگ لەقاوشەکەدا، خۆی ئاسا نەڕاندی:

-هەمووتان کڕنووش!

هەر کەگوێیان لێبوو، هەموو هەڤاڵەکانم لەکورسییەکان خزین و نەژنۆیان خستە سەرچیمەنتۆکە بۆ کڕنووش بردن، بەڵام من لەجێی خۆم نەجوڵام.

ئەبو زەتور قیژاندی بەسەرمدا:

-ها...ئەی تۆ بۆ کڕنووش نابەیت؟

چاوم تێبڕی و یاخییانە پێموت:

-بۆ ئەبێت کڕنووش بەرم؟

-چونکە من فەرمانم پێکردن هەمووتان کڕنووش بەرن.

بێخود و بەتوندیی قیژاندم بەسەریدا:

-ئاخر شتێکم نەکردووە شایانی ئەو سزایە بێت.

ڕووخساری پاسەوانەکە نەرم بوو و تووڕەیی تیانەما، پاشان بۆ چەند ساتێك بەقووڵیی چاوی تێبڕیم و بەڕووی هەموو بەندییەکاندا خەنییەوە:

-باشە دەی، بگەڕێنەوە سەر کورسییەکانتان!

دوای ئەوە ئەبو زەتور، بەخۆشییەکی دیارەوە قاوشەکەی جێهێشت و لەوڕۆژە بەدوا پاسەوانەکان داوای کڕنووشیان لێنەئەکردین، مەگەر بەدەگمەن.

بێگومان ژیان لە زیندانی مەزە، بێ بێگاریی و کڕنووش بردن پەسەندتر بوو، بەڵام حەوانەوەی تیانەمابوو چونکە قاوشێکی تەرخانکراو بۆ ٢٥ بەندی، جاری وا هەبوو زیاتر لە ٤٥ کەسی تێ ئەخزێنرا و بەسەریەکدا کەڵەکەئەبووین و شەوانە هەندێکمان ناچار ئەبووین جێگەکەمان بەرینە ناوەڕاستی قاوشەکە، هەرچەندە ئەمە پێچەوانەی سیستەم و ڕێنماییەکان بوو. لەبەرئەوەی دەرگاو پەنجەرەکانیش دائەخران قاوشەکە هێندە بۆگەن بوو، بەرۆژ پاسەوانەکان کەدەرگایان ئەکردەوە ناچاربوون لوتیان بگرن.

ئەبوو هەموو ڕۆژێك سەعات پێنجی بەیانی بێداربین و چایەکی ناخۆش بخۆینەوە کەلەمەنجەڵی گەورەدا لێئەنرا. هەرچەندە بەکەڵکی خواردنەوە نەئەهات بەڵام ئەمانخواردەوە چونکە چاریکی ترمان نەبوو. سەعات هەشت هەموو قاوشەکانی قاتی ئێمە ئەهاتنە دەرەوە بۆ پشوودان لەحەوشە گەورەکەی زیندانەکەدا، لەژێرچاودێریی

پاسەوانەکاندا کەسەردیوار و بانەکانیان لێنەگرتین. پشووەکە دوو سەعاتی نەخایاند و لەوماوەیەدا ناچاربووین پیاسەبکەین، مەگەر یەکێك پەککەوتە بوایە.

ئەمباری پۆشاك و پێخەوی سەربازیی لەنێوان حەوشە و قاوشەکاندا بوو و ژوورێکیان کردبووە فرۆشگەیەکی بچووك کەجگەرە و خۆراکی قوتوو و چا و سابوون و خاوێنکەر و هەویری ددان و کاغەز و پێنووسی تیا ئەفرۆشرا.

هەر قاوشێك پەرەمێزێکی تیا بوو و بەندییەکان ئەیتوانی بەسەرە بەکاری بهێنن بۆچا یاچێشت لێنان. ئەو خۆراکەی ئەدرایە بەندییەکان لەهی سوپا جیاواز نەبوو وبرێکی باش بوو، بەڵام جۆرەکەی زۆر خراپ بوو. لەبەر ئەوەش کەدادگە لەمانگی یەکەمی بەندیمان لەزیندانی مەزە، هەموو سەردانێکی لێ یاساغ کردبووین، ناچاربووین شت لەفرۆشگەی زیندان بکڕین، کاتێکیش هەڤاڵان و کەسوکارمان مۆڵەتیان لەدادگەی سەربازیی وەرئەگرت، سەوزەی تەڕوتازە و میوە و شیرینییان بۆ ئەناردین.

رۆژانی سەردان هێندەمان شت بۆئەهات کەبەشێکیمان دابەش ئەکرد بەسەر ئەو سەربازە بەندییانەی خێزانەکانیان لەناوچە دوورەکان نیشتەجێ بوون، یانەدار بوون و نەیان ئەتوانی بگەنە مەزە.

لەکاتی سەرداندا، بەندییەکان بۆیان نەبوو بەئازادیی لەگەڵ سەردانکەران قسەبکەن و بەربەستێك لەنێواندا بوو کەپێکهاتبوو لەدوودەرگەی شیشی دوومەتر لەیەکەوە دوور و دوو پۆلیس لەنێوان دەرگەکاندا ئەوەستان و دیارییەکانیان وەرئەگرت و ئەیاندایە بەندییەکە، رێیان بەگفتوگۆی راستەوخۆ نەئەدا، لەگەڵ ئەوەش هەڤاڵانمان ئەیانتوانی هەواڵی دەرەوەمان بدەنێ، چ ناوخۆیی، چ جیهانیی و تەنانەت دزەپێکردنی بڵاوکراوە و نامە، بەشاردنەوەیان لەناو زەرفی میوە و سەوزەدا.

هەموو هەفتەیەك پێشهاتێك هەموو زیندانەکەی تەیار ئەکرد جگە لەکۆمۆنیستەکان، نوێژی هەینی کەجارسی ئەکردین. چونکە نزیکەی سەعات دەی بەیانی ئەو رۆژە، ئەبوو

هەموو بەندییەکان لەهەموو قاوشەکان پێخەوەکانیان بێننە دەرەوە و لەسەر زەوی قیرتاوی حەوشەکە رایخەن. سەعات یانزە هەموو بەندییە ناکۆمۆنیستەکان بەجیاوازیی باوەڕیانەوە لەراڕەوەکەدا ریز ئەبوون و روویان ئەکردە حەوشەکە بۆ کڕنووش بردن و نوێژی هەینی کردن لەسەر پێخەوەکان. پێشنوێژێك کە کاربەدەستان دایاننابوو، بەبەرگی جەنگییەوە ئەهات و وتاری هەینی ئەوتەوە کەیەك وشەش ناوەڕۆکەکەی نەئەگۆڕا و هەمیشە باسی جەنگی میللی بوو بۆ رزگارکردنی فەلەستین. دوای وتارەکە بانگدەرێك بانگی ئەدا و پێشنوێژەکە لەبەردەماندا ئەوەستا و پێشڕەویی نوێژەکەی ئەکرد، ئەوانەشی بەشدارنەبوون لەگۆشەیەکدا دائەنیشتن.

رۆژێکیان پێشهاتێك بووە مایەی خۆشیی بەندییەکان کەژمارەیەکی زۆر(دورزیی)یان تیابوو و تۆمەتبارکرابوون بەسیخوڕیی بۆئیسرائیل. ئەمانە هەندێکیان سەربازی پێشەیی سوری بوون و ئەوانی تر هاوولاتیی سڤیلی سادەی لوبنانی. لەناویاندا (ئەبوسەلیم) کەلەئەنجامی دادگەیەکی دوورودرێژ بەقورسترین سزا حوکمدرابوو و تکاکارییەکی دابوو بە سەرۆك تالیی ببوورن. ئەبوسەلیم گەرچی دورزی بوو بەڵام بڕوای وابوو گەرخۆی وەك موسڵمان پیشان بدات بەختی زیاتر ئەبێت بۆوەرگرتنی وەڵامێکی باشی تکاکەی. رۆژێکی هەینی لەکاتێکدا چاوەڕێی کەسێکی سونە بووین بانگ بدات، بەسەرسامییەوە سەیرئەکەین ئەبوسەلیم بانگی داو دەنگەبەرزەکەی لەرزەی هاوسۆزیی و موچوڕکی تەنانەت لای ناموسڵمانەکانیش درووستکرد. تۆبڵێیت ئەم رەفتارەی ژێی هەستیاری ناسری پێکابێت؟

بەڵام بێگومان ئەبوسەلیم پێی وابوو کەقورسترین سزاکەی گۆڕاوە بۆ زیندانی هەتاهەتایی و لەوڕۆژەوە لەخۆشیدا سمێڵی بەشانازیی وکەشخەییەوە بۆسەرەوە لوول ئەکرد و قایل و خۆشنود دیاربوو بەچارەنووسی خۆی.

لەمانگەکانی سەرەتای بەندیمان لە مەزە، من وهەڤاڵەکانم لەپارتی دیموکراتی کوردی سوریا هیچ شتێکمان لەبارەی ئەوچارەنووسەوە نەئەزانی کەچاوەڕێمانە و لەقۆناغێکی نائومێدیدا بووین، کاتێك سەردانی داواکاری دادگەی باڵای سەربازیی راگەێنرا، بەوبۆنەیەوە هەموو قاوشەکانیان تەیارکرد بۆپاکردنەوەی سەرتاسەری زیندانەکە و قژیان بۆتاشین. بەرپرسانی مەزە ئامۆژگارییان کردین هیچ سکاڵایەك نەکەین سەبارەت بەباری ژیانمان لەزینداندا.

سەرجەنتەکە ئاگاداری کردینەوە:

-ئەگینا پەشیمان ئەبنەوە.

بەبەرگی خاوێنەوە ریزمان بەست بۆ پێشوازیی کەتمیەکی زەبەلاح بەپلەی کۆلۆنێل و کاتێك لێی پرسین، ئایا هیچ داوایەکمان هەیە کەس فزەی لێنەهات. کە لەمن نزیك بووەوە خۆم پێنەگیرا و وتم:

-مەسەلەکەی ئێمە گەیشتە کوێ؟

بەفیزێك و هاوکات سەرسامییەوە، وەڵامی دامەوە:

-کام مەسەلە؟

-مەسەلەی کورد!

-ئاها! باشە،ئەزانم لێکۆڵینەوە لەمەسەلەیەکی وەك ئەوەی ئێوە کاتێکی زۆر ئەخایەنێت، بەڵام کارەکەمان تەواوکردووە و بەمزوانە حوکمەکەتان دەرئەچێت. ئەتوانن لەئێستاوە پارێزەر راسپێرن،مەگەر ئەوەی بەلاتانەوە باش بێت کەئێمە راستەوخۆ دەستنیشانیان بکەین بۆتان.

وەڵامم دایەوە:

-سوپاس، خۆمان پارێزەر بۆخۆمان هەڵئەبژێرین.

بەخەندەوە وتی:

-بەئارەزووی خۆتان، من بەرهەڵستیم نییە لەوبارەیەوە.

دوای چەند رۆژێك سەرجەنتی بەرپرسی هاوئاهەنگیی نێوان دادگە و زیندان هات و لەراڕەوەکەدا هاواری کرد:

-زازا و تاقمەکەی سەبارەت بەدادگە. سبەینێ سەعات ٦:٣٠ لەبەردەم نوسینگەی بەڕێوەبەرێتیدا!

چەند پارێزەرێکمان پەیدا کردبوو لەناوە گەورەکانی دادگەکانی دیمەشق، و داوای پارەیەکی زۆریان ئەکرد، لەبەرامبەردا سێ پارێزەری کورد و پارێزەرێکی عەرەبی لاوی حەڵەب خۆبەخشانە هاتنە پێشەوە تابێ بەرامبەر بەرگریمان لێبکەن. تۆمەتەکانمان ترسناك بوون و ئەبوو پارێزەرەکە لەئاستیاندا بێت.

رۆژی دوایی سەرحاڵ و ریش تاشراو لەبەردەم نوسینگەی بەرێوەبەرێتیدا ریزبووین. سەرجەنتی بەرپرس بانگی کردین وبەوردیی کەوتە پشکنینمان بەوهیوایەی نامەیەکی ناڕاستەکراو بۆ دادوەر یاجەماوەر بدۆزێتەوە، پاشان سواری ئەو مینیبۆسەیان کردین کەهێنابووینی بۆ مەزە. لەحەوشەی دادگەدا خستینیانە تەلبەندێکەوە کەبۆ ئەو مەبەستە ئامادە کرابوو. ئەو رۆژە لەبەرئەوەی دادگە دانەنیشت، تەنیا نووسەری دادگە لەناسنامەکانمانی کۆڵییەوە، بەڵام سەرۆك منی بانگ کرد بۆ سەرلەنوێ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەوبەشە وەرگێردراوەی کتێبی (divided country ،Kurdista) ئەو دەقە کە پیتی لاتینیی کرابوو بەکوردی، بەلای جەنابی دادوەری سەربازیی رووناکبیرەوە کەئەیانوت لەفەرەنسا قانونی خوێندووە، دۆزینەوەیەکی گرنگ بوو. پرسی:

-ئەمە چییە؟ پێم بڵێ ئەمەچییە؟

وەڵامم دایەوە:

-ئەوە کوردییە

-کوردی ئاوا ئەنوسرێت؟!

-بەڵێ. چل ساڵ زیاترە کوردی سوریا و تورکیا پیتی لاتینی بەکاردێنن کەگونجاوە لەگەڵ دەنگە زمانەوانییەکانی کوردیدا.

سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی و سەرسام بوو بەم دۆزینەوەیە:

-بەڵام زۆر جوانە، بەڕاستی جوانە. ئەی تۆ خۆت کوردی بەباشی ئەنوسیت؟

-بەڵێ، پێم وایە.

بەهاوسۆزییەکی شاراوە لەگەڵ من و لەوانەیە لەگەڵ هەموو کوردە بەندییەکان، وتی:

-ئەها! بەڵێ!

دوای ئەم دیدارە بەمینیبۆسەکە دووبارە راپێچی زیندانیان کردینەوە. لەپەنجەرە تەلبەندەکەوە خەڵکم ئەبینی پیاسەیان ئەکرد و سەرگەرمی کاری خۆیان بوون. بەدڵەخوریەوە لەخۆم پرسی تۆبڵێیت ئەورۆژە بێت کەسەرلەنوێ بەئازادی بسوڕێمەوە؟

لەزیندان دووبارە پشکنراینەوە و قەیتان و بۆینباخەکانیان لێ سەندین و لەرارەوەکە بەندییە سەربازییەکان بەجۆش بوون تابزانن لەدادگە چیمان بەسەرهاتووە و دادوەر چۆن رەفتاری لەگەڵ کردووین. لەکاتێکدا بەوردیی گوێیان گرتبوو، هانیان ئەداین و دڵیان ئەداینەوە:

-ناوی دادگەی سەربازیی تۆقێنەرە، بەڵام لەراستیدا لەدادگەی سڤیل کەمتر گیرە و ئەشبینن کەبەکەمترین زیان لێی دەرئەچن!

بەقسە باشەکانیان ختوکەی هەستی خۆمان ئەدا.

لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠ەوە تا ٢٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦١(رۆژی دادگەیی کردنمان) هەموو رۆژێکی شەممە،جگە لەپشووەکان، راپێچی دادگەیان ئەکردین.

دانیشتنی دووەمی دادگە بەتەواوی ئەندامانییەوە دەستی پێکرد. سەرۆکەکەی پلەی کۆلۆنێل بوو،ودووئەندام،بریکاری داواکاریی گشتیی وسکرتێرێکی سڤیل یاریدەدەری بوون. لەپشت پارێزەرەکانەوە ٢٠ کورسییان دانابوو، پێنجی پێشەوە بۆئێمە و ئەوانی تریش بۆ

جەماوەر. لەکاتی لێپرسینەوەی مندا رێیان نەدا جەماوەر بێتە ژووری و لەرۆژنامەگەریش تەنیا رێی ئەوانەیان دابوو کەتەواو لەژێردەستی حکومەتدا بوون.

سەرۆکی دادگە، جەختیلەو پێکهاتە سەرەکییەی تۆمەتەکان کردەوە کە دادوەری لێکۆڵینەوەی سەربازیی حەڵەب گەلاڵەی کردبوو: ئێمە رێکخراوێکی ناقانونیمان دامەزراندووە بەئامانجی سیاسی و کاری تێکدەرانەمان کردووە بەئامانجی هەڵوەشاندنی یەکێتیی ئیتنیکی و سیاسیی وڵات و.....هتد.

سەرۆك لێمی پرسی:

-تۆ دەستپێشخەر بوویت بۆ پێکهێنانی پارتی دیمۆکراتی کوردی سوریا، وانییە؟

-بەڵێ راستە من دەست پێشخەربووم.

-بۆ دەستپێشخەریت کرد بۆ دامەزراندنی ئەو پرۆژەیە؟

-بۆ بەرگریی کردن لەخۆمان بەرامبەر شۆڤینیزمی دژی نەتەوەی عەرەب.

-ئەوبەڵگانەی لای ئەندامەکانتان دۆزراونەتەوە، مەبەستەکانی پارتەکەتان ئاشکرا ئەکات بەدابڕینی پارچەیەك لەسوریا بۆلکاندنی بەوڵاتێکی بێگانەوە. ئایا ئەمە خۆفرۆشیی مەزن(الخيانة العظمى) نییە؟

-ئێوە پشت ئەبەستن بەبەڵگەیەك کەلەکتێبێکی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە. گەر بەڵێنم بدەیتێ دەست لەوکەسە نادەن کەئەو کتێبەم بەدیاریی داوەتێ، ناونیشانیتان پێ ئەڵێم، بەوەش ئەتوانن لەراستیی قسەکەم دڵنیابن.

بەبەڵێنی سەرۆك ئامادەم بۆ ناونیشانی هاورێکەم کرد و وتم:

-ئەو بەشەی ئەو کتێبە کەوەك تاوان سەیری ئەکرێت من بەتەنیا وەرمگێڕاوە و بڵاویش نەکراوەتەوە.

سەرۆك وەڵامی دامەوە:

-ئەیبینین، تا ئەوکاتەش راستیی بەڵگەدارم بەرێ بەسەبارەت بەو تۆمەتەی، کورد قوربانیی جیاکارین لەکۆماری سوریای عەرەبیدا.

خێرا دەستم کرد بەگێڕانەوە، کاتێك سەرۆك سەیری کرد ئەم کارە زۆر ئەخایەنێت، پێشنیازی کرد هەموو ئەمانەی لەدانیشتنی داهاتووی دادگەدا بەنووسراو بدەمێ.

ئەو ڕۆژە کات نەما بۆ لێپرسینەوەی تۆمەتبارەکانی تر و لەنێوەڕۆدا دانیشتنەکەی کۆتایی پێهێنا و پۆلیسەکان خێرا بردیانینەوە بۆ مەزە.

لەماوەی هەفتەیەکدا و بەیارمەتی هەڤاڵەکانم ڕاپۆرتێکی چڕوپڕم ئامادە کرد سەبارەت بەو جیاکارییەی دژی کوردی سوریا ئەکرێت و تیایدا باسی نیازی مکوڕی دەسەڵاتم کرد بۆ سڕینەوەی کەلتووری کورد(لەڕێی نەبوونی خوێندنگە و کتێب و ڕۆژنامەی کوردی) و نەبەخشینی ڕەگەزنامەی سووری بەژمارەیەکی زۆری کوردانی بۆ چەندین نەوە نیشتەجێی سوریا و ئاماژەمدا بەنیازی دەسەڵاتداران بۆ بەعەرەباندنی ناوچە کوردییەکان بەکۆچپێکردنی کورد لەگوندەکانیان و هاوردنی عەرەب لەجێیان.

لەراپۆرتەکەدا ئەوەشم تۆمارکرد کەجیاکاریی کارمەندان ئەکرێ و کادرە سەربازیی و سڤیلەکانی کورد لەکارلائەبرێن و دەرگەی ئەکادیمیاکانی سوپاو پۆلیس بەڕووی لاوانی کورد دا داخراوە ئەگەرچی مەرجی پێویستیشیان تیایە.

لەدانیشتنی داهاتوودا ڕاپۆرتەکەم دایە سەرۆك، کە تاکۆتایی داواکەش چاوێکی پێدا نەخشاند.

دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەك، بەپشت بەستن بەبڕگەکانی قانونی سزادان، چ سڤیل و چ سەربازیی، وبەکاریگەریی دەسەڵات سیاسیی وڵات، بریکاری داواکاریی گشتیی داوای کرد سزای مەرگ بەسەر سێ کەسماندا بدرێت: عوسمان سەبری و رەشید حەمۆ و من، و سزای زیندانیش لە دووساڵەوە تا ١٠ ساڵ بۆ هەڤاڵانی ترمان.

پارێزەرەکانمان دوو هەفتەیان لەبەردەمدابوو بۆ ئامادەکردنی بەرگرینامەکەیان. دوای چەند ڕۆژێك ڕادیۆ، کە ئیتر جگە لەمارشی سەربازیی هیچی تری بڵاونەئەکردەوە ڕایگەیاندسەرۆك کۆمیتەیەکی ڕاسپاردووە بۆ لێکۆڵینەوەی دەستوورێکی نوێ

(دیمۆکراسی)و بانگی گەل ئەکاتبەشداری گەلاڵەکردنی بکەن و هەرکەسێك پێشنیاز و بۆچوونی هەیە سەبارەت بەودەستووره بینێرێت بۆخودی ناسر یا بۆکۆمیتەی ناوبراو.

کاتێك هەواڵەکەم بیست بەپەلە بروسکەیەکم نووسی و دامە بەرێوەبەرێتی زیندان تابینێرێت بۆ ناوبراو و روونیشم کردەوە، کەخەرجەکەی خۆم ئەیدەم. دە رۆژ تێپەری و لەرۆژی یانزەهەمدا کاتێك راکشابووم و خەریك بوو ئەنووستم سەربازێك بەهەڵاوە دەرگەی ژارەوەکەی کردەوە و لەقاچەوە رایکێشام و داوای کرد یەکسەر لەگەڵی برۆم. سەربازەکە کردمی بەژوورێکدا کەبەحاڵ رووناکی تیابوو. سەرنجمدا بەرێوەبەر بەناوچەوانی تێك ترشاوەوە لەپشت مێزێکی گەورەوە دانیشتووە و کاغەزێکی بەدەستەوەیە کە نووسینەکەیم بۆ روون نەبوو و بەدەوریدا و بەدرێژایی دیوارەکە پۆلیسی سەربازیی پلەجیاواز و سەربازی سادە وەستابوون. وەڵامی سڵاوەکەیان نەدامەوە بەڵکو بەسەرکۆنە و دوژمنانە لێیان ئەروانیم. چەند خولەکێك تێپەری و کەشێکی بێدەنگ و نیگەرانکەر باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشا.

لەدڵی خۆمدا بەسەرسامییەوە پرسیم:(ئاخۆ ئەم هەموو ئامادەبووەی ئەم ژووره چییان بوێت لەم درەنگ وەختەی شەودا ؟!))

دوای کەمێك بەرێوەبەر سەری بەرەولای من هەڵبری و بەقێزێکەوە چاوی تێبری و وتی:

-کێ ئەم کاغەزەی نووسیوە؟

-کام کاغەز؟

-ئەم بروسکەیە کە ئاراستەی سەرۆك کراوە.

هەناسەیەکی ئاسودەییم هەڵکێشا کاتێك زانیم مەسەلەکە لەوە زیاتر نییەوە و وەڵامم دایەوە:

-من نووسیومە.

درێژەی پێدا:

-بۆ ویستت ئەم بروسکەیە بنێریت؟

-چونکە نەدزیم کردووە و نەکەسم کوشتووە، هەولّمدا و گرفتار بووم تا درێژە بەخوێندنەکەم بدەم بۆئەوەی قووڵتر لەجیهان تێبگەم و هەولّی یارمەتیدانی گەلەکەم و مرۆڤایەتی بەگشتیی بدەم، کەچی وائەمرۆ تەنیا لەبەرئەوەی کوردم خۆم لەزینداندا ئەبینمەوە. ئەم بروسکەیەم نارد وەك هیوایەك بەئاییندە کەچیدی کوردی تر تووشی ئەم چارەنووسە نەبن.

بەرێوەبەر پیامدا هەڵشاخا و لالغاوەی کەفچڕی ئەکرد و چاوی ئاگری لێئەباری:

-ئاخر هیچوپوچ ئێستا کاتی ناردنی بروسکەیە؟!

وەڵامم دایەوە:

-بۆ هیچوپوچم؟! بۆ بروسکە نەنێرم بۆ سەرۆکی وڵاتەکەم؟! وا ڕەفتار ئەکەیت وەك ئەوەی ناردبێتم بۆ سەرۆکی وڵاتێکی بێگانەی دوژمنی وڵاتەکەم!

وەڵامی دامەوە:

-تۆ تێناگەیت کە سەرۆك ئێستا سەرقاڵی کاری گرنگترە؟!

-ئاخر چی لەوە مەزنتر کەگەڵاڵەی دەستوورێکی نوێ بکرێت بۆ وڵات، بەتایبەت ئەگەر هەڵقوڵاوی ئیرادەی هەموو میللەت بێت؟

بەرێوەبەر نەڕاندی:

-بەندییەکان مافییان نییە رای خۆیان لەوبارەیەوە دەربڕن.

-گەر وایە ئەی بۆچی بڵندگۆکانی زیندان بەئاخر دەنگ کرابوونەوە بۆئەوەی هەواڵەکە بدەن بە گوێماندا؟!

کەبینیان وەڵامی بەرێوەبەر ئەخەمە مشتییەوە، سەرجەنت زەینلعابدین خێرا دەستی لێ بەرزکردەوە:

-هێی تۆ پێمبڵێ! پێنەچێت ئەو پێنج مانگەی زیندان بەس نەبووە بۆ عەرەباندنت. تۆ شایانی سزایەکی نموونەییت!

دوای قسەکەی ویستی زەبرێك لەسەرم بدات بەڵام بەڕێوەبەر نەیهێشت.

-نا، ئەجارە ئەتبوورین لەلێدان بەڵام جارێکی تر ئەزانین چۆن ئێسکت وردئەکەین.

ئینجا رووی تێکردم و وتی:

-ئێستا بۆ دەرەوە، سەگی گەر! خوام لەو خوایەی جارێکی تر کەرێتی وا بکەیت!

بەرلەوەی فریای وەڵامدانەوەی بکەوم،دوو پۆلیس پڕیان پیاکردم و بەپاڵ بردیانمەوە بۆ قاوشەکە، کەهەر هەموویان بێداربوون تابزانن چیم بەسەردێ.

پێموتن:

-شتێکی وا نەبوو. بێخەم بنوون و بەیانی بۆتان باس ئەکەم.

سەریان بردە ژێر پێخەوەکانەوە و باش کەمێك پرخە لەهەموو لایەکەوە بەرز بووەوە. بەڵام من بەدرێژایی شەو پێڵووم لێك نەنا، چونکە ئەو پێشهاتە نیگەرانی کردبووم. نەك تەنیا وەك هاوولاتییەك مافەکانیان پێشێل کردبووم بەڵکو جنێویشیان پێمدا و هەڕەشەی توندترین سزاشیان لێکردم بەهۆی ئەوکارەمەوە.

هۆی مامەڵەی دەسەڵاتداران لەگەڵم بەوشێوەیە تەنیا ئەوەیە کەسەر بەمیلەتێکی ترم، باشتر نەبوو ئەم جیاکارییە رەگەزپەرستانەیە لای دادوەری دادگە باس بکەم؟ بەدرێژایی شەو لەوبیرەدا بووم. رۆژی دواتر هەموو بەسەرهاتەکەم لەسەر کاغەزێك تۆمارکرد و نامەیەکیشم نووسی بۆ سەرۆکی دادگە و داواشم لێکرد ئەم پێشهاتە بخاتە سەر راپۆرتەکەی پێشتر دابوومێ.

دوای دوو رۆژ و کاتێك پاسەوانەکان ئامادەی راپێچ کردنمان بوون بۆ دادگە، دوو بەڵگەنامەکەم لەگیرفانم دەرهێنا و درێژم کرد بۆ سەرجەنت زەینلعابدین پێش ئەوەی بکەوێتە پشکنینمان. ئەویش کەلەناوەڕۆکەکەی تۆقیبوو نیگایەکی توندی تێگرتم و هەڵات بۆلای بەڕێوەبەر تا پێی راگەیێنێت(چ پیلانێك دژیان چنراوە).

بەڕێوەبەر بەپەلە هات و بەدەم داخستنی قۆپچەی چاکەتەکەیەوە بەدەنگێکی گیراوەوە وتی:

-تۆ بەڕاستی هەوڵ ئەدەیت سەرئێشەمان بۆ دروست بکەیت، وانییە؟ بڕوام پێبکە ئەوە زۆر گران لەسەرت ئەکەوێت!

بەهێمنیی وەڵامم دایەوە:

-بەهەموو توانامەوە دژی هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوە خەبات ئەکەم.

-پاداشتەکەت دوای گەڕانەوەت لەدادگە وەرئەگریت. دڵنیابە.

دادگە دانیشتنەکەی تەرخانکرد بۆ بەرگرینامەی یەکێك لەپارێزەرەکانمان،لەبەر ئەوەی دادوەر لەبارەی سکاڵاکەمەوە هیچی نەوت، من پرسیم کە ئایا ئەوراپۆرتەی نووسیومە، لەبەڕێوەبەرێتیی زیندانی وەرگرتووە، بەجوڵاندنی سەری و بەشێوەیەکی تەمومژاویی وەڵامی ئەرێی دامەوە.

-تکات لێئەکەم خێرا بیخوێنیتەوە و بەخەیتە ژێربالی خۆتەوە چونکە کە گەڕامەوە بۆ زیندان بەڕێوەبەر و دارودەستەکەی شلکوتم ئەکەن لەبەرئەوەی باسی ئەو پێشهاتەم بۆ کردوویت.

وەڵامی دامەوە:

-نا هەرگیز، شتی وا ڕوونادات.

بەپەلە جانتاکەی داخست و شوێنەکەی بەجێهێشت.

سەرجەنت زەینلعابدین لەبەردەم ئۆفیسی زینداندا و کەڵبەدەربەڕیو وەك سەگی پاسەوان چاوەڕێی ئەکردین. پڕ بەدەنگ قیژاندی:

-لەمەبەدوا، هەمووتان ئەچن بۆ بێگاریی و کەسیش لەمە نەبەخشراوە.

دوای ئەوە زۆر توند و دڕندانە کەوتە پشکنینمان و ڕاوی نابن بۆ قاوشەکانمان، و تەنیا بیست خولەك دەرفەتی نانخواردنی داینێ.

قیژاندی بەسەرماندا:

-هەمووتان بۆ بێگاریی!

هەموو بەندییەکان،بەوانەی قاوشەکەی ئێمەشەوە،بەڕاکردن چوونە دەرەوەو بەدرێژایی ڕاڕەوەکە ریز بوون. تێگەیشتم بەڕێوەبەرێتیی ئەیەوێت بەوجۆرە تۆڵەی ئەو (خراپەیە) بکاتەوە کەبەرامبەری کراوە و لەبەر ئەوەی من نەچوومە دەرەوە و سووربووم لەسەر نیازەکەم، سەرجەنت لێم نزیك بووەوە:

-بۆ وەك ئەوانی تر نەچوویت بۆ بێگاریی؟

وەڵامم دایەوە:

-ڕاستییەکەی من بۆ کاری لەوجۆرە لێرە نیم.

سەرجەنت قیژاندی:

-تۆ لێرە لەزیندانێکی سەربازیدایت و ئەبێت ملکەچی فەرمانەکان بیت. هەرئێستا ئەچیتە دەرەوە یا لەگەڵ من تووشی کێشە ئەبیت. یا ئەچیتەدەرەوە یا بەقامچییەکەم سەروچاوت ئەکوتم.

بەهێمنی و بەتۆنێکی یەکلاکەرەوە، وتم:

-ناتوانیت بەقامچییەکت بمخەیتە ژێر رکێفی خۆتەوە.

سەرجەنت دەستی داگرت و نیگایەکی رەشی تێگرتم.

-ئەبینیت لێرە قسە قسەی کێیە!

-ئەبینم.

سەرجەنت شەش رۆژ لەسەر یەك ئەم مەشقەی چەندبارە کردەوە و هەر جارە دەنگی زیاتر و زیاتر بەرزئەکردەوە و زیندانەکەی خستە ئالۆزییەکی پڕوکێنەوە. بەردەوام بووم لەگوێنەدانە ئاگاداریی و هەڕەشە و جنێو ونەڕەنەڕ وهەڵچوونی پاسەوانەکان و زمینلەابدین. قنج لەسەر پێخەوە خورییەکەم دائەنیشتم و کاتێك لە رووخساری یاساوڵەکان وردئەبوومەوە، دانم جیڕ ئەکردەوە. ئەو کۆششە دەماریی و جەستەییەی ئەم بەرگرییە پێویستی بوو، تووشی ئازاری بەردەوامی پشت و بەتایبەت گورچیلەی کردم و دوای

ماوەیەك بووە هۆی لەرزینی سەرتاپای جەستەم، بەڵام بۆ رۆژی دوایی سەرلەنوێ كەوتمەوە رووبەڕووبوونەوەی سەرجەنت و پاسەوانەكان. رۆژی حەوتەم بڕیارمدا كۆتایی بەبەرگریی بێنم و زەینلعابدینیش لەپڕ ویستی خۆی پیشاندا بۆ خاوێنكردنەوەی سەرتاسەری زیندانەكە و فەرمانی دایە هەموو سەربازە بەندییەكان كەگسك و سەتڵ هەڵگرن و خۆشی بەو بۆنەیەوە بەرگی سەربازیی جەنگی پۆشی و وەك فەرماندەیەكی سەربازیی لەكاتی جەنگدا هەڵسوكەوتی ئەكرد بەدەنگێكی زل و فەرمانی توندەوە. دوای رێكخستنی ئەو دیمەنە پاسەوانێكی نارد بۆ قاوشەكەمان و پێی وتم لەبەڕێوەبەرێتیی داوایان كردووم. بەناو ریزی سەربازە بەندییەكاندا تێپەڕیم و گەیشتمە ئەو دەرگا زەبەلاحەی بەڕێوەبەرێتیی لەبەشی بەندییەكان جیائەكردەوە. زەینلعابدینم بینی بەسیما سەركەوتووانەكەیەوە، كەرووەمكردە بەڕێوەبەرێتیی رێی پێگرتم.

-ئێستا یەكێك لەگسكانە هەڵئەگریت و ئەچیتە لای ئەو كۆمەڵە و لەگەڵیان گسك ئەدەیت و حەوشە گەورەكە خاوێن ئەكەنەوە.

پێم وت:

-نا، ناچم.

ئەڕاندی:

-با ئەچیت..

و بۆكسێكی كێشا بە دەموچاومدا.

لەدڵی خۆمدا وتم: ((گەر ئەمجارە لێیان دام منیش دەست ئەكەمەوە))، بەڵام لەوساتەدا كەخۆم ئامادەی وەڵامدانەوە كرد، بەڕێوەبەرم بینی لەژوورەكەی خۆی لەسایەیەكدا و ئەبوعەبدە زلە و تاقمێك پۆلیسی بەدەورەوە بوو، بۆیە رێم بەخۆم ئەدا دەست لەگەورەترین بەرپرسی مەزە بەرزكەمەوە و هەوڵمدا ماسولكەكانم خاوبكەمەوە و بێدەنگ بەرگەی زەبرەكانی سەرجەنت بگرم.

بەدەم بۆکس وەشاندنەوە پێی وتم:

-ئەچیت بۆخاوێن کردنەوەی گۆڕەپانەکە!

منیش هەر ئەموت:

-نا، هەرگیز.

گەر بەڕێوەبەر نەهاتایە، بێگومان سەرجەنت لەدەست وەشاندن ماندوو بووبوو. ساکارانە لەسەرجەنتی پرسی:

-ها، ئەوە چییە؟

-جەنابی قایل نییە بچێت بۆ بێگاریی.

-بەڵێ، بەراستتە؟ وازی لێبێنە بۆخۆم، خۆم چاری ئەکەم و وای لێئەکەم پەشیمان بێتەوە لەو چاو نەترسییەی.

دوای قسەکانی پەلی گرتم و رایکێشامە پەنا دەرگای ئۆفیسەکەیەوە. لەهەموو لایەکەوە نزیکەی دە پاسەوان دەوریان دام. ئەبو عەبدە زلە لای راستی لێگرتم و ئامادەی پیاکێشان بوو. بەڕێوەبەر بۆ ئەم بۆنەیە پانزە کەسی لەو بەندییە پلەدارانەش تەیارکردبوو کەسزای زیندانی قورس درابوون وکاری هەمەجۆری کارگوزاریی و ئەمبارەکانی ئازووقەیان پێئەکردن.

پاشان بەڕێوەبەر بەبەرچاوی برسی و بزی ئامادەبووان و پەنجا بەندیی ترەوە، بەقامچییەکەی توند و دڕندانە کەوتە گیانم و هەرچی بەدەمیدا ئەهات لەجنێوی فۆلکلۆری عەرەب درێخی نەکرد و بەخۆم و باوك و دایك و خوشك و باوباپیرم و میلەت و نەتەوەکەمدا هاتەخوارەوە. عەلی عیسا بەتووڕەیی و بەلەسەبوونێکی ناماقووڵەوە لێیئەدام و بێ راوەستان ١٠٠ قامچیی لێدام. بەوەش کە لەقامچیی سەدهەمدا هێشتا بەپێوە بووم،و لەسەر قاچ رەپ راوەستابووم و نە جولاّم،نەیەك وشەم وت،نە پاڕامەوە، بەڕێوەبەر

قامچییەکەی وەلانا و مشتی راستی نوقاند و بۆکسێکی سرەواندە چەناگەم. بۆکسەکەی هێندە بەهێز بوو هەستم کرد زەوی لەژێر پێمدا خزا و لەگەڵ خۆی رایکێشام.

کاتێك هۆشم هاتەوە سەیرەکەم لەکلینکی زیندانم و ئەبوعەبدە زلە بەزۆر گیراوەیەکی تاڵم دەرخوارد ئەدات کەبۆنێکی توندی ئەلکهولی لێئەهات و گوێم لێبوو پێم ئەڵێت:

-بیخۆرەوە، دەی خێرا هەموو پەرداخەکە بخۆرەوە، هێزت ئەداتەوەبەر، ئاخ لەئێوەی کورد، چاکتان ئەناسم. کەوتتان (نا) واتە نا و ئیتر مەحاڵە پەشیمان بکرێنەوە و قایلبکرێن بلێن بەڵێ!

سەری بەراستوچەپدا رائەوەشاند وەك نیشانەی دەستەوەستانیی بەرامبەر کەللەرەقی و خۆڕاگریی کورد.

ئەو لێدانەی خواردبووم خستبوومیە دۆخێکەوە کەمرۆڤ بەزەیی پێمدا بێتەوە. ددانێکیان شکاندبووم و دەمم پڕبووبوو لەخوێن و لای چەپی چەناگەم وا ئاوسابوو کەدەمم دائەخست ئازاری ئەهات، جگەلەوەش پشتم ئەسوتایەوە و هەناسەی ئەبڕیم وەك ئەوەی کێوێکیان خستبێتە سەرسنگم. سەرجەنتی برینپێچ لەهێمنی و نەرمیدا کەسێکی جیاواز بوو لەسەرجەم کادرە سەربازییەکان و هەموو توانای خستبووە گەڕ بۆ چارەکردنم. بەشلەیەکی خەستکەرەوە غەرغەرەی پێکردم و دەموچاوی پێچام و کەپسولی دژە تای دامێ و جەستەمی بە بۆیەی یۆد سوی. هەرهێندەی توانیم لەسەرپێی خۆم بوەستم یارمەتی دام بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنەکەی خۆم. ئەو لێدانەی بەڕێوەبەری زیندان بۆی کردمە پاداشت هەموو بەندییەکانی مەزەی بەشێوەیەك وروژاندبوو، کەلەکاتی تێپەڕبوونمدا، سەرەڕای هاوار و هەڕەشەی پاسەوانەکان هورووژمیان هێنایە بەرپەنجەرەکان بۆ بینینم و دەربڕینی هاوسۆزیی. خەمۆکی بەسیمای بەندییەکانی ڕاڕەوەکەمانەوە دیاربوو وەك ئەوەی خۆیان لێدانیان خواردبێ و چاوم لێبوو هەندێکیان فرمێسکی گەرمیان ئەڕشت و هەندێکی تر سنگیان ئەکوتا و نەفرینی یاساوڵەکانیان ئەکرد.

-چۆن وێرایان وات بەسەربێنن، ئەو دڕندە پۆخڵانە!

عەدنان وادی، ئەو لاوە کوردەی سزای ٣ ساڵ زیندان درابوو چونکە هەوڵی دابوو بەر بە کۆمەڵێك سەرباز بگرێت کە ویستبوویان دەستدرێژیی بکەنە سەر ژنێك لەشەقامە چۆڵەکانی دیمەشقدا، بینیم وەك منالێکی بچکۆلە ئەگری و نینۆکی ئەخوات:

-گەر وەك ئەو هیچوپوچانە کلاشینکۆفێکم پێنەبوو هەرهەموویانم ئەکوشت!

عەدنان ماوەیەکی ویست تاهێور بووەوە، تەنانەت بەدەم خەویشەوە ئاخوئۆفی بوو و جنێوی ئەدا بە ناسر و عەبدولحەمید سەراج و هەواڵگریی تایبەت و دادوەرەکان و بەڕێوەبەری زیندان و دەستوپێوەندەکەی.

دوای داخرانی دەرگەکان بەماوەیەکی کەم تام لێهات و دانەچۆقەم پێکەوت و کەوتمە وڕێنەکردن، تا هاوسێکەم بەپاسەوانەکەی وت. درەنگانێکی شەو سەرجەنتی برینپێچ هات و دەرزییەکی لێدام و کەپسولی خەوی دامێ.

رۆژی دواتر بەناستەم توانیم هەستم و ئازاری پشت و شانوملم هێندە پڕوکێن بوو کەنەمئەتوانی بەشی سەرەوەی لەشم ببزوێنم، بۆیە داوامکرد بمبەن بۆنەخۆشخانە، بەڵام لەترسی ئەوەی پزیشکی چارەسەرکەر راپۆرتێك بنوسێت سەبارەت بەدۆخەکەم، بەڕێوەبەرێتیی داواکەمی رەتکردەوە بەبیانووی ئەوەی برینپێچەکە ئەتوانێت ئەوئەرکە ئەنجام بدات و سەرۆکاریی پێویستم بکات.

رۆژی شەممە هێشتا دیمەنی رووخسارم ترسناك بوو، پشتم لەپارچەیەکی برژاوی سوتاو ئەچوو. نەیانبردین بۆ دادگە. سەرجەنتە برینپێچەکە دڵسۆزانە و ماندوویی نەناسانە پێمەوە خەریك بوو و ئەوەی لەدەستی هات کردی تاشوێنەواری ئەوکارە دڕندانەیەی بووبووم بەقوربانیی بسڕێتەوە. لەماوەی دەرۆژدا ئاوساوییەکەی دەموچاوم و نەما بەڵام شان و پشتم رەش داگەڕابوون و دوومانگی پێچوو تائاسایی بوونەوە.

تانەمرۆش بەدەست شوێنەواری ئەو سەد قامچییەوە لەسەر شانم ئەنالێنم و جاری واهەیە خەون بە زیندانی مەزەوە ئەبینم و دیمەنی یاساوڵەکانی پۆلیسی سەربازیی دێتە بەرچاوم کەقامچی زەبەلاحیان بەدەستەوەیە و دان جیڕ ئەکەنەوە و وەك مۆتەیەك لەخەوم رائەپەڕێنێت.

شەممەی دووەمی دوای رووداوەکە کاربەدەستان کۆیان کردینەوە، من و هەڤاڵەکانم، بۆ راپێچ کردنمان بۆ دادگە، لەوێ باسی ئەو رەفتارە خراپەم کرد کەلەگەڵم کراوە و کراسەکەم هەڵدایەوە و پشتم پیشانی سەرۆك دا، کەدیاربوو دیمەنەکە کاری تێکرد، بەڵام بەساردییەکەوە وەك رۆبۆت وتی:

-بەڵێ لەراستیدا ئەو بەسەرهاتەم بیستووە. ئێستا ئەوە کۆن بووە و زیندوو کردنەوەی لەژێر خۆڵەمێشەکەیدا بێسوودە.

ئامادەبووان کەزۆربە کورد بوون، ویستیان نارەزایی دەربڕن بەڵام کاربەدەستان بەزۆر لەهۆڵەکە کردنیانە دەرەوە. پاش کەمێك ئێمەشیان بردەوە بۆ زیندان. کاتێك زەینلعابدین بیستی لەدادگە چۆن رەفتارمان کردووە، هەمدیسان سواری کەری شەیتان بووەوە بۆ تۆڵەسەندن بەڵام لەدواساتدا تەلەفۆنێکی بۆکرا لەلایەن بەرێوەبەری پۆلیسی سەربازیی زیندانی مەزە وە و لەنیازەکەی پەشیمانی کردەوە.

سەرەنجام کاتی بەرگرینامەکانمان هات و پارێزەرەکانمان لەکورد و عەرەب، ئازایەنە کەوتنە ڕسواکردنی بێهودەیی و زیادەرەویی ئەو تۆمەتانەی ئاڕاستەمان کراوە، بەپێشکەشکردنی بەڵگە و بیانووی پشتیوانەدار.

-چییان کردووە تا بکەونە ژێر لێپرسینەوەی قانونەوە؟ ئایا بەکرێگیراوی وڵاتێکی دوژمن بوون؟ ئایا خۆفرۆشیی مەزنیان ئەنجامداوە و پەیوەندییان کردووە بەدوژمنەوە و نهێنی وڵاتیان بەپارە فرۆشتووە؟ نەخێر، هیچ شتێکی لەوجۆرە نییە.

پارێزەرە عەرەبەکە پرسی:

-جەنابی سەرۆك، بەڕێزان ئەندامانی دادگە،ئەوانەی لەبەردەمتاندا ئەیانبینن، کەسانێکی بەئابڕوون، پیاوانێکی پاك و نمونەیی کەبەرێزەوە بانگەشە ئەکەن بۆ گەشەپێدانی زمان و ڕووناکبیریی و کەلتووری گەلی کورد. ئەمە هەموو بابەتەکەیە. ئەم گەلە قارەمان و وەفادار و سوارچاکە بوو، ئێمەی عەرەبیان، لەهەزار و یەك بۆنەدا لەتیاچوونی مسۆگەر رزگارکرد. باسەرلەنوێ مێژووی سەلاحەدینی مەزن بخوێنینەوە تا لەو راستییە دڵنیا بین.

پاشان نۆرەی پارێزەرێکی کوردی حەڵەب هات:

-پێش زیاتر لەهەشت سەدە، کورد هاتنە سوریا، نەك وەکو پەنابەرانێك بەدوای لانەیەکی ئارامدا بگەرێن، بەڵکو وەك رزگارکەر. خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە میسر و فەلەستین و لوبنانیشەوە، سێ بەش زیاتری داگیرکرابوو لەلایەن فرەنسیی و ئەنگلۆ-ساکسۆنەوە. چۆن وڵاتێك کەئەمرۆ میسر و سوریا پێکەوە کۆنەکاتەوە رێ بەخۆی ئەدات رۆڵەکانی گەلێك بچەوسێنێتەوە کەخوێنێکی زۆری بەخشی بۆ رزگارکردن و پاراستنی عەرەب لەکارەساتبارترین ساتەکانی مێژوویاندا؟ ملکەچ پێکردنی کورد بۆ سیاسەتی عەرەباندنی زۆرەملێ، واتە ململانێ لەگەڵ مێژوو و دادپەروەریی و ئابڕوو و هاوکات رووبەڕووبوونەوەی نەریتە دیمۆکراسییە دێرینەکانی گەلی عەرەب، هەروەك واتای رێخۆشکردنیشە بۆ شۆڤینیزم و جیاکاریی زۆرەملێ و سەرەڕۆیی فاشییانە. بەڕێزانی دادوەر، بیر لەهەموو ئەمانە بکەنەوە، پێش ئەوەی حوکمەکەتان بدەن و بڕیارەکانتان دەربکەن!

دوای هەفتەیەك لەپێشکەشکردنی بەرگرینامەی پارێزەرەکان، دادگە بواری دام لەبەردەمیاندا رای خۆم دەربڕم.

منیش باسی چالاکییەکانی دژەئیمپریالیزمم کرد لەسەرەتای لاوێتیمەوە و لەوکاتەوەی خوێندکاری ئامادەیی فەرەنسی بووم. پاشان نیشتەجێ بوونم لەسویسرا و دەستپێشکەریی

بۆدامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی عەرەب. ئینجا باسی دیمۆکراسیی سویسرام کرد و یەکێتیی ئەو وڵاتە لەفرەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی چەندین میلەت و زمان و کەلتوور و ئاینزای جیاواز، جەختم کردە سەر ڕەسەنایەتی و هێز و دینامیکیی سویسرا و ئەو قازانجەی سوریا بەدەستی دێنێت ئەگەر بێت و ڕێزبگرێت لەتایبەتمەندیی زمان و کەلتووری میلەتە جیاوازەکان و کارکردن بۆ گەشەپێدان و ڕەخساندنی بوار بۆیان تاتێکەڵی کەلتووری عەرەب بن و دەوڵەمەندتری بکەن، لەجیاتی دژایەتیی کردنیان بەشێوازێکی شۆڤینیی وشك و کەللەرەقانەی تەسکبین و گۆشەگیر.

بەهانەکانم و لۆژیکی قسەکردنم، پۆزەتیڤانە کاری کردە داوەرەکان و نوقمی بیرکردنەوەیەکی قووڵی کردن، سەرەڕای هەڵسوکەوتە دژەکانی داواکار و ڕەفتارەکانی. لەلایەکی ترەوە هاوڕێیانمان لەدەرەوە لەهەوڵەکانیاندا بۆنەرم کردنی هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی میسر-سوریا بەرامبەرمان، توانییان هەڵمەتێکی فراوانی نارەزایی ڕێکبخەن. کوردانی عێراقیش کەپەیوەندیی باشیان لەگەڵ قاسم درووست کردبوو، کەوتنە پەلاماردانی ئاشکرای ناسر و ڕێژیمەکەی و چەندین شاند و بۆچەندین ڕۆژی لەدوای یەك، چوونە بەردەم باڵیۆزخانەی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لەبەغدا و دوای ئازادکردنی ئێمەیان نەکرد، کوردانی لوبنانیش هەمان هەوڵیان خستەگەڕ لەمیدیای دیمۆکراسیی لوبناندا و لای باڵیۆزخانەی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لەبەیروت. هاوڕێ سویسرییە هاوسۆزەکانیشمان، تکانامەیەکیان ئاراستەی دەسەڵاتدارانی میسر-سوریاکرد، بەئیمزای سەدان کەسی بواری ئەدەب و هونەر و زانست. یەکێك لەوەفادارترین هاوڕێکانیشم، گیلبرت بایشتۆلد، پارێزەرو ڕاوێژکاریی نیشتمانی سویسری، بڕیاریدا لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی تردا ئامادەبن بۆ بەرگریی لێکردنمان لەبەردەم دادگەی سەربازیی دیمەشق. کوردانی نیشتەجێی فەرەنساو ئەڵمانیا و سوید و بەلژیکا و ئینگلتەرە و ئیتالیا و هاوڕێکانیان لەو وڵاتانە پشتیوانییان بۆدەربڕین و داوایان کرد لەنوێنەرایەتی کۆماری یەکگرتووی عەرەب لەو وڵاتانە کەئازادمان بکەن.

هەموو ئەودەستێوەردان و تکاکارییانە رۆڵێکی گەورەیان هەبوو لەخاوکردنەوەی رادەی شێتگیریی دەسەڵاتی سیاسی بەرامبەرمان،بەهۆیانەشەوە سزاکانی هەتاهەتایی گۆڕدرا بۆ ساڵ و ساڵ و نیو و سزاکانی ٧-١٥ ساڵ گۆڕدرا بۆ ساڵ و حەوت مانگ زیندان. بەهیمەتی ئیمزای کەسانی ناسیاو و نەناسیاو لە سێدارە دەربازبووم.

دوای بەسەربردنی شەش مانگ لەزیندانی سەربازیی مەزە، ئەبوو من و هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کوردی سوریا، بگوێزنەوە بۆ بەندیخانەی ناوەندیی دیمەشق، ئەو قەڵا سەختەی سەلاحەدینی دروستی کردبوو.

رۆژی ٥ ی ئازاری ساڵی ١٩٦١ دادگە حوکمەکەی دەرکرد و بەڕێوەبەرێتیی مەزە ئاگاداری کردین خۆئامادە بکەین بۆ رۆشتن. بیرۆکەی جێهێشتنی زیندانێکی دەرەوەی شار، لەسەربەرزاییەکانی دیمەشق،کەبەپێی رێنمایی سەربازیی بەڕێوەئەبرا و پابەندی هەواوهەوەسی پۆلیس و یاساوڵەکان بوو، و چوونە بەندیخانەیەکی سڤیلی ژێر دەسەڵاتی پۆلیسی ئیداریی ناسراو بەنەرمیی و خۆشەویستیی خزمایەتیی و لەناوەڕاستی شاردا، هەموومانی شادمان کرد. بۆیە خێرا کەوتینە خۆکۆکردنەوە و دابەشکردنی کەلوپەلەکانمان بەسەر سەربازە بەندییەکاندا، رۆشتنمان بووە خەفەت بۆ هەندێك لەوانەدارانەی رۆژانە شتێك پارەی کەمان ئەدانێ بەرامبەر هەندێك خزمەتی بچووك. ئەوانی تریش پیرۆزباییان لێکردین و ئیرەییان ئەبرد بە رزگاربوونمان لەدڕندەیی و (سادیست)ی عەلی عیسا و زەینلعابدین و ئەبو زەتور. بەڵام عەدنان وادی، هاوڕێ گەنجەکەمان کەدانیشتووی گەڕەکێکی کوردنشین بوو، خەمباری ئەوەبوو کەئەویش بەهۆیانەی ئێمەوە نەگیراوە و نەگریا:

-لەناوچوونی ئەم رێژیمە زۆر ناخایێنێت و هەموو ئەوانە ئازاد ئەبن کە بەناهەق حوکم دراون و رێزیان پێئەدرێتەوە.

ئێمەش بۆ دڵدانەوەی پێمان ئەوت:

-لەدەرەوەی زیندان بەئازادیی یەك ئەبینین، و پێکەوە ئەکەوینە خزمەتی میلەتەکەمان و مرۆڤایەتیی بۆ بەدیهێنانی پرۆژە مەزنەکان. تا ئەوکاتەش پێویستە سوود لەژیانی زیندان وەرگرین بۆ درێژەدان بەخوێندن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوە.

دوای دابینکردنی رێوشوێنی تایبەت بەگواستنەوە وچوونەدەرەوەمان، بەرێوەبەرێتیی مەزە ترنجاندینیانە(لۆرییەکی سەوزەوە)و بەپاسەوانییەکی توندەوە بەرەو ناوشار راپێچیان کردین. لەپەنجەرە بچووك و شیشبەندەکانەوە سەیرمان ئەکرد وەك خەون ببینین بەوخێوانەوە کە لەشەقام و گۆرەپانە گشتییەکانی شاردا هاموشۆیان ئەکرد.

دوای تێپەڕین لەبازاڕی خواجە، یەکێك لەکەنارە هەرە شلۆقەکانی دیمەشق و جەنجاڵ بەبازرگان و دەستفرۆش و فرۆشیار و کڕیاری هەمەجۆر، بەهۆی شوتەکەیەوە، ئۆتۆمبیلەکە توانی بگاتە بەردەم دەروازە زەبەلاحەکەی قەلاّی سەلاّحەدین.

پۆلیسەکان کەبێگومان ئاگادارکرابوون لەگەیشتنمان، رێیاندایین بچینە حەوشەی دەرەوە و لەوێوە راپێچیان کردینە ژوورەوە. کارمەندێکی سڤیل، لەسەر زەوییەکە لەپشت تەپلەکێکی گەورە دانیشتبوو کەتەنیا سەرە زلە رووتاوەکەی بەدەرەوەبوو و ئینجاهەردوو قۆڵ و باسکە تووکنەکەی، لەئۆفیسێکی بچووکی سیخناخ لە دۆسییە و بەڵگەنامەدا یەك لەدوای یەك پێشوازیکردین بۆ بەرێکردنی رێوشوێنی تۆمارکردن، پاشان دابەشیان کردین بەسەر خەوگەی ئەو(میوانانە)ی حوکمی ئەوپەڕی دووساڵ درابوون.

من و ٣ هاوخەباتی ترمیان بردە خەوگەیەکەوە کەرێك بەرامبەر نووسینگەکانی بەرێوەبەرێتیی بوو. کۆلۆنێل (وەجیە بەرازی)، کوردی خەڵکی حەڵەب بەرێوەبەری زیندانەکە بوو، کەلەئەفسەرێکی سوپاوە گوێزرابووەوە بۆ ریزی پۆلیس، بەوهۆیەی ساڵی ١٩٥٨ لەپەلامارێکدا بۆسەر هێزێکی ئیسرائیل لەسنووری جۆلان، گولەیەك سکی پێکابوو. ئەویش هیچ هەلێکی لەدەست نەئەدا، بۆ پیشاندانی ورگە بریندارەکەی بەوکەسانەی بەگومان بوون لەئازایەتیی و دڵسۆزیی ئەو بۆ نیشتمان. پارێز و وریایی

پێوەدیاربوو بەرامبەرمان،بێگومان لەترسی بایەخدانی زۆر بەداواکانمان وگوێگرتن لەڕێنمایی هاوڕێ دەرەکەکییەکانمان کەلەنزیکەوە ئەیانناسی.

هەندێك جاریش ئازایەتیی و چالاکیی خۆی سەلماندبوو، بۆنمونە: لەبەشی تایبەت بەحوکمدراوە گەورەکان توانیبووی شێوازی فێرکردنی نوێ بەکاربهێنێت، ئەویش بەرێکخستنی پۆلەکان لەچەند ئاستێکدا کەپرۆگرامی فەرمیی تیا پەیڕەوئەکرێت، و هەولێشی دابوو بەپێی توانا مامۆستا لەنێو بەندییەکاندا هەڵبژێرێت.

هەرخێرا من و هەندێك لەهەڤاڵە بڕوانامەدارەکانم خۆمان کاندید کرد بۆ وانەبێژیی لەزینداندا، کەچی ڕەتیانکردینەوە: (لەبەرئەوەی بەهۆکاری سیاسییەوە حوکم دراون).

بەندییەکان بەدەستپێشکەریی کۆلۆنێل بەرازی تیمی باسکە و باڵەیان درووست کرد، کەلەو بوارەشدا و بەهەمان هۆکار داوایەکی منیان ڕەتکردەوە.

ئەمانە تەنیا جیاکاریی نەبوون بەرامبەرمان کەخەمگینیان ئەکردین، بەڵکو جێخەوەکانمان بەتەنیشت ئاودەستەکانەوە بوو کەدەرگەیان پێوەنەبوو و بۆگەنیان لێئەهات و کاتێك تکامان لەبەرپرێوەبەرێتیی کرد جێگۆڕکێمان پێ بکەن یارێمان بدەن بگوێزینەوە ئەو جێخەوانەی بەرامبەر دەرگای ئاسنینی قاوشەکەن، وەڵامیان داینەوە هەموو قاوشەکان سیخناخن و ئەبێت چاوەڕێ بین تا سەرەمان دێت و وردەوردە لەدەرگەکە نزیك ئەبینەوە. هەرجارێکیش بەندییەك ماوەی زیندانییەکەی تەواو ئەکرد، جێخەوەکەی چۆڵ ئەبوو،چەندین بەندیی هوروژمیان ئەبرد بۆجێگرتنەوەی و ئەبووە و شەڕ و لێکدانی ڕاستیی لەنێوانیاندا. ناچار بووین دوومانگ چاوەڕێ بکەین و زۆرمان ئۆقرەگرت، ئەشبوو پشی پشی بۆ پاسەوانەکان بکەین و بەرتیلیان بدەینێ تابتوانین لەدەرگەکە نزیك ببینەوە و هەوایەکی خاوێن هەڵمژین!

بەڵام بەراورد بە مەزە، ئەم زیندانە گەلێك باشەی هەبوو، دەرگەکان لەسەعات هەشتی بەیانیی تا نیوەڕۆ و لەسەعات دووی پاشنیوەڕۆ تا شەشی ئێوارە ئەکرانەوە و ئەمانتوانی

هەموو جۆرەکەسێك و لەهەمووجێیەکی سوریاوە لەناوبەندییەکاندا ببینین. باسی ئەوتاوان و کارانەی خۆیان بۆ ئەکردین کە بەهۆیەوە کەوتبوونە زیندانەوە. تێبینیمان کرد زۆربەیان قوربانیی بارودۆخی سەخت و ساویلکەیی، یا قوربانیی ژینگەی خێزانیی و کۆمەڵایەتین. زۆر نمونەی وەك ئەو نەگبەتەی گەڕەکی کوردانی دیمەشق(حی الاکراد)م بینی کەحەوت ساڵ زیندانی بۆ بڕابووەوە لەبەرئەوەی براکەی خۆی بەقەزاوقەدەر کوشتبوو، وئەشبوو بچێتە ژێرباری دەرەنجامە کۆمەڵایەتیی و مرۆییە کارەساتبارەکانی، کەچی سەیرئەکەیت کارمەندێکی بێ ئابڕوو تەنیا دووساڵ زیندانی بەسەردا دراوە چونکە پارەی وڵاتی دزیوە، کە بەرامبەری نزیکەی ٢٠٠ هەزار فرەنکی سویسرییە. ئەم زەلامە جگە لەوەی پارەکەی قایم کردبوو و پێی نەگیرابوو، لێرەش وەك کارمەند هەڵسوکەوتی ئەکرد و پارەیەکی باشی دەستەکەوت لەکاری عەرزەوحاڵچێتی لەحەوشەی زیندانەکەدا. لەسەر کورسیەك لەپشت مێزێکی بچووکی سەفەرییەوە دائەنیشت وئەرزەوحاڵ یا نامەی بۆ ئەوبەندییانە ئەنوسی کەنەخوێندەوار بوون یا توانیان نەبوو نامە ئاڕاستەی لایەنە فەرمییەکان بکەن.

لەناو بەندییەکاندا ژمارەیەکی زۆری لەوانە تیابوو کەوەك پێیان ئەوترا(ئابڕووی خێزانەکانییان کڕیبووەوە)، بۆنمونە باوکانێك کە کچەکانی خۆیان کوشتبوو یا برا خوشکی خۆیان خنکاندبوو بەبیانووی ئەوەی (تاوانیان ئەنجامداوە) و ئابڕووی نەریتە باوەکانیان پێشێل کردووە.

زۆربەی بەندییەکان کاتەکانی خۆیان بەدرووستکردنی جزدان و جانتای ژنانە لەمتوموروو بەسەرئەبرد و ژمارەیەکی زۆری بەندییەکانیش گوزەرانی خۆیان لەفرۆشی متوموروو و دەرزیودەزوو یافرۆشتنی بەرهەمەکانیان دابین ئەکرد.

هەندێك لەهەڤاڵەکانیشمان لەبواری ئەم پیشەیەدا بوونە پسپۆڕ و بەرهەمی(یادەوەریی زیندان)یان بۆئەو بەندییانە درووست ئەکرد کە لەکاری دەستیدا کۆڵ بوون.

پێنج مانگی دوایی حوکمەکەمان بێ گرفت تێپەڕی و ئیتر ڕووبەڕووی بێگاریی و سوکایەتی پێکردن و ئەشکەنجە نەئەبووینەوە.

لەڕۆژانی کۆتایی زیندانماندا، کۆلۆنێل بەرازی کەهێشتا ٤٠ ساڵی تەمەنی تێنەپەڕاندبوو، وەك زۆر لەئەفسەرە کوردەکان خانەنشین کرا، سەرەڕای دڵسۆزیی بۆ ڕژێم و ملکەچیی بۆ لۆزەنەرەکانی ناسر و بەهرە و تواناکانی وەك بەڕێوەبەر و پەروەردەکار. جێگرەکەی کەیاریدەدەرێکی سادەبوو، بەڕێوەبەرێتیی زیندانەکەی پێسپێردرا، لەناو ژاوەژاوی زیاتر لە ٣ هەزار بەندیدا. هەر ئەویش لە ٨ ی ئابی ١٩٦١ دا فەرمانی ئازادکردنمانی ئیمزا کرد.

سەرلەبەیانی ڕۆژێکی خۆش ئازادیم بینییەوە و هەوای پاکم هەڵئەمژیی و قاچەکانم شل و خاو و دڵم ئاسوودە و شادمان و خۆشحاڵ شەقامەکانی دیمەشقم تەی ئەکرد، هەرچەندە ئەشمزانی بەردەوام چاودێریم ئەکەن و بەدواوەمن. لەپڕێکدا سەیرئەکەم لەناو ئاپۆرەی ئەو خەڵکەدام کەلەکاری ڕۆژانەیاندا نوقم بوون، لەناو ساردەمەنی و شەربەت فرۆشاندا، کەبەدەنگی بەرز هاواری کاڵاکانیان ئەکرد. تەزوویەك بەلەشمدا تێپەڕی و پڕی کردم لەچێژ و شادیی.

چۆن توانیم ئەو هەموو ماوەیەی ژیانم لەپشت دیوارە کۆنکرێتییەکانەوە بەسەربەرم لەکاتێکدا دیمەشق ئاوا ژیانی لێ هەڵئەقوڵێت؟

لەدەرەوەی شوراکانی مەزە زۆر شادمان بووم بەڵام هێشتا هەستم ئەکرد تەواو ئازاد نیم، بۆیە کەوتمە خۆ، تا دیسان ڕابێمەوە لەگەڵ واتای ئازادی و ژیانی (سروشتیی).

یەکەم ئائومێدیم تووش بوو، کاتێك سەیرم کرد کۆمپانیاکەم کەتایبەت بوو بەهێنان و ناردن لەکاتی گیرانمدا زەوت کراوە و تێکدراوە و بودجەکەی زیاتر لە ٥٠٠٠٠ فرەنکی سویسریی کورتی هێناوە، بۆیە ناچاربووم خۆم کارەکان بگرمەوە دەست و لەسەرەوە دەست پێبکەم.

سوريا

- راهاتنەوە لەگەڵ ئازادیی

- دارمانی یەکێتیی نێوان میسر و سوریا

- ئەزموونی کاندید-نوێنەر لەپەرلەمانی سوریا

- کودەتای سەربازیی و هاتنە سەرکاری پارتی بەعس

- چەند مانگ ژیانی نهێنی لەناو خێزانەکوردەکانی

دیمەشقدا

گەندەڵیی سیستەمی ئابووریی و تێکچوونی هاوسەنگییەکەی بەهۆی دەسەڵاتی ناسرەوە لەسەر سوریا(بەتایبەت سیاسەتی خۆماڵیکردنی بانکەکان و کۆمپانیا گەورەکان و زەوییەکان)کارەکەی منیان سەختتر کردبوو، سورییەکانیش رۆژ لەدوای رۆژ زیاتروزیاتر هەڵئەچوون و تووڕەبوون لە(داگیرکردنی)وڵاتەکەیان لەلایەن میسرەوە و بەئاشکرا نارەزاییان دەرئەبڕی و بەدوای رێگەیەکی رزگاربووندا ئەگەڕان.

ئاخۆ لەناو ئەم دۆخە بێسەروبەرەدا ئەتوانم ئارامیی و ئاسوودەخەیاڵیی بدۆزمەوە؟ لەڕاستیدا ئاواتی ئەوەم ئەخواست،تا ئەورۆژەی پیلانێکی پیاوانی هەواڵگریم بۆئاشکرابوو،بەناوی بازرگانییەوە ژوورێکیان بەرامبەر ئۆفیسەکەم بەکرێ گرتبوو و لەوێوەوە چاودێرییان ئەکردم، جارجارەش بەبیانووی چاکردنی کێشەی تەلەفۆنەوە ئەهاتنە نووسینگەکەم تابزانن کێ میوانمە.

لەگەڵ ئەوەدا و سەرەڕای ئەو چاودێرییە توندەی وەك کۆتوبەند دەوری دابووم، بەڵام توانیم بەشداری چەند کۆبوونەوەیەکی سڤیلیی و کادرەسەربازییەکان بم کە بڕیاریان دابوو سوریا لەچنگی دیکتاتۆرییەتی ناسریی دەربازبکەن. نارەزایی بەجۆرێك تەشەنەی سەندبوو، کە عەبدولحەمید سەڕاج کەوتبووە گومان لە دڵسۆزیی و وەفای خۆی بۆناسر،پیلانگێڕەکان هەوڵیاندا هانی بدەن بۆیاخی بوون،بەڵام کەمتەرخەمیی کرد. ناسریش بەپەلە ژەنەراڵ عامری فەرماندەی گشتیی هێزەچەکدارەکانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی نارد بۆ سوریا، ودوای ئەوەی عەبدولحەمید سەڕاجی دەستبەسەر کرد، کەوتە گواستنەوەی ئەو ئەفسەرانەی گومان لەدڵسۆزییان هەبوو، بەڵام نەیتوانی رۆڵەکەی تەواو بکات، چونکە بەرەبەیانی رۆژی ٢٨ ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ هەندێك یەکەی سەربازیی سوریا بەفەرماندەیی کۆلۆنێل نەحلاویی سەرۆکی ئیدارەی فەرمانبەرانی ئەرکانی گشتیی و کۆلۆنێل حەیدەر خوزبەری

بەرپرسی هێزی گەڕۆك، لەکۆشکەکەیدا لەئەبورۆمانەی دیمەشق غافڵگیریان کرد ویەکسەر ناردیانەوە بۆ میسر.

رۆژی دواتریش کەوتنە لەقاودان و ریسواکردنی یەکێتیی نێوان میسر و سوریا، ئیتر دەیان هەزار ئەفسەر و سەربازی میسریی کە لەسەرتاسەری سوریادا بلاوکرابوونەوە، بەتایبەت لەسنووری ئیسرائیل خۆیان رادەستی مشتێك ئەفسەر و سەربازی سوریی کرد.

ناسر لەبەردەم ئەو پێشهاتەدا نەیوێرا دەستێوەردانی سەربازیی بکات، بەڵکو ئیزگەی بەکارهێنا بۆ پشتیوانیی و رێنمایی پیاوەکانی و هاندانی جەماوەری سوریا و عێراق دروستکردنی پشێویی و ئاژاوە لەسوریادا.

لەکاتەدا دەسەڵاتدارانی نوێی سوریا هەڵوێستی توندیان دژی لایەنگران و هاوسۆزانی ناسر وەرگرت و مەئمون خوزیریی،کەپێشتر ئوستاد بوو لەزانکۆی دیمەشق،راسپێردرا حکومەتێك دامەزرێنێت کەزیاتر لەکەسانی سیڤیل پێك بێت. و پاش ماوەیەکی کەم رایانگەیاند کە لە ٥ی کانوونی یەکەمدا (هەڵبژاردنێکی ئازاد) ئەنجام ئەدرێت.

بەهۆی کاریگەریی گەورەی دەستگیرکردنەکەم لەسەر کوردانی جەزیرە، و ئەو هەموو جۆرەی ئەشکەنجەیەی کەخۆیان لەماوەی دەسەڵاتی ناسردا گرفتاری بووبوون، هانیاندام خۆم کاندید بکەم بۆپارلەمان و بروایان وابوو هەڵبژاردنە چاوەڕوان کراوەکە (ئازاد) ئەبێت.

بێگومان کەسێکی زۆر رووناکبیر لەدیمەشق سەرۆکی حکومەت بوو، پیاوێکی سەر بە بۆرژوازیی لیبرالیی و بەجۆش و بەپەلە، تا لە سوریا ئازادیی و دیۆکراسیی بەرقەرار بێت، بەڵام دەسەڵاتی تەواو هێشتا بەدەست سوپاوە بوو و ئەفسەرانی لاو باوەڕێکی نەتەوەپەرستیی شۆڤێنیی کورت بینیان هەبوو کە بەدژایەتیی کورد ناسرابوو.

من کەپێشبینم ئەکرد سنووری ئازادیی رێپێدراو لەم (هەڵبژاردنە ئازادەدا) چەندە، بۆیە پێشنیازەکانی پارتی دیموکراتی کورد(کەهێشتا نهێنی بوو)م رەتکردەوە، بەڵام ئەمە نەبووە رێگر لەئەندامانی پارتی دیۆکراتی کوردی سوریا و بەردەوام بوون لەنامە و بروسکە

ناردن و قسەکردن لەگەڵم بە تەلەفۆن و داوایان ئەکرد بچم بۆ قامیشلی،کە زانییان دوودڵم لەوەڵامدانەوەیان، پەیوەندییان کرد بەکاکمەوە و ئەویش داوای لێکردم وەڵام بدەمەوە و ملکەچی ویستی جەماوەر بم.

رۆژێکی ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم سواری فڕۆکە بووم بەرەو قامیشلی، لەفڕۆکەخانە پێشوازییەکی گەرم کرام، بەلای ئەو کەسانەی سەرکوتکردن بووبووە خۆراکی رۆژانەیان، بووبوومە کەسێکی سوپەرمان کە ئەتوانێت دەرمانێکی جادوویی بۆهەموو ئازار و مەینەتییەکانیان بدۆزێتەوە.

کاتێك گەیشتمە لای کاکم، هاوڕێ و دۆستان کەوتنە گوشارهێنان تا تەنانەت یەك خولەکیش بەفیڕۆ نەدەم و کاندیدییەکەم پێشکەش بکەم و گروپێکی یاریدەدەران دیاریی بکەم، کە ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو.

بەپێی سەرژمێرییەکی ناتەواو و ساختە کەلەسێبەری ئینتدابی فەرەنسیدا بووبووە نەریت، ناوچەی هەڵبژاردنی ئێمە مافی چوار نوێنەری هەبوو: (هاووڵاتییەکی کوردی تەعریبکراو، سریانییەکی ئارتۆدۆکس، کوردێك و عەرەبێکی دێهات). جگە لەوەش فەرەنسییەکان نەریتێکیان بەمیراتیی بۆدەسەڵاتدارانی سوریا جێهێشتبوو، کەسەرۆکی خێڵی شەممەری عەرەب،بەبێ بەشداریی هەڵبژاردن وەك ئەندام قبوڵ بکەن، سەرەڕای ژمارەی کەمی شەممەر لەسوریا، چونکە زۆرینەیان لەسەر خاکی عێراق،لەنزیکی سنوور نیشتەجێن.

ئەم شێوازەی کارسازیی جەورێکی زەق بوو، چونکە بەپێی ئامارەکانی دۆسییەی سیڤیلی قامیشلی، لەنێوان ٥٠٠٠٠ دەنگدەردا کەزۆرینەیان کورد بوون، تەنیا ٤٠٠٠ عەرەب و ٥٠٠٠ ناموسڵمان(کریستیان بەهەموو ئاینزاکانییەوە، کەزۆرینەیان سریانی ئارتۆدۆکسن و لەگەڵ جولەکە)، لەوناوچەیە نیشتەجێن.

وێڕای ئەو کوردانەی لەدۆسییەی سیڤیلدا تۆمار کراون، زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کورد هەبوو کەناویان تۆمار نەکرابوو و دواکانیان بۆ وەرگرتنی رەگەزنامە چەندین ساڵ بوو لەئەمبارەکانی سەرای کۆنی دیمەشقدا تۆزی لێنیشتبوو. ئەم کوردانە بەخەڵکی سوریا دانەنەنران، کەچی ئەبوو خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ بکەن (بەتایبەت لەبەرەی ئیسرائیل)، و ئەو ناسنامەیەی لەسوپا وەریان ئەگرت، تەنیا مافی هاتوچۆی ناو سوریای ئەدانێ، و هەموو دەرگەکانی فەرمانبەریی گشتیی و خوێندنگە حکومییەکان بەڕوویاندا کلۆم درابوو.

جگە لەم کوردە (ناسوریی)انە، لەراستیدا دەیان هەزار کوردی تۆمار کراو لەدۆسییە سیڤیلەکاندا،ناویان لەلیستەکانی هەڵبژاردندا دەرنەچووبوو، هاوکات چەندین کوردی تریش سەرەڕای بوونی ناویان لەدۆسییەکانی سیڤیلیدا، ناسنامەیان نەدابوونێ و لەمافی دەنگدان بێبەش کرابوون.

رۆژی ٢٠ ی تشرینی دووەم بەفەرمیی ناوی خۆم وەك کاندیدی هەڵبژاردن تۆمار کرد و هەمان رۆژ دیدارێکی درێژخایەنم هەبوو لەگەڵ فەرماندار(قائیمقام)ی شارەکە.

بەبێزارییەکەوە پێی وتم:

-رێنمایی پێویست ئەدەمە کارمەندانی بەرپرس تا بەپێی توانا مافی کوردانی زوڵم لێکراو، لێرە بگێڕنەوە بۆیان. بەڵام لەبەر ئەوەی کاتێکی کەمان ماوە تا هەڵبژاردن، نیگەرانم کەناتوانم وەڵامی هەموو داواکانی ئەو کەسانە بدەمەوە.

وەڵامم دایەوە:

-گەنجەکانمان ئەتوانن کارئاسانیی بۆ کارمەندەکانتان بکەن، ئەگەر پێتان خۆش بێت.

رۆژی دواتر حەوشەی سەرا جمەی ئەهات لەسەدان جوتیاری کورد، هەندێکیان ناسنامەکانیان ئەدایە خۆبەخشەکانی ئێمە و هەندێك داوایان ئەکرد ناونیشانیان تۆمار بکرێت. کارمەندەکانی کەسێتیی کە لەهەموو لایەکەوە داواکارییان بەسەردا کەوتبوو،

چەندین دۆسییەی زەبەلاحی پێکەوە بەستراویان لەسەر مێزێك واڵا كردبوو و بەدوای ناوەکاندا ئەگەڕان پێش تۆمارکردنیان.بەوشێوەیە، چەند ڕۆژێك پێش هەڵبژاردن ناوی زیاتر لەهەزار کەسی ناسنامەدار بەشێوەیەکی قانونیی لەلیستی دەنگدەراندا تۆمار کرا.

لەبەر ئەوەی پارتی دیمۆکراتی کورد لەسوریا باوەڕی وابوو زۆرینەی دەنگدەران لەکورد پێکهاتوون و زۆربەشیان دەنگ ئەدەنە لیستەکەی من، بۆیە ویستیان ئەو بنەمایەی هەڵبژاردن کە لەئینتیدابی فەرەنسییەوە بەمیرات مابووەوە بگۆڕن، ئەویش بەوەی لیستەکەی من جگە لەناوی خۆم وەك شارنشین، دوو کوردی دێهات و سریانییەکی قامیشلی تیابێت. یەکێك لە دوو کوردەکە ئەندامی پارتی و ئەوی تریان ئەندام پەرلەمانێکی پێشووی هاوسۆزمان بوو، سریانییەکەش زمانی کوردی قسەی ئەکرد و خۆی بەکورد ئەزانی.

کاریگەریی ئەم(تازەگەرییە)زەبرێکی بروسکە ئاسا بوو.لەگەڵ پێکهێنانی لیستەکەمدا، ئەفسەری هەواڵگریی سەربازیی، لەبێلایەنیی، کەتا ئەو ساتە پابەندی بوو، هاتە دەر و کەوتە گەرپێکردنی خۆم و لایەنگرانم و لەناوچەکانی هەڵبژاردنی سەر بەقامیشلی زۆریان بۆبەرپرسانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەم هێنا ودەستبەسەریان کردن، نوێنەرانی ئەفسەرەکە هاتنەلام و(دۆستانە)ئامۆژگارییان کردم لیستەکەم هەڵوەشێنمەوە و لیستێکی تر پێکبهێنم لەگەڵ (ئەو کاندیدانەی بەلای سوپاوە گونجاو بوون).

کەئەوەشم ڕەتکردەوە، هاوپەیمانییەکیان پێکهێنا لەلیستێکدا بەسەرۆکایەتیی تەلعەت عەبدولقادر کە بەرەچەڵەك لەخێزانێکی دێرینی قامیشلی بوو، بەڵام بەقووڵیی بووبوونە عەرەب و پێشتر فەرمانده بوو لەهێزی ئاسمانی سوپای سوریا. ئەویش دوو شێخی لەخێڵی(تەی)عەرەبی لەلیستەکەیدا دانابوو وەك یاریدەدەر کەتەواو نەخوێندەواربوون، ئەگەرچی بەپێی قانون، ئەبوو کاندیدی ئەندامێتیی پارلەمان خوێندەوار بێت،

سریانییەکەی لیستەکەی عەبدولقادر برایەکی ئەسفەرنەجار بوو، کەیەکێك بوو لەگەورەترین دەوڵەمەندەکانی سوریا.

بەرامبەر ئەو گروپەی سوپا پشتیوانی ئەکرد و پارەیەکی زۆری لەبەردەستدا بوو، ڕۆژ بەرۆژ گرەوەکەمان سەختتر ئەبوو.

من و تیمەکەم هەم چاوەڕێی دەنگی خەڵك بووین و هەم سەرچاوەی دارایی بۆ خەرجی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن.لەهەر شارێکی هەرێمەکە نووسینگەیەکمان دانابوو تا لایەنگرانمان بتوانن سەردانی بکەن و بحەوێنەوە وگفتوگۆ بکەن و پیاڵەیەك چا بخۆنەوە. جگەلەوەش ئەبوو لەگیرفانی خۆمان ولیستەکەمان و هەندێك بڵاوکراوە چاپ بکەین و ئۆتۆمبیل داین بکەین بۆ هاتوچوون و گواستنەوەی لایەنگرانمان بۆ ناوەندەکانی دەنگدان چونکە ئەم بنکانە لەدێهاتەکان ژمارەیان کەم بوو و دووریش بوون لەیەکەوە. من و هاوڕێکانم ئەو هەموو خەرجییەمان پێ هەڵنەئەسوڕا، بەڵام خۆشبەختانە میللەت، ئەو خەڵکە دێهاتییەی کە پێیان ئەوترا (بێهۆش و خەوتوو و کێویی)،ئامادەییان پیشاندا پارەکانیان بکەنە قوربانی ئێمە، ئیتر ئەو جوتیارانەی بەهەزارحاڵ بژێویی خۆیان پەیدا ئەکرد، دەیان هەزار لیرەی سوورییان بۆ کۆکردینەوە و گروپی بەرامبەر کە داوای ٢٥ لیرەی لەهەر دەنگدەرێك ئەکرد، ئەم ئەنجامەی بەلاوە زۆر ناکاو بوو.

عەرەبە دژە کوردەکانیش بەتایبەت ئەفسەرەکان پێیان وابوو ئەم ڕەفتارەی گەلی کورد (ترسناك و هەڕەشەیە) و کەوتبوونە دانەجیڕە و لەناو خۆیاندا سوێندیان خواردبوو خرۆشی هەستی نەتەوەیی کورد خامۆش بکەن.

ئەو دەمە هەڵمەتی هەڵبژاردن گەیشتبووە ترۆپك و کاندیدانی لیستەکەم بەناوچەکەدا ئەگەڕان و سەردانی یەك بەیەکی گوندەکانیان ئەکرد، بۆدروستی کردنی پەیوەندییەکی نوێ لێرە و گوتاردانێك لەوێ و ئاگادارکردنی لایەنگرانمان لەهەڵچوون و هاربوونی ڕکەبەرەکانمان و هاندانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و دەستێوەردانی کاربەدەستان.

لای خۆمەوە و سەرەرای ئامۆژگاریی هاورێکانم و ئەو بانگهێشتانەی پێم ئەگەیشت، بەڵام بەباشم زانی لەماڵەوە بمێنمەوە لەبری ئەنجامدانی هەڵمەتەکە. لەگەڵ ئەوەش ٣ رۆژ پێش هەڵبژاردن هەردوو شاری عامودا و دەرباسیە کە لەدوای یەك ٣٠ کیلۆمەتر و ٦٠ کیلۆمەتر لەقامیشلییەوە دوورن، بانگهێشتیان کردم و هێندە جەختیان کرد تا قایل بووم و وەڵامی ئەرێنی داواکەیانم دایەوە و پاش نیوەڕۆی رۆژی کانونی یەکەم هاورێیەکم خۆبەخشانە و بەرۆژ گەیاندمی.

لەدەروازەی شاری عامودا سەدان گەنجی هاوسۆز بەگەرمی پێشوازییان کردم لەبنکەیەکی کۆنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. دوای دروشمدان و هاواری رێزلێنان، بەریان بەئۆتۆمبیلەکەمان گرت و لەگەڵ مۆسیقایەکی دڵرفێنی کوردی کەوتنە هەڵپەرکێ. پاشان لەناکاوێك گەمارۆی ئۆتۆمبیلەکەیاندا و بروسکەئاسا بەرزیان کردەوە و خستیانە سەرشانیان بەدەم چڕینی سرودی نیشتمانیی کوردییەوە و ١٠٠ مەترێك بردیانین پێش ئەوەی بیخەنەوە سەر زەوی.

پاش ئەوە، هەندێك لەلایەنگرەکان تا بارەگای پارتی کەهەزاران کەسی لێبوو،منیان خستە سەر شانیان. دوای ئەوەی قاوەیان دامێ تکایان لێکردم چەند وشەیەك پێشکەشی جەماوەرەکە بکەم.

منیش لەبەردەم تریبۆنەکە پێزانینی خۆم دەربڕی بۆ ئەو پێشوازییە گەرمە و نەفرەتم لە رژێمی ناسر کرد و سوپاسی سوپام کرد کەیارمەتی وڵاتی داوە بۆ گەڕانەوە بۆ ئازادیی و دیمۆکراسیی:

-کە ئەتوانم لێرە بەتەواوی ئازادیی قسەتان لەگەڵ بکەم، بۆ خۆی نیشانەی کرانەوەیە بەرووی سەردەمێکی گەشاوە و شادیهێندا لەسوریا بۆهەموو دانیشتوانەکەی بەعەرەب و کوردەوە.

لەبەر ئەوەی خۆر بەرەو ئاوابوون ئەچوو، ناچار بووم قسەکانم لەکورتیی ببڕمەوە تا فریاکەوم سەردانی دەریاسیەش بکەم پێش گەڕانەوەم بۆ قامیشلی.

دەوروبەری سەعات ١٠ ی شەو کە گەڕامەوە بۆماڵەوە، چەند هاوڕێیەك چاوەڕێم بوون بۆ زانینی هەواڵەکان،کاتێك خەریك بووم بۆچوونی خۆمم بۆ باس ئەکردن، لەدەرگە درا. دوو پۆلیس بوون ئەیانویست قسەم لەگەڵ بکەن.

دوو پۆلیسەکە بەڕێزەوە پێیان وتم:

-ئەتوانیت بێیت بۆ ئۆفیسی پارێزگار؟ چونکە حەز ئەکات گفتوگۆیەکی کورتتان لەگەڵ بکات.

بێ ئەوەی هیچ روونکردنەوەیەکی قایلکەر بدۆزمەوە بۆ ئەم بانگهێشتە شەوانەیە، رێی دەرگەی سەرام گرتەبەر، لەدڵی خۆمدا هەزارو یەك پرسیارم لەخۆم ئەکرد. کاتێك گەیشتمە بەر دەرگەکە پۆلیسێك بردمییە ژوورەوە، پارێزگار و کۆلۆنێلێك و فەرماندەیەکی سەربازیی لەوێ بوون.

دۆستانە لێیان پرسیم: پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ چوون بۆ عامودا و وتارێکتان داوە، وانییە؟

بە سەرسامییەوە پێموتن:

-بەڵێ وایە. بۆ هیچ بووە؟

-نا، هیچ نەبووە، بەڵام وەك ئەزانیت تەنیا دوو رۆژی ماوە بۆ هەڵبژاردن و بەپێی قانون ئەبێت هەڵمەتی هەڵبژاردن ٣ رۆژ پێش ئەوە رابگیرێت. بەداخەوەمین کەپێت بڵێین ئێوە رەچاوی ئەو شتەتان نەکردووە.

- جەنابی پارێزگار، بڕواناکەم قانونم پێشێل کردبێت چونکە ئەو راگرتنە لەسبەینێوە دەست پێئەکات. پاشان من بۆ ئەوە نەچووم بۆ عامودا تاداوا لەخەڵك بکەم دەنگم بۆبدەن، بەڵکو شارەکە خۆیان بانگهێشتیان کردبووم. و وتەیەکم پێشکەش کرد بۆ سوپاس کردنی

جەماوەر کە گەرموگوڕ پێشوازییان کردم و سوپاسی سوپاشم کرد کە وڵاتەکەمانی ڕزگارکرد لە دەسەڵاتی ناسر و دەزگای لێکۆڵینەوە.

لەکاتی قسە کردندا هەر سێ ئەفسەرەکە چاودێرییان ئەکردم. ئینجا پارێزگار پێی وتم:

-دکتۆر، ئەزانین میللەت خۆشی ئەوێیت و پێویستت بەپڕوپاگەندە نییە تا هەڵتبژێرن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەستی جەماوەر ئەجوڵێنیت و ئەیانهێنیتە جۆش، باشتر وایە تا دوای هەڵبژاردنەکان لەماڵ نەچیتە دەر. بەڵێنم ئەدەیتێ ئەوکارە بکەیت؟

بێ دوودڵی وەڵامم دایەوە:

-بەڵێ، بێگومان.

بەدەم هەستانەوە بۆ تەوقەکردن لەگەڵم، وتی:

-باشە، ببوورن کە هەراسانم کردن، شەوێکی خۆشت بۆ ئاواتەخوازین.

دوو ئەفسەرەکەی تریش هەمان شتیان کرد و تا دەرگەکە بەرێیان کردم.

لەماڵەوە هاوڕێکانم بەنیگەرانییەوە دەوری کاکمیان دابوو. بۆ هێورکردنەوەیان پێم وتن:

-هیچی خراپ نەبوو. پارێزگار ئامۆژگاریی کردم تا دوای تەواوبوونی هەڵبژاردن ماڵ بەجێنەهێڵم، تا نەبمە هۆی ئاژاوە لەناو میللەتدا و خۆمان لەخۆپیشاندان بەدوور بگرین.

کاکم وتی:

-پارێزگار مرۆڤێکی شەرەفمەندە و مافناسێکی ڕێزدار و دیموکراتێکی بەباوەڕە، بەڵام لەوڵاتێکدا کەچارەنوسی گەلەکەی کەوتبێتە دەست چەند ئەفسەرێکی گەنجی نەزان و بەجۆش بۆ نەتەوەپەرستیی بەعسیی و ناسریی، کە هەرکامیان خۆی لێبووەتە ناپلیۆنێك و خۆبەزلزانی و چلێسیی لەمێشکیاندا هێلانەی کردووە، کەسانی دانای وەك پارێزگار کەبەدەگمەن ئەتوانن ڕای خۆیان بسەپێنن، ئەبێت لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا وریابن. ئەو ئامۆژگارییەشی واتای ئەوەیە هەستی کردووە مەترسیی هەیە لەسەر ئازادیت.

داوات لێنەکەم گوێ بەئامۆژگارییەکانی بدەیت و ملکەچی بیت و واز لەهاندان و وروژاندن بێنە.

هاوڕێکانمان لەسەر ڕۆشتن بوون کەجارێکی تر لەدەرگە درایەوە. دوو پۆلیسی ناوچاوان گرژ و مۆن بوون. یەکێکیان بەتوندی تێی خوڕیم:

-یەڵا خێرا بڕۆ بۆلای پارێزگار.

- بەڵام هەر سەعاتێك ئەبێت لای بووم.....

-ئەبێت هەر ئێستە بچیتەوە بۆ نوسینگەکەی!

دیارە هەڵوێستی دەسەڵاتداران گۆڕاوە و ترسی ئەوەم هەبوو جارێکی تر بکەومەوە پشت میلەکانی زیندان.

پارێزگار لەقاتی زەمینیی و ڕێك لەبەردەم دەروازەی سەرا چاوەڕێم بوو، بەدەم داوای لێبووردنەوە هات بەپیرمەوە.

-بەپێی توانا هەوڵمدا کێشەی گەشتەکەتان بۆ عامودا دەرباسیە یەکلایی بکەمەوە، بەڵام لەم وڵاتە مشتێك منداڵ دەسەڵاتدارن و ئەوانیش بێگومان ئەیانەوێت لێم بپرسنەوە لەسەر ئەوەی (قانونم پێشێل کردووە).

بەساردییەوە وتم:

-وەك ئەبینم نیازتان وایە دەستگیرم بکەن.

بەدەم چاو هەڵگلۆفینەوە پێی وتم:

-بڕوا پێبکە نورەدین بەگ، هیچ تاوانی منی تیانییە. ئەوە ئەفسەرکانمانن، ئەو منداڵانەن کە لەدیمەشقەوە تەلەفۆنیان بۆکردم و داوایانکرد دەستبەسەرت بکەم.

-گوێ بەمن مەدە، بەڵام بیر لەئەنجامەکانی دەستگیرکردنی من بکەرەوە. ئەی لەوە ناترسن ناوچەکە، کەلەناخەوە پێکراوە بەتەواوی هەڵچێت و بتەقێتەوە؟

-ئەزانم، ئەزانم. بەوردی باسی تایبەتمەندیی و جەزیرەم بۆکردن و تکام لێکردن ئەوە لەبەرچاو بگرن، بەڵام مەخابن نەمتوانی قایلیان بکەم، یاباشتر بڵێم نەمتوانی هەڵوێستی وەزیری ناوخۆ بگۆڕم،کەلەجیاتی ئەوەی راپۆرتی کارمەندە راستەوخۆکانی خۆی لەبەرچاو بگرێت، ملکەچی ئاگادارکردنی چەند ئەفسەرێکی بچووکی هەواڵگریی سەربازیی بووە.

لەگەڵ ئەوەش و پێش بڕیاردانێکی وامەترسیدار، جارێکی تر تەلەفۆن ئەکەمەوە بۆ دیمەشق.

دوای دە خولەك بەتووڕەیی هاتەوە.

-هیچم پێنەکرا، هەموو شتێك بەدەستی سوپایە و فەرماندەکانی ناتوانن بە بەرچاو روونی دۆخەکە شی بکەنەوە. بەهیچ شێوەیەك نایانەوێت بەرت بدەن. بەراستی من بەداخم، باچاوەڕێی هاتنی فەرماندەی پۆلیس بکەین.

ئەمەی وت و تلیسایەوە سەر کورسییەکەی.

پاش کەمێك فەرماندەی پۆلیس گەیشت. گەشتێکی پشکنینی بەشاردا کردبوو و سەرنجی دابوو کە بەو درەنگی شەوە، زۆرماڵ رووناکن. ئەمەش نیگەرانی کردبوو. بەتەنیشتمەوە دانیشت و گوێی رادێرا بۆئەو دەنگە دەنگەی لەدەرەوە ئەهات. ترسی ئەوەی هەبوو لایەنگرانم بەمەبەستی ئازاد کردنم، پەلاماری سەرا بدەن. لەسەر کورسیەکەی راچڵەکی و هەستا و بەچاوی پڕ پرسیارەوە لێم ورد بووەوە.

سنووری تورکیا تەنیا پێنج کیلۆمەتر لێمانەوە دوور بوو و شەوانە چالاکییەکی زۆری لەدەوربوو. هێڵێکی سیاسیی کوێرانەیان کێشابوو بۆ جیاکردنەوەی دەستکردی هەردوو وڵات، واتە رۆڵەکانی یەك میلەتیان لێکجیاکردبووەوە، وای لێهاتبوو، دانیشتوانی گوندێك لەشەو ورۆژێکدا خانووەکانیان کەوتبووە خاکی تورکیاوە و زەویەکانیان لەسوریا بوو. برایەك رەگەزنامەی تورکی هەبوو و برایەکی تر رەگەزنامەی سوری، و نەیانئەتوانی سەردانی یەك بکەن مەگەر بەنهێنیی.

کوردستانی تورکیا بەمەڕومالآت و میوە و درەخت دەوڵەمەند بوو و کوردستانی سوریا بەدانەوێڵە و چنین و قاوە و چا و بەرهەمی سەرەتایی تر. لەبەرئەوەی یەکێتیی ئابووریی نێوانیشیان تێك شکابوو، بۆیە ئاڵوگۆڕە بازرگانییە پێویستەکان بەدزییەوە و بەقاچاخ ئەکرا.

بۆئەوەشی ببیتە قاچاخچی، ئەبوو چاونەترس و فێڵزان و چەکدار بیت و شارەزای تۆپۆگرافیای شوێنەکان بیت. ئەشبوو شارەزایی باشت هەبێت و نیشانەشکێنیش بیت.

هەرچەندە تارادەیەك کڕینی ژەندرمەکانی تورك ئاسان بوو، بەڵام ئەبوو بزانیت چۆن ئەیانکڕیت و هاوئاهەنگی ئەکەیت بۆپەڕینەوە لەسنوور هاوکاتی نۆرە ئێشکگریی ئەو ژەندرمە گەندەڵە. قاچاخچیش گەر ڕووبەڕووی گەشتێکی پۆلیس ببوایەتەوە، تەنیا دووڕێگەی لەبەردەمدا بوو: یا هەڵاتن یا شەڕکردن.

بۆیە مایەی سەرسوڕمان نەبوو کە شەوانی ئەو ناوچەیە هەمیشە گوێت لەدەنگی تەقینەوە و قرمەژنی گوللە بێت.

ئەو ئێوارەیە فەرماندەی پۆلیس لەگەڵ بیستی دەنگی هەر فیشەکێك کەلەلای سنوورەوە ئەچوو بەئاسماندا،رائەچلەکی.بەدەم گوێگرتن و سەیرکردن لەپەنجەرەکەوە، لەپارێزگاری ئەپرسی:

-ئەی ئەوە، ئەوە چییە؟

کۆنترۆڵی خۆم کردبوو تا پێنەکەنم لەکاتێکدا پارێزگار بەدەنگێکی نەرم هێوری ئەکردەوە:

-پێویستە هێور بیتەوە، ئاخر ئەو دەنگە بەبێ گومان لای ئێمەوە نییە!

لەبەرئەوەی فەرماندەی پۆلیس نەیئەتوانی ئۆقرە بگرێت، پارێزگار داوای لێکرد بڕوات و هەر من و ئەو بەتەنیا ماینەوە. نیگایەکی خەمناکی تێکرتم و بێزاربوو لەوەی ئەمبات بۆ زیندان.

بۆ هێور کردنەوە و هاندانی، پێم وت:

-پێم باشترە تۆ بمێنیت بۆزیندان تاکەسێکی تر. دەی رادەستی زیندانەوانەکەم بکە و خۆت بچۆ بخەوە.

پارێزگار بەساردییەوە هەستاو تکای لێکردم دوای کەوم. زیندانەکە تەنیا پەنجا مەترێك لەوشوێنەوە دوور بوو. بەپاسەوانەکەی سپاردم، پاش ئەوەی چەند وشەیەکی چپاند بەگوێیدا. پاسەوانەکە کردمییە ژوورێکەوە کە بەندییەکی تری تیابوو، دوو پێخەفی خوری دامێ و دەرگە ئاسنینە قورسەکەی بەدوای خۆیدا داخست.

هاوزیندانەکەم رۆشنبیرێك بوو سەر بە خێڵی (تەی)ی عەرەبی و دوای چەند ساڵێك خوێندن، چاوکراوەبوو سەبارەت بەتاڵانبردنی ماندووبوونی رەشەخەڵکەکە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە. دوو کاندیدی نوێنەرایەتی سەر بەو لیستەی ئەفسەرانی نووسینگەی دووەم پشتیوانیان ئەکرد-کە ئەندامی خێڵەکەی خۆی بوون-خستبویانە زیندانەوە چونکە بەهەراسانکەر و ئاژاوەچییان زانیبوو.

خێڵە کۆچەرەکانی عەرەب لەو سەردەمەدا بەتوندیی و بەئاشکرا دژی خوێندن بوون و فێربوونی ئاینیشیان بەسوك سەیر ئەکرد، بەرادەیەك مەلا پێشنوێژەکانیان بەگشتیی کورد بوون، بەڵام ئەم هاوزیندانەم دەگمەن بوو، خوێندنی ئاینیی لەخوێندنگەی خەزنەوی تەواو کردبوو، ئەو خوێندنگەیەی شێخ ئەحمەدی خەزنە دایمەزراندبوو، کەیەکێك بوو لەدیارترین پێشەوا ئاینییەکانی رێبازی نەقشبەندیی، و شۆڕشگێڕێکی سەرسەخت بوو دژی سەرۆکە دەرەبەگەکان و خەونی ئەبینی بەجیهانێکی ئازاد لەمشەخۆرەکان و هەموو جۆرە کەڵەکبازێك.

لەبەر ئەوەی خەوم نەئەهات چەندین سەعات گوێم بۆ رادێرا کە باسی فێڵ و پیلانی دەرەبەگە عەرەبەکانی بۆئەکردم لەگەڵ دەسەڵاتی ناوچەکە و تەختی پاشایەتی وڵاتانی

عەرەب، بەمەبەستی هەڵخەڵەتاندنی هاووڵاتییەکانیان و دەوڵەمەند بوون لەسەر ماندووبوونی ئەوان و ژیان وەك ئاغای مەزن.

ڕۆژی دواتر کاتێك چاوەڕێ بووم ئازادبکرێم، یەکێك لەئەندامانی تیمی بانگەشەکەمیان کردەلام لەزیندان بەتۆمەتی پێشێل کردنی ڕێنماییەکانی هەڵبژاردن. کاتێکیش لای نیوەڕۆ کاکم سەردانی کردم، نیگەرانی و دوودڵیم لەچاوانیدا خوێندەوە. وادیاربوو ئەفسەری هەواڵگریی سەربازیی هەڕەشەی کردووە ئەگەر کاندیکردنەکەم نەکێشمەوە رادەستی تورکیام نەکات.

پاشنیوەڕۆش ئەفسەرێکی هەواڵگریی سوپا و دوویاوەری سەردانیان کردم بۆئەوەی ناچارم بکەن خۆم بکێشمەوە.

قیژاندیان بەسەرمدا:

-ئەگەر کەللەرەقیی بکەیت، ئەتنێرینەوە بۆ بەندیخانەی مەزە.

بەپێکەنینەوە وتم:

-ئۆوا لەوەتی بینیومە ترسم لێی شکاوە و پێی ڕاهاتووم.

-ئاوا ؟! ئەیبینین.

ئیتر بەجێیان هێشتم و تەپەی پۆستاڵەکانیان بەدوایانەوەبوو.

کەشی ١١ی کانوونی یەکەم، واتە ڕۆژی هەڵبژاردن، هەتاو و زۆر جوان بوو و ڕێیان داین بچینە حەوشە. نزیکی سەعات ١١، پۆلیسێك کە لەپاسەوانیی بنکەیەکی هەڵبژاردن گەڕابووەوە، چووە سەربانێك کەبەسەر حەوشەکەدا ئەیڕوانی و بەدەنگی بەرز هاواری کرد:

-لەهەموو شوێنەکان هیچم نەبینی جگە لەتێپەڕینی لیستی زازا، زازا، زازا.

ئینجا هات و پیرۆزبایی لێکردم.

لای نێوەڕۆ پۆلیسەکانی تریش پیرۆزباییان لێکردم، بەڵام سەعات ٢ پۆلیسێکی تر هەواڵێکی نیگەرانکەری بۆ هێنایین:

-کاتێك بینیان لیستەکەت لەپێشەوەی لیستەکانی ترە، دەسەڵاتدران ڕێنماییان دایە قاچاخچییەکان(پاسەوانانی سنوور) بە سزادانی ئەو کەسانەی دەنگ ئەدەن بەئێوە و لەدەنگدەرێکی پیریاندا، بەڵام سەرەڕای بەکارهێنانی حەیزەران و تۆقاندن، خەڵك هەر بەردەوام دەنگیان بەئێوە ئەدا، بۆیە دەسەڵاتداران نوێنەرەکانتانیانی دەستگیرکرد و ڕاپێچی زیندانی عامودایان کردن. ئەو لایەنگرانەشی ویستیان نارەزایی دەربڕن، کەوتنە بەر لێدانێکی دڕندانە، بەمەش ژمارەی دەنگدەران کەم بووەوە، سندوقەکانیش کەچاودێری ئێوەیان بەدیارەوە نەمابوو، ئاخنران بەکارتی دەنگدان بەقازانجی لیستەکەی میری. ئەمەت پێناڵێم تا خەمبارت بکەم، بەڵکو تەنیا بۆئەوەی ئاگات لەپێشهاتەکان بێت. تەنیا کاندیدی لیستەکەتان، کەهێشتا ئازاد بوو، هەوڵیدا بروسکەی نارەزایی بنێرێت بۆ دیمەشق، بەڵام ئەفسەری هەواڵگریی سەربازیی هەموویانی دەستبەسەرکرد.

هەموو پۆلیسەکانی تر لاڵ بوون و بێدەنگییەکی مەرگبار زیندانەکەی داپۆشی. دەنگانێکی ئێوارە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیەنرا: ئەوکاندیدانەی سوپا سەپاندبوونی سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا. دوو ئێوارە دوای ئەوە لەگەڵ هاوڕێکەم بردیانین بۆلای دادوەری لێکۆڵینەوە کە ماوەی دوو سەعات بەپرسیاری بێ سەروبەر ماندووی کردین و تاوانباری ئەکردم بەهەندێك شت کەعەقڵ نەیئەبڕی.

دادوەر پرسی:

-بۆ لیستەکەت بەو شێوەیە پێکهێنا؟

-بۆ ئەوەی چەندی ئەکرێت نوێنەرایەتی هەمووان بکات.

-ئەی بۆ کەسی نا کوردی تیا نەبوو؟

-لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری پارێزگەکە کورد نشینە.

-بۆ لە عامودا و دەرباسیە بەکوردی قسەت کرد؟

-ئاخر ئەگەر قسەکانم بۆ کوردان بێت، بۆ بەکوردی قسە نەکەم؟ئایا لەسوریاش وەك تورکیا قانون یابڕیارێك هەیە بۆ قەدەغەکردنی زمانی کوردی؟

دادوەر بە رووگیرییەوە وەڵامی دایەوە:

-نا، پێم وانیە.

پاشان درێژەی دایە:

-بیرتان بێت، ئەو عەرەبەی ئایندەی نەتەوەی عەرەبی بەلاوە بایەخدار بێت، نیگەرانە لەئاواتە میللییەکانی کورد. ئەو کارەسات و نەهامەتیانەی زایۆنییەکان بەسەریان هێناوین و ئێستاش بەردەوامە، هەستیار و هۆشیاری کردووین بەرامبەر هەر گەلێکی نیشتەجێی جیهانی عەرەب. راپەڕینەکەی کوردی عێراق بەسەرکردایەتی ژەنەراڵ بارزانی، کەداوای مافەکانی کورد، بگرە داوای ئۆتۆنۆمی تەواو ئەکات بۆهەموو باکووری عێراق، ئەو باوەڕەمان لا دروست ئەکات کە لەبەردەم لەدایك بوونی ئیسرائیلێکی تردایین و گومان ئەکەین ئێوە پەیوەندی راستەوخۆتان لەگەڵ بارزانی هەبێت بۆ ئەوەی باکووری سوریا بخەنە پاڵ ئەو وڵاتە دەستکردەی بیر لەدامەزراندنی ئەکەنەوە بەدابڕینی بەشێکی خاکی وڵاتانی عەرەب، گوتارەکەی ئێوەش لەعامودا هەر هەمان ئاڕاستەی هەبووە، کە بەدەق وتوتە:((ئەمڕۆ، نەتەوەی کورد سەرکەوت بەسەر نەتەوەی عەرەبدا....))

لەگەڵ ئەوەی هەوڵم ئەدا کۆنترۆڵی خۆم بکەم تا نەتەقمەوە، لێم پرسی:

-ئێوە گاڵتە ئەکەن، یا ئەوقسانەتان بەڕاستە؟!

-من گاڵتە نازانم، راپۆرتی بەرپرسی ناوچەکە ئەو خاڵە دووپات ئەکاتەوە.

-ئەلآم ئاخر چۆن ئەبێت کارمەندێکی دەوڵەت، بەرپرسێکی بەڕێوەبەریی لەناوچەکە راپۆرت بنوسێت لەسەر قسەی هەڵبەستراو؟ چۆن ئەبێت دادگە پشتی پێ ببەستێت بۆ زەوتکردنی ئازادی هاووڵاتیان و داڕزاندنیان لەزینداندا؟ هەزاران کورد کەلەعامودا

گوێبیستی گوتارەکەم بوون، ئەودێڕانەیان نەبیستووە، ئیتر جەنابی بەرپرسی ناوچەکە ئەم قسانەی لەکوێوە هێناوە، کە ئەو یەك وشەی کوردیش تێناگات؟!

ئەو تۆمەتانەی ئەیدەنە پاڵ من و پاڵ کورد بەگشتیی هیچ بنەمایەکیان نییە، ئەوە هیچ نییە جگە لەبیانوویەك بۆ جێبەجێکردنی پیلانی لەناوبردنی کورد بەکوشتنیان، یا بەعەرەبکردنی کوردی سوریا، ئەگینا نەتەوەپەرستە شۆڤینییەکانی عەرەب کورد بە زایۆنییەکان ئەچوێنن؟ ئایا ئەوان هاتوون خاکی عەرەب زەوت بکەن؟ نەخێر بەڵکو عەرەب ئەیانەوێت کورد لەخاکەکەی دەربکەن، خۆشتان ئەزانن، و بەهەموو توانایەك هەوڵ ئەدەن بۆریشەکێشکردنی کەلتوور و بەهاکانیان.تەنانەت خوێندنگەی کوردیش، ئێوە ڕێیان پێنەدەن بیکەنەوە؟ ئایا رادیۆ و تەلەفزیۆنی سوریا بەزمانی کوردی بەرنامە بڵاوئەکەنەوە؟ نەخێر، نەخێر هیچ شتێکی واتان نەکردووە، کەچی زایۆنییەکان لای خۆیانەوە ئازادی زۆریان سەلماندووە بۆعەرەبی نیشتەجێی وڵاتەکەیان.لێتان ناشارمەوە، کاتێك سوریا لەدیکتاتۆریی ناسریی رزگاری بوو، چاوەڕێی سەروەریی سەردەمێکی نوێ بووین لەدیمۆکراسیی راستەقینە.

لەوانەبوو لێپرسینەوەکە چەندین سەعاتی بێ کۆتایی بخایەنێت، بەڵام دادوەر لەپڕێکدا بڕیاریدا کە کات درەنگ بووە و لێپرسینەوەی هاوڕێکەمی لەکورتی بڕییەوە،پێش ئەوەی فرمان بکات بمانبەنەوە بۆ زیندان. کە دوو رۆژی تری لێمایەوە و ئینجا دۆسییەکەمانیان بردە دادگە و ئەبوو چاوەڕێ بین تا رۆژێك ئەچینە بەردەم دادگەی تاوانەکان لەقامیشلی.

خۆ ئەگەر لەقامیشلی بمامایەتەوە، لەوانەبوو لەلایەن هەواڵگرییەوە دەستگیر بکرێم.

لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا بەرەو دیمەشق بەرێ کەوتم لەرێی حەلەبەوە.لەبەر ئەوەی خۆم بەشکست خواردوو نەئەزانی سووربووم لەسەر ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بۆ سەلماندنی راستیی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بەڵام داواکەم بەهیچ شێوەیەك بەدڵی بەرپرسانی سوریا نەبوو، و بەشێوازەکەی خۆیان تۆڵەیان کردەوە. نزیکەی ٢٠٠ خوێندکاری خەڵکی عامودایان

دەستگیر کرد، کەتەمەنیان ١٢-١٦ ساڵان بوو بەتۆمەتی ئەوەی لەسەر دیوارەکانیان نووسیبوو:

ئێوە، ئەی عەرەب

خاکی ئێمە، کوردستان

بەجێبهێڵن

بژی بارزانی و

نوێنەرەکەی لەسوریا

نورەدین زازا!

پۆلیسەکان هەندێك لەمناڵەکانیان رووت کردبووەوە و هەڕەشەی دەستدرێژییان لێکردبوون:

-یەڵا بڕۆن و بڵێن زازا چەکی لەبارزانی وەرگرتووە و بەنیازی کودەتا بووە لەسوریا، ئەگینا....

زۆربەی مناڵەکان لەترس و تۆقیندا ملکەچ بووبوون، بەڵام ئەشیانزانی کە نەچەکم لەبارزانی وەرگرتووە و نە بەنیازی کودەتاش بووم.

پەرلەمان لەکۆتایی مانگی کانونی یەکەمدا کۆبووەوە، بەڵام کۆمیتەی لێکۆڵینەوە تا ناوەڕاستی کانونی دووەم دانەنرا. بەفەرمیی داواکەمیان پەسەند کرد و تەنانەت کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوەی ناوچەییان پێکهێنا بەڵام فریای دەستبەکاربوون نەکەوت، چونکە دوای ماوەیەکی کورت کودەتایەکی سەربازیی کرا و (نازم قودسی)سەرۆك کۆمار و (مەعروف دوالیبی)سەرۆکی پەرلەمان دەستگیرکران و یەکسەر پەرلەمان و دەستوور هەڵوەشێنرانەوە. ئەم دەستێوەردانەی سوپا، هاوشانی دەستێوەردانی بەکرێگیراوانی سیخوڕیی ناسرییەکان لەکاروباری وڵاتدا، زنجیرەیەك هەوڵی کودەتای سەربازیی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەو کودەتایەی لە ٨ ی ئازاری ١٩٦٣ دا روویدا بەسەرکردایەتی کۆلۆنێل

حەریری، پارتی بەعسی هێنایە سەر دەسەڵات و لەبەر ئەوەی بەعس تەنیا ژمارەیەکی کەم ئەندامی هەبوو، بۆیە دەستیان کردە سەرکوتی سەربازیی و پۆلیسیی بۆ مانەوە لەدەسەڵاتدا.

ئەم رێکخراوە سیاسییە، خێرا کەوتە رێکخستنی لیستی رەش بۆ ئەو هاووڵاتیانەی ناسراوبوون بە ئارەزووی دیمۆکراسیی و لای جەماوەر خۆشەویست بوون، هەرکەسێك ناوی لەو لیستانەدا بوایە بێبەشیان ئەکرد لەمافە سڤیلییەکانی و رووبەرووی زیندان و ئەشکەنجە ئەبووەوە. ئەو لیستە رەشانەشیان رۆژی چەند جارێك لە رادیۆوە بڵاو ئەکردەوە بەمەبەستی تۆقاندنی قوربانییەکان و وروژاندنی خەڵك.

رۆژی ۲۰ ی مارس لەبەرنامەکانی سەرلەبەیانی رادیۆدا چەند جارێك گوێم لەناوی خۆم بوو، ئەمەش نیشانەیەکی پێشوەخت بوو بۆ نیازی خراپی کاربەدەستان بەرامبەرم، بەڵام دۆخەکەم رێی نەئەدام وڵات بەجێبێڵم، بۆیە بەردەوام بووم لەچوونە نوسینگەکەم و بایەخدان بەکارەکانم، وەك ئەوەی هیچ نەبووبێت.

سەرلەبەیانی رۆژی ۲۸ ی مارس هەواڵگریی پۆلیسیان ناردبوو بۆ گرتنم، بەڵام توانیم لەدەستیان دەربازبم. ژوانێکم هەبوو لەگەڵ پزیشکی ددان و لەدەرەوەی نوسینگەکەم چاوەڕێی ئەسانسۆرە کارەباییەکەم ئەکرد کە دووپیاوی لێهاتنە دەرەوە.

دەرگەوانەکە ئاماژەی بۆ نوسینگەکەم کرد و وتی:

-ئا لەوێیە.

لەدڵی خۆمدا وتم:

-دیارە پیاوانی هەواڵگرین.

خۆم تێك نەدا و خێرا چوومە ناو ئەسانسۆرەکەوە و لەباڵەخانەکە هاتمە دەرەوە و بەهەنگاوی خێرا خۆم کرد بە شەقامێکدا. هەروەك ئۆتۆمبیلێکی ڤۆلکس واگن(بۆقی)م

بینی لەوبەر شەقامەکەوە وەستابوو و شۆفیرەکەی تیا دانیشتبوو. خۆشبەختانە هەواڵگریی وەك ئەوەی سەردەمی ناسر نەمابوو و لەبەرکەمئەزموونیی نەیانناسیمەوە.

خۆم کرد بەشەقامە جەنجاڵ و پڕهاتوهاوارەکەدا و ڕوومکردە کلینکی پزیشکەکەم کە زۆر لەوێوە دوورنەبوو. لەکاتێکدا پزیشکەکە چارەسەری ئەکردم، ژنە یارمەتی دەرەکەی لەپڕدا پێی وتم:

-ئای خوایە، ناوتیان خستووەتە لیستە ڕەشەکەوە. بەڵام ئەمانە هەموو کەس نامانجیانە! وابڕوات زۆری پێناچێت پیاوی چاك لەم وڵاتەدا نامێنێت.

پزیشکەکە لەبنەماڵەیەکی بۆرژوازیی دێرینی دیمەشق بوو، بەچاوی سووکەوە ئەیڕوانییە سوپا و دیکتاتۆرییەکان، بەڵام ئینتما چینایەتییەکەی ناچاری ئەکرد بەئاگایی و تەنانەت ترسنۆکانە ڕەفتار بکات. بۆیە بە تۆنێکی وشك وتی:

-کلینکی پزیشکیی شوێنێکی گونجاو نییە بۆ ئەو جۆرە قسانە.

توانیم لەچنگی هەواڵگریی دەربازبم، بەڵام تا کەی؟ گەڕانەوە بۆماڵەوە مەحاڵە. بۆیە هەر لەگەڵ هاتنە دەرەوەم لەکلینکەکە بەڕێ کەوتم بۆلای هاوڕێیەکم کە لەخاچی سووری سوریا کاری ئەکرد و هاتنی پیاوەکانی هەواڵگریم بۆ باس کرد و تکام لێکرد سەردانی نوسینگەکەم بکات و هەواڵێکم بۆ بهێنێت. هاوڕێکەم خێرا ڕۆیشت و دوای چارەکە سەعاتێك گەڕایەوە و دووپاتی کردەوە کە پیاوانی هەواڵگریی بوون.

گومانەکانم بوونە ڕاستی، ئێستا ئیتر گرنگترین شت ئەوەبوو بەدوای پەناگەیەکدا بگەڕێم لای کەسێکی جێبڕوا. دوای بیرکردنەوەیەکی قوڵ، بڕوام هێنا کە بێوەی ترین شوێن ماڵی ئوستادی خانەنشین (مەمدوح سەلیم)ە،کەیەکێکە لەتێکۆشەرە دێرینەکانی بزووتنەوەی میللیی کورد و دەمێکە وازی سیاسەت هێناوە.

لەمێژووەوە هاوسەرگیریی کردبوو و خانوویەکی بچووکی هەبوو کەچل ساڵ بوو تیایدا بوو لەبەرزاییەکی گەڕەکی کۆچەران(حي المهاجرین) و بەتەنیا ئەچێتە ئەوێ بۆناو کتێبەکانی.

بەڵام ئەو خانووەی لەگەڵ هاوسەرەکەی و خەسووی لەناویدان، لەباشووری شارە، لە پردی سپی و کەمتر ئەچێتە ئەویَ لەچاو(کتێبخانە کوخ ناساکەیدا). لەبەر ئەوە بەخۆمم وت: هەواڵگریی هەرگیز بیر لەوەناکاتەوە لەشوێنێکی وا بەدوامدا بگەڕێت.

هاوسەرە چەرکەسەکەی مەمدوح سەلیم پێشوازیی کردم و لەخۆڕا پێشهاتەکەم بۆ گێڕایەوە.

-لەنەبوونی مەمدوح بەگدا، ئەتوانم بڵێم بەئامێزی وازەوە پێشوازیت ئەکەین و ئەتخەینە (سەرسەر و سەرچاو).

هێور بوومەوە و کاتێکی خۆشم بەسەر برد لەدەمەتەقێ لەگەڵ ئەو دایکە پیرەکەی کەجوانترین رۆژەکانی ژیانی لەدەرباری دوا سوڵتانی عوسمانی بەسەر بردبوو و چێژی لەوە ئەبینی باسی ئەوشتە دەگمەنانە بکات کە سوڵتان-خەلیفە عوسمانییەکان لەسەراکانیاندا کۆیان کردبووەوە. یەکێك لەکچەکانی کەلەسەردەمی منداتی بریتانیادا شووی کردبوو بەدەوڵەمەندێکی فەلەستینیی لەحەیفا،دوای شکستەکەی ١٩٤٨ پەنای هێنابووە دیمەشق و لەگەڵ خێزانەکەی بەرامبەر ماڵی مەمدوح سەلیم نیشتەجێ بوون.

لەو دەمەدا مێردەکەی متمانەیەکی کوێرانەی هەبوو بەناسر و پێی وابوو ئەم(مەزنەی جیهانی عەرەب) جولەکە فڕێئەداتە دەریاوە. هاوسەرەکەی مەمدوح سەلیم پرسی کە ئایا ئەتوانێت بانگی بکات تا ببینم.

-گەر دڵنیایت نهێنی پارێزە و زۆر بەناسردا هەڵئادات، بۆ نا؟

-بۆ نهێنی پارێزییەکەی، دڵنیام. بەڵام بۆ مەرجی دووەم، ناتوانم بەڵێنت پێبدەم. ئاخر فەلەستینییەکان پێویستیان بە(رزگارکەرێکە) و دڵنیان ئەو کەسە ناسرە، بەڵام ئەگەر ناسر ئەو خەونەیان بۆ نەهێنێتەدی، خۆ ئەو متمانەیە تاهەتایە بەردەوام نابێت.

ئەو فەلەستینییە ناوقەدبارێك و ناوچەوان کراوە و چاوشینە، هیچ شتێکی لەعەرەب نەئەچوو، بەڵام زێد و زمان و چارەنوس، کردبوویانە عەرەبێکی تەواو عەیار. جگە لەوەش

بیزی لەئایدۆلۆژیای بەعس و بەعسییەکان ئەهاتەوە. سوێندیشی بۆ خواردم کە وەك کوڕی خۆی ئەمپارێزێت. ئەیویست بڕوام پێبێنێ کەپرۆگرامی ناسر مەسەلەی ڕزگاریی گەلی کوردیشی تیایە. بەڵام هەیهات!

مەمدوح نیوەڕۆ هاتەوە. هەر کە ژنەکەی شتەکەی بۆگێڕایەوە، بۆی دووپات کردمەوە کەماڵەکەی ماڵی خۆمە تا لێرەبم.

دە ڕۆژ لەماڵیان مامەوە و وام هەستئەکرد میوانێکی ڕاستەقینەم. مەمدوح بەگ جارجارە ئەچوو بۆ نوسینگەکەم و هەواڵی بۆ ئەهێنامەوە: هەواڵگریی بەردەوام سەردان ئەکەن و هەڕەشەی داخستنی کۆمپانیاکەم لەکرێکارەکان ئەکەن، ئەگەر هاوکاریی نەکەن لەگرتنی مندا. بەڵام هەر خۆڕاگرن و هیچ گوێ بەو هەڕەشەو گوڕەشانە نادەن.

تەمەنی مەمدوح سەلیم سەرووی حەفتاوپێنج ساڵ بوو و شانازیی بەدالدە دانەوە ئەکرد، بەڵام ئاشکرا بوو کەناتوانم بۆ هەتاهەتایە لەماڵیان بمێنمەوە، بێ ئەوەی ببمە هۆی تێکدانی شیرازەی ژیانی خێزانەکە. بۆیە هەر لەڕۆژی سێیەمەوە داوام لەپیرە هاوڕێکەم کرد سۆراخی پەنایەکی ئارامم بۆبکات.ئەوەمان بەمێشکدا هات کە بێومێترین شوێن، گەڕەکی کوردانی دیمەشقە کەوەك خاکی دوورخستنەوەی بێزراوان و چەوساوان و زۆرێك ناسیاو و هاوڕێمان لەوێن ئامادەن دالدەمان بدەن.

دوو مەرجی سەرەکیی، دڵسۆزیی و گیانفیدایی خاوەن ماڵ بوو،بەڵام ئەمانە هەموو شتێك نەبوون، بەڵکو بۆمسۆگەرکردنی لانی کەمی نهێنی پارێزیی، ئەبوو دۆخی دەرەکیی و ناوخۆی ماڵەکە و پێکهاتەی خێزانەکە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ خزمان و دەر و دراوسێ تاوتوێ بکەین.

باقی جەنگیز، کەپێشتر پۆلیس بوو و لەبەر کوردایەتی دەرکرابوو، ئەرکی گەڕان بەدوای ناونیشانی ئەوخێزانانەی گرتە ئەستۆ کەئەتوانن دالدەم بدەن. یەکەمجار چوومە

ماڵی سۆفی، کەخۆی و خێزانەکەی هیچ درێخییان نەکرد لەوەی بەخواردنە خۆشەکانیان شادمانم بکەن.

سۆفی،دوای ئەوەی لەکارەکەی،دەرگەوانی قوتابخانە، لابرابوو، ناچار بوو هەر کارێك بکات. لە وەرزی حەجدا ئەبووە رێنیشاندەری ئەو حاجیە کوردانەی لەتورکیاوە ئەهاتن و لەرێی دیمەشقەوە ئەچوونە مەکە. و لەم کارە هەندێك پارەی دەستئەکەوت.

هێشتاش بیرمە کەلەکار ئەگەڕایەوە،پارەکانی لەسەر مێزەکە هەڵئەڕشت و بەشادی و سەرکەوتنەوە ئەیوت:

-ئەمە داهاتی ئەمڕۆمە، ئەبێتە خۆراك و میوەی تۆ!

سۆفی تەنیا پارەیەکی کەمی دەستئەکەوت. لەبەر ئەوەی من برێ پارەم پێبوو، زۆر جەختم ئەکرد پارەی بدەمێ، بەڵام هەرگیز قایل نەئەبوو:

-چۆن ئەبێت؟ ئاخر تۆ لەماڵی ئێمەیت.

سێ هەفتە لای بووم، پاشان باوکی عادل پێشوازیی کردم، دوای ئەویش عیزەت ئاغا کەهەموو خێزانەکەی کۆکردبووەوە بۆ پێشوازیم.

ئەو کوردانەی بوونە پەناگەم، هەموویان لەخێزانە زۆر هەژارەکان بوون و رەنجیان ئەدا بۆئەوەی هەردوو سەری مانگەکە پێکەوە گرێدەن. قوربانیی بەرچاویان ئەدا لەپێناو دابین کردنی ئاسایشم و پێشکەشکردنی خواردنی جۆراوجۆر و دەست و دڵکراوە، هەر کاتێکیش داوای بەشداریی خەرجییەکانم ئەکرد بەوەی برێك پارەیان بدەمێ، هەستیان بە شەرمەزاریی ئەکرد و لێم ئەپاڕانەوە تا دڵنیا بم کەئەوان وەکو کورد میوانداریی بەبەهایەکی پیرۆز ئەزانن. ئەی ئەوان هەر لەمنداڵییەوە فێری ئەوە نەبوون کەچۆن پێشوازیی میوان بکەن و خزمەتی بکەن و رێزی بگرن؟

ئەو سێ ماڵەی لێی مامەوە، پڕبوون لەمنداڵ، کەچی سەرەڕای چوونە دەرەوەیان، جا بۆ قوتابخانە یا بۆ یاریی کردن لەگەڵ هاوڕێکانیان، لەدەمی کەسیان دەرنەچوو

که(میوانێکی شاراوە)یان هەیە،بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە ئامادەبوون هەرخزمەتێکم بکەن، ئینجا گۆرانیی و شیعریان بۆ ئەوتم بە کوردیی و عەرەبی.

هاوسەرەکەی باوکی عادل، زۆر حەزی لەئاژەڵ بوو، بەتایبەت پشیلە. دە دانەی هەبوو و توانیبووی کارێك بکات مریشك و ڕێوی و چەقەڵ بەویەڕی ئاشتی و دۆستانە پێکەوە بژین.

یەکێك لەڕۆژە جوانەکان کوڕە بچووکە نۆ ساڵەکەیان هاتەوە ماڵەوە و پشیلەیەکی بچکۆلەی پێبوو، کە تووکێکی ئاوریشمیی درێژی مارۆنی هەبوو، زەرد و سپی تێکەڵاو. لەکۆڵانێکی دیمەشق دۆزیبوویەوە. کردمە باوەشم و کەوتمە یاریکردن لەگەڵی.

-گەر دۆخەکەم وانە ئەبوو، داوام ئەکرد بمدەیتێ.

دایکی عەدنان وتی:

-ئێ قەیچێکا، وابزانە هی خۆتە و بەئارەزووی خۆت ناوێکی لێبنێ. با لێرە بێت تا ئەو ڕۆژەی دۆخەکەت چاك ئەبێت.

بۆیە کەوتمە بیرکردنەوە لەناوێکی جوانی کوردی.

-ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە.

منالێکیان وەڵامی دامەوە:

-هەینی.

منیش وەك ئەوەی شتێکی گرنگم دۆزیبێتەوە، هاوارم کرد:

-مادام ئێوارەی هەینییە، کەواتە پشیلەکە ناو ئەنێین (شیڤین).

دوای ئەوەی ناومان نا شیڤین، پشیلەکەیان خستە ژێر چاودێری منەوە و دوای چەند ڕۆژێك هێندە هۆگرم بووبوو کە ئەهاتە سەر سەرینەکەم. کەچی دوای هەفتەیەك سەیرم کرد لێم دوورئەکەوێتەوە و ناچاربووم چەند جارێك بانگی بکەم تا لێم نزیك بێتەوە،

بەشەویش نەئەهات بۆ ژوورەکەم، کەبەزۆریش ئەمبرد نەکەوتە میاواندن. بۆیە سەیرم لەرەفتاری هات و لەوبارەیەوە پرسیارم لەدایکی عەدنان کرد، کەپێکەنینێکی گاڵتەوە وتی:

-هۆکەی زۆرسادەیە.شیڤین بۆیە لێت دوورئەکەوێتەوە چونکە دایکێکم بۆدۆزیوەتەوە.

-ئەمە چۆن؟

-توانیم وابکەم یەکێك لەوپشیلانەی بەچکەیان هەیە،بیگرێتە خۆی و تێرشیری بداتێ، ئیتر ئەویش ئەو کاتەی پێخۆشە کە لەگەڵ (دایك) و (برا) و (خوشکەکان)یەتی.

ئەوژنە گەنمرەنگ و تەمەنی ٤٠ساڵێك و پڕبوو لەئازایەتی و چاکخوازیی، ئەو باشییەشی لەپێشینانییەوە بۆ مابووەوە. کاتێك عوسمانییەکان سوریایان داگیرکرد، نەنکی یەکێك لەئامۆزاکانی داڵدەدا، کە کاربەدەستان بەدوایدا ئەگەڕان بەتۆمەتی کوشتنی ئەفسەرێك. دایکی عەدنان بەشانازییەوە نمونەکەی نەنکی باس ئەکرد و دوویاتی ئەکردەوە کە ئەویش ئامادەیە هەمان کار بکات.

هەموو ئەو خێزانانەی میوانداریان کردم، رەسەنایەتی و بەخشندەیی خۆیانیان پیشاندام،بەڵام دۆخی سوریا و چوونەپێشی رووداوەکان،ناچاریان کردم لەمیوانداریی حەساوەی دۆستانی کوردم هەڵێم و بەدوای پەناگەیەکدا بگەڕێم لەدەرەوەی سوریا، ئاخر ئەو وڵاتە شتێکی بۆ نەهێشتمەوە تا پێوەی پەیوەست بم.

پێش جێبەجێکردنی پلانەکەم، بیرم لەو هاوڕێلەی کۆنی زانکۆم، لە لۆزان کردەوە کەلەکابینەی نوێدا بووبووە وەزیری ئابووریی، کەماڵ حوسنی، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لەزانستەکاتی ئابووریدا و بەوە ناسرابوو کەبەعسییەکی روناکبیریی سەنگین بوو و بڕوای بە دیمۆکراسی هەبوو و بانگەشەی سۆسیالیزمێکی مرۆڤانەی ئەکرد. لەچەندین دیداریماندا لەدیمەشق و لەکاتی گفتوگۆکانماندا، تێگەیشتنێکی قووڵی پیشان ئەدا بۆ دۆزی کورد(لەسوریا هەروەك لەعێراقیش) و هیواخوازی برایەکی راستەقینەی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب بوو.

منیش کەبەمتمانە و دڵنیا بووم لەقسەکانی پێشووی، نامەیەکی پیرۆزباییم بۆنارد بەبۆنەی بەشداربوونی لەکابینەی حکومەتدا و تکام لێکرد بەقازانجی من کارێك بکات تا دەست لەبەرۆکم بەردەن. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە، هەوالگریی مۆری (سوور)یان دا لەدەرگەی نوسینگەکەم و یەکێك لەکارمەندەکانمیان دەستگیر کرد و هەوڵەکانیان بۆ دۆزینەوەی حەشارگەکەم چڕتر کردەوە.

دۆخەکە بۆ کوردی عێراقیش لەوە خۆشتر و باشتر نەبوو، چونکە ئەوانەی دوای کودەتاکەی ٨ ی شوباتی ١٩٦٣، بەسەرکردایەتیی ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف، دەسەڵاتیان لەبەغدا گرتە دەست، بەڵێنەکانیان سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق جێبەجێ نەکرد، بگرە کەوتنە ئامادەکاریی بۆ جەنگێکی کتوپڕ و دڕندانە دژی بارزانی و لایەنگرانی. زانیاریی ئەوەشم پێگەیشت کەحکومەتی نوێی بەعسییان لەسوریا هێزی زەمینی و ئاسمانی ئەنێرێتە عێراق بۆ بەشداریی شەڕی دژە کورد.

دوای مانەوەی چەند مانگەم لەخۆشاردنەوەدا ئیتر ئەبوو گەڕەکی کوردانی دیمەشق جێبێڵم، تا هەرچی زووە دەربازم لەچنگی سورییەکان و رووبکەمە ئازادیی و ئاشتی، بۆنزیکترین(تاراوگە) بۆنموونە لوبنان. هاوڕێکانم شۆفێری تەنکەرێکیان ئەناسی کە بەردەوام لەسنوور ئەپەڕییەوە.دانوستاندن لەوبارەیەوە دەستی پێکرد و ئەنجامەکەی ئەوەبوو بەرەبەیانێك (باوکی ئەنوەر) کەخۆیەخشانە ئامادیی دەربڕیبوو بەتەنکەرەکەی بمبات تا حمس، بێداری کردمەوە و وتی:

-تەنکەرەکە ئامادەیە...ئەتوانین بڕۆین.

لوبنان

- هەڵاتن بۆ لوبنان

- ژیانی کوردان لەبەیروت

- ئەرکێکی راگەیاندن سەبارەت بەجەنگ لەکوردستانی
عێراق لە میدیای لوبنانی و لیبراڵی و جیهانی

- گیران و زیندان لەبەیروت بەگوشاری حکومەتی عێراق

- دوورخستنەوە بۆ ئوردون و ڕادەست کردنەوەی سوریا

رۆژی ١٤ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بوو. دە رۆژ پێش ئەوە سوپای عێراق پەلامارەکەی بۆسەر کورد دەستپێکردبوو و پێیان وابوو لە دەرۆژدا هەموو شت تەواو ئەبێت، وەك ژەنەراڵ عەماش، وەزیری بەرگریی عێراق رایگەیاندبوو:

-ئەرکەکە تەنیا سەیرانێکە بۆ باکووری وڵات!

سەرکێشییەکەم بۆلوبنان بەهەوڵی کوردانی ئازا و قاچاخچیانی پسپۆڕی ئاودیوکردنی سورییەکان بۆ لوبنان، دەستی پێکرد.

قۆناخی یەکەم کە بردینییە حمس بێ گرفت تێپەڕی و کاتێك خاڵەکانی پشکنینی سەربازیی کە ٣٠ کیلۆمەتر لەدیمەشق دوور بوون تەنکەرەکەیان ئەبینی ئاماژەی تێپەڕبوونیان ئەدایێ. لەحمس لە رۆژنامەی بەعسدا لیستی نوێی رەشی نوێمان بینی بۆ کەسانی داواکراو و لەناویاندا زۆر لەناسیاوە کوردەکانی تیابوو، کەهەندێکیان دەستگیر کرابوون و بردبوویانن بۆ زیندانی مەزە.

رۆژنامەکە هەواڵی(جەنگی سەرکەوتووانەی فلیقێنەری دژ بەمیلیشیاکانی کورد) و (جیاخوازانی نۆکەری ئیمپریالیزمی ئەمێریکا)ی بڵاوکردبووەوە.

بەپێی رۆژنامەی بەعس: هەر کەجەنگ تەواوبوو، نیشتمان فرۆشان قورسترین سزا ئەدرێن.

دیمەنی سروشتیی ئاماژەی هەژاریی و خەمۆکیی ئەدا، بەڵام تا لە بوکی-گۆشەیەکی ترنجاوی چەندکیلۆمەتریی خاکی لوبنانە کەرێگەی حمس بۆ لازقیەی پیا تێئەپەڕێت- نزیك ئەبووینەوە، رووەکەکان هەمەجۆر و باڵابەرز تر ئەبوون. بەلای راستدا (قەڵای کوردان)مان لێوە دیاربوو، تەم دەوری دابوو و ئەبڕوانییە دۆڵ و دەشتەکە(ئەو ناوەی لەکتێبەکانی مێژووی عەرەبدا لێنراوە).

لەدەروازەی (بوکی) خاڵی پشکنینی سوریا دۆستانە مامەڵەیان کردین و کاتێك (ئەبو ئەنوەر)خەریکبوو ناسنامەکامانیان بداتێ ئاماژەی ڕۆشتنیان بۆکردین.

دوای چەند سەد مەترێك پاسەوانە فریشتەکەم لەبەردەم دوکانەکەی باوکی حەسەندا تەنکەرەکەی ڕاگرت و بەهەراسانییەوە گەڕایەوە چونکە ڕێنیشاندەرەکان تا سەعات نۆ ناگەن، و وتی:

-نەفرەت....تا چاوەڕێین ئەتوانین لە(تەرتوس) نان بخۆین و خۆمان بشۆین. لەگەڵ مندا خەمی هیچت نەبێت.

لەبەردەم خاڵی پشکنینی(بوکی)دا، چەندین ئۆتۆمبیل وەستابوون و بەوردی ئەیانپشکنین، تەنکەرەکە لەدوایانەوە وەستا و دڵم کەوتە پەلەپەل. لەدڵی خۆمدا وتم:

-خوابکات ناوم نەدرابێ بە بنکە سنوورییەکان.

لەساتەدا سەربازێکی پایەبەرز بەگەرمی چاکوچۆنی لەگەڵ باوکی ئەنوەر کرد و بێ گوێدانە ئەو هەموو ئۆتۆمبیلەی لەپێشەوە بوون، ئاماژەی تێپەڕینی دایە.

دوای بوکی، ڕێگەکە پێچاوپێچ و هەوراز بوو کە گەرمیی تەنکەرەکەی بەرز کردەوە. باوکی ئەنەوەر، لەناو ڤرەڤڕی ئۆتۆمبیلەکەدا هاواری کرد:

-دنیا زۆرگەرمە و هێشتا ڕێیەکی زۆرمان لەبەرە تابگەینە تەرتوس. چەند کیلۆمەترێك لەلاوە چێشتخانەیەك ئەزانم لەهەوای ئازاددا، کەمریشکە برژاوەکەیان بەناوبانگە. بەسروشتیی گەورەیان ئەکەن و گۆشتەکەی تازەیە. ئەڵێی چی نەچینە تەرتوس و یەکێك لەو مریشکە خۆماڵییە بچکۆلانە نۆش بکەین؟

-بۆنا، منیش پێم خۆشە. یەڵا بابچین بۆ ئەوێ.

تەنکەرەکە بەلای ڕاستدا لایدا و ڕێگەیەکی تەسکی گرتە بەر، و خستمییە بیری شاخە بەردین و پڕ دارمیوەکانی سەردەمی مناڵی(مادن) و تاسوقی ئەوە بووم لەتەنکەرەکەوە خۆم هەڵدەمە خوارەوە و لەناو گیاکەدا یاری بکەم بە دارەکاندا سەرکەوم.

چێشتخانەکە لەشوێنێکی بەهەشت ئاسادا بوو: ئاوێکی سازگار لەدۆڵێکدا، داپۆشراو بەبەردی شین باو و کەنارەکەشی لمێکی بلوری داپۆشیبوو. چێشتخانەکەش لە دەشتاییەکی کەناری رووبارەکەدا دروست کرابوو. بەڵام کەبینیم ژمارەیەکی زۆری ئەفسەر لەوێن، خەریك بوو هەڵێم. خێرا باوکی ئەنوەر هێوری کردمەوە:

-مەترسە بابە، ئەمانە لەو دەورووبەرەوە دێن بۆ نانخواردن وەك من و تۆ.سەیریان بکە، هەموو خێزانیی هاتوون و هەر ئاگایان لەئێمە نییە. لەگەڵ ئەوەش تا توشی گۆڵمەزێك نەبین، ئەچینە ئەو شوێنە کەهەر لەکەپر ئەچێت، لەقوڵایی چێشتخانەکەدا.

بارۆکەکان بەبەردەمماندا راوراوێنیان بوو بەدوای کوللە و زیندەوەری تردا لەکەناری چەمەکە، شاگردەکان دوایان کەوتن و دوانیان لێگرتن تا لەسەر خەڵووز بۆمان ببرژێنن.

باوکی ئەنوەر دەرفەتەکەی قۆستەوە و کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی و دەرکەوت لەکاتی جەنگی دووەمی جیهاندا، خۆبەخش بووە لە لەشکری عەرەبی ئوردون، کەبریتانیای مەزن پێکیهێنا و خستییە ژێر فەرماندەیی(کلوپ پاشا)ی ئەفسەری ئینگلیزەوە.

ئەولەشکرە زیاتر پێکهاتبوو لەرەوەندە عەرەبەکانی دڵسۆزی بنەماڵەی هاشمی، ئینجا چەرکەس و کورد و ئەرمەن. ئەو دەمە یەکێك بوو لەرێکخراوترین و بەدیسپلین ترین لەشکرەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و سەربازەکانی بە چاونەترسیی و خوێنرێژیی و توندوتیژیی بەناوبانگ بوون.

باوکی ئەنوەر گێڕایەوە:

-خەڵك لەترسی ئێمە ئەلەرزین. لەبەر ئەوەی ئینگلیز لەئوردون(ئەو دەمە ئەودیو ئوردون) و فەلەستین فەرمانڕەوا بوون، بۆیە لەهەردوو وڵات سەربازگەمان هەبوو. لەفەلەستین و لای جولەکەکان، وەك(دێو)ی داستانەکان وابووین. تەنانەت رۆژێکیان کچێکی بلیت فرۆش لەیەکێك لەسینەماکان کەمنی بینی، سڵەمییەوە و خێرا پەنجەرەکەی داخست. تابەرپرسەکەی بەهەڵەداوان هات بۆ هێور کردنەوەی.

باوکی ئەنوەر بەپێکەنینەوە بەردەوام بوو:

-رۆژێکیان دووبارە چاوم بەو کچە گەنجە کەوتەوە، کەزۆر جوان بوو. بانگهێشتم کرد تاپێکەوە پێکێك بخۆینەوە. ئەزانیت بەترس و لەرزەوە چی لێ پرسیم؟ (ئایا راستە کە سەربازانی لەشکرەکەمان گۆشتی مرۆڤ ئەخۆن؟) بڕوای تەواوی بەمە هەبوو چونکە پروپاگەندەکان وایان ئەوت.

کات نزیکەی چواربوو، چێشتخانەکەمان جێهێشت، پاش سەعاتێك هێشتا رێنیشاندەرەکان نەگەیشتبوون، باوکی ئەنوەر پێش ئەوەی سەرلەنوێ بکەوێتەوەرێ، سپاردمی بەباوکە حەسەن. بەڵام قایل نەبوو تەنانەت یەك فلسم لێوەربگرێت بەرامبەر ئەو هەموو پیاوەتییەی لەگەڵی کردبووم. بۆیە بەنیگایەکی خەمبارەوە سەیرم ئەکرد تا لەرێگە پێچاوپێچەکە ئاوابوو و ئاسودە بووم کە سەرنجمدا خاڵی پشکنینەکەی سوریا بۆ لێپرسینەوە راگیریان نەکرد. بۆیە بە دڵنیایی و ئارامی چووم بۆ دوکانەکەی باوکی حەسەن تا قاوەیەك بخۆمەوە.

دووکانەکەی باوکی حەسەن پێکهاتبوو لەژوورێکی گەورەی بێ رووکار، وەك گەنجینە بەکاری ئەهێنا و بەکارتۆنە پسکیت و کیسە شەکر و قاوە و ئارد هەڵچنرابوو. لە تاقە تاریکەکاندا ئامێری رادیۆ و تەلەفزیۆن ئەبینران. باوکی حەسەن توانیبووی دوو ئاپارتمانی لەسەر دروست بکات، یەکێکیان بۆخۆی و هاوسەرەکەی و ئەوی تریش بۆ حەسەنی کوڕی کە ماوەیەکی کەم لەوەوپێش هاوسەرگیریی کردبوو. و وێڕای بازرگانییە بچووکەکەیان، باوك و کوڕ کشتیشیان ئەکرد و کێڵگەکانیان کە گەنمەشامی و پەمو و توتنی تیاچێنرابوو، لەپشت ماڵەکەیانەوە بوو.

باوکی حەسەن کەتەمەنی هێشتا نەبووبووە پەنجا ساڵ حەزی ئەکرد رووخساری پیرانە دیاربێت، ئەمەش نەریتێکی باوە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە پێیان وایە پیرێتیی نیشانەی داناییە و قورسایی ئەبەخشێتە وشەکانی. ئەو هاوسۆزی کورد بوو و بێزی

لەبەعسییەکان ئەهاتەوە، رای وابوو کورد خەڵکێکی ئازا و راستگۆ و وەفادارن، بەڵام بەعسییەکان کەسانی دووڕوو و بەرژەوەندیی پەرستن. دڵنیا بوو کە کوردەکان دەرسێکی چاکی سوپا دائەدەن لەعێراق و هەموو رۆژێك نزای ئەکرد لەپێناوەدا.

کاتێك قسە دۆستانەکانی ختوکەی هەستمیان ئەدا، گوێمان لە دوو تەقینەوەی لەرزێنەر و هەژێنەر بوو.

باوکی حەسەن بەهێواشی لەسەر کورسییەکەی هەستا و پێی وتم:

-لێرە مەجوڵێ، ئەچم بزانم چی بوو.

دوای دە خولەکێك بەپێکەنینەوە هاتەوە:

-ئەوە حەسەن بوو بەتاپڕ تەقەی لەمارێکی زەبەلاح کردووە، کەخۆی ئاڵاندووە لەدارمێوی پشتماڵەکەوە. ترساوە لەپەنجەرەکەوە بچێتە ئەو ژوورەی کوڕە سێ مانگەکەی لێ خەوتووە. مارەکە پارچەپارچە بووە. ئەگەر حەز ئەکەیت بچۆ سەیری بکە.

وەڵامم دایەوە:

-سوپاس، هەرچەندە خۆشم لەژیانمدا ماری زۆرم کوشتووە بەڵام دیمەنەکەی ناخم ئەلەرزێنێت. خۆ ئەگەر خەو بەمارەوە ببینم و نەیکوژم، رۆژی دواتر تووشی گرفتێك ئەبم. لەبەر ئەوەشی باوەڕم بەو ئەفسانانە هەیە کەلەبارەی مارەوەن، ئەوا کە کوڕەکەت دانەیەکی کوشتووە، مژدەیەکی خۆشە.

وردو وردە دووکانەکەی باوکی حەسەن بووە هۆڵێکی پێشوازیی و لەودەوروبەرەوە گوند نشینەکان ئەهاتن بۆ دەمەتەقێ و گفتوگۆ. پێئەچوو هەموویان هاوتەمەن بن و هەمان سمێڵی زلی شۆڕیان هەبوو و پۆشاکەکانیان لەیەك ئەچوو، هەروەك باوکی حەسەن، شەرواڵی رەش و ئەو کراسانەی لەکۆنە(کەلەئەمەریکاوە هێنرابوو)بەنرخێکی هەرزان کڕیبوویانن لەکۆنەفرۆشە گەڕۆکەکانی بەیروت و تەرابولس. هەروەك لەرووخساری خەمۆك و سەنگینیاندا دیاربوو پێشوەخت پیربوون.

حەسەن بەشانازییەوە کەوتە گێڕانەوەی دووروودرێژی قەبارەی زەبەلاحی نێچیرەکەی. لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست وایە، کاتێك باس لەمار ئەکرێت، بەسەرهاتەکان کۆتایی نایە، ئاخر هەریەکەیان چیرۆکێکی لەویارەیەوە هەیە. بەڵام ئەو ئێوارەیە بەوجۆرە نەبوو، دیاربوو خەڵکەکە گرفتێکی ئاڵۆزیان هەبوو لەبەر کەمناوبی کێڵگەکانیان، هەروەك ئەو دانەوێڵەیەی لەئوسترالیا و ئەمێریکاو کەنەداوە ئەهێنرا زۆر هەرزان ئەفرۆشرا و کاری کردبووە سەر فرۆشی ئەوان. ئەو نرخەشی بەڕێوەبەرێتیی توتن دایانابوو مایەی گاڵتەجاریی بوو. ناوچەکە پشتگوێ خرابوو، نە ڕێگەی هەبوو نەئامرازی هاتوچووی گونجاو، جگەلەوەش لەوکاتەوە سوریا خاڵی پشکنینی لەدەروازەکانی بوکی دانابوو، ئیتر بەدەگمەن ئەتبینی سوریەکان بوێرن لەبەردەم دووکانیاندا راوەستن بۆ کڕین و فرۆشتن، ئەمەش وایکرد زۆربەی دووکانە بچووکەکان دەرگاکانیان دابخەن.

کاربەدەستانی لوبنان هێندەی لەخەمی کۆکردنەوەی باجدا بوون هێندە بایەخی بەخەڵکەکە نەئەدا. کارمەندانیش بیریان تەنیا لای بەرتیل وەرگرتن بوو، ئەندامانی پەرلەمانیش بەڵێنەکانی کاتی هەڵبژاردنیان بیرچووبووەوە. لەبەرهەموو ئەمانە، گەنجان ناچاری کۆچکردن بوون، هەندێکیان بۆ جێگیربوون و نیشتەجێ بوون لە تەرابولس و بەیروت،ئەوانی تر ڕوویاننەکردە ئەفریکا و کەنەدا، تەنانەت ئوسترالیاش.

حەزم ئەکرد چەندین سەعات دانیشم و گوێ لەدەردەڵی بێزراوەکانی لوبنان بگرم، بەڵام لەناکاو کیژۆڵەیەك لەسوچی دەرگەکەوە دەرکەوت تا هەواڵی گەیشتنی ڕێنیشاندەرەکانمان بداتێ. باوکی حەسەن هیوای سەفەرێکی شادی بۆخواستم و تەنیا پێنج لیرەی لوبنانیی لێوەرگرتم بەرامبەر میوانداریی و ناوبژیوانییەکەی. کوڕەکەی بردمییە ئەوبەر ڕێگەکە. لەوێ سەکنەکە، کەگەنجێکی بیست ساڵە بوو چاوەڕێی ئەکردین.

بەرێگەیەکی دژواری ناو باخەکاندا تێپەڕین و پیاوێکی بەخۆ، هێمنانە لەبەردەم ئۆتومبیلێکی مارسیدسدا چاوەڕێ بوو. حەسەن بردییە ئەو لاوە و داوای لێکرد ئاگای لێم

بێت. زۆر پێکەوە مانەوە و سەرئەنجام حەسەن گەڕایەوە و پێی وتم، لەسەر ١٥٠ لیرەی لوبنانیی ڕێکەوتوون تا بەیروت و هەرخۆم بەتەنیا لەگەڵی ئەبم. (تۆنی) کەناوی شۆفێرەکە بوو سوێندی خوارد کەکەسی تر جگە لەمن سوار ناکات بۆی ئەوەی لەرێگە تووشی کێشە نەبین. بەمەرجەکان قایل بووم و بەرەو بەیروت بەرێ کەوتین. بەڵام دوای دە کیلۆمەترێك لەشوێنێکی بەردەڵاندا، پیاوێك هاتە بەردەممان. شۆفێرەکە دابەزی قسەی لەگەڵ بکات و وتی:

-ئەوە برامە.

بەبیانووی کارێکی خێزانیی بەلای چەپدا لای داو رێگەیەکی دژواری گرتەبەر. ئۆتۆمبیلەکە لەگۆڕەپانی گوندێکدا وەستا، کەخانووەکانی پەرش و بڵاوبوون. شۆفێرەکە دابەزی و دوای ئەوەی بێخەمی کردم کەتەنیا چەند خولەکێکی پێئەچێت، لەتاریکییەکەدا ون بوو. دوای سەعاتێك لەگەڵ دوو پیاو و ژنێکی سەرتاپا رەش کە دوومناڵی لەباوەشدا بوو، گەڕایەوە. پێش ئەوەی هیچ گلەییەکی لێبکەم، تۆنی لێم نزیك کەوتەوە و بەنەرمی پێی وتم:

-نابێت لەو چاوەڕوانییە زۆرە تووڕە بیت، ناچاربووم چاوەڕێی ئەو هەژارانە بکەم کە دۆخەکەیان لەتۆ باشتر نییە و ئەبێت هەرچۆنێك بێت بگەنە تەرابولس. ئاساییە لەگەڵ خۆمان بیانبەین؟

-نا بەپێچەوانەوە، من ئامادەم کورسییەکەی خۆشم چۆڵ بکەم بۆهەر کەسێك بیەوێت لەدۆزەخەی سوریا دەرباز بێت.

تۆنی وتی:

-نا شتی وا نابێت، لانی کەم ئەمجارە. دڵنیابە جێگەکە تەنگ نابێت.

ئۆتۆمبیلەکە کەوتەوە رێ و لەخۆشی ئەو (راو)ە شەوانەیە، تۆنی کەوتە وتنەوەی گۆرانییە ناسکەکانی فەیروز و سەباح، ئەو دوو ئەستێرە گەورەیەی گۆرانی میللیی لوبنان.

لەیەکێك لە قۆناغەکاندا، شۆفێرەکە لای راستی گرتەبەر لەگەڵ ئەوەی زۆر سەخت و پێچاوپێچتر بوو، گوایە دڵنیابوو تووشی پیاوانی حکومەت نابێت، مارسیدسەکە بەدەنگێکی خرۆشان و بەهێز و سەختییەوە سەرکەوت و لەوشوێنەدا کەرێگەکە تەخت ئەبێتەوە، لایتی ئۆتۆمبیلێکمان بینی بەرەو رووومان ئەهات. تۆنی لایتەکانی کوژاندەوە و لایدایە قەراخی رێگەکە. ئۆتۆمبیلەکەی تر کەفول لایتی داگیرساندبوو بەهێواشی لێمان نزیك بووەوە.

-سەیرە ئاخۆ کێ بن؟!

تۆنی بێ ئەوەی خۆی تێکبدات وەڵامی دایەوە:

-پێم وایە ژەندرمەن.

لەکاتێکدا خۆم لەزیندان و گرتندا ئەبینی، پرسیم:

-ئەی چی بکەین ئەگەر بەڕاست ژەندرمەبن؟

-خۆراگربە و هیچ وەڵامی پرسیارەکانیان مەدەرەوە، ئەزانم چۆن قسەیان لەگەڵ بکەم، کارەکە بەدڵی خۆمان ئەبێت. بڕوام پێبکە.

دوای چەند ساتێك ئۆتۆمبیلێکی جیپ بەرامبەرمان راوەستا و چوار ژەندرمەی لێ دابەزین. تۆنی خێرا چوو بۆلایان و بەگەرمی سڵاوی لێکردن و توانی رایانکێشێتە ئەوبەری رێگەکە تا مامەڵەیان لەگەڵ بکات.

سەرجەنتەکەیان وتی:

-٥٠ لیرەمان بدەنێ و بڕۆن. نە هیچمان بینیوە و نەهیچمان بیستووە.

تۆنی وەڵامی دانەوە:

-نا بیست لیرە. هەریەکەتان پێنج لیرە.

لەم مامەڵەیەدا بوون کەیەکێك لەژەندرمەکان لەئۆتۆمبیلەکەمان نزیك بووە و بەجدییەوە داوای ناسنامەی لێکردین، و ئەوەی لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو، خۆی پێنەگیرا و وتی:

-من سوریم و رۆژنامەنووسم.

-ئێ ئێ! سوریت و رۆژنامەنووسیشیت! بۆیە هاتوون بۆ ئێرە، تا ناوبانگی ولاّتەکەمان بزڕێنن لەرۆژنامەکانی سوریادا!

رۆژنامەنووسەکە گەنجەکە ویستی تۆمەتەکەی بۆ راست بکاتەوە بۆیە بەپەلە وتی:

-نە بابە! لەراستیدا ئیتر ناتوانم لەسوریا بژیم و هاتووم لەلوبنان بەدوای کارێکدا بگەرێم.

-ئێ وایە، هاتوویت ململانێی رۆژنامەنوسەکانمان بکەیت، لەکاتێکدا خۆمان بەدەست بێکارییەوە گرفتارین.

گەنجەکە وەلاّمی دایەوە:

-ئەگەر لەرۆژنامەنوسیشدا کارم دەست نەکەوێت، هەر کارێك بێت ئەیکەم، تەنانەت شاگرد چایچی و بۆیاخچی پێلاّویش بێت. ئەتوانین لەسایەی ئەو ئازادییەی ولاّتەکەتان و ئەو سەرمایەیەی ولاّتانی عەرەب لەوێ وەبەریان هێناوە، هەرچۆنێك بێت بیگوزەرێنین.

-باشە بزانین چۆن ئەبێت!

ئینجا ژەندەرمەکە رووی کردە من تا لێمبپرسێت کارم چییە.

منیش بەپێی ئامۆژگارییەکانی تۆنی، بێدەنگ بووم. بەلاّم سەرسەختییەکەم وای لەژەندەرمەکە کرد، فرمانم پێبکات ئەو جانتا بچووکەی بەرپێم بکەمەوە و کەوتە وردبوونەوە لەشتەکانی ناوی. لەوکاتەدا تۆنی بەشادییەوە گەڕایەوە. رێکەوتین، پارەی خۆماندا و ئێستا بەرێنەکەوین.

بەلاّم ئەو رێگەیەی مابوو لەپێشماندا بێ گرێ و گۆڵ نەبوو. بەپێچەوانەوە ناچار بووین چەند جارێك لەئۆتۆمبیلەکە دابەزین و بەرێنمایی سەکنەکە بەپێ بەرێگەی پێچاوپێچ و سەخت و درێژدا تێپەڕین. تەنیا شۆفێر و ژنەکە و منالّەکان لەئۆتۆمبیلەکەدا ئەمانەوە، و هەر کەلەخالّەکانی پشکنین ئەوەستان ژنەکە ئەیوت لوبنانییە، چونکە ئەو سەردەمە ژنانی لوبنانیی ناچار نەبوون ناسنامە هەلگرن یاوێنەی لێبدەن.

سەرکەوتنی دوا لاریّ کەتەبوو بەدەوری بنکەیەکی ژەندرمەدا بسوڕێینەوە سەخت و درێژ بوو بەناو ئەو دارمێوانەدا کەدیواری بەرزی تەختەیان بۆکرابوو. سەکنەکە دەیان جار ئەو رێگەیەی بڕیبوو و شارەزای ناوچەکە بوو و بێ گرفت تێپەڕ ئەبوو و دوو رێبوارەکەی تر لەنزیکەوە دوای ئەکەوتن، بەڵام من چونکە دوو مانگ لە گەڕەکی کوردان هیچ نەجوڵابووم، قاچەکانم خاوبووبوونەوە و بەدوامدا نەئەهاتن بەتایبەت لەسەرکەوتندا. خەریك بووم بەدیوارێکدا هەڵئەزنام کەبەردێکی گەورە لەژێر دەستم خزا و دای بەقاچی راستمدا و برینداری کرد. برینەکە قوڵ بوو، بۆیە ماوەیەکی زۆر لەبن دیوارەکەدا مامەوە بەبێ جوڵە. پاشان کەگوێم لەدەنگی پێی هاوڕێکانم نەما، زۆرم هەوڵدا تا پێیان بگەمەوە بەڵام نەمتوانی و لەناو مێوەکاندا تەنیا مامەوە، بۆیە ناچاربووم هاواربکەم کەفریام بکەون.

سەکنەکە بەتووڕەییەوە قیژاندی بەسەرمدا:

-چییە وا ئەقیژێنیت؟ ئەتەوێت باخەوانەکان پێمان بزانن و بمانگرن؟

-ئاخر ناتوانم رێبکەم. سەیری قاچم بکەن.

قیژاندی بەسەرمدا:

-خوای ئەکرد تووشی تیراوێ ئەبوویت. رێبکەوە ئەگینا لێرە جێت ئەهێڵم و ئەڕۆم.

-بەڵام ناتوانم بڕۆم. لێرە جێمبهێڵن و بڕۆن.

-دەستم بگرە، یارمەتیت ئەدەم تا خێراتر رێبکەیت.

تا ئەو چەند سەد مەترەمان بڕی کە ئەیگەیاندنە ئۆتۆمبیلەکە، قاچە ئاوساوەکەم تا مردن ئازاری دام، بەڵام خۆشبەختانە دوای ئەو هەڵگژانەی هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، ئیتر ناچار نەبووین تا تەرابولس لەئۆتۆمبیلەکە دابەزین، کەبەرێیەکی لابەلادا گەیشتین و هاوسەفەرەکانم لەچاو تروکانێکدا لەبەرچاو ون بوون.

دوای وچانێکی کورت، هێندەی بەنزینمان کردە ئۆتۆمبیلەکەوە، تەکسییەکە کەوتە رێ بەرەو بەیروت. لەنزیك بەیروت دوو ژەندرمە ئاماژەی وەستانیان بۆکردین. جەستەم لەرزی و بیرم لەوە ئەکردەوە، واگەیشتینە ئامانج، ئیتر چۆن ئەبێت ئێستا بمانگرن؟

-ئەچن بۆ بەیروت؟

شۆفێرەکەمان وەڵامی دانەوە:

-بەڵێ.

-کەواتە ئەتوانن سوارمان بکەن. چونکە جێتان هەیە.

تۆنی دوای ئەوەی لەتفەنگەکانی شانیان ورد بووەوە، وتی:

-سەرچاو، فەرموو سەرکەون!

بەم شێوەیە دوو ژەندرمەی لوبنانی سواری هەمان ئۆتۆمبیل بوون کە لەناو لوبناندا بەقاچاخ کوردێکی سوریای هەڵگرتبوو. لەبەر ئەوەی تەنیا شۆفێرەکە قسەی لەگەڵ نەکردن، سەرجەنتەکە کەمێك گومانی لەمن کرد، بۆیە بەزاراوەیەکی خاوی بەیروتی رایچڵەکاندین:

-هیوادارم هەمووتان لوبنانی بن.

شۆفێرەکە بەدڵنیایی و توند وەڵامی دایەوە:

-بێگومان، هەموومان لوبنانین!

دەرکەوت بونی ژەندرمەکان سودبەخش بوو، چونکە نزیکی بەیروت پۆلیس ئۆتۆمبیلەکەمانی راگرت. یەکێکیان تێی خوڕین:

-ناسنامەکانتان دەربهێنن.

لەگەڵ ئەوەش نیگەرانیمان زۆری نەخایاند و سەرجەنتەکە خێرا لەناو ئۆتۆمبیلەکەوە بەڕوویدا هەڵشاخا:

-پێویست ناکات. پێشتر پشکنیومانن.

پۆلیسەکە داوای لێبووردنی کرد و رێی داین تێپەڕین.

بەڵام هێشتا کۆسپمان لەڕێدا مابوو. پێش چوونە ناو بەیروت، هێندەی نەمابوو بکەوینە خاڵێکی پشکنینی سەربازییەوە، بەڵام تۆنی هەرزوو پێچی کردەوە و وەستا و داوای لە دوو ژەندرمەکە کرد دابەزن.

لێیان پرسی:

ئاخر بۆچی؟

شۆفێرەکە بیانوویەکی دۆزییەوە:

-چونکە بیرم کەوتەوە کەئەبێت لەرێی سەرەوە بڕۆم نەك لەرێی بەندەرەوە.

دوو ژەندرمەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دابەزین و تا تێپەڕین تەماشایان کردین.

کات نزیکەی ۲ی شەو بوو کە تۆنی لە گۆڕەپانی تۆپەکان دابەزاندم. بێگومان چونکە بەقاچاخ هاتبووم نەمئەتوانی بچمە ئوتێل، بۆیە تاکسییەکم گرت بۆ زاروب-عیتون لە(گەڕەکی کەرکونی دوورزییەکان)، کەئەمزانی پوورە زوهرە بەسۆز و خۆشەویستی دایکێك بۆ کوڕەکەی پێشوازیم ئەکات.

کات نزیکەی سێی شەو بوو لەدەرگەمدا. دوای ئەوەی گوێی لەدەنگی دەرگەکە بوو بەسەختی لەجێگەکەی هەستا و بەهەنگاوی قورس هاتە بەردەگە و بەعەرەبی و بەدەنگێکی توند پرسی:

-کێیە ئەوە؟

وەڵامم دایەوە:

-میوانێکی نائاسایی.

هەر کەبینی ئەشەلم هەراسان بوو:

-چیت بەسەرهاتووە؟ ئەبینم ناتوانیت بەپێوە بوەستیت. ئەخۆشیت یا تەقەیان لێکردوویت؟ پێم بڵێ چی روویداوە.

لەبەر ئەوەی ئەستەم بوو پوورە زوهرە ماوەیەکی زۆر بەپێوە بوەستێ،بەشیرەی برازای بێدارکردەوە،کەهەرچەند تەمەنی هەر نۆ ساڵێك ئەبوو بەڵام راهاتبوو لەیارمەتیدانی پوورە نەخۆشەکەی. خێرا تەشتێك ئاوی گەرمی هێنا ،منیش کەوتمە خاوێنکردنەوەی برینەکەم. دوای دە رۆژ لەوە، ئەمتوانی بەناوشاردا بگەڕێم و سەردانی ئەو هاوڕێیانەم بکەم کە

متمانەم پێیان هەبوو. ئەبوو وریابم لەپەیوەندیی و هاتوچۆکانمدا، بەبێ ئەو کارتە پەمەییەی ئاسایشی لوبنان ئەیدایە ئەو سوریانەی بەفەرمیی ئەهاتنە لوبنانەوە. جگە لەوەش دوای ئەوکودەتا شکستخواردووەی شەوی سەرساڵی ١٩٦٢ روویدا، کاربەدەستانی لوبنان زیاتر چاوکراوەبوون و جاری واهەبوو بەرۆژ، هێزکانی تایبەت کە بە (لیوای ١٦) ناسرابوون، پشکنینیان ئەکرد و داوای ناسنامەیان ئەکرد، بۆیە بەدەستهێنانی کارتی پەمەیی پێویست بوو.

یەکێك لەکوردانی سوریا کە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی سوریا بوو، و بەهەمان دۆخی هەلاَتنی مندا تێپەڕیبوو، توانیبووی بەیارمەتی پارتی کۆمۆنیستی لوبنان ئەو بەلگەنامەیە بەدەست بهێنێت،هاوکاریی کردم تامنیش وەریبگرم، دوای هەفتەیەك ئیتر ترسم نەبوو لەهاتوچۆی ئازادانەی ناو بەیروت و هەموو لوبنان، جگە لەسنووری باشوور، بۆیە ئەمتوانی لەناوەندەکانی کوردی بەیروت نزیك ببمەوە.

ئەو سەردەمە کۆمەلگەیەکی گەورەی کورد لەلوبنان ئەژیا کە لەجەنگی یەکەمی جیهانەوە وردە وردە ژمارەیان زۆر ئەبوو، تا لەسەرەتای رووداوەکانی ١٩٧٥ دا گەیشتبووە ١٠٠٠٠٠ کەس. ٩٥٪ی کوردەکانی بەیروت لەهەرێمی ماردینی کوردستانی تورکیاوە هاتبوون. چەندین هۆی ئابووریی و سیاسیی ناچاری کردبوون کۆچ بکەن. حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیا تا ساڵی ١٩٢٥ نەیاتوانیبوو کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن و سەربازگیریی تیا بکەن. بەلاَم دوای سەرکوتکردنی راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥ی کورد،ئەوناوچەیەش کەوتە ژێر دەسەلاَتی مستەفا کەمال. ئەمەش زۆر لەگەنجانی ناوچەکەی ناچارکرد کۆچ بکەن بۆ دەرباز بوون لە سەربازگیری ولاَتێك کە زمانەکەشیان نەئەزانی،جگەلەوەش ئەو کارەساتە ئابوورییەی بەرۆکی گرتن هانیدان بێ دوودڵیی بڕیاری کۆچ بدەن: نەخۆشی فیلۆکسیرا(ئەسپێی رووەك) لەمێوستانەکانی داو بەشێکی زۆری خەلکەکەی لەبژێوی بێبەش کرد.

سەرەنجام هۆکاری کۆمەڵایەتیشی هاتەسەر و خێڵی عمێریی کەخێڵی سەرەکی نیشتەجێی ناوچەکە بوو بەسەر دوو پارتی ڕکەبەردا دابەش بوو، مەحمودکییەکان (لایەنگرانی مەحمود) و عوسمانکییەکان(لایەنگری عوسمان)، و زۆرجار بەهۆی زۆر سادە ناکۆکیی دروست ئەبوو و شەڕی خوێناویی هەڵئەگیرسا کەبریندار و تەنانەت کوژراویشی لێئەکەوتەوە.

پێش دەسەڵاتی راستەقینەی تورك، دانایانی هەردوولا ئەیانتوانی ئاشتیان بکەنەوە و قەسابخانەکە راگرن، و ئاگربەست راگەێنن تا بەپێی توانا زامدارەکان چارەسەر بکەن و هیچیان نەئەزانی سەبارەت بەسەربازیی تورکیا و بیرۆکراسیی پۆلیس و زیندان، بەڵام کاتێك ئەو ئامێرە قورسە کەوتە کار، سەدان خێزان سەرکێشییان هەڵبژارد بۆ گەڕان بەدوای گوزەراندا لەدەرەوە، تەنانەت ئەگەر پڕیش بێت لەکۆسپ و تەگەرە، چونکە سوکایەتییەکەی کەمتر بوو لە دەزگای (لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی تورك).

لەگەڵ ئەوەش ژیانی کوردانی کۆچبەر لەبەیروت بەهیچ شێوەیەك ئاسان نەبوو، چونکە وێڕای ئەوەی زۆرینەیان مەرجەکانی وەرگرتنی رەگەزنامەی لوبنانیان تیابوو، بەڵام تەنیا دابوویانە چەند دەهەزارکەسێك و داواکانی تر بەهۆی ئاینەکەیانەوە هەڵپەسێردران. دانی رەگەزنامە بەکوردانی موسڵمان ئەبووە هۆی تێکدانی هاوسەنگیی نێوان ئاین و ئاینزاکان بەزیانی کریستیانەکانی لوبنان، بۆیە هەزاران منداڵی کورد لەقوتابخانە حکومییەکان بێبەشکران و مافی چارەسەریان نەبوو لەنەخۆشخانەکانی حکومەت.

چەند کەسایەتییەکی ناوداری لوبنان هەوڵیاندا ئەو ستەمە راست بکەنەوە، لەوانەش کەمال جونبەڵاتی وەزیری ناوخۆی ئەو دەمە، بەڵام کە زانی ناتوانێت کەلەڕەقیی ناوەندە راستڕەوەکانی کریستیان کەئەو کات دەسەڵاتدار و بەهێزبوون لەبەیروت نەرم بکات، بۆیە بڕیاریدا بەڵگەنامەی تایبەت بداتە ئەو کوردانەی بێبەش بوون لەبەڵگەنامە نیشتمانییەکان، تابتوانن ئازادانە لەلوبنان نیشتەجێ بن و کاربکەن.

ورده ورده پەیوەندیم لەگەڵ کوردانی نیشتمانپەروەر پەیداکردەوە بەتایبەت ئەوانەیان کەرەگەزنامەی لوبنانییان هەبوو و هانمدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی خێرخوازیی کوردیی کەتوانای هەبێت چالاکیی رووناکبیریی و وەرزشی ئەنجام بدات. ئەم کارە بەپشتیوانیی کەمال جونبەلآت ئەنجامدرا و دوای ماوەیەکی کەم، کوردەکان لەهەموو لایەکەوە روویانکردە ناوەندی کۆمەلآیەتیی و پزیشکیی و رووناکبیریی و وەرزشیی کوردی، و سەرەرای ناکۆکیی نێوان مەحمودکی و عوسمانکییەکان، بەلآم هەمووان پابەندی گەشەپێدانی بوون. لای خۆمەوە و بۆئەوەی نەبمە جێ سەرنج، هەرگیز سەردانی ناوەندەکەم نەکرد و هەر لەدوورەوە و بەبایەخێکی تایبەتەوە چاودێریی چالاکییەکانیم ئەکرد، وخانوویەکیان لەشوێنێکی تر دابین کرد تا وانەی کوردی تیابلێمەوە.

سەرەرای جێگیربوونم لەبەیروت بەلآم چاودێریی پێشهاتەکانی کوردستانم ئەکرد. هەندێك کەسێتی کوردی عێراق، نیشتەجێی پایتەختی لوبنان، ئۆپۆزسیۆنی رژێمی بەغدا و هاوسۆزی بزوتنەوەی میللیی کورد، لەنزیکەوە چاودێری دۆخی عێراقیان ئەکرد و ئەیانتوانی ئاگادارم بکەنەوە لەرووداوە سیاسیی و سەربازییەکان. ئەو زانیارییە نهێنیانەی لای ئەو سیاسەتکارە دێرینانەبوو، هاوشێوەی ئەوەبوو کەنوێنەرانی بارزانی لەکاتی تێپەربوونیان بەبەیروتدا بلآویان ئەکردەوە و پێچەوانەی ئەو هەوالآنە بوو کە بەهەراوزەناوە هەندێك رۆژنامەنوسی وابەستە بەبەغدا لەبەیروت بلآویانئەکردەوە.

راستییەکەی سوپا عەرەبییەکانی سەرکەوتوو لە دەشتەکاندا، رووبەرووی بەرگرییەکی توند ئەبووەوە لەچیاکاندا و زیانی قورسی بەرئەکەوت و داوای یارمەتی لەبەعسی سوریا ئەکرد. کاتێکیش کاربەدەستانی بەغدا هەستیان بەمەترسی کرد، داوای هاوکارییان لەتورکیا و ئێران کرد بۆشەری دژی (دوژمنی هاوبەشیان) و ئەفسەرانی تورك و فارس نێردرانە کەرکوك بۆ لێکۆلینەوەی پلانێکی جەنگیی هاوبەش بۆشەری دژ بە(یاخیبووانی باکووری عێراق).

هێندە بەس بوو سەیری ئەو گەورە رۆژنامانەی لوبنان بکەیت کە سەربەخۆیی خۆیان پاراستبوو، تادیمەنی راستەقینەی دۆخی عێراق بۆ رای گشتیی لوبنان و عەرەب روون ببێتەوە. هەولێکی زۆرمدا تا سەرنوسەرانی رۆژنامەکانی(ئەلحەیات و نەهار و زمان حاڵ و لۆرینتی بەیانیان و ئێواران) قایل بکەم و بەڵێنیان لێوەرگرم ئەو هەواڵانە بلاوبکەنەوە کە ئەیاندەمێ و وتاری بەپێز لەبارەی کێشەی کوردەوە بنوسن.

(عەرەب، ژیان و زمان و کەلتووری ئەمرۆیان،قەرزاری سەلاحەدینی کوردن و پشتگوێ خستنی ئەو راستییە، واتە بێناگایی تەواو لەمێژوو و ئەو خزمەتانەی گەلی کوردی پاڵەوان پێشکەشیان کردووین. کاتێك پارتی بەعس خەڵك دژی کورد هان ئەدات، ئەوا دژی مێژووی عەرەب ئەوەستێت و ئەو برایەتییە مەزنە تێك ئەدات کە ئەو گەلە سەرەبەرزە لەهەمووساتە یەکلاکەرەوەکانی مێژووماندا بۆیان دەربڕیوین).

ئەمە وتارێکی مێژوونوسی بەناوبانگی عەرەب (سەلاحەدین مونجد) بوو لەرۆژنامەی حەیاتدا.

رۆژنامەی زمانحاڵیش کەوتە لەقاودانی ئایدۆلۆژیای فاشییانەی پارتی بەعس و داوای نەرمیی و دیمۆکراسیی لێئەکرد. رۆژنامەی لۆرێنتیش لای خۆیەوە راپۆرتێکی درێژی بلاوکردەوە کە بەنازناوێکەوە بۆم ناردبوون، لەوەلامی وتارێکی پڕهەڵەی سەرنوسەرەکەیان. پەیوەندیشم کرد بەئاژانسە جیهانییەکان و پەیامنێرانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی ئەورووپا و ئەمێریکاوە.

وردەوردە هەواڵی راستی پێشهاتەکانی کوردستان بەرێکوپێکی لەبەیروتەوە ئەچووە دەر وخەیاڵپلاو و هەڵبەستەکانی حکومەت رسوا ئەبوون،کورد لەسەر زەوی بەرگرییان ئەکرد لەلەشکری هەردوو هاوپەیمانی عێراق و سوریای چەکدار بەفڕۆکە و تانك و تۆپ و بۆمبی ناپاڵم.

عێراق کەخۆی بەسەرکەوتنەکانییەوە بانەدا هەوڵێکی زۆری دا بۆکڕینی ڕۆژنامە سەربەخۆکانی لوبنان، یا جڵەوکردنی توندڕەوەکانیان، بەڵام هەرنەیانتوانی زانیارییە بابەتییەکان سەبارەت بەکوردستانی عێراق پەردەپۆش بکەن. پاش ماوەیەکی کورت باڵیۆزی عێراق لەبەیروت توانی ناوی ئەو کەسە ئاشکرا بکات کەهەواڵی ورد و بەڵگەداری عێراق ئەداتە میدیای لوبنانی و جیهانی، و بەدەست تێکەڵ کردن لەگەڵ بەڕێوەبەری ئاسایشی لوبنان پیلانێکیان دانا بۆ دەستگیرکردنم و بەبێ ئاگاداریی (پییێر جەمیل) کەئەودەمە وەزیری کاروباری ناوخۆ بوو، پیلانەکەیان جێبەجێ کرد.

لەدیدارێکی نێوانماندا، جەمیل پێی وتم:

-چاک لەنەهامەتییەکەتان تێئەگەم. ئاخر دۆخی ئێوەش بەجۆرێك، لەدۆخی ئێمە، مارۆنییەکانی لوبنان، ئەچێت. شۆڤێنییەکانی عەرەب نەیانەوێت خۆمان تەواو وەك ئەوان بەعەرەب دابنێین هەر لەبەرئەوەی بەعەرەبی قسە ئەکەین. ڕاستە بەعەرەبی ئەدوێین بەڵام بەوە نابینە عەرەب، چونکە ئێمە مێژوویەکی تر و کەلتوورێکی تر و شێوازێکی جیاوازمان هەیە لەبیرکردنەوە و کارکردن و خەون بینیندا. شێوازێکی تەواو جیاواز لەشێوازی ئەوان. تائەوکاتەشی بەرێزەوە ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانمان نەکەن، ئێمەش بەردەوام لێیان هۆشیارئەبین.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٥ ی شوباتی ١٩٦٦، سێ پیاوی ئاسایشی لوبنان لەبەردەم دەرگەی ماڵی پورە زوهرەدا وەستابوون.بە بەشیرەیان وت، کەدەرگەی لێکردنەوە:

-ئەمانەوێت لەگەڵ نورەدین زازا قسە بکەین.

بەبێ ئەوەی چاوەڕێی (بەخێربێن و فەرموو) بن، ملیان نا بەرەو ئەو هۆڵەی ژوورەکەی من بەسەریدا ئەڕوانێت و سەرۆکەکەیان هاتە پێشەوە:

-دکتۆر زازا؟ ئێمە ئاسایشی لوبنانین، ئەوەش ناسنامەکەم. فرمانم پێیە لەگەڵ خۆمان بتبەین بۆ لێکۆڵینەوە.

-مەبەستت کام لێکۆڵینەوەیە؟

-مەترسە شتێکی وانییە و تەنیا چەند پرسیارێکە.

-لەبەرئەوەی لەگەڵ راپێچ کردن و(چەند پرسیارێک)راهاتووم، کەواتە رێمبدەن تەلەفۆن بکەم بۆ پارێزەرێك تا بەرگریی لەمافەکانم بکات.

سەرۆکەکەیان لەگەڵ ئەوەی ئامۆژگاریی کردم خێرا خۆم بپێچمەوە و هەوڵی دەرباز بوون نەدەم، وەڵامی دامەوە:

-بەڵێنت ئەدەمێ، ئەگەر پێویستی کرد، لای ئێمە ئەو کارەبکەیت.

ماڵی پوورە زوهرە تەنیا یەك قات بوو و چەندین پەنجەرەی تیابوو کەئەیروانییە سەر باخچەکە و هانی راکردنی ئەدا. بەڵام تەنیا چەند ساتێك ئەو بیرە هاتە مێشکم و لەبەرئەوەی نەمئەزانی چیم لێئەکەن، دوودڵ بووم لەوەی خۆم توشی سەرکێشییەکی بێسود بکەم.

خەریك بوو لەگەڵ پاسەوانەکانم لەماڵەکە دەرچین، پورە زوهرە بەکوردی پێی وتم چی لەکتێب و نامەکانم بکات. توانیم تێی بگەێنم کەلای دراوسێکان بیشارێتەوە.

دوای بیست خولەك لەیەکێك لەژوورەکانی بارەگەی ئاسایشی لوبنان خۆم بینییەوە. سەعاتێك زیاتری پێنەچوو بردمیانەوە بۆماڵەوە. ئاخر بەرێوەبەرێتیی ئاسایش پێویستی بەبەڵگە هەبوو تا بەندم بکات و بەداتە دادگە، بۆیە هاتبوون ماڵەکەم بپشکنن. ئەترسام پورە زوهرە فریای ئەوە نەکەوتبێت هەموو بەڵگە ترسناکەکان بشارێتەوە. خواخوام بوو لەرێگە توشی رووداوێکی لەناکاو یا پەککەوتن ببین و درەنگ بگەینە ماڵی پورێ، بەڵام مەخابن هیچ موعجیزەیەك روویئەدا. لەگەڵ ئەوەش کاتێك چووینە ژوورەکەم یەکسەر سەرنجی ئەوەمدا کە کارتۆنە کتێبەکانی سەر دۆڵابەکە و بەڵگەنامەکانی تریش نەماون. کەچی هەر سێ پۆلیسەکە بەپەلە کەوتنە کردنەوەی دۆڵابەکە و راکێشانی چەکمەجەکان و تەنانەت ژێر جێگە و ژێر فەرشەکەش گەڕان. بەڵام بێسود بوو چونکە پێشتر و بەوردی

هەموو شوێنێکیان پاك کردبوومەوە. دوای نیو سەعات پشکنین بەئاتومبێلی بردیانەوە بۆ ئاسایش.

بردمیانە ژووری (عومەر نوێری)سەرۆکی کۆمیسەرەکان، کە بەدژایەتی کردنی توندی کوردانی بەبیروت ناسرابوو. هەموو جارێك کەیەکێك لەکرێکارە گەنجەکوردەکانی ئەگرت و لێیئەدان یا ئەشکەنجەی ئەدان بەگومانی کوردپەروەریی، لەخۆشیدا هەردوو دەستی لەیەك ئەخشاند. هەر ئەم موسڵمانە سونەیەش بوو کەشەڕی زۆری کرد، تا رێنەدات، کەمال جونبەڵات مۆڵەت بداتە کوردەکان بۆکردنەوەی ناوەندی کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی. ئەو زەلامەبوو کە بە ناوچاوانێکی گرژ و هەڕەشەوە پێشوازیکردم:

-بۆ سەردانی رۆژنامەکانی لوبنان و ئاژانسە بێگانەکانت کردووە تا پەیوەندیی دۆستانەی لوبنان و عێراق تێکبدەیت؟ لەسایەی جەنابتەوە حکومەتی عێراق لەهاوولاتیانی خۆی قەدەغە کردووە کە لوبنان وەك وڵاتێکی گەشتیاریی هەڵبژێرن.

وەڵامم دایەوە:

-ئەگەر رۆژێك عێراق بڕیارێکی وابدات، ئەوا بەهۆی ئەو جەنگەوەیە کەدژی کورد بەرپای کردووە. بێگومان ئەو جەنگەش بەهاکەی گرانە و لەرۆژانی داهاتوودا، وێڕای داهاتی خەیاڵیی نەوتی کورد، گەنجینەکانی عێراق بەتەواویی بەتاڵ ئەبێت. بۆیە لەبەرژەوەندیی لوبنانە ئەو شەڕە بوەستێت و سەرەنجام عێراق دان بەئۆتۆنۆمیدا بنێت، ئەو مافە هەژارانەیەی کورد داوای ئەکات.

نوێری بەتووڕەییەوە وەڵامی دایەوە:

-وەك بێگانەیەك بۆت نییە دەست وەردەیتە سیاسەتی لوبنانەوە. کەچی تۆ لەنوسینگەکەی منیشدا ئەوە ئەکەیت! ئەمە ناماقوڵە و لەمەودوا لەوڵاتی خۆماندا رێی ئەوەت پێنادەین.

-کەواتە بەرگەیەکی هاتوچۆم بدەنێ و بۆچەند رۆژێك مۆڵەتم بدەن تالەکۆڵتان ببمەوە.

-بەرەگەی هاتوچۆ وەرنەگریت و مۆڵەتی چلوهەشت سەعاتت هەیە بۆ بەجێهێشتنی لوبنان و دوای ئەوە بۆت نییە بێیتەوە بەبێ رەزامەندیە ئێمە.

بەمەرجەکانی نوێری قایل بووم بەلام ئەیویست دەست بەسەرم بکات تا کاتی رۆشتنم.

پێم وت:

-هیچ هۆیەك نییە بۆ دەستبەسەر کردنم. تکائەکەم رێبدەن لەگەڵ پارێزەرێك قسەبکەم تابەرگریم لێبکات.

بەپێکەنینەوە وتی:

-ئەبێت ئەو پارێزەرەی بەرگریت لێئەکات بەدەستپێشخەریی خۆی بێت بۆ ئێرە. لەم کاتەوە بۆت نییە پەیوەندیی بکەیت بەدەرەوە.

قسەکانی تەواو کرد و دوو یاساوڵی بانگ کرد، کەیەکسەر راپێچی ژوورێکیان کردم و بۆینباخ و قایش و قەیتانی پێلاوەکانمیان لێسەندم و لەوێوە بەدووری چەند مەترێك بردمیانە بەردەم دەرگەیەکی شیشی ئاسنی ئەستوور و پۆلیسێك دەرگەکەی کردەوە و پاڵی پێوەنام بۆ شوێنێکی ژێرزەمین ئاسای ڕووناك کە بەپاڵەپەستۆ چەند کەسێکی تیا پاڵ کەوتبوو. بۆچەند ساتێك لەناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستام و لەچواردەوری خۆم ورد بوومەوە: شوێنەکە هەر دوو مەتر و نیو بە چوار مەتر ئەبوو، بێ دەریچەی ڕووناکیی و هەواکێش،مەگەر لەرێی شیشەکانەوە،ئاو وئاودەستی تیانەبوو. لەبنەوەی ژێرزەمینەکەدا سەرنجی سەتڵێکی فافۆنی پڕ ئاوم دا کە ڕووەکەی بە ئاغزەجگەرەو بەڵغەم داپۆشرابوو.

کاتێك یەکێك لەبەندییەکان بینیمی بێ جووڵە ئەبڵەق بووم، داوای لێکردم لەتەنیشتییەوە و لەسەر حەسیرەکەی دانیشم. خەڵکی سوریا بوو و شەوێك کە(کارتە پەمەییەکەی)لەماڵەوە بیرچوو بوو لەپشکنینێکی سەربازیدا گیرابوو و لەبری ئەوەی پۆلیس بچن بۆماڵەکەی تا لەراستیی قسەکانی بکۆڵنەوە، فڕێیان دابووە ئێرە و پێنج رۆژە کەس لێی ناپرسێتەوە. ئەو چاوەڕێ بوو. زۆری تریش وەك ئەو قوربانیی مامەڵەی خراپ و

پشتگوێ خستن بوون و بووبوونە قوربانیی گەندەڵیی و بیرۆکراسییەتێکی کرچ و کاڵ. پاکستانییەکم بینی کە شەش مانگ بوو لێرەدا دارزابوو لەبەر ئەوەی پاسپۆرتەکەی ون کردبوو.منیش پێنج رۆژم بەسەربرد و کەس لێی نەپرسیمەوە. سەرەنجام رۆژی شەشەم دەریان کردم بەمەبەستی ئامادەکردنی کارتی هاتوچۆ، بەرێکەوت چەند وێنەیەکی پاسپۆرتم پێبوو بۆیە کارەکە تەنیا سەعاتێکی خایاند. بەپێی قسەی کۆمیسەرەکە، لەم ساتەوە تەنیا چلوهەشت سەعاتم لەبەردەمدا بوو تا ڤیزای وڵاتێکی ئەورووپای خۆرئاوا وەرگرم، کەچی لەپڕ ئاسایش رای گۆڕی سەبارەت بەوەی چلوهەشت سەعات لەناو بەیروتدا ئازاد بم، بۆیە کەتمە بیرکردنەوە لەوەی چیم پێنەکرێت لای کەسایەتییە ناودارەکانی لوبنان کەئەمناسین لەوانەش کەمال جونبەلات و پییێر جومەیل.

کۆمیسەرەکە پێی وتم:

-شتی وانییە ئێرە بەجێبهێڵیت. لێرەوە بەتەلەفون پەیوەندیی بکە بەو باڵیۆزخانانەی مەبەستتە.

پێشنیازێکی بێسود بوو، هێندەی بموتایە لەکوێوە تەلەفون ئەکەم، مەترسی ئەوە هەبوو دیپلۆماتەکان داواکەم رەت بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا توانیم قسە بکەم لەگەڵ کونسوڵی گشتیی هۆڵەندا و کونسوڵی ئەڵمانیای فیدراڵ، کەپێشتر و لەدەرفەتێکدا باسی کێشەی کوردم بۆ کردبوو.

هەردووکیان وەڵامیان دامەوە:

-پێویستە سەردانی نوسینگەکانمان بکەیت تا داوای فەرمیی پێشکەش بکەیت.

لەبەر ئەوەی ئاسایش بەهەموو توانایەوە ئەیویست لە لوبنان دوورم بخاتەوە، بۆیە گرێمانەیەکی تری دانابوو، چونکە هەر ناسنامەت پێبوایە ئەتتوانی لە سوریاوە بچیتە ئوردون و لەگەڵ ئەوەی نیشتەجێی لوبنان بووم بەڵام ئەمتوانی بەبێ گرفت بچم بۆ عەمان.

ئەمە رای جەنابی کۆمیسەر بوو. بەڵام خۆم دڵنیا بووم کە لە ئوردون تووشی کێشە نەبم، کەچی ئەو پیاوچاکانەی ئاسایش مکوڕ بوون لەسەر جێبەجێکردنی پێشنیازەکەیان.

ئێوارەی ۲۱ ی نیسان راپێچیان کردمە فڕۆکەخانەی بەیروت و ناچاریان کردم بلیتێکی دووسەرەی بەیروت-عەممان بکڕم و رادەستی پیاوێکی ئاسایشیان کردم کەبەرپرسی ئاسایشی کۆمپانیایەکی هێڵی ئاسمانیی بوو.

دوای چەند سەعاتێك فڕۆکەکە لەخاکی ئوردوندا نیشتەوە. کاتی تێپەڕبوون بەبنکەی سەیرکردنی پاسپۆرتدا کابرای ئەفسەری خزمەتگوزار کە ڕووخسارێکی چەرکەسیی ئاشکرای هەبوو، لەشوێنەکەی راپەڕی،وەك ئەوەی شارە زەردەواڵەیەکی تێوروکابێت و بەزاراوەیەکی عەرەبی کۆچەریی تێکشکاو لێی پرسیم:

-لەکوێوە هاتوویت؟

-لەبەیروتەوە.

-ئەی کوا پاسپۆرتەکەت؟

کەبۆم روون کردەوە من کێم و ئاسایشی لوبنان چییان پێکردووم، سەرێکی لەقاند و وتی:

-ئەوەی تۆ باسی ئەکەیت سەیر و سەمەرەیە.

پاشان بردمییە ئۆفیسەکەی و تەلەفۆنی کرد بۆ سەرۆکایەتیی ئەرکانی ئوردون و هەواڵگریی تایبەت. دوای نیوسەعات جیپێکی سەربازیی بردمییە بەردەم بارەگەی سەرۆکایەتی ئەرکانی ئوردون، و هەر گەیشتمە ژوورەوە شەش ئەفسەر دەوریان دام، پێش ئەوەی بمبەن بۆشوێنێکی تر.

فەرماندەیەکی گەنجی باڵابەرز و سپیکار ئەیویست شتی زیاترم لەبارەوە بزانێت:

-ئاخر من کوردم.

-کورد چۆن؟ مَن مەبەستم ئەوەیە سەر بە چ پارتێکیت؟

-تەنیا کوردم.

-پشتیوانیی بارزانی ئەکەیت؟

-وەك هەر کوردێکی تر هاوڕای تێکۆشانی ئەوم.

-ئێ دەڵێن کە تۆ جوداخواز و کۆمۆنیستیت.

-بارزانی نەکۆمۆنیستە و نەجوداخواز. ئەو تەنیا کوردێکی بەشەرەفە و خەبات ئەکات لەپێناو مافە سروشتییەکانی گەلەکەی.

فرمانی پێکردم:

-بەکورتی شتێکمان بۆ بنوسە لەسەر ژیانت و چالاکییەکانت.

لەبەر ئەوەی خۆم شەکەت بووم، یەکێك لەئەفسەرەکان شتەکانی بۆ نوسیم و قۆناغە گرنگەکانی ژیانی تۆمار کرد لەگەڵ چالاکییەکانم وەك تێکۆشەرێکی کورد، ئینجا تەنیا جێی هێشتم و سەرقاڵی کاغەزەکانی بوو. گفتوگۆکان درێژەی کێشا و نزیکی سەعات یەکی بەیانی سەربازێك هات بەدوامدا تا بمبات بۆ شوێنێك کە پێی نەوتم کوێیە. دوای تێپەڕبوون لەچەندین گردی رووتەن جیپە سەربازییەکە گەیشتە عەمان و بەرێگەیەکی کەم رووناکیدا رۆیشت تا سەرەنجام لەبەردەم بنکەیەکی پۆلیسدا وەستا. کەچووینە ژوورەوە پۆلیسێکی پاسەوان چوو بۆ بێدارکردنەوەی ئەفسەری ئێشکگر کە بەباڵای بەرز و قژی زەرد و روومەتە سوور هەڵگەڕاوەکانیدا دیاربوو نەژادی قەفقازییە. کاتێك بەتورکی لێمپرسی چارەنووسم چی ئەبێت،بەچاوانی سەرسام وپێڵو ئاوساوەوە تێی روانیم و هیچی نەوت. چووە ژوورەکەی و کەوتە خوێندنەوەی ئەو کاغەزانەی پاسەوانەکەم بۆی رادێرا و تەلەفۆنێکی کرد. ئینجا چەند قسەیەکی چرپاند بەگوێی پۆلیسەکەدا و کاغەزەکانی دایەوە دەستی. سواری ئەو جیپە بووینەوە کە هێنابووینی و پێچی کردەوە و دوای نزیکەی کیلۆمەترێك رێبڕین لەبەردەم بنکەیەکی تری پۆلیسدا راوەستاین. لەبەردەم دەرگەی زیندانەکەدا سەرجەنتێکی سمێڵ زل و شۆڕ، دەرگەی لێکردینەوە کە خۆشمەشرەبیی لەسیمایدا دیاربوو.

دوای ئەوەی لەدۆسیەیەکی زەبەلاحدا ناومی تۆمارکرد، یاساوڵەکە دەرگەی ڕاڕەوەکەی بۆکردمەوە و فرمانی دامێ وەك بەندییەکانی تر لەسەر زەوییەکە بخەوم، بەڵام لەبەر پرخەپرخ و بۆنی ناخۆشی شوێنەکە پێم باشتر بوو لەڕاڕەوەکەدا بمێنمەوە و خۆمدا بەسەر شیشی دەرگاکەدا. یاساوڵەکە کەسەراسیمەبوو لەدۆخی من و پۆشاکە خاوێنەکانم لەچاو بەندییەکانی تردا، پێشنیازی بۆ کردم کوپێك چای لەگەڵ بخۆمەوە و منیش بەخۆشییەوە قایل بووم و لەسەر جێگەکەی دانیشتم.

بەدەم چاخواردنەوە زانیم فەلەستینییە و زۆرینەی کارمەندانی حکومەت فەلەستینین و ڕەگەزنامەی ئوردونییان وەرگرتووە. ئەوەشی بەڕاشکاوی درکاند کە فەلەستینییەکان چارەی شاحسێن و خێزانەکەییان ناوێت و بەم نزیکانە لەکۆڵ خۆیانی ئەکەنەوە.

ئینجا باسی ئەوەی بۆکردم خێزانێکی زۆری بەسەردا کەوتووە و موچەکەی بەشی تێرکردنیان ناکات و ناچارە بەڕۆژ هەندێك وردەکاری تر بکات. لەبەر ئەوەی کرۆزانەوەکەی نەئەبڕییەوە بڕێك پارەم بەلیرەی لوبنانی دایە کەئەیکردە دوو دیناری ئوردونیی، بۆئەو پارەیەکی خەیاڵی بوو،هەر بۆیە یەکسەر داوای لێکردم تاخۆرهەڵاتن لەسەر جێگەکەی ئەو بخەوم.

لێم پرسی:

-ئەی خۆت؟

-ئۆو، فێری شەو بێداریی بووم و ئەگەر زۆر خەویشم هات ئەوا سەرئەخەمە سەر مێزەکەو ئەخەوم.

بەو جۆرە بەشێکی شەوەکە لەجێگەکەی سەرجەنتدا خەوتم. کەمێك پێش بەرەبەیان، لەپڕ بێداری کردمەوە:

-لەوانەیە کەمێکی تر فەرماندەکانم بگەنە ئێرە. باشتر وایە هەوڵ بدەیت لەسەر ئەو کورسییەی ڕاڕەوەکە بخەویت.

پاش کەمێك زەنگی تەلەفۆن لێیدا و پێیان وتم خۆم ئامادە بکەم ئەمگەڕێننەوە بۆ بەیروت. دوو سەعات دواتر فڕۆکەیەك لەفڕۆکەخانەی خالیدی دایگرتم و نیو سەعات دواتر لەبەردەم کۆمیسەر نوێریدا بووم.

نوێری قیژاندی:

-ها، ناردیانیتەوە بۆمان؟

-پێم وتیت ئوردون ئامێزم بۆناکاتەوە. لەمەو دوا مەمنێرن بۆ وڵاتێکی عەرەبی، بەڵکو چلوهەشت سەعات بوارم بدەن. هەرهێندەم پێویستە تا ڤیزای وڵاتێکی ئەورووپایی وەرگرم.

کۆمیسەر وەڵامی دایەوە:

-هیچ کارمان نییە هەرخەریکی کێشەکانی تۆبین!زۆر بەسادەیی بڕیارماندا بتنێرینەوە بۆسوریا و ئەوە گرفتی خۆتە کە باری خۆت لەگەڵ کاربەدەستانی وڵاتەکەت باش بکەیتەوە.

-جا ئەوێرن کارێکی وا بکەن؟

-بەڵێ چونکە ئەوە بۆ هەردوولامان باشترە.

-ئەی ئەگەر رەتم کردەوە؟

-ئامۆژگاریت ناکەم ئەوە بکەیت؟ چونکە بڕیارمانداوە هەرچۆنێك بێت رادەستی سوریات بکەینەوە، تەنانەت ئەگەر بەچوارپەلی بەستراویش بێت. بۆیە باشتر وایە گوێڕایەڵ بیت و سەرسەختیی نەکەیت.

دووچاری نەهامەتییەکی ترسناك بووبووم، لەدەرەوە دۆستانم نەیانتوانی هیچ شتێك بکەن بۆ دەربازکردنم لەم قۆرتە. لەوانەبوو هەوڵی کەسایەتییە کاریگەرەکان ببێتە هۆی بەهانا هاتنم، چونکە ئاسایش هیچ بنەمایەکی قانونیی نەبوو بۆ گرتنم.کەچی کەس نەجوڵا، نە جونبلات و نە جومەیل کە ئەیانتوانی بە تەلەفۆنێکی ئاسایی ئازادم بکەن،

بەڵام ئاگایان لەبەسەرهاتەکەم نەبوو.دوای بیرکردنەوەیەك ناچار قایل بووم بێ پەلەقاژە رادەستی سوریام بکەنەوە. و بەپەلە نوێری کەوتەخۆ بۆ رێکخستنی کارەکە و پۆلیس هاتن تا بمبەنە بنکەی ژەندرمەی خۆرئاوای بەیروت. دەمەو ئێوارە گواستیانمەوە بۆ لقی ئەشرەفیەی ژەندرمە، کەئەرکی ئاڵوگۆری(تاوانباران)ی نێوان هەردوو وڵاتی لەئەستۆ بوو و شەوێکی تۆقێنەرم لەوێ بەسەر برد بەبێ پێخەف و تابەیانی لەسەر چیمەنتۆکە هەڵئەلەرزیم. بۆ بەیانییەکەی سەرجەنتێکی بەجۆش ئەیویست ناچارم بکات شوێنەکە خاوێن بکەم، بەڵام کاتێك گوێی لێبوو بەزمانی فرەنسی نارەزایی دەرئەبرم لەشوێنەکەی خۆی راچڵەکی و سەرەنجام لەدۆخەکەم تێگەیشت-شەیدای ئەدەبی فرەنسی بوو-کەچی سەرجەنتەکە پێنج لیرەی لوبنانی لێ کێشامەوە بەو بەڵێنەی رێمبدات تەلەفۆن بۆ هاورێیەکم بکەم کە پییێر جەمیلی ئەناسی، بەڵام بەڵێنەکەی نەبردەسەر. رۆژی دواتر واتە ٢٣ی نیسان، منی سێ ساڵ لەوەوبەر بەنهێنی هەڵاتوو، پێوەند لەدەست و بەپاسەوانیی سێ ژەندرمەی لوبنانی بەئۆتۆمبیلێکی لاندرۆڤەر بەرەو سوریا ئەبرام،لەرۆژێکی زۆر دڵگیردا کەئاسمان ساماڵ و شین و خۆری بەیانی بەهاریی چیاکانی داپۆشیبوو، بەچینێك ئاوریشمی مۆسلین و درەختەکانی بستە و کشمیش و قۆخ و سێو بۆنێکی جادوویان پەخش ئەکرد. ئەم دیەنە هێندە دڵرفێن و جادوویی بوو کەیەکسەر خستمییەوە بیری ساڵانی مناڵیم لەکوردستانی تورکیا و کۆت و پاسەوان و ئاقارەکەمی لەبیر بردمەوە.

کاتێك ئۆتۆمبیلەکە لەناکاو لەبەردەم پۆلیسی سەربازیی سوریادا راوەستا، بڕوام بەچاوی خۆم نەئەکرد. لەخۆمم پرسی:

-نا، ئەمە مەحاڵە، چۆن ئەبێت هەمدیسان بکەومەوە ژێر چنگیان؟

سوريا

- شەش مانگ لەزیندانێکی تاکەکەسیدا لەزیندانی شێخ حەسەن لەدیمەشق

- ژیانی رۆژانە بەئەشکەنجەوە

- لەنێوان بەندییەکانی(برایانی موسڵمان) و بەعسییەکان و ....هتد

- دوورخرانەوە بۆ چیای دروز

- نیشتەجێی زۆرەملێ لەدیمەشق

کاتێك کاربەدەستانی سوریا بەتەلەفۆن ئاگادار کران، سەرجەنتێك و سێ پۆلیسیان ڕاسپارد بۆ کارەکە و وەریانگرتم و بێ ئەوەی تەنیا ساتێك بدەن بەفیڕۆ، تێیانتەقاند بۆ دیمەشق. سەرجەنتەکە سەرەڕای جەختکردنەوەی یاساوڵەکانی، بەپێویستی نەزانی کەلەپچەم لەدەست بکات.

-لەم شاخ و داخەدا بۆ کوێ ئەچێت؟

ئەم ڕەفتارەی دڵنیا و هێوری کردمەوە. ئەمزانی کە ڕۆژی ۲۳ ی شوباتی۱۹٦٦ کودەتایەکی سەربازیی لەسوریا کراوە و (سەرکردایەتیی نیشتمانی) پارتی بەعس بەسەرکردایەتی (سەلاح جەدید)، (سەرکردایەتیی نەتەوەیی) بەسەرکردایەتیی (ئەمین حافز)ی سەرۆکی وڵاتی لەکار خستووە و سەرکردایەتیی نوێ ئاراستە چەپی سۆسیالیستی ڕاگەیاندووە.

((تۆ بڵێیت ڕەفتاری مرۆڤ دۆستانەی سەرجەنتەکە ئەنجامی ئەوە بێت؟))

خەیاڵەکانم زۆری نەخایاند. لەدیمەشق بنکە بەبنکە گێڕایانم تا خۆم لەگەڕەکی شێخ محێدین بینییەوە و ناچاربووم چەند سەعاتێك چاوەڕێ بم. سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ دوو پۆلیسی سڤیل هاتن و بردیانمە ژوورێکی ژێرزەمین و دەرگەی ژوورێکیان لێ داخستم کەجێخەوێکی سەربازیی و چەندین باوەڵی داخراوی تێدابوو. ژوورەکە پەنجەرەکانی شیشبەند و داڕماو بوو و سێ ڕۆژی تیامامەوە. سەرلەبەیانی ڕۆژی سێیەم بردیانم بۆشوێنێکی نادیار. تووشی دڵە کوتێ بووم و بیرم کردەوە کە دیسان لەزیندانی مەزە بەندم ئەکەنەوە،بەڵام کەگەیشتینە ناوەندی شار ئۆتۆمبیلەکە لەجیاتی لای ڕاست بەلای چەپدا پێچی کردەوە. لەخۆم پرسی:

-تۆ بڵێیت بەرەو بەندیخانەی ناوەندی بێت؟

نا نەخێر، چونکە جیپەکە دوای تێپەڕین بەبەردەم بازاڕی حەمیدیەدا بەرەو مەیدان بایدایەوە کەیەکێکە لەکۆنترین گەڕەکە میللییەکانی دیمەشق. دوای کەمێك لەبەردەم خانوویەکی دیوار ئەستووری دەرگە زەبەلاحدا وەستا کەبەسەر دەرگەکەوە نوسرابوو: (بنکەی پۆلیسی شێخ حەسەن).

((ئاخۆ لەژووری تاکە کەسیدا بەندم ئەکەن وەك ئەوەی لەشێخ حەسەن نەریتە؟ ئایا نەتوانم بەرگەی ئەو گۆشەگیرکردنە بگرم؟) ئەو پرسیارە مێشکی بەرنەئەدام دوای ئەوەی چەند هەنگاوێك بەقادرمەیەکی پێچاوپێچدا سەرکەوتین و گەیشتینە دەرگەیەك کەلەودیوەوە داخرابوو. یەکێك بەتوندی و چەند جارێك لەدەرگەی دا، بەشێوەیەك هەموو خانووەکە ئەلەرییەوە. دەنگێك لەسەرەوە هاواری کرد:

-وا هاتم!

پاشان دەنگی کلیل هات و لەبێدەنگییەکی تەواودا گوێمان لەدەنگی پێ بوو لەسەر پلیکانەکە و کاتێك دەرگە کرایەوە پیاوێکی ئەسمەری کەتەم بینی کەکراسێکی نیوقۆڵی پۆشیبوو، سمێڵێکی فشی هەبوو و دەمانچەیەکیش بەلاقەدییەوە شۆڕ بووبووەوە.

بەبزەیەکەوە بەهاوکارەکانی وت:

-مشتەرییەکی نوێ؟ لەکاتێکی گونجاودا هات چونکە خەریك بوو لەودوانەی تر کە لێرەن بێتاقەت ئەبووین.

پاسەوانە سمێڵ شۆڕەکە بەوشکیی دەرگەی ژوورێکی لێداخستم کەدرێژیی ١٨٠ سانتیمەتر و پانییەکەی مەتر و نیو و بەرزییەکەشی دوو مەترێك ئەبوو، لای چەپەوە بەدرێژایی دیوارەکە سەکۆیەکی قوڕی بەچیمەنتۆ لەبغ کراویان درووست کردبوو وەك جێخەو و لەناویشەوە لەنزماییەکدا چاڵێك و بەلوعەیەك بەسۆندەیەکی ئاوەوە بەستراو وەك تەوالێت،پەنجەرەیەکی بچووکیش بەسەر حەوشەدا ئەیڕوانی و ئەگەر پێوە لەسەر نوکی

پەنجە بوەستایتایە دیمنی گۆڕستانێکی گەورە دیاربوو کەدەوری سێ بەشی زیندانەکەی دابوو. و بەدرێژایی ماوەی مانەوەم لەشێخ حەسەن گریان و لەخۆدانی ناو گۆڕستانەکە هاورێم بوون.

بەشی سەرەوەی دەرگەکە کونێکی تیابوو،پاسەوانەکان بەویستی خۆیان ئەیانکردەوەو دایان ئەخست و ئەوی ژوورەکەی من ماوەی یەك مانگ داخرابوو، ئەو ماوەیەی بەگۆشەگیریی بەسەرم برد و تەنیا دەنگم ئەبیست و کەسم نەئەبینی مەگەر لای نیوەڕۆ کاتێك پۆلیسەکان کونەکەیان ئەکردەوە تا بزانن چی ئەخۆم و لەبەر ئەوەی خواردنی گەرم قەدەغەبوو پێشنیازی سێ جۆر سەندویچیان ئەکرد: سەندویچی پەنیری سپی، یا سەندویچی کەرە و مرەبا، یا شیرینی. ئەمتوانی داوای میوەش بکەم. دە خولەك پاش ئەوەی داوام ئەکرد، پۆلیسەکان خۆراك و میوەکەیان ئەخستە بەردەمم و داوای پارەکەیان ئەکرد و بەپەلە دەرگەکەیان دائەخستەوە.

کاریگەریی گۆشەگیرییەکە زۆر سەخت بوو لەسەر دەروونم تا رادەیەك کە ئێوارەی رۆژی سێیەم بیرم لەخۆکوشتن کردەوە بەبڕینی خوێنبەری مەچەکم. بۆئەوەش بزمارەکانی قەراخی پەنجەرەکەم هەڵکەند و هەوڵمدا بەشێکی شوشەکە بشکێنم و خەریك بوو ئەگەیشتمە مەبەست، بەڵام دیاربوو زۆرم هەڵکەندبوو، شوشەکە لەچوارچێوەکەی هاتەدەر و خزایە خوارەوە و دەنگێکی ترسناکی هەبوو، بەشێوەیەك کەپاسەوانی ئێشکگر بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە ژوورەکەم. و بەترسەوە لێی پرسیم:

-چی بووە؟!

-ئۆی، هیچ نەبوو، شوشەکە کەوتە خوارەوە.

-شوشە لەخۆیەوە ناکەوێت. دیار دەستکاریت کردووە.

-ئەمویست پەنجەرەکە بکەمەوە، کەوتە خوارەوە.

بەتووڕەیی وەڵامی دامەوە:

-درۆ و دەلەسەم بۆ مەکە، بەڵکو بڵێ بەنیازی کاری خراپ بوویت و ناشتوانیت بیشاریتەوە،لەوشتانەم زۆربینیوە. هەر ماوەیەك لەمەوبەربوو، لەدواساتدا بەندییەکمان رزگار کرد، کەبەهەمان شێوازی تۆ توانیبووی خوێنبەری مەچەکی ببڕێت. باشترە وایە جارێکی تر هەوڵی لەوجۆرە نەدەیت، ئەگینا بەزنجیر ئەتبەستینەوە. یەڵا ئێستا ئەم ژوورە بەجێبهێڵە و وەرە تا لای ژوورەکەی خۆمەوە جێت بکەمەوە. پێخەوەکانت مەهێنە، لەوێ هیترت ئەدەمێ بەدڵی خۆت.

کە گواستەمەوە بۆ شوێنە نوێکەم دوو بەندییەکەی ترم بینی. یەکێکیان بەساڵاچوو بوو و لەنزیك ژوورەکەیەو و لەسەر پێخەوێك لەراڕەوەکەدا قاچ لەسەر قاچ دانیشتبوو، کە لەبەر تەمەنەکەی ئەو نیعمەتەیان دابوێ. بەندییەکەی تر لەپشت پەنجەرە کراوەکەیەوە راوەستابوو و بەسیمایدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کەپێشتر موچەخۆری هەواڵگریی ناسر بووە و دیارە ترس و تۆقینی لەگیانی ئۆپۆزسیۆنی رژێمدا چاندووە. تۆمەتی ئەوەیان دابووە پاڵ کەچەندین بەندکراوی ئەشکەنجە داوە تا مردن، تۆ بڵێیت کاربەدەستانی ئێستا بیانەوێت لەسەر تاوانەکانی سزای بدەن، یا بەسادەیی ئەیانەوێت ناچاری بکەن تا بەگیان و دڵ بکەوێتە خزمەتیانەوە؟ هەرگیز وەڵامی ئەو پرسیارەم دەست نەکەوت چونکە چەند رۆژێك دواتر ئازادیان کرد.

ئەو ئێوارەیەی بەبەردەمیاندا تێپەڕیم، دیاربوو هاوسێکانم سەرگەرمی چاخواردنەوەن، پاش ماوەیەکی کورت لەکونجە نوێکەمدا پیرەکە لێم نزیك بووەوە و دەریچەکەی کردەوە و کوپێك چای بۆ درێژکردم. بەشێوەیەکی باوکانە پێی وتم:

-ها بگرە و بیخۆرەوە، ئەتحەوێنێتەوە. رۆژەکانی سەرەتا لێرە زۆر سەختن، دوای ئەوە رادێیت. کەمێك ئۆقرە بگرە و هەموو شتێك باش ئەبێت.

دوای ئەو قسەیە پەنجەرەکەی داخست و گەڕایەوە و تەسبیح بەدەست و بەدەم چا خواردنەوە،سەرگوزەشتەی بۆپاسەوانەکە ئەگێڕایەوە.

سەردانەکەی و وشە هاندەرەکانی و چایەکەی، هێوریان کردمەوە و حەزم کرد گوێ لەقسەکانی ئەوپیاوە ئازایە بگرم و بەدەم ئاوازی دەنگە نەرمەکەیەوە خەوم لێکەوت. بۆ بەیانی و ڕۆژانی دواتر بەردەوام کوپێك چای بۆ ئەهێنام، هەموو جاریش قسەی لەگەڵ ئەکردم. کاتێك لەبارەی خۆیەوە لێم پرسی، دەرکەوت زۆر دڵپڕە و بەدەنگێکی نزم پێی وتم دانیشتووی گەڕەکی کوردانە و ئەشزانێت من کێم.

بەڵام پیرەمێردێکی نیگا میهرەبانی وەك ئەو بۆ ئەبێت ڕێی بکەوێتە شێخ حەسەن؟ بۆی باس کردم کەخانوویەکی هەیە و چەند ساڵێکە ئەفسەرێك بەکرێ گرتوویەتی، ئەمیش کوڕەکەی واخەریکە هاوسەرگیریی بکات و بڕیاریدا لەوخانووەدا نیشتەجێی بکات و مۆڵەتی شەش مانگی دایە ئەفسەرەکە تاخانوویەکی تر بدۆزێتەوە، بەڵام شەش مانگە تێپەڕی و ئەفسەرەکە لەجێی خۆی نەجولاّ و پێوەی دیارنەبوو کەنیازی وایە خانووەکە چۆڵ بکات، پیرەمێردیش لەدادگە سکاڵای لێکرد بەهیوای وەرگرتنەوەی مافی خۆی.

ئەفسەرەکەش بەروویدا هەڵشاخا:

-چۆن؟ ئەوێریت شکاتم لێبکەیت؟ پیشان ئەدەم چیت پێ ئەکەم.

پاش چەند ڕۆژێك ئاسایش بەشەو چوونەسەری ولەجێگەکەی دەریانهێنا و فڕێیاندایە شێخ حەسەنەوە و پانزە ڕۆژە لەوێدایە و هەڕەشەیان لێکردووە ئەگەر سکاڵاکەی نەکێشێتەوە، تائەمرێت لێرە ئەمێنێتەوە.

لێمپرسی:

-ئەی بیر لەچی ئەکەیتەوە؟

بە کەساسییەوە وتی:

-نۆه! پێموایە واز لەسکاڵاکە ئەهێنم چونکە نەتوانا ونە لەشساخیی ئەوەم هەیە بەرگەی ئەم جۆرە زیندانە بگرم. کوڕەکەم قیربەقەرەس، کەی توانیمان شوێنێك بۆخۆی و ژنەکەی لای خۆمان دابین بکەین، ئەو کاتە ژن ئەهێنێت.

دوای ئەوە بە سێ ڕۆژ و لەکاتی ماڵئاوایی لێکردنم، لێی پرسیم کەئەتوانێت لەناو شار چیم بۆبکات، ناوی هەندێك دۆستم پێوت و تکام لێکرد خۆی بچێت بۆ بینینیان و هەواڵی منیان بداتێ و داوایان لێبکات هەوڵ بدەن بۆ دەرکردنم لەزیندان. سوێندی خوارد کەئەو کارە ئەکات و بۆیادگاریش تەسبیحە درێژەکەی بۆ بەجێهێشتم.

-یارمەتیت ئەدات بۆ کات بەسەربردن و هاوکات وای دابنێ تەلیسمێکە و شادی و کامەرانیت بۆ ئەهێنێت.

زۆری نەبرد بەندیی تریان هێنا کە سەر بەرێکخراوی(برایانی موسڵمان)بوون و ڕاپێچی ژووری ئەشکەنجەیان کردن و توانییان هەندێك ناویان لێ دەرکێشن وبەڵێنیان پێ ئیمزا بکەن بەوەی توخنی سیاسەت نەکەون، پێش ئەوەی ئازادیان بکەن. گوێم لە گریان و پاڕانەوەیان بوو.

سەرلەبەیانی ڕۆژێکی خۆش، کە دە ڕۆژ تێپەڕیبوو بەسەر مانەوەمدا لەشێخ حەسەن، تەقتەقێکی توند هات و دەرگەی ژوورەکەم کرایەوە و پیاوێکی بەلەسەی لەخۆبایی تەمەن نزیکەی سی ساڵ خۆی کرد بەژووردا و بەکەشوفشەوە وتی:

-ئەمناسیت؟

زۆر سادە وەڵامم دایەوە:

-نا.

-کەس باسی لیفتنانت محەمەد ڕەمەزانی بۆ نەکردوویت؟

-نا!

-پێشتر جێگری پارێزگاری عامودا بووم. ئەوە هیچت بیر ناخاتەوە؟

-نا، نەخێر. هۆیەکەشی سادەیە. چونکە ئەم ساڵانەی دواییم لەلوبنان بەسەر بردووە.

لەڕاستیدا هیچ کام لەکارە دڕندانەکانی ئەو جێگری پارێزگارەم بیرنەچوویوو، کە کورد ناویان نابوو(جەلادەکەی عامودا) و ناسرابوو بەدوژمنایەتی کورد و دژایەتیی کردنیان و بەڵێنی دابوو زۆرترین ژمارەی کورد قەڵاچۆ بکات.

ڕۆژێکیان و کاتێك لەیەکێك لەسینەماکانی عامودا فیلمێك لەبارەی جەزائیرەوە پیشان ئەدرا، لەناکاو ئاگرێك کەوتەوە و سەرتاپای هۆڵەکەی گرتەوە. کاتێك تەماشاکەرە منالکارەکان هیچ دەرفەتێکیان نەما، شاڵاویان برد بەرەو دەرگەکان بۆ چوونە دەرەوە، بەڵام لەدەرەوە داخرابوون! بۆیە بەتۆقاویی کەوتنە راکردن بەهەموو لایەکدا بۆ خۆ قوتارکردن. بەوشێوەیە چوارسەد کەسیان برژابوون و مردبوون پێش ئەوەی فریایان بکەون، لەوکاتەدا جێگری پارێزگار لەئۆفیسەکەی دانیشتبوو و قلوەی ئەنۆشی.

سەرەڕای نارەزایی گشتیی، کەچی جێگری پارێزگار ماوەیەکی زۆر لەپۆستەکەیدا مایەوە و بەردەوام بوو لەتۆقاندنی خەڵك بەتایبەت منداڵان و نەوجەوانان. هەر ئەویش بوو بیست کەسی لێ دەستگیرکردن، کەتەمەنیان ۱۲ و ۱۵ساڵان بوو،بەبیانووی ئەوەی دروشمیان بۆیارزانی داوە و هەڕەشەی دەستدرێژیی لێکردن گەر دان بەوەدا نەنێن کەمن چەکم لەبارزانی وەرگرتووە(بۆدەرکردنی عەرەب لەناوچە کوردنشینەکان)و لەکاتەدا ئامێری سێکسی خۆی پیشان ئەدان. لەژێر گوشاردا و بەزۆر، زۆربەی منداڵ و نەوجەوانەکان دەمیان دا. هەندێکیان فەلاقەکاریی و هەندێکیشیان توشی شۆکی دەروونی بوون و ناچاربوون چارەسەری پزیشکیی وەرگرن. کاتێکیش کەسوکاری ئەو خوێندکارانە وێرایان نارەزایی دەربڕن دژی ئەو شێوازە نوێیەی مامەڵەی دڕندانە، بە بەرچاوی خەڵکەوە دارکاریی کران و ڕەوانەی زیندانی (مەزە)یان کردن.

بۆ پێشگیریی لەخۆپیشاندانی خەڵك، جێگری پارێزگاریی عامودا، فرمانی دا بە تانك دەوری شارۆچکەکە بگرن. جارجار خۆی ئەچووە سەرپشتی تانکێك و بەناو شارۆچکەکەدا ئەسوڕایەوە و داوای لەجەماوەر ئەکرد ئەگەر ئازان بێنە دەرەوە.

دوای کودەتا سەربازییەکەی ٢٣ ی شوباتی ١٩٦٦ پۆستەکەی بەرز کرایەوە و بوو بە لێکۆڵەری ئاسایش!

ئێستا ئەو نەگبەتییە لەبەردەمدا وەستابوو و سوکایەتی پێنەکردم:

-ئێی، تۆ من ناناسیت؟ دە بابزانیت من ئەو کەسەم کە بەتەنیا یەك تانك هەموو کوردی جەزیرەم کردە کونەوە، تەنیا یەك تانك، تێنەگەیت؟ یەك تانکم بەسە بۆ پلیشاندنەوە و قەلاچۆکردنی کوردی سوریا. گوێت لێمە؟ لەناوبردنتان!

وەلامم دایەوە:

-چەکی تەواوت لەبەردەستە بۆ ئەو کارە، بەلام پێت وایە ئەو کارە مایەی شانازیی و پێوەنازینە بۆ ولاتێك کە بەشێکی گرنگی هاوولاتیانی خۆی لەناوبەرێت تەنیا لەبەر ئەوەی سەر بە نەتەوەیەکی ترن؟

بەتوورەییەوە قیژاندی:

-ئەی بێگومان! کاتێك ئەو هاوولاتیانە سەرپێچی بکەن لەوەی لە قالبی نەتەوەی عەرەبدا بتوێنەوە و بیانەوێت تایبەتمەندیی خۆیان بپارێزن، نەك هەر ئەوە، بانگەشەی نەتەوەیەکی جیاوازیش بکەن وەك ئەوەی ئێستا بارزانی لەعێراق ئەیکات، یائەوەی ئێوەی کورد لەسوریا بانگەشەی بۆئەکەن. جگە لەوەش ئێمە زانیاریی و بەلگەمان لایە کە تۆ چوویت بۆلای بارزانی و رێنماییت وەرگرتووە تا باکووری سوریا بلکێنن بەو ولاتە کوردییەوە کە بەنیازن دوای ماوەیەکی تر لەعێراق دایمەزرێنن.

پێم وت:

-ئەوەی تۆ باسی ئەکەیت خەیالپلاوە. لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە کەبارزانی هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە لەعێراق جیابێتەوە. سەبارەت بەخۆشم تا ئێستا شەرەفی بینینیم پێنەبراوە. ئەشتوانن لای کاربەدەستانی لوبنان لەوە بکۆڵنەوە و دلنیابن، لەوکاتەوەی سوریام بەجێهێشتووە بەهیچ شێوەیەك لەلوبنان دەرنەچووم.

-ئەوە دوایی ئەیزانین. تا ئەو کاتەش ها ئەوانە بگرە و راپۆرتێکم بۆ بنوسە کەئەو ماوەیەی لەلوبنان بوویت چیت کردووە و ئەمەویت بۆ سبەینێ ئامادەت کردبێت.

دوای ئەوقسانە،چۆن هاتبوو ئاوا رۆشت و منیش دەستمکرد بەنووسینی راپۆرتەکە.

سەرەتا باسی برایەتیی مێژوویی نێوان کورد و عەرەبم کرد و پشتیوانیی کورد بۆ عەرەب لەچەندین ماوەی چارەنووسسازی مێژوودا،جا سەردەمی خاچ پەرستان یا سەردەمی داگیرکاریی فەرەنسا. ئاماژەمدا بەهاوسێیەتیی باشی نێوان کورد و عەرەب لەسوریا تا ئەوکاتەی دەسەلات کەوتە دەست ئەو فەرماندە سەربازییانەی بەرگرییان لەبیروباوەری بەعس ئەکرد. ئینجا رەخنەم گرت لەئایدۆلۆژیای بەعس و دژیەکییە مێژوویییەکانی و سیاسەتی کوێرانەییم ریسواکرد و زۆر بەروونی باسی چالاکی سیاسیی خۆمم کرد لەلوبنان و هەڵوێستی خۆم سەبارەت بەرێزگرتنی مافە رەواکانی گەلی کورد لەپێناو چەسپاندنی برایەتی راستەقینەی نێوان کورد و عەرەب. لەکۆتایی راپۆرتەکەدا داوامکرد بێ هیچ مەرج و بەندێك ئازادم بکەن.

دوای دوو رۆژ هاتن و بەپەلە راپێچی ژوورێکیان کردم کەدیوارە ئەستوورەکانی لەخشت دروستکرابوون و بێ پەنجەرە بوو و رووناکییەکی کەمی تیابوو. لەوێ جێگرەکەی پێشووی پارێزگاری شاری عامودام بینی خۆی دابوو بەسەر مێزێکدا و دە یاساولی لەدەور بوو کەهەریەکەیان کوتەکێکی بەدەستەوەبوو.

لیفتنانتەکە پێی وتم:

-هێی تۆ، پێم بلێ، نەك جموجولەکانی خۆتت نەشاردووەتەوە، بەڵکو چاونەترسانە رەخنەت لەپارتەکەمان گرتووە و دروشت بۆ هەڵبەستووین؟

ئینجا روویکردە پیاوەکانی:

-ئادەی ئەم خوێڕییە بدەن بەزەویدا و دارکاریی بکەن تا دان ئەنێت بەوەدا کەبارزانی بینیوە و بەنوسین پەشیمان ئەبێتەوە لەوقسە رەقانەی سەبارەت بەپارتی بەعسمان کردوویەتی.

دووان لەیاساوڵەکان هورروژمیان بۆهێنام و دایانم بەزەویدا و سێیەمیان قاچی هەڵبڕیم و چوارەمیان کەوتە بەستنەوەی هەردوو قاچم، بەشێوەیەك هەستمکرد کەبڕاونەتەوە. ئینجا دووانی تریان کەوتنە کوتانی بنی پێم. لەزەبری سێیەمدا پێستی پێم داماڵرا و خوێبەرێکم بڕرا و خوێن فیچقەی کرد. کاتێك لیفتنانتەکە ئەوەی بینی، هاواری کردە پیاوەکانی:

-بوەستن، بوەستن، نابێت بیکەینە شەهید. خێرا تەلەفۆن بکەن بۆ بەرێوەبەرێتیی تا پزیشکێك بنێرن.

لەچاوەڕوانی هاتنی پزیشکدا یەکێك لەجەلادەکان پارچەیەك جلەشڕەی هێنا و لەپێمییەوەی پێچا و دوای چەند خولەکێك هەمووی بەخوێن سووربوو. لەبەرئەوەی بەرێوەبەرێتیی هیچ پزیشکێکی لەبەردەستدا نەبوو بۆیە سواری ئۆتۆمبیلێکی لاندرۆڤەریان کردم و بردیانم بۆبەشی نەشتەرگەریی نەخۆشخانەی سەربازیی مەزە.

کاتێك هاتمەوە هۆش خۆم، هەستم کرد لەجێگەیەکی خاوێن راکشاوم و پێکانم ئازارێکی زۆری هەیە و ئاویان بۆ بەستبووم. و پێش ئەوەی بمبەنەوە بۆ زیندانی شێخ حەسەن، پانزە رۆژ لەونەخۆشخانەیە مامەوە.

دوای ئەو رووداوە ئاسایش بەئاسانکاریی زیاترەوە رەفتاریان لەگەڵ ئەکردم، پەنجەرەی ژوورەکەیان بەکراوەیی هێشتەوە ولەوێوە ئەمتوانی پێشهاتەکانی راڕەوەکە ببینم و لەگەڵ بەندییەکانی تر بەتایبەت هاوسێ نزیکەکانم قسە بکەم.

ئەو ماوەیە ژوورەکان چۆڵ نەئەبوون، چونکە تاقمی نوێی حکومەتەکەی بەعس هەر بەردەوام بوو لەدواکەوتنی لایەنگرانی(سەرکردایەتی نەتەوەیی) دۆڕاو. ئەوانیش دوای سەردانی ئاسایش خێرا ملکەچ ئەبوون و دڵسۆزیی خۆیان بۆ رێژیمی نوێ رائەگەیاند و

ئەکەوتنە ئیدانەکردنی ڕژێمی پێشوو و سەرکردەکانی. کاربەدەستانیش بەگشتیی دوای چەند ڕۆژێکی کەم ئازادیان ئەکردن. بەڵام ئەو ژمارە کەمەی کەلەرەقییان ئەکرد، دابەشیان ئەکردن بەسەر زیندان و بەندیخانەکانی دیمەشق و شارەکانی تردا. ئەوانەشی ئەهێنرانە شێخ حەسەن زیاتر کەسانی سەندیکایی و زانکۆیی بوون کەبڕیاریان دابوو سەرسەختانە دژایەتی کاربەدەستانی نوێی سوریا بکەن.

ئەمانەیان ئەخستە ژووری هاوشێوەی ژوورەکەی منەوە و پەنجەرەکانیان لەیەکەم ڕۆژەوە کراوەبوو، و ماوەی بیست ڕۆژ دایانئەبڕین. هەروەك دڕندانەتر لەگەڵ سەندیکاییەکانی ئۆپۆزسیۆن رەفتاریان ئەکرد و هەندێك جار نیوەشەو بێداریان ئەکردنەوە و راپێچیان ئەکردن بۆ بەندیخانەی تەدمور ی ناوەڕاستی بیابان. لەوانەی هاوسێی زیندانم بوون مامۆستای ئامادەیی و ئەندازیار و سەرکردەی سەندیکایی و هەروەها سکرتێری گشتیی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پەروەردەشیان تیابوو.

هاوارم لێئەکردن:

-ئاوەها ئەی فاشییانی بەرەڵا، ئاوا ئێستا قایلن بەوەی کردتان؟

بەسەرسامییەوە ئەیانپرسی:

-کام فاشی و مەبەستت کام شتە؟

-مەبەستم ئێوەیە، ئێوەی بەعسی. ئەی هیوادارنەبوون و کارتان بۆئەوە نەئەکرد سوپا دەسەڵات بگرێتە دەست و شۆڤینی سۆسیالیست بەسەر میللەتدا بسەپێنن!

سەرەتا قسەکانم تووڕەو بێزاری ئەکردن،بەڵام وردەوردە وایان لێهات لانیکەم بەزارەکی پشتیوانییان ئەکردم، هەرچەندە هەر ئومێدواربوون ڕۆژێك دیسان بەکودەتایەکی سەربازیی دەسەڵات بگرنەوە دەست.

ئەو دەمانە هەموو هیوایەکیان بەپاڵەوانی رزگارکەریان، سەلیم حاتون دروزی، فەرماندەی کۆماندۆس بوو کەپشتیوانی ئەفسەرە عەلەویەکانی کرد و رۆڵی گرنگی هەبوو

لەخۆ بەدەستەوەدانی ژەنەراڵ ئەمین حافزی سەرۆك کۆماری سوریا و رابەری راستەقینەی(سەرکردایەتی نەتەوەیی) پارتی بەعس.

دۆخی بەندێتی زیندانی شێخ حەسەن زۆر سەخت بوو، کە سەردان و چوونەدەرەوەیان بۆ پشوو لێ قەدەغە کردبووین. بۆئەوەی توانای جەستەییم بپارێزم لەپاسەوانەکە ئەپاڕامەوە رێم بدات ڕاڕەوەکە گسك بدەم و خاوێن بکەمەوە.

سەرەنجام رۆژێکیان فەوزی پاسەوان بەداواکەم قایل بوو و دەرگەکەی بۆکردمەوە و گسکێك و سۆندەیەکی ئاوی دایەدەستم. کاتێکیش بەندییەکان بینیان بەئازادی هاتوچۆنەکەم و ئەرکەکەم بەشادی و خۆشییەوە جێبەجێ ئەکەم، ئەوانیش داوایان کرد(ئەوئیمتیازە)یان بدرێتێ، بەڵام فەوزی لەترسی ئەوەی بەرێوەبەرێتیی ناقایل بێت، داوای لێکردم بچمەوە ژوورەکەم و ئیتر دەرگەکەی نەکردەوە تا یەکجاریی ئازاد بووم.

بەهۆی سەختیی رێنماییەکانەوە بەندییەکان بەگشتیی مانگێك زیاتر لە شێخ حەسەن نەئەمانەوە بەڵام من نزیکەی حەوت مانگی تیامامەوە. تارۆژێکیان لەناوەڕاستی ئەیلولدا زەنگی تەلەفۆنی ڕاڕەوەکە لێیدا و فەوزی کە هێندە نەبوو نۆرە پاسەوانیی وەرگرتبوو، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و سەیرم کرد بەوردیی گوێی گرتووە و ئاماژە بۆ من ئەکات و ئینجا بەڕوویەکی خۆش و پێکەنینەوە بەرەو لای من هات و وتی:

-هەواڵێکی خۆش. دەرئەچیت خۆت ئامادەبکە.

-ئەی چیم لێئەکەن؟ پێیان نەوتیت؟

-وەك تێگەیشتم ئەتبەن بۆ(سوەیدا) لەچیای دروز و نیشتەجێی زۆرەملێ ئەبیت. راستە ئازادی تەواوت نابێت بەڵام دۆخەکەت زۆر لێرە باشتر ئەبێت.

چەند ساتێك دواتر دوو پاسەوانی سڤیل ئەملاولایان گرتم و خستمیانە ئۆتۆمبیلێکی کۆنەوە. کاتێك گەیشتینە ناوەندی دروز شەو داهاتبوو و رەشاییەکی زیاتری دابووە بەردە

ڕەشە گرانیتەکانی خانووەکان. لەبنکەی ئاسایش ئەفسەری بەرپرس تەوقەی لەگەڵ کردم و بەڵگەکانمی ئیمزا کرد و فرمانی دامێ هەموو بەیانییەك لەبنکەکە سەردانی بکەم.

ئازادبووم لەوەی کوێم لەشارەکە پێخۆشە لێی نیشتەجێ ببم بۆیە (هاوڕێکانم)بردیانم بۆ گونجاوترین ئوتێل و دوای ئەوەی لای بەڕێوەبەرەکەی قسەیان بۆکردم، ڕێی گەڕانەوەیان بۆ پایتەخت گرتەوەبەر.

لەقاتی دووەمی ئوتێلێك نیشتەجێ بووم کە لەبەردی ڕەش دروستکرابوو و لەگۆڕەپانێکی گەورەدا بوو بەرامبەر بە سەرای میری. خراپی و پۆخڵیی سیمای دەرەوەی و کەلوپەل و جێخەوەکانی مایەی بێزکردن بوون و زۆرم لەخۆم کرد تا لەیەکەم شەوی ئازادیمدا چاوێك لێکنێم. خۆشبەختانە ڕۆژی دوایی کارەکەری ئوتێلەکە هەموو ڕۆژەکەی بەخاوێن کردن و ئوتووکردنەوە بەسەربرد و بۆ ئێوارەکەی جێخەوێکی خۆش و خاوێنم دەستکەوت.

کە ئەو سەردەمە حوکم ئەدرایت بەوەی ژیان لە سویداء بەسەربەریت هەستت ئەکرد کەهێشتا لەژێر ئەشکەنجەدایت. جاران فەرەنسییەکان نەتەوەپەرستانی عەرەبیان بۆئەوێ دوورئەخستەوە و ئێستاش کوردە ئاژاوەچییەکان! بۆئەوێ دوورئەخەنەوە. پێش منیش نزیکەی دە کەس لەکوردانی حوکم دراوی سیاسی لێرە بەزۆر نیشتەجێ کرابوون، جا یا لە هەمان ئوتێل یا لەزیندانی سویداء.

پاش دووهەفتە نزیکەی پانزە مامۆستای کوردی جەزیرە خۆیان کرد بە ئوتێلەکەدا کە کاتێك بەخۆیان زانیبوو لەشەو و ڕۆژێکدا لەپارێزگای سویداء دامەزراون.

ناوچەکە لەڕووی مێژوویییەوە بەچیای دروز ناسرابوو بەڵام لە سێ ساڵی ڕابردوودا گۆڕابوو و ناویان نابوو چیای عەرەب(جبل العرب).

لێمپرسین:

-هیچ مامۆستای کورد لەجەزیرە ماون؟

بەدڵێکی پڕەوە وەڵامیان دامەوە:

-وەك ئێمە بزانین، هیچ کارمەندێکی کورد لەجەزیرە نەماوە. یا دەریانکردوون یا وەکو ئێمە گواستویاننەتەوە بۆ شوێنی تر.

لای خۆیانەوە دروزەکانیش بێزاربوون لەمامەڵەی دیمەشق لەگەڵ ناوچەکەیان و سەیرکردنی وەك شوێنێك بۆ پەراوێزکردن و دوورخستنەوە:

-هەر هێنانی هاوولاتییان لەشوێنەکانی ترەوە بەنیازی سزادانیان، خۆی لەخۆیدا داننانە بەوەی پارێزگەکەمان شوێنێکی هەژارە و لەرووی رۆشنبیریی و مادی و فکرییەوە دواکەوتووە.

خاوەن هۆتێل و هاورێکانی ئەیانوت:

-ئێمە بێزار و توورەین چونکە حکومەت مێش میوانی نییە وهیچ ناکات بۆ باشکردنی دۆخەکەمان.

-بەڵێ، بەلاّم رووناکبیران و ئەفسەرانتان هەر زوو پشتیوانیی و پاڵپشتیی بەعسیان کرد، لەگەڵ ئەوەی ئێوە بەرەچەڵەك عەرەب نین، کەچی ئەوە دوورزییەکان بوون لەدواکودەتادا بەبەشداریی لەگەڵ سەلیم حاتوم گورزێکی کوشندەیاندا لەرژێمی پێشوو.

-ئەوە راستە کەئێمە عەرەب نین و هەندێك لەمێژوونوسان پێیان وایە ئێمە کوردین و هەرچەندە بە(ئامۆزاکانمان)ئەڵێین کورد، بەلاّم راستییەکانی ئەمرۆ پیشانی ئەدەن ئێمە بەتەواویی بەعەرەب بووین و تەنیا بەزمانی عەرەبی قسەئەکەین و کەلتووریی عەرەبی بووەتە کەلتووریی سەرەکیمان. موسڵمانەکان وەك ئاینزایەکی ئیسلام تەماشامان نەکەن، کەچی لەلایەنی برواوە، هەست بەیەکێتیی ناکەین لەگەڵ موسڵمانەکان. ئێمە باوەڕمان بەدۆنادۆنی گیان هەیە و پێمان وایە کەدوای مردن گیان ئەچێتە جەستەی منداڵێکی دورزییەوە کە لەوساتەدا لەدایك ئەبێت. برواشمان وایە خودا جارجارە لەشێوەی مرۆڤێکدا دەرئەکەوێت. گەر ئەشمان بینن بێ خەم و گرژبوون قایلین لاهوتی ئیسلامیی فێربین، لەبەر ناچاریمانە. لەراستیدا ئایینی دورزی باوەڕ و سیستەمێکی تایبەت و بۆچوون و رێورەسمێکە

لەژێر کاریگەریی هیندۆسیی و ئەفلاتونی و موسایی و کریستیانیی، زیاتر لەوەی کاریگەریی ئیسلامی لەسەربێت.

وێڕای ئەوەش بیری نەتەوەیی عەرەب توانیویەتی ئەفسونێکی گەورەمان لێبکات، زیاتر لەرووناکبیرەکانمان، جگە لەوەش بیری بەعسی نەتەوەیی سۆفیانە هەستمان کێش نەکات،بەتایبەت بەڵێنەکانی لەدادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و ئەو سودە داراییەی لەوانەیە رۆژێك بۆ ناوچەکەمانی بهێنێت. کاتێکیش سەلیم حاتوم پەلاماری کۆشکی ئەمین حافزی سەرۆکی پێشووی سوریای دا، خۆراکی لەو خەونانە وەرئەگرت.

هەندێکی تریان وتیان:

-باوەڕ بکە سەلیم حاتو نەخەوتووە و بەم زوانە ناوی دێتەوە ناو ناوان.

دوای چەند رۆژێك واتەواتی جیاجیا بلاوبووەوە سەبارەت بە جموجوڵ و رەفتاری ئەو پیاوەی تاقمەکەی سەلاح جەدید-ئەتاسی دەریانکرد و ئیزگەکانی ئوردون و ئیسرائیل ئاماژەیان دا بەجموجوڵەکانی حاتوم و بوونی لە حۆران.

بەوشێوە و دوای ماوەیەکی کورت سوەیدا بووە سەنتەری پێشهاتەکان.

دوو رۆژ دوای دەمەتەقێکەم لەگەڵ دوورزییەکان جموجولێکی سەرنج راکێش دەستی پێکرد. سەربازەکان چەکی دژەفرۆکەیان لەگۆڕەپانە گەورەکەی شاردا دابەست و وردە وردە دووکانەکان داخران و شەقامەکان لەخەڵکی سیڤیل چۆڵ بوون وئەو سیخوڕانەش گۆڕیان گومبوو کەلەهەناسەدانیشدا چاودێرییان ئەکردم. تەنانەت خاوەن هۆتێلەکەش خۆی ون کرد و تەلارەکە تەنیا من و بازرگانێکی پیری تیا مابوو، کەلەدیمەشقەوە هاتبوو بەنیازی فرۆشتنی پێلاو بە کۆفرۆشەکانی سوەیدا.

کاتێکیش لێم پرسی تاچەند ئاگاداری چالاکییەکانی حاتومە، نەیوێرا تەنانەت سەر بەرزبکاتەوە و تەماشام بکات، بەڵکو کەسەیری دژەفرۆکەکانی نەکرد وەك گەڵای دار ئەلەرزی و بەپەلە چووە ژوورەکەی و دەرگەی لەخۆی داخست و کەوتە نوێژ و پاڕانەوە:

-خوایه گیان لێت ئەپاڕێمەوە بێوەی بگەڕێمەوە ناو کەسوکارەکەم!

هەوڵمدا بە گوێگرتن لەرادیۆکان زانیاریی زیاترم دەستکەوێت، بەڵام هیچ باسێك لە پێشهاتەکانی سوریا نەبوو. بەرەبەیان و کتوپڕ خاوەن هۆتێلەکە هات. پاش دوودڵییەکی درێژخایەن، چرپاندی بەگوێمدا:

-سەلیم حاتوم لێرەیە. گشت سەربازگەکەی ئێرە لەدەوری کۆبوونەتەوە، سەڵاح جەدید و نورەدین ئەتاسیی، کە لەدوێنێوە هاتوون بۆ دانوستاندن لەگەڵ لقی بەعس لە(جەبەل ئەلدروز)،بە بارمتە گرتوونی و ئێستا لە وتووێژدایە لەگەڵ دیمەشق. خۆ ئەگەر مەرجەکانی ڕەت بکرێتەوە، سوێندی خواردووە،بەرەو پایتەخت بکشێت.

بەبێ ئەوەی شاگەشکەییەکەی بشارێتەوە درێژەی دایە:

-زۆر لەتیپە سەربازییەکان بەڵێنی پشتیوانیان داوەتێ.

مەزەندەمان ئەکرد سەرکەوتنی دورزییەکان بەسەر عەلەوییەکاندا لەئانوساتدا رابگەینرێت، کەچی بەیانی تێپەڕی و تا درەنگانێکی پاشنیوەڕۆش، ئەو سەربازانەی سەر دژەفڕۆکەکانی بەردەم هۆتێلەکە لەجێی خۆیان نەبزووتن. دەوری سەعات چوار، چوار فڕۆکەی (میگ-٢١)کە لەدیمەشقەوە هاتن، زۆر بەنزمیی بەسەر شاردا فڕین، بەڵام سەیر ئەوەبوو،چەکە دژە فڕۆکەکان ورتەیان لێ نەهات و دوای نیوسەعات لەو ئاگادارکردنەی لەپایتەختەوە دەرچوو، سەربازەکان خۆیان کۆکردەوە و گەڕانەوە سەربازگەکانیان. ئێوارەش رادیۆی عەمان بلاویکردەوە کە سەلیم حاتوم و چەند سەد کەس لەپیاوەکانی پەنایان بردووەتە ئوردون. رادیۆی دیمەشقیش کەوتە هاتوهاواری سەرکەوتن(بەسەر ئەوتاقمەی خۆیان فرۆشتووە بە ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوانی).

دوو رۆژ دواتر، عەلەوییەکان کەوتنە پاکسازیی تەواوی سوپا و فەرمانگەکان و ئەو ئەفسەرانەی پشتیوانیی سەلیم حاتومیان کردبوو، یا هاوسۆزییان پیشاندابوو، دەستگیرکران. ئەو ئاسایشانەی رۆژانە چاودێریی منیان ئەکرد بەتەواوی ون بوون و

تەنانەت ئەفسەری بەرپرسی ئەوبنکەیەی ئەبوو هەموو بەیانییەك سەردانی بکەم، ئەویش دیارنەما و تەنیا پۆلیسێك لەوێ مابوو، ئەویش هەر هێندەی وت:

-سوپاس بۆ هاتنت. وا من بینیمیت، کەواتە بگەڕێوە هۆتێلەکەت.

کەچی پێشتر ئەبوو خۆم بچمە بەردەمی ئەفسەرەکە.

لەدیمەشق،دوای ئەوەی(حافزئەسەد)ی وەزیری بەرگریی و فەرماندەی گشتیی هێزی ئاسمانیی رۆڵی سەرەکیی بینی لەپوچەڵکردنەوەی پیلانەکەی سەلیم حاتومدا، ئەستێرەی درەوشایەوە و کاریگەریی زیادی کرد و کەوتە پتەوکردنی پێگە و دەسەڵاتی خۆی لەناو کاربەدەستاندا.

لەماوەی دوورخرانەوەم بۆ جەبەل ئەلدروز، زستانەکەی بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو سەخت بوو، و چەندین جار بەفرباری، شەوێکیان بارستاییەکەی گەیشتە نیومەتر و رۆژی دواتریش هەر ئەباری بەڵام کردی بەگەردەلول، لەبەرئەوەی فەرمانگەی رێگە و پردەکانیش ئامرازیی پێویستی نەبوو بۆ ماڵینی بەفرەکە، خەڵك بەناچاریی لەماڵەکانیاندا گیریان خوارد.

وێڕای ئەودۆخسەختە،کەچی هەواڵگریی بەتەلەفۆن داوایانکرد لەبنکەکەیان(نوزهە) ئامادەبم، بۆئەمەش یەك سەعاتم پێچوو.

لەرێی هەواڵگرییەوە چەندین نامەم نارد بۆوەزارەتی ناوخۆ و تکامکرد کۆتایی بە دوورخستنەوەم بێنن و پاسپۆرتێکم بدەنێ. بەڵام هەوڵەکانم بابردی و ناچاربووم بەدەم نامەی تر نوسینەوە، بەرگەی هەموو زستانی سویدا بگرم.

موعجیزەئاسا،دوانامە، کەلەرێی فەرمانداری سوەیداوە ناردم، لەهەموو نامەکانی پێشوو کاریگەرتر بوو و لەکۆتایی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٧ دا گواستیانمەوە بۆ دیمەشق،بەنیشتەجێیی زۆرەملێ، بەمەرجی دەستنیشانکردنی نیشتەجێکەم بۆ ئاسایش.

ئەو شتە لەومرزێکی نەباردا روویدا و خێرا ژوورێکم دۆزییەوە، لەئوتێلێکدا کە فەلەستینییەکان سەرپەرشتییان ئەکرد و زۆر خۆشحاڵ بوون بە میوانداریی کردنم. کەچی هێشتا هەفتەیەك لەگەیشتنم تێنەپەڕی بوو، بینیم هەڵوێستیان بەرامبەرم گۆڕا و رەفتاریان بەرامبەرم دژ، یا هەر دوژمنانە بوو.

بەهۆی ئەوەوە پۆلیس بەتوندیی چاودێریی هۆتێلەکەی ئەکرد، خاوەنەکەشیان ناچار کردبوو، ناوی هەموو میوانەکانیان بداتێ، هۆتێل چییەکەش بەهیچ جۆرێك ئەم چاودێرییەی پێ خۆش نەبوو.

سەرەنجام دۆستان ئاپارتمانێکی بچووکیان بۆ دۆزیەوە لەدەوروبەری گەڕەکی کوردان، لەدامێنی لای خوارەوەی، بەدووریی چەند سەد مەترێك لەبێستانە بەناوبانگەکانی دیمەشق، کە لقەکانی رووباری(بەردی) ئاودێرییان ئەکرد.

کاتێك لەڕۆژانی درێژ و خۆرەتاوی هاویندا تەماشای ئەو ئاسۆ فراوانەی سەوزاییم ئەکرد، هەستم بە گەرمیی و حەوانەوە ئەکرد. بێجگە لەوئەفسون و جوانییەش، هۆ و پاڵنەری ترم هەبوو، کەبەرەو دیمەشق کێشیان ئەکردم، لەنێویاندا ویستی درێژەدانی خەبات دژی فاشیزمی عەرەبیی، کەهەڕەشە بوو لەسەر ژیان، بگرە بوونی گەلی کورد لەسوریا.

بەڵام چۆن ئەتوانم درێژەپێدەری خەباتێکی ئاوا بم، لەولاتێکی بێبەش لەئازادیدا؟ ولاتێك کە رۆژبەڕۆژ زیاتر ئەکەوتە چنگاڵی سوپایەکی بەهێزەوە، کەبەردەوام هەڵگری ئاڵای نەتەوەی عەرەبی سەرلێشێواو بوو.

بەناچاریی تەنیا دوو رێگەم لەبەر بوو، گوزەران لەسایەی چاودێریی و پاسەوانیی بەردەوامی پۆلیسدا، یا دارزان لە زیندانەکانی ئاسایشدا.

بێهودەیی ئەو ژیانە و نەبوونی ئاسۆ و رزگارکەرێك، ناچاریان کردم رۆژ بەرۆژ عەوداڵی رێگەیەك بم بۆ بەجێهێشتنی سوریا. هەرچەندە پاسپۆرتیشم نەبوو. بەڵام روو لەکوێ بکەم؟

لوبنانی(دیمۆکراسیی)؟ ئوردون؟یاپەڕینەوە بۆعێراق وخۆگەیاندنە ناوچە ئازادەکانی کوردستان؟

ئەمەیان مەحاڵ بوو،ئاخر دوای ئارامییەکی چەند مانگە، سەرلەنوێ شەڕ هەڵگیرسابوو و هەموو ڕێگەکان لە بندەستی سوپای عێراقدا بوون.

خۆ وڵاتێکی تریش هاوسنووری سوریا بوو، تورکیا زێد و نیشتمانی مناڵیم.

ئایا بیرکردنەوە لەوەی بڕۆم و سەلامەت بگەمە ئەوێ، شتێکی شێتانە نەبوو؟!

ئامۆزایەکم کە بەتایبەت لەتورکیاوە هاتبوو بۆ دیتنم، وەڵامی دامەوە:

-نا بێگومان، ئاخر تورکیای ئەمڕۆ، تورکیاکەی دەساڵ لەمەوبەر نییە، لەساڵی ١٩٦٣ وە حکومەت نەرمبووە و ئەمڕۆ هاووڵاتیی ئازادە و هەموو ئازادییە دیمۆکراسییەکانی هەیە: ئازادیی بیروڕا،کۆبوونەوە و دیدار و هاتوچۆ و هتد. خۆ ئەگەر حەزی لەسەفەر بێت،ئەتوانێت لەماوەی ٢٤ سەعاتدا پاسپۆرت وەرگرێت. ئەگەر نیازی گەڕانەوەت هەیە بۆ تورکیا، من ئەتوانم هەموو بەڵگەنامە پێویستەکانت بۆ فەراهەم بکەم. بەدوای هەموو زانیارییەکانی پەیوەست بەتۆدا گەڕام، هێشتا ڕەگەزنامەی تورکیات لێ زەوت نەکراوە. تەنیا وێنەیەکی خۆتم بدەرێ، دوای مانگێك دێمەوە و ناسنامەیەکی قانونیت بۆ ئەهێنم. خۆشم بۆ پەڕینەوەی سنوور زامنت ئەبم و لەگەڵت ئەبم بۆ ئەو شوێنەی پێت خۆشە لە تورکیا.

-باشە، بەڵام کە گەیشتمە تورکیا پێت وایە لێگەڕێن بە ئاسودەیی بژیم؟

-خێزانەکەت لەوێن و ئاگادارت ئەبن. لای خۆشمەوە بەڵێنت ئەدەمێ، کە پاسپۆرتێکی تورکیت وەرگرت، بوارت ئەبێت تورکیا جێبهێڵیت و بچیت بۆ هەرکوێ کە پێتخۆشە.

بەدەنگێکی بەرزی پڕ چێژ وشادمانەوە پێموت:

-دەی گەر وایە، کەواتە خێراکە پێش ئەوەی دیسان دووچاری زیندانێکی تری سوریا ببمەوە!

توركیا

- هەڵاتن بۆ توركیا بەپێ و بەناو كێڵگەكانی میندا

- كوردستانی توركیا دوای ٣٠ ساڵ

- شادبوونەوە بە خێزانەكەم

- لە ئەستەنبوڵ لەنێوان خۆشاردنەوە و ئاشكراییدا

- لێسەندنەوەی رەگەزنامەی توركیی

- هەڵاتن بۆ ئەوروپا

- پەنابەریی لە سویسرا و بوونە هاووڵاتیی هیلفیتیی

ساڵی١٩٦٧ پڕ ڕووداو بوو بۆخۆرهەڵاتی ناوەڕاست،گرژیی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی دراوسێی،گەیشتە لوتکە.

پاش ئەوەی ڕژێمی سوریا پشتیوانیی فەلەستینییەکانی کرد بۆ دامەزراندنی (ڕێکخراوی ئازادیی فەلەستین)، بەهەموو لایەکدا کەوتە هاتوهاواری تەفروتوناکردنی ئیسرائیل(بەجەنگی میللیی)، لەولاوە جەمال عەبدولناسر گەیشتبووە ئەوپەڕی هێزی خۆی و هەردەرفەتێکی ئەقۆستەوە تابەئاشکرا ڕایگەیێنێت(جولەکە فڕێئەداتە دەریاوە). لەبەرامبەر ئەوململانێیەدا ئیسرائیل هێزەکانی سەربازیی خۆی زیاتر پۆشتەوپەرداخ ئەکرد وهێرشە تۆڵەسێنەکانی بەردەوام بوو بەرامبەر کارە تێکدەرەکانی جەنگاوەرانی فەلەستین لەئیسرائیل،ئەوفڕۆکانەی(ئەستێرەی داود)یان پێوەبوو،سەرکێشیان ئەکرد و دوای فڕۆکەکانی(میگ)ی سوریا ئەکەوتن تەنانەت لەئاسمانی دیمەشقیشدا، و بۆردومانی هەندێك ئامانجی ستراتیژییان کرد، لەدەوروبەری پایتەختی سوریا.

رادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانی سوریاش کە گوێ بەفرمانی سوپا بوون، پەلاماری ئیمپریالیزم و جولەکە ئەڵقەلەگوێکانی ئەدا و لەبەرنامەکانیدا بانگی تۆڵەسەندنەوە و تەفروتوناکردنی ئەدا دژی(زەوتکەرانی خاکی عەرەب) و بانگەوازی جەنگیی میللیی بەمارشەوە بڵاوئەکردەوە.

لە ٥ حوزەیرانی ١٩٦٧ دا و کاتێك ئیسرائیل بە داخرانی تەنگەی(تیران) و کشانەوەی هێزەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەستی بەهەڕەشە کرد، بڕیاری هێرشی دا. هێرشە ناکاوەکەی ئیسرائیل سوپای سوریای خافڵگیر کرد، بۆیە چەك و تەقەمەنی و پۆشاك و پێڵاویان جێهێشت و بەرەو دیمەشق قوچاندیان. دەسەڵاتدارانی سوریاش کە هاتنە ناوەوەی

هێزەکانی ئیسرائیل زەندەقی بردبوون، دوای ئەوەی گەنجینەی وڵاتیان گواستەوە بۆ (حەڵەب)، خۆیان لەشاری(حمس) توند کرد.

لە ٦ ی حوزەیراندا حکومەت بڕیاریدا چەك بەسەر خەڵکدا دابەش بکات، بۆ بەرگریی لەپایتەخت و هاوولاتیان رژانە بنکەکانی دابەشکردن. بەلاّم دوای ئەوەی ژمارەیەکی کەم چەکیان بەسەر خۆیەخشاندا دابەشکرد، ترسیان لێنیشت کە میللەت لەوانەیە ئەو چەکانە دژی خۆیان بەکاربەرێت، بۆیە داوایان کردەوە.

دوای دوو رۆژ، بەتکای یەکێتی سۆڤێت لای ئەمێرکا، ئیسرائیل وازی هێنا لەپلانەکەی بۆ داگیرکردنی(حۆران) و(چیای دروز) و گرتنی دیمەشق.

رۆژی ١٥ ی حوزەیران حکومەتی سوریا گەڕایەوە دیمەشق و کەوتەخۆ بۆ قوتارکردنی وڵات لەکارەساتەکە. ئاسایش سەرقاڵی گەلێك کێشەی گەورەتربوو، بۆیە ناچارنەبووم رۆژانە سەردانی بنکەکەیان بکەم. هەرئەم دەست شلکردنەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسوکارم لەتورکیا ئاسان کرد. لە ٢ی ئابدا ئامۆزا تورکیانشینەکەم هاتەوە بۆ دیمەشق و ئاسنامەیەکی قانونیی بۆ هێنابووم، کە لێبوردنیشمی تیابوو لەخزمەتی سەربازیی. پلانێکیشی دانابوو بۆ پەڕینەوەم بەنهێنیی بۆ تورکیا. شل و شێواویی دەسەلاّتدارانی سوریا و نوقم بوونیان لە بێ سەروبەریدا،باشترین دەرفەت بوو بۆئەوەی خێرا پلانەکە ئەنجام بدەین.

رۆژی ٤ ی ئاب، شۆفێرێکی تەکسیی ئەرمەنیی، ئامادەبوو تا قامیشلی مان بەرێت. دوانێوەڕۆ بەدزییەوە دیمەشقمان بەرەو حەڵەب جێهێشت و سەعات ٨ ی شەو گەیشتین. لەناکاو شۆفێرەکە کەوتە برویبیانوو، گوایە زۆر شەکەت و ماندووە، چەندی لێپاڕامەوە و کرێکەم بۆ زیادکرد، قایل نەبوو لەوەزیاتر لەگەڵمان بێت. شۆفێرێکی تری ئەرمەنیی ئامادەبوو لەبری هاوکارەکەی بمانگەیێنێت. یەکسەر سواری ئۆتۆمبیلەکەی کردین و سەفەرە درێژە ٧٠٠ کیلۆمەترییەکەمان لەحەڵەبەوە بۆ قامیشلی شەوی ٦\٧، بێ گرفت تەواوکرد.

کاتێك لەدەرگەی ماڵی پارێزەرێکی هاورێمدا، تازە خۆر هەڵات بوو، باوەشێکی گەرمی پیاکردم و بردمییە حەوشەی فراوانی ماڵەکەی، بینیم وەك نەریتی باوی ناوچەکە،سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی لەسەر چرپایەکی تەختەی بەرز و فراوان و داپۆشراو بەپەردەکوللە، نوستوون.

هەر زوو پلانەکەمم بۆ باسکرد بە جێهێشتنی سوریا و چوون بۆ کوردستانی تورکیا. دەرکەوت ئامانجەکەم سەرسامی کرد، ئاخر ئەو، خۆشی خەڵکی کوردستانی تورکیا بوو و بنەماڵەکەی زیاتر لە ١٢ ساڵ دژی لەشکرەکانی ئەتاتورك جەنگیبوون.

چەند جارێك لێی پرسیم:

-بەراستیی بیرت لە قووڵیی ئەم کارە کردووەتەوە؟

-بەڵێ،سوریا هیچم بۆفەراهەم ناکات،جگە لەژیانێکی گیاخۆریی،یامردنێکی لەسەرخۆ لەزیندانەکاندا، لێرە ناتوانم هیچ سودێکم بۆگەلەکەم هەبێت.

-ئەی لەتورکیا؟ بەراست پێتوایە ئاسایش و ئازادیت مسۆگەرە و بەسەلامەتیی لێی دەرباز ئەبیت؟

-یەکێ لەئامۆزاکانم هیواداری کردووم و هانی ئەم کارەی داوم. خەمی سەرەکیی ئێستا، تێپەڕبوونە لەسنوور، ئایا کەسێکی جێ متمانە ئەناسیت، لەناو قاچاخچییانی کوردا؟

-لەوبارەیەوە بێخەمبە. عەلیکی ناسراو بە(میر عەلیکی)، ئەو کارەت بۆ ئەکات. ئاخر ئەو پیاوە ژەندرمەی گومرگی سوریا و تورکیاشی خستووەتە گیرفانییەوە و لەهەردوو بەری سنوور پیاوی خۆی هەیە. شارەزای هەموو ئەورێگە بێوەیانەیە کە بەناو کێڵگەی مینەکانی تورکدا ئەڕۆن بەدرێژایی سنوور. دڵنیام ئەو یارمەتیت ئەدات بۆ ئاودیو بوون و ئەتپارێزێت. ئەچم بۆ لای و باسەکەی لەگەڵ ئەکەمەوە.

هاوڕێکەم یەکسەر جلەکانی پۆشی و چووە دەرەوە.پاش سەعاتێك هاتەوە و گەنجێکی چوارشانەی لەگەڵ بوو.

-ئەزبەنی، من لەخزمەتام، تەنیا پێم بڵێ کەی و لەکام لای سنوورەوە ئەتەوێت بپەڕیتەوە؟

ئامۆزاکەم کە لەتورکیاوە هاتبوو، پلانێکی هەبوو.

پاش نیوەڕۆی ٨ ی ئاب، عەلیکی بردمی بۆ گوندی(کیردان)،کەگوندێکی کوردنشینی سوریایە، لەقەراغی گوندەکە ئۆتۆمبیلەکەی راگرت لەژێرپردێکی هێڵی ئاسنی ئەستەنبوڵ- بەغدا، کە وەك هێڵی سنووری نێوان تورکیا و سوریا وابوو. لەوێدا پیاوەکانی عەلیکی بەنهێنیی پەیدابوون و کەوتنە سەروکاری ٢ جانتاکەم،کەسیخناخ بوون لەپۆشاك و کتێب و هەندێك بەڵگەنامە و چەند دیارییەك بۆ کەسوکارە زۆر و زەوەندەکەم. لەو سەروبەندەشدا، عەلیکی خۆی گەیاندە لای تەلەدڕکاوییەکان، کە دەسەڵاتدارانی تورك بەدرێژایی سنوور دایانبوون،چونکە لەقەراغی ناوچەیەکی مینرێژ دا بووین. پاسەوانەکانی سنوور کەپێشتر هاوکارانی عەلیکی دەمیان چەورکردبوون، بە خۆشییەوە، بە زمانی تورکیی سلاویان لێکردین و تەلەدڕکاوییەکانیان بۆ هەڵبڕین تا تێپەڕین. دیاربوو عەلبەکی وای تێگەیاندبوون کە من بازرگانێکی زەنگینی تورکم و زۆرجاری تر لێرەوە ئەپەڕمەوە و پێویستم پێیان ئەبێت.

کاتێك لەکێڵگەمینەکان دەربازبووین، دەنگانێکی شەوبوو،بۆیە یەکێك لەشارەزاکان کەوتە پێشم وبەخێرایی بەرەو گوندەکە بردمی و گواستنەوەی جانتاکانی بە ٣ کەسی تر سپارد. ئامۆزاکەم کەپێشتر و بەرێگەی قانونیی بەنسێبیندا، لای کێرسوورەوە هاتبووە ئەمدیو سنوور، بەبینینم لەخۆشیدا هەڵبەزییەوە، بەڵام نیگەرانی نەگەیشتنی جانتاکانم بوو.

-کاتمان بەدەستەوە نییە،ئاخر تەکسییەکم گرتووە تائەمشەو بمانگەیێنێتە دیاربەکر.

هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو، دەنگی تەقوتۆقی رایچڵەکاندین،کەلەهەمان شوێنی پەرینەوەمانەوە نەگەیشتە گوێمان.

لەبەرخۆمەوە وتم:

-کۆڵبەرکانمان.

ئامۆزەکەم بەدەم هێورکردنەوەمەوە، وتی:

-ئەوە پێکادانە، بڕواناکەم کۆڵبەرەکان چەکدارین و بەوجۆرە بکەونە شەڕەتەقە. بێگومان ئەوە پێکادانە لەنێوان قاچاغچی چەکدار و یەکەیەکی گەڕۆکی سوپادا.

وەڵامم دایەوە:

-ئەی کۆڵبەرەکان لەو نێوەدا چییان بەسەردێت؟! گەر جانتاکانم بەوهەموو وێنە و بەڵگەنامانەوە بکەونە دەست کاربەدەستانی تورك، هیچ دەرەتانێکم نامێنێ جگە لەگەڕانەوە بۆسوریا. راستییەکەی هەست ئەکەم باشتر وایە هەر ئێستا ئێرە بەجێبێڵین و خۆمان بگەیێنینە نوایەك لەو دێهاتانە.

-نەخێر، هەرگیز، بیرت نەچێت من بەرپرسی بێوەیی و ئاسایشی تۆم. دڵنیات ئەکەم کەس نایەت بۆ پشکنینی ئەم گوندە.

ئێمە لەم مشتومڕەدا بووین، کە گوێمان لەتەپەی قورسی چەند پێیەك بوو و دوای چەند ساتێك گوێمان لێبوو کۆڵبەرەکان جانتاکانیان دانا.

-ئێمە باشین و جانتاکانیشتان سەلامەتن. ئەوە شەڕەتەقەی نێوان دەستەیەکی ژەندرمە و چەند ئەفسەرێك بوو لەگەڵ کۆمەڵێك قاچاغچی، کە خەریکی ئاودیوکردنی ماڵاتێکی زۆر بوون بۆ سوریا، ئەوەی ئێمە بیستمان زۆربەی ماڵاتەکەیان پەراندبووەوە قاچاغچییەکان کەوتنە تەقەکردن، تا رێگریی لەسەربازەکان بکەن بۆدەستبەسەراگرتنی جێماوی ماڵاتەکە.

تەقەکان، ژنانی گوندەکەی نیگەران کرد، چونکە برا و مێرد و باوك و ئامۆزاکانیان لەوکەسانە بوون کە ئەم کاسپییە ترسناکە ئەکەن.

یەکێیان بەدەم گریانەوە نەیلاوانەوە:

-ئای برا نەگبەتەکانم! ئاخر چەندجار لێتان پاڕاینەوە کە لەگەڵ مەرگدا یاریی نەکەن؟!

یەکێ لەپیاوەکان وەڵامی دایەوە:

-ئەی چی بکەین خوشکم؟! ئەی لە کارگەکانی چنین و کیمیایی و پیشەسازیی و قوتووکاریی و چیمەنتۆ ئیش بکەین؟! ئاخر قەت ئەنکەرە ئەو کارگانە لێرە دروست ناکات. دەیان هەزار لەبراکانمان رۆشتوون و هەزاران کیلۆمەتر دوور لێرە بەدوای کاردا ئەگەڕێن، ئەویش بێبایەخ ترین و سەختترین کاری سەر زەوی. ئاخر چی بکەین خوشکە بچکۆلەکەم؟ ئەی قاچاغچێتیی باشتر نییە لەوەی لە هەژاریی و برسێتیدا بمرین؟!

ژنەکە بەدەم نزا و دەست بەرزکردنەوە بۆ ئاسمانی قیرئاسا، وەڵامی دایەوە:

-راستەکەی برای شیرینم. بەڵام ئاخر ئێمەش بێزار و ماندووبووین لەم دڵەڕاوکێیە. نۆقرەمان لێبڕا،هەر ٢-٣رۆژ جارێك تەرمی ئاوساوی رۆڵەیەکمان لەناو کێڵگەمینەکاندا بدۆزینەوە. ئۆهـ! یارەبی خوایە، یارمەتیمان بەو وەرە بەهانامانەوە و لەم دۆخە رزگارمانکە. پەنامان بە تۆیە خوایە!

سەعاتێك دواتر، تاریکی باڵی کێشا و تەقوتۆقەکە وەستا، یەکێ لەو جوتیارانەی بەشداری ئاودیوکردنی ماڵاتەکەی کردبوو، بەهەناسەبڕکێ خۆی گەیاندەوە گوند و کەوتە هێورکردنەوەی گوندنشینەکان:

-کەس پێوە نەبووە و هەموو ماڵاتەکەشمان گەیاندە خوار هێڵی ئاسنەکە.

وشەی(سنوور) لای کوردانی ناوچەکە هیچ واتایەکی نەبوو، ئاخر بەلای ئەوانەوە تەنیا سەر و خواری ئەو هێڵە ئاسنە هەبوو، کە سوریای لە تورکیا جیا ئەکردەوە.

دێهاتییەکان کەلە گۆڕەپانی بچووکی گوندەکەدا کۆمەڵ بووبوون، هێور بوونەوە و سکاڵا و کرووزانەوەی ژنەکانیش تەواوبوو، بەڵام دیاربوو شۆفێرەکەمان گرفتاری

نیگەرانییەکی توند بووبوو، هەزار بیانووی مەترسییەکانی هێنایەوە بۆئەوەی بەرەو دیاربەکر نەمانبات:

-ئامەوێت گوللەیەك بەر کەللەم کەوێت. دوای ئەم تەقوتۆقە، ئێستا فەرماندراوەتە سوپا، تەقە لەهەرشتێك بکەن کەئەمشەو لەم ناوچەیدا بجولێتەوە. باشترە ئەمشەو لێرە بمێنینەوە و سبەینێ بەیانی زوو بەرێکەوین.

من و ئامۆزاکەم تەنیا ئومێدمان جێهێشتنی خێرای ئەو شوێنە بوو، بەڵام شۆفێرەکە لەبڕیارەکەی پەشیمان نەبووەوە و دیاربوو دەنگی تەقەکان گۆتی کردبوو، بۆیە ئێمەش ناچاربووین مل بدەین بۆ داواکەی.

-باشە، بەڵام لەکوێ بخەوین لەم گوندەدا کە نەهۆتێلێك نە میوانخانەیەکی تیانییە؟

دێهاتییەکانی دەوروبەرمان وەڵامیاندایەوە:

-هەر شوێنێك و ماڵی هەرکام لەئێمەتان پێخۆشە. هەمیشە ئامادەین شوێن و جێ بۆ هەرمیوانێك دابین بکەین.

کەسێکیان لەئامۆزاکەم نزیك بووەوە و وتی:

-ماوەیەکی کەم لەمەوبەر ئاغاکەمان لەنەخۆشخانەی ماردین کۆچی دوایی کرد، ئەگینا ئەتانتوانی لەدیوەخانەکەی ئەودا بحەوێنەوە. کەواتە میوانی من بن و بۆخۆتان لەسەربان بنوون، کەلەم وەرزەدا بۆخەو خۆشە.

پێشوازیی میواندارییەکەی مان کرد و کەوتینە شوێنی بۆماڵەکەی. لەچاو تروکانێکدا ساوەر و ماست و دۆیان بۆهێناین. دوای ئەوە زۆر دانەنیشتین و ماندوویی و شەماڵێکی فێنك بردیانینە خەوێکی قووڵەوە.

بەیانی پێش هەتاوکەوتن بێداربووین و سواری ئۆتۆمبیلێکی شۆڤرلێتی کۆن بووین بەرەو دیاربەکر بەجادەیەکی پڕ چاڵ و بەرددا، بە ٢سەعات ٦٠ کیلۆمەتر ڕێمان بڕی تاماردین،کە کەوتووەتە سەرلوتکەی شاخێك و بە دەشتە پانوپۆڕەکانی میزۆپۆتامیای

باکووردا ئەروانێت. لەراستیدا ماردین شارێکی ئاسایی نییە، بەڵکو مێژووی قەلاکەی هەزاران ساڵ لەمەوبەرە و بەردە سپییەکانی کەبەدەست هەڵکۆڵراون و کۆڵانە تەسك و پێچاوپێچەکانی، لەشوێنەکانی تری جیانەکاتەوە. خەڵکەکەشی بەزمانێکی عەرەبی ئەدوێن، بەڵام بەوشە و زاراوەی کوردی.

بۆ قاوە نۆشینێك لەوێ لامانداو، پێش ئەوەی بەرەو دیاربەکر بکەوینەرێ.

بەدرێژایی رێگە، بەژانەوە سەرنجی دۆخی کارەساتباری گوندە کوردنشینەکانم ئەدا، کە تۆپەڵێك خەرابەی قوڕین بوون، بێ کارەبا و تەلەفۆن و خوێندنگە و نەخۆشخانە، کەچی دیمەنی ژنانی کورد بە گۆزەی سەر سەر و مەڕدۆشینیان لەبەرتیشکی خۆردا، بەبەرگی باوباپیرانەوە، کراسی درێژ و کەوا و پشتوێن و دەرپێی فش و بریسکەدار و سەرپێچی رەنگاورەنگەوە، ئەیهێنامە دڵەکوتە.

بەسەری هەنێك پیاویشەوە جامانەی کوردیم بینی، ئەمانەش هەموو نیشانەی شکستی سیاسەتی تورکاندنی حکومەتی ئەنکەرەبوون. گەلی کورد وەك جاران لەسەر خاك و زێدی خۆی ئەژی و تەنیا هێندەی پێویستە کە بەرگرییە خۆرسك و پەرتەکەی لەچوارچێوەی رێکخستنێکی دیسپلینداردا کۆبکاتەوە، تا ویستی نەتەوەیی خۆی بسەپێنێت و لەم ون بوون و بێئومێدییە دەربازبێت.

خەونم بەو ئەرکە سەختەوە ئەبینی، کە دیوارە رەشە زەبەلاحەکانی دیاربەکرم دی و لەدەروازەی ماردینەوە چوونە قەلاکەوە. جگە لەجادەیەکی پان بەدرێژایی دیوارەکان، ئەوا خانووە دێرینەکانی دروستکراو لەبەردی گرانیتیی رەش،سیمای کۆنی سەردەمی هەرەزووی خۆیان پاراستبوو. جادە و شەقامەکان جمەیان ئەهات و پڕبوون لەچالاکیی و جموجوڵ. ژمارەی دانیشتوانەکەشی لەساڵی ١٩٣٠ یەوە، چوارهێندە زیادی کردبوو و لە ٤٠ هەزارەوە بووبووە ٢٠٠ هەزارکەس.

هەرچەندە هیچ پیشەسازییەکی تیانەبوو،بەلاّم وەك ناوەندێکی کشتوکاڵ و بازرگانیی، بایەخێکی گەورەی هەبوو و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بۆ خۆی راکێشابوو لە جوتیار و شارنشین، کەلە شارو گوندەکانی دەورویەرەوە روویان تێکردبوو.

خێزانە دەرەبەگ-بۆرژوازییەکەی ئامۆزاکەم لەدەشتی (ئەرگانی)، چاوەڕێمان بوون.

لەدەشتی کۆران ولەوکاتەدا کەشۆفێرەکەمان تایەی ئۆتۆمبیلەکەی ئەگۆڕی، منالێکی شوانکارەی تەمەن ١٠-١٢ساڵ بەشەرمەوە لێمان نزیك بووەوە.

بەتورکی لێم پرسی:

-ئەم مەڕانە هی ئێوەیە؟

بەکوردی و بەدەنگێکی نێرەوە وەلاّمی دامەوە:

-تورکی نازانم.

بەسەرسوڕمانێکی دەستکردەوە و بەکوردی پێموت:

-چۆن، ئەی ناچیت بۆ قوتابخانە؟!

هێمنانە وەلاّمی دامەوە:

-نا.

-ئاخر بۆچی؟

-چونکە ناچارمان ئەکەن فێری تورکی بین و زمانەکەی خۆمان لەبیربکەین.

-ئەی وا باشتر نەبوو بچیتە قوتابخانەی تورکی، تە بەنەزانیی نەمێنیتەوە؟

بەهەراسانیی وەلاّمی دامەوە:

-بەلاّم نەزان نیم، بەرۆژ شوانی مەڕەکانی گوندم و ئێوارەش ئەچمە لای مەلا.

- ئەها، بەڵێ، بەلاّم بۆ چی؟

-بێگومان بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی بم.

-ئەی حکومەت رێئەدات، و هەقی نییە؟

-ئۆه، وەك ئەزانی مەلاکەمان زۆر زیرەکە. بەفەرمیی ئەڵێت ئەو وانەی قورئان و فەلسەفەی ئیسلامیی ئەڵێتەوە.

-ئەی بەڕاست چیتان فێرئەکات؟

-بەتایبەت باسی شاعیرەکانمان بۆئەکات و چەندین دێڕمان پێ لەبەرئەکات.

-ئەتوانیت هەندێکیم بۆ بڵێیت؟

منالەکە دەستی کرد بە وتنی چەند دێڕێك شیعری کلاسیکی کۆنی کوردی.

-پێم بڵێ، ئەم ناوچەیە هیچ مەلای تری لێیە، وەك مەلاکەی ئێوە؟

- نازانم، چونکە هەرگیز گوندەکەی خۆمانم جێ نەهێشتووە، بەڵام ئەزانم مەلاکەمان شوێنکەوتەی هەیە، کەجارجارە دێنە سەردانی.

-ئەی ئەتەوێت هەر کوردبیت و بەنیازنیت ببیتە تورك؟

چاوە زەردە گەورە و درەوشاوەکانی بڕییە رووخسارم و وەڵامی دامەوە:

-نەخێر ئەزبەنی، ناتوانن بمانکەن بەتورك.

حەزم ئەکرد درێژە بەگفتوگۆکە بدەم لەگەڵ ئەو کوڕێژکەیە، بەڵام شۆفێرەکە بانگی کردین.

درەنگانێکی ئێوارە گەیشتینە ئەرگانی، ئەو شارۆچکەیەی دانیشتوانەکەی ٢٠ هەزار کەسێك ئەبن و بەبناری چیاکانی تۆرۆسدا درێژبووتەوە.

تەکسییەکە یەکسەرە بردینییە بەرماڵی ئامۆزاکەم، کەکەوتبووە ئەوبەری باکووری شارەکەوە و کۆشکەکەی ئەبڕوانییە باخێکی لێژی گەورە، و لەرێی حەوزێکەوە ئاودێریی ئەکرا، کە کانییەکی بەقوڵپ پڕی ئەکرد، گۆشەیەکی دڵبەربوو، وەك ئەو شوێنەی منالیم لێ بەسەربردبوو.

دوای خۆرئاوا تەکسییەك بردمی بۆ (ئیلازیغ)، کە (ریزۆ) لەساڵی ١٩٥٠وە لێی ئەژی و ساڵانێکی درێژە ئەمدیووە. ناوی خۆی لەسەر لیستی پارتی دیمۆکرات تۆمارکردبوو و

دووجار بەنەندام پەرلەمان هەڵبژێردرابوو، بەڵام دوور لەهەرچالاکییەکی کوردانە نەیگوزەراند. توانیبووشی تێڕوانینی دەسەلاتدارانی تورك بگۆڕێت و ئاشتیانە لەگەڵیان هەڵبکات، کەپێشتر وەك گوماناویی و کەسێکی بێ متمانە سەیریان نەکرد. دژی هەر رەفتارێکی سەرکێش و توندڕەو بوو. منیش مەترسییەکی راستەقینە بووم کەچی خۆی و هاوڕێکانی بەفرمێسکی شادییەوە پێشوازییان کردم. هەفتەی یەکەمم لە ئیلازیغ بەخۆشیی و شادیی بەسەربرد و زۆرێك لە ئامۆزا و خاڵۆزاکانم سەردانیان کردم، کە پتر لە ٣٠ ساڵ بوو نەمدیبوون و گەنجەکانیشیان کەدوای کۆچی من لەدایك بووبوون. خۆشحاڵ بوون بەدیتن و دواندنم و بانگهێشتی خوانێکیان کردم لەدێهات، کەبەرخیان سەربڕیبوو و بەشیش نەیانبرژاند. میوەی ئامادەیشیان پێشکەش کردم، وەك ئەوەی لە سەردەمی مناڵیمدا خواردبووم. توانیشم بەئازادیی بە ئیلازیغدا بگەڕێم و بەراوردی بکەم بەو شارەی پێشتر بینیبووم.

وەلی مەخابن، ئیلازیغ لە ٢٠ ساڵی دواییدا، بێ سەروبەر و ناقۆلا گەورە بووبوو. بەشێوەیەك فراوان بووبوو کەتاکە کارگەی چیمەنتۆی ناوچە کوردییەکەی تورکیا لەو دەمەدا، کە لەسایەی نوێنەرانی پارێزگەکەوە دروستکرابوو، لەناو شارەکەدا گەمارۆ درابوو.

ژمارەی دانیشتوانیشی کە تاساڵی ١٩٢٠ بەحاڵ نەگەیشتە ٢٠ هەزارێك، ئێستا گەیشتبووە زیاتر لە ٨٠ هەزار کەس، زۆربەشیان جوتیارانی دێهات و کۆمەڵگەکانی دەوروبەربوون. ئەم کۆچە گرفتی گەورەی کۆمەڵایەتیی دروستکردبوو، بە هەڵاوسانی ژمارەی دوکان و بازاڕ، ژمارەی بێکاران و تاوانکەران. هەروەك ناوەندی شاریش سیما نەرم و هێمنەکەی لەدەستدابوو و باڵەخانەی زەبەلاحی کۆنکرێت جێی خانووە دێرینە خشتەقوڕەکانی گرتبووەوە،کەجاران بەحەوشەی سەوز دەورەدرابوون. شەقامەکانیشی کە گڵی کوتراوە بوون، یا ئەسفالتەکەی هەڵکەندرابوو، پۆخڵ و خۆڵاویی بوون. ئیلازیغ

وێنەیەکی دوور لەجوانیی و نەفسونی پیشان ئەدا، بەشێوەیەك کە پێم خۆش نەبوو زیاتر لەهەر شارێکی تر تیایدا بەسەربەرم.

هەر لەمنداڵیمەوە خەونی ئەوەم هەبوو لە(بیرماز) نیشتەجێ بم، کە ئەکەوتە دەشتێکی بەرز بەنزیکەی ۱۲۰۰ مەتر لەئاستی دەریاوە و بەچیای بریسەکەدار گەمارۆ درابوو بەڵام کاکی بەکاکی بوو. گەلێك جار دەریاچەکەی ختووکەی ساڵانی لاوێتیمی ئەدا، و ئەو زەوییەی باوکم بۆ جێهێشتبووین،تەنیا چەند کیلۆمەترێك لێوەی دووربوو. زۆر تامەزرۆی دووبارە بینینەوەی بووم.

لەوەدەمەیدا چێژم لەهاتنی رۆژ ئەبینی تاخەونەکەم بێنمەدی، هاورێکانی براکەم هاتن و چرپاندیان بەگوێیدا کە پۆلیس هەواڵی هاتنمی هەیە بۆ ئیلازیغ و زۆری پێناچێت میت-هەواڵگریی تایبەت-یش هەواڵەکەی پێئەگات. بۆیە مۆچیاریی براکەمیان کرد تا لەناوچە کوردنشینەکان دووربخاتەوە. هەرلەگەڵ ئەم ئاگادارکردنەدا براکەم جانتاکانی کۆکردەوە و سواری پاسێکی کردم بەرەو ئەستەنبوڵ، خۆشبەختانە لەرێ تووشی هیچ پشکنینێك نەبووین. ئاخر تورکیا بەیەکێك لەو سەردەمە دەگمەنانەی (دیمۆکراسیی) مێژووی خۆیدا تێئەپەری.

لەئەستەنبوڵ یەکێ لەئامۆزاکانمان، کەپێشتر کارمەند بوو، پەیوەندی باشی لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت بنیات نابوو، بەتایبەت نێوانێکی پتەوی هەبوو لەگەڵ سەرۆکی دەزگەی میت. بۆیە خێرا کەوتە دابینکردنی رێوشوێنەکان.

بەتەلەفۆنێك بۆ دیاریەکر، بەرپرسی ئەستەنبوڵی میت زانیبووی دۆسیەیەکی زەبەلاحم هەیە،بەتایبەت لەسەر جموجوڵی سیاسیم لەبەیروت، پێش ئەوەی رادەستی سوریا بکرێم. هەروەك مۆچیاریی ئامۆزاکەمی کردبوو داوام لێبکات تا بگەرێمەوە بۆ تورکیا.

هەواڵەکە مایەی نیگەرانیی و هاوکات سەرسامیش بوو، چونکە دوای ئەوەی تازە هاتبوومەوە تورکیا، گەڕانەوەم بۆ سوریا سەخت بوو، کەواتە چی بکەین باشە؟ و چی ئەبێت ئەگەر میت بنکە سنووریەکان لەبارەمەوە ئاگاداربکات؟

ئاکامیش، هۆی گەڕانەوەم بۆ تورکیا ئەوەبوو بێنمەوە و لەناوچە کوردییەکە لەناو میللەتەکەی خۆمدا بژیم. بەڵام سات بەسات ئەو پێشنیازە ئاڵۆزتر ئەبێت و بەرەو تێوەگلان و نادیار ئەڕوات.

براکەم وای بەچاك زانی خۆی دیداری کەسە دیارەکانی حکومەت بکات و کێشەکەیان بخاتە بەردەست. بۆیە بەرەو ئەنکەرە بەڕێکەوت و دیمیریل، کەنیوانێکی پتەوی هەبوو لەگەڵی بەگەرمیی پێشوازیی کرد، هەروەك وەزیری ناوخۆش پێشوازیی کرد.

-پرسیار لە(مادن)ئەکەین کە ئایا هێشتا براکەت رەگەزنامەی تورکیی ماوە. بۆی بنوسن تا بێ دواکەوتن بگەڕێتەوە زێدی خۆی و بەباوەشی کراوەوە پێشوازیی ئەکرێت. ئێستاش داوات لێ ئەکەم تکایەکمان بەنوسین بۆبنێریت و ئەوەی تیا روونکەیتەوە کە براکەت کاتێ تورکیای جێهێشتووە زۆر مناڵ بووە و ئێستاش ئارەزووی لەوەیە بگەڕێتەوە. ئەوپەڕی دوای مانگێك وەڵامت ئەدەمەوە.

لەسەر بەڵێنی بەرپرسانی گەورەی حکومەت یەکسەر براکەم داواکەی بەرزکردەوە و رۆژی دواتر بەدڵێکی پڕ هیواوە گەڕایەوە ئەستەنبوڵ. بەوپێیەی گوایە من هێشتا لەسوریام، بڕیاردرا نیوەئاشکرا لەئەستەنبوڵ بەسەربەرم، لەچاوەڕوانیی وەڵامی وەزیردا کەباوەڕمان وابوو، بێگومان ئەرێنی ئەبێت چونکە ناوم لەدۆسییەی سڤیلدا نەسڕابووەوە.

براکەم متمانەی بە راستگۆیی وەزیرەکان هەبوو، بۆیە ئاپارتمانێکی بۆگرتم لەیەکێ لەشەقامەکانی(بیۆغلۆ)و خۆی گەڕایەوە ئیلازیغ. کەچی مانەوەم لە ئەستەنبوڵ درێژەی کێشا وهیچ وەڵامێکی ئاغای وەزیرم پێنەگەیشت. لەمانگی هەشتەمدا پۆلیسی ئیلازیغ سەردانی براکەمیان کردبوو.

-ئەزانین براکەت رەگەزنامەی تورکیی هەیە و ماوەیەکیشە لەتورکیایە. کەئەمەش مافی خۆیەتی و رێ بەخۆمان نادەین دەست بەرینە رێی، بەلاّم حەزئەکەین خۆی سەردانمان بکات و وەلاّمی چەند پرسیارێکمان بداتەوە.

براکەم قسەکانی ئەو دیدارەی پێوتم و بەپارێزەوە پێشنیازی کرد بچم بۆ ئیلازیغ، بەلاّم چونکە ترسی داوێکی حکومەتم هەبوو، رەتمکردەوە بەپێی خۆم برۆمە کونە گورگەوە، و لەئەستەنبولّ مامەوە، بەلاّم بەپارێزێکی زیاتر لەجاران و بەدەگمەن ئەچوومە دەرەوە ئەویش دوای خۆرئاوابوون.

هێشتا دووهەفتەی تەواو تێپەرنەبووبوو کە براکەم کەسێکی تری ناردەلام و ئاگاداری کردم کەپۆلیس سوورە لەسەر بینینم و تەقەلایەکی فرەی ناوێت تا هەرکات ویستی بمدۆزێتەوە. لەبەرامبەر ئەم ئاگاییەدا چارەیەکم نەما جگە لەگرتنەبەری رێی ئیلازیغ.

ئەوکۆمیسەرەی پۆلیس کەرۆژی دوای گەیشتنم سەردانم کرد هاورێ لەگەلّ یەکێ لەدۆستانی خێزانەکەم،پرسیاری زۆرساکار وساویلکانەی لێکردم.وەك لەشێوازەکەشی تێگەیشتم، گرنگترینیان پەیوەست بوو بە رەگەزنامەی سوریا و ئایا وەرمگرتووە یا نا؟ ئەشزانی بەپێی قانونی تورکیا، وەرگرتنی رەگەزنامەی ولاّتێکی تر بێ مۆلّەتی حکومەتی ئەنکەرە، لەوانەیە ببێتە مایەی لەدەستدانی رەگەزنامەی تورکیا. ئەشبێت داوای رەگەزنامە بەحەز و داوای خۆویستانەی کەسێکی پێگەیشتوو بێت، نەك بەسەر منالّێکدا سەپێنرابێت، وەك ئەوەی لەمن روویدا.

سەرنجی کۆمیسەرەکەم بۆ ئەم خالّە راکێشا و تکام لێکرد روون ئاماژەی پێبدات. ئەوەی کرد و ئامۆژگاریی کردم خاترجەم بم، چونکە کارەکان بەویستی خۆم رێکئەخرێن.

لەمالّەوە، براکەم و خێزانەکەی و خوشکەکانم و ئامۆزاکانم، بەنیگەرانییەوە چاوەرێی هەوالّی دیدارەکەم بوون لەگەلّ کۆمیسەر و کاتێك زانییان چی روویداوە و وتە دلّنیاکەرەکانی کۆمیسەرم پێوتن، کەوتنە سەمای شادی و لەئامێزگرتنم:

-خەمەکان تەواو بوون! ئیتر رێت ئەدەن بێوەی لەناوماندا بژیت، ئێمە دڵنیا و بێگومانین لەوە.

کەچی شادییەکەیان درێژخایەن نەبوو، چونکە رۆژی دواتر سەرۆکی دەزگەی میتی ئیلازیغ داوای کردم و لەکاتی پێشوازیدا لەلایەن دوو کەسیانەوە،بۆم دەرکەوت هەراسانن، بەتایبەت بەڕێوەبەری پۆلیس، بەڵام بەرپرسی هەواڵگریی تایبەت، چاویلکەیەکی هەتاویی تۆخ و سەیری لەچاودا بوو، ئەگەرچی ژوورەکە بەحاڵ رووناکی تیابوو.

ماوەی سێ چارەکە سەعات رووبەڕووی مامەوە و بەپرسیار گەمارۆی دابووم. تەنانەت پرسیاری مانەوەم لەسویسرای کرد و جموجووڵەکانم لەئەورووپا بۆپشتیوانیی کورد. تێگەیشتم کەهەموو وردەکارییەکان لەدۆسییەکەمدایە و سەرۆکی دەزگەکەش هەمووی بەوردیی و تێبینییەوە خوێندووەتەوە.

ئەگەری گیرکردنم بۆ ئەو ماوە زۆرە لەلایەن سەرۆکی میتەوە، هەموویانی ترساندبوو بەتایبەت براکەم و ژنەکانیش ئەکرووزانەوە و پیاوەکان سەخت بوو نیگەرانی خۆیان بشارنەوە.

-باشە ئێوە چیتانە؟ ئارام ببنەوە ئێستا میت وەك مەری بەستەزمانی لێهاتووە.

براکەم پرسی:

-ئەها بەڵێ! کەواتە خێرا پێمان بڵێ لەگەڵ فەرماندە چی روویدا؟

براکەم پێی وابوو کە ئەوانە هەموو شتێك ئەزانن لەبارەمەوە و ئێستا ئەومیان بەلاوە گرنگە کەبزانن ئایا تەواو(عاقڵ)بووم، یا هێشتا هەمان(ماخۆلانی نەتەوەی کوردم).

براکەم رووی تێکردم:

-ئەزانم، ناوەندەکانی سەرکردایەتی تورك، ترسیان لەهەموو شتێك هەیە پەیوەست بێت بەکورد،ئەرکی سەرەکیی میتیش چڕبووەتەوە بۆ شەڕی دژی هەر ئاواتێکی نەتەوەیی

ئەم میللەتە، ئەگەر تۆش بەتەمایت لەتورکیا بمێنیتەوە و بیەوەی بژیت، کەواتە ئەبێت بیر لەو شتانە نەکەیتەوە.

وەلآمم دایەوە:

-دەستبەرداربوونی مەسەلەیەك کەبەشی زۆری ژیانم رەنجم بۆ کێشاوە، بەهیچ شێوەیەك نابێت. بەلآم لەبەردۆخەکەی خۆمی تیام هەولئەدەم لانی کەم بۆ چەند سالێك نەبمە جێ سەرنجی دەسەلآتداران.

براکەم روی کردە ئاسمان وەك یەکێ نزا بکات و پێی وتم:

-لەخوا ئەپاڕێمەوە تا مرادت بدات خۆت بگری و نەبیتە مەکۆیەك بۆ راکێشانی ئەو گەنجە کوردە نەتەوەییانەی سەرئەکەنە سەر حکومەت.

ریزۆ بەقوولیی باوەڕداربوو و ئەرکەکانی ئیسلامی بەراستگۆیی و بێگەردیی مناڵێکەوە ئەنجام ئەدا و هەمیشە چاوەڕێی بەزەیی خودا بوو لەکاتی دۆخە سەخت و ئالۆزەکاندا.

ملم بۆ دۆخەکە داو و قایل بووم بەچارەنووسەی مانەوە لای براکەم بۆم دیاریی ئەکات، لەچاوەڕوانیی بڕیاری حکومەتدا و دوومانگم لەوێ بەسەربرد بێ ئەوەی بچمە دەرەوە و پێشوازیی میوان بکەم، بە دەگمەن نەبێ.

سەرەتای تەموزی ١٩٦٨ ئامۆزایەکم کە کێلگەیەکی هەبوو لەبیرماز، داوای کرد هاوین لای ئەو بەرێکەم و خۆشترین رۆژەکانی ژیانم تیا بەسەربرد.

دەمەوپاییز کاتێك بینیم حکومەت کاری بەسەرمەوە نییە، وام لێکدایەوە کەبەکردەوە قایل بووە بەمانەوەم لەتورکیا، بۆیە بڕیارمدا بەختی خۆم لەکشتوکالدا تاقیکەمەوە، بە وەبەرهێنان لەو کێلگەیەی باوکم بۆی جێهێشتووین لەدەشتی کۆرانی نێوان ئەرغانی و دیاربەکر. تا باوکم مابوو زیاتر لە دەهەزار هیکتار زەوی بەپیت و گونجاو بۆ کشتی گەنمی

ڕەقمان هەبوو،بەڵام تەنیا دووهەزار هیکتاری مابوو کەبراکەم دابووی بەکرێ، بەپارەیەکی لەجێی نەبووان، بەهۆی ئەو زیانەی مێرووی سن ئەیگەیاند.

پەیوەندیم لەگەڵ کۆمەڵێك کشتیار کرد، کە تراکتۆریان هەبوو بەڵام زەوییەکانیان بچووك بوو و ئامانجەکەمم بۆ ڕوونکردنەوە، دوو کەسی هاوبەش هاتنە پێشەوە و پێشنیازی بەشدارییان کرد لەگەڵم، بەمەرجی دابەشکردنی وەکیەکی قازانج، زەوی و تۆویش لەسەر من.

پێموتن:

-قایلم، بەڵام چی ئەڵێن ئەگەر پێش دروێنە مێرووی سن لێیدا؟

بەشان هەڵتەکاندنەوە وەڵامیان دامەوە:

-ئێمە سەرکێشیی ئەکەین. بیستوومانە حکومەت چالاکانە ئەکەوێتە خۆ بۆ ڕشاندنی دژە مێروو بەفڕۆکە و لەکاتی گونجاودا، پاشان ئێمە هەر گەنمی ڕەق ناچێنین، بەڵکو بەشێکی زەوییەکە ئەکەینە گەنەشامیی سپی، کەترسی سنی نییە.

چەند ڕۆژ دواتر دەستماندایە کار و بۆ ئەوەی بەرهەمێکی باشمان هەبێت پەیینی کیمیایی پێویستمان کڕی و بەباشم زانی لە (ئەرغانی) بەدووری ١٥ کیلۆمەتر لەکێڵگەکەمان بمێنمەوە بۆسەرۆکاری کشتوکاڵەکە. کارەکان بەویستی خۆمان ئەڕۆشتن و باران لەکاتی گونجاودا باری. سەرەتای مانگی مایس کشتەکەمان بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش باڵای کرد و ڕەنگەسەوزە جوانەکەی نیشانەی بەهێزیی و ساغیی بوو و دڵنیابووین لەسەرکەوتنی پرۆژەکەمان و شادمانی ئەنجامەکان بووین، کەچی هەواڵێکم لەگۆشەیەکی(ڕۆژنامەی فەرمیی)دا خوێندەوە کە حکومەتی ئەنکەرە بێبەشی کردووم لەرەگەزنامە تورکییەکەم. ئەمە زەنگێکی ترسناك بوو.

کە هاتمەوە سەرخۆ، بەهەڵەداوان چووم بۆ سەرا بۆلای (نیازی ئینجە)ی نوسەری دادگە، کەنێوانێکی پتەومان هەبوو و بەرەگەز کورد بوو بەڵام نەیئەوێرا ئاشکرای بکات. لەناخەوە

پیاوێکی دەستپاکی نیشتمانپەروەر بوو و هەوڵی ئەدا خزمەتی هەرکەس بکات کەلەدەرگەی ئەدات، بەتایبەت ئەگەر خەڵکی سادە و هاووڵاتیی ئاسایی و گیرۆدەی ئارەزووی فەرمانبەران بوایە.

ئاگاداری هەستی نەتەوەیی کوردیم بوو و ئەو رۆژەش کە رۆژنامەکەم پیشاندا، بەخەمێکی قووڵەوە چاوی بڕیە رووخسارم.

-مافی ئەوەت هەیە داوای پیاچوونەوەی بڕیارەکە بکەیت لای ئەنجومەنی ولآت، بۆیە ئەبێت خێرا بچیت بۆ دیاربەکر و لەوێشەوە بۆ ئەنکەرە. بەلآم ئەبێت سەرەتا بزانیت هۆکارە قانونییەکانی سەندنەوەی رەگەزنامە تورکییەکەت چین. دوو نامەت ئەدەمێ بۆ دوو هاورێ، یەکێکیان لە دیاربەکرە و ئەوی تر لە ئەنکەرە، و هەردووکیان لە بواری تۆماری سڤیلدا کارئەکەن و ئەتوانن یارمەتیدەربن.

سەرەتا چووم بۆ دیاربەکر بەنامەکەی نیازی ئینجەوە و کارمەندی تۆماری مەدەنیم بینی و هەر کە ناسیمی بە وشکیی وەلآمی دامەوە:

-بەرێز تۆ بەهەڵە هاتوویت، ئەم شتانە بەکارەکەی من نامۆن.

دوای قسەکانی، کارتەکەی نیازی ئینجەی دڕاند و خستییە تەنەکەی خۆڵەکەوە. تەماشای رووخساریم ئەکرد کەچۆن زەرد ئەبێت و ئەلەرزێت. وادیارە ئەم کارمەندە رەچەڵەك کوردە کەوتووەتە داوی تورکاندنەوە و زندەقی ئەچێت لەهەرچی بۆنی کوردبوونی لێبکات. دواتر زانیم کەدەسەلآتی تورك توانیویەتی ئەم هەستە لەناو زۆر لەکارمەندانی کورددا بچێنێت، بەتایبەت ئەوانەیان کەپۆستی بەرزیان هەیە.

لەفەرمانگەی تۆماری سڤیلی ئەنکەرەش کاتێك هاورێ تورکەکەی نیازی ئینجە، نامەکەی خوێندەوە، رۆشت بۆ ئەوەی پرسیاربکات و بەشێوەیەکی سەیر ونبوونەکەی زۆری خایاند، لەگەڕانەوەیدا و بەهۆی هەڵسوکەوت و دەنگییەوە سەرنجمدا زندەقی چووە و

بەهەزارحاڵ توانی بەگوێمدا بچرپێنێ کە هەوڵ بدەم بەرێوەبەر ببینم. پاش چەند خولەکێك دەرگەوانێك کردمییە ژووری سکرتێرەوە کە یەکسەر دۆسییەکەمی دۆزییەوە.

بەتۆنێکی بەرزەفڕەوە پێی وتم:

-شتێکی سادەیە، رەگەزنامە تورکییەکەت لەدەستداوە چونکە بێ رێپێدانی حکومەتەکەمان رەگەزنامەی سوریات وەرگرتووە.

-بەلاّم ئەو دەمە منالّ بووم و ناکرێت ئەو قانونەم بەسەردا جێبەجێ بکرێت.

-ئەوە شتێکە پەیوەندیی بەئێمەوە نییە، بڕۆلەوبارەوە قسە لەگەڵ ئەنجومەنی دەوڵەت بکە.

سەراسیمەبووم، وەلی هێشتا تەواو هیوابڕاو نەبووم. غالب، ئەو پارێزەرەی لەسەرەتاوە راوێژم پێکردبوو، پێی وتم:

-کارەکەت ناسکە چونکە کێشەی کورد وەك مۆتەکەیەك خەڵکی وڵاتەکەمان ئەهەژێنێت. ئەبێت کەسێکی نەترس بدۆزینەوە ناشەرعیی بوونی بڕیارەکەی حکومەت لەبارەی تۆوە بسەلمێنێت. خۆ گەر بتوانین پشتیوانیی رەمزی لەقازانجی کێشەکەمان بەدەست بێنین، ئەوا هەر لەئێستاوە براوەین.

رەمزی،ئەندامی ئەنجومەنی وڵات و سەرۆکی نوسینگەی یانزەهەم بوو، بن ئامۆزایەکی دووری خێزانەکەمان بوو.

-ناتوانم بڕیارِ لەسەر رابردووت بدەم بەلاّم بەپێی قانون حکومەت هەڵەی کردووە و بەڵێن ئەدەم ئەنجومەنی وڵات ئەوبڕیارەی بەرامبەرت دەرکراوە، هەڵبوەشێنێتەوە.

هەڵوێستەکەی رەمزی، غالبی شادمان کرد و هانی دام لە نزیکترین نوسینگەی دادوەریی، بریکاریی نامەیەکی بۆدەرکەم.

بەو شێوەیەی رێکەوتبووین، غالب تانەی لەبڕیارەکە داو داوای چاوخشاندنەوەی کرد بە حوکمەکەدا. بەنیگەرانییەوە چاوەڕێی کۆبوونەوەی ئەنجومەن بووین، کەدوای ۲۰ رۆژ

بەسترا و چاوخشاندنەوەکەیان ڕەتکردەوە، لەبەر هۆیەکی سادە، کە کەس نەبوو بەرگریی لەمافەکانم بکات. چونکە ڕەمزی و دۆستێکی تری دیاریەکری بیانوویان دۆزیبووەوە تا ئامادەی کۆبوونەوەکەی ئەنجومەن نەبن. غالب ئەم ترسنۆکیی خوێڕییەتییەی بۆ قوت نەئەچوو.

کەوتە هاوار و پیاکێشانی مێزەکەدا:

-تورکەکان بەهۆی ترسنۆکیی ڕووناکبیرە ڕێ هەڵەکانمانەوە ژێرچنگیان خستووین و ئەمانچەوسێننەوە. بەڵام خەمت نەبێت ئەتوانین دووجار داوای پیاچوونەوە بکەین و هەرئەمرۆ داواکە بەرز ئەکەمەوە. تائەو کاتەش بگەڕێوە ئەرغانی بۆ سەروکاریی کێڵگەکەت.

کە پێشهاتەکانم بۆ نیازی ئینجە گێڕایەوە، نیگەران بوو و نەفرەتی لەوکەسانە کرد کە بۆ کێشەکەم بینیومن.

-گەر ئەنجومەنی وڵات داوای پیاچوونەوەی حوکمەکە ڕەت بکاتەوە، ئەو کات ئەبێت چاوەڕێی دەرچوونی فرمانی گرتن و دەرکردنت لەتورکیا بکەیت. لەبارەشەوە من یەکەم کەس ئەبم بڕیارەکەم ئەگاتەدەست و ئەبێت بەرزی بکەمەوە بۆبریکاری پارێزگار. لەوکاتەدا هەوڵ ئەدەم پەیوەندیت پێوە بکەم. کەواتە لەئێستاوە کارەکانت ڕێکبخە.

کارەکانم هیچ باش نەبوون و مێرووی سن بەرگی پرسەیان پۆشیبوو و کەوتبوونە وێرانکاریی،هاوکات هاوبەشەکانم بەداخ و کەسەرەوە، تەماشای ڕەوە مێرووی زەردیان ئەکرد کە بەسەر گوڵەگەنمەکانەوە ئەنیشتنەوە.

بەدڵێکی زامدارەوە پێموتن:

-ها! هەر ئاوا دەستەوەستان تەماشا ئەکەن؟

-جا چیمان پێئەکرێت؟ هیچ ئامرازێکمان نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان.

-ئەی فڕۆکەکان؟

-حکومەت تەنیا دوو فڕۆکەی ناردووە و ئەوانیش لە کێلگەکەی ناجی یەڵمازن، پێنج کیلۆمەترێک لێرە بەرەو خوار.

- ئەوە کێیە؟

-کابرایەکی تورکی خەڵکی (ئەزمیر)ە. ساڵانێکە زەوییەکی زۆری ناوچەکەی کڕیوە و لەگەڵ فڕۆکەوانەکان ڕێکەوتووە لەکێڵگەکانی ئەو زیاتر، هیچ کوێ نەڕشێنن.

- با بچین ئەو فڕۆکەوانانە ببینین.

وەڵامیان دامەوە:

-سوودی نییە. گوێت لێناگرن، جگەلەوەش تازە کات بەسەرچووە.

سواری ئەسپەکەم بووم و کەگەیشتمە لای چادری فڕۆکەوانەکان، پاسەوانێك ئاگاداری کردم:

-لەبەیانییەوە ماندوو ئەبن و ئێستاش ئەحەوێنەوە.

کە بێداربوونەوە کەوتمە سەرکۆنە و گلەیی بەهۆی لایەنگرییان و داوامکرد بایەخ بەو کێڵگانەی تریش بن کەهەرەشەیان لەسەرە. خێرا یەکێ لەفڕۆکەوانەکان کەوتە هێمن کردنەوەم:

-لەخۆڕا تووڕە مەبە. ئێمە نێردراوینە ئەم ناوچەیە بۆقەلاچۆکردنی سن لەهەرکوێ بێت، کە نەشهاتووین بۆ لای ئێوە لەبەر کەم توانایی ئەوا ئەبێت هەوڵی زیاتر بدەین. بەڵام پیشانم بدە کێڵگەکەت لەکوێدایە تا سبەینێ زوو بیڕشێنم و چارەی بکەم.

بەڕاستیش سەعات هەشتی بەیانی ڕۆژی دواتر فڕۆکەکە گەیشت و بەدەنگێکی زل و لەگەڵ باراندنی دوکەڵێکی سپی چڕ، بەسەر کێڵگەکەماندا تێپەڕی، کەچی هێشتا چارەکی زەوییە چێنراوەکەی نەڕشاندبوو، دەرمانەکەی پێنەما. ئیتر چەندم هەوڵدا بێسود بوو بۆ قایلکردنی فڕۆکەوانەکان بەبەردەوام بوون. ئەو بروسکانەشی ئەنێردرانە ئەدەنە و ئەنکەرە و داوای ناردنی مێرووکوژی زیاتریان ئەکرد، بێ وەڵام بوون، چونکە دەرمانەکە

لەئەمبارەکانی حکومەتدا نەمابوو و نەبوو لەئەڵمانیا داوا بکرێت. حکومەتی تورکیاش دراوی قورسی پێویستی نەبوو. پاش دووهەفتە و کاتێك دەراسەکان کەوتنە دروێنە، لەبەرامبەر دە تۆن گەنمدا کە چاندبوومان،تەنیا چوار تۆن گەنمی کۆکردەوە کەلەسن رزگاری بوویوو، ئەمەش واتە نیوەی گوڵەگەنمەکان پووچ بوون. شۆکێکی توند بوو، بەڵام دڵنەوایی خۆمان بە گەنمەشامییە سپیەکە ئەدایەوە کەخۆشبەختانە بەردەوام گەشە و باڵای ئەکرد و هیواداربووین لانی کەم قەرەبووی زیانی گەنمەکەمان بۆبکاتەوە،کەچی رەوتی پێشهاتەکان خێراتربوون و ناچاربووم بەر لە وەرزی دروێنە ئەوێ جێبێڵم.

رۆژی ۲ ی تەموز هاورێ نەترسەکەم، نیازی ئینجە،خێرا بردمییە نوسینگەکەی خۆی و بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی ناوخۆی پیشاندام، کەداوا ئەکات ناوم لەتۆماری سڤیلی شاری ئەرغانی بسڕدرێتەوە و پۆلیس ئاگاداربکرێت تادەستگیرمکەن و وەك بێگانەیەك لە وڵات دەرمکەن.

واتە دوای بەسەربردنی ماوەیەك لەزینداندا، نازانم لەکوێی تورکیا، رادەستی سوریام ئەکەن!...باوەڕم بەچاوی خۆم نەئەکرد!

نیازی هێوری کردمەوە:

-هیچ هۆیەك نابینم بۆئەم نیگەرانییەت. من فەرمانەکە وەك خۆی جێبەجێ ناکەم. ئەم بەڵگەنامەیە ئەخەمە ژێر هەموو ئەو شتانەی ترەوە کە ئەبێت بخرێنە بەردەستی فەرماندار و ۱۵ رۆژێك لای خۆم ئەیهێڵمەوە. ناتوانیت لەو ماوەیەدا تورکیا جێبهێڵیت؟

-با، ئێستا پاسپۆرتەکەمم پێیە. هاورێیەکم بەدەم چەورکردنی پۆلیسێکی دیاربەکر بۆی دەرهێناوم و میتیان لێ ئاگادار نەکردووە. قسە لەگەڵ پارێزەرەکەشم ئەکەم تا بزانم رێژنە ئومێدێك هەیە تا کارەکانم بەقانونیی بۆ رێکبخات.

لەودەمەیدا من قسەم ئەکرد نیازیی شوشەیەکی بچووکی لەگیرفانی دەرهێناو حەبێکی لێدەرهێنا و قوتیدا.

-ئەوەی خواردت (ترینترین)بوو. بۆ بەکاری نەبەیت؟ خۆ نەخۆشی دڵت نییە؟

-چەند رۆژ لەمەوبەر گرفتێکی کەمم هەبوو، پزیشکەکەم وتی ترسناك نییە و ئامۆژگاریی کردم ئەو حەبە بخۆم، بۆیە کەهەست بە دڵگوشران ئەکەم،دەنکێکی لێ ئەخۆم.

جەختم لێکرد:

-بەڵام پێویست بوو پزیشکێکی دڵ بتبینێت.

-بۆ ئەوە پێویستە بچمە ئەنکەرە یا ئەستەنبوڵ،منیش نە کات و نەتوانای ئەوەم نییە، بێگومانیشم گرفتەکەم ئەو سەفەرەی ێویست نییە.

پێشنیازمکرد لەگەڵم بێت بۆ ئەنکەرە بۆئەوەی پسپۆڕێکی بەناوبانگ بیبینێت، بەڵام قایل نەبوو و دوای چەندین جار تکاکاریی، بەچاوی پڕئەسرینەوە جێمهێشت و سواری ئەو پاسە بووم کە لەرێی ئیلازیغەوە ئەچووە ئەنکەرە. هاورێ پارێزەرەکەم بێئومێد و رەشبین بوو لەبارەمەوە، چونکە هێشتا سایەی میت باڵی کێشابوو بەسەر ئەنجومەنی ولاتدا و هیچ دادوەرێك نەبوو زات بکات، حوکمێك بدات دژی برِیارەکەی حوکمەت. ئامۆژگاری کردم دەستبەرداری سکالاکەببم و پێش کاتبەسەرچوون تورکیا جێبهێڵم. هاورِای ئەو بێ ورمییەی نەبووم و نیازم وابوو پارێزەرێکی نەترس و خۆراگرتر بدۆزمەوە. بەڵام کاتم نەما و رۆژی دواتر هەواڵێکی گورچکبرِم پێگەیشت، هاورێ دڵسۆزەکەم، نیازیی نینجە، کەهەموو شتێك و زیاتریشی بۆ کردبووم، کۆچی دوایی کردووە.

ئامۆزایەکی بۆی گێرِامەوە:

-هەر سێ رۆژێك دوای رۆشتنی تۆ، فەرمانێکی نوێ هات لەبارەتەوە بۆ فەرماندار کەئەنجارەیان یەکسەرەبوو.نیگەرانی رووخساری نیازی ئیجەی داگرتبوو و نەیئەزانی چی بکات. وێڵی بیرکردنەوە و گەرِان بووین لەچارەیەك، کە نۆرەدڵەیەکی توند لەناکاو لێیدا و لەبەردەمدا کەوتە سەرمێزەکەی، کاتێك ئەو تەنیا پزیشکەی توانیم بیدۆزمەوە گەیشتەسەری، تەنیا هێندەی بۆکرا وەستانی دڵ و گیان دەرچوونی ئەو کلۆڵە بسەلمێنێت.

کارەساتێکی گەورەبوو، ئاخر نیازی مرۆڤێکی رەوشت بەرز و نمونەیی بوو، لەنێوان خۆماندا پارەمان کۆکردەوە بۆدانەوەی قەرزەکانی بە عەتتار و نانەوا و چایخانەکانی شارەکە.

لێوی خۆمم گەزی تا بەر بەگریانم بگرم. نیازی نەخۆش بوو بەلاّم نەمتوانی فریای کەوم و خەمخۆریی خۆی و گرفتەکانی منیش سەرباری، مردنەکەیان خێراتر کرد.

دلّم لەخەمدا خوێنی ئەدەلاّند و هەستم بە تاوان ئەکرد بەرامبەری و هێز و ئازایەتیی تێکۆشانم نەما بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانم، ئیتر ئەبوو خۆم ئامادەبکەم بۆ جێهێشتنی نیشتمانی زێد و جوانترین رۆژانی منالّیم بەیەکجاریی و بەناچاریی.

هەندێك دراوسێی ئیلازیغیی پێشنیازییان کرد لەگەلّ ئەوان برۆم بەو پاسەی ئەچێت بۆ میونخ، قایل بووم و بەخۆمم وت:

-هیچ نەبێت ئەگەر لەسەر سنوور شتێکم بەسەرهات ئەوانن ئەتوانن خێزانەکەم ئاگاداربکەن.

لای ئێوارە پاسەکەمان ئەستەنبولّی جێهێشت و هەستێکی قولّ دلّمی داگرت، سەیری ئەو شوێنانەم ئەکرد کەخۆشم ئەویستن و ئیتر نایانبینمەوە: ئەو قاوەخانانەی ناساندیانم بەشاعیر و نوسەرانی کوردپەرست و خوێندکارانی شۆرشگێر و زانکۆییەکان، کە رووبەرووی ئەو باندە فاشییە مەشقدراوانە ئەبوونەوە کە ئەنێردرانە سەریان. خەمباری جێهێشتنی شانۆکانی ئەستەنبولّ بووم. لەخەیالّی ئەو رابردووەدا بووم، کە وشەی (کاپیکالا) هاتە گوێم، خالّێکی پشکنینی تورکیا بوو لەسەر سنووری بولگاریا. کات ٢٢:٣٠ خولەك بوو کەپاسەکە وەستا و کارمەندێکی سیڤیل سەرکەوت و داوای پاسپۆرتەکانمانی کرد و بردی بۆ بنکەکە. سەرۆکەکەیان لە بەلّگەنامەکانمان ورد ئەبووە و جارجار یەکێك لەگەشتیارەکانی بانگ ئەکرد. دوو ژەندرمەی چەکداریش بەچەکی ئۆتۆماتیکیی پاسەوانی ئەملاولای پاسەکە بوون.

دڵم وەك تەپڵ ئەیكوتی و قورگم ئەگوشرا وەك ئەوەی مارێك ئاڵابێتە گردنم و بمخنكێنێت، ئەم دڵەڕاوكێیە دوو سەعاتێكی خایاند و ئەتوت تەواوبوونی نییە. بێگومان بڕیاریان داوە تا بەیانی پاسەكە راگرن.یەكێ لەشۆفێرەكان چووە بنكەكە و دوای چەند ساتێك دەم بەخەندە گەڕایەوە و پاسپۆرتەكانی داینەوە. دوایش بینیمان خەندە نیشتە سەر لێوی كارمەندانی گومرگ و پۆلیسی توركیا و هیوای سەفەرێكی شادیان بۆ خواستین.

بڕوام بەچاوی خۆم نەبوو! هێشتا ئەترسام لەدواساتی پێش داخستنەوەی دەرگە ئاسنینەكەدا، كارمەندەكان رایان بگۆڕن. ترس بەرۆكی بەرنەدام تاچووینە خاكی بولگاریاوە. ئەمویست لەكاتەدا پڕبەدەنگم هاوار بكەم:

-ئازادی، ئازادی، ئێستا ئیتر ئازادم!

پاش كەمێك خەوێكی قووڵ وئارام راپێچی كردم و تا رۆژی دواتر بێدارنەبوومەوە. گەیشتبووینە شاری سۆفیا كەساڵی ١٩٤٩ سەردانم كردبوو و ئەودەمە شارەدێیەكی بچووك بوو، كەچی ئێستا شارێكی مۆدێرنە بە شەقامی پانوپۆڕ وتونێلە رووناكەكانییەوە بەشێوەیەكی سەرنجبەر. دێهاتی بولگاریاش دڵگیربوون بەبێستانی سەرسەوز و بایەخپێدراو و مێوستانی گەشەوە.

لەوەیان هاتە دەرێ تا دیمەنێكی تر بدۆزمەوە، ئەمسا خافڵگیری كردم بەو پێشكەوتنە مەزنەی لەساڵی ١٩٥٦ ەوە بەخۆوەی دیوە. بەڵام سەرسوڕمانی راستیی لەئەڵمانیا بوو، كاتێ رووبەڕووی كۆمەڵگەیەكی بەكاربەر بوومەوە، لەوجۆری بەردەوام میدیای خۆرئاوا باسی ئەكرد و سەركۆنەی ئەكرد، دیمەنی ئاقۆڵای بازاڕەگەورەكان و ریزی بێكۆتایی كڕیاران.

تامەزرۆی گەڕانەوە بووم بۆ سویسرا و لێكۆڵینەوەكانم و هاوڕێیانی جێی شانازیم، كە گەرم و برایانە پێشوازییان كردم.

وا ئێستا لەساڵی ١٩٧٠ داین و دوای چەند مانگێك مافی پەنابەریی سیاسیم وەرگرت و ساڵی ١٩٧٢ خانمێکی سویسری بووە هاوسەرم، کە ئاگاداری کێشەی کورد بوو و سەردانی کوردستانی تورکیاشی کردبوو. بەهاری ١٩٧٣ و دوو ڕۆژ بەر لەنەورۆز، کوڕەکەم هاتەجیهانەوە کە عاشقی گۆرانی کوردییە هێندەی عەشقی بۆ گۆرانی فەرەنسی و تورکی و عەرەبی و ئەرمەنی.

سەرەنجام لەپایزی ١٩٧٨ دا بوومە هاووڵاتیی وڵاتێك کەبەردەوام وەك نمونەی سیستەمێکی دیمۆکراسیی باسکردووە. وڵاتێك کەهەمیشە لەئامێزیدا هەستمکردووە لەنیشتمانەکە خۆمدام، لە سویسرا هەست ئەکەم زیاتر و زیاتر هۆگری ئەو دیمەنانەی ئەبم کە سروشتی شاخاوی و دەریاچە و جۆگەلەکانی کوردستان دێننەوە یادم.

کاتێك تەماشای بەفربارینی بەزریان و گەردەلول ئەکەم، کاتێك ڕەشەبای سارد و وشك هەڵئەکات و وەك زللە ئەکێشێت بە ڕوومەتەکانمدا، وا هەست ئەکەم کەهێشتا منالە بچکۆلەکەم و لەکوردستانم. بەتەڕیی لەسەر بەفرەکە خلیسکێنە ئەکەم. بەلاّم شادمانیش ئەبم کاتێك ئەبینم درەختەکان چرۆ ئەکەن و گوڵ ئەگرن و لەکێڵگەکانیشدا ئەبینم گوڵەگەنمەکان ئەکەونە سەما.

کوردستانیشم لەیاد ناچێت کەلەململانێدایە بۆمانەوە. کوردستانی پارچەکراوی نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا. کوردستان کە ڕووبەڕووی قڕ و هەموو جۆرەکانی سەرکوت و چەوسانەوە بووەتەوە، تا ئەمڕۆش(١٩٨٢) هەروەك دوێنێ.

وەك پیاوێکی ئازاد کەلەوڵاتێکی دیمۆکراسیدا ئەژی، ناتوانم بێدەنگ بم لەبینینی سیمای کوردانی نەدار و ژاندار کە تائەمڕۆش لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەر کورد بوونیان ئازارئەدرێن، ناتوانم نیگای ئەو منالّ و ژن و پیاوانە پشتگوێ بخەم، کە بەتەماشاکانیان هەموو ڕۆژ و هەموو سەعات و چرکەیەك ئەمدوێنن.

کەی جیهان و سەرکردەکانی هەست بەنیگەرانیی راستەقینە ئەکەن و چارەیەك ئەدۆزنەوە بۆ هەموو کێشەکانی چەوسانەوە و دەستبەسەراگرتنی جیهان؟ نازانم. بەلاّم ئەوە ئەزانم کە:(تا بەردەوام مرۆڤ پێشێل بکەن بیچەوسێننەوە لەهەرجێیەکی جیهاندا، ئەوا مرۆڤایەتی سبەینێیەکی باشتر نابینێت.)

بۆسینی، مانگی شوباتی ١٩٨٢

وتەیەکی حەمید دەروێش

کە بۆ پێشەکی بەشی یەکەمی کتێبەکەی نووسیووە:

سەرەتای ساڵی ١٩٥٦ چاوم کەوت بە(د. نورەدین زازا). ئەوساڵە من لەپۆلی ١١ بووم لەدواناوەندیی ئەهلیی لەگەڕەکی بەحسەی دیمەشق. دکتۆر زازاش تازە خوێندنی تەواوکردبوو،بڕوانامەی دکتۆرای لەزانستی کۆمەڵناسیدا وەرگرتبوو لەزانکۆی لۆزان لەسویسرا، و گەڕابۆوە بۆ سوریا. ئەوەدەمە پەیوەندییەکانی نێوانمان هێند پتەوبوو کە زۆربەی کاتمان بەیەکەوە بەسەرئەبرد و پێکەوە نانمان ئەخوارد لەچێشتخانەی (البرج الفضي)کە کەوتبووە شەقامی فیردەوس لەقاتی دووەمی باڵەخانەیەك لەدەروازەی خۆرهەڵاتی شەقامەکە، کەئێستا هیچ شوێنەوارێکی نەماوە، یا لەچێشتخانەی (الريس)کە کەوتبووە باکووری خۆرهەڵاتی تەلاری پارێزگەی دیمەشق و تا ئێستاش هەرماوە. زۆر ئاسایی بوو کە من وەك مامۆستا و پەروەردەکارێك سەیری بکەم، چونکە هەر لەمناڵییەوە پێی سەرسام بووم، ئەو کاتانەی سەردانی گوندی قەرمانییەی ئەکرد و خۆی و چەند کەسێکی تر وانەی کوردییان پێ ئەوتین، منیش گوێم لەئامۆژگاریی و ڕاوبۆچوونە سەنگینەکانی ئەگرت سەبارەت بەبابەتە سیاسی،نەتەوەیی وبیریارییەکان، ئەویش ڕێنمایی ئەکردین لەبوارە جیاجیاکاندا. پەیوەندیی باشیشی هەبوو لەگەڵ کوردە نیشتمانپەروەرەکانی دیمەشق وەك ڕەوشەن بەدرخان،عوسمان سەبری، قەدری جان و ئەوانیتر. هەروەك پەیوەندیشی باش بوو لەگەڵ هەموو کوردانی نیشتمانپەروەر لەسوریا بەجیاوازیی بیروڕای سیاسییانەوە.

کاتێك ساڵی ١٩٥٦من و عوسمان سەبری و هەمزە نوێران کەوتینە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسیی بەناوی (پارتی دیموکراتی کورد لەسوریا)، نورەدین زازا پشتی گرتین

و هانیداین بۆ بەردەوامبوون لەکارەکە، پاشان هاوکاریی کردین بۆ دانانی بەرنامەی سیاسیی پارتەکە، ئەوەشی دووپاتکردەوە کەبەرنامەکە بابەتییانە بێت و دووربێت لەتوندڕەویی و دروشمی ناواقیعی. هێندەشی نەبرد لەساڵی ١٩٥٨دا هاتە ناو پارتەکەوە و لەئەنجامدا بەکۆی دەنگ بەسەرۆکی پارتەکە هەڵبژێراو بەلێهاتوویی و تواناوە سەرکردایەتیی پارتی کرد.

لەئەنجامی ئەو پەیوەندییە گەرموگوڕەی لەگەڵیدا هەمبوو، پێش هاتنی بۆ ناو پارتی و کاتی سەرکردایەتی لەکۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا، من زۆر لەنزیکەوە دکتۆر نورەدینم ئەناسی.

نورەدین زازا، رووناکبیرێکی زۆر گەورەبوو، نەك تەنیا لەبەرئەوەی دکتۆرای هەبوو لەزانستی کۆمەڵایەتیدا، بەڵکو چونکە شارەزایەکی قووڵ بوو لەهەموو بوارەکانی رووناکبیریشدا.

نورەدین زازا، لەمامەڵەکردن لەگەڵ خەلکدا راستگۆبوو، جا ئەو خەڵکە هەرکەسێك بوایە. وەفاداربوو لەگەڵ هاوخەبات و هاوڕێکانی و فێڵ وغەدری نەئەزانی،گەلی کوردی لەناخەوە خۆشئەویست و شانازیی بەکوردبوونی خۆیەوەئەکرد، بەڵام هەرگیز هەستی رق و دوژمنایەتی لەبەرامبەرکەسدا نەبوو، بڕوای هەبوو بەخەباتی هاوبەش لەنێوان گەلی کورد و ئەو گەلانەی لەگەڵیان ئەژی لەپێناو ئازادیی و دیموکراسیدا.

دکتۆر نورەدین لەرەفتاردا دیموکراسی بوو، سیاسییەکی بەرچاو روون بوو، لەسەر بنەمای زانستیی و بابەتیانە بارودۆخی سوریا و ناوچەکە و جیهانی شینەکردەوە، رۆژێك لەرۆژان تووشی هەڵچوون و هەستی شۆڤێنییانە نەبوو لەوەرگرتنی هەڵوێستی سیاسیدا، هەر ئەمەش لەکەسانی تری جیانەکردەوە لەسەنگینی و واقیعی بووندا.

لەکاتێکدا پێشەکی بۆ کتێبەکەی دکتۆر نورەدین زازا ئەنووسم، بەداخەوە ئەڵێم ئێمە نەمانزانی مامەڵە لەگەڵ ئەوکەسایەتییە دیارەبکەین و سوود لەوتوانا بیرییە گەورەیەی

نورەدین زازا وەرگرین، بەڵکو خراپەمان لەگەڵ کرد و بەئەنقەست و بەبڕوبیانووی جۆراوجۆرەوە هەوڵی شکاندنی کەسایەتی ئەوماندا. حاشا لەوەش ناکەم کە نورەدین وەك هەرمرۆڤێکی تر لەهەندێك بابەت و ڕەفتاردا هەڵەی کرد، بەڵام ئەمە بیانوو نییە بۆ ئەوهەڵسوکەوتە ناقۆڵا و دزێوەی لەلایەن هەندێك هاوڕێی پارتییەوە بەرامبەری کرا.

لەکۆتایی ئەم پێشەکییەدا سوپاسی برای ئەندازیار دەروێش غالب وەرگێڕی ئەم کتێبە ئەکەم، کەمنی هەڵبژارد بۆ پێشکەشکردنی کتێبەکە، بەوەش زیاتر شادمانم کاتێك لەبارەی نورەدین زازاوە ئەنووسم، یادگارییە شیرینەکانم لەگەڵ ئەو پیاوەدا دێتەوە یاد کەرێز و پێزانینێکی زۆرم بۆی هەیە. ئەویش هەرچەندە لەلایەن هاوزمانەکانییەوە ڕێزی شایانی خۆی لێنەگیرا، بەڵام یەکێکە لەوسومبولانەی چاوی لێنەکرێت لەکاروانی خەباتی نیشتمانیی گەلی کورددا.


حەمید حاجی دەروێش

وێنەکان



نورەدین زازا- ناوەڕاست، عیفەت - لای چەپ

مادن- ١٩٢٣



کوردانی دیمشق- ۱۹۲۹. نورەدین زازا، دانیشتووی یەکەمی لای چەپ



حەڵەب - ١٩٣٢



نورەدین زازا، سوریا — ١٩٣٢



نورەدین زازا





دیمەشق- ١٩٤٢



بەیروت ١٩٤٦

د.نافیز، وەستاوی لای چەپ



لۆزان، سويسرا - ١٩٤٨



سعروين، سويسرا - ١٩٤٨



ڤالى، سويسرا- ١٩٧١



نورەدین زازا، گیلبیرتی هاوسەری و شەنگۆی کوڕیان-سویسرا – ١٩٧٣



زازا و شەنگۆ- ١٩٧٤



گیلبرت و زازا، سویسرا- ۱۹۷٤



ڤۆد، سويسرا — ١٩٧٤



زازا و شمنگو – ۱۹۷۵



کریزۆن، سویسرا – ۱۹۷۹



گیلبیرت ڤاڤر، هاوسەری نورەدین زازا- قەلآدزێ ۱۹۹۲



نورەدین زازا، ڤالێ، سویسرا – ١٩٧٩





بەرگی چاپی فەرەنسی کتێبەکە

Noureddine Zaza

My Life as a Kurdish

Translated by
Basit Hama Gharib